# کاتێک دکتاتۆر دەبێتە پەندی زەمانە






کاتێک دکتاتۆر دەبێتە پەندی زەمانە

# خــەمێکی قورسترلەپار

کەلەوەرزی دەرچوونی ئەم ساڵنامەیە نزیك دەبمەوە، وێرای سەرقاڵیم، ترسی ئەوە لێم دەئاڵێ ئاخۆ ئەمساڵ دەتوانم ئەرکە کەم بەجێبهێنم ؟ وێرای ئەوەی هێشتا نەم توانیوە بەئەرکی تەواوی خۆم هەستم‌و خەمەکانیان بنوسمەوە، بە تایبەتی ئەمساڵ لە هەموو کات زیاتر هەست بەبەرپرسیارێتی دەکەم، چونکە لەلایەك لەبری هاوکاریکرنم هەندێك ملۆزمم لێپەیدابوون، بەراست‌و چەپدا تۆمەت‌و بوختانم بۆ دەبەخشنەوە، لەلایەکی تریش خەمی ماڵ‌و منداڵ‌و لەهەمووشیان گرانتر دەردی پیر بوونی خۆم‌و "ئۆمیگا"ە فەندی، کە وەك جاران نیە باکی لەبەنزینی خراپی گرانبەها نەبی‌و چۆنم بوێ ئاوا پێی لێدابگرم‌و بەدەشت‌ودەردا تیسکەی بێ.

ساڵی پار ئەو شەرمەزارییەم نوسی کەنەمتوانیبوو بچمە سەردانی قوربانیەکانی بلەی سەرو بلەی خوارو خەتی‌و دۆڵی مەلەکان هەتا کەمێك لەئازارو مەینەتیەکانیان بنوسمەوە، بەتایبەتیش حاڵی خراپی بریندارانی چەکی کیمیاوی، کەلە دوای ٢٠ ساڵی کیمیابارانکردنیان هێشتا ژیانێکی مرۆڤانەیان پێ رەوانابینن، هێشتا بریندارانی چەکی کیمیاوی بەدەم ئازارەوە دەتلێنەوەو بەئاستەم هەناسە دەدەن..!! وەکو بلێی کەبەعس ئەم گوندانەی لەسەر نەخشە سڕییەوە ئەرکێکی لەکۆڵ حکومەتی هەرێم کردبێتەوە..؟!

ئەو گوندنشیانەی لەبەر ئەوەی رۆژانی سەخت نانەدەرو تەتەری پێشمەرگەبوون، بەعس ناوی نابوون "موخەریب" تۆ بلێی ئێستاش لەچاوی بەرپرسانی حکومەتی کوردستانەوە هەرتێکدەرو موخەریب بن..؟! دەنا کوا رەوایە هەتا بریندارێکی چەکی کیمیاوی مابێ، فیزەوپارەوپول بۆ وەزیروگزیرو بەرپرسان یان بۆ کوروکچیان هەڵڕژێ..؟ هەتا ئەوان نیشتەجێنەکرێنەوە،کوا رەوایە بناغەی شاری خەونەکان‌و گوندی ئەڵڵانی رابەستی..؟ مەگەر نازانن ئەو کەسانەی ئەنفال‌وکیمیاباران وێرانی کردوون، پێویستیان بەژیانە؟! نازانن هێشتا بەحەزرەتی چاکبوونەوەوسەرپەنایەکی هاکەزاییەوەن ؟ ئەرێ ئەگەر میللەت لەمەینەتیدا بێ پێمناڵین بەرپرسان چ لەزەتێك لەباخ‌و مەلەوانگەی گرانبەهاو ڤییەللاکانیان دەبینن؟ ئێ وا ئەوانیش خەمیان نیە، ئەی ئەو هەموو قەڵەمە موچەخۆرە ؟ چما ئەوانیش ویژدانیان وەکو برایانی هۆلی پەرلەمان نوستووە..؟

ئەمانەو تەشقەڵەی پاڵەوانەکانی پشت کۆمپیوتەریش لەدژم، سەربار..!! کە هەرەشەی ئەوەم لێدەکەن، لێرە خەڵکم تێبەردن‌و لە هەولێری هۆلاکۆ بەزین،دادگام لێبگرن‌و منیش ببەزێنن، جا بڵێن: لەسەرچی ؟ بێگومان لەسەر ئەوەنا کەبەسەیارەی علوج قاچی منداڵێکی ئەنفالم شکاندووەو بۆی دەرچووم، بەڵکو لەسەر ئەوەی گوایە سیخورێکم بەسەر جەنابی عالیانەوە ؟ جا وەرە بەوحاڵەوە داوت لەداوی ئەو جۆرە کەسانەش بئاڵێ..؟ خوا بکەم هەر ئەوەندەم لێ راوەستن هەتا ئەنفالستان دەردەچێ ئەوجا چیان لەسەرم بوو بەزیادەوە دەیاندەمەوە..بەڵام ئێستا وەختی سوێندوسوێندکاریم نیە، خۆشم نەیلێم خەڵکی ( گۆپتەپە، عەسکەر، سیوسێنان، شێخ وەسانان‌و بالیسان، هەلەبجەو عەنەب، شۆرش) کەس نەبێ ماڵ‌ومنداڵی خۆم، باش دەزانن هەست‌و هۆش‌و کاتی زۆری خۆم بۆ بەگژداچوونەوەی ئاسەوارە خراپەکانی ئەنفال داناوەو هێشتاش خۆم بە قەرزار باری ئەو خەڵکە دەزانم،هەرگیز بەو لۆژیکە کار ناکەم داخۆ چیم لەم سەرئێشەیە دەست دەکەوێ بەڵکو بەولۆژیکە کاردەکەم چییان پێدەبەخشم، کێش بەشێتم دەزانێ‌و ئەوکارانە قیمەتی قنچکە سیرێکیان نیە لەلای جا پاشا بێت یان پینە دۆز، کەیفی خۆیەتی.. جارێ بابەرۆکم بەرداوبچێ خەریکی هەڵاو هات‌و هاواری خۆی بێت ئینجا "چاك" دەکات یان خراپ دوای ئەوەی ئەنفالستان دەرچوو، ئەوە عەرزو ئەوە گەز. ئەگەر ئەوان لەسەر هەڤبوون ڤیروسیا من دەچمە زیندان. وەلی کە لەسەر هەڤیش بووم خۆ نای کەمە نامەردی..ناچار هەردەبێ لێیان ببورم‌و داوایان لێبکەم قروقەپی لێبکەن..

سەرنوسەر

## بۆ ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان

# بەشی چاودێری مافی مرۆڤ

### بابەت: بیرخستنەوە

بەپێی بڕیاری (١٩٢٥/٩/١٧) ی جنێڤی ڕێکخراوە بەڕێزەکەتان، بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی کۆمەڵکوژ لەجیهاندا قەدەغەکراوە، دەوڵەتی عێراقیش لەساڵی ١٩٣١ وە ئیمزای ئەو پەیماننامەیەی واژۆکردوە. کەچی ئەو چەکەی لەدژی گەلی کورد بەکارهێنا هەرچەندە بەپێی بڕیاری ژمارە ٢٨٢٦ ی (١٩٧١/١٢/١٦) ی نەتەوە یەکگرتوەکان، کە لەبڕگەی ٢٦ ی داهاتووە : ( دەبێت خەڵکی بێ چەك لە شەڕدا بپارێزرێن، ئەمەش بەیاسای ژمارە ٢٨٢٧ ی (UN ) ی هەمان بڕیار دەبێت کۆنترۆلی چەکی کیمیاوی بکرێت بۆ بەکارنەهێنانی) .

ئەفسوس هەتا ئەمرۆش گەلی کورد کەقوربانیەکی گەورەی ئەو چەکە قەدەغەکراوەیە، سودی لەو بڕیارانە نەبینیوە بۆیە مافی خۆمانە ئەو پرسیارە ئاراستە بکەین، ئاخۆ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان ئەم یاسایانەی بۆچی و بۆکەی هەڵگرتووەو بۆ لەسەر ئالآکەی نوسیوەتەوە؟ تۆبڵێی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش کورد بە بەشێك لە کۆی مرڤایەتی نەزانێ؟! ئێمە دەپرسین وڵاتانی بەشدار لەجیهاندا بۆچی ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆسایدیان ئیمزا کردووە ؟! ئەگەر ئەو پرسیارەش فەرامۆش بکەین داخۆ بۆچی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان کەخاوەنی بڕیار و هێز و دەسەڵاتی یاسای نێودەوڵەتی بوو لەکاتی خۆیدا ڕژێمی عێراقی تاوانبار و مەحکوم نەکرد..؟! کە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی تیمێکی نێردراوی خۆی لەبەرواری ١٩٨٨/٤/١ لەسەر بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەکوردستان لەلایەن عێراقەوە لەبەردەستیدا بوو؟! لێکۆڵینەوەی وەفدێك کە ئەم ڕێکخراوە خۆی پرۆژەی لێکۆڵینەوەکەی پێ سپاردوە و ئەنجامەکەیشی لەبەر دەمدایە. ؟؟ گوایە دەبێت دەولەتێك داوایەك بەڕەسمی پێشکەش بەڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بکات و داواکاریەکە وەربگیرێت و ئەوکاتە وتوویژ دەربارەی بکرێت.

تاوانی هەڵەبجەوکیمیابارانی گوندەکانی کوردستان کێشەیەك نیە تایبەت بێت بە بەگەلی کورد، ڕاستە قوربانی سەرەکی بەتایبەتی لەشاری هەلەبجەو گوندە کیمیابارانکراوەکانی کوردستان هاولاتیانی سڤیلی کوردبوو، بەڵام ئەو پێشێلکاریە پەیوەندی بەچارەنوسی مرۆڤایەتی وشکۆی نەتەوەکانی ترەوە، پەیوەندیدارە بە مەسەلەی ژیان و مردن و پاراستنی کەرامەت و مافی مرۆڤەوە. ئەگەر یاسای نیودەوڵەتی نەکەوێتە سەرپێو نەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە دەیانجار ئەنفال بکرێتەوە، هەروەکو چۆن ڕژێمی سەدام بەسەدان هەزار کوردی بەچەکی قەدەغەکراو خنکاندو سەدان هەزاریشی لێ ئەنفال کردن، ئەگەر یاسایەك نەبێت بەرگری لەمرۆڤ بکاتو ڕێگە لەوتاوانانە بگرێت. ئەوا ڕۆڵی نەتەوەیەکگرتووەکان چی بۆ دەمێنێتەوە؟ بێگومان نەتەوەیەکگرتووەکان بەرلەو ڕاپۆرتەش چەندین ڕاپۆرتی تری چووەتە بەردەست کەوا باس لە کوشتو بری جۆراوجۆری هاولاتیانی کوردو پێشێلکاری مافەکانیان دەکەن، وەکو ڕاپۆرتی لیژنەی چاودێری مافەکانی مرۆڤ دەربارەی گوللەبارانکردنی منداڵان بەکۆمەڵو بەبەرچاوی خەڵکی مەدەنیەوە.. بێگومان ئەم تاوانانە لە هیچ یاسایەکی ئاسمانی و زەمینیدا جێگای نابێتەوە. کەچی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان هەتا ئەمرۆ وێڕای ئەو ئاڵوگۆڕە زۆرەی لە عێراقو جیهاندا هاتوونەتە پێشێو وێڕای ئەوەی دوو دادگای جیاواز جینۆسایدکردنی گەلی کوردیان یەکلایی کردووەتەوەو تاوانبارانیان سزا داوەو ئێستاش دادگایی کردنی سەرانی ڕژێم لە کیمیابارانکردنی شاری هەلەبجە لەناوخۆی عێراقدا لەکاردایە، کەچی هێشتا نەتەوەیەکگرتووەکان لەبەرانبەر جینۆسایدی کورد بێدەنگە. !!

سالنامەی ئەنفالستان

# قسەکردن لە سەر دیوێکی دیکەی ئەنفال

هێمن کامیل - کرکوك

ئەنفال تاوانێکە تا زۆر تیایدا ڕۆنەچیت هەر گیز هەست بە هەموو ئەو ئازارانە ناکەیت کە ئەم تاوانە لە دوای خۆی بە جێهێشتووە، هەتا زیاتر بەناساندنیدا ڕۆبچین، ئەوا مرۆڤ درك بە نهێنی زۆرتر دەکات کە دەوڵەتی عێراق مەبەستی بوە لە پەلامارەکانی ئەنفالدا ئامانجەکانی بەدەستبهێنی،ئەوەی لە نزیکەوە لە گەڵ کەسوکاری ئەنفالکراوەکانیش مامەڵە بکات دەزانێت ئەنفال، لەدوای بیست‌ویەك ساڵ چ دۆزەخێکی بۆ زیانلێکەوتوانی بەجێهێشتووە. کە بە دڵنیاییەوە تا چەند نەوەیەکی تریش ئەو شوێنەوارەرانە هەر دەمێنێت، ئەگەر چی لە ڕوکەشیشدا وابزانین بوەتە بە شێك لە ڕابردوو. بەڵام لەواقیعدا بە هەنوکەیی دەمێننەوەو ئەمەش بە ئاشکرا لە ڕەفتاری ڕۆژانەی هەر کەسوکار ئەنفالکراوێکدا هەستی پێدەکرێت. دەتوانرێت لە ڕێگەی تێبینی وسەرنجدانەوە لە جۆری ژیانیاندا شتانێکی زۆر هەڵبهێنجێنرێت بە تایبەتی کەسانێك کە لەسایکۆلۆژیاو سۆسیۆلۆژیادا شارەزابن زۆر ڕاستی بەدەست دێنن.

بەدڵنیاییەوە هەرگیز بە مامەڵەکردنێکی مادیانەی وشك بە دەست نایەن، چونکە بەشی زۆری ئەو بەرهەمانەی لە سەر ئەنفال نوسراون وئەوانەشی کە لە سەر ئەنفال قسە دەکەن" لە گەڵ ڕێزی بێپایانم بۆیان" کەمتر توانیویانە لەباری ڕوحیەوە ئەم تاوانە بخوێننەوە، بەڵکو ئەوەی هەیە تەنها بە دەستهێنانی مەعریفەیەکی وشکە لە سەر ئەنفال و زیانەکانی" کە زۆر پێویستە" بۆ نمونە خوێندنەوە بۆ بەعسو ئەو تێزو تیۆرە فەلسەفی و فیکریانەی کە بەعسی لەسەر بونیاد نراوە. دواتر ئەنفال کەی ئەنجام دراوە ؟ بۆ ئەنجامدراوە، ژمارەی مرۆیی قوربانییەکان و زیانی ماددی تاوانەکە چەندە؟ زۆرجار مرۆڤ ئەو هەستەی لەلا دروست دەبێ کە قوربانیانی ئەنفال شتێکی مادی بوون، نەك مرۆڤیان بەکەل‌وپەل کردنی مرۆڤ، وەکو ئەوەی ئەوانەی ئەنفالکراون زیانی مرۆیی نەبووبن، کەم تەرخەمیو گوێنەدانی حکومەتی هەرێم و سەرکردایەتی کورد بۆ هێنانەوەی ڕوفاتی ئەنفالکراوەکان و دواتریش داوای ڕێکخراوەکان و ڕۆشنبیران بەوەی با هەر لەباشوری عێراق ڕووفاتی ئەنفالکراوەکان بنێژرێنو بکرێن بە سیمبولێك بۆ چەوساندنەوەی نەتەوەی کورد، بێباکانەپیشاندانی ئێسکو پروسکی ئەنفالکراوەکان لەشاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە بێ لەبەرچاوگرتنی هەست ونەست وسۆزی کەسوکارییان و شوبهاندنی زۆر شتی مادی بەوەی ئەنفالکراو، وەك ئەوەی کەسێك شتیکی لێوندەبێت دەڵێت شتەکەم ئەنفالکراوە یان کاتێك شتێك لە کوردستان بەرەو لەناوبردنو فەوتان دەبێتەوە زاراوەی ئەنفالی دەخرێتە پاڵ. هەموو ئەمانە ئەگەر لە رووی سایکۆلۆژی وسۆسیۆلۆژییەوە لێی بڕوانینو خوێندنەوەیەکی قوڵی مرۆڤانەی بۆ بکەین، بەڵگەی ڕوون وئاشکران لەوەی لەنەست وبیرکردنەوەی تاکی کوردا چەندە مادیانە مامەڵە لەگەڵ ئەنفالو



ئەنفالکراوەکان دەکرێت، بێ لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە ئەوانە مرۆڤ بون و دەبێت بە شێوەیەك قسەیان لە سەر بکەین کە لە هەستێکی تەواو مرۆڤانەوە سەرچاوە بگرێت وبزانرێت کە ئەو کەسانەش کەسوکاریان هەیەو خوشكو برا یان باوك ودایكو منداڵیان هەیەو مافی ژیانو شکۆی مرۆڤانەیان بەسەر کۆمەڵگەوە هەیە، گەر چی ئەوانە لەڕووی فیزیکەوە لەکەسوکارەکانیان دابڕوان. بەڵام ئەنجامدەری ئەنفال نەیتوانیوە بەو لێکدابرین و بیسەروشوێنکردنە بە هەمان شێوەش لە دڵو دەرونی کەسوکارەکەشیاندا ئەمە بکات، بەڵکو بە هۆی چۆنێتی پرۆسەی لەناوبردنیانەوە،جیاوازتر لەهەموو تاوانەکانی تری مێژوی مرۆڤایەتی، وایکردوە هەر چەندە (بیستو یەك ساڵ)ە ئەنفالکراوەکان لە کەسوکارەکانیان دابڕوان، بەڵام کاتێك لە گەڵ دایكو باوکی قوربانیانی ئەنفال قسە بکەیت . بەتایبەتی بۆ مرۆڤێك کە هەستوویژدانی تەندروست بێ وا هەست

دەکات کە هەروا چەند خولەکێکە ئەنفال ڕوویداوە. کەواتە بیرکردنەوە بەشێکی زۆری خەیاڵو ئەندێشەیانی داگیرکردوەو بە هەر ناو هێنانو باسکردنێکی ئەنفالکراوەکان ئەمان بەشێوەیەک ڕادەچەڵەکێن کە ئەگەر زۆر هەستیار نەبین ئەوا بەدڵنیاییەوە هەستو نەستیان بریندار دەکەین.

من لەمبارەیەوە تەنها چەند نمونەیەک دەهێنمەوە تکایە، مرۆڤەکەی ناوناخی خۆت بێداربکەرەوەو باپێکەوە لەم حیکایەتو دیمەنە زیندوانە بروانین: ( ببینە ئەو دایکە سێ کوڕی ئەنفالکراوە، هەرچەندە چاوەکانی لەدەست داوەو ئێستا نابینایە، چیە وای لێدەکات کە بەتەنها بگەڕێتەوە بۆ گوندەکەیان و بچێتەوە سەر ئەو یادگاریانەی کە کوڕەکانی بەرلە ئەنفال لەدامێنی چیاو لەسەر وتاوێرە بەردەکانی گوندەکەیان شتیان لەسەر هەڵکۆڵیوە، ئەو دایکە زۆر بە ئاسانی دەچێت هەمان ئەو بەردانە دۆزێتەوەو بەدەست لێخشاندن، جێدەستی کوڕەکانی دەدۆزێتەوەو تەنانەت ئەوەش دەزانێت کام بەردیان جێدەستی کام کوڕەیانە..؟! شعوری ئەم دایکە پێویستی بەچاودێریەکی لەرادەبەدر ئینسانی هەیە) باپێکەوە بەدیار ئەو باوکەوە رابمێنین، بەڵام تێرامانێکی ئینسانی تەواو، کە تا مرد پارەی هەڵگرتبوو لە چاوەڕوانی گەرانەوەی کوڕەکە ئەنفالکراوەکەیدا ئەگەر خواکردی کوڕە هاتەوە بەو پارەیە ژنی بۆ بهێنێت) .

خوێندکارێکی زانکۆم تاسی بۆی گێرامەوە لەسەروەختی ئەنفالەکەوە هەتا ئێستاش هەمو شەوێک بەر لە نوستن هەتا تێر نەگری ناتوانێت بخەوێت. چونکە دواساتەکانی ماڵ ئاوایکردنی باوکی بیردەکەوێتەوە کە دواجار ماچی کردون وەدەستی بەسەریانداهێناوە، زۆر سەختە بۆ کەسێک بیەوێت کار لەسەرئەنفال بکات و ئەو دیوە نەبینراوەی ئەنفال هەست پێنەکات کە ئەنفال بەجێهێشت.

بە داخەوە تا ئێستا نەمانتوانیوە هەنگاوێکی پێویست بنێین وبەشێک لە کاریگەرییە نادیارەکان بهێنینە بەرچاو ، لەهەموو رەهەندەکانی خۆیەوە قسەی جدی لە سەر بکەین، هەر چەندە بەشێک لە و خەمو کۆست وئازارو ئێشانە ناتوانرێت گوزارشتی لێبکرێت،بەڵکو دەبێت کەسانی پسپۆر هەوڵی جدی بدەن بۆ توێژینەوەی زانستی و لەرێگەی دامەزراوەو سەنتەرو پەیمانگەی زانستیەوە بۆ ئەرکەرابسپێردرێن بەڵام لەپێش هەموو شتێکەوە ئەو پسپۆرانە ویژدانی خۆیان رایانبسپێرێ. چونکە ئەنفال تەنها کۆمەڵکوژیو لەناوبردنی ژمارەیەک مرۆڤی نەخستەوە بەڵکو لەڕوی دەرونی وکۆمەڵایەتی و ڕوحیەوە کەسێتی ئەو خەڵکانەشی تێکشکاندووە کەلەئەنفال ڕزگاریانبووە،چونکە ئەو کەسانە لە گوندەکەی خۆیاندا کە شوێنی باوباپیران و یادگاریی خۆی و کەسوکارەکەی بوو. کەبە زۆر هەڵکەندنیان و ڕاگواستنیان بۆ شوێنێک کە ئۆردوگا زۆرە ملێکان بوو بە تەواوی جیاوازە لەو شێوە ژیانەی پێشو لەسەری راهاتبون، هەر بۆیە هەتا ئێستا نەیانتوانیوە لەگەڵ ئەم جێگا نوێیانەدا، رابێنو پەیوەستیەکی ڕوحی دروست بکەن. ئەوانەشی تائێستا لە ئۆردوگاکاندا ماونەتەوە تەنها نەبوونیو ژیانێکی ناچارییە، بەپێچەوانەوە هیچ یادەوەریەکی شیرین نایانبەستێتەوە بەو شوێنانەوە. بۆیە زۆر گرنگ بو لەدوای ڕاپەرینەوە حکومەتی هەرێم بەپلانو بەرنامەی زانستی کاری بۆ ئاوەدانکرنەوەی گوندەکانو هەلوەشاندنەوەی ئۆردوگاکان بکردایە، تاوەکو هەر هیچ نەبێت ئەو خەڵکەی کەسوکارەکەی لە دەست داوە بیرێنەوە شوێنی ڕەسەنی خۆیان و لە گەڵ سروشتو ژینگەی خۆیان ئاشتبکرێنەوەو سیاسەتی بەعسیش درێژەی نەبێت. چونکە ئەگەر چی ئەمرۆ ناوی ئۆردوگا زۆرە ملێکان گۆڕاوە بۆ ناحیەو هەندێک خزمەت گوزاری ڕوکەشیانەی بۆ ئەنجام دراوە، بەڵام هەر گیز ناتوانێت ئەوە ببخشێتەوە بەکەسوکاری ئەنفالکراوەکان کە بە ڕاگواستنی زۆرەملێ لە گوندەکەی خۆی لە دەستی داوە. بە گرنگی دەزانم لە کۆی ئەو ٤٢ پرسیارەی کە لەفۆرمی ڕاپرسیی توێژینەوەکەمدا " کە دوو ساڵ لەمەوبەر پێشکەشی بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی سلێمانیم کردوە بە ناونیشانی ئەنفالی چوارو کاریگەرییە کۆمەڵایەتیەکانی لەسەر گەنجی کەسوکاری ئەنفال " ئاراستەی نمونەی توێژینەوەکەم کردوە تەنها ئەنجامی شەش پرسیاریان بخەمە ڕوو کە بەڵگەیەکی ڕون وئاشکرایە بۆ ئەو قسانەی لە سەرەوە ئاماژەم بۆ کردون.

یەکەم: ڕێژەی لە ٨٣ ٪ی نموونەکە ژیانی منداڵیان بە ناسروشتی و دوور لەخۆشیەکانی منداڵی بەسەربردووە.ئەمەش کاریگەری ئەنفال دەردەخات لەسەر ژیانی منداڵ. چونکە هەموو قۆناغێکی تەمەن تایبەتمەندی و خۆشی خۆی هەیە. کە دەبێت بۆی دەستە بەربکرێت وتا بتوانێت حەزو ئارەزووەکانی ممارسە بکات. بەڵام ئەو ڕێژە بەرزەی نموونەکە ئەوە پیشان دەدات کە منداڵانی کەسوکاری ئەنفال نەیانتوانیوە بە سروشتی ئەو قۆناغەی تەمەن بە سەر بەرن،بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەو بارودۆخەی دوای ئەنفال تێدا ژیاون

ناخۆش گوزەراندویانە.

دووەم:ڕێژەی ٨٣٪ی نمونەکە بەردەوام هەست بەکەموکوڕیو شەرم دەکەن، ئەمەش دەرئەنجامی ئەو بارودۆخەیە کەنموونەکەی تێدا ژیاوەو بە جۆرێك کاریگەری لەسەر کەسێتی دروست کردووە، کە بەردەوام هەست بە شەرم و کەموکوڕی بکەن، کەواتە ئەنفال تەنها نەبووە بەهۆی لە ناوبردنی هەزاران تاکی کورد، بەڵکو ئەوانەشی کە ئێستا لە ژیاندا ماون وزیان لێکەوتووی ئەو کارەساتەن. کەئەنفال ژینگەیەکی بەنسیب کردوون کە کەسوکاری ئەنفال بە تایبەتی گەنجانی کەسوکاری ئەنفال کەزیاد لە هەر قۆناغێکی تەمەن و توێژێك ئەمرۆ لە بارێکی ئاڵۆزو شێواو نالەباری دەروونیدا دەژین.

سێهەم: ڕێژەی لە ٧٧ ٪ی نموونەکە هەست بە ئاسودەیی ناکات، لەو شوێنەی لەدوای ئەنفالەوە تیایدا نشتەجێیە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەگەنجی کەسوکاری ئەنفال،جگە لەو هەموو بارە ئاڵۆزەی ئەنفال بۆی دروستکردووە، دواتر لەشوێنیکدا نشتەجێیە کەویستی خۆی لە سەر نەبووە، بەڵکو بەزۆرە ملێی تیایدا نیشەجێ کراوە، ئەمەش وا لە مرۆڤ دەکات هەست بە ئاسودەیی نەکات لەو شوێنەدا. هەرگیز ناتوانێت ئەو بروایە لەناخی خۆیدا دروست بکات کە ئەمە شوێنی بە سەربردنی ژیانی ئەوە. هەروەها ئەو شوێنەی نموونەکەی تێدا دەژێت پێداویستە دەوونی و ئابوورییەکانی ئەوی پڕنەکرۆتەوە

چوارەم: ڕێژەی لە ٨٦٪ی نموونەکە ئەو بارودۆخەی لە ژیانی منداڵیدا تیایدا ژیاوە کاریگەری لە سەر کەسێتی بە جێهێشتووە، وەکو گەنجێك. ئەو بارودۆخەش بارێکی نائاسایی بووەو پڕ لەکێشەو ناخۆشی بووە، ئەمەش بەتیۆری دەروونناسی ڕاستە، کە زۆرێك لەزانایان لەگەڵ ئەوە کۆکن ئەو بارودۆخەی منداڵ لە ساڵەکانی یەکەمی تەمەنیدا تیایدا دەژێت لە قۆناغەکانی دواتری تەمەنیدا ڕەنگ دەداتەوەو شوێنەواری لەسەر کەسێتی ئەو تاکە دەردەکەوێت. تەنها لە ١ ٪ی نموونەکە پێی وایە کە ئەو بارودۆخەی لەقۆناغی منداڵیدا تیایدا ژیاوە کاریگەری نیە، لە کەسێتیەکەی وەك گەنجێك، کە بەڕاستی ئەم ڕێژەیە زۆر کەمەو نیشانەی ئەوەیە کەگەنجی کەسوکاری ئەنفال، تا هەنوکە لەژێر باری خراپترین قۆناغەکانی تەمەنیاندا دەناڵێنن، کە تەمەنی منداڵیانە دوای پرۆسەی ئەنفال .

پێنجەم: ڕێژەی لە ٨٥٪ی خێزانی نموونەکە بە هۆی کارەساتی ئەنفالەوە تووشی کێشەی کۆمەڵایەتی بووە. ئەمەش یەکێکە لە دەرئەنجامە هەرە مەترسیدارەکان، کە ئەنفال لەناو خێزانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکاندا دروستی کرد. چونکە زۆرێ لەوخەڵکانەی لەئەنفالدا زەرەرمەندی یەکەم بوون خەڵکی لادێکان بوون " کە دەکەوتنە بازنەی سوری ناوچەقەدەغەکراوەکانی نوسینگەی باکوری حزبی بەعسەوە کە جێبەجێکردنی تاوانەکەی لەئەستۆگرتبوو" ئەمانە خاوەنی داب ونەریتی کۆمەڵایەتی خۆیان بوونو شێوازی ژیانی تایبەت بەخۆیان هەبوو. ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی تایبەتیان هەبوو. بەڵام بەعس مەبەستی بوو هەموو ئەمانە لەرەگەوە تێکبداو شیرازەی کۆمەڵایەتیان بگۆڕی بەشێوەیەکی تێکچڕژاو کە لەگەڵ سیاسەتی ستەمکارانەی خۆیدا بگونجێ، ئەوانەی لەپەلامارەکانی ئەنفال ڕزگاریان بوو لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە ڕاگوێزرانو لەئۆردوگا زۆرە ملێکاندا نیشتەجێکرانەوە. کە هەرگێزخەڵکی لادێ بەم جۆرە ژیانە ڕانەهاتبوو. ئەم ژینگە نوێیە بۆ ئەو جۆرە خەڵکانە تەواو نامۆو نەشیاو بوو. هەروەها ئەنفالکردنی کەسی یەکەمی بەشێکی زۆر لەخێزانیگوندنشینەکانو مانەوەی ژنان و منداڵان ئەمەش سەرچاوەیەکی تری زۆرێ لەو کێشە کۆمەڵایەتانەیە کە ئەمڕۆ خێزانی نموونەکە هاتۆتە ڕێگای و بووە بە بەشێك لە ژیانیان.

شەشەم: ڕێژەی لە ٨١٪ی نموونەکە تا رووخاندنی بەعس چاوەڕوانی هاتنەوەی کەسە ئەنفالکراوەکانی کردووە. ئەمە ئەوە پیشان دەدات کە گەنجی کەسوکاری ئەنفال هەمیشە لەچاوەڕوانی دا ژیاوە. بە دڵنیاییەوە ئەم چاوەڕوانیە ئازارێکی گەورەی دەروونی بووە بۆیان. بێگومان مرۆڤی چاوەڕوان ناتوانێت بە ئاسایی بژێت. هەردەم وا هەست دەکات بە دوای شتێکدا وێڵ وسەرگەردانەو بەردەوام لە ناجێگیریەکی دەروونیدا کات دەگوزەرێنێ. ئەمەش یەکێکە لەجیاوازییەکانی ئەنفال لە گەڵ هەر کارەساتێکی تر. چونکە دوای تێپەڕبوونی شانزە ساڵ بە سەرئەنفالدا، گەنجانی کەسوکاری ئەنفال هەر هیوای ئەوەیان هەبوە کەڕۆژێك لەڕۆژان کەسە خۆشەویستەکانیان بێنەوەو بەیەك تر شادببنەوە. هەر ئەمەش وای لە ئەنجام دەرانی ئەو کارەساتە کردووە کە ئامادە نەبن بەفەرمی چارەنووسی ئەنفالکراوەکان ئاشکرابکەن، هەتاوەکو ئەم خەڵکانە بە ئازاری چاوەڕوانی ئازیزانیانەوە رۆژەکانی تەمەن بەرێبکەن.

# ئەنفال

## لەچێژی کوشتنی جەستەوە بۆ کۆمەڵگای مێگەلی و قارمان پەرستی

حسێن سۆران



**لەکاتی تێرامان لە مرۆڤ و مێژووی ئەفسانەو داستان، بە ناچاری پلەو پایەیەکی تایبەتی هەیە، مادامێك قسە لەسەر ئەم دونیایە دەکەین کە مێژووییە ، دەشێت وا مامەڵە لەگەڵ کوشتارە گەورەکەی ئەنفال بکەین .. کە هەم ئوستورەیە و هەم داستان و هەم مێژوویەکی بێ وێنەی لەزەتی کوشتن کە لەدونیادا هاوشێوەی دەگمەنە ! وەك داستان ...ئەو داستانەی کە رووداوەکان، کارەساتەکان و کارکتەرەکان لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە دەبێتە چەقێك بۆ شتەکان ئەگەر نەبێتە پێشرەوی کاروانی شتەکان.**

هیچ لەزەتێکی کوشتن بە ئەندازەی کوشتارە گەورەکەی ئەنفال بێدەنگی لێنەکەوتەوە چ لەئاستی ناوخۆیی عێراق و چ لەئاستی دونیا فارگۆنەکانی مەرگ بە پێشچاوی دونیاوە بە جەستەی زیندووی بێ ئاگاترین و سادە ترین مرۆڤ لە سەدەی بیست دا بە پێش چاوی دونیاوە تێپەڕی و موچرکی بە گیانی هیچ یەکێك لە دۆستانی ئەمرۆی کوردو دوژمنانی دوێنێی دا نەهێنا، بەڵکو پێچەوانەکەی تاکە فاکتەری سیاسەتی جیهانی و پەیوەندیەکانی کۆمڵگای ئینسانیمان. بەبەرژەوەندیەکانەوە بەسترابوو .

لەرووی داستان و رووداوە مێژوویەکانەوە لیۆتار نوسیویەتی : بیروکرداری سەدەی نۆزدەهەم و بیستەم لەلایەن ئایدیاکانەوە رووداوەکان رێکدەخات لەو داستانانە بە قسەی لیوتار : داستانی مەسیحیانەی رزگار بوون لە گوناهـ، سەرەتایەکە لەرێگەی عیشقەوە بەداستانی رۆشنگەری دەربارەی رزگار بوون ... لەجەهالەت ..کۆیلەیی ..لەرێگەی یەکسانیەوە ، داستانی تێرامانی بەدەست هێنانی ئایدیای گەردوونی لە رێگەی دیالێکتیکی کۆنکرێتەوە، داستانی مارکسیزمیانەی رزگاربوون لە چەوسانەوە بۆ بەخۆناسۆ بوون لە رێگەی سۆسیالیست کردنی کارەوە بە داستانی سەرمایەدارییانەی رزگاربوون لەهەژاری لە رێگەی گەشەکردنی تەکنۆپیشەسازی یەوە مەشروعیەتیش بەرووداوەکان دەدا، مانا بەکردەوەکانی دەبەخشێ...داستانی ئەنفالیش داستانێکی شەرمنی تێکشکاوترین هێزی رۆحی و بەشەری مەعریفی گەلی کورد ...داستانی گەورە گێرانەوەی ئاوهاش بەردەوامی ئەو داستانەی ئێمە لە شێوازو زمانێکی ناسازی ئاوها قسەکردنە لە میکانیزمی پێناسەی خود ، لەهەمان کاتیشدا جیاکردنەوەی لەداستانی گەورەو بەهێزو توانا بە بەری جەستەو عەقڵ دەکاتەوە توانای بەرگری بە جەستە گروپ دەبەخشێ...

هەروەك لیوتار دەڵێ :

لەموبارەزەو جەنگ لە پێناوی سەربەخۆییدا داستانی گەورە وەك میکانیزمێك دەبێتە سەرچاوە هێزو تواناکان هێزی داهێنەر ، داستانی رەوایەتی، بەهەموو جۆرە شێوازەکانی بەرگریکردن روو بەروبوونەوە دەبەخشێ، رەوایەتیش مافێکە لەلایەن هێزی میکانیزمی داستانەوە پارێزراوە، سەروەری بەسەرکات و لە ئەنجامیشدا بەسەر ژیان و مەرگدا مسۆگەر دەکا نەك ئەوەندە بەڵکوداستان خۆی دەبێتە سەرچاوەی دەسەلات ئەودەسەلاتەی کە ئێمە لەوان جیادەکاتەوە داستان ناو لە شتەکان دەنێ .

بەدرێژایی بیست ساڵە ئاوها شێوەمیکانیزمێك بۆ داستانە هەتیوەی کورد نابینێ و دەرئەنجامەکانیش تەنها بەرهەمی کۆمەڵگایەکی قارمانپەرستی و مێگەل پەرستی لێکەوتەوە تێرامان بۆ کوشتارگەیەکی بێ شوناسی بێ ناو بێ خاك بێ زمان وەك ئەنفال بۆ خۆی

دەمانخاتە بەردەم ڕاڤەو شوناسێکی نادیارو پەی بردن بۆ چەمك و زاراوەکان وەك ئەفسانە .. تراژیدیا .. جینۆساید .. داستانی قارمان پەرستی .. مێگەل پەرستی .. بێدەنگی و هتد ....

تاوەکو بتوانین لەبەر تاریکی سێبەرە گەورەکانی مردن زاتی ئەوە بکەین لەبەردەم لەشی ونبوی نەتەوەیەك قسە بکەین ، قسەیەك دەرئەنجامێکی ئەوخوێن ڕشتن و سڕینەوەی لێبکەوێتەوە...بۆ گەیشتن بە سەرەتاکانی دەروازەی مەرگ دەبێ سواڵ و قەرزی ئاستی ڕۆشنبیری و فەلسەفی بکەین ..

بیست ساڵە هەمومان دەڵێین بۆچی ئەنفال؟ بۆچی بێدەنگی ؟ بۆچی قارەمان پەرستی ومێگەل پەرستی؟

داخۆ ئەمانە سەرچاوەکەی لە کوێوە هاتوون .. ئاخۆ ئەم دەمارگیریەی مرۆڤ لەسەرەتای بونیەوە تا ئێستا کە هەڕەشەی کۆتایی خۆی دەکات ، لەچیەوە هاتووە و بۆچی ؟ ئاخۆ ئەنفال بەشێوەیەکی گشتی و تایبەتی پرسێکی جیهانیە یان کوردی، ئاخۆ جینۆساید کێشەو گرفتێکی ئینسانیە یان کورتکراوەی نەتەوەیەکی دیاریکراو و بن دەست ئاخۆ ئەنفال پرسێکی مێژووی ئۆرگانەکانی سیاسین یان مرۆڤی و کۆمەڵگای مەدەنی و ئینسان ؟

ئەی بۆ لەئاستەجیاجیاکانی ژیان ئەنفال لە ژێر دەستی خودی ئینسان بەردەوامە ؟ ئەی ئەنفال دەگاتە کوێ لە ئارەزووی کوشتن و فەرامۆشکردن و گاڵتەپێکردن ؟ ئاخۆ ئەنفال تاوانی خودایە یان دەسکردی ئینسانەکان بە سوود وەرگرتن لە دەقە ئاینیەکان ؟

بۆچی کەسی دەمارگیر کەسێکی زۆر ( خود شەیدایە ) و هەست بەهیچ پەیوەندیەکی جیهانی دەرەوە ناکات ؟ ئاخۆ هەموو ئەمانە پێویستی بە عەقڵ و ڕۆشنبیری گەورە نیە بۆ دەربازکردنی مرۆڤ لە مرۆڤی کێوی و بەربەری و گواستنەوەی بۆ کەنارەکانی ئینسانی هاوچەرخ و مرۆڤ دۆستی ؟ ئەم هێزە سەرە ڕۆیە چیە والە مرۆڤ دەکات زۆربەی حەقیقەتەکان دەزانێ و کەچی هەمیشە ئارەزووی کوشتن و لەزەتی دەسەڵات دەکات ؟ ئاخۆ مرۆڤ هەرخۆی سروشتی شەڕانگێزیە یان هێزێکی مەعریفی و ئینسانی و بەربەری لە پشت ئەم بۆچونانەوەیە ؟ ئەمەو دەیان پرسیاری تر لە سەدەیەکەوە بۆ سەدەیەکی دی هەمیشە ڕاومان دەنێت بێ ئەوەی چارەسەرێکی ڕێژەی گونجاو بۆ فۆبیا و شێرپەنجەکانی مرۆڤ بدۆزینەوە . پرسیاریش ئەوەیە ئاخۆ مرۆڤ لەباری جەستەوە بڕیاری کۆتایی یەکی ڕەگەزی ئینسانی خۆی داوە ؟ یان هێشتا لە پلان و ئامادەکاری سەرەتایە بۆ ئەم پرۆسە گەورەیە ؟

لەڕێگەی کارەساتی گەورەی ئەنفالی گەلی کوردەوە ناچارین لە هەندێك لەو چەمك و زاراوانە بدەین کە بونەتەهۆی دروستکردنی ئەنفال، لە کوێ پرۆسەی کۆمەڵگای ئینسانی کە هەرجارەی لە لایەکەوە ڕوو لە مرۆڤایەتی دەکات و ئەویش بێ باك بەلایدا تێدەپەڕێ و جەلادەکانیش پاداشت دەکرێن و دەبنە شەخسێت و مێژوی جیهانی و زۆربەی پەرەگراف و مانشێتەکانی کەناڵ و میدیای جیهانی مسۆگەر دەکرێتو قوربانیەکانیش دەبنە پایەیەکی بەرزتر و کۆنکرێتی بۆمانەوەی کۆمەڵگای جیهانی مێگەلی کە خوانی بەشێکی زۆری کۆمەڵگای بەشەریە بەتایبەت ئاسیاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست .

ئەم هەستکردنە وەکو ئەریك فرۆم دەڵێ : هەمیشە دەرئەنجامی یان بەرهەمی پەیوەندی نێوان کەس و دونیایە ، بۆیە کەسی دەمارگیر لە ڕاستیدا هەست بە هیچ ناکات وەبە دەست ئەم بێی هەستیەوە دەناڵێت ، کەسی نەرجسی ناتوانێت دەرك بە واقیعیەتی بوونی کەسی بەرامبەر جودا لەخۆی بکات ە ئاڕاستەی بۆ دونیای دەرەوە واقیعیەتی دەرەوە کەم دەبێتەوە .....

وەیان بە تەواوەتی دادەبڕێت ، وەئاڕاستەی بۆ خۆی زیاتر دەکات ، وەخۆی بەتایبەتی جەستەی خۆی ، جوانی خۆی لادەبێتە گرنگترین واقیعیەت .... نارسیزم وەك فرۆم دەڵێت :

خرۆشێکە کەلەکەسانێکی بێشووماردا تەنها بەهۆی ئارەزووی سیکس ئارەزووی زیندومانەوە قابیلی ئەندازە گیریە ....

مەرگ پەرستەکان هەمیشە و بەقوڵی لە ژیان دەترسێن ... ترسنۆك ترین کەسانێکیش سەرۆك و پیاوانی پاشایە کەپردی پەڕینەوەی مرۆڤی ژیان دۆستە و کاریزما .... چونکە پێی وایە ماهیەتی ژیان نارێکو پێکە و دەسەڵاتدارێتی و زاڵبون پەسەند ناکات .....

مەرگ پەرست ، عاشقی دەسەڵاتدارێتیە ، وەلە کردەی زاڵبوون و دەسەڵاتداربووندا ژیان دەکوژێت ، تەنها لەگەڵ شتێکدا دەتوانێت پەیوەندی بەرقەرار بکات کە موڵکی خۆی بێت و ژیان لە پێناوی موڵکەکانیدا پەخشدەکات ، هەرچەندە لە ڕاستیدا دوای ژیان ئیدی موڵکداری بوونی نیە و مرۆڤ کەمرد کۆتایی بەموڵکدارێتی تایبەتی خۆی دێت ، بەڵام لەلای ئەو گرنگە ( هەبوون ) نەك بوون ، لەڕاستیدا بەختیاری مرۆڤ لە بووندایە نەك لە هەبووندا گرنگ لای ئەو یادەوەریە نەك

ئەزموون ، عاشقی سیستم و ڕێك و پێکی یاسایه ، لەلای مرۆڤی عاشقی ژیان بەڕای فرۆم :- ڕووبەڕووبونەوەی بونیادی مرۆڤ لەنێوان ژن و پیاودایه ، بەلاّم بەلای کەسی مەرگ پەرست لەنێوان کەسێکدایه کەتوانای کوشتن و ئەو توانایەی نیه ، لایئەو تەنها دوو ڕەگەز هەیه بکوژ و کوژراو .. جەلاد و قوربانی !

فرۆم دەلێت : ئارەزووە سێکسیەکان دەتوانن ژیان بخولقێنن بەلاّم هێز کەتایبەت مەندی مرۆڤی مەرگ پەرست مەیل و وابەستەگیەتی بە هێزەوەیه .. کەپێناسەی ( سیومۆن وایل ) تواناو قابیلیەتی گۆڕینی مرۆڤێکه بۆ جەستەیەکی مردوو دەتوانێت نابودیەکان وەلەدوا شیکردنەوەدا هێز .. ڕاستەوخۆ پابەندی یان یان لەسەر بنچینەی توانای کوشتنه .

مرۆڤ کاتێك کەدەگاته یەقین و بڕوابوون به ڕەهایەك ئیدی ئینسانیەتی خۆی لەدەست داوە ، چونکه مانای چالاکی عەقلّ و بیرکردنەوەی وەستاوە ، مرۆڤ بوون مانای عەقلّ و بیرکردنەوە هاوشانی تێڕامان و جیهان بینی ، بیرکردنەوەی زیندوو که توانای دەرکی دونیاو پێکهێنانی دیدی تاکه کەسی هەبێت ، ئەگەر ناکەسێك له ئێستادا بەهەمان عەقل و بۆچوونی لەوەو بەری باو باپیرانی بیربکاتەوە ئەوا له ڕاستیدا بیرناکاتەوە ، بەلّکو بڕێك دۆگمێك دەگوێزێتەوە که بڕیکی مردووە خەسلّەتی بیرکردنەوەی لەدەست داوەو توانای بەردەوام بوونی نیه .. مانای بوەته ئایدۆلۆژیا ، ئایدۆلۆژیاش هەمیشه بەربەستێکی مەعریفی پێك دەهێنێت که فکرو زانست به بنبەست دەگەیەنێت .. ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیه که مرۆڤێك کاتێك دەگاته یەقینێکی تەواو ئیتر گەیشتووە بەکەسێکی ڕووت که بەرامبەر دونیای دەرەوە لەئاستی بووندا گەیشتووە به سفر .. چونکه ئەو بته ئەو (مگلق) گەرایەی دەیپەرستێت بەشێکی خودی خۆی تێدا بلّند کراوەتەوە به مفهومی "ئالّتۆسێر" یش بوونی ئایدۆلۆژیا بەهۆی خود و لەپێناو خود دایه .

ئایدۆلۆژیا یەکێکه له کۆلّەکه سەرەکیەکانی بەرهەمی فاشیزم و کەسی کاریزمی قارەمان پەرستی و قبولّ کردنی مێگەلی ئایدۆلۆژیا خۆئامادە کردنێکی بەرنامه ڕێژه لەسەر ڕیتمی تۆتالیتاری و شوبهاندنی جەستەی مرۆڤ، مەبەست سەرکردەوە ئەمیر و پاشان وەك کەسی مقدس .. لەڕێگەی ئایدۆلۆژیا بەردی بناغەی مۆسساتی حزبی و فاشیزم و تۆتالیتاریزم جاڕی ئەبەدی خۆی داوە .. لێرەوە به پێویست ئەزانم ئایدۆلۆژیای سیاسی و حزب بخەمه ژێر توێژنەوە و پرسیارەوە یەکێکه له فاکتەره گرنگەکانی دروست بوونی ئەنفال چ لەلایەن صدام حسێن و تەواوی حزبەکانی تری عراقی بەکوردو عەرەب و بەشەکانی ترەوە هەروەها ڕۆلّی تەقەسیکردنی ئایدۆلۆژیا کەبەرەو کۆمەلّگایەکی بێدەنگ و مێگەلی بردین .. هەروەها بەرهەمی زۆربەی کوشتاره گەورەکانی ئەمسالاّنەی دواییه کەلەژێر چەتری ئایدۆلۆژیا جۆربەجۆرەکاندا ڕویاندا و کوشتاره گەورەکانی لێکەوتەوە .

پێبەخشینی ئایدۆلۆژیا وەك موقەدەس وەك هێزی فیکری فریاد ڕەس وەك تاکه سەرچاوەی زانست و پێگەی کۆمەلاّیەتی شیاو بۆ دونیای هاوچەرخ وەك ئەفسانه و قارەمان پەرستی له فالدای ئایدۆلۆژیاوە بەشێکی گرنگ سەرچاوەکانی فاشیزم و کەسایەتی کاریزمی سۆپرمانی فیکری له دونیای ئێمه بەزەقترین و خوێناوی ترین شێوه ڕەنگی دایەوە .

لێرەدا ئێمه پەنا دەبەینه بەر چەمکی قارمان و ڕەگەز پەرستی ( کارلایل و گۆبینۆ ) تا لەورێگەیەوە له ڕوحی پیاوی کاریزمی و ڕۆلّی کێشه ئالّۆزەکانی مرۆڤایەتی بەدیار بخەین .. هەرەوەها ڕوحی فاشیەت و کەسی موقەدەس له ڕێگەی توێژینەوەکانەوە ئاشکرا بکەین که تاچەند ئەم دوو چەمکه به ڕوحی کەسایەتی و سیاسیه دیکتاتۆرەکانی ئەم ناوچەیه بەشەکانی تری دونیا له قۆناغه جۆربەجۆرەکانی مێژوو موتربەکراون و ڕەنگیان داوەتەوە .

مارکسیەکان لەوەلاّمی چەمکی فاشیزم و دەلّێن : فاشیزم و دەرئەجامێکی حەتمی سیستمی سەرمایەداری بوو ولامی چینی مامناوەندی داروخاو بەهۆی لەدەست دانی بازاڕی ولاّته داگیر کراوەکان لەدەرەوە وە گوشاری پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕلەناوەوە بوو ، بناغەی وەها ڕاڤەکردنێك لەلایەن لینینەوە له نوسینکانیدا دەربارەی ئیمپیریالیزم داڕێژرا ، مارکسیەکان لەدەیەی بیست و سێشدا ئەم بۆچوونەیان گشتاند ، تایبەت مەندی ئەم ڕاڤه کردنه لەوەدایه که ساویلکانەیه .

هانا ئارێنت، لەکتێبه بەناو بانگه کەی خۆی، له سەرچاوەکانی تۆتالیتاریزمدا جەخت لەسەر ناواخنی نائەقلاّنی نازیزم دەکات و سەرچاوەکەی دەگێڕێتەوە بۆئەوەی که مرۆڤی مۆدێرن له کۆمەلّگای پیشەسازی کەوتۆته سەر دووڕیانێك بەبۆچوونی ئەو ، تەنیا لەخۆنامۆ بوونی گەلێکه که ناسنامەی چینایەتی و بوارەکانی پەیوەندی خێزانیان له دەست داوە ، عەودالّی ئاشتی و ڕۆحی و دەرونین کەئەمەش دەبێته هۆی ئەوەی بەئاسانی

بـبن بـە خـۆراکی بـزووتـنـەوە سیاسیە قۆرخکراوەکان .
یەکێك لەتایبەتمەند ترین کایەکانی فـاشـیـزم نـکـۆڵی کـردن بـوو لەئامانجە مـرۆڤـدۆسـتـانـەکـان بـەتـایـبـەتـی بـیری یەسکانی بـەزەبـری گشت مـرۆڤـەکـان بـوو . تێڕوانینی جیهان بینی فاشیزم بەشتێکی پێویست دەزانی، بەڵکو ئەوانەی بەبەهای خۆی دەزانن بیرۆکەی ڕۆمانسی برایەتی کارپێکراوی لە فاشیزم ئەم تایبەتمەندیانەدا قەرەبوو نەدەکردەوە ، چونکە برایەتی فاشیزم لەبرایەتی خۆد بەدەستەوە داندایە، تایبەتمەندی فاشیزم جەخت کردنە لەسەر توندو تیژی کە لـەڕادەی شوناسی بەجێ گرنگی توندو تیژی لەسیاسەت ڕەت دەبێتەوە بەربەستە عیرفانیەکەی دەگۆڕێت ، لە فاشیزمدا خـوێـن و مـەرگ سـەرنـج ڕاکـێـشـیـەکی شەهوەتڕای دەستەبەردەکات .
وایـز : یەکێکە لـەومـێـژوو نووسانەی بـڕوایـان وەهـایـە فاشیزم کـاردانـەوەی زەبرو زەنگ ئامێزی تاقمە نەریت پارێز و کۆنەخوازەکان بەرامبەر بە بەهاکانی جیهانی مۆدێرنە، وایـز لـەم خـاڵانـەی خوارەوە فاشیزم پێناسە دەکات .

١. لـێـکـدانـەوی ئـۆرگـانـی لـە کـۆمـەڵگا ( واتـەهـەمـان ئـەو لـێـکـدانـەوەی کە ڕۆمانسیتەکان دەربارەی کەسانی وەك و هیگڵ و مارکس هەبووە ) .
٢. ئایدیالیزمی فەلسەفی .
٣. ئارمانجکردنی خەسڵەتە ( پیاوانەکان ) کە خەسڵەتەکانی جوتیار یان گوندنشینە .
٤. دوژمـنـایـەتـیـکـردنـی سـەرمـایـەداری پێشکەوتوو .
٥. سوکایەتیکردن بە دیمکراسی .
٦. لێکدانەوەی دەستێژێرانە لەڕێبەری کۆمەڵایەتی و سیاسی .
٧. نەتەوە پەرستی و گەلێ جار بەڵام نەی وەکو پێویست جولەکە کوژی .
٨. میلتیاریزم .
٩. پاوانخوازی .

فاشیزم بڕوایەکی ئاینیە کە تیایدا مرۆڤ خـۆی لـە پـەیـوەنـدیـەکی نزیك لەگەڵ هاویستێکی بەرچاو بالاتردا دەبینرێت ، ئەم پەیوەندیە بەرزی بەبوونی تاکایەتی و کـەمـی ئـەو دەبـەخـشـێت و بۆ پێگەی بەئەندام بوون لە تاقمێکی یەزدانیدا بەرزدەبێتەوە مۆسۆلۆنی دەڵێت : ( ئێمە خـوازیـاری ئـەوجـۆرە ژیانەین ، کەتاك لە ڕێگەی قوربانیدان بە بـەرژەوەنـدی تایبەتی خۆی لە ڕێگەی مەرگی خۆیەوە ، ئەوبونە ڕوحانیە پوختەیە بەدیبهێنێت ، کەبەهاکەی لەوەدایە وەکو مرۆڤێك ... یەکێکیان لـەدروشـمە بـەنـاو بانگەکانی فاشیەکانی ئیسپانیاش ئەمەبوو ....
((( بمرێت ئەقڵ ، بژی مەرگ !)))
ئـەمـانـە هـەرهـەمـویـان جـۆرێـکـە لە شـەرعـیـەتـدان بـە قـارمـان و کوشتنی مـرۆڤ و ڕێـگـە خـۆشـکـەرە بـۆ کەسی فاشیزمی و دەسەڵاتی فاشیانە یەکێ لەو باسانەی لەسەری ڕادەوەستم قسەکردنە لـەسـەرقـارەمـان بـەسـوود وەرگـرتـن لە کارلایل .... هەروەها قسەکردن لەسەر چەمکی ڕەگەز پەرستی وەك ڕەگەزێکی بـالاّ بـەسـەر ئـەویـتـر کـە ئـەویـش بۆ چوونەکانی گۆبینۆیە ...
کـارلایـل لە بیست و دووهـەمـین مانگی مایسی ( ١٨٤٠ ) دا وتارەکانی خۆی لە ژێر ناوی ( دەربارەی قارەمانان و قارەمان پەرستی ) لە مێژوودا دەست پێ دەکرد،لە بـەردەم ژمـارەیـەکی زۆر کەسایەتی نـاسـراوادا قسەی دەکـرد .... کۆمەڵێك لە نەجیب زادەکانی لەندەن هاتبون تا گوێ لە وتارەکەی ئەو بگرن ، ئەم وتارە ئامادە بوانی هەژاند . بەڵام هیچ کەسێك نەیدەتوانی پێشبینی بکات ئەم ڕووداوە کۆمەڵایەتیە بەدەرهاویشتەی سیاسی گەورە ئاوسە .
لەبەرهەمەمە نوێکاندا ، مەیلێکی نوێ هەیە کە تیۆرەکانی کارلایل بەرپرسە سیاسیەکانی ئەمرۆمانەوە دەبەستێتەوە ، واتـە کـارلایـل لـەزومـرەی ئەوکەسانە هەژمار بکەن کە لە ڕێگەی فاشیزمدایە .
ئێرنست سیلەر لـەسـاڵی ١٩٣٩ کتێبێکی دەربارەی کارلایل... خستە سەر پێرستی دوورودرێـــژی کتێب .. ئـەو بابەتانەی دەربـــارەی فـەلـسـەفـەو ڕەگـەزنـامـەی ئیمپریالیزمی مۆدێرن خوێند بووبیتەوە .

سیلەر پێی وایە کارلایل هەرچی زیاتر دەربـارەی وانەکانی ژیـان و خـەسڵەتی ڕاستەقینەی جەوهەری مرۆڤ تێرامانی دەکرد ، زیاتر مەیلی بەلای نەریتپارێزیدا دەرۆشت وە لەنێوان نوێنەری خودای مـەزن و لەسەر زەویدا شوێنی زیاتری بـە سـیـاسـەتـمـەداران و سـەربـازەکـان دەبـەخـشـێ...ئـەمـە لە هـەڵـگـەڕانـەوەی ڕۆمانسیەتی ئەڵمانیدا مەیلێکی پرۆسی بوو ....
بەپێی ئەم بۆچوونە بەپرۆسیابوونی ڕۆمانسیەتی کارلایل هەنگاوێکی بنبڕو کۆتایی بوو بۆ ئـەوێ پەلکێشی کرد کە پێگەی خودای بە ڕێبەرایەتی سیاسی ببەخشێت و ڕەوا ناڕەوا بەیەك بزانێت .
کـارلایـل دەڵـێـت پـەرسـتـنـی قـارەمـان ستایشی دڵـسـۆزانـەو بـەئـەمـەکـانـەوە خۆبەدەستەوەدان دڵسۆزی یەکجار زۆر لە بـەرامـبـەر بـەرزتـریـن مـرۆڤی خودا ئاسا ، مەگەر هەرئەوە میکرۆبی خودی مەسیحیەت نیە .

لە کتێبی سارتۆر ڕساتۆردا دەڵێ : دیالۆگ خوازان چەند جوان وتویانە فەرمانڕەوایەك بەپێی مافی خودایی فەرمانڕەوایی دەکات ئەو لەگەڵ خۆیدا لەلایەن خوداوە پێگەیەکی هەیە ، واتە مرۆڤ ناتوانێت ئەو مافە بەو ببەخشێت ئەو کەسەی دەبێت فەرمانڕەوای من بێت ، ئەوکەسە دەبێت وێزگەی لەسەرووی ویستی منەوە بێت ، ئاسمان ئەوکەسەی بۆ ویستی من هەڵبژاردووە .. ئازادی شتێك نیە جگە لە گوێڕایەڵی کردنی ئەم هەڵبژێرراوانەی ئاسمان ، ئەو ڕادەیەی کەدەتوانین بۆ ئازادی وێنای بکەین هەرئەمەیە :

کەچی گۆبینۆ بەشێوازێکی جیاوازتر مافی قارەمان پەرستی لە ڕێگەی ڕەگەز پەرستی یەوە نەخشاند و وەزیفەیەکی دیکەی پێبەخشی ، بۆ تێگیشتن لە قارەمان پەرستی و ڕەگەز پەرستی دەبێت لەڕووی تیۆریەوە لەیەکیان جیابکەینەوە .

لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەیەمدا ، نوێنەری بنەڕەتی ئەم دوو مەیلە فیکریە جیاوازی نێوان گۆبینۆ و کارلایل لەبارەی ڕەگەز پەرستی و قارمان پەرستی بکەین ( بەرهەمەکەی گۆبینۆ نامەیەك دەربارەی نایەکسانی ڕەگەزە مرۆڤایەتیەکان) هەروەها وتارەکانی کارلایل لەبارەی قارمان پەرستی ..ئەم دوانە خاوەنی ئارمانجە گەلی مۆرالی سیاسی و کۆمەڵایەتی تەواو دوور بو... بەڵام کاتێ قارەمان پەرستی مانای بنەڕەتی خۆی لەدەستداو تێکەڵی بەڕەگەز پەرستی بوو هەردوکیان بونە بەشی پێکهێنەری یەك بەرنامەی سیاسی ، هەنگاوێکی نوێ نرا هەنگاوێك کە گەورەترین دەرهاوێشتەی لێکەوتەوە .

یەکێك لە تۆکمەترین بیرباوەڕەکانی گۆبینۆ ئەمە بوو .. کە ڕەگەزی سپی تاکە نەژادێکە ئەو ویست و توانایەی هەیە دەست بداتە ئەفراندنی کلتور ئەمە پرەنسیپە بەردی بناغەی تیۆرەکەی ئەو دەربارەی جۆراوجۆری بنەمای نەژادە مرۆڤایەتێکانە ، ڕەگەزی ڕەشی و ڕەگەزی زەرد .. ژیان دیکەنین ، وەخەڵکێکی بێ تایبەتمەندین کە دەبێ ڕەگەز بەرزترەکان بیانهێنێتە جوڵە .

یەکەمین پرنسیپی تیۆرەکەی گۆبینۆ ئەمەیە مێژوو تەنیا بەهۆی بەریەککەوتنی لەگەڵ سپیدا پەیدا دەبێت ..

گۆبینۆ دەڵێ : لە ئاپۆرەی ئەو نەتەوانەی لەسەر زەویدا ژیان و دەژین تەنیا دەنەتەوە بە پێگەی پێکهێنانی کۆمەڵگەی تەواو گەیشتوون ، نەتەوەکانی دیکە کەم تازۆر بە شێوەی سەربەخۆ و بەرەو ئەم دەنەتەوە ڕاکێشراون وەکو حەسارەکان کەبەرەو خۆرەکانی خۆیان ڕادەکێشرێن بەدەوریاندا دەخولێنەوە ، ئەگەر لە دە شارستانیەتەدا توخمێك لە ژیان هەبێ کەلە هێزی بزوێنەری ڕەگەز سپێکانەوە دروست نەبوبێت ، وەهەرجۆرە تۆوی مەرگ لەواندا هەیە ، ئەگەر لەڕەگەزە نزمەکانەوە دروست نەبوبن کەلەڕەگەزە سپێکاندا ئاوێتەبون گشت ئەم تیۆرەی ئەم کتێبە ڕێچکەی لەسەر بەستووە ڕاست نابێت . پرنسیپی تیۆرەکەی گۆبینۆ لێرەدایە هەرئەم پرنسیپەش جیاوازی بەرچاوی قارمان پەرستی و ڕەگەز پەرستی پێشان دەدات ئەو دوو تیۆرەی لێکدانەوەی تەواو جیاواز و تەنانەت بەرامبەر لە مێژووی مرۆڤدان ...

کارلایل دەپرسێت !... ئایە تێکڕای مانای مێژووی ژیاننامەی قارمانان نیە ؟ بە بێ دوو دڵیش وڵامی یەك بەڵێ دەداتەوە !

بەڵام لە کتێبەکەی گۆبینۆدا هیچ جۆرە بایەخێك بەکەسایەتیە مێژوویە گەورەکان نەدراوە .. کاتێ گۆبینۆ تیۆریەکەی خۆی ڕوندەکاتەوە باسی تاکەکان ناکات و تەنانەت ڕوونکردنەوەی ناوی کەسە تایبەتێکیان ناهێنێت .. بەڵام لەکاتی خوێندنەوەی بەرهەمەکەی کارلایل دەکەوینە ژێر کاریگەری ئەم بابەتەوە ، بەدەرکەوتنی هەرگەورە پیاوێك یان بەهرەمەندێك ئایینی ، فەلسەفی یان ئەدەبی یان سیاسی ، بەشێکی نوێ لە مێژووی مرۆڤ دەکرێتەوە ...

بۆنمونە بە دەرکەوتنی پێغەمبەری ئیسلام یان لۆسەر ئاین گۆڕانی بەسەردا دێت . کرامۆڵ یان دانتی و شەکسپیریش جیهانی سیاسەت جیهانی شیعر دەیگۆڕێت ، هەر قارەمانێکی نوێ بەرجەستە بوونی هێزی مەزن و نەبینراوی ئایدیای یەزدانیە لەوەسفکردنەکەی گۆبینۆ ، سەبارەت بە جیهانی مێژوو چیتر ئەم ئایدیایە یەزدانیە بوونی نیە و نەبووە .. ئەگەرچی گۆبینۆ وەك کارلایل عارف و ڕۆمانسیە بەڵام عیرفانەکەی لەجۆری ریالیستیانە ترە – پیاوان لەئاستی نەوە دانابەزنە سەر زەوی بەڵکو هێزی ئەوان هەرلەم خاکە واتە لەسەر زەمینی خۆیانەوە سەرچاوە دەگرێت ...باشترین تایبەتمەندی گەورە پیاوان تایبەتمەندێکانی ڕەگەزیانە، ناتوانن بەرجەستە بوونی بەرچاوترین هێزەکانی ڕەگەزی خۆیانن .

تیۆرەکەی گۆبینۆ دەربارەی ڕەگەز وەکو هێزی بنەڕەتی زاڵ وادەهاتە بەرچاو، بەڵام میتافیزیکیەکەی ئەو پێوابوو لەسادەترین جۆری ئەزموون ببەستێت ، هەرکەس ئەتوانێت دوای زنجیرەیەك درێژ لە هەڵگۆزین میتافیزیکیەکان بکەوێت .

خوێندنەوەی دیاردەناسی روح لە نوسینی هیگڵ خوێندنەوەی فەلسەفەی مێژوی ئـەوکـاری هـەمـوو کـەسـێك نیە بـەڵام هەرکەسێك تیدەگات کەدەربارەی ڕەگەز یـان خوێندنەکەی بێت ، لایەنی کەم پێی وادەبێت لێیتێدەگات، میتافیزیك هـەر لـەسـەرەتـای پەیدابوونی خۆیەوە بەدوای پرنسپی خۆڕاگردا گۆڕاوە بەڵام هەمیشە هیواکانی لەم بارەوە بەناکامی گـۆڕاوە ، بـەبـڕوای گۆبینۆ تائەوکاتەی میتافیزیك مەیلی ئەقڵگەرایی نەریتی خۆی نەگۆڕێت ئەم ناکامیە هەردە دەبێت ...لەسەرانسەری مێژووی فەلسەفەدا باس و خواسی پرسی بەناو هەموی ، واقعی ئـەوا نەکراوە ، بـەڵام هەرگیز ئەوانەی فەیلەسوفەکانی پـێ نەگەیشتن ئەم ڕاستیە بوو کەنابێ لەبیری مرۆڤەکاندا بۆ هەموییە واقیعیەکان بگەڕێن بەڵگو دەبـێ ئـەوانـە لەوهێزە جەوهەریانەدا بکەین کە چارەنوسی مرۆڤ دیاری دەکەن ، لەهەموو ئەم هێزانە ڕەگەز بەهێزترین و تۆکمەترینیانە ڕەگەز حالەتێکی واقیعیە نەك وێنکردنێکی پەتی . لێرەدا دەمەوێت باس لەڕەگەزی تۆتالیتاریزم بکەم ، کە تیۆرەی ڕەگـەزی تۆتالیتار چیە...ئەم بابەتە پێشهاتێکی زانراوبوو ، کەڕەگەز فاکتەرێکی گرنگە لە مـێـژووی مـرۆڤ وەرەگـــەزە جـۆراو جـۆرەکـان کولتوری گەلی جـۆراو جۆریان بونیاتناوە وەئەم کولتورانە لەگەڵێ ڕووە وە لەسەریەك نین وەهەروەها لەڕوی جەوهەرەوە و لەڕوی بەهاوە جیاوازیەك لەگەڵی یەکدیدا هەیە .. تەنانەت مۆنتسکیۆ لەڕوحی یاساکاندا بـەووردی هەلومەرجە جوگرافێکان ( فیزیکی ) ئەم جیاوازیانە تاوتوێ کردبوو بەڵام ئەم پرسە زانراوانە ئەو بابەتانە بوو گۆبینۆ تاوتوێی دەکـرد ، ئەکارەی ئەو لەئەستۆی گرتبوو گەلێك گشتی ترو دژوارتـر بوو ، ئەودەبوایە بیسەلمێنێت ڕەگەز تاکە خودا و فەرمانڕەوای جیای مـێـژووە وەهـێـزەکـانـی دیکە ملکەچەو فەرمانبەری ئـەون ، بـەڵام وێناکردنی نوێ ئێمە لەدەوڵەتی تۆتالیتار بۆ گۆبینۆ بەتەواوەتی نەزانراوبو ئەگەر ئەو بەوە ئاشنا دەبوو ، ئەوا بەتوندی نارەزامەنی خـۆی بـۆ دەردەبـڕی .. بۆچوونی ئەو تەنانەت نیشتمان پەرستی بریتی بوو لەبت پەرستی و قـەزاوەتـی کوێرانە .. ئەگەرچی ئـەولـەگـەڵ ئامانجی نەتەوە پـەرسـتـەکـان نـاکـۆك بـوو ، بـەڵام لە زومـرەی ئـەو گروپە لەنوسەران بـوو ، کەناڕاستەوخۆ لە ئامادەکردنی ئایدۆلۆژی دەوڵەتی تۆتالیتاریادا زۆرترین بڕەبەشیان هەبوو .. تۆتالیتاریزم ڕەگـەزێـك بوو ڕێگەی بۆ لێکدانەوەکانی ئەم دواییە لە دەوڵەتی تۆتالیتار هەموار کرد .

تیۆرەکەی گۆبینۆ هەوڵدەدات بەهاکانی دیـکـە وێـران بـکـات ، خـودای ڕەگـەز ئەوجۆرەی کە گۆبینۆ دەڵێت : خودایەکە ئـیرەیـی دەکـات ڕێـگـەنـادات لەپاڵیدا خودایانی دیکە بپەرستن ، ڕەگەز هەموو شتێکەو هێزەکانی دیکە هیچ نین وەمانا یـان بـەهـایـەکـی سـەربـەخـۆیـان نیە .. ئەگەرهاتوو ئـەم هێزانە توانایەکیان هەبێت ، ئـەم توانایە لە خۆیاندا نیە بەڵکو ڕەگەزەکە توانای ڕهایەو سەروەرەو فەرمانڕەوای ئەوانە ، ئەوتوانایەی بەوان بەخشیوە گۆبینۆ تەنانەت ئامادەنەبوو ، ئەوەپەسەندبکات کە ڕەش پێستان یان زەرد پێستان لەگەڵ ڕەگەزە سپیەکاندا ، بەیەك بنەماڵەی مرۆڤایەتی بن .. چونکە ئەو پێی وابوو ئـەوەی لـەدوو ڕەگـەزی نـاوبـراو دیبینین بریتیە لە دڕندەی بەناشرینترین دێنەو خۆپەرستی بە بوێرانەترین شێوە ، ئایە دەتوانین ئـەوە پەسەند بکەین ئـەم بونەوەرانە لەهەمان سـەرچاوەی سپی پێستانەوە هەڵقوڵاون ؟ چۆن دەتوانین بەوە بڕوامان هەبێت ڕەشپێستان کەلەهەندێ ڕووەوە گەلێ لەجانەوەران نزمترن سەربەهەمان جۆرن کە ئەندامانی خێزانی ئاری ئەو نیمچە خودایانەن ؟

لەجێگایەکی تر دەڵێ: شکۆداری ڕێزی کەسی خۆمالن تەنیا بە خەرجکردنی پێگەی بـەرزتـر بـەدەست هێناوە واتە بەخەرجکردنی ڕەگەز بەدەستمان هێناوە کەفەرمانڕەوایی ڕاستەقینەیە ...

ئەوکەسپی پێستانە کەنازناوی ئاریان بەخۆیان داوە ، بەباشی لە شکۆداری مەزنی مانای ئەوە تێدەگەیشتن بەتوندی لەم نازناوە لکاون .

گۆبینۆ لەوەسفی خۆی بۆڕەگەز پەرستی دەڵـێـت : وادێـتـە بـەرچاو کەجانەوەر دڕنـدەکـان لەهەویرێکی یەکجار بەرز دروس کرابن وەنەتوانرێت وەکو پێوەرێك بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم خێڵە قێزەونانە بەکاربرێن، بۆدەستەبەرکردنی وێنایەك لەدۆخی جەستە یان دەتوانن پشت بە مەیمونەکان ببەستن وەلە ڕوی مۆڕاڵیەوە ناچارین ئەوانە بشوبهێنین بەروح تاریك ...

تەنانەت بیروراکانی لـەڕوی ئاینیەوە گۆبینۆ وایـە : ئاینی بـوزای نەك تەنیا هەڵەیەکی مۆڕاڵی بەڵکو هەڵەیەکی مەزنی ئەقڵیە ، بوزیزم نەك تەنیا وێرانی لە هەستکردن، بەڵکو وێرانی لەدەسەڵاتی قەزاوەتیشدایە، گۆبینۆ نەتەوەپەرست بوو ... نەنیشتمان پەرستێکی فەرەنسی ئـەو تـێـزی ( بۆلن وێـر )ی پەسەندو زیندوو کردبووە وە ... بە پێی ئەم تێزە هەرگیز فەرەنسا یەکێتی نەتەوەی

ڕاستینی نەبووە ، هەروەها وەکو پێشتر بینیمان فەڕەنسا دەکرێت بەدوو بەشی داگیرکەران و داگیراوان ، واتە نەچیزا دەکات و خەڵکی ڕەشۆکی کەئەم دوانە لەسەریەك ئاست نین، گۆبینۆ ئەم بۆچونەی بۆ هەمو مێژووی مرۆڤ دەگشتێنین . وەئەوەی بەئەوە ناوی دەبەین هەرگیز کۆیەکی یەکانگیرنیە .. بەڵکو بەرهەمی تێکەڵبوونی خوێنی ڕەگەز گەلی جۆراو جۆرەو ترسناکترین شت لەم جیهانەدا هەرئەم تێکەڵبوونە خوێنیەیە .

گۆبینۆ دەڵێت : نیشتمان قسەناکات وەهەروەها ناتوانێت بەدەنگی زوڵاڵ فەرمان بدات ، ئەزموونی هەموسەدەکان بۆمان دەردەخات بەهیچ حکومەتێك ستەمکارتر لەو حکومەتە نیە کەلەسەر بنەمای ئەفسانەکان زۆرەملێ دەکات ئەم جۆرە حکومەتە ستەمکارانە بەهۆی جەوهەری خۆیانەوە بێ هەستی و بێ نەستی بێ بەزەیین ولاڤلێدانیان کەکەسی پەسەندی ناکات ، لێوانلێوە لە خۆپەرستی . بەبۆچوونی گۆبینۆ یەکێك لەگەورەترین سیستمی فیدراڵی ئەمەبوو کە تیایدا پیاوان لەبەرامبەر وەها بتگەلێکدا سەردادەنەوێنن .. لەم ڕووەوە بەراورد کردنی گۆبینۆ لەگەڵ کارلایلدا گەڵێ شتمان فێردەکات .. لەیەکەم نیگادا مەیلی سیاسی ئەم دوانە خزمایەتیەکی نزیك بۆیەك نیشان دەدەن .. هەردوکیان دوژمنی سەرسەختی ئارمانجە سیاسیەکانی سەدەی هەژدەیەمی واتە ئارمانجەکانی ئازادی یەکسانی برایەتی کارلایل لەبەرامبەر فۆرمێنی وێرانکاری ئەم ئارمانجە هیچ ڕێگەی دەرباز بونی نەدەبینی ، مەگەر گەڕانەوە بۆ قارەمانپەرستی نەبێت ؟ دەیگوت : قارەمانپەرستی تەنیا شتێکە دەتوانێ ئێمە لەکاولبوون و وێرانی و پشێوی تەواو ڕزگار بکات ، بەڵام ئارمانجی ڕەگەزپەرستی دەیەوێت دووبەرەکی دروست بکات و جیای بکاتەوە .

بەڕواڵەت تیۆرەکەی گۆبینۆ تێکڕای بازنەی شارستانی تەی کردبوو بەئامانجی خۆی گەیشتبوو ، ئەم ئاینە نوێیە واتە ڕەگەزپەرستی قاچی لەسەرپێ سەقامگیر کردبوو .. چیتر ترسی لەهیچ دوژمنێك نەبوو چەنکە گۆبینۆ گوتبوی : ئاینی مەسیحی بێ کاریگەری و بێ توانایە ، ئاینی بوزای گەندەڵی مۆڕاڵیە و نیشتمان پەرستی ( عفریتی کەنعانیە ) یاسا و دادوەری ئەپستراکتی پەتین ، هونەر جادوگەر و لەشفرۆشە وەهمی سەرچاوە گرتوو لەهەستیارییەوە .

چاودێران و ڕەخنەگران وای بۆ دەچن کە حکومەتی تاکڕەهەندی ڕۆژهەڵاتی بەلێبڕاوی گشتگیر و سەرکوتکەرتر لە حکومەتە هاوچەشنەکانی خۆیان لە ڕۆژئاوادا، لەڕوانگەی ئەوانەوە دیکتاتۆریەتی ڕۆژهەڵاتی بێ بەزەییترین شێوەی دەسەڵاتی تۆتالیتر دەنوێنێ . زانایانی زانستە سیاسیەکان وەك مۆنتیسکۆ بەرلەهەر شت هۆگری ئەوکاریگەرییە پڕ ئازارانەبون کەلە سەرەڕۆی ڕۆژهەڵاتی دەیخستە ئەستۆی تاکی و خاوەنێتی و توێژەرانی زانستی ئابووری حەزیان لە توێژینەوەی پانتای بەڕێوەبەرایەتی و خاوەنێتی ئەوجۆرە حکومەتانە بوون بەتایبەتی ئابوری زانانی کلاسیك کەوتنە ژێر کاریگەری ئەو هەوڵە بەر بڵاوانەی کە حکومەتی ڕۆژهەڵاتی بۆ ڕایەڵی ئاودێری و کشتوکاڵی بۆ دامەزراندنی پەیوەندی دەیدات ... سەرئەنجام ئەوان واتێگەیشتوون کەلەڕۆژهەڵاتدا حکومەت گەورەترین خاوەنی زەوییە.

بەڵام چەمکی سەرەڕۆیی لەسەردەمی فەیلەسوفانی یۆنانی کۆندا بۆ وەسفکردنی حکومەتە ئاساییەکان بەکاردەبرا بۆ نمونە ئەرستۆ لە کتێبەکەیدا ( سیاسەت ) دەنوسێ : ڕەوشتی بەربەرەکان حەزی لە کۆیلەیەتیە تاڕەوشتی یۆنانیەکان ڕەوشتی ئاساییەکانیش پتر هۆگری کۆیلە نیە تا ڕەوشتی ئەوروپیەکان ، هەر بۆیە ئاسیایەکانیش حکومەتی سەرەڕۆی و بەبێ ناڕەزایەتی دەربڕین پەسەند دەکەن. مۆنتیسکۆ لەڕوحی یاساکاندا بۆیەکەمین جار تۆریەکی بەراووردکاری لەبارەی ئەوشتە ئاراستە دەکات ، کەبەسەرەڕۆی ناودەنێ وەك شێوەیەك لە حکومەتی نائەوروپی دەیناسێنێ کەلە بەرانبەر فیودالیزمی ئەوروپیدا ڕادەوەستێ ئەولە روحی یاساکان کتێبی هەڤدەیەم دەنوسێ : ئاسیا هەمیشە ئیمپراتۆریەتی مەزنی لەئەوروپادا دەرتانی پەیدابوونی ئیمپراتۆرەکان نەبووە... هەربۆیە لە ئاسیادا دەسەڵاتی سیاسی بەردەوام سەرۆیانەبێت .. چونکە ئەگەر کۆتی کۆیلەیەتی بەهێز نەبێت ، ئیمپراتۆری پارچە پارچە دەبێت و ئەمەش لەگەڵ سروشت و جوگرافیای ئاسیای نایەتەوە بە پێچەوانەوە دابەشکردنی جوگرافیاکانی ئەوروپا بونەتەهۆی ولاتانی ئەم بەشە لەسەر زەوی پانتایەکی مامناوەندیان هەبێ هەربۆیە حکومەتی پشت ئەستور بەیاساکانی نەتەنیا لەگەڵ بەردەوامی مانەوەی وڵاتانی ئەوروپی ناتەبا نیە بەڵکو وەها لەگەڵ مەزاجیان ڕێکدەکەوێت کە بەپێی یاسا ئەم دەوڵەتانە بە لێژاوی هەرسدا شۆڕدەبنەوە دەبنە پاروی دراوسێکانی خۆیان ، ئەم تایبەتمەندیە بوەتە مایەی مەیلی ئازادی هەربۆیە

ملکەچ بوونی هەربەشێك لە خاكی ئەوروپا بۆ وڵاتێکی بیانی زۆربەئەستەمە ، تەنیا یاساو بەرژەوەندیە ئابوریەکان دەتوانن لەئەوروپا ملکەچی وڵاتێکی دیکەبن بە پێچەوانەوە لە ئاسیادا ڕوحی کۆیلەیەتی و بەندی زاڵە نەتەوەکانی ئاسیا هیچ کات نەیانتوانیوە کۆتی کۆیلەیەتی لەئەستۆ دارنن، لەنێو ئەواندا شتێك بێجگە لەبەندی و کۆیلەیەتی نیە . مۆنتیسکۆ کە بۆ دەرچونی ( بۆدەن و وێرنیە ) زۆری کارتێکردبوو پتر لەهەموو کەسێکی دیکە چەمکی سەرەڕۆیی ڕۆژهەڵاتیانە برەوپێدا ، لێرەشا باشتر وایە قەڵەم بسپێرین بە لۆوی ئالتوسێر فەیلەسوفی فەرەنسایی( ١٩١٨- ١٩٨٩ ) تائەویش بۆچونەکانی مۆنتیسکۆ بەشێوویەکی تایبەت بگێڕێتەوە. یەکەمین تایبەتمەندی سەرەڕۆیی ئەمەیە ... کەڕژێمێکی سیاسی بێ پێکهاتەیە نەپێکهاتەی سیاسی قەزایی هەیە نەپێکهاتەی کۆمەڵایەتی مۆنتیسکۆ زۆر جاران دەڵێ کەسەرەڕۆیی بێ یاسایە .. بێ مێشك مەبەستی ئەو بەرلەهەموو شت یاسا بنچینەکانە ... بەڵام مۆنتیسکۆ ئەمەش دەڵێ کە سەرەڕۆیی هەموو دەسەڵاتی دەبەخشێ بەسەرۆکی وەزیران ...

کتێبی دووهەم .. کتێبی پێنجەم ئەم گوێزانەوەی دەسەڵات بە ڕواڵەت یاسایی سیاسیە ، بەڵام لەڕاسیدا یاسای مەیلی دەرونیە ( یاسای دەرونزانیە کە خودی درندانەی سەرەڕۆپیشان دەدات ) ئەم یاسایە فێلاوییە کەبەناڕەوایی مەیلی دەرونی دەکات ، بەردەوام دەکرێت تەواوەتی سیاسەت بە هەواو مەیلی دەرونی بگۆڕێتەوە هێشتا پێکهاتەیەکە لە ئارادا نیە ، ئەگەر لەحکومەتی سەرەڕۆدا دین دەوری سەرەکی دەگێڕێ و دەبێتە سەرچاوەیەك لەسەروی سەرچاوەی سیاسیەوە وەلە هێزی بواریشدا دەبێتە مایەی نیشتنەوەی بێبەزەیی سوڵتان و هەمیشە تاڕادەیەك ترسی ژێردەستەکانی کەم دەکاتەوە ، سەرەڕای ئەمانەش ناوەڕۆکی ئەمەیان سۆزە چونکە لە ڕژێمی سەرەڕۆیدا دین بۆخۆی سەرەڕۆییە وەترسێکە کەلەگەڵ ترسەکانی پێشوو کەڵەکە دەبن ( روحی یاساکان کتێبی پێنجەم بەشی چوارەم ) .

سەرەڕۆیی یاسایی سیاسیی و دادوەری نیە ، نەرابردووی دێتەوە یاد نەلەبیری داهاتوودایە ، ڕژێمەکە تەنیا لە چرکە ساتدا کات ڕادەبوێرێ ، ئەم ناسەقامگیریە ، بێ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دەیپارێزێ وەگرەنتی دەکات ، لە دیمکراسی دا داوەرەکان خاوەن پێڕەوی ناوخۆو ستاتۆن ، ماڵ و پلە و پایەیان هەیە و پشتی دەوڵەمەند بوونیان دەگرێ .. لەئەوروپادا حکومەتە پاشایەتێکان تایبەتمەندی نەجیبزادەو پیاوە ئاینێکانیان بەڕەسمی ناسیوە بەڵام لە حکومەتی سەرەڕۆدا هیچ تایبەتیەك نیە کەتاکەکان لە یەکدی هەڵاوێرێ .. سەرەڕۆیی یەکسانیەکی بێ لغاوە چونکە لەژێر دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەدا هەموو هاولاتیەك لەیەك ئاست و پلەدان .. کتێبی پێنجەم ، بەشی چوارەم مۆنتیسکۆ لێرەدا دەڵێ : لەحکومەتی سەرەڕۆ هەمووکەسەکان یەکسانن بەڵام نەك لەبەرئەوەی کەکەرامەت و مرۆڤایەتیان هەیە واتە وەك ئەو دۆخەی کە مرۆڤەکان لە دیمکراسی هەیانە بەڵکو تاکەکان بۆیە لە حکومەتی سەرەڕۆدا یەکسانن چونکە هەمویان بەهیچ و بە سوکی سەیر دەکرێن ( کتێبی شەش بەشی دووهەم ) ئەمە یەکسانیە بەهۆی سەرکوتی هەموو پلە کۆمەڵایەتیەکان وەهاوئاست کردنی کەسەکانەوە دانراوە .. ئەم ڕژێمە بەزەبرو زەنگە نەلەرێز لە پێگەی میراتی تاکەکان دەگرێ نەپلەی نەجیبزادەیان لەبەرچاودەگرێ .. سەرەڕۆیی هەبوونی خانەوادەڕەسەنەکانی بۆ قووت ناچێ و پیاوی دەوڵەمەندیش بەهێز ناگرێ .. سەرەڕۆیی تاقەتی مانەوەی خانەوادەکانی نیە کەلە درێژایی سەردەم و قۆناغەکانی ماڵیان کۆکردۆتەوە ... وەناتوانێت سەرکەوتنی ئەوانەش ببینێت کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیان گەشاندۆتەوە ...سەرەڕۆ ناتوانێت تەنانەت پێگەو مەقامێکیش پەسەند بکات کەبۆخۆی بەسەربەستەکانی بەخشیوە .. لە حکومەتی سەرەڕۆدا هیچ کەس لەگیان و ماڵی خۆی ئەمین نیە .. لەوەها ڕژێمێکدا شتێك لەئارادانیە کە مرۆڤەکان لە ڕۆحی کۆمەڵایەتیەوە لەیەکتر جیادابنێ یان نیشانێکی لەپلە و پێگەی کۆمەڵایەتیەکانیان پێوەبێ ... هیچ جۆرە ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی لەئارادا نیە کە میراتگرەکانی بۆرێی داهاتوو ڕێبەری بکات و پێگەو پایەی کۆمەڵایەتیان بپارێزێ هەروەك چۆن سەرەڕۆیی بێ پێکهاتەی سیاسی و دادوەرییە هەربەو جۆرەش بێ پێکهاتەی کۆمەڵایەتیە .

کات لە ڕوانگەی سەرەڕۆ خاڵی بەرانبەری ماوەیە .. واتە تەنیا چرکە ساتە .. سەرەڕۆیی نەتەنیا بێ دامەزراوەو پلە و کۆمەڵایەتێکان و ئەو خانەدانانەیە کەلەکاتدا بەردەوامن ، بەڵکو خودی کردارەکانی ڕژێمیش لەیەك چرکە ساتدا دەردەکەون ، سەرەڕۆ لە جیهانی خەیاڵی خۆیدایە و ئەبێ ئەوەی بیربکاتەوە ، بەڵگە هاورا دژەکان هەڵدەسەنگێنێ

، بەبێ ئەوەی بگاتە ناوبژیوانێك لەبڕیارەکانیدا ( سنورەکان ) ڕەچاوبکات .. تەنیا لە چرکەساتێکدا بڕیادر دەدات .. چونکە بیرکردنەوە کات دەبا پێویستی بە بیرۆکەیەك بۆ داهاتوو هەیە .. بەڵام سەرەڕۆ هیچ بیرێکی لەبارەی داهاتووەوە لەو بازگە زیاترنیە ، کە قازانجی پێدەگات تا ئەمرۆی خۆی بگەیەنێتە سبەی .. ڕوحی کاربەدەستان دەڵێت لەهەموو بوارێکەوە لەو دۆخەدان کە فەرمانڕەواکەیان تێدایە .. فەرمانڕەوایەك تەنیا لە ڕێگەی مەرگەوە لەداهاتووی خۆی ئاگاداربێت ، ئەویش بەومەرجەی کەهەرئێستا لەسەرە مەرگدا نەبێ .

ژینی ڕژێمی سەرەڕۆ ژینی هەوەس و تۆنێتی چرکەساتانەیە ترس نۆ سۆزێکی لێکدراوە ، نەسۆزێکی مەعرفیە ترسە .. نایاسا دەناسێ و نەڕێسا .. سۆزێکە نەپێشینەی هەیە نەنازناو .. ترسی سۆزێکی سانایە کەبەردەوام خۆی چەند پایە دەکاتەوە .. لە نێوان سۆزە سیاسیەکاندا ترس تەنیا سۆزێکە کەسیاسی نیە .. بەڵکو دەرونیە .. چونکە سۆزێکی ناڕاستەوخۆ و چرکە ئاسایە ، بەم وەسفکردنە ، ترسی سۆزێکە بنەمای ژینی ڕژێمێکی سەیر و سەمەرە و سەرەڕۆ پێکدێنێ .

ڕەنگە گرنگترین تایبەتمەندی وەرچەرخانی بیری سیاسی مۆدیرن ، سەرهەڵدانی توانایەکی نوێ ، واتە هێزی بیری ئەفسانەیی بێت ، لەهەندێ لە ڕژێمە سیاسیە مۆدیرنەکاندا بالاّ دەستی بیری ئەفسانەیی بەسەر بیری ئەقلاّنیدا ئاشکرایە .

واشدێتە بەرچاو بیری ئەفسانەیی دوای ملاملانێیەکی توند و کورت سەرکەوتنی بنجبر و ئاشکرای بەسەر بیری ئەقلاّنیدا بەدەست هێنابێت بەڵام چۆن ئەم سەرکەوتنە بەدەست هات ؟ چۆن دەتوانرێت بۆئەم دیاردە نوێیە کەوەها کوتوپڕ لەئاسۆی سیاسی ئێمەدا سەری هەڵدا ، ڕونکردنەوە و ئەنجام بدرێت؟ دیاردەیەك کەوا دێتە بەرچاو ، بەواتایەك هەموو وێناکردنەکانی ئێمە سەبارەت بە ڕاڤەکاریەکانی تایلۆر ، فرەزێر ، ماکس مۆلەر ، هێر بریت ، سبنسەر ، هەموویان بەم گریمانەوە دەستپێدەکەن ، کە ئەفسانە یەکەم و بەرلەهەموو شتێك کۆلێك لە وێنا کردنەکان و دەرخستەکان و بیروباوەڕە تیۆریەکان و بڕیارەکانە ، وەلەبەرئەوەی ئەم بیروباوەڕانە لە ناکۆکی ئاشکرادان لەگەڵ ئەزموونی هەستی ئێمەدا ، وە لەبەرئەوەی شتەمادییەکان کە لێکچووی ئەم دەرخستنە ئەفسانەییانەبن بونیان نیە کەواتە بەم دەرئەنجامانە دەگەن ، کە ئەفسانە وەهمێکی پەتیە ئەم پرسیارە وەکو پێویست ئاراستە دەکرێت کە بۆچی خەڵکی بەم هەموو کەلە ڕەقیە و سووربونیان لەسەر ئەم وەهمە پابەند دەمێنێتەوە وەپێیان باشترە لە جیهانێکی پڕلە لێکدانەوەی چەوت و وەهم و خەونەکاندا بەسەربەرن .

ئەمەش جۆرێکە لەئەفسانەی مرۆڤەکان ، تێکرای ئەم چەمکانەش پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بەژیان و باری مرۆڤەکانەوە هەیە ، هەروەها پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی و کاریگەری لەسەر تراژیدیای کورد هەیە بەتایبەتی ئەنفال و هەڵەبجە کەدوو ڕووداوی گەورەی مەرگەساتی گەلی کوردە .

کاتێ باس لە ئەفسانە دەکەین واتە ڕۆڵی لە ژیانی کولتوری مرۆڤدا چیە ؟ هەر کە ئەم پرسیارانە بخەینە ڕوو لەشەڕی نێوان بەرامبەرەکاندا ، خۆمان بە تێوەگلاودەبینینەوە لەبارەیەوە لایەنی شەکەتکەر نەبوونی شتە ئەزموونێکان نیە ، بەڵکو زۆربیان لەچەند گۆشەیەکی جۆراو جۆرەوە بیری ئەفسانەیان تاوتوێ کردووە . گەلێ لەمرۆڤ ئاسان گوتویانە : وێڕای شێوە جۆراوجۆرەکانی ، دیاردەیەکی یەکجار سادەیە ، کە بەهۆی بونی پێویست بەڕوونکردنەوە دەرونناسی ، یان فەلسەفی دژوار ناکات ، ئەفسانە هەرئەو ساویلکەییەیە ، چونکە ئەفسانە شتێك نیە جگە لە پیرۆزکردنی ساویلکەیی نەژادی مرۆڤ ، ئەفسانە بەرهەمی تیاڕامان یان بیرکردنەوە نیە ، وەناتوانرێت ئەوە بە تەواوەتی بەبەرهەمی خەیاڵ دابنرێت ، خەیاڵی پەتی ناتوانێت هۆکاری هەموو ناکۆکیەکان و توخمە سەیر و سەمەرەکان و خەیاڵی ئەفسانەبێت ، بەڵکو زیاتر نەفامی سەرتایی مرۆڤ کە هۆی ئەم قسەی پوچ و پڕلەناکۆکیەکانە بەبێ ئەم نەفامیە سەرەتاییە ئەفسانەیش پەیدا نەبووە ..

لەڕووی مێژووییەوە هیچ کولتورێکی گەورە نادۆزینەوە لەژێر کۆنترۆڵی ئەفسانەو لەژێر کاریگەری توخمە ئەفسانەیەکاندا نەبوبێت .

ئەوەی لەنێوان ڕاڤەکردنی مرۆڤی کێوی لەجیهان و بۆچوونە بەدەستهاتووەکانی ئێمە لە جیهاندا جیاوازییەکی گەورە دروست دەکات یان وێنەکانی بیر ، واتە بنەمای بەڵگەهێنانەوە ئاقڵبوون نین ، بەڵکو ناوەرۆکە ، واتە شتە دراوەکان و ئەو زانیاریانەیە کەبنەماکانی بەڵگەهێنانەوە و ئاقڵبوون لەوناوانەدا پیادە دەکەین .

بەپێی بۆچوونی تایلۆر : یەکەم پێویست بۆ تاوتوێکردنی ڕێکو پێکی نەژادە

خوارترەکان بریتیە لە خستنەڕوی پێناسەیەکی دەستپێك لە ئاین ناتوانین لەم پێناسەکردنەدا بڕوابوونی بە خودای مەزن دادوەری دوای مەرگ .. بڕوابوون بەو دونیا وەبتپەرستی یان ئەنجامدانی قوربانێکان تێکهەڵکێش بکەین ، چونکە تاوتوێکردنی وردتری دەستکەوتەکانی نەتەوە ناسی ، وامان لێ دەکات بڵێین وەها لایەنگیری بۆ پەیدابوونی ئاین و مەرجی پێویستی نین ، ئەوانە تەنیا ڕوویەکی تایبەت لە ژیانی ئاینی دەخەنە ڕوو ، نەك لایەنی گشت و هەموو جیهانەکەی .

تایلۆر دەنوسێ : چ شتێك دەبێتە هۆی ئەوەی لەنێوان جەستەی زیندوو جەستەی مردوودا جیاوازی دروست ببێت ؟ هۆکارەکانی نەخەوتن ، نەخەوتن ڕاکشان نەخۆشی مەرگ چین ؟

دووهەم ، ئەو شێوە مرۆڤایەتیانە کامانەن کەلە خەونەکان و درەختەکاندا دەردەکەون ؟

لەتەوەرێکی تری ئەم باسە دەگەڕێنەوە سەر بۆچوونەکانی فۆکۆ سەبارەت بە کۆمەڵی تەقلیدی و پیشەسازێکان ئەمەش بۆخۆی دەسەڵاتی سزامان بۆ ڕون دەکاتەوە . جیاوازی نێوان کۆمەڵگای سەرەتایی و مۆدێرنەکان لە کوێدان جەستەی سەرۆك چیە ... کاریزمە چیە .. هەموو ئەمانە وامان لێدەکات بۆچی ئەنفال لە بێدەنگیەکی کوشندەدا ڕویداوە ؟ بۆچی بەشێکی گەورەی کۆمەڵگای کوردی خۆی تیایدا بەپەڕی شانازی و سەرکەوتنەوە بەژداری لەوقەسابخانەیە کردووە بێ ئەوەی هەست بەکوشتن بەرامبەر بکات .. ئاخۆ ئەم کوشتارە گەورەیە بڕیاردانی خودی کۆمەڵگای کوردی و هەڵبژاردنی خودی ئەو قەسابخانەیە نیە ؟ چ وادەکات ئەم هەلومەرجە لە کۆمەڵگاکان بە جۆرێکی ئەفسانەیی بەرقەرار بێ ، لەباری تیۆری ئەم ڕووداو نیشانانە چۆن دەخوێنرێتەوە ... أ شکایەتەکان لە کوێدایە ؟ شمولیەتی ئەم کارەساتە بێ بەزەییانە لە کوێدایە ؟ ئەمە چەندان پرسیاری دی لەم چەند پەرەگرافەی خوارەوە بە کورتی دەخەینەڕوو .

فۆکۆ پێی وایە کۆمەڵگا تەقلیدێکان یان باشتر بڵێین کۆمەڵگای پێش مۆدێرنن، ئەوکۆمەڵگایانەن کەدەسەڵات تیایاندا لەسەر تەکنیکەکان سزادان کارئەکات .. هەرچی کۆمەڵگای مۆدێرنەکانە ئەوکۆمەڵگایانەن کە تەکنیکەکانی کۆنترۆڵ تیاندا بەرقەرارە ، هەروەها دەسەڵات کاریگەری هەیە بۆ سەرفۆرمی کەسایەتی تاکەکان ، کەواتە ئەو دوو شێوازەی دەسەڵات دوو شێوە جیاوازی کەسایەتی یاخود کارخانەکانی جیاوازی بەرهەمهێنانی خود پێشنیار ئەکەن .. دەسەڵات لە کۆمەڵگای سزادان دەسەڵاتێکە ڕو لە وێران کردنی جەستەو لەناوبردنی دەکا پشت ئەستورە بەتەکنیکەکانی ترساندن و لەوێوە خولقاندنی خودێکی ترسا و لەهەموو ئاستەکاندا ، بەڵام دەسەڵات لە کۆمەڵگای کۆنترۆڵدا ، دەسەڵاتیکە ڕوو لە پێکهاتەی سایکۆلۆژی ڕوحی ئینسان واتە خولقاندنی خودێك نەك لەسەر بنەمای ترس ، بەڵکو لەسەربنەمای بەرپرسیاریەتی چی وەهمی بێ یان ڕاستەقینە لەوکۆمەڵگایانەدا سزا ئەبێتە ڕەهەندێك لە ڕەهەندەکانی ستراتیژیەتی کۆنترۆڵ ... تەکنیکیەکانی سزا دێن هێزێکی ئەفسانەیی و تۆقێنەر ئەبەخشنە تەکنیکەکانی چاودێری و کۆنترۆڵ ، مرۆڤی ئەو کۆمەڵگایانە لەوساتەدا کە نوقمن لەناو پرۆسەی ناونوسکردن و پۆلینە جیاجیاکانی دەزگا جۆراو جۆرەکانی چاودێری ، لە قوتابخانە و لەشکر و دەزگای دەوڵەت و کارخانە و مەقەڕە جیاجیاکانی حزب و هتد ...

لە فەسڵی پێنجەمی کتێب ( مێژووی سێکسوالیەت ) دا فۆکۆ لەژێر ناونیشانی مافی مەرگ و دەسەڵات بەسەر ژیاندا دەڵێ : دەسەڵاتی کۆن زیاتر لەسەر مافی مەرگ بنیاتنراوە ، مافێکە کەبەهۆیەوە پادشا بۆی هەیە کۆتایی بە ژیانی کەسێ لەکەسەکانی کۆتایی لە ژیانی ڕەعیەتێك لە ڕەعیەتەکانی بهێنن ، مەرگ لێرەدا توانایەك لەتواناکانی دەسەڵات ئەگەرێکە هەمیشە ئامادەیە.

بەڵام دەسەڵاتی تازە شێوەی دووهەمیان ...دەسەڵاتێکە لەسەر مەرگ کارناکات ، بەڵکو بە پێچەوانەوە لەسەر خودی ژیان ئەکات دەسەڵاتێکە ژیان ڕێکدەخات ، کۆمەڵێ هێزو توانا لەناو ئینساندا دروست ئەکات کە سوود بەخشن ، لەبەردەم دەسەڵاتی نوێدا مەرگ ئەوخاڵەیە کە بۆی کۆنترۆڵ ناکرێ ، تەحەدایەکە هێزی ئەم دەسەڵاتە مۆدێرنە ئەخاتە ژێر پرسیارەوە، ئەو سنورەیە کە کۆتای بە سنورەکانی دەسەڵات دائەنێت مەرگ ئەوە وەبیر دەسەڵات ئەهێنێتەوە کە هێشتا ئامادەیە و دەتوانێت زەرەر لەو تواناو سوود بەخشانە بدات کە جەستە هەڵگرێت ، لەم تێڕوانینەوە مەرگ لەجەوهەردا تەحدای هێزو توانای ئیدارەدانی دەسەڵاتە نەك تەحدای ڕەوایەتی ئەو ، ئەمەش تەواو پێچەوانەی هەڵوێست و دەسەڵاتی کۆنە لەبەرامبەر مەرگدا ، مەرگ سومبلێ بوو ئەوەی وەبیر ئەهێنایەوە کەپادشایان و ئەمیر لە هەموان بەهێزترە و خاوەنی

ڕەوایەتیەکی تەواو سەرتاپاگیرە .

فۆکۆ لەباسکردنی بۆ جەستەی سەرۆك یان ئەمیر ، ئەوە ئاشکرا دەکات ئەم جەستەیە میتافۆر یان ئیستخارەیەکی سیاسی نیە ، واتە سومبلێك نیە ، دەسەڵات لەدەرەوەی خۆیەوە وەردەگرێت ، یاخود خۆی ببێت بە سومبولی دەسەڵاتێك لە دەرەوەی خۆیدا .. فۆکۆ گواستنەوە لە سەدەی نۆزدەهەمدا ڕوویدا خودی ئەو پرۆسە یە کەناوی مۆدێرنیزەی سیاسی لێنراوە ، مۆدیرنیزە سیاسی بەچیدی جەستەی سەرۆك نیە ، بەڵکو جەستەی کۆمەڵگا ئەوەی لەبەردەمیدا ئەبێ و لائەتی فوڵی تاکەکان نیشانبدرێت سەرۆك نیە ..کۆمەڵگایە،خوداوەند نیە بەڵکو پەیمانی کۆمەڵایەتی نیە ، بەبێ ئەو گۆڕانەش ناشێ قسە لەسر هیچ پرۆسەیەکی مۆدیرنیزە بکرێت چونکە ئەم گۆڕانەیە میکانیزمێکی کراوە بەدەسەڵات و پراکتیزەی دەسەڵات ئەبەخشێ .

فۆکۆ لەمەسئەلەی دەسەڵاتی جەستەدا ئەنوسێ :

پادشا چۆن دەسەڵات بەسەر ژیاندا بسەپێنێ ، ئەگەر مافی کوشتن و کوشتن نەبێتە سەمبولی هەرەسەرەکی دەکرێ تەکنیکی سەرەکی دەسەڵاتی لەسەر مەرگ کار بکات بە شانۆ گەریکردنی مەرگ ناوبرێت ، مەبەستیش لێرەدا کەرنەڤاڵی کوشتنەکانە ، ئاهەنگی گێڕانە لەسەرجەستەی مردووەکان ، کردنی مەرگ بەمەشهەدێکی دیتراو ، لەنێوان دەسەڵاتی سیاسی و خەڵکدا ، نیشاندانی جەستەی کوژراوەکانە لەسەر شاشەی (TV)ە کان .. گەورەترین مەترسی شێوە دەسەڵاتەش خولقاندنی وابەستەی پاشکۆیەتیەکی کوشندەیە خەڵك بۆ سەرکردەکان کوشتنی هێزی دەستپێشخەری وروحیەتی ئۆتۆنۆمیانە، یەکخستنی ئیرادەی کۆو گۆڕینی مرۆڤ لەتاکەکەسی یان هاوڵاتیەوە بۆ ڕەعیەت دەسەڵاتی کاریزمی بەوەی خۆی وەك دەسەڵاتێکی موقەدەس نیشان ئەدات ... بۆیە وەکو هەموو موقەدەسی پێویستی بەقوربانی هەیە ، چەند قوربانێکانیش هەم بە ژمارە و هەم بە چۆنیەتی زۆر گرنگ بن ، ئەوەندە دەسەڵاتی کاریزمی خۆی قەداسەت ئەبینێ .. لێرەوەیە گوتاری قوربانی گوتاری هەرە باڵادەستی کاریزمیە ، قوربانی بۆ هەرشتێك بەڕاست بە درۆ بە پێویست و زیاد قوربانی بۆ چەندان مەسئەلەی جیاواز لەنیشتمانەوە بۆ خودی سەرۆك خۆی ، دووژمنی هەرە سەرەکی دەسەڵاتی کاریزمیش ئەو شێوەیە لە مەعریفە کەبایەخەکان بۆ ژیان ئەگەڕێنێتەوە داوای تەسککردنەوەی عەقڵانیکردنی سنورەکانی قوربانی ئەکات داوای پێناسێکی دیکەو شوناسێکی دیکە بۆ موقەدەسی .

دەوڵەتی ڕابەرایەتی کاریزمی بە مێگەل بوونی خەڵك یان زۆربەی ئەو توخمانەی کە

دەکەونە ناو تەوەرەی دەوڵەتەوە بە جیاوازی چۆنیەتی و کەلتوری تێڕوانینەوە لەم دەوڵەتانەدا کاریزما زۆرداریکی تەواو پیرۆز پیادە دەکات بۆ دەست کەوتنی قەوارەیەکی یەکگر کە تیایدا شوناسێك ئایدیایەکی مێژوو خەتابێك لەگشتدا بەرجەستە دەبێت .. کەزیاتر لەیادەوەریەکی مێژوویەوە دەگەڕێتەوەو پەیوەندی تاك و کۆ دەوڵەت لەپێکەوەلکاندنێکی پیرۆزدا لەڕێی خودی کاریزمەوە کۆدەکاتەوە ، ئەم ڕابەرانەش لەقۆناغی مێژووی خەباتی نیشتمانی دژی دەرەوەدا دەرکەوتون بەتایبەتی لەناو ئەوتوێژە ڕۆشنبیرە ناکامڵە شۆڕش گێڕەی کەزۆرترین توێژەکانی ژێرەوەی ئەو ئایدیا پیرۆزە کۆکردۆتەوە یان تەقەلای فۆرمەڵە کردنی شوناسێکی نەتەوەیی لەنێوان فۆرمەڵە کۆمەڵایەتیە پەرش و بڵاوەکاندا .. بەبەستنەوەی ئەم خەباتە پیرۆزە شکۆمەندیە مێژوویەکانەوە ، لێرەوە ئەم توێژە بەردەوام مەحکومە بە پەیوەندی کردنەوە بەیادەوەری مێژوویەوە هاوتاکردنی کاریزما پاڵەوانە مێژوویەناوخۆییەکان .

هەموو ڕابەرانی کاریزمەی جیهانی سێهەم لە خەتاب و پڕۆژەی سیاسیاندا بەتایبەتی لەبانگەشە کردنی ڕوو کەشیانەی هەڵبژاردنی ڕێگەی ئازاد لەنێوان دوو بلۆکی کۆمۆنیستی لیبراڵدا واتە هەڵبژاردنی ڕێگەی سێهەم لەنێوان ململانێیەکی جیهانیدا بەڵام شکستی ئەم ڕێگەیە لەڕاستیدا خۆی لەدەرنەچوونی ئەم دەوڵەتانەدا بوو لەبازنەی ململانێیە کەتەنها ئەو ئەگەرەی خستبوە بەردەمیان ، ئەگینا لەبنەڕەتدا هەموو خەتابە شۆڕشگێڕێکانی کاریزما لەپشت ئەو تەکنیکە ئابووری و سەربازی و چەکە گەورانەوە بوو جەمسەری کۆمۆنیستی و لیبراڵی خستبویانە بەردەم ئەم وڵاتانە .. یەکێك لەو وڵاتانەش ڕژێمی بەعس بوو کەبەسوود وەرگرتن لەهەموو ڕهەندەکانی سیاسەت و ئابوری و کولتوری توانی بۆماوەی زیاتر لە ( ٣٠ ) ساڵ کۆمەڵگایەکی تراژیدی و شێوە مێگەلیەك دروست بکات و لەسەر سفرەی کوشتارە گەورەکانی درێژە بەخوێن ڕێژترین دەسەڵات بدات وەدوای ئەویش بەرهەمی ئەم دەسەڵاتە لەو پەڕی

لوتکە دایە بەئێستاشەوە کە سیستمێکی شێوە هاوشێوەی دروست کردووە ئەستەمە گەلی کوردیش لەم دەورانەدا لە بەعسیزم و مناڵە چەتونەکانی دەربازی نابێت کەدوای خۆی شێوەیەك لەکۆمەڵگای قارەمان پەرستیوئەهریمەن پەرستیو چاوچنۆکی لەسەرئاستە گرنگەکانی ژیان لەدونیای ئێمە دروست کرد ..

بۆیە بەلای منەوە دوای ئەنفال .. ئەنفال بوو بەچەمك و شوناسێك کە سیستمی کۆمەلاَیەتی و سیاسی فەرهەنگی لەڕوحی تاکەکاندا دەوڵەمەنتر کات و نیشانەکانی لەکۆی پرۆسەی ژیان تۆکمەش کات و بەرجەستەی بکات .. بۆ دەربازبوون لەم شێوەژیانە کۆمەڵگای کوردی پێویستی بە خوێندنەوەی خۆی و ڕابوونی میلی و بەگژدا چونەوەی ئەنفالیزمە لەشێوەتازەکەیدا .. کەلەشێوەی حزب و گەندەڵی و نەبوونی سیستمی سیاسی و یاسایی و مەدەنیدا بەرقەرارە ..

ئەمەش پێویستی بە میللەتی زیندوو خاوەن فیکرەی گەورەو ئیرادەی مەزنە بۆ دەربازبوون لەکۆمەڵگای ئەنفال و قارەمانپەرستی و چێژی کوشتن و مێگەل پەرستی .

سەرچاوەکان:

١. أزمة الديمقراطية فى الوطن العربى،دراسات مركز دراسات الوةحدة العربية(١٩٨٤) .
٢. فى الحكم المدنى – جۆن لۆك – ترجمة ماجد مغزى بيروت( ١٩٥٨).
٣. تعدد الاديان و انظمه الحكم – جورج قدم – دار انهار للنشر ١٩٧٩
٤. ئەفسانەی دەوڵەت – ئیرنست کاسیرەر
٥. رۆحی یاساکان- مونشکیو .
٦. ناسیونالیزمو کوردایەتی بەرەو پارادیمای – فاروق رەفیق – رەهەند ژمارە ٢
٧.ژیان مەرگی خودپەرستی- رەهەند – گۆران بابا عەلی.

# نامەیەك لەگۆڕستانەوە بۆ..

پەرلەمانی کوردستان !
هەر دوو ئەنجومەنی وەزیران !
هەردوو ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لەکوردستان !
هەر دوو دەزگای شەهیدانی کوردستان، کە دەڵێن ئێستا پێکهاتوونەتەوە.

هەموو هاوسەنگەرە دێرینەکان، چ ئەوانەی ئێستا مۆنیکای (های مۆدێل)یان لە ژێردایە، یان ئەوانەی عەرەبانە دەگێڕن، چ ئەوانەی کاربەدەستن یان پەراوێزکەوتوونو کەس لێیان ناپرسێتەوە !

من کەلەخوارەوە ناوم هاتووەو نیشتەجێی گۆڕستانی بێتاوانانم، بەفیتی یان بەدەستی جاسوسو دەرەجەدارە تاوانبارەکانی بەعس کوژراومو هەموو کەسوکاریشم ئەوەی بەخوێی چێشتیش بمگاتێ لە عەمەلیاتی ئەنفالدا ئاوەو ئاوچوونو لێرەش هەر بەسۆراخیانەوەم !

بۆیە وەك شەهیدێکی ( سەنگەر) بەلاَم بێ کەس، داوا لەبەرێزتان دەکەم نەهێڵن خوێنم بەفیڕۆ بڕوات، ئێوە لەبری من لەدادگاکانی هەرێمی کوردستان (جا هەرکامیان بێت!) داوایەکی یاسایی لەسەر ئەو تاوانبارانە تۆماربکەنو بەسزای خۆیانیان بگەیەنن، هەر چەندە ئەوان بەحوکمی قەرە قوشی ئێمەیان کوشتوبڕکرد، بەلاَم بۆ ئەوەی نازناوی ئاژاوەگێڕێکی گۆڕبەگۆڕ حەلاَڵ نەکەم، من ڕێگەی یاسایی بەچاك دەزانم، تکایە داوای ناوی هیچ تاوانبارێکم لێ مەکەن، چونکە من دوژمندار نەبوومو هیچ کێشەیەکی عەشایریشم نەبووە، بەڵکو ئازادیخوازێکی ڕێگەی رزگاری بووم، ئێستاشی لەگەڵ بێت نەبکوژەکەم دەناسمو نەئەو جاسوسەش کە ئیخباری کردین، بەلاَم دڵنیام کە جاشو بەعسیە بەکرێگیراوەکانی ئەو ڕۆژگارە بوون، جانازانم ئەوانە تا دوا سەمون لەگەڵ بەعس مانەوە یان زووتر هاتنە ریزی حزبە تێکۆشەرەکانتانەوە ..! نازانم ئێستا ئەوانە کار بەدەستی گەندەڵو هەلپەرستن لە حکومەتی کوردستان !؟ یان ناردوتانن بۆ هەندەران ؟!. نەخێر هیچ لەوبارەیەوە نازانم.. تکایە ئەوانە بدەن بەدادگایەکی عادیلانەی ئاشکرا با ئێمەش لێرە بەسزادانیان ئاسودەبین.. بیاندەن بەدادگا هیچ لەوە مەترسن، کەسوکارم تووشی کێشەی خێڵەکیو عەشایەری بن، دڵنیا بن لەئەنفالوکیمیابارانداا ئاسەوارمان براوەتەوەو کەسمان نەماوە هەتا لەسەر ئەم داوایەی من تووشی چەرمەسەری بێ... تکایە لەبەرئەوەی وارسی یاسایم نەماوە موچەی شەهیدانەکەم بدەن بەو پارێزەرانەی دۆسێکەم دەگرنە ئەستۆ.

لەگەڵ رێزدا.

گۆڕستانی بێتاوانان

٢٠٠٣/٤/٩

# مەینەتی کوردە فەیلیەکان لە عێراقدا

پرۆفیسۆر کازم حەبیب - وەرگێرانی: جیهاد محمد

زۆرن لێکۆڵینەوەکان لەسەر بنچینەو ڕەسەنی ناوومانای کوردە فەیلیەکان، هەروەها لەسەرئەوناوچانەی کەلە دێر زەمانەوە تیا ژیاون و ئێستا تیا دەژین. هەموو توێژەرە رۆژهەڵاتناس و کورد و فارس و عەرەبەکان یەك دەرەنجامیان هەبووە لەم رووەوە، ئەگەر چاوێك بخشێنینەوە بە پەرتوکەکانیاندا. یەکێك لەوانە پەرتوکی "فەیلیەکان" ی نەجم سەلمان فەیلی کۆچکردوە کە جەرجیس فەتحولا پیاچونەوە و راڤەیەکی بەکەڵکی بۆ کردوە لەسەر ئەومەسەلەیە، بە وردەکاریەوە باسی خێڵە کوردە فەیلیەکان دەکات لە عێراق و ئێراندا{١}.بۆ ئەمەش پشت بە ژمارەیەکی زۆر لە لێکۆڵەرەکۆنەکان و نوێکان دەبەستێت.

کوردە فەیلیەکانی عێراق بەشێکن لە گەلی کورد لەعێراقدا، ئەمان و هەموو کوردەکانی ناوچەکانی تری کوردستان نەتەوەی کورد لەکوردستانی گەورەدا پێکدەهێنن. نەوەی کوردە فەیلیەکان هەر وەك کچان و کورانی کوردەکانی تر سەربە چەندین خێڵە کوردن کە لە ناو یەکدا تواونەتەوە و یەکیانگرتوە و دابەشبوون لەرووی جیوگرافی و سیاسیەوە بەسەر عێراق و ئێراندا.

کوردە فەیلیەکان لە ناوچەکانی خۆیاندا لە ژێر ململانێ و کێشمەکێشی بەردەوامی نێوان دەوڵەتانی فارسی وعوسمانیدا ژیاون، پاش تێکشکاندنی دەوڵەتی عەباسی و دروستبوونی دەوڵەتی عوسمانی و هەوڵی فراوانکردنی قەڵەمڕەوی خۆی بەرەو رۆژهەڵات، زۆربەی شوێنەکانی تری کوردستان کەو تەژێرپێی ئەم ململانێ وجەنگانەوەو زەرەرێکی زۆری مرۆیی و مادی لێکەوت. لە ناو کوردە فەیلیەکاندا زۆر سەرکردەی دیار دەرکەوت و بۆ سەرکردایەتی جەنگی بەرگریکردن لە دەڤەر و خاك و گەلەکەیان، ئەم توێژە لە گەلی کورد، هەر وەك هەموو گەلی کورد لە بەشەکانی تری کوردستاندا دڵ و دەرونیان لە مێژەوە تژیە لە و ڕەوشەی کە تیادا ژیانیان تیا بەسەربردوە و هەمیشە سنگیان پڕ بووە لەو ئاوات وهیوایەی کە دەربڕی ژیان و ئەو خەونە بووە کە تا ئەمرۆش بەردەوام لە گەڵیاندا دەژی.

چاوچنۆکی و تەماحی هەردوو دەوڵەتی فارسی و عوسمانی بۆ ئەو خاکەی کە کورد لە سەری دەژی بوو بە ڕێگر لەبەردەم پێکهێنانی دەوڵەتی کوردیدا، هەر وەك چۆن بوون بە ڕێگریش لەبەردەم عەرەبدا بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی عەرەبی، جارێك بەدەست دەسەڵاتدارێتی عوسمانیەکان و جارێکی تر بە دەست فارسەکانەوە ناڵەیان دەکێشا. تا ساڵی ١٦٣٩ هەوڵێك درا بۆ دانانی سنورێك بۆ جەنگی نێوان ئەم دوو دەوڵەتەلەسەر ئەو ناوچانەی کە کێشمەکێشیان هەبوو لەسەری بە پێی ڕێکەوتننامەیەك، ئەمەش بۆ ئەوە نەبوو کە ئەو ناوچانە ئازادبکرێن، بەڵکو بۆ دابەشکردنیان بە سەر ئەو دوو دەوڵەتەدا بوو. دوای نزیکەی سێ سەدە، واتەلە ساڵی ١٩٢٩ واژۆکرا لەسەر ڕێکەوتننامەی قەسری شیرین(زهاب) لە نێوان حکومەتی عێراقی بەو پێیەی کە میراتگری دەوڵەتی عوسمانیە لەگەڵ دەوڵەتی فارسیدا، بەم جۆرە ناوچەکان دابەشکران بەسەریاندا، هەروەها عوسبەت لئومەم هەموو کوردستانی دابەشکرد لە نێوان دەوڵەتانی ناوچکەدا، لەم دابەشکردنەدا موسڵ بەر عێراق کەوت، بەشەکانی تری کوردستان کەوتەژێر دەستی دەوڵەتانی



تر. ئەوەی سەیرە لەم دابەشکردنەدا بەهیچ جۆرێك پرس بەکوردە فەیلیەکان نەکرا لەوەی کە دەیانەوێت و خواستیانە، بەڵکو ڕێکەوتننامە سەپێنرا بەسەریاندا هەروەك چۆن دابەشکردن سەپێنرا بەسەر کوردستاندا لەساڵەکانی پێش جەنگوکاتی جەنگی یەکەمدا. لەوەش سەیرتر ئەوە بوو کەحاکمە عراقیە عەربەکان ئەوپەڕی هەوڵیاندا و هەموو ڕێگەیەکی نا مەشروعیان گرتەبەر بۆ ئەوەی کەکوردە فەیلیەکان بەدانیشتوی ئەوناوچانە دانەنێن کە بەرعێراق کەوتوە بەڵکو بەتەبەعیەی ئێرانیان دانان، ئەم توێژە فراوانەی گەلی کورد زۆری لە ئازارو مەینەتی دەرونی و جەستەیی چەشت و زۆر قوربانی گیانی دا. ئەمە لەکاتێکدا باش ئەوەیان دەزانی کە کوردە فەیلیەکان زۆر پێش عەرەبەکانی هاتوو لەکاتی بەرفراوانبوونی قەڵەمڕەوی ئیسلامدا لەم ناوچانەدا جێگیر بوون. ناهەقیەکی گەورەیان دەرهەق بەو گەلە کرد کە لەسەر خاکی خۆیان مافی هاوڵاتی بوونیان پێنەدراو بەبێگانە دایانان وەك

لەیاسای ڕەگەزنامەی عیراقی ساڵی ١٩٢٤ دا هاتوە .

مێژوو شاهیدە تا ئەمڕۆش کە کوردەکان پێش هاتنی ئیسلام و داگیرکردنە ئیسلامیەکان لەم ناوچانەدا هەبوون، بەشێك بوون لەدەوڵەتی ئەمەوی، لەپاش ڕوخانی ئەمەویەکان بەشێك بوون لەدەوڵەتی عەباسی کە بەرفراوانی سنوریان دەگیشتەفارس و هەموو خاکی کوردستانی گرتبوەوە. لە سەردەمە جیاوازەکاندا پێش هاتنی ئیسلام و دوای ڕوخانی دەوڵەتی عەباسی بەشەکانی کوردستان و کوردە فەیلیەکان بەشێك بوون لە دەوڵەتی فارس، لەگەڵ بوونی ئیمارەتەکانی کورد لە کوردستاندا و حاکمە فەیلیەکان کە حوکمی ناوچەکانی خۆیانیان کردوە.

بەڵام ئەمرۆ ناوچە کوردە فەیلیەکان، کە بەشێك لە کوردستانە، بە پێی ڕێکەوتننامەی ١٩٢٩ دابەشبوو بە سەر هەردوو دەوڵەتی عیراقی و ئێرانیدا. جوڵەی کوردە فەیلیەکان لە ناوچەکانی خۆیاندا لە نێوان هەردوو دەوڵتی عوسمانی و فارسیدا سروشتی بووە، لە کاتێکدا کە ڕێژەیەکی زۆر لە کوردە فەیلیەکان کۆچەر بوون، ڕێژەیەکیشیان بە کشتوکاڵەوە خەریك بوون‌وجێگیر بوون. ڕێژەی کوردە فەیلیەکان لە شارەکاندا کەمینە بوون. جوڵەو هاتوچۆی کوردە فیەلیەکان لەنێوان عیراق و ئێراندا بە شێوازێکی سروشتی بووە و هیچ ڕێگریەك لە بەردەمیاندا نەبوە بەتایبەتی بۆ کۆچەریەکان تا ڕێکەوتننامەی قەسری شیرین، سنوری عێراق کراوە بوە بۆیان چونکە بەشێکیان لە دابەشکردندا بەر عێراق کەوتون، هیچ پیانسەیەکی دیاری کراو نەبوە کە ڕێگریان لێبکات، ئەوانەی لە عێراقدا ژیاون لەسەر خاکی خۆیان بوون، ئەوانەی لە ئێرانیشدا ژیاون بە هەمان شێوە لەسەر خاکی خۆیان بوون، ئەم خاکەش کە بەدەم یەکەوە بووە و کوردە فەیلیەکان

لەسەری ژیاون، ئەم خاکە کوردستان بوە، ئەم هەستەلای کوردە فەیلیەکان هەبووە، هەر ئەم هەستەش بوو کە کاریگەری دانابوو لەسەریان کە داوای ڕەگەزنامەی عێراقی و ئێرانی نەکەن، چونکە ئەمان لە ڕاستیدا نە عیراقی بوون نە ئێرانی، بەلکو کوردستانی بوون.

کوردە فەیلیەکان لە زۆر شاری عێراقیدا بوونیان هەبوە چونکە بەشیك بوون لە پێکهاتەی گەلی عێراق، بە هەموو ئاین و نەتەوە و ئاینزایەکەوە. لە شارەکانی بەغدا و بەصرە و عەمارە و کەربەلا و نەجەف و کوفە دیالە و کوت هەبوون، هەروەها لە بەدرە و جەصان وزرباگیە و خانقین و مەندلی سلیمانی و هەولێر و دهۆك و کەرکوك و شارەکانی تری کوردستانو عێرقدا هەبوون. هاولاتی ئاسایی عێراقی جیاکاری نەکردوە لەنێوان کوردە فەیلیەکانو بەشەکانی تری عێراقیە کاندا. چەندین سەدەیە ئەم پێکهاتەیە بەشێکن لە پێکهاتەگشتیەکەی عیراق و لە هەموو خۆشی و ناخۆشی خەباتێکدا هاوبەشن. ئەم هەستەش هێزێکی گەورەیە بۆ پێکهاتەی گەلی عێراق، بەو پێیەی بەشێکن لە عێراقی نوێ.لە کاروانی خەباتدا ئەم بەشە قوربانیەکی زۆر بێشوماریانداوە.

لەشۆرشی ٢٠ دا هاوبەشیان کردووەو دەورێکی بەرچاویان بینیوە لەناوچەکانی خانەقین‌وقەسری شیریندا دژ بەهێزی بەریتانیا لە و ناوچانەدا. لە یاداشتی تشامل مهام شیرە لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەییدلە ساڵی ١٩٥٥لەپەرتوکی دکتۆر هادی ملك کە هەتا ئێستا بلاو نەکراوەتەوە،لە هاوبەشیکردنی کوردەفەیلیەکان لە شۆرشی ٢٠دا دەڵێت: لە ساڵی ١٩١٧ تا دەگاتەساڵی ١٩٢٠ و لەژێر سەرکردایەتی تشمال حاجی فیلمرز و کوری خوشکەکەی ملك، بەو پێیەی کە سەرۆکی خێڵی ئەلخەمیس بوو، لەگەڵ خێڵی رسول وەند بەسەرکردایەتی حسن عزیزو خێڵی قیتول وەند بەسەرکردایەتی

حاج صفر، جەنگیك بەرپا بوو دژ بە ئینگلیزەکان کەماوەی چەند مانگێکی خایاند لە ساڵی ١٩٢٠دا. لە کاتێکدا کە براکانمان راپەرینیان لە باشوردا دژ بە ئینگلیزەکان دەستدایە ، هەواڵێکمان لەسەید محمەدەوە وەرگرت ( کە لە دوا جاردا بوو بە ئیمامی مزگەوتی خەلانی لە بەغداد)، کە پێویستەهێرشبکرێتەسەر هێزەکانی بەریتانیا لە ناوچەکانی خانەقین و نەفتخانە کە هەندێك جار بە قوڵایی دەچوینە ناوەوە تا نزیك بەعقوبە. هەندێك جار کە چاوم دەنوقێنم وێنەی ئەو روداوە بەرجەستکراوە دێتەوە بەرچاوم. کە دەستێکی پۆلاینمان لە دوژمن وەشاند. بە تایبەتی دەستمان لە شەریکەی ئەلنفت - ئەنگلو ئیرانیە لە ناوچەی نەفتخانە وەشاند، کە ناوچەیەك بوو لە ژێر حەراسەتی بەریتانیەکاندا بە سەرکردایەتی کابتن مور. بە هێرشی خێرا هەڵدەساین بە تفەنگی "مارتن هنری". لە کاتەترسناکەکاندا دەکشاینەوە بۆ شاخەکان. ئامنجمان تەقەکردنبوو لەو سەرانەی کە کلاوی ئینگلیزی لەسەردا بوو یان پێچی ڕەشی سەربازی هندی بەسەرەوە بوو. زۆر جار ئامنجەکانمنا دەپێکا. زۆر جاریش تەقەمان لەوانە دەکرد کە پۆشاکی خاکیان لەبەردابوو، کە بە کوێرانە وامانداەدنا کە ئەمانە سەربازی بەریتانین یان هندین، ئەمانزانی کە زۆربەی سەربازەکانی سوپای بەریتانی هیندین، خواردەمەنی پێویستمان لە برا خێلەکیەکانی زرباتیە و بدرە وملك شاوە یان لەبراکانمان لە قەسری شیرین و لەوخێڵانەی کە لێمانەوە دووربوون وەك عەلی شیروان بایرایو بە تایبەتی لە ناوچەی ئارکۆزوە بۆ دەهات.

هەروەها پشتیوانیان دەکردین بە هاوبەشیکردن لە بەرگریدا. چەندین جار توانیمان هێڵی شەمەندەفەری بەعقوبە - خانەقین تێکبشکێنین. لە پایزی ساڵی

١٩٢٠ ئاگرمان بەردایە بنکەی سەربازی خانەقین. دوای تێکۆشانێکی زۆر ناچار بووین بکشێینەوە، بە کاریگەری ئابلوقەدانمان بەو هێزەی کە لە کرماشانەوە دژمان هاتبوون. ئینگلیزەکان بنکەی سەربازییان لە ئێرانی هاوسێماندا هەبوو. کە ئەو بنکانە دەستی یارمەتیان بۆ هێزەکانی بەرامبەرمان دەگەیاند، لەم شەر و پێکدانانەدا ٣٥ جەنگاوەرمان لێکوژرا لە کۆی ١١٠ جەنگاوەر.

لەگەڵ ئەوەی کە ئێمە جەنگی پارتیزانیمان دەکرد، کە بە خێرایی پەلامارمان دەداو دەستمان دەوەشاند و دەکشاینەوە، بەڵام ئەم شێوازی جەنگەمان وەستانددوای ئەوەی کە دەستێکی خیانەت لە لایەن (خێڵی کەڵهور)ەوە لە ناوماندا دەرکەوت. جاشێتی ئەم خێڵە لە پێناوی پارەو سامان و زەوی و زارا بوو لە لایەن بەریتانیەکانەوە پەیمانیان پێدرابوو لەسەری. ئەو شێوازی جەنگی پارتیزانیە لەناوچەکانی تری ناوەراست و باشوری عیرق دا بەرپادەکرا. بە پێی زانیاریەکانم لە هاوبەشیکردنی کوردەکان لە پێکدادانەکانی ساڵی ١٩١٥ لە کوت و عەمارە، شیعەو سونیەکانیش وەك یەك هاوبەشیان دەکرد لەم بەرخۆدان و جەنگانەدا دژ بە ئینگلیز. هەموو بەڵگەنامە و رووداوە میژوویەکان جەخت لەسەر راستی هاوبەشیکردن لە جەنگ و بەرخۆدانی هەموو خەڵکی عێراق دەکەنەوە بە پێچاوانەی ئەو دەنگە ناسوێنالستیەی کە ئەم راستیە رەتدەکاتەوە. هاوبەشیکردنی ئێمەی کورد لە بواری ژیانەوەی بنەماکانی ئابوری و فەرهەنگی و سیاسی پشکێکی کەم نەبوو، هەروەها لە پێکهێنانی دەوڵەتی عێراقی نوێدا {٢}.

کوردە فەیلیەکان بە دەست چەوسانەوە و زوڵم و زۆر و جیاکاری رەگەزی و نەتەوەییەوە زۆریان چەشت و زۆریان لێدەربەدر کرا بۆ ئێران. زۆرێك لەوانەی کە بە زۆرەملێ کۆچیان پێدەکرا بۆ ئێران ئەو فەیلیە سیاسیانە بوون کە دژایەتی حوکمی پاشایەتیان دەکرد. بە تایبەتیش ئەوانەیان کە ئەندامانی حیزبی شیوعی عێراقی و پارتی دیمۆکراتی کوردستان بوون{٣}. بەڵام ئەم سیاسەتەی حوکمی پاشایەتی کە بەرامبەر بە هەموو کورد دەکرا، کاریگەری زۆری نەبوو لەسەر تێکۆشانی بەرفراوانی کوردە فەیلیەکان.

لە سەردەمی پاشایەتی عێراقدا کوردە فەیلیەکان هاوبەشی ژیانی ئابوری و ژیانەوەی بنەما ئابوریەکان و بازرگانی و پیشەسازیە نیشتیمانیەکانی دەکرد بە خستنەگەری سەرمایەکانیان. دوای کۆچپێکردنی زۆرەملێی جولەکەکانی عێراق بۆ ئیسرائیل کەزۆریان خواستیان وابوو کە بمێننەوە لە عیراقدا لەگەڵ ئەوەی کە دەچەوسێنرانەوە لەلایەن حاکمەکانی عێراقو هەندێك لە هێزە سیاسیە قەومیەکانی عێراقەوە، کوردە فەیلیەکان پێگەی بەهێز و گەوەرەیان پەیداکرد لەبازرگانێتیوبازارەکانی بەغدادا. لەرووی کۆمەڵایەتیشەوە دابەش بوون بەسەرکۆمەڵێك توێژ و چینی کۆمەڵگادا، کۆمەڵێکی بچوکیان خاوەن سەرمایە بوون، هەندێکیشیان خاوەن پیشە و جوتیار و کرێکار و زەحمەتکێش بوو. ئەوانەشیان کە توێژی رۆشنفیکر و سیاسی و ئابوری ناسی عێراقیان پێکدەهێنا کەمنەبوون. کوردە فەیلیەکان شاگەشکە بوون بە شۆرشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨، کە بەشێك بوون لەو هێزە کۆمەڵایەتیەی هاوبەشیان دەکرد لە رازگاربوون لە دەستی حوکمی پاشایەتی، جگە لەوانەیان کە سەربە حیزبە سیاسیەکان بوون، وەك حیزبی شیوعی عێراقی و پارتی دیموکراتی کوردی، هەندێکیشیان لە ناو حیزبی نیشتیمانی دیموکراتی دا بوون. هەشیانبوو لە حیزبەکانی تردا کاریان دەکرد وەك حیزبی رزگاری نیشتیمانی و حیزبی گەل. هەندێکی تریان لە هەردوو حیزبی دەسەڵاتداردا کارایان دەکرد، ئەو دوو حیزبەش لەو دویانەدا دروستبووبوون لە بەرژەوەندی سیاسەتی حوکمی پاشایەتی و بەریتانیدا بوون، وەك حیزبی دەستوری کەنوری سەعید سەرکردایەتی دەکرد، هەروەها حیزبی ئومەی سوسیالیستی کە "صالح جەبر" سەرکردایەتی دەکرد. زۆرێك لە کوردە فەیلیەکان بوون بەکەسایەتی نیشتیمانی دیاروبەرز، چ لەوانەی کە لەحیزبەکاندا کاریان دەکرد و چ لەوانەی کەچالاکانە لە بوارەکانی ژیانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسەتو وەرزشو ئەدەبو هونەرو بوارەکانی تری ژیاندا کاریان دەکرد.

سەرکردەی شۆرشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨بە تێگەیشتنێکی پۆزەتیڤانەوە دەیروانیە پێگەی کۆمەڵایەتی کوردە فەیلیەکان لە کۆمەڵگی عێراق و مێژووی عێراقی کۆندا و دەوری کاریگەریان لە خەباتی سیاسی و دژایەتی حوکمی پاشایەتی و ناڵەیان لە ژێر چەوساندنەوەی ئەم حوکمەدا هۆکار بوو بۆ دژایەتیکردنی ئەم حوکمە. بۆیە هەڵوێستی سەرکردایەتی شۆرشی ١٤ ی تەموز زۆر بەرامبەر بەم بەشەی گەلی کورد جیاوازبوو لە هەڵوێستی حوکمی پێش شۆرش و دوای روخانی عەبدولکەریم قاسم، لەگەڵ ئەوەی کە زۆرێك لە کوردە فەیلیەکان توشی چەوسانەوە و گرتن و ئەشکەنجەدان و تەنانەت کۆچپێکردنیش بوون لە سەر کارکردنیان لە حیزبە سیاسیە نیشتیمانیەکاندا، دژایەتیکردنیان بەرامبەر بە حوکمی تاکرەوی عەبدولکەریم قاسم و ئەو جەنگەی کە بەرپای کرد دژبەجوڵانەوەی کورد و داخوازیەکانی گەلی کورد.کەواتە نابێ لەبیری بکەین زۆربەی ئاوانەی کە لە دەزگاکانی ئاسایش و هەواڵگیری سەربازی و سوپای عێراقدا لەسەر دەمی قاسم دا کاریان دەکرد ئەو هێزە شۆڤێنیانە بوون کەدژایەتی کوردە فەیلیەکانیان دەکرد.

قاسم سیاسەتێکی ژیرانەی پیادە

دەکرد بەرامبەر بەکۆمەڵگای عێراقی. لەوماوەیەدا کە شاندێکی کوردە فیلیەکان بۆ پیرۆزبایی سەرکەوتن سەردانی عەبدلکەریم قاسمیان کرد لە ساڵی ١٣٧٨ کۆچی واتە ١٩٥٨ی زاینی، لە کاتی قسەکردنیاندا قاسم ئاماژەی بە راستیەکدا کە: " رۆژهەڵاتی روباری دجلە نیشتەجێی کوردە فەیلیەکانە لە دێر زەمانەوە" {٤}. لەبەر ئەوە سەرۆکی شۆرشی تەموز لایەنگیری کوردە فەیلیەکان بوو. کوردە فەیلیەکان لەگەڵ ئەوەی بەرامبەر بە هیرشی عەبدولکەریم قاسم بۆ سەر کوردستان و دژ بە سیاسەتی داپلۆسێنەر و تاکرەوێتی و هێنانە دی دیموکراتیەت خەباتیان دەکرد، لە کاتێکدا کە کۆمەڵێك لە قەومیەکان و بەعسیەکان لە ٨ی شوباتدا کودەتایان راگەیاند بەرامبەر بە قاسم و شۆرشەکەی، فەیلیەکان دژی ئەم کودەتایە وەستانەوە، بەم هۆیەوە کوردە فەیلیەکان توشی هێرشێکی فراوانی وێرانکاری بوونەوە لە لایەن هێزی کودەتاییەکانەوە بە گرتن و دەربەدرکردن. زۆریشیان بە زۆرەملێ ناردن بۆ ئێران و وڵاتانی تر. ئەنجامی سیاسەتی تاکرەوێتی قاسم و کودەتای خوێناوی قەومیەکان و بەعسیەکان و سیاسەتێکی منالانە و لاوازی تێگەیشتنی سیاسەت و دیموکراتیەت لەلای هێزە سیاسیە جیاوازەکانی عێراق لەو سەردەمەدا ئەم رەوشەی ئێستای گەلی عێراقی لێوە هاتەبەرهەم.

تەنگەژەی کوردە فەیلیەکان لە سەردەمی بەعسیەکاندا هەڵکشا کەرژێم مامەڵەی لەگەڵیاندا لەسەر بنچینەی رەگەزنامەی(ێ) و (ب) و جیاکاری لە نێوان تەبەعیەی عوسمانی گروپی(ێ) و تەبعیەی بێگانەکانی (ب) وەك فارس و ئەفغانی و هندیدا دەکرد، ئەوانەی کە تەبعیەی عوسمانی بوو بەعێراقیەکی رەسەن دادەنران، ئەوانەی کە تەبعیەی جیایان هەبوو وەك تەبەعیەی فارسی بە بێگانە دادەنران. رژێم بەم کارەی بناغەیەکی ترسناکی جیاکاری لەنێوان عێراقیەکاندا دروستکرد، ئەوانەی کە تەبەعیەی عوسمانی بوون بەهاوڵاتی پلەیەك دادەنران وئەوانەی تەبعیەی تریان هەبوو هەرچەندە عێراقیش بوون بەهاوڵاتی پلەدوو دادەنران{٥}. لەگەل ئەم جیاکاریەشدا رژێمی پاشایەتی رەگەزنامەی عێراقیەکانی لەسەر بنەمانی گروپی (ێ) و گروپی(ب) هەڵنەدەوەشانەوە بەڵکو بەهۆکاری سیاسیانە ئەم کارە ئەنجامدەدرا. دانانی ئەم دارشتن و دەربرینە لەیاسای رەگەزنامەی عێراقی ژمارە ٤٢ ی ساڵی ١٩٢٤ بە جیاکاریەکی شۆڤێنیانە و تایەفەگەرێتی دادەنرێت لە یەکێتی و مافی هاوڵاتی بووندا، رژێمی پاشایەتی و ئینتدابی بەریتانی بناغەی جیاکارییەکی نامرۆییانەیان دامەزراند لە عیراقدا بەرامبەر بە کورد و عەرەب کە بە ئێرانیان دەدانە قەڵەم. حوکمی پاشایەتی هیچ گۆرانکاریەکی لە بەندەکانی ئەو یاسا جیاکاریە ناعەقلانیەدا نەدەکرد بۆ لابردنی، بەڵکو رێگەی دا بە هەندێك لە گۆرانکاری کە شەرعیەتی یاسایی دەدا بە هەڵوەشانەوەی رەگەزنامەی عیراقی بۆ سیاسیەکان، بە تایبەتی شیوعیەکان، بەپاساوی ئەوەی ئەمانە روخێنەرن، خزمەتی بێگانە دەکەن! بەڵام قەومیەکان و بەعسیەکان لەساڵی ١٩٦٣ دا دەسەڵاتیان گرتەدەست، دوای ئەوانیش ئەو دەسەڵاتانەی کەهەمان فکرو سیاسەتیان هەبوو هەستان بە دەرکردنی یاساو بریار گەلێکی زۆر بۆ بەرتەسکردنەوەی مافی هاوڵاتی بوونی عێراقی، کێشەی هاوڵاتیبوونیان ئاڵۆزکرد، جیاکاریەکانیان بەرفراونکرد. لەدوای کودەتای شوباتی ساڵی ١٩٦٣ یاسای رەگەزنامەی ژمارە ٤٣ یان دەرکرد، لەدواجاریشدا یاسای ژمارە ٢٠٦ ساڵی ١٩٦٤یان دەرکرد دوای کودەتای قەومیەکان بەسەربەعسیەکاندا. لەساڵی ١٩٨٠ دا کۆمەڵێك بریاریان دەرکرد وەك بریاری ژمارە ١٨٠ و ٢٠٠ ، دواجار بریاری تایبەتی بۆ هەڵوەشانەوەی رەگەزنامەی عێراقی ژمارە ٦٦٦، دیسان هەندێك بریاری تر لە هەمان ساڵدا، واتەلەو ساڵەی کە رژێمی عێراق جەنگی راگەیاند دژبە ئێران. لە ساڵی ١٩٩٠ دا یاسای ژمارەی ٤٦ی دەرکرد، بریاری سەرکردایەتی ئەنجومەنی شۆرشی ژمارە ١٩٩ لەساڵی ٢٠٠١دا دەربارەی رەگەزنامەی عێراقی دەرچوو. لەبە دواچونەکانی هەموو یاساوبریارو گۆرانکاریانە لەرەگەزنامەی عێراقیدا دەتوانرێت جەختت لەسەرئەم ئامانجانەی خواراوە بکرێتەوە:

١.بەرجەستەکردنی بیری شۆڤێنی لە ژیانی بیری سیاسی عێراقیدا. ئەمەش ئاراستەکردنێك بووە بۆ دژایەتی هەموو ئەو عێراقیانەی کە عارەب نەبوون، بە تایبەتی دژی کورد، لە ناویشیاندا کوردە فەیلیەکان، هەروەها ئەو عێراقیە بە رچەڵەك فارسانەی کە سەدان ساڵە تواونەتەوە لە ناو گەلی عێراقدا.

٢. بەرجەستەکردنی بیری تایەفەگەری دژ بە ئاینزای شیعی، ئەوانەی کە بە بێگانە دانراون بە پێی یاسای ژمارە ٤٢ی رەگەزنامەی عێراقی لە ساڵی ١٩٢٤ دا، ئەوانە کۆمەڵە کوردێکی فەیلی بوون، کە زۆربەیان سەر بە ئاینزاری شیعین، هەروەها ئەو کۆمەڵە عێراقیە بە رچڵەك فارسەکان، دیسان عارەبە شیعیە ئاینزاکان کە هیچ کات بیریان لە تەبەعیە بوونی خۆیان نەکردۆتەوە بۆ عوسمانیەکان یان بە کاریگەری ئاینزاییبونیان، یان بە هۆکاری پشتگویخستنی گرنگی راگەزنامە لە ژیانی رۆژانەی هاوڵاتی بوونیاندا.

٣. بۆ ئەوەی بتوانن بە گوێرەی ئایدۆلۆژیەت و سیاسەتی پیادەکراوی

خۆیان دەستور بدەنە بریارەکان و دانان بە عێراقی بوون و ناعێراقی بووندا لە ڕێگەی یاساوە لە جیاتی کارگێڕی ڕەگەزنامەی عێراقی کە لەسەر ئەم مەسەلەیە مافی بڕیاردانی لە دەستدایە پێش یاسا.

٤. بەکارهێنانی ڕەگەزنامە وەك چەکێك بۆ خۆ ڕزگارکردن لە دەست ژمارەیەکی گەورە لەو عێراقیانەی کە دژی ڕژێم بوون و ناویان دەبردن بە تابوری پێنجەم و بەکرێگیراوی ئێران. ئەم هەڵوێستەسیاسیە بوە هۆی گەورەترین زەرەردان لە ژمارەیەکی گەورەی عێراقیەکانی کە بە زۆرەملێ کۆچیان پێکردن بۆ ئێرانورەگەزنامەکانیان لێسەندنەوە و هەموو ماڵ و سامانیان داگیرکردن و کەوتنە بەرمەترسی گەورە لە ئاوارەیی و ڕێگەی کۆچکردندا.

٥. ئەم سیاسەتەش هەوڵێکی جددی بوو بۆ گۆڕینی ڕوخساری نەتەوەیی و تایەفەگەری لە هەندێك ناوچەی دیاردا. نابێت لە بیرمان بچێت ئەوانەی کە بە زۆرەملێ کۆچیان پێکرا و گیران و دەربەدەرکران و کوژران و بێسەروشوێنکران ژمارەیەکی زۆر بوون کە نزیکەی نیوملوێن مرۆڤ دەبوون. کە ئەم ژمارەیە لە ژیانی بەردەوامیاندا هاوبەشی دەوڵەمەندی سامانی بەشەریان زیاتر بۆ گەلی عێراق دەکرد، ئەمەش هۆ کارێك بوو کەڕژێم بیری لە خۆ ڕزگارکردن لەدەستی ئەم ژمارە زۆرەی ئەنجامی زاوزێی سروشتی ئەمانە کردبووەوە، ئەوەشمان بیر نەچیت پەلاماری کوردەکان بەتاوانی ئەنفالکردنیان بەشێکی هەمان ئامانجی خۆ ڕزگارکردن لە دەست زۆر بوون و زاوزێی سروشتیان بوو، کە ڕژێم هەوڵی دا دیموگرافیای زۆرێك لە ناوچە کورد نشینەکان بگۆڕێت و بۆ نموونە وەك کەرکوك.

٦. دەرکردن و دارشتنی ئەم یاسایانە چەند بیرێکی شۆڤێنی چەپەڵ بوو، جێبەجێکردن و سەپاندنی یاساکە بەسەر گەلی عێراقدا و بە تایبەتی بەرامبەر بەوانەی کە ئەم یاسایە دەیگرتنەوە زۆر چەپەڵتر بوو.

٧. دەرئەنجامی ئەم یاساگەلە و پراکتیکەکردنی ئەو سیاسەت و ئەمنیەتە بەپاساوی یاسای ڕەگەزنامەی عێراقیەوە کە لە پێشدا بەرامبەر بە گەلی کورد ئەم هەڵوێستە وەرگیرا، لە ناویشیاندا کوردە فەیلیەکان، هەروەها کۆمەڵێکی گەورە لە عارەبەکانی باشور و ناوەراستیش گرتەوە، زۆر ترسناك کەوتەوە لەسەر یەکێتی نیشتیمانی عێراقی.

٨. ئاماژەماندا بەوەی کە ڕژێمی پاشایەتی یەکەم یاسای ڕەگەزنامەی عێراقی لە ساڵی و١٩٢٤ دا دەرکرد، لە کاتی خۆ ئامادەکردنی یاسابنچینەیەکان(دەستور)، کە لە ساڵی ١٩٢٥ بڕیاری بۆ درا بۆ یەکەم جار لە دوای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە لە ساڵێ ١٩٢١دا. کە پێویست بوو عێراق ئەو ڕاستیانە لە یاسای بنچینەییدا لە بەرچاو بگرێت کە واقعی عێراق بوون وەك: ڕزگاربوونی عێراق لە هەژمونی عوسمانیەکان کە چوار سەدەی خایاند کە وەك سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا و خراپتریش بوو بۆ ڕەوشی ئەو خەڵکەی لەو ناوچانەدا دەژیان کە بەدەست چەوساندنەوە و ئازار و ئەشکەنجە و دەرئەنجامێکی خراپ لە دروستکردنی بۆشاییەکی زۆر لە نێوان دینەکان و نەتەوەکاندا دروستکردبوو، بەر لەم چوار سەدەیە و پاشتریش عێراق ببوە گۆڕەپانێکی ململانێی سیاسی و تایەفەگەری نا عەقڵانی لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و فارسیدا کە درزێکی گەورەی دروستکرد لە نێوانیاندا و زەرەری لە یەکێتی عێراق دا ، کە پێویست بوو ئەم درزە پڕبکرێتەوە نەك گەورە بکرێت.

لە ژێر کاریگەری ئەو بارودۆخەدا کە کێ سەر بە دەوڵەتی عوسمانیە و کێ سەربە دەوڵەتی فارسیە لە ڕووی ئاینزاییەوە، ئینتیمای هاوڵاتی بوون کەم بووبووەوە لە لای خەڵك بۆ عێراق، چونکە بنەما ڕۆحیە نیشتیمان پەروەریەکان لاواز بوون، ئەمەش لە یەکێك لە ڕاپۆرتەکانی مەلیك فەیسەڵی پاشای عێرقدا بەدیدەکرێت کە وتویەتی: " وڵاتی عێراق لەو جۆرە وڵاتانەیە کە کەماسی هەیە لە یەکێك لە بنەما بنچینەییەکانی کۆمەڵایەتیدا، ئەویش یەك بیروباوەڕی هەواداری و دینیە، ئەمەش بۆتەهۆی لەیەك دابڕانی هێزە کۆمەڵایەتیەکان و دابەش بوونیان، کە پێویستەسەرکردە سیاسیەکان و حاکمەکان دانا و ژیربن و بە هێزبن و دووربن لە حەساسیەتی و مەبەستی شەخسی و تایەفەگەرێتی و توندڕەوێتی، بەڵکو سیاسەتێکی بەرابەری و عەدل پیادەبکەن، لەگەڵ ڕێزی زۆر بۆ کولتوری خەڵکی بەبێ کاریگەری کۆنەپەرستی و بیری توندڕەوی کە کاردانەوە دروستبکات"{٦}.

عێراق لەو سەردەمەدا لەگەڵ ئەوەی کە موصڵ و کوردستانی خوارو، لە ڕووی ڕەگەزنامییەوە پەیوەست نەبوون بە عێراقەوە، کە تا ئێستاش پێکهاتەی نەتەوەیی لە عەرەب و کورد و تورکمان و ئاشوریەکان و مەسیحیەکان و دینی جولەکەو دینی مندائی و صابئی و ئێزیدی وشەبکی و کاکەیی و ئاینزای شیعەی تێدایە.

عێراق لەو سەردەمەدا لە ژێر هەژمونی بەریتانیادا بوو کە وەك کۆلۆنیالیەك تەماشای دەکرد کە بمێنێتەوە لە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیادا. ئەمەش بوو بە هۆی ڕاپەرینی ساڵەکانی ١٩١٨ لە نەجەف و ١٩١٩ لە سلێمانی و ١٩٢٠ لە هەموو عێراقدا.

پەیماننامەی لۆزان کە لە نێوان تورکیای نوێ و هاوپەیانەکاندا مۆرکرا یەکێك لە برگەکانی دەڵێت: " ئەو هاوڵاتیانەی کە جێنشینن لە و بەشەی کە لە تورکیا دابڕا دەبن بە هاوڵاتی ئەو هەرێمەی کە ئەو خاکەی خراوەتەسەر بە پێی یسای ناوچەیی" {٧}. ئەم دەقە بێ هیچ تەمومژێك دەربڕی واقیعەکە بوو.

لەژێر تیشکی ئەم راستیانەدا، چی پێویست و داخوازی بوو بۆ ئەوەی کەتۆرێکی هاوبەشی دروستبکرێت تا پشتیوانی لە یەکێتی گەل و خاکی عێراق بکات؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئاسان و بێخەوشە ئەگەر تەنها یەك دەق بەرجەستەبکرێت لە دارشتنی یاسادا: هەر ژن و پیاوێك، کە بژی لەو ناوچانەدا کە بووە بە بەشێك لە عێراق مافێکی سروشتی خۆیەتی کە ببێت بە خاوەنی ڕەگەزنامەی عێراقی و هیچ جۆرە جیاکاریەك پیادەنەکرێت لە نێوان عێراقیەکاندا.

بەڵام دارشتنە یاسایەکانی عێرق، لە سەروشیانەوە دەسەڵاتی بەریتانی، دەقێکیان هەڵبژاردبوو کە کۆمەڵگەی عێراقی دابەشکردبوو. ئەمەش بە ئاگاییەوە بۆ شێواندن و دوور لە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە پاشەڕۆژی پەیوەندیە کۆمەڵایتیەکانی کۆمەڵگای عیراق بوو. کە مادەی سێهەم لە یاسای ژمارەی ٤٢ی ساڵی ١٩٢٤ بەم جۆرە بوو: " مادەی سێهەم ـ لە رۆژی شەشەمی ئابی ساڵی ١٩٢٤ وە کێ خاوەن ڕەگەزنامەی عوسمانی و دانیشتوی عێراق بێت، ڕەگەزنامەی عێراقی لێدەسێنرێتەوە و جارێکی دی ڕەگەزنامی عیراقی پێدەدرێتەوە"{٨}.

ئەم دەقە یاسایە مانای چی بوو؟ ئەم دارشتنی یاسایە بەو مانایە دەهات کە یاساکە سێ کۆمەڵی تێپەڕاندبوو، ئەوانیش:

١ـ کۆمەڵەی یەکەم ئەوانە بوون کە ڕەگەزنامەی عوسمانیان نەبوو، بە هەرهۆێك بێت بەبێ ڕەگەزنامە مابوونەوە.

٢ ـ کۆمەڵەی دووهەم ئەوانەی دەگرتەوە کە ڕەگەزنامەی فارسیان هەبوو، بەڵام لە عێراقدا چەندین سەدەبوو نشینگەییان هەبوو، یان هیچ ڕەگەزنامەیەکیان نەبوو بەڵام ناسراوبوون کە ئێرانین.

٣ ـ کۆمەڵەی سێهەم بە شێوازێکی تایبەت ئەو عەرەب و کوردانەی دەگرتەوە کە فەیلی بوون، کە بوبوون بە خاوەنی ڕەگەزنامەی عوسمانی بۆ ئەوەی لە خزمەتکردنی سەربازی ڕزگاریان بێت، چ لە دەوڵیتی فارسیدابێت یان لە عێراقدابێت.

ئەوپرسیارەی کە وەڵامی خۆی دەسەپێنێت ئەوە بوو: بۆچی دارێژەری یاسای عێراقی ئەم میتۆدەی پیادە کرد؟ پێویستەڕاڤەکردن و وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لە بارودۆخی ئەو سەردەمەوە هەڵیەنجێنرێت، یان بارو دۆخی واقیعیانەی ئەو سەردەمە لە بەرچاوبگیرێت کە ئەو یاسایەی تیا هاتەبەرهەم، زۆربەی زۆری لێکۆڵەرەکان لەسەرکۆمەڵێك بیر و دەرئەنجام یەکدەگرنەوە لەسەربابەت و مەسەلەی ڕەگەزنامەی عێراق، ئەویش ئەوە بوو کە: زۆربەری هەرە زۆری دانیشتوانی عێراق لە عەرەب و کورد بە شێوەیەکی گشتی وابەستەی ژیانی جوتیاری و خێڵەکی کۆچەر و ناجێگیر بوون. زۆربەی ئەم خێڵانە لە گواستنەوە و کۆچی وەرزیدا بوون لە سەر سنورەکانی عێراق و سعودیە، عێراق و سوریا، عێراق و ئێران و عێراق و تورکیا. ئەمەش زیاتر لە ناو کوردە فەیلیەکاندا تێبینی دەکرا و هەروەها لە هەندێك لە عەرەبەکان و فارسەکان کە پەیوەندیەکی ئاینزاییان هەبوو لەگەڵ یەکتریدا و ژن و ژنخوازی و خزمایەتی لە نێوانیاندا دروستبوو بوو. زۆرێك لەمانە مافی نشینگەییان بەدەستەێنابوو، یان بە زیارتی درێژخایان دەمانەوە لە لای یەکتری چ لە عێراق و چ لە ئێراندا، بە تایبەتی لە شارە پایە بەرزو پیرۆزە ئاینیەکاندا. دارێژەری یاسای عێراقی ئەم راستیەی دەزانی، بۆیە دەیویست بە یاسایەکی ڕەگەزنامەیی خۆی ڕزگار بکات لە دەست ئەمانە بە جیکاریەکی ڕەگەزنامەیی و بێبەشکردنی زۆرێکیش لەم کۆمەڵانە لە ڕەگەزنامەی عیراقی.

عێراقیەکان لە سەردەمی هەژموونی عوسمانیەکاندا بە پێویستیان نەدەزانی کە ڕەگەزنامەیەکی تایبەتیان هەبێت، بەڵکو وایان دەزانی کە خۆ ڕادەستکردن بە ئیسلام و گرتنەبەری ڕێگەی ئیسلام وەك دینێك بەسە بۆ مانەوەیان لە چوارچێوەی کۆمەڵگاکەدا، پرنسیپی هاوڵاتیبوونیش ڕوون نەبوو لەم قۆناغەی کۆمەڵگادا، بۆیە بوونی ڕەگەزنامە کەڵکێکی ئەوتۆی نەبوو بۆیان تا داوای بکەن، هەندێکیش لە خێزانە عێرقیەکان داوای ڕەگەزنامەی ئێرانیان کردو بەدەستیان هێنا تا لە خزمەتکردنی سەربازی ڕزگاریان بێت، کە لەسەر دەمی پاشایەتیدا یاسای تایبەتی بۆ دانرابوو. پێش ئەمەش لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیەکاندا بۆ ئەوەی خۆیان دەربازبکەن لە لەبەرکردنی بەرگی سەربازی کە ماوەی ٢٥ ساڵی دەخایاند، دەقی یاسای سەربازی عوسمانیەکان ئەمە بوو" لەسەر هەموو عوسمانیەکی تەمەن ٢١ ساڵی موسڵمان و ناموسڵمانە ٢٥ ساڵ سەربازی بکات، سێ ساڵیان نیزامی، ٥ یەدەك، ١٢( ڕەدیف)، ٥ پارێزگاری، ئەمە لە سوپای پیادەدا، بەڵام لە سوپای دەریاییدا ماوەکەی ٢٠ ساڵ بوو بە لابردنی ٩ ساڵی پارێزگاری"{٩}. رەنگە بە سودبێت کە ئاماژە بدەین بەوەی مەبەست لەم پەیڕەوکردنی یاسایە بە زۆری بۆ هەمووان و بە تایبەتی بۆ ئاینزا

شیعەکان بوو، ئەمەش هەستیارییەکی زۆری دروستکرد لەلای زۆریک لە خەڵکی عێراق بەرامبەر بە دەسەڵات و ڕەفتارەکانی.

لەلایەکی تریش بەریتانیەکان دژ بە هەڵوێستی شۆڕشگێڕان پشتیوانیان لە یاساکانی عێرق و ڕەفتاری نابەجێ و نارەوای حوکمی پاشایەتی دەکرد، لە کاتێکدا کە لە باشور و ناوەراست و لە ئاینزانا شیعیەکان و شارە پیرۆزە ئاینیەکان و دواجاریش لە ناو جەرگەی گەلی عێراقەوە دژایەتی شۆڕشگێڕانە سەریهەڵدابوو دژ بە بەریتانیای کۆلۆنیالیزم. دەسەڵاتی پاشایتی بەریتانیایەکان دەیانویست دەستێکی بەهێز بوەشێنن لە شۆڕشگێڕان و گۆشەگیریان بکەن و توشی کێشە و دەردیسەریان بکەن بە پاساوی تەبەعیەت بوونیان بە ئێران دووریان بخەنەوە و گیرۆدەی حوکمی یاسایان بکەن. کوردە فەیلیەکان توشی جیاکاریەکی بەهێز بوون و خراپەکاریەکی بەردەوامیان لەگەڵدا ئەنجامدرا، هەر لە سەرتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە تا ئەم ساتەوەختەی حوکم لە عێراقدا. لەگەڵ ئەوەی لە سەردەمی عوسمانیەکانیشدا توشی هەمان کێشە کرابوون. خراپەکاری تێپەڕاندن و پێشێلکردنی مافی مۆرڤ لە عێراقدا بەردەوام بوو بە تایەبەت لەسەر دەمی بەعسیەکاندا تا لە ساڵی ٢٠٠٣ داکە لە لایەن ئامریکا و بەریتانیاوە ڕوخێنران. بەعسیە سەدامیەکان سێ شەپۆلی بەدوایەکدا لە پرۆسەی کۆچپێکردنی کوردە فەیلیەکانیان بەرپاکرد، کە ژمارەیەکی زۆری لە فەیلیەکانی بەغداو ئەو شارانەی کە لە دێرزەمانەوە تیایدا دەژیان گرتەوە. شەپۆلی کۆچپێکردنی یەکەمی کوردە فەیلیەکان لە دوای کودە تای ساڵی ١٩٦٣ دابوو، کە زۆریان لێ خستنە بەندیخانەو گرتوخانەکانەوە و ئازار و ئەشکەنجەیان دان. بە هۆکاری کورد بوونیان و ئەندامبوونیان لە حیزبی شیوعی عێراقیدا و حیزبی دیموکراتی کوردستاندا، لە لای سێهەمیشەوە بە هۆکاری شیعەیی بوونیانەوە ئازار و ئەشکەنجەدان و چەوساندنەوەیان چەند جارە بوو. بەڵام شەپۆلی پەلاماری دووهەمی کۆچپێکردن و دەربەدەرکردنیان لە دوای شکستی بزوتنەوەی گەلی کورد بوو لە ساڵی ١٩٧٥ دا لە ئەنجامی ئەو ڕێکەوتنەی جەزائیرەوە لە هەمان ساڵدا، کە ڕێکەوتنێکی کۆنەپەرستانەی دەوڵەتانی ناوچەکە بوو، هەر لە دوای ئەم ڕێکەوتنەوە کە ئەحمەد حەسەن بەکر سەرۆك کۆماری عێراق و سەرۆکی بە ناو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بوو، دەستکرا بە کۆچپێکردنی زۆرە ملێی کوردە فەیلیەکان و دەربەدەرکردنیان بۆ ئێران بەو پاساوە کۆنەی کە ئەمانە تەبەعیەی ئێرانیان هەیە{١٠}.

شەپۆلی پەلاماری سێهەم لە خۆ ئامادەکردنی ڕژێمی عێراقدا بوو بۆ جەنگی ئێران، واتەلە ساڵی ١٩٧٩ و ١٩٨٠ دا بە سەرۆکایەتی سەدام حسەینی سەرۆکی کۆماری عێراق سەرۆکایەتی بە ناو ئەنجومەنی شۆرش سێ بریاری بە دوای یەکدا دەرکرد، یەکەم بریاری ژمارە ١٨٠ بوو دژبە کوردە فەیلیەکان کە بریتی بوو لە:

١ ـ بەردەوامبوونی ئەو بۆچوونەی کە ژمارەیەکی زۆر لە عێراقیە کونەکان کە چەندین سەدە بوو لەم وڵاتەدا ژیابوون بە بێگانە، بۆیە داواکرا لێیان کە داوای ڕەگەزنامەی عێراقی بکەن، ئەمەش داوێك بوو بۆیان نرایەوە، تا بەئاسانی هێزی ئاسایشی عێراق بتوانێت کۆنترۆڵیان بکات و بیانگرن و کۆچیانپێبکەن.

٢ ـ دەقی ڕەزامەندی لەسەر بەخشینی ڕەگەزنامەی عێراقی: " ڕەگەزنامە بە کەسێك دەبەخشرێت کە بوونی لە عێراقدا زەرەرمەند نەبێت بۆ ئاسایش و سەلامەتی کۆماری عێراقی". ئەمەش بەو مانایە دەهات کە هەموو کوردە فەیلیەکان کە بە تەبەعیەتی ئێرانی دادەنران ترسناك بوون بۆ عێراق چونکە لە هەرچ کات و ڕۆژێکدا بێت دەبن بە تابوری پێنج بۆ ئێران. ئەم بریارو حوکمەپێشوەختە ڕەگەزپەرستانە هیچ بەهاونرخێکی بۆ خەبات و نیشتیمان پەروەری کوردە فەیلیەکان بەدرێژای مێژوی عێراق لە بەرچاونەگرتبوو.

٤ ـ ڕێگەپێدانی وەزارەتی ناوخۆ و بریارو دەستێوەردانی لە پێدانی ڕەگەزنامەی عێراقیدا، بەڕێوەبەرایەتی ڕەگەزنامە، یان پەنابردن بۆ یاسا لە بریاردانی مافی پێدانی ڕەگەزنامە و قەدەغەکردنی هەڵوێستێکی ترسناك بوو بەرانبەر بە سەروەری یاسا.

٥ ـ یەکێك لە بریارەکانی وەزارەتی ناوخۆی عێراقی لەسەر پێدانی ڕەگەزنامە بە ژنان بوو، کە مەبەست لێی ژنانی کوردە فەیلیەکان بوو، کە بەفەقەری ئەلف لە مادەی پێنج دەڵێت: بۆ هیچ ژنێکی بێگانە نیە ڕەگەزنامەی عیراقی وەربگرێت. دەبێت ژنی بێگانە شوکردو بە عێراقی داوای ڕەگەزنامە بکات لەسەر ڕەگەزنامەی مێردە عێراقیەکەی، یان دەبێت عێراق بەجێبهێڵێت، ئەم بریارەش بریاری وەزارەتی ناوخۆی عێراق خۆی بوو.

لەگەڵ ئەو هەموو بێمافی و چەوسندنەوە و ئازارەی کە کوردە فەیلیەکان لەسەر رووبەری هەموو عێراق و هەندێك لە ناو شارە کوردیەکانیشدا بینیان ناخۆشترین و چەپەڵترین بریار بریاری ژمارە ٦٦٦ بوو لە بەرواری ١٩٨٨/٥/٧ دەرچوو کە دەقەکەی دەڵێت:

١ ـ ڕەگەزنامەی عیراقی لە هەر عێراقیەك وەردەگیرێتەوە ئەگەر دەرکەوت ئەو کەسە ئینتمای نیە بۆ گەل و نیشتیمان و ئامانجە کۆمەلایەتیە بەرزەکانی شۆرش.(مەبەست

له شۆڕشی شومی بەعسەیەکانە) وەرگێر

٢ ـ دەبێت وەزیری ناوخۆ فەرمان بدات بە دەرکردنی هەموو ئەوانەی کە ڕەگەزنامەیان لێسەنراوەتەوە، ئەگەر نەیانتوانی بە یاساو مەحکەمە دۆکیومێنت بیسەلمێنن کە مافی مانەوەیان هەیە لە عێراقدا.

بە گوێرەی ئەم بڕیارە هەموو کوردە فەیلیەکان گومانلێکراوبوون بە تێڕوانینی ڕژێم هیچ هەستێکی نیشتیامنی و مۆرالێکی سیاسیان نەبوو بەرامبەر بە عێراق. لەسەر ئەم تێڕوانینە نارەوایەی ڕژێم کوردە فەیلیەکان ئاوارەی وڵاتانی ئێران و ئەوروپا و ئامریکا و ئوسترالیا بوون، توشی هەموو جۆرە نارەحەتی و مەینەتیەکی دەربەدەری بوون، ماڵ و موڵکی گوێزراوە و نە گوێزراوەیان لێداگیرکرا، بە سەدان و هەزارانیان لێبێسەروشوێنکرا ، جیاوازی نەکرا لە نێوان ژن و پیاو کور و کچە گەنجەکانیاند، بە تایبەتی کور و کچە گەنجەکانیان بەر شاڵاوی درندانە و چەپەڵی بەعسیەکان لە جەنگی عێراق ئێراندا کەوتن و بە سەدانیان تیاچوون. کوردە فەیلیەکان لە لایەکی تریشەوە بەر شاڵاوی تاوانی ئەنفال کەوتن و ئەم تاوانە نێودەوڵەتیە ئەمانیشی گرتەوە.

چارەسەری عەقڵانی بۆ ڕەگەزنامەی عێرق و مافی هاوڵاتی بوون، ئەوەیە کە جیاوازی نەکرێت لە نێوان ڕەگەز و تایەفە و ئاین و دیندا، عێراقیەکان لەسەر پرنسیپێکی نیشتیمان پەروەری و مافی هاوڵاتی بوون و یەکسانی بە سیستەمێکی دیموکراتی و پەرلەمانی کە نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی هەموو گەلی عیراق بێت بەبێ جیاوازی مافی هەموو کەس بپارێزرێت و هیچ جۆرە شوناسنامەیەک جگە لە شوناسنامەی عیرقی بوون نەخوێنرێتەوە و لەبەرچاو نەگیرێت، عێراق ببێت بە عێراقێکی دیموکراتی ئیتحادی. داوای بەردەوامی کوردە فەیلیەکان بۆ قەربووکردنەوەیان لەو زیانە گەورەیەی لێیان کەوتوە جێبەجێبکرێت.

پێویستەلە سەر ئێمەی عەرەب ئەوە باش بزانین کە کوردە فەیلیەکان بەشێکن لە گەلی کورد و گەلی کوردیش بەشێکی گەورە و سەرکی پێکدەهێنێت لە گەلی عێراق، پێویستەلەسەرمان دانبنێین بە مافی کوردەکاندا و هەموو مافێك بگێردرێتەوە بۆ کوردە فەیلیەکان، عەرەب کاتێك دەتوانێت بە مافەکانی خۆی بگات، کە مافی بەرامبەرەکەی لە بەرچاوبگرێت و دانی پیابنێت و ڕێزی لێبگرێت، دەبێت دژی هەموو ئەو ڕەفتارە رەگەزپەرستانەی سەردەمی پاشایەتی حوکمی عێراق و سەردەمی بەعسیە فاشیەکان بوەستینەوە.

## سەرچاوەکان:

**{١} فەیلی، نجم سلمان مهدی. فەیلیەکان. پاچونەوەی جەرجیس فەتحولا. دار شمس. ستۆکهۆلم. سوید. ٢٠٠١.**

**{٢} بە ڕەزامەندی هاوڕێم دکتۆر هادی مالك ئەم دەقە بڵاوبووەوە دوای گۆڕینی لە زمانی ئەڵمانیەوە.**

**{٣} لە پەنجاکاندا زۆرێك لە خەباتگێرانی کوردە فەیلیەکانم بینی، لە کاتی هەڵوێستەکانمدا یان لە کاتی بەندیخانەکانی عیراقدا. کە زۆرێك لەم خەباتگێرانە توشی پرۆسەی کۆچپێکردن و گواستنەوە ببوون، لە بەصرەوە بۆ موحەمەرە لە ئێران. کە پۆلیسی عێراقی دەیگەیاندن و رادەستی پۆلیسی ئێرانی دەکردن، دواجار پۆلیسی ئێرانی بە هەندێك بەرتیل یان بە بێ بەرامبەر ئازادی دەکردن. ئەمانیش دەستبەجێ دەگەڕانەوە بۆ بەصرە. هەر لە دوای گەڕانەوەیان توشی هەمان ئەو پۆلیسانە دەبوون کە گواستویانەتەوە بۆ موحەمەرە لە چاخانەکانی بەصرەدا و پێکەوە دەستیان دەکرد بە چا خواردن و پارە و وێری چاخواردنەکەش کوردە فەیلیەکان دەیاندا و پێکیشەوە بە شەمەندەفەر دەگەڕانەوە بۆ بەغداد.بەم جۆرە چیرۆکی و بەسەر هاتی گواستنەوەی خۆیانیان بە دەگێرامەوە. دواجاریش بە هۆی کاری سیاسیانەوە لە حیزبی شیوعی و حیزبی دیموکراتی کوردستاندا زۆر جار دەگیران و بەند دەکران.**

**{٤} فەیلی، نەجم سەلمان مەهدی. فەیلیەکان. پیاچونەوەی جەرجیس فەتولا. دار شەمس. ستۆکهۆڵ سوید. ٢٠٠١. ص ٢٠.**

**{٥} شەعبان د. عەبدولحسەین. ئەشکالیەتی ڕەگەزنامە لە هەردوو یاسای عێراقی و نێودەوڵەتیدا. ڕۆژنامەی زمان لەندەنی. زنجیرەیەك لە ئەڵقەی پەرتوکی دانەر. ئەڵقەی چوارهەم. ژمارە ١١٦٠. ١٤ مارت/٢٠٠٢ص.١٣.**

**{٦}.ئەلزری عەبدلکەریم، کێشەی حوکم لە عێراق دا. چاپی لەندەن. تشرین یەکەم/ ١٩٩١. ص.٢.**

**{٧} عنوز محەمد ، یاسای ڕەگەزنامەی عیراقی کێشەیەکی هەمیشەیی و چارەسەکردنی. لە گۆڤاری: ماف. کۆمەڵەی مافناسان، لەندەن. ژمارە ٤ ساڵی یەکەم حوزەیران/ ٢٠٠١. ص ١٥٥.**

**{٨}واقعی عێراقی. ژمارە ٢٣٢ لە ٢١،١٠،١٩٢٤**

**{٩} عنوز محەمەد.کێشەی هەمیشەیی لە یاسای ڕەگەزنامەی عێراقی دا.. سەرچاوەی پێشو ص ١٥٦.**

**{١٠}جابر جابری. پێشێلکردنی مافی کوردە فەیەلەیاکن لەلایەن ڕژێمی عێراقیەوە. ڕێکخراوی مافی مرۆیی کوردە فەیلیەکان. ڤینا. ١٩٩٣. ص ٢٣**

# قسەکانی عەلی حەسەن مەجید سەبارەت بەئەنفال

**ئەم ووتانەی عەلی حەسەن مەجید شاراوەنین و لەهەندێك شوێنیش بڵاوکراونەتەوە، بەڵام ئێمە بەپێویستمان زانی لەبەر دوو هۆکاری گرنگ جارێکی تر بیانخەینەوە بەرچاوی خوێنەران، یەکەمیان لەبەر ئەوەی هەندێك لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی پچر پچر یان بە جۆرێك نەشارەزاییەوە بڵاویانکردوتەوە، یان زمانی وەرگێرانەکەی لاوازبووە، دووهەمیان لەبەر ئەوەی ئەم وەرگێرانە لەکتیبی جینۆساید لەعێراق پەلاماری ئەنفال بۆسەرکورد وەرگیراوە، ئەنفالستان بە پێویستی زانی جارێکی تر بیخاتەوە بەردیدە.**



هەندێك لەوتەکانی عەلی حەسەن مەجید کە لەکۆبوونەوەکانی دا لەماوەی نێوان ١٩٨٨-١٩٨٩ لەگەڵ گەورە لێپرسراوانی بەعس و پارێزگاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کە بەکاسێت تۆمارکراون، ئەوکاسێتانەی وەرگـیـراون، لەڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١ لەماڵەکەی خۆی یان لەبارەگای نووسینگەی باکوردا دەستیان بەسەردا گیراوە:

١/-لەکۆبوونەوەیەکیدا، لەگەڵ ژمارەیەك لەئەندامانی نووسینگەی باکورو پارێزگارەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە ١٥/ ٤/١٩٨٨دا، عەلی حەسەن مەجید دەڵێت: ( لە هاوینی داهاتووەوە لێرەولەوێ هیچ گوندێك نامێنێت، تەنیا ئۆردووگا نەبێت، لە ئۆردووگاکان وەك چۆن مریشك جوجەڵەکانی دەخاتە ژێر باڵیەوە، ئەوا لەژێر ڕکێفی خۆماندا دەبێت، ئێمە خەڵك دەخەینە ئەو ئۆردووگایانەوەو لەژێرچاودێری خۆماندا دەبن، ناهێڵین چیتر لە گوندەکاندا وەك کەربژین، تێکدەران بچنەناویانەوەو سەردانیان بکەن، کۆچی گوندنشینەکان بۆ شار لە باکوری عێراقدا زۆر پێویستە.

لە ئێستاوە چیتر ( ئارد، شەکر، سووتەمەنی، ئاوو کارەبا) نادەم بەگوندنشینەکان. وایان لێدەکەم لێم نزیك ببنەوەو گوێم لێبگرن، ئەو شتانەیان پێدەڵێم کەبڕوام پێەتی و لەڕووی ئایدۆلۆژیی، پەروەردەیی و گیانی هاوبەش پێویستمان پێیەتی. چۆن دەیهێڵم لەگوندەکاندا بژین و وەکو کەر هیچ نەزانن؟ بۆ گەنم؟ گەنمی ئەوان ناوێت، ئێمە لەماوەی٢٠ ساڵی ڕابردوودا گەنممان لەدەرەوە کڕیوە، با بۆ پێنج ساڵی تریش بیکڕین.

من ئەو ناوچە فراوانە قەدەغە دەکەم، ناهێڵم کەس لەوشوێنانەدا بێت، چییە، گەر ئێمە ئەو ناوچانە هەمووی بکەینە قەدەغە کراو؟ لەقەرەداغەوە تا کفری بۆ دیالە بۆ دەربەندیخان بۆ سلێمانی؟ چ کارێکی باش دەبێت، چیمان لەو ناوچانە دەستکەوتووە.؟ بیربکەنەوە بزانن چیمان لەدەستچووەو چیمان بۆ ئەو ناوچانە کردووە، چەند هاووڵاتی باش لەناو ئەو خەڵکەدا بوون، چەندیان خراپ بوون، چ هەڵەیەك بووە؟ چی ڕوویدا؟ ٣٠، ٢٠، ٢٥ ساڵ لە چالاکی تێکدەرانە بیربکەنەوە چەند شەهیدمان داوە!..ئێستا ئێوە ناتوانن لە کەرکوکەوە بۆ هەولێر بەبێ پاسەوان بڕۆن، ئەو ناوچانە لە کۆیەوە بۆ ئێرە (کەرکوك).. دەمەوێت چۆڵیان بکەم، هەروەها لەگوێرەوە بۆ موسڵ چۆڵدەکەم، هیچ کەسێك جگە لەسەر شەقامی سەرەکی نامێنێت. بۆ (٥) ساڵ ناهێڵم هیچ کەسێك لەو شوێنانەدا بێت، کشتوکاڵی ئەوانم ناوێ، تەماتەم ناوێ، بامێ و خەیارم ناوێ، گەربەم شێوەیەکار نەکەین، چالاکی تێکدەرانە، نەك بۆ یەك ملیۆن ساڵ هەرگیز، کۆتایی نایات، ئەمانە هەموو تێبینیەکانم بوون، بەڵام بەیارمەتی خوا، لەنزیکترین دەرفەتدا ئەم کارانە دەکەین، لەمانگێك زیاتر ناخایەنێت، لەدوای هاویندا هیچ شتێك نامێنێت.

-٢کۆبوونەوەی لەگەڵ ئەندامانی نووسینگەی باکورو لێپرسراوانی بارەگاکانی بەعس لەپارێزگاکانی باکور: لەسەر کاسێتەکە نووسراوە٢٦ ئایاری ١٩٨٨، بەڵام لەقسەکانیدا دەردەکەوێت ١٩٨٧-ە.

(لە وەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی سەرکەوتنی هەڵمەتەکانی ڕاگوێزان):

لە ڕاستیدا ئەو کارەی تا ١٩٨٧ کردوومانە، حزبو سەرکردایەتی پێیان نەدەکرا، بەشێکی ئەوە بۆ یارمەتیو بەخشندەیی خوا دەگەڕێتەوە، هیچی تر نەبووە، بەپێچەوانەوە گەرئێوە سوپامەشقپێکراوەکەتان لە هەڵمەتەکان بەکاربهێنایە، ئەوا زیانتان لەئێمە زیاتر دەبوو، بزانن لەکردەوەیەکی لەوجۆرەدا، چەند شەهیدو قوربانی لێدەکەوتەوە، چی روویداوە؟ ئایا ئەوانە تێکدەرەکان بوون ؟ ئەو کەسانە بوون کە ئێوە لێیان دەترسان؟ ئەوەیە ڕووی ڕاستەقینەی تێکدەران، لەگەڵ ئەوەی ئێوە ئەو هەموو تواناو ئاسانکاریەتان هەیە، نەیان دەتوانیبەرەنگارتان ببنەوە، لەرابردووا بە چەند رەشاشێکەوە بەرەنگاری فیرقەیەك دەبوونەوە، ئەم جارە تەنیا لەدوورەوە ئێمەیان بەچەکی سووك بۆمباران دەکرد.

هەندێك لەئێوە کەلێرە کارتان دەکرد لەو کاتانەدا کەمن گەیشتم، بە پەرۆشبووم بۆ کارەکەم. لەوانەیە لەدڵیخۆتاندا وتبێتان "باشە، کەمێك چاوەڕوان بە! کەمێك چاوەڕوان بە " ئەو خەڵکانەی لەپێش ئێوەدا لێرە بوون، هەمان شتیان وتووەو هیچیان نەکرد!. ئێوە ناچار بوون کارێك بکەن، ئەو هەموو ساڵانە تێکدەران هەر هەبوون، لەکاتێکدا کە ئێمە سوپایەکی زەبەلاحمان هەبووە! سوێند بە خوا ئەو کارەبەم شێوەیە نەکراوە، هەموو سوپای عێراق نەیاندەتوانی کارەکەی ئێمە بکەن، بەڵام ئەو (ڕاگوێزانە) زیانی پێگەیاندوون، کوشتوونی، (دەنگێك لەدەنگی ئەبومحەمەد دەچێت: تەنیا خوادەتوانێت لەتۆ زیاتر بکات، بەپێچەوانەوە تۆ دەتوانی هەموو شتێك بکەیت، ئەم حزبی بەعسە دەتوانێت هەموو شتێك بکات).

تێکدەران چاوەڕوانی فەرمان و ڕێنمایی دەکەن، فەرمانەکان ئەو گەرموگوڕیەی جارانی نییە. پێشتر ١٠٠ جار بەهێزتر بوو، بەڵام ئەو بیروباوەڕەی لەگەڵدا نەبوو کە کۆتاییان پێبێنێت، ئێستا وایە ئێمە وتوومانە لەو بەروارەدا دەست بەهەڵمەتی ڕاگوێزان دەکەین، ئەوکارەشمان لەهەموو شوێنێك بەیارمەتی خواکردووە. لەهەمان رۆژدا(لە) لەتۆڵەی ئەوا قەرەداغ- یان گرت، جەلال تالەبانی داوا لێکردم کەناڵێکی تایبەتی بۆپەیوەندی لەگەڵ ئەودا بکەمەوە، ئەو ئێوارەیە من چووم بۆ سلێمانی بەچەکی تایبەتی لێمدان، ئەوە وەڵامی من بوو، بەردەوام دەبین لەڕاگوێزان، بەموستەشارەکانم وتووە کە لەوانەیە بڵێن گوندەکانیان خۆش دەوێت ونایانەوێت چۆڵی بکەن، وتم ناتوانم بیهێڵم گوندەکانتان بمێنێتەوە لەبەر ئەوەی بەچەکی کیمیاوی پەلاماریان دەدەم، دەبێت لەئێستاوە چۆڵی بکەن، بۆیە خۆتانو خێزانەکانتان دەمرن، دەبێت لەئێستاوە چۆڵی بکەن، لەبەرئەوەی ئەو رۆژەی دەمەوێت بەچەکی کیمیاوی پەلاماریان بدەم ناتوانم پێتان بڵێم، هەموویان بەچەکی کیمیاوی دەکوژم! کێ قسە دەکات؟ کۆمەڵی نێودەوڵەتی؟ لەکۆمەڵی نێودەوڵەتی بەم ، لەوانەشی گوێیان لێدەگرن، تەنانەت گەر جەنگی ئێران راوەستاو ئێرانیەکان لەوخاکانەی داگیریان کردووە کشانەوە، من گفتوگۆی لەگەڵداناکەم(تالەبانی)و ڕاگوێزانی گوندەکان ڕاناگرم، ئەوە نیازی منە، دەمەوێت چاك ئاگاداربن، هەرچەند زوو ڕاگوێزان تەواوبوو، لەهەر شوێنێك بن بەپێی پلانێکی سەربازیی تۆکمە هێرش دەکەینە سەریان، تەنانەت پێگە قایمەکانیشیان، لەپەلامارەکانماندا سێیەك، یان نیوەی ئەوەی لەژێرکۆنترۆڵیاندایە دەخەینە ژێر دەسەڵاتی خۆمان، گەر ئێمە هەوڵبدەین دوو لەسەر سێبگرین، ئەوا لەرووبەرێکی بچووکدا گەمارۆیان دەدەین و بەچەکی کیمیاوی هێرش دەکەینە سەریان، تەنیا رۆژێك بەچەکی کیمیاوی پەلاماریان نادەم بەڵکو بەردەوام دەبم بۆ ١٥ رۆژ، ئەوکاتە رایدەگەیەنم هەرکەسێك ئامادەیە بەچەکەکەیەوەخۆی بدات بەدەستەوە، دەتوانێت خۆی بداتە بەدەستەوە، یەك ملیۆن کۆپی لەم نووسراوانە بەکوردی، سۆرانیو بادینیو عەرەبی لەباکور بڵاودەکەمەوە، ناڵێم ئەمە لەحکومەتی عێراقەوەیە، نامانەوێت حکومەت بێتە ناو ئەو مەسەلەیەوە، دەڵێم ئەمە لێرەوەیە (نووسینگەی باکور)، هەرکەسێك دەیەوێت بگەڕێتەوە بەخێربێتەوە، ئەوانەشی ناگەڕێنەوە، جارێکی تر بەچەکێکی کیمیاوی نوێو وێران کەرلێیان دەدەینەوە، ناوی کیمیاوییەکە ناڵێم لەبەرئەوەی زانیاریەکی پۆلێن کراوە، بەڵام دەڵێم بەچەکی نوێی وێرانکەر کە لەناوتان دەبات، هەرەشەیان لێدەکەم و هانیان دەدەم خۆبەدەستەوە بدەن، ئەوکاتە دەبینن هەموو ئۆتۆمبیلەکانی خوا ناتوانێت هەڵیان بگرێت، پێموایەو چاوەڕوانم شکست بێنن، سوێند دەخۆم دڵنیام کەدەیان بەزێنین، بە هەڤاڵە پسپۆڕەکانم وتووە کە پێویستم بەگروپی پارتیزانە لەئەوروپاوە بۆ ئەوەی بیانکوژێت، هەرکەسێکیان لێببینین (تێکدەران)، ئەوەدەکەم بەیارمەتی خوا، دەیانبەزێنم و دوایان دەکەوم بۆ ناو ئێران، دوایی داوا لەموجاهیدین دەکەم لەوێ پەلاماریان بدات.

-٣کۆبوونەوەیلەگەڵئەفسەرانی ناونەبراو، ١ی ئابی١٩٨٨ هەر عەرەبێك ناسنامەی نەتەوەیی خۆی بگۆڕێت بۆ کورد، ئەوا بۆیە وا دەکات خۆی لەخزمەتکردنی سوپا بدزێتەوە. ئەمە کێشەیەکی گەورەیە، چی بکەین بۆ ئەو مەسەلەیە؟ بۆیە پارێزگاری موسڵ ئەوانە بە کورد ناونووس دەکات؟ داوامان لێکردوون هەموو ئەو کوردانەی لەوێن دەریان بکەن

بیاننێرن بۆ شاخەکان بۆ ئەوەی وەکو بزن بژین، بیان گێن! بۆچی خۆتان بەمانەوە شپرزە کردووە؟ ئێمە لەموسڵ بێ هیچ قەرەبوو کردنەوەیەك رامانگواستن، ماڵەکانیانم تەخت کرد، پێم وتن بەردەوام بن، برۆن، برۆن! بەڵام ئەوانەیان کە پێشتر جەنگاوەر بوون، لەسەرەتاوە پێیان دەڵێین دەبێت برۆن لە ئۆردوگاکاندا نیشتەجێ ببن، دوای ئەوە پێیان دەڵێین بچن بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆمی، هیچ بێنەو بەرەیان لەگەڵدا ناکەین، من بەڵێننامەکەیان بۆ دەخوێنمەوە پێویستە ئیمزای بکەن، دوای ئەوە لەهەرشوێنێکیان بیانبینین (دەنگە کەروون نییە) سەریان پان دەکەینەوە، ئەم سەگانە، مێشکیان دەهارین، بەڵێننامەکەیان بۆ دەخوێنینەوە: بە پێی ئەم دانپیانانەی کە ئیمزام کردووە پێویستە لەناوچەی ئۆتۆنۆمی نیشتەجێ ببم، بە پێچەوانەوە من ئامادەم هەموو جۆرە سزایەك قبوڵبکەم لەوانە سزای مردن، پاش ئەوە من بەڵێننامەکە دەخەمە گیرفانمەوەو بەمودیری ئەمن دەڵێم رێگایان پێبدات بۆ کوێ دەیانەوێت برۆن، دوای ماوەیەك، پرسیار دەکەم لە کوێن؟ ئەوان پێم دەڵێن، ئەمەیە، رەفیق حزبیەکان پێویستە راپۆرتم بۆ بنووسن و بڵێن فلان و فلان کەس لەوشوێنەدا دەژین، دەستبەجێ دەڵێم دەریان پەرێنن و وەکو خەیار لەتیان بکەن.

دەتانەوێت دانیشتوانی عەرەب بەو کەسە خوێنرێژانە زیاد بکەن؟ دەبێت ناوچەکەتان تەعریب بکەین (موسڵ).. تەنیا عەرەبە راستەقینەکان، نەك ئێزدی کە رۆژێك لەرۆژان وتوویانە کوردینو رۆژێکی تر وتوویانە عەرەبین، چاومان لە ئێزیدیەکان پۆشی کە ببن بەحاش، بۆ ئەوەی نەهێڵین ژمارەی تێکدەران زیاد ببێت، بەدەرلەوە، ئێزیدی بۆچی باشن؟ بۆ هیچ.

-٤کۆبوونەوەی نووسینگەی باکور بۆ پێداچوونەوە بەشاڵاوەکانی ١٩٨٧و ١٩٨٨، کاسێتەکە بەرواری لەسەر نییە، بەڵام لەوەجبەیەکدایە کە بەرواری ٢١-٢٢ کانوونی دووەمی ١٩٨٩ لەسەرە.

ترسناکترین قۆناغی هەرەشەکان بۆ سەر عێراق لەنێوان ئابی١٩٨٧و نیسانی١٩٨٨ بوو، رەوشێکی ترسناك بوو، دەستمان بەزنجیرەیەك کاری سەربازی جدی لە١٨ی شوبات بۆ ٤ ی ئەیلولی ١٩٨٨ کرد.

هەموو فەرماندەکانی فەیلەقی ١و فەیلەقی٥، فەریق نزار (ئەلخەزرەجی)و سوڵتان هاشم لەفەیلەقی(١)و تالع ئەلدوری، شهید حەدیسی، محەمەدو نیعمە فارسو ئەیادی فەیلەقی(٥) ئەم پیاوانەی ناوم بردن لە باکورخزمەتیان کردووە لەوکاتەوەی ملازم بوون، یەکەم کەسیان کەبووە ئەندامی حزبی بەعس تالع ئەلدوری بوو، کاتێك بریارماندا گوندەکان بروخێنین و گوندنشینەکان کۆبکەینەوەو هێڵی دابەشکردن لەنێوان ئێمە و تێکدەراندا بکێشین (ئەوەی پێی دەگوترێ هێڵی سوور)، یەکەم کەس کە گومانی خۆی بۆ من دەربری لەبەردەم سەرۆکدا تاڵیع ئەلدوری بوو، یەکەم کەس کە بەئاگای هێنامەوە تاڵیع ئەلدوری بوو، لەو کاتەوە تائێستا کاریگەریی تاڵیع


م٢/ ٨

بسم الله الرحمن الرحيم

... ٨
ا م ٣
٢/١٢

الاشارة الى الرقم كاملاً

(الشهادة الكريمة جوهرها)

رئاسة الجمهورية
السكرتير
مديرية الاستخبارات العسكرية العامة
منظومة استخبارات المنطقة الشرقية

سري وشخصي الرقم / ش٣/ ق٣/ / الاضبارة صلاح / ٤٠١

التاريخ / ١٢ / آذار / ١٩٨٩
/ شعبان / ١٤٠٩

الى / مديرية الاستخبارات العسكرية العامة (ش٣)

الموضوع / محضر اجتماع

بالساعة ١١٠٠ من يوم ١١ آذار ٨٩ عقد اجتماع في قيادة مكتب تنظيم الشمال حضره السادة المحافظين وأمناء سر الفروع وقادة الفيالق ومسؤولي الاجهزه الامنيه وفيما يلي أهم الامور التي تمت مناقشتها خلال الاجتماع :-

١. أشار الرفيق مسؤول المكتب في بداية حديثه الى ضرورة تدارس الوضع في الشمال بعد انتهاء عمليات الانفال وطرد المخربين خارج الحدود واعادة النظر ببعض القرارات التي اتخذت في حينه لظروف استثنائيه .

٢. تم التركيز خلال الاجتماع على مسألة جوهريه وهي تحديد الاماكن المحذوره أمنيا "والاماكن الغير المحذوره وكذلك المناطق التي من الممكن زراعتها والتواجد فيها نهارا" والانسحاب منها ليلا" وكذلك المناطق الممكن زراعتها والتواجد فيها ليلا" ونهارا" وقدم قادة الفيالق شرحا" مفصلا" عن المناطق المشار اليها أعلاه وطلب منهم الرفيق مسؤول المكتب تحديد ذلك رسميا" لكي يتم التعامل على أساسه بشأن الذين يتواجدون في المناطق المحرمه والمحذوره وأكد على ضرورة الرجوع الى توجيهات المكتب السابقه بصدد التعامل معهم .

(١ - ٣)

شتێکی ئاشکرایە، ئەو گوندانەی وێران نەکرد کەلەوکاتەدا داوام لێکردبوو، ئەمە بەتەمەن ترین ئەندامی حزبی بەعسە ئەی ئەوانی تر دەبێ چۆن بن؟ چۆن قایلمان بکردنایە کەمەسەلەی کورد چارەسەر بکەن و تێکدەران سەرببڕن. بۆیەخۆبەدەستەوەدانی(تێکدەرا نمان) لە کەناڵەکانەوە نیشاندان، وابکەم کەبەشێوەیەکی باش بمێننەوە؟ چیم لەوبزنانە بکردایە ؟ پەیامێکم پێگەیشت لەلایەن ئەو پیاوە مەزنەوە، باوك (سەدام حسێن)، دەڵێت: ئاگاداری خێزانی تێکدەرەکان بەو ئەمەو ئەوە، فەرماندەیی گشتی پەیامەکەی بۆ هێنام، پەیامەکەیم خستە سەر سەرم.

بەڵام ئاگات لێیان بێت؟ نا، بەبلدۆزەر زیندە بەچاڵیان دەکەم، دوایی داوای ناوی هەموو دەستگیرکراوەکانم لێدەکات بۆ ئەوەی بڵاویان بکاتەوە وتم: قایلن بەوەی لەتەلەفزیۆن بینیوتانەو لە رۆژنامە خوێندوتانەتەوە؟ بۆکوێیان بەرم ئەم هەموو خەڵکە؟ دەستم کرد بەدابەشکردنیان لەنێوان پارێزگاکاندا. دەبوایە بلدۆزەربنێرم بۆ نزیكو دوور.

-٥کۆبوونەوەی پێشوازی لەحەسەن عەلی ئەلعامری کەپێش عەلی حسن مەجید سکرتێری گشتی نووسینگەی باکوور بوو، ١٥ی نیسانی ١٩٨٩.

دەمەوێت بڵێم کەمن نەئێستاو نە لەداهاتوودا کەسێکی شیاو نیم بۆ ئەو رەوشە سەقامگیرەی باکور بۆ ئەم ئاشتیو سەقامگیرییە، هەڤاڵ عەلی حەسەن کەسێکی گونجاوە، من ئامادەم بگەڕێمەوەو هەرکارێك ئێوە بەپێویستی دەزانن بیکەم، بۆیە حەز دەکەم هەر بەئەندامی نووسینگەی باکوور بمێنمەوە، هیوادارم هەڤاڵانی باکوور داوا لە هەڤاڵ حەسەن عەلی نەکەن ئیجرائاتی ئیداری و هەندێ شت بکات کەناتوانێت و دەرەقەتیان نایەت، چونکە قۆناغەکە تەواوبوو، لەمەودوا رێگا نادرێت بە ئەندامێکی سەرکردایەتی دەسەڵاتی بەسەر سوپادا هەبێت، لەبەر ئەوەی باردۆخی نائاسایی تەواو بوو، ئەم دەسەڵاتانە لەهەڤاڵ عەلی حەسەن نەسەنراوەتەوە لەبەرئەوەی ئەو لەئاستی ئەركو فەرمانەکەدا نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەیەکە قۆناغەکە ئێستا تەواوبووە. لەیەکەم کۆبوونەوەم، لەگەڵ فەرماندەی فەیلەقەکانی سوپا، بەرێوەبەرانی ئەمن و پۆلیس، پارێزگارەکانو لێپرسراوانی حزبی بەعس لەنیسانی ١٩٨٧، بریارماندا بۆ لەناوبردنی تێکدەران تەواوی خەڵکی گوندەکان رابگوێزین، کارەکەمان بەدوو قۆناغ جێبەجێکرد، یەکەم قۆناغ لە ٢١ی نیسان دەستی پێکردو تا ٢١ی مایسی خایاند، دووەم قۆناغ لە٢١ی مایسەوە تا ٢١ی حوزەیران، لە٢٢ی حوزەیران بەدواوە هەرکەسێك لەو ناوچانەدا بگیرایە دەبوو دەستبەجێ بەبێ هیچ ڕاڕاییو دوو دڵییەك بکوژرایە، بەپێی ئەو بریارو راسپاردانەی تا ئێستاش کاریان پێدەکرێ. لەکۆبوونەوەیەکماندا لەگەڵ سەرۆکەکانی ئەرکانی سوپا یەکێك لەباشترین فەرماندەکانمان داوای لێکردم، مانگێك شاڵاوەکە دوابخەم وتم: نەخێر، تەنانەت یەك رۆژیش دوای ناخەم و لەئێستاوە دروشمی ئێمە دەبێت رامالینی چالاکی تێکدەربێت. ئەمە ئامانجی ئێمەیە، ئەمە ئامانجی ئەم قۆناغەیە، هەر کەسێك واهەست دەکات توانای جێبەجێکردنی ئەم کارەی نییەبا ئێستا پێم بڵێت، یەکێك لە باشترین فەرماندەکان کە فەرماندەی فەیلەقی پێنجە، پێی باشنەبوو، منیش لەداخا کەرەستەو توانای زیاترم لە فەیلەقی یەك خستەبەردەستی، ئەنجامەکەشی ئەوە بوو کە تێکدەران کۆتاییان پێهێنراو دوای ئەوەی ٤٠٪ی توانای عێراقیان پەکخستبوو، کاتێ لێبوردنەگشتییەکەی ئەیلولی ١٩٨٨ راگەیەنرا، هێندەی نەمابوو عەقڵم تێکبچێت، بەڵام وەك ئەندامێکی لێپرسراو لەحزبداوتم، باوابێت من دەموت لەوانەیە ئێمە خەڵکی باشمان لێهەڵبکەوێت لەناویاندا (لەناوکورددا)، چونکە ئەوانیش گەلی خۆمانن، بەڵام هەرگیزکەسمان نەدۆزییەوە، خۆ ئەگەر دەربارەی کاربەدەستە پایەبەرزەکانی کورد پرسیارم لێبکەن، کامیان باشو دڵسۆزن، من دەڵێم تەنیا هەردوو پارێزگارەکەی هەولێرو سلێمانی، بێجگە لەم دووانە کەسیان نەباشو نەدڵسۆزن، من گریانم دێت کاتێك شانۆگەرییەك یان فلێمێکی تراجیدی دەبینم، رۆژێکیان دەستم کرد بەگریان، کاتێك لە فلیمێکدا بینیم ئافرەتێك بزربووەو لەخێزانەکەی دابراوە، بەڵام حەز دەکەم پێتان بڵێم کەوا ئەوەی کردم، کردم و دەبوو وام بکردایە، باوەرناکەم ئێوە بتوانن لەوەی کە من کردم زیاتر بکەن، حەز دەکەم لەبارەی دوو خاڵەوە قسەبکەم: یەکەم، بە عەرەبکردن و دووەم ئەو شوێنانەی هاوبەشن لە نێوان ناوچە عەرەبنشینەکانوناوچەی ئۆتۆنۆمیدا، ئەوخاڵەی قسەی لەسەر دەکەین کەرکوکە، کاتێك من هاتم عەرەب و تورکمان ٥١٪ی سەرجەم دانیشتوانی کەرکوك زیاتر نەبوون، وێرای هەموو شتێك من ٦٠ ملیۆن دینارم خەرج کردووەتا گەیشتووینەتە ئەم بارەی ئێستا، حاڵیحازر مەسەلەکە ڕوونە و بۆ زانیاریتان ئەو عەرەبانەی کە هێنراون بۆ کەرکوك رێژەکەیان بۆ ٦٠٪ یش بەرزنەکردەوە. پاشان تەعلیماتمان دەرکردو نەمهێشت کورد لەکەرکوك، لەو نزیکانەوگوندەکانی دەوروبەریداو لە دەرەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کاربکەن، کەرکوك تێکەڵەیەکی نەتەوەو ئاینو مەزهەبە، ئەو خەڵکانەی کە ئێمە لە٢١ی مایسەوە بۆ ٢١ی حوزەیران رامانگواستوون، یەك کەسیان لەناوچە قەدەغە کراوەکاندا نەبوون، بەڵام لەژێرکۆنترۆڵی تێکدەراندا بوون، جا ئیتر لایەنگرانی ئەوان بووبن یان دژیان.

# تاوانی جینۆساید لەدارفۆر

ئا: حسن حسێن






له ٤/ ٣/٢٠٠٩ دادگای لاهای، له پای ئەو تاوانه به مرۆییانەی سەرۆکی سۆدان‌و چەکدارەکانی جەنجەوید دەرهەق بە خەڵکی سیڤیلی دارفۆر ئەنجامیان داوە، بڕیاری دەستگیرکردنی سەرۆکی ئەو وڵاتە (عومەر حەسەن بەشیر)ی دەرکرد. دارفۆر ئەو ناوەیە کە چەند ساڵێکە لەڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە گوێبیستی بووین، سا یا لەدووتوێی هەواڵی توندوتیژیی‌و ململانێی خوێناویدا بێت، یا له هەواڵی چالاکی ڕێکخراوە جیهانییە خێرخوازییەکان له ئۆردوگاو پەناگاکانی که هاوڵاتیانی ئەم هەرێمە پەنایان بۆ بردووە، یاخود لەهەواڵی ئەو هەوڵ‌و کۆبوونەوانەدا بێت کە UN وناوەندە نێو دەوڵەتییەکان دەیدەن بۆ گەیشتن بە بڕیار لەسەر ئەو کێشەیە. ئەمەش بەڵگەیەکە بۆ دەرهاویشتەکانی جینۆساید کە بەتەنها لەیەك ئاستدا ناوەستێتەوە ڕەهەندی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، مرۆیی‌و تەنانەت سایکۆلۆجیشی هەیە.

هەرچەندە توندو تیژی‌و ململانێی خوێناوی‌و دوژمنایەتی، لەم هەرێمەدا، بەهۆی سروشت‌و هەڵکەوتەی جوگرافی‌و پێکهاتەی دانیشتوانەوە مێژوویەکی هەیە. بەڵام ئەوەی کە لەم ساڵانەی دواییدا ڕوویاندا جیایە لەو ململانێ‌و شەڕوشۆڕە ناوخۆییە بەردەوامانەی خێڵەکان‌و دەچنە خانەی پاکتاوی ڕەگەزی‌و کۆمەڵکوژی ڕێکخراوەوە کە دەوڵەت بەڕێوەی بردووە. کەوایە دەکرێت بپرسین ئەو هۆکارانە چین کە ئەم کێشەیەیان بەم ئاستە گەیاندووەو ڕەهەندێکی سیاسی‌و نێو دەوڵەتییان پێبەخشیوە؟ ئایا دەستگیرکردن‌و دادگایی کردنی سەرۆکی سۆدان کلیلی چارەسەری کێشەکەیە؟

**پێگەی جوگرافی دارفۆر**دارفۆر یەکێکە له هەرێمەگەورەکانی سۆدان، زۆر جاریش بە سۆدانی بچووك ناودەبرێت، یەك لەسەر پێنجی ڕووبەری ئەم وڵاتە پێك دەهێنێت. ڕووبەرەکەی ٥١٠،٠٠٠ کم$^2$، ژمارەی دانیشتوانەکەیشی ٦ ملیۆن کەسن. ئەم هەرێمە سنووری بە وڵاتانی چاد، لیبیا، ئەفریقیای ناوەڕاستەوەیە، له ناوخۆشدا دەریای غەزال‌و کردۆفانیش دەکەونە ڕۆژهەڵاتییەوە. ناوچەیەکی شاخاوییەو دۆڵیشی تێدایە. لەڕووی ئیدارییەوە دابەش بووە بە سەر سێ ناوچەدا باکووری دارفۆر کە پایتەختەکەی شاری( فاشر)ە، باشووری دارفۆر پایتەختەکەی (نیالا) یەو ڕۆژئاوای دارفۆر پایتەختەکەی (جەنینە) یە.له ڕووی جیۆپۆلیتیکیشەوە بەهۆی کراوەیی سنورەکەی بەسەر چەند وڵاتێکدا، ڕەچەڵەکی هاوبەشی خێڵەکان لەگەڵ خێڵەکانی چادو ئەفریقادا، فراوانی ڕووبەرو دۆزینەوەی کانزاو نەوتەوە گرنگییەکی زۆری هەیە. شەڕی ناوخۆی چاد، ململانێی چاد ـ لیبیا، شەڕی ناوخۆی ئەفریقای ناوەڕاست کاریان تێکردووە. بەهەمان شێوەش له ململانێ نێوخۆییەکانی چاد دا وەك پشت هەیوانێك وا بووە. واتە لەسەر کێشمە کێشە سیاسیەکانی ئەو وڵاتانە هەم کارتێکەر بووە هەم کارتێکراو. بۆ نمونە له وڵاتی چاد ئەوکودیتا سەربازیەی

لێدەرچێت کە بووە هۆی رووخانی (فرانسوا تمبلبای) کە یەکەم سەرۆکی وڵات بوو لەدوای سەربەخۆبوونی لەدەست فەرەنسا، هەمووکودیتاکانی تر لەو وڵاتەدا پەیوەندییان بە دارفۆڕەوە هەبووە، هەر لە رووخانی فیلیکس مالومەوە تا گۆکۆنی عوەیدیو حسین حبری. جگە لەوەی بەهۆی لێکەوتی راستەوخۆیەوە لەگەڵ وڵاتانی فرانکۆفۆنیدا گرنگییەکی تایبەتیشی لای فەرەنسا هەیە. هەر لەم رووەوە دەکرێت بەناوچەیەکی ململانێی بەردەوامی ناوبەرین.

**نەخشەی ئیداریی هەرێمی دارفۆر**

**ئابووری و بەروبوومی دارفۆر:**

ئەم هەرێمە دارستانی هشابی زۆرە کە کەتیرەی عەرەبی لێبەرهەم دێت. لە باشووری رۆژئاواشەوە لۆکەو توتن بەرهەم دەهێنرێت جگە لە گەنمو گەنمەشامی. بەڵام بەگشتی بە ناوچەیەکی سەخت دەژمێردرێت، سەرچاوەی ئاویی کەمە بۆیە بایەخدان بە لەوەرگاو سامانی ئاژەڵی ئەم ناوچەیە کە وشتر، مەڕو مانگای زۆرە دیاردەیەکی زەقە. بەم دوایانەش کانزاو نەوتی لێدۆزرایەوە. بەڵام لەرووی خزمەتگوزاری تەندروستیو خوێندنگاو ئاوەدانکردنەوەوە ناوچەیەکی پشت گوێ خراوە.

**سامانی نەوتی لە دارفۆر**

**پێکهاتەی دانیشتوان و ژیانی کۆمەڵایەتی دارفۆر:**

دانیشتوانی ئەم ناوچەیە لە کۆمەڵێك خێڵو تیرە پێکهاتوونو نەژادیشیان دەگەڕێتەوە سەر زنج، حامو سام. لە رووی ئاینیشەوە موسڵمانی سونە مەزهەبن. ٧٥٪ ی دانیشتووان گوند نشین، ١٥٪ رەوەندو باقییەکەیشی لە شاردا دەژین. ئەمەش ماناى وایە ژیانی ٨٠٪ خەڵکی ئەم ناوچەیە لەسەر زەوی و زارو ئاژەڵدارییەو هەر ئەمەش هۆکارێکە بۆ مانەوەی نەریتی خێڵەکی لەم ناوچەیەدا. لە ڕاستیدا خێڵەکی بوون سیمایەکی ئەم هەرێمەیە. بۆ نمونە لە رۆژئاوای دارفۆر،کە ١،٧ ملیۆن کەسن، مۆزایکێکی هەمە چەشن لەنەژادی جۆراوجۆری تێدایە، بەڵام هەردوو خێڵی مەسالیتو



فۆر دەسەڵاتدارو خاوەن نفوزن. لەناوچەکانی جەنینەو هەبیلە مەسالیت ٦٠٪ی دانیشتوان پێك دەهێنن. پاشان عەرەبو ئەفریقییەکان لە خێڵی زەغاوە، ئەرینگا، غمر، داجۆ، بۆرگۆ، فۆر. بەڵام زۆرینەی خێڵەکانی فۆر لە زالینگی، شاخی مورەو دۆڵی سالحن. وشەی (دار) کە بەشێکی ناوی(دارفۆر)ی پێکهێناوە واتە نیشتمان. کەواتە دارفۆر واتە نیشتمانی خێڵی (فۆر). دار مەسالیتیش (واتە نیشتمانی خێڵی مەسالیت) لەشاری جەنینەی پایتەختی رۆژئاواو دەکەوێتە باکوورو باشووری رۆژئاوای دارفۆرە. لە رووی زمانیشەوە جگەلە عەرەبەکان خێڵە ئەفریقییەکان زمانی خۆیان هەیەو پێی دەئاخفن.

**دابەش بوونی خێڵەکیی لە دارفۆر**

**توندوتیژیو ناکۆکییەکانی هەرێمی دارفۆر**

بوونی چەكو بازرگانی کردن بەچەکەوە دیاردەیەکی بەربلاوە لەدارفۆردا، ئەمەش بۆ چەندین هۆکار دەگەڕێتەوە، لەوانە شەڕی ناوخۆی وڵات کە لەنێوان باشوری کریستیانی بەسەرکردایەتی جۆن گەرەنگو حکومەتە ئیسلامییەکەی سوداندا دەگوزەرا، هەروەها شەڕی ناوخۆی وڵاتانی دراوسێی سوودان لە سنووری دارفۆرەوە.

ساڵی ١٩٨٦ لەشەڕی دەوڵەت لەگەڵ بزووتنەوەکەی جۆن گەرەنگداو بۆ ڕێگرتن لە تەشەنەسەندنی بزووتنەوەی میلی رزگاری سوودانو گەیشتنی بە دارفۆر، حکومەت ئەم میلیشیایانەو خێڵە عەرەبەکانی لە دژی جوڵانەوەکەی جۆن گەرەنگ چەکدارکرد. لەساڵانی حەفتاکانو هەشتاکانی سەدەی رابردووشدا لە وڵاتی چاد شەڕی ناوخۆ دروست بوو، پاشان لیبیا دەستی لەشەڕەکە وەردا، هەروەها لەئەفریقیای ناوەڕاستیش شەڕی ناوخۆ دروست بوو. بە هۆی ئەم جەنگانەوە ئەم ناوچەیە بووە مەیدانێکی مامەڵەکردن بە چەكو بازرگانیکردن پێوەی.

لێرەوە پەنابردنە بەر چەك، لەکێشەو ململانێی نێوان خێڵەکاندا، کارێکی

ئـاسـانـە. بـەڵام بـەوئـەنـدازەیـەش کە کۆمەڵگا سەرەتایی بێت، چ کێشمەکێشو ململانێکان چ چارەسەرکردنیشیان سادەو سەرەتایی دەبن. لەم رووەوە ناکۆکیو ململانێی نـێـوان خـێـڵو هـۆزەکـان لە دارفور، وەك هەرکۆمەڵگایەکی سەرەتایی تر کەکشتوکاڵو ئاژەڵداری شا دەماری ژیانیان پێك دەهێنێت، لەسەر زەویو زارو لەوەڕگایە. بەتایبەت لەگەڵ رەوەندو شوانکارە عەرەبەکاندا کە هاتوونەتە ئەم ناوچەیە. لە چارەسەرکردنی کێشەکانیشدا پشت بە میکانیزمو شێوە رێکخستنو پەیوەندیە نێو خۆییەکان دەبەستن. بۆ نمونە لە ساڵی ١٩٨٩ دا کێشەیەکی زۆر سەخت و توند لەنێوان خێڵی فۆر( ئەفریقییەکان)و عەربەکاندا رویدا، کە پاشان لە شاری (فاشر) بەچاودێری عومەر حەسەن ئەلبەشیر کۆنگرەیەك بۆ رێکەوتنو ئاشت بوونەوە سازدرا. لەساڵانی ١٩٩٨و ١٩٩٩ دا کاتێك عەرەبە رەوەندەکان هاتن بەرەو ئەم ناوچانە شەڕو پێکدادانی خوێناوی لەنێوان ئەم خێڵانەو خێڵی مەسالیتدا دروست بوو، کە نزیکەی ٦٠ گوندی ئەم خێڵانە سوتانو ٦٩ کەسیشیان لێکوژرا، نزیکەی ٥٠٠٠ کەسیش رووەو چاد رایان کرد. لە ساڵی ١٩٩٩ دا شەڕو ململانێی خوێناوی تر روویانداو ئەمجارە حکومەت بەهۆی سوپاوە دەستی لە کێشەکە وەردا. ئەفسەرێکی سەربازیی کردە بەرپرسی گشتی ئاسایشی ناوچەکەو دەسەڵاتی ئەوی زاڵ کرد بەسەر بەرپرسی یەکەمی هـەرێمـەکـەدا، پاشان دەستگیرکردنو ئازارو ئەشکەنجەدانی رۆشنبیرانو ریش سپییەکانی ناوچەکە دەستی پێکرد. هەڵبەتە ئیجرائاتەکانی حکومەت لێرەوە دەست پێناکات، بەڵکو لە ساڵی ١٩٩٤ یشدا لە چوارچێوەی رێکخستنەوەی ئیداریی ناوچەکەدا کۆمەڵێك پۆستو بەرپرسیارێتی دا بە عەرەبەکان لە هەرێمەکەدا، ئەمەش بەلای خێڵەکانی مەسالیت، فۆرو زەغـاوەوە هەوڵێکی حکومەت بوو بۆ کەم کردنەوەی دەسەڵاتی خۆجێیی هەرێمەکەو سەندنەوەی رۆڵی سەرکردایەتی لەوخێڵانەو زیاد کردنی رۆڵی عەرەبەکان لەو ناوچەیەدا.

لە شوباتی ٢٠٠٣ دا کاتێك شەڕی بیست ساڵەی نێوان بزووتنەوەی میللی سۆدانو حکومەت کۆتایی هاتو گفتوگۆ دەستی پێکرد. بزووتنەوەی رزگاری سۆدانو بزووتنەوەی دادو یەکسانی لە دارفۆر کە دوو بزووتنەوەی سیاسی بوون، لەبەرامبەر پەراوێزخستنی دارفۆر لەدەسەڵاتداو لەدژی قۆرخ کردنی دەسەڵات لەلایەن ناوچەی سەنتەری نیلەوە(خەرتوم، کۆستیو ستار) هەروەها لەبەرئەوەی لە گفتوگۆ سیاسییەکانی نێوان جۆن گەرەنگو حکومەتی سۆدان دا بەشدار نەکرابوون، پەنایان بۆ چەك برد. هەر ئەو دەرهاویشتانە بووکە لە ململانێی چەکداریی نێوان هەردوو بزووتنەوەکەی دارفۆرو حکومەتی سۆدانەوە کەوتنەوە، رەهەندێکی سیاسیدا بە ئەزمەکەو وەك جینۆساید لە ئاستی جیهانیدا ناساندی.

حکومەت لەم کێشەیەدا خێڵە عەرەبەکانی بەکارهێنا بۆ خزمەتکردن بەسیاسەتە شۆڤێنییەکانی خۆی، بەتایبەت میلیشیای جەنجەوید. دەوڵەت لەکاتێکدا ئـەم هێرشانـەی دەست پێکردوکەوتە قڕکردنو راگواستنی زۆرە ملێی خەڵکی ئەو ناوچەیە کە چاوی کامێراکان لەسەر باشووری سۆدانو رێکەوتنی (بزووتنەوەی میللی رزگاریی سۆدان) بەسەرکردایەتی (جۆن گەرەنگ)و حکومەتی سۆدان بوو. حکومەت سەرگەرم بوونی میدیاکانی جیهانی بەو گفتوگۆیانەوە بەهەل زانیو لەوەڵام بە خەباتی چەکداریی دارفۆرییەکان کەوتە هێرشو پەلامارێکی هەمەلایەنە.

کەواتە ئەو دۆخەی کە لە دارفۆر هاتە ئاراوە بەرەنجامی تێکەڵ بوونی کۆمەڵێك



ململانێ بوو، شەڕو ململانێی ناوخۆیی، شەڕی حکومەت لە دژی ئۆپۆزسیۆن کە تیایدا میلیشیاکانی حکومەت شەڕی خەڵکی مەدەنییان دەکرد. لەم شەڕانەدا جگەلە سوپاو ئامێری سەربازیی، چەکدارەکانی جەنجەوید بە سواری ئەسپو وشترەوە هێرشیان دەکردە سەر گوندەکانو گوندنشینەکانیان دەکوشت یا بەدیل دەگرتو دەغڵو دانیان دەسووتاندنو مەڕو ماڵاتەکانیاشیان دەکوشتنو تاڵانو راو روتیش ئەنجام دەدران. وشەی جەنجەوید لەسێ برگە پێکهاتووە جەن واتە پیاو، جەو یا جەی واتە چەکی جیم ٣( لای خۆمان بە ژێ سێ ناسراوە)، وید واتە ئەسپ، بۆیە وشەکە مانای پیاوێکی ئەسپ سواری چەك بەدەست یا چەك بەشان دەگەیەنێت.

**چەکدارێکی میلیشیای جەنجەوید**

ئەمچەکدارانە بەرواڵەت شەڕی ئۆپۆزسیۆنیان دەکرد، بەڵام لەپاڵ ئەمەوە پرۆسەیەکی جینۆسایدی سیستماتیکیان لەدژی خێڵە ئەفریقییەکان ئەنجامدا. هەرچەندە حکومەتی سۆدان یارمەتیدانو بەکارهێنانی ئەم میلیشیایانەی لە شەڕەکەدا رەت دەکردەوەو بە چەتەو تاڵانچی ناوی دەبردن. بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەم میلیشیایانە بەتایبەت جەنجەوید کە روویان کردبێتە هەر شوێنێك کێڵگەو مەزراکانیان سووتاندووەو مەڕوماڵاتیشیان کوشتووە.

ئامانجەکەشیان ئەوەبووکە خەڵکی ئەو ناوچانە دەرپەڕێنن‌و عەرەبە رەوەندەکان لەشوێنیان نیشتەجێ بکەن. بەپێی راپۆرتەکانی UNو هیومان رایتس وۆچ لەم شەڕو کۆمەڵکوژییانەدا نزیکەی ٧٠ هەزار کەس کوژراون، کە ژن‌و منداڵ‌و پیرو پەککەوتەشی تێدایە، ١,٥ ملیۆن هاوڵاتی ئاوارە بوون، لاقەکردنی ژنان بە شێوەیەکی بەربڵاو روویانداوەو هەروەها کوشتنی بەکۆمەڵی دیلەکان لە شوێنی دەست بەسەرکردنیان‌و زیندە بە چاڵ کردن ئەنجامدراوە. ئەو خەڵکانەش کەگیراون سەرباری ئەوەی خانوو ماڵ‌و حاڵیان روخێنراوەو سوتێنراوە، بە تۆپزیش لە ئۆردوگاکاندا نیشتەجێ کراون بۆ ئەوەی نەگەڕێنەوە زێدی خۆیان. تەنانەت باس لەوە دەکرێت کە قورئان‌و رەمزە ئایینییەکانیش سوکایەتیان پێکراوە، لەکاتێکدا خەڵکی ئەم ناوچەیە بە زۆری موسڵمانیشن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، یەکەم: ئۆپەراسیۆنەکان پاڵنەری ئایینیان لە پشتەوە نەبووە، بەڵکو پاڵنەرەکە نەژادییە. دووەم: دووبارە بوونەوەی ئەم رەفتارانە لە ئەنفالەکانی کوردستانیشدا نیشانی دەدات لە کۆنەستی عەرەبدا ئەوە چەسپاوە کە خۆی خاوەنی ئیسلام‌و قورئانەو ئەوکەمینە نەتەوەییانەی نێو وڵاتەکانیان کە موسڵمانن بە پێی پێودانگی سیاسی‌و بەرژەوەند خوازی نەتەوەیی عەرەب شوناسی موسڵمان بوونیان پێدەبەخشرێت یان لێ دەسەنرێتەوە.

لەم کۆمەڵکوژییانەدا سێ جۆر کوشتاری بەکۆمەڵی مرۆیی پەیرەو کراوە: یەکەم: کوشتن‌و ئیعدام کردن لەدەرەوەی دادگا لەلایەن سوپاو میلیشیای جەنجەویدەوە . دووەم: لەو هێرشانەدا کە سوپاو میلیشیای جەنەجەوید پێکەوە پێی هەستاون. سێیەم: بەهۆی چەکی قورسەوە کە بۆ پاڵپشتی کردنی هێرشی زەمینی سوپاو جەنجەوید بەکارهێنراون. ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم کۆمەڵکوژییانەدا، وەك پرۆسەکانی ئەنفال لە کوردستان، شایەتحاڵ‌و کەسانێك هەن کە لە مردن رزگاریان بووە. بۆ نمونە رۆژی ١٠ی شوباتی ٢٠٠٤ لە هێرش بۆ سەر گوندی تولوس، پاش بۆردۆمانی فرۆکەکان کە لە جۆری ئەنتۆنۆف بوون، زۆربەی خەڵکی گوندەکە کە پێشتر هەواڵیان بیستبوو کە سوپاو جەنجەوید بەرێوەن، هەڵاتبوون‌و لە شاخەکان خۆیان شاردبووەوە. بۆیە جەنجەوید گوندەکەیان سووتاندوەو پاشان کەوتونەتە کێوماڵ کردنی ناوچەکەو نزیکەی ٢٣ کەسیان کوشتووە، ١٥ کەسیان کە حەوتیان ژن‌و منداڵ بوون پێکەوە کوشتووە. حسێن منداڵێکی تەمەن دوانزە ساڵە، رووداوێکی ئەو رۆژە بەم جۆرە دەگێڕێتەوە : لەگەڵ سێ منداڵی تر (یاسین دوانزە ساڵ، مانیۆ نۆ ساڵ، فاتیمە حەوت ساڵ) لە دۆڵێکداو لە بن دارێك خۆمان شاردەوە. ژمارەیەکی زۆری جەنجەویدو سەرباز هاتن‌و دەستیان کردە تەقەکردن لێمان. فیشەکەکان بەر دەستی راست‌و قاچی راست‌و دەم‌و چاوم کەوتن. من کەوتمە سەر زەوی‌و هەموو هاورێکانیشم بینی کە کەوتنە سەرزەوی، هەر لەوکاتەدا لاشەی سێ کەسی ترم بینی کە لە دۆڵەکەدا کەوتبون کە یەکێکیان ژنێك بوو ناوی قاسمە موحەمەد یوسف بوو. بەرلەوەی تەقەمان لێبکەن پێیان دەوتین ئێوە تۆرابۆران( ئاماژەیەکە بۆ شاخی تۆرابۆرای ئەفغانستان کە چەکدارەکانی ئەلقاعیدەی لێبوو). نمونەکانی کوشتاری بەکۆمەڵ زۆرن‌و ئێمە لێرەدا لەمە زیاتر لەسەریان نارۆین.

**چارەنووسی ئەم کێشەیە بەکوێ دەگات؟**

ساڵی ٢٠٠١ ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکان کۆمەڵێك سزای ئابووری بەسەر سۆداندا سەپاندو سەفەری دەرەوەی لە هەندێك بەرپرسی حکومی قەدەغەکرد، چونکە بەئەنجامدانی تاوانی جەنگ لە دارفۆر تۆمەتباری کردوون. لە ئازاری ٢٠٠٧ یشدا دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکان بڕیاری دەستگیرکردنی وەزیری ناوخۆی ئەو کاتەی سۆدان( ئەحمەد موحەمەد هارون)و سەرکردەیەکی میلیشیای جەنجەوید بەناوی( عەلی عەبدولڕەحمان کوشیب) دەرکرد. چونکە تاوانی جەنگ، قڕکردن‌و تاوانی دژی مرۆڤایەتییان لە دارفۆر ئەنجامداوەو دادگاکە داوای لە حکومەتی سۆدانی کرد کە هەردووکیان رادەست بکات، بەڵام بەشیر ئەوەی رەت کردەوە. لە٤ی ئازاری ئەمساڵیشدا دادگای لاهای بڕیاری دەستگیرکردنی بەشیری دەرکردو بەمەش لەدوای چارڵز تایلۆر سەرۆکی پێشووی لایبریاو سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ سەرۆکی پێشووی یۆگۆسلافیا، بوو بە سێیەمین سەرۆکی وڵات لە جیهاندا کە بڕیاری دەستگیرکردنی دەرچووبێت. ئەم بڕیارە گەلێك کاردانەوەی جیاجیای لێکەوتەوە. بێگومان هەڵوێستی وڵاتانی عەرەبی روونە کە هەمیشە هەڵوێستێکی نارەوایان لەهەمبەر بە کێشەی کەمینەکانی وڵاتانی عەرەبی هەیەو لایەنگری رژێمە زۆردارە عەرەبییەکانن. بۆ نمونە تازەترین هەڵوێستی کۆنگرەی کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی لە دۆحەی پایتەختی قەتەر پشتگیریی کردنی تەواو بوو لە حکومەتەکەی عومەر حەسەن بەشیر. ئەمە لەکاتێکدایە هەر ئێستا خۆیان داوای ئیجرائات‌و هەڵوێست لە کۆمەڵی نێودەوڵەتی دەکەن لەبەرامبەر بەکارهێنانی چەکی فسفۆڕی لە غەززە لەلایەن سوپای ئیسرائیلەوە.

هەڵوێستی وڵاتانی تری جیهان لە

بەرژەوەندی سیاسیو ئابوورییەوە پێچراوەتەوە. بۆ نمونە چین دژی بریارەکەیە. روسیاش پێوایە ئەمە هەنگاوێکی بێ پێشینەی مەترسیدارە. ئەمریکاو بەریتانیاو فەرەنساش، جێبەجێ بوونی بریارەکە بە جێبەجێ بوونی ویستی دادپەروەی دەزانن‌و داوا لە حکومەتی سۆدان دەکەن هاوکاری دادگای نێودەوڵەتی بکات. رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتیش بە ئاماژەیەکی گرنگی زانی بۆ مافی مرۆڤ لە دارفۆرو جیهان. دواجار ئەوەی کە مەسەلەکە دەبرێنێتەوەو دەیخات بەلایەکدا، جگە لە فاکتەری زاتیو ناوخۆیی دارفۆرییەکان لە رووی سیاسیو کۆمەڵایەتییەوە. لە لایەنی جیهانیشەوە جەمسەرگیریی سیاسیی نێوان دەوڵەتانی جیهانە لەسەر ئەم کێشەیەو سەنگو سووکی دەوڵەتە جیاوازەکانە لەو هاوکێشەیەدا. ئەمەش زیاتر ئەوەستێتە سەر گرنگی جیۆ پۆلیتیکی ئەو هەرێمە بەلای دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهانەوە کە دەتوانن کاریگەربن لەسەر دروست کردنی راو هەڵوێستی کۆمەڵی نێو دەوڵەتی. چونکە بە داخەوە ئەمە تایبەتمەندییەکی دنیای ئەمرۆیە کە هەڵوێست وەرگرتن لەسەر کارەسات‌و تراجیدیا مرۆییەکانی کۆمەڵگاکانی جیهان لەلایەن دەوڵەتانەوە زادەی بەرژەوەندی سیاسیو ئابووریین نەك ویژدانی مرۆڤایەتیو تێگەیشتنی مرۆڤدۆستانەی راستەقینە. جیهانی ئەمرۆ لەم رووەوە لە داروخانێکی ئەخلاقیدا دەژی.

**لە دارفۆرەوە بۆ کوردستان:**

ئەگەر هۆکارێکی خستنەرووی ئەم بابەتە بۆ خوێنەری کورد ئەوەبێت کە بە ئاگابێت لەو ئازاروکارەساتانەی کەبەسەر کۆمەڵگاکانی تردا هاتوون. ئەوا خاڵی سەرەکیو گرنگ ئەوەیە کە ئەم بەئاگابوونە شتێك لای مرۆڤی کورد بەجێبهێڵێت‌و رایچلەکێنێت، ئەو بۆچوونە گەشبینە گێلانەیەی سیاسیو بەرپرسانیی کورد رەت بکاتەوە کە دەڵێن جارێکیتر ئەنفال‌و کیمیاباران رووناداتەوە. بەڵکو پەی بەوەبەرێت کە ئەنفال لەسایەی ئەم دەسەڵاتە کوردییەدا پرۆسەیەکی بەردەوامەو لەسایەی مانەوەش لەچوارچێوەی عێراقدا هەرەشەیەکە هەمیشە لەبەردەمماندایە. لەکۆتاییدا دەمەوێت چەند لایەنێکی وێکچووو جیاوازی هەردوو پرۆسەکە بخەمە روو و بەمەش چەند پرسیارێکی شاراوە بوروژێنم‌و وەڵامدانەوەشی بۆ خوێنەر بەجێ بهێڵم .

کۆمەڵکوژییەکان لە دارفۆر لەم لایەنانەدا لە پرۆسەی ئەنفالی کوردان دەچێت:

١ ـ هەردوو پرۆسەکە لەلایەن دوو حکومەتەوە ئەنجامدراون کە بەشێکن لە جیهانی عەرەبیو ئیسلامی.

٢ـ بیانووی هەردوو حکومەتەکە لێدان بووە لە ئۆپۆزسیۆنی چەکداری ناوچەکە، بەڵام لەپاڵ ئەمەدا جینۆسایدی مرۆیی، ژینگەییو کەلتووریی ئەنجامدراون‌و دیمۆگرافیای شوێن‌و ناوچەکانیان گۆڕیوە.

٣ـ هەرچەندە ئایین‌و ئایینزا هێڵی هاوبەشی نێوان جەلادو قوربانییە لەهەردوو پرۆسەکەدا.بەڵام پاڵنەری سەرەکی ئەم کوشتارە بەکۆمەڵانە جیاوازیی نەتەوەییو نەژادیی بووە.

٤ ـ لە هەردوو پرۆسەکەدا میلیشیای چەکدار( جەنجەویدو جاش) باسکێکی یاریدەدەری دەسەڵاتی رژێم بوون.

٥ ـ هەڵوێستی وڵاتانی عەرەبی بەتایبەت‌و وڵاتانی ئیسلامی بەگشتی لایەنگری لەسیاسەتەکانی هەر دوو رژێمی پێشووی عێراق‌و سۆدان‌و بێدەنگ بوون بووە لە ئازارو تراجیدیاکانی دانیشتوانی ناوچەکەو قوربانییەکان.

بەڵام هەردوو پرۆسەکە لەهەندێك لایەندا جیاوازییان هەیە:

١ـ گرنگترین جیاوازی ئەوەیەکە ئێستا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیو UN ئەنفالیان وەك جینۆساید بەرەسمی نەناسیوەو تاوانەکەیان بەناوخۆیی هێشتووەتەوە، واتە لۆکاڵیزەیان کردووە. بگرە ئەو تاوانبارانەی رژێمی بەعسیش کە تاوانەکەیان لەسەر ئیسپات بوو هێشتا سزاکانیان جێبەجێنەکراوە. بەڵام هەریەکە لە UNو دادگای لاهای کۆمەڵکوژییەکانی دارفۆریان وەك جینۆساید دانپیاناو لەئەنجامیشدا دادگای لاهای یاداشتی دەستگیرکردنی سەرۆکی وڵاتی سۆدان عومەر حەسەن بەشیری دەرکرد.

٢ ـ ئەنفال لەسەردەمی شەڕی سارددا روویدا کە جیهان بەسەر دووبەرەدا دابەش ببوو تەکنەلۆجیای راگەیاندن‌و گواستنەوەی هەواڵ‌و پەیوەندیکردن بەم شێوەیەی ئێستا بەربڵاوو پێشکەوتوو نەبوو ئەمەش لە قازانجی رژێمی سەدام بوو. لەکاتێکدا قەیرانی دارفۆر لەم سەردەمی جیهانگیریو دنیای ئنتەرنێت‌و سەتەلایت‌و مۆبایلەدا روویدا کە بەئاگا بوون لەهەواڵەکە، لە قاودانی تاوانەکەو بەهاناوە چوونی قوربانیان دەکاتە کارێکی ئاسان.

٣ ـ نیشتەجێ کردنی عەرەب هەموو ئەو ناوچانەی نەگرتەوە کەئەنفالی تیا ئەنجامدراوەو تەنها دەڤەری کەرکووك‌و گەرمیان واتە تەنها لە شریتی سنووری جیاکەرەوەی نێوان کوردستان‌و ناوچەکانی دیکەی عێراقدا بوو. بەڵام عەرەبەکان لە ناوچەی دارفۆر لەشوێنی گوندە چۆڵکراوەکاندا نیشتەجێ دەکرێن.

٤ ـ جەنجەویدەکان لە رەگەزو نەژادی نەتەوەی باڵادەستن‌و جیاوازیی نەژادییان لەگەڵ قوربانیەکاندا هەیە. بەڵام جاشەکان کورد بوون، واتە هاوزمانی قوربانییەکان بوون.

**سەرچاوە: ئنتەرنێت**

# کارەساتی هەڵەبجە و کەناڵەکانی رۆژئاوا

ئا: حسێن مەحمود هەڵەبجەیی

**رووداوە دڵتەزێنەکەی هەڵەبجە مەودانی نەدا بەهیچ کەناڵێك کە خۆی لێ گێل بکات و بەشێوەیەك لە شێوەکان باسی نەکات، بێگومان پێویستە دامەزراوە راگەیاندنەکانی رۆژئاوا کاردانەوەی سروشتی خۆیان هەبێت بەرامبەر بەم کارەساتە جەرگ برە، و دەنگی خۆیان بەرز بکەنەوە دژی ئەم تاوانە بێ وێنەیە دژ بە مافی مرۆڤ و بەهاو شارستانەیتەکەی بەم بۆنەیەوە وێنەیەکی ئەو کاردانەوانە دەخەینە پێش چاو کە دام و دەزگا رۆژئاواییە راگەیاندنە سیاسیەکان گوزارشیان لێی کردووە، ئێمەش لەفایلی مێژوودا ئەم کارەساتە یاداشت دەکەین لەزمانی هەندێ لە دامودەزگای راگەیاندنە رۆژئاوایەکانەوە بەلام هەوڵ دەدەین بەپێی توانا بەکورتی باسی لێوە بکەین.**







رۆژی ١٩٨٨/٣/٢٢

(دیلی تەلەگراف) لەژمارەی رۆژی ١٩٨٨/٣/٢٢ دەڵێ (لەهەڵەبجەدا تەنها ئاسەواری وێرانکاری بەرچاو دەکەوێ) ئێستە خاپور بووە بەسەر یەکداو دەڵێی گۆڕستانەو یەکالا بووەتەوە (لاشەکان پەرش و بلاو بوونەتەوە بەشارەکەدا.. لەماڵەکاندا، و لەرێگاو بانەکاندا، دەڵێ ی لەساتی مردنیاندا مۆمیاکراون.. دەڵێی وێنەی قەسابخانەکانی سەدەکانی ناوەڕاستن).

رۆیتەرز: پەیامنێرەکانیان چاوپێکەوتنیان لەگەڵ رزگاربوانی کارەساتی هەڵەبجەدا سازکردبوو ئەوانەی کە شوێنەواری گازە ژەهراویەکان بەروخساریانەوە دیاربوو، لەگەڵ بڵقی سەر لاشەیان و نارەحەتی هەناسەدانیان.. ئەگەری ئەوە هەیە کەبەو تاوانبارکردنانەی ئاراستەی حکومەتی عێراقی ئەکرێ لەبەکارهێنانی چەکی کیمیایی شەپۆلێکی نوێ بێت لەرق و کینەی نێودەوڵەتی دژ بەعێراق.

(فیگارۆ)ی فەرەنسیش لە ٢٣/ ١٩٨٨/٣ بەپێنوسی (فرانسوا لوبری) بابەتێکی نوسیوە بەناونیشانی (چەکی کیمیایی شەیتانی) تیایدا هاتووە: یەکێ لەنەخۆشەکانی نەخۆشخانەی تاران ووتی: (لەپڕ هەستم کرد کە لەشم دەسوتێت وەکو چۆن مێروو بەماددەی ژەهراوی دەسووتێنرێت).

ئێزگەی تەلەفزیۆنی ئەمریکی:

ئەمە بۆیەکەم جارە کە بسەلمێنرێت چەکی کیمیایی دژی هاولاتیانی مەدەنی بەکار بهێنرێت، هەرچەندە عێراق لەمیانی پێنج ساڵی رابردوودا چەکی کیمیایی لەجەنگدا بەکارهێناوە، بەلام نارەزاییەکان دژ بەم کارە زۆر کەم و لاوازە.

تەلەفزیۆنی سویسریش: لەپێشکەشکردنی هەواڵەکانی رۆژی ١٩٨٨/٢/٢٣ ووتی (زیاتر لە پێنج هەزارکەس لەقەسابخانەکەی هەڵەبجەدا مردن لەئەنجامی بۆردومانی کیمیایی لەلایەن رژێمی عێراقەوە، دەزگای نەتەوە یەکگرتووەکان نارەزایی خۆیی دەربڕی بەرامبەر بەکارهێنانی گازی ژەهراوی بەلام ئەم نارەزاییە بەری لە عێراق نەگرت لەبەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەئایندەدا).

رۆژی ١٩٨٨/٣/٢٣

رۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسی بەپێنوسی (جاك ئەزنارد) بابەتێکی سەرەکی بلاوکردوەتەوە لە لاپەرە شەشدا بەناونیشانی (بۆردومانی کیمیایی کوردستان) (عێراق ئەو

تۆمەتانە بەدرۆ ناخاتەوە کەدژی ئەو کراون) تیایدا هاتووەو دەڵێ: (لەکاتێکدا بەردەوامە لەبۆردومانکردنی شارە کوردیەکان بە چەکی کیمیایی، سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان داوا لە هەردوو لادەکات کەکۆتایی بەو جەنگە بێنن، داواکردنەکەی سکرتێری گشتی دوای ڕاوێژکردن دێت بەئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەربارەی هەڵایسانەکانی ئەم دواییەی جەنگەکە، بەتایبەتی پەنابردنە بەر چەکی کیمیایی لەلایەن سوپای عێراقەوە لەکوردستانی عێرقدا، وە هەروەها قسەکەرێکی ڕەسمی لەنەتەوە یەکگرتووەکاندا ووتی کەوا (دی کوێلار) لەو داواکاریە دەکوڵێتەوە کە ئێران پێشنیاری کردووە بەناردنی تیمێکی لێکۆڵینەوە دەربارەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن عێراقەوە بەپێی ڕای تاران.

بۆردومانی کیمیایی عێراقی رۆژی سێ شەممە کوردستانی ئێرانیشی گرتووەتەوە بەڕادەیەك شەش گوندی کورد نشین لەناوچەکانی (مەریوان و سەردەشت) زیانیان پێ گەشتووە کە دە کیلۆمەتر لەسنوری عێراقەوە دوورن.

ئەمەش قوربانی هەمان نموونەی چەکی کیمیایی بوو کە عێراق لە حوزەیرانی ١٩٨٧ بەکاری هێنا کە بوە هۆی کوژرانی ٧٠کەس و بریندار بوونی هەزاران هاولاتی مەدەنی، عێراقیش لەلایەن خۆیەوە ئەم تاوانبارکردنانەی بەدرۆ نەخستەوە، کە ئەمەش نیوەدان پیانانێکە لەلایەن عێراقەوە..

وەدوای دەست بەسەراگرتنی هەڵەبجە لەلایەن ئێرانەوە، وەزیری بەرگری عێراقی (عدنان خیراللە) هەڕەشەی بە گرتنەبەری هەموو ڕێگایەك کرد لەپێناوی بەرگری کردن لەخاکی عێراق.

لە پاریس ڕێکخراوی عەرەبی مافی مرۆڤ لەڕۆژی سێ شەممە قەسابخانەکەی عێراقی ڕسواکرد دژ بە کوردستان بەهەرچ بەهانەیەکەوە بێت وە ئەم ڕێکخراوە بەنۆرە ئەم دوو کەسایەتیە سەرۆکایەتی دەکەن: بەڕێز



(محمد حربی) راوێژگاری رامیاری پێشووی سەرۆك (بن بیللا)و نووسەری سوری (بورهان غلیون) ووتی: عەرەب هیچیان لەدەست نایەت ئەوە نەبێ کە ئیدانەی ئەم جۆرە کارانە بکەن کە دژ بە دانیشتوانێك بەکار هێنراوە کە بەشێکن لەگەڵی عێراق.

وە هەمان رۆژنامە لە هەمان رۆژداو لەلاپەڕەیەکدا بابەتێکی تری بڵاوکردووەتەوە بەناونیشانی (ترسی جەنگی کیمیایی) دەڵێ: بۆردومانی فڕۆکەکانی عێراق لە ٢٢ئایار بەچەکی کیمیایی دژی شەش گوندی ئێرانی، ئاماژە بەوەی کە بەغداد نایەوێ واز لەو کارانەی بێنێت لەگەڵ ئەوەدا کە ڕای گشتی جیهانی ئیدانەیەکی بەهێزی دەکات.. پاشان لەشوێنێکی تردا دەڵێ: عێراق گازی ژەهراوی لە هەوادا بڵاو دەکاتەوە، وە هەروەها پشت بە چەکی پیادە (مشاە)و فڕۆکە شەرکەرە هێرشبەرەکان دەبەستێت بۆ بڵاوکردنەوەی گازی ژەهراوی و چەکی کیمیایی، وە ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاماژە بەوە دەکات کە فڕۆکە عێراقیەکان، ئەو مادە ژهراویانە لەبەرزایی (٣٠٠م) وە بڵاودەکەنەوە.. وە بۆمبی لەجۆری (٢٥ لیبیرە) کە شوێنەواری سوتاوی بەجێ دێڵێ لە بەر پێکهاتنی لەفۆسفر گۆڕدراوە بەگازی ژەهراوی کە کیمیاویەکان بەباشتری دەزانن لەفۆسفۆر، وە لەپێناوی راپەڕاندنی ئەو کارەدا فڕۆکەی (میراج ف١) دەتوانێت بەو ئەرکە هەستێت.

ئێزگەی بەلجیکا :(قەسابخانەی هەڵەبجە کە ڕژێمی عێراقی ئەنجامی داوە بەبەکارهێنانی گازی کیمیایی سەرلەنوێ هێنایەوە بەبیرماندا کە ئەمباری گازی نازی لە ئاسمانی کراوەدا هەیە، با کارگەکانی عێراقی ئەو چەکە کیمیاییە بەرهەم بێنن، بەڵام بەرپرسیاریەتی ڕاستەوخۆ لەئەستۆی ووڵاتانی ڕۆژئاوادایە کەوا ئەو چەکە کوشەندەیان داوە بە عێراق.

**رۆژی ١٩٨٨/٣/٢٥**

(لانوفیل ئەبزر فتور)ی فەڕەنسی دەڵێت: لەکۆتاییدا دیکتاتۆری عێراقی صدام حسین چەکی کیمیایی بەکارهێنا دژی میللەتەکەی خۆی لەهەڵەبجە، لەهەموو جیهاندا کەس پێشی ئەمی نەدایەوە، وە ئەگەر ئیمەی فەڕەنسی







بەشداربین لەم تاوانە وەحشیەدا، ئەوە پێویستە بۆ هەتا هەتایی ئاهەنگ بەشۆڕشی فەرەنسیەوە لەیاد بکەین.

تەلەفزیۆنی فنلەندی هەواڵی کارەساتەکەی بڵاوکردەوە لە ٢٥/٣/١٩٨٨و ووتی: بەڵگەنامەکان کە لەلامانە ئەوە نیشان دەدات کە حکومەتی عێراقی درۆ دەکات و ئەمە یەکەم جاری نیە کە چەکی کیمیایی بەکارهێنابێت کاتێ کە هێڵەکانی پێشەوەی تووشی مەترسی دەبن لەجەنگی دژ بە ئێراندا. بەڵکو وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە یارمەتی عێراقی داوە لەجەنگی کەنداودا ووتی: مافی خۆیەتی کە بەشداری بکات لە شیکردنەوەی ئەو بەڵگەنامە سەربەخۆیانەی کە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن عێراق چەکی کیمیایی بەکارهێناوە لەشاری هەڵەبجەدا.

ئێزگەی تەلەفزیۆنی ئەڵمانیا

– لەراپۆرتە هەواڵەکانی تەلەفزیۆنی ئەڵمانیادا باسکرا کە: (جارێکی تر عێراق چەکی کیمیایی بەکارهێنا، ئەم جارەیان گازی سیانیدی ژەهراوی بەکارهێنا لەگەڵ گازی خەردەل و گازەکانی دەمار دژ بەهاوڵاتیان، جیهان بەگشتی نموونەی تاوانی وای تائێستە بەخۆوە نەدیوە).

رۆژی ٢٦/٣/١٩٨٨

دەزگای ئێزگەی بەریتانی (بی بی سی) لەپەیامنێری رۆژنامەی سندای تەلەگراف (نورمان کیرکام) کە ووتی: (من گومانم نیە کە ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی کوژراون لەشاری هەڵەبجەدا، وە من بێگومانم کە عێراقیەکان هەستاون بەم کارە).

وە ئەو ئێزگەیە لەپەخشی هەواڵەکانیدا لەهەمان رۆژدا بڵاوی کردەوە: (تیمێك کە پێکهاتبوون لە پزیشکێکی بەلجیکی و پزیشکێکی ئەڵمانی لە رێکخراوی تەندروستی جیهانی یەوە کەوا چەکی کیمیایی دژ بە دانیشتوانی مەدەنی هەڵەبجەو دەوروبەری بەکارهێنراوە).

نیویۆرك تایمز نوسیویەتی: (ئەم کارە لەهەموو روویەکەوە تاوانی جەنگە.. وە بەرپەرچ دانەوەو حاشاکردنی راستەوخۆو ناراستەوخۆ لەلایەن حکومەتی عێراقی روخاوەوە دەربارەی بەکارهێنانی ئەو چەکە قیزەونە، هیچ نیە تەنها هەوڵێك نەبێت بۆ پەردەپۆشین بەسەر ئەو تاوانەدا.. جێگای بیرهێنانەوەیە کە عێراق لەساڵی ١٩٣١ پەیماننامەی قەدەغەکردنی چەکی کیمیایی ژەهراوی نێودەوڵەتی مۆرکردووە .. بەم کارەی سوکایەتی کردووە بەو پەیماننامەیە..)

رۆژی ٢٨/٣/١٩٨٨

پەیامنێری رۆژنامەی (ئال جورنال) ئەمەی نووسیوە: (ئەو تاوانەی کە رژێمی عێراقی ئەنجامی داوە لە هەڵەبجە لەوپەری وەحشیگەریدایە، لەگەڵ ئەوەدا کە من سەردانی زۆر جێگام کردووە لە جیهاندا کە رووداوی لەو جۆرەی تیادا روویداوە، بەڵام بەدرێژایی ژیانم تاوانی وەك قەسابخانەی هەڵەبجەم بەچاو نەبینیوە).

رۆژنامەی (بروتی–ئەسینا)ی یۆنانی لەو رۆژەدا نووسیویەتی: (ئەوەی ئەمرۆ لەکوردستانی عێراق روودەدات سنووری هەموو تاوانەکانی شکاندووە) وە لەبابەتێکی تردا لەژێر ناونیشانی (چەکی کیمیایی و خوێنرێژیی رژێمی عێراقی): ئەو کوشتنە بەکۆمەڵەی کە رژێمی فەرمانرەوا لەبەغدا ئەنجامی داوە تۆڵەسەندنەوە بوو..)

گۆڤاری (لایوا)ی فەرەنسی لەژمارە (٨١٠)ی ٢٨/٣/١٩٨٨ بابەتێکی تیادا نووسراوە بەناونیشانی (کوردەکان: مردن لەئۆردویەکی ترسناك و تۆقێنەردا) لەنوسینی (بییربایلو) دەڵێ: (شاری هەڵەبجە شارێکە لەکوردستان، دانیشتوانەکەی دەگاتە (٧٠,٠٠٠)کەس،خەڵکی شارەکە

نیوەیان مانەوە کاتێ کە پاسدارانی شۆڕشی ئێرانی دەستیان گرت بەسەر شارەکەدا، پاشان دەڵێت (لەسەعات ٢ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ١٦ی ئازار، یەك فڕۆکە بۆمبێکی هەڵدایە خوارەوە کتوپڕ دوکەڵێکی زەردو سپی بەسەر شاردا بڵاو بوویەوە، دەست بەجێ بووە هۆی کوژرانی سەدان کەس .. پێ دەچێ هەزاران کەسیش بووبن لەهاولاتی، بەڕاستی دیمەنێکی نالەبارە لەمنداڵ و لاو و ژن، کە پەلی منداڵەکانیان گرتووە بەڵام ئەمانیش وەکو ئەوان مردوون، دیمەنێك دەڵێی لەفیلمێکی کاریگەرەوە وەرگیراون.

بەڕاستی گومانی تێدا نیە کە ئەمە یەکەم جار نیە عێراقیەکان نموونەی ئەم گازە ژەهراویە بەکار دەهێنن.. لە هێرشە گەورەکانی ئێراندا ساڵی ١٩٨٤-١٩٨٦-١٩٨٧ عێراقیەکان نموونەی ئەم چەکەیان بەکارهێنا.. لەڕاپۆرتێکی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، لەئازاری ١٩٨٦ ئاماژە بەوەکراوە کەعێراق نموونەی ئەو مادانەی بەکار هێناوە.

وە (لایوا) نووسیویەتی: کە لەمانگی کۆتاییدا گۆڤارێکی بەریتانی هەفتانەی تایبەت کەناوی (بەرگری)یە نوسیویەتی: عێراق بووە بەگەورەترین بەرهەمهێنەرانی چەکی کیمیایی لەناوچەکەدا، کەتوانای بەرهەمهێنانی دەگاتە (٧٠)تەن کە (٦٠)تەنی لەخەردەلە لەمانگێکدا، بەڵام تائێستە نمونەی ئەم گازانەو بەو بڕە زۆرە ئاراستەی هیچ شارێك نەکراوە.

- لەهەمان ڕۆژدا ڕۆژنامەی (کوریرا دیلاسرا)ی بەریتانی هەواڵی بڵاودەکاتەوە دەڵێ: شوێنەواری



جێماوی کیمیایی لەسەر جەستەی قوربانیان ئاماژەیە بەوەی کە دانیشتوانی هەڵەبجە لەئەنجامی گازەکانی (وای بریت) و (سیانید) مردوون.

وە (جورناڵ)ی بەریتانی نووسیویە: شاری هەڵەبجە دەڵێی شاری دێو و درنجانە شارێك وێران بووبێ بە بۆمبێکی نیوترۆنی، وە هێرشە کیمیاییەکان لەلایەن عێراقەوە هێشتا بەردەوامە دەرهەق بەگوندنشینە کوردیەکان..

وەگۆڤاری (نیویۆرك تایمز) لەهەمان ڕۆژدا نوسیویە: ئەمریکا نایەوێ ئێران سەربکەوێ لەم جەنگەدا.. وە ئەگەر بەغداد دەیەوێ وڵاتانی خۆرهەڵات و خۆرئاوا کۆمەکی بکەن پێویستە سنورێك بۆ تاوانەکانی دابنێت لەم جەنگەدا.. هەزاران کورد کە کوژراون یان بریندار بوون لەبۆردومانی کیمیایی عێراق بۆشاری هەڵەبجە، ئێستە ئەوانە دوا هەناسەیان دەدەن.

ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٢٩

گۆڤاری (میدل ئیست)ی بەریتانی لەبابەتێکدا نووسیویە: (هێرشی کیمیایی بۆسەر هەڵەبجە، ناشرین ترین تاوانە لەمێژووی جەنگی عێراق ئێراندا، ڕژێمی بەغدا دەری خست کە چەندە ناڕازیە بەو پێشکەوتنانەی لەناوچە کوردیەکاندا ڕوودەدات..)

- ڕادیۆی کۆلۆنیا (ئەڵمانیای ڕۆژئاوا) باسی ئەوەی کرد کە لە هەڵەبجە و لادێ کوردیەکانی تردا ڕوودەدات و ووتی: بەڵام تا ئێستە چەکی کیمیایی بەو ڕێگا نامرۆیی و بەربەریانە لەجەنگی یەکەمی جیهانییەوە بەکارنەهاتووە.

وە بەپێی سەرچاوەکانی ڕێکخراوە مرۆییەکان: (سوپای عێراقی هێرشی کردووەتە سەر دووسەد دێی کوردی لەباکوری عێراق بەچەکی کیمیایی تەنها لەم ساڵەی دواییدا..)

بەڵام ئێزگەی ئوستراليا لەلێدوانێکی ئێزگەیدا ووتی: (جارێکی تر عێراق چەکی کیمیایی بەکارهێنا لەجەنگی دژ بەئێراندا، بەڵام ئەم جارەیان زۆربەی قوربانیانی ئەم چەکە منداڵ و ئافرەت بوون،.. ئەمە تاوانێکە کە نموونەی نیە لەمێژووی جەنگە کیمیاییەکاندا)..

-گۆڤاری (جیرنو)ی ئیتالیی: (لەگەڵ ئەوەدا کە هەڵەبجە شوێنەوارێکی مێژوویی دیاری لەبیر نەکراوی هەیە، بەڵام سەراپا جیهان بێ دەنگ بوون و خۆیان کەڕ کردووە لە ئاستی ڕیسواکردنی ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە دزێوە.. قەسابخانەیەك بەڕۆژی ڕووناك ئەنجام درا بەبێ ئاگاداریەکی

پێش وەخت.. وە ڕژێمی عێراقی بەهانە بۆ تاوانەکەی دێنێتەوە بەوەی کە هەندێ لەکوردەکان دەستیان لەگەڵ ئێراندا تێکەڵ کردووە! بەڵام تاوانەکە لەوە گەورەترە کە بەڵگەو بەهانەی بۆ بهێنرێتەوە..)

ڕۆژنامەی (ئۆسلو بوجینە)ی یوگوسلافی کە لە ١٩٨٨/٣/٣٠ دەرچووە دەڵێ: (حکومەتی عێراقی بە ڕێگایەکی ناڕاستەوخۆ دانی بەوەدانا کە چەکی کیمیایی بەکارهێناوە بەو بیانوەی کە مافی خۆیەتی هەموو هۆکارێ بگرێتەبەر بۆ بەرگریکردن لەمافی خۆی، وە ئەم ڕووداوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە حکومەتی عێراقی ئەم چەکەی بەکارهێناوە لەسە رزەوی و خاکی خۆی دژی میللەتەکەی خۆی لەکاتێکدا ئەم چەکە لەجیهاندا قەدەغەکراوە).

**ڕۆژی ١٩٨٨/٣/٣١**

– (ئول ستریت جورنال)ی ئەمریکی لەبابەتێکدا دەربارەی ئەو ڕووداوە نووسیویە: کە هەڵەبجە باشترین بەڵگەیە کە پرۆتۆکۆلەکان و پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان بەر لە ڕژێمێکی وەك غێراق ناگرێت لەبەکارهێنانی چەکی کیمیایی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی.. وە ئەوانەی وا گومان دەبەن کە پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان وادەکات کە چەکی ناوکی بەکارنەهێنرێت باشتر وایە سەرێك لەهەڵەبجە بدەن و بەچاوی خۆیان کارەساتەکە ببینن..

**ڕۆژی ١٩٨٨/٤/١**

– ئاژانسی دەنگوباسی فەرەنسی بڵاوی کردەوە: (شاری هەڵەبجە لەکوردستانی عێراقەکە ئێران داگیری کردووەو عێراقیش بەچەکی کیمیایی دووجار بۆردومانی کردووە لەڕۆژی ١٩٨٨/٣/١٨،١٧ دەڵێی شاری دێوو درنج و کاولە.. کاتێ گەشتیارێك سەردانی ئەو شارە دەکات وا هەست دەکات کە شەیتانەکان هێرشیان بردۆتە سەری.. وە پارچەی بۆمبەکان کە بڵاوبوەتەوە بەشارەکەدا شایەتحاڵی ئەو تاوانەیە.

– گۆڤاری (لیبراتون "ئازادی") فەرەنسی: (ڕژێمی بەعسی لەبەغدا دانی بەوەدانا کە پەنای بردووەتە بەر بەکارهێنانی چەکی کیمیایی کە بووەتە هۆی مردنێکی تۆقێنەری ترسناکی هەزاران کورد، وە ڕژێم هەڕەشەی کردووە کە تاوان و قەسابخانەی لەو جۆرە ئەنجام دەدات بەهەمان چەك..)

–(ل نوفل ئوبزرفتور)ی فەرەنسیش نووسیویە: (بەپێی یاسای نێودەوڵەتی ئەو فەرمانانەی لەصەدامەوە دەرچوون بەبەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژی ناوچە کوردیەکان و بارەگاکانی سوپای ئێرانی دادەنرێ بە (تاوانی جەنگ).. لەوە ئەچێ حاکمانی بەغدا بیریان چووبێت کە پەیماننامەی جنێف.. دوای جەنگی دووەمی جیهانی بەناچاری بەسترا، یەکیەتی سۆڤیەت و ئەڵمانیای نازی لەگەڵ ئەوەدا ئەمبارێکی باش چەکی کیمیاییان هەبوو، بەڵام لە ناڕەحەتترین بارودۆخیشدا نەیانتوانی بەکاری بهێنن..)

**ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٣**

ڕۆژنامەی (لومۆند)ی فەرەنسی بابەتێکی بڵاوکردووەتەوە بەناونیشانی (تاران لەبارودۆخێکدا دەژی کە نیگەرانە بەچەکی کیمیایی) تیایدا هاتووە:

(هەڵەبجە ئەمڕۆ بووە بەشارێکی





ووشك و چۆڵەوانی و بێ جووڵە، لەشاردا کەس نەماوە بێجگە لە دووسێ خێزان نەبێت، سەرلێشێواوانە بەو شەقامانەدا دەسوڕێنەوە کە پڕە لەبریندار، و دوکانەکان دەرابەکانیان هەڵکەنراون و فیشەك باران کراون.. بەهیچ شێوەیەك ژمارەی قوربانیانی راستەقینەت دەست ناکەوێ ... بەپێی سەرژمێریەکانی ئێران نزیکەی شەش هەزار کەس دەبن لەگەڵ نزیکەی ئەوەندەش بریندار.. وە ڕزگاربوانیش دوورکەوتوونەتەوە لەشار یان بەرەو ئێران ڕۆشتوون.. بەڵام پرسیارێك دێتە ئاراوە: کەی هێرشی عێراق دەستی پێ کرد؟ بەیانی یان دوای نیوەڕۆ؟ بەڵام دیاردەیەك کە جێی سەرنجدانە وەدەبینرێت ئەوەیە کە هەموو دوکان و بازارەکان داخراون.

کۆمەڵە خەڵکێکی کەم کە ماونەتەوە بەم شێوە لە هێرشەکە دەدوێن:

(لەسەرەتادا تانك و فڕۆکەکانی عێراق دەستیان کرد بە بۆردومانی شارەکە بە چەکی ئاسایی، بەوشێوەیە دانیشتوانیان ناچارکرد کە (شار چۆڵ بکەن) پاشان دەستیان کرد بەبەکارهێنانی گازی ژەهراوی بەیارمەتی فڕۆکەکانیان!!).

ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٤

گۆڤاری (تایم)ی ئەمریکی لەژمارە (١٤) بەناونیشانی (مردنێکی کتوپڕ لە هەورەوە) (عێراق گازی ژەهراوی دژ بە لادێ کوردیەکان بەکار دەهێنێت) تیایدا هاتووە کە ئەم قەسابخانەیە نارەحەترینی ئەو دیمەنانەن کە ویژدان دەهەژێنێ، ئەگەر بەراورد بکرێ بەکارەساتەکانی جەنگی عێراق – ئێران تەنها کارەساتی هەڵەبجە ویژدانەکان دەهەژێنێ..

لاشەکان لەهەموو لایەکی شاردا بڵاو بوونەتەوە، پێ دەچێت ئەو پیاوە مردووە (ئاماژە بە عومەری خاوەردەکات)کە منداڵەکەی لەئامێز گرتووە لەکاتێکدا مردووە بەدەستیەوە، هەموویان لەماڵەوە مردبن، زۆربەی خێزانەکان بەتەواوی مردوون لەماڵەکانیاندا یان لەئۆتۆمبیلەکاندا، ئەمانەو لەگەڵ ئەو هەزاران کەسەی کە پەرش و بڵاوبوونەتەوەو مردوون بەگازی کیمیایی ژەهراوی.. ئەم قەسابخانەیە گەورەترین کارەساتی مردنی بەکۆمەڵە لەجەنگی جیهانی دووەمەوە... ئەوانەی لەم هێرشەدا ڕزگاریان بووە تووشی ناتەواوی بوون لەڕوخساریاندا و سیەکانیان نەخۆش کەوتوون.. دەسەڵاتدارانی ئەمریکی ئیدانەی ئەم کارە وەحشیانەیەی کرد لەسەر زمانی ووتەبێژێکی ڕەسمی کۆشکی سپی یەوە (مارلن فیتس وانز) کە بەم شێوەیە وەسفی دەکرد:(تاوانێکی ڕسواو نالەبارە) وە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکی ئەم تاوانەی بەسوکایەتی کردنێکی ئاشکرا دانا دەرهەق بە پرۆتۆکۆلی جنێف دژی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی.. وە لەساڵی ١٩٨٦ نەتەوە یەکگرتووەکان ئیدانەی عێراقی کرد لەبەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژی سوپای ئێرانی..)

– وە گۆڤاری (تایمز)ی دارایی نووسیویە: (هێرشە بەرفراوانەکان بەچەکی کیمیایی بۆسەر ناوچە کوردیەکان لەباکوری عێراق دادەنرێ



بەلاپەڕەیەکی نوێ لەمێژووی وەحشیانەی ڕژێمی بەغداد.. وە بێدەنگ بوونی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان بەرامبەر هاواری گەلی کوردستانی عێراقی نیشانەی ئەوەیە کە ئەو ڕێکخراوانە توشی کەڕیی بوون).

ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٥

ڕۆژنامەی (سوری) بەلجیکی:

(لەوانەیە ڕژێمی عێراقی بەرەو تەختی سێدارە ببرێت بەهۆی ئەو قەسابخانە نالەبارەی لەهەڵەبجەدا نواندنی بە چەکی کیمیایی..)

ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٦

– گۆڤاری (جون ئەفریك)ی فەرەنسی لەبەرگی یەکەمیدا وێنەیەکی ڕەنگاوڕەنگی بڵاوکردووەتەوەو لەژێریدا نوسیویە: پەیامنێری تایبەتمان (فرانسوا سودان) بەرەو

شاری هەڵەبجەی عێراق کەوتەڕێ کە گازی ژەهراوی پیادا کراوە، لەلایەن فڕۆکەکانی (صدام حسین)ەوە، وەبەپێی ئەوانەی کە بینیویانە ڕووداوی وا دەگێڕێتەوە کەتا هەتایە لەبیر ناچێت.. وە لەسەر بەرگەکە بە مانشێتێکی گەورە نوسیویە (چەکی کیمیایی..ترسناکیم بینی).

وە لەبابەتێکی لاپەرە سێدا بەپێنوسی (جان لوبوشیە) دەڵێ: (چوار منداڵی بچوك دەستیان پێکەوەیەو وەکو بوکەشوشەی لار و وێر کەوتوون بەسەر گژوگیا سەوزەکەدا.. دایکێکیش منداڵەکانی گوشیوە بە پۆشاکەکانیەوەو منداڵێکیشی لەئامێزدایە.. سێ نەوە یەك ناویان هەڵگرتووەو لەبەردەرگادا وەستاون: (هێرۆشیما، تاشو.. هەڵەبجە) هەڵەبجە یەکێکە لەو شارە کوردیانەی کە لەلایەن فڕۆکەکانی عێراقەوە چەکی کیمیایی پیادا کراوە وەك چۆن پەیامنێری تایبەتمان بینیویەتی (فرانسوا سودان) لەلاپەرە (٢٥) گەشتێکی سامناك دەخوێننەوە.

عێراقیەکان بەوەشاندنی بۆمبی کیمیایی بەسەر هەڵەبجەو عەنەب و دوجەیلەدا هەنگاوێکی گەورەیان نا بەرەو (بەربەریەت) پێش ئەمان ئەڵمانیەکان هەنگاوی یەکەمیان نا لەمیانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا بەشێوەیەك تۆوی مردنیان چاند، وە ئەوان بەرهەمهێنەری ئەو ماددەیەن کە مردنی لەو سێ شارەدا چاندووە.. ئەوانە هەمان نازیەکانن کە ژووری گازاویان بەکار ئەهێنا.. وە ئەگەر سوپای صدام حسین پێشتر پشتی بەو چەکە بەستبێت، ئەوە بۆجاری یەکەمە لەمێژوودا بەو چڕو پڕیە بەکاری بهێنێت دژ بە دانیشتوانی مەدەنی... لەکۆتاییدا بەبیری دێنینەوە پێویستە ئەوەمان بێتەوە یاد کە کوژراوانی هەڵەبجە هاوڵاتین و دەوڵەت ویستویەتی بیانسڕێتەوە لەنەخشەدا، وەهەروەها ئێمە سەرمان سوڕماوە کە کاردانەوەی نێودەوڵەتی کەم لەئارادا هەیە دژ بەو بۆردومانەی عێراق بۆشاری هەڵەبجە.

لەبابەتی دووەمدا (ترسناکیم بینی) نوسیویە: بەهار لەشاخە کوردیەکاندا دادەنرێ بەجەژنێکی گەشاوە، ئەم گەلە ڕاهاتووە لەسەر ئەوەی سەرەتاکانی لەدایك بوونی سروشت لەوڵاتیدا ببینێ، بەڵام لەم یەك شەممەی (٢٠/ئازار)دا ژیان تەقێنرایەوە لەهەموو شوێنەکاندا لەژێر سکی ئەو هەلیکۆپتەرانەدا کە مردنیان هەڵگرتبوو.

لەبەهاری ساڵی ١٩٨٨و لە چیاکانی کوردستاندا بۆنی گازی ژەهراوی ئەهات، وە لەژێر بورکانی شاری هەڵەبجە لەکوردستانی عێراق بوو بەخانەخوێی هێرۆشیماو ناکازاکی.. هەڵەبجە شارێکە دانیشتوانەکەی ٦٨هەزار کەسە بەڵام کەسیان ئیتر هەتاو نابینن هەڵ بێت.

شاری مردن، مێژووی ناوی (میراج ف١)ی عێراقی تۆمار دەکات کەلەڕۆژئاواوە هاتووە تاوەکو ژەهرەکانی لەسەر لوتکەکانی هەڵەبجە هەڵبڕێژێ وەکو یاری منداڵان، هەڵەبجە.. خۆزگە (دانتی) نەیبینیایە تاوەکو بچێتە دۆزەکەیەوە.

بەنیسبەت ئێمەوە کەبەرەو ئەو شارە کەوتینەڕێ دوای چوار ڕۆژ بەسەر ئۆتۆمبێلێکی سوپای ئێرانییەوە، بەرەو هەڵەبجە ڕۆشتین پاشان دوجەیلەو خورماڵ و عەنەب کە بە چواردەوریدا زەوی بەپیت بوو وە دوور نەبوو لەدەریاچەی (دەربەندیخان) کە نزیکەی ٣٠کم دوور بوو لەناو خاکی عێراقیەوە، شەقام بەشەقام و ماڵ بەماڵ گەڕاین، وە گەڕاین بەکێڵگە گوڵینەکانی دەوروبەریدا، و لەڕێگا بچوکەکاندا کە لەهەموو لایەکەوە دەچوو بۆ لادێکان دەیان بەڵکو سەدان لاشە کەوتبوون لەماوەی چەند چرکەیەکدا بە گازی سیانید کۆتاییان پێ هاتبوو، چاومان بەسەر ئەو کارە سامناکانەدا کردووە لاشەکان تەزیبوون و پەنجەکان بەستبوونی و دەمەکان بێدەنگ بوون، ئەمانە مەدەنین، ئەی خوایە هەموویان مەدەنی ئاسایین! کورد بە شەرواڵەکانیانەوە، جوتیاری سەرگەردان، ئافرەت بە ئەلقەو بازنەی ئاڵتونەوە، پیرەکان بە ڕیشی سپی یەوە، منداڵەکانیش بەجلی خۆشی و شادی یەوە، ئالەم شوێنەی ئێمەدا سیانیدەکە وەشێنرا.. مردنی کتوپڕ کۆتایی بەژیانی هەموو ئەمانە هێنا.

هەموو خێزانێك بەدەوری مێزەکەیاندا تواونەتەوە، قاپی پرتەقاڵەکانیش سوتاون، لێرەدا چوار کچ دەستیان پێکەوەیەو بەناو گوڵ و سەوزاییەکەدا وەکو بووکەشووشە کەوتوون، دایکیش بەدەوری منداڵەکانیەوەیەتی و لەئامێزی گرتوون، سێ نەوە هەمان ئالودەی تیاچوون بوون بەم گیراوەیە، لەبەردەرگاکەیاندا

وەستاون..

لەباپیرەوە بۆ کوڕەزای گەنج و نەوجەوان..

لەیەکێ لەئەشکەوتەکاندا، ئەو دواهەمین پەناگەیەی کە بیست منداڵی بچوك لەگەڵ دوانی گەورەدا هەڵیان بژاردبوو، باوەشیان بەیەکدا کردبوو، چاوەڕوانی ئەو کۆتاییەیان ئەکرد کە لەو خەوە ئەبەدیەیان خەبەریان کاتەوە، چونکە هەورە زەردەکە قورستربوو لەهەوا.. هێرشی بۆ هێنابوون و لەماوەی چەند چرکەیەکدا لەو ئازارو ترسە ڕزگاری کردبوون.. چەندین لاشەمان بەو بەیانیە بینی لەگەڵ دەنگی بۆمب و موشەك و دژە فرۆکە لە ئاسۆوە دەهات.. لە دووری دەکیلۆمەترەوە؟ دووسەد مووشەك، لەوانەیە دووسەدو پەنجاش بێت، بۆیەك گەڕەکی هەڵەبجە، بۆنی ئەسید نازیەکان و ژووری گازەکانیانت بەبیر دێنێتەوە.

دانیشتوانی شار، ئەوانەی گازی ژەهراویان بەرنەکەوتبوو، دوای بۆردومانەکە دەستیان کردبوو بەچۆڵ کردنی شار بەیارمەتی پاسدارانی شۆڕشی ئێران، تاوەکو پەنابەرن بۆ شاخەکانی ئەو دەوروبەرە.

بەڵام لەڕۆژی دوایدا ٣/١٧/ ١٩٨٨ و بەیانیەکەی بۆردومانی دووەمی عێراقی دەستی پێ کردەوە، دوو فرۆکەی لەجۆری (میراج ف١)ی عێراقی، سێ گەڕەکی تریان بۆردومان کرد لەهەڵەبجە هێشتە دانیشتوانەکەی چۆڵیان نەکردبوو، بۆنی بەکارهێنراوی ئەم جارەیان پێکهاتبوو لەگازی (تابون) کەلەگازی سیانید دەکات لەگەڵ گازی (خەردەل) وە هەموو ئەم شوێنەوارانە لەنەخۆشخانەکاندا دەیاندۆزیتەوە.

ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٨

گۆڤاری (ئێکسپرێس) لە ٨/ ١٩٨٨/٤ بەپێنوسی (هنری ئیرود) و (جان فرانسوا لوفین) بابەتێکی بڵاوکردووەتەوە ناونیشانەکەی لەسەر بەرگەکە نووسرابوو (جەنگی کیمیایی، ئەو وێنەیەی عێراق سەرزەنشت دەکات) تیایدا هاتووە: (ئەو بەڵگەنامانەی کە لە هەڵەبجە وەرگیراون دەیسەلمێنن کە بۆردومانی عێراق بۆ کوردستان بە کیمیایی بووە، چەکەکە دروست کردنی ئاسانە بەڵام ئەفسانەیە لەترس دەسازێنێ لە ململانێی کەنداودا).کافا.. ئیبرس.. ئێستەش هەڵەبجە.

جەنگی کیمیایی وێنەیەکی نوێی بەخۆیەوە بینی، شارێکی گەورە لەباکوری خۆرهەڵاتی عێراق کە دانیشتوانەکەی حەفتا هەزار کەسە لەناو جەرگەی شاری کورداندا ئێرانیەکان داگیریان کرد، ئەم شارە بەرەنگاربوونەوەی کوردانی تیادا بووە، ئەم شارە توشی کارەساتێکی ترسناك بوو بەچەکی کیمیایی لەلایەن فرۆکەکانی (صدام حسین)ەوە، نزیکەی (٥٠٠٠) کەس کوژران، و زیاتر لە (١٠,٠٠٠) بەو چەکە ژەهراویە بریندار بوون.

ئەو ڕۆژنامەنووسە ڕۆژئاوایانەی گەشتنە شارەکە بەیارمەتی ئێرانیەکان لە ٢٠ی ئازاردا واتە دوای چەند ڕۆژێکی بۆردومانەکە، قوربانیانی ناو شارەکەیان بینی لەهاوڵاتیان، و ئاژەڵە بۆردومانکراوەکان (پارچە بووەکان) بەڵام سەربازێکیان لەناو کوژراواندا بەدی نەکرد! صدام شتێکی نوێی نەهێناوە، بەڵکو لەسەدەی چواردەهەمدا تەتەرەکان هەمان جەنگیان بەرپاکرد، بەشێوەیەك بێ تاوان و پەناهەندەکانیان لەناو شارەکاندا دەکوشت، وە هەروەها لە (ئیبرس) هەرێمی (فلاندەر) جەنگی کیمیایی نوێ لەدایك بوو، بەشێوەیەك سەربازگەکانی گازی کلۆرو فۆسفۆجین و مادەی ژەهراوی بەناوی (ئیبریت خەردەل) یان بەکاردەهێنا.. بەڵام ئەمڕۆ ناوەکان زیادیان کردووە.. سێ ناوی تر زیادیان کردووە، بەرهەمەکانی (نوروتوکسیس) و گازەکانی دەمارو ئەو گازانەی ناوی (میکۆتۆکسین) یان هەڵگرتووە کە هەنگاوە سەرەتاییەکان پێك دێنن بەرەو جەنگی بەکتریۆلۆجی (میکرۆبی).

ئەو پەیماننامەیەی لە جنێف لەساڵی ١٩٢٥ مۆرکرا، چەکی کیمیایی قەدەغەکرد، بەڵام ئەم ڕێکەوتننامەیە ئاماژە بەقەدەغەکردنی بەرهەم هێنانی ناکات، کەواتە هیچ شتێ بەر لەبڵاوبوونەوەی ناگرێ، چونکە چەکی کیمیایی بەپێچەوانەی چەکی ناوکی بەئاسانی بەرهەم دەهێنرێ وە نزیکەی بیست ووڵات کە خاوەنی بەرهەمی گەورەو خەڵاتی نۆبڵ نین دەگەڕێن بەدوای ئەم چەکەدا، تا پیشەسازیەکانی مادە پلاستیکیەکان و مادەکانی قەلاچۆکردنی مێروو و وێنەگرتن و پیشەسازیە ئەلەکترۆنیەکان هەمان ئەو مادانە بەکار بهێنن کەبەشدارە لەپیشەسازی گازە ژەهراویەکان، وە زانکۆ بەلجیکیەکان ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئەو تاقیکردنەوەیە تەنها پێویستی بە هەزار فرەنکێکی بەلجیکی هەیە، وە ئەوانە توانیویانە

ئەو مادانەیان دەست بکەوێت لەو بازرگانانەی پسپۆڕن لەپیشەسازیی ئەو پێکهاتانەدا، کەبەسە بۆکوشتنی ملیۆنێك کەس، کەواتە بە مانایەکی کە ٢٧ کیلۆگرام لەگازی ژەهراوی بەسە بۆ کوشتنی ملیۆنێك کەس.

صدام حسین چوار جار لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئیدانە کراوە لەجەنگیدا دژی ئێران، وە ڕژێمی بەغداد جەخت دەکاتەوە لەگرتنەبەری هەموو هۆکارێك بۆ بەرگریکردن لەخۆی..

بەڵکو ڕژێمەکەی لەبەردەم هیچ هەستێکی مرۆڤایەتیدا نالەخشێ، وە پسپۆڕانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بێ ئاگانین لەوە، وە دەزانن کە عێراق گەورەترینی بەرهەمهێنەرەکانی چەکی کیمیایی یە لەناوچەکەدا، لەکاتێکدا ئەو دەتوانێت هەموو مانگێ نزیکەی (٦٠) ملیۆن تەن لەگازی ژەهراوی بەرهەم بێنێت کە (٤)تەنی پێکهاتووە لەگازی (تابون) و (سارین).

بڵاوکردنەوەی خەردەل و سیانۆری هایدرۆجینی بەڵکو تورۆتیکینسش بەهۆی فڕۆکەو هەلیکۆپتەرەوە بەشێکە لەتاکتیکەکانی عێراق لەجەنگدا.

چەك بۆ ترساندن یان بۆ تۆڵەسەندنەوە لەباکور هاولاتیە کوردەکان بوون بەقوربانیی چەکە ژەهراویەکان، هەرچەندە پێشتریش هەروابوون.. عێراقیەکان ئەمڕۆ کۆنترۆڵی ناوچە شاخاویەکانی کوردستانیان لەدەستداوە.. دوو تیپی سوپای عێراقی لە حەوت تیپ پاسەوانی بیرە نەوتەکانن لەشارە گەورەکانی وەکو کەرکوك و موصل عێراق بەهۆی ئەنجامدانی قەسابخانەی هەڵەبجەوە ئیدانە کراوە.

وە هەروەها نەتەوە یەکگرتووەکان دوو پسپۆڕی هەڵبژاردووە کە بریتین لە (مانۆئیل دومنگیزکارمونا) و (جیمس هولگر) لە ٣/٨دا گەیشتنە تاران، بۆئەوەی بەرەو هەڵەبجە بڕۆن، بەڵام لەبەر ئەوەی شاری هەڵەبجە زەویەکی سەر بە عێراقە، ئەو دوو باڵیۆزە ناتوانن بەرەو ئەو شارە بڕۆن بەبێ ڕاوێژکردن بە حکومەتی بەغداد، کەئەویش خێرا بەوە ڕازی نابێت پێش باران بارین کە دەبێتە هۆی شاردنەوەی شوێنەواری ئەو تاوانە..)

### رۆژی ١٩٨٨/٤/١٢

(ئوبزرفر)ی هەفتانەی بەریتانی بەپێنوسی (جون میریت) باسێکی بڵاوکردووەتەوە بەناونیشانی (شیرینی منداڵێك ئازاری لێ بڵاودەبێتەوە) وێنەی منداڵێکی بڵاوکردووەتەوە کە کیمیایی بەرکەوتووەو لەژێریدا نووسیویە: (قوربانی بۆمبی گاز (ڕەنگین ١٤ساڵان) ڕوخساری گوزارشە لەترسناکی چەکی ژەهراوی عێراق).

لەباسەکەدا هاتووە: (هەر بۆنێك وەکو بۆنی گوڵ و میوە وەهابێت بەلای ئەم منداڵەوە (ڕەنگین) کەتەمەنی ١٤ساڵە ئەو ساتانەی دێنێتەوەیاد کە نینۆکەکانی ڕەنگیان سوور هەڵدەگەڕا لەگەڵ خوێندا کە هیچی نەدەبینی و بەنارەحەتیەکی زۆر هەناسەی دەدا.. یادگاریەکانی تاسێنەربوون، لەپاڵیدا قاپێك دانرابوو کاڵەکی تێدابوو لەنەخۆشخانەی (کرومویل) لە لەندەن لە هەینی ڕابردوودا، ئەمە یەکێکە لەو شەش قوربانیەی جەنگی کەنداو کە چەکی کیمیایی بەرکەتووە) وە ئێستە لەنەخۆشخانەیەکی تایبەت چارەسەر دەکرێت.. لاشە سوتاوو شێواوەکەیان گاڵتە بە پاکانەکانی عێراق دەکات.. پزیشکان لەو بڕوادان، کەوا تووش بوونەکان لەئەنجامی تێکەڵ لەگازی خەرل و گازی دەمارە. (ڕەنگین) دەڵێت ئەو بۆنەی لەبۆنی هێلکە دەکات پێست کەوڵ دەکات، وە ئەوەی لەبۆنی سیر دەکات وا لەمرۆڤەکان دەکات بلەرزن و بڕشێنەوەو پاشانیش بمرن.

شەشەکە (٣ ئافرەت و دوو پیاو و ڕەنگین) لەپێشدا (٣٧)کەس بوون زۆربەیان هاولاتی کوردی بوون کە هێنابوونیان بۆ نەخۆشخانەکانی ئەوروپاو ئەمریکا پێش ١١ ڕۆژ، ئەویش بەهۆی ئەوەوە کە ئەستەم بوو لەئێراندا تیمارکردنیان.. هەموویان لەقوربانیانی شاری هەڵەبجە بوون، کە لە١٦ی ئازاردا بۆردومان کرا کە بووە هۆی کوژرانی (٣٠٠٠) مەدەنی.

(کۆچەر) کەتەمەنی (٢٢) ساڵ بوو دەیوت: بۆمبی کیمیایی دوای سێ ڕۆژ لە بۆردومانی قورسی تانك و ئاسمانی بەکارهێنرا، وە ووتی : کاتێ کە بۆردومان وەستا لەژێرخانەکانمان هاتینە دەرەوەو بەرەو سنوورەکانی ئێران کەوتینە ڕێ کە (١٢)کم دوورە، بەڵام فڕۆکەکان شوێنمان دەکەوتن و بەردەوام هێرشیان بۆ دەهێناین و زۆریان بۆهێناین کە تا شەو لەژێر پردێکدا بمێنینەوە، بەهۆی ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگرەوە گەیاندینیانە سەر سنور، من یەکێك بووم لە کۆمەڵێکی (٣٠کەسی) وە ئێمە بەڕێوەبووین هەندێ جار بۆنی سەیر دەهات بە لوتماندا، وە ئێمە بەدرێژایی ڕێگاکە خەڵکانێکمان دەبینی کەبریندار بوون و چەکی کیمیاییان بەرکەوتبوو هاواریان

دەکرد.

لەنزیک ئافرەتێك و منداڵە بچوکەکەیدا وەستاین کە تەمەنی (٥ساڵ) بوو، کە منداڵەکە زۆر نەخۆش بوو، وە منداڵەکەم هەڵگرت کە دەرشایەوە، دوای ماوەیەك هەستم کرد باڵم تووشی شتێ بووەو وەکو سوتان وایە، وردە وردە پێستی لەشم بڵقی دەکرد،گۆشتی سەرباڵی تا ئێستاقن خۆی دەخواردەوە، وە پێستەکە لەشێوەی پارچە بە لەشیەوە دەکەوت.

(کۆچەر) ووتی (ئەوانەی تریش کەلە ئۆتۆمبیلە بارهەڵگرەکەدا بوون هەمان شت رووی دەدا بەسەریاندا، زۆر بەناڕەحەتی ئازارم هەبوو، دوای سێ سەعات گەیشتینە دێیەك، تەماشای ئەو منداڵەم کرد لە کۆشمدابوو بینیم مردووە، کاتێ تەماشای دایکیم کرد، بینیم ئەویش لەدنیا دەرچووە.. پێویست بوو بوەستین چونکە هێرشە ئاسمانیەکانی عێراق هێشتا بەردەوام بوو لە پێشمانەوە چونکە ڕێگاکان بەدرێژایی و پانایی پڕبوون لەلاشە.. وە دوای ماوەیەك، لەئەنجامدا گەیشتینە نزیکترین بنکەی تەندروستی ئێرانی، لەوێ کوتامیان بەجۆرێك لەدەرمان، کەمێك لەئازارەکەی نەهێشت.

وە من ئێستە نازانم باوکم و دایکم و براو خوشکەکەم لەکوێن، ئێمە کاتێ هەڵەبجەمان بەجێ هێشت یەکترمان ون کر، لەوانەیە وابزانن من هاتووم).

**ڕۆژی ١٩٨٨/٤/١٧**

گۆڤاری (نوفیل ئەبزرماتور)ی فەرەنسی بەپێنوسی (فرانسوا شلوسی) بابەتێکی بڵاوکردەوە بەناونیشانی (قەسابخانە کیمیاییەکان لەکوردستان..) تیایدا هاتووە پێش ٦١ساڵ پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی دەرکرا بۆقەدەغەکردنی چەکە ژەهراویەکان لەجەنگدا، بەڵام دیکتاتۆری عێراق توانی ئەو بڕیارە پێشێل بکات.. شەقام هێمنە وەکو مردن بەکیمیایی کەتوشی هاتبێت، لاشەکان بلاوبوونەتەوە، وە لە بەردەم دەرگای پیاوێکدا کەوتبوو وە لەقوڵایی ماڵەوە گۆڕەپانێکی گەورە لەلای ڕاستەوە هەبوو سێ لاشەی ئافرەتی تێدابوو، وە لەلاکەی تریدا کۆمەڵێ ئافرەتی لێ بوو کە گەورەتربوون لەتەمەندا لەیەك ئالابوون لەگەڵ چەند منداڵێکدا، وە لەبەردەم چێشتخانەکەدا لاشەیەکی تری لێ بوو کەوتبوو بەپشتا، ئەم ماڵە دەکەوێتە شاری هەڵەبجەی کوردی لەباکوری عێراق، ئەوانەی دوای بۆردومانەکەو یەکەم جار گەیشتنە شارەکە توانیان کە ئەو دیمەنانە لەشەقامەکانی هەڵەبجەدا ببینن کە چەندە دیمەنێکی ترسناکبوو.

گۆڤارەکە بەم ووتانە کۆتایی بەباسەکەی هێنا (نارەزاییە نێودەوڵەتیەکان بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بەزیهنی ماوەتەوە، بەڵام ئێمە لەهەموو بارەکاندا ئاماژە بەپرۆتۆکۆلی پێشووی ئەنجومەنی گەلان دەکەین، وە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانێ بڕیارێك دەربکات کە بەر لە ڕەوانەکردنی ئەم چەکە بگرێت بۆ ڕژێمی صدام حسین، وە پێویستە فەرەنساش پێشەنگ بێت، یەکەم: لەبەرئەوەی پرۆتۆکۆلی (جنێف)ی مۆرکردووە، دووەمیش: لەبەرئەوەی فڕۆکەکانی کەبریتین لە جۆری میراج ئەو دروستی کردوون، ئەو فڕۆکانە تۆوی کیمیاییان وەشاند بەناو مەدەنیە کوردەکاندا لەکوردستاندا.

**ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٢١**

ڕۆژنامەی (ماگیار نیمزیت)ی هەنگاری، زمانحاڵی بەرەی نیشتیمانی هەنگاریی، بابەتێکی بڵاوکرووەتەوە بەپێنوسی (تیبور بوشا) لەژێر ناونیشانی (مردن لەهەڵەبجە) وەك ئەوەی بیەوێت بەوە ئیدانەی بێدەنگی دەزگا سۆشیالیستیەکان بکات بەرامبەر بەم تاوانە لەپێش هەموویانەوە یەکیەتی سۆڤیەت، ئەوەی کە تیایدا هاتووە: (لەکاتی بینینی کارەساتەکەدا وشەکان وشك و بەتاڵ دەبنەوە، بەشێوازێك پیاهەڵدانەکان بەهاو نرخیان نامێنێت، وە دەتوانرێت هەست بە تۆقینی پەیامنێرەکان بکرێت لەمیانی نوسینی ڕاپۆرتەکانیان، ئەوانەی کە لەمیانی هەشت ساڵی جەنگی عێراق-ئێراندا زۆریان تاقی کردەوە.

لەوانەیە بەخەیاڵیاندا نەهاتبێت، ئەوانە ڕاهاتبوون لەسەر نوسینی ڕاپۆرتە تایبەتەکانیان دەربارەی کردەوە سەربازیە ئاساییە بۆشەکان لەزۆرکاتدا، ئەوانە لەو نزیکەوە ئازاری مرۆڤەکان دەبینن، ووتەیەك شك نابەن گوزارش لەو تۆقینە بکەن کە دەیبینن، وێنەکان لەبری وتەکان دێنەگۆ.. سەدان لاشە بڵاوبوونەتەوە بەشەقامەکانی هەڵەبجەدا، ئەو شارە عێراقیە کوردیەی کە دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی وڵاتەوە.

هەورێکی زەرد: پسپۆران دەڵێن، ئەمە یەکەم جارە لەمێژوودا بەتایبەتی ڕژێمێك چەکی کیمیایی دژبەهاوڵاتیانی خۆی بەکاربهێنێت، ئەو



فڕۆكانەی موشەكی پڕ بەگازی سیانید و خەردەلیان ئاراستەی شاری هەڵەبجە كرد لەناوەڕاستی مانگی ئازاردا عێراقی بوون، ئەوەی كە خۆفناك بوو ژمارەی قوربانیان بوو.. دەم و دەست زیاد لە پێنج هەزار كەس مردن.. بریندارانیش بەلانی كەمەوە نزیك بەو ژمارەیە بوون، ئەوەی كە زۆرێك نارەحەت بوو مردنێكی هێواش بوو.. ئەمە هێرۆشیمای خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بوو (بۆمبی) هاوچەرخ، گازی دەمار كە دەسكردی مرۆڤە، جێگای گڕە بوركانیەكانی گرتووەتەوە.. ڕاكردوانیش لەپیر و ژن و منداڵ و پیاو پەكیان كەوتووە، ئەوانەی هەوڵیاندابوو ڕابكەن لەبەردەم ئەو هەورە زەردەدا كە كشابوو بۆئەوەی هەموو شوێنێك بگرێتەوە، كۆمەڵێكیش لەچاوەڕوانیدا بوون و دەربازبوونیان نەبوو، وەك ئەو خێزانەی ئەندامەكانی لەپاڵ سفرەكەدا باوەشیان بەیەكدا كردبوو، كە هێشتا خواردنەكە بەنیوەیی لەسەر سفرەكە مابوویەوە، بەڵام تاوانی ئەمانە ئەبێ چی بێت، پیرو كۆرپە بێ جیاوازی؟ ئەمانە كوردبوون ئەوگەلەی كەوا بەش بووە بەسەر چەندین وڵاتدا، كە چەندین سەدەیە تێ دەكۆشێ و بەنارەحەتیەكی زۆر لەپێناوی مافە نەتەوەیی و نیشتمانیەكانیدا.. لەسەعاتەكانی یەكەمی دوای نیوەڕۆی ڕۆژی ١٦/ئازار لەئاسمانی هەڵەبجەدا كە حەفتا هەزار كەسی تێدابوو، فڕۆكەكانی هێزی ئاسمانی عێراقی (میراج ف١) دەركەوتن، ئەم شارە هیچ گرنگیەكی سەربازیی نەبوو.. دوای وەشاندنی موشەك دوكەڵێك لەگازی سیانید بەرزبوویەوە، لەماوەی چەند چركەیەكدا هەموو ئەوانەی بەو دەوروپشتەدا بوون لەناوی بردن.. لەڕاپۆرتەكاندا دەركەوتووە زۆرێك لەلادێكانی نزیك ئەو شارە ئەوانیش بەرهێرشی چەكی كیمیایی كەوتوون، دوای ڕۆژێك چەن موشەكێك ئاراستەی ئەو شارە كرا كە پڕبوون لەگازی دەمار كە ناسراوە بە (تابون) ئاڕاستەی هەموو لایەكی شاركرا.

ئەم بڕیارە لە شوێنێك دەرچوو: پێویستە ئەو شارە بەو نارەحەتیەوە بتلێتەوە ، لەو شارەدا و لەساڵی ڕابردوودا ڕاپەڕینێك بەرپابوو دژ بەڕژێم، دوای كپ كردنەوەی هەزاران كەس لەدانیشتوان كۆچیان كرد بۆ ئێران، بێگومان بەشێكی زۆری دانیشتوان هاوسۆزن لەگەڵ شۆڕشگێڕە كوردەكاندا، وە پسپۆڕان بەكارهێنانی چەكی كیمیایی دژی هەركائینێك بێت پێشێلكردنی ڕێكەوتننامەی جنێفە كەلەساڵی ١٩٢٥ مۆركراوە كەتایبەتە بە بەرگرتن لەبەكارهێنانی ئەو جۆرە هۆكارە سەربازیە ترسناكە وە بەغداش ئەو هێرشەی بەدرۆ نەخستووەتەوە، بەڵكو بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆش دانی بەو تاوانەدا ناوە..)

## سەرۆکی لێکۆڵینەوەی دۆسێی هەڵەبجە:

# (هەڵهاتنی) فڕۆکەوانەکە گورزێکی گەورەو زیاتێکی جەرگبڕبوو لە دۆسیەی هەڵەبجە کەوت

ئا: ئەنفالستان

**کەی دەستتان پێکردو چۆن ڕوبەڕوی ئامادەکردنی دۆسیەی هەڵەبجە بونەوە ؟**

سوپاستان دەکەم بۆ ئەم دیدارە،بەهیوام کەوەڵامەکانم بۆ ئێوەو خوێنەرانتان سودمەندبیت ، هەتا ئەو جێگەیەیی کەبتوانم ڕۆشنایی بخەمە سەر پرسیارەکانتان ، ڕەنگە لەم کاتەدا کە دۆسێی هەڵەبجە لەدادگایکردندایە وەکو پابەند بونێکی ئەخلاقی نەتوانم دەقاو دەق یان وەکو ئەوەی کە خۆم دەمەوێت ومەبەستمە وەڵامی هەموو پرسیارێك بدەمەوە لەبەرئەوە داوای لێبوردن لەخوێنەران و کاك عومەرمحمدی بەرێز دەکەم .

مانگی (١١) یانزەی ساڵی ٢٠٠٤ دەستمان بەلێکۆڵینەوەی دۆسێکە کرد، دوای ئەوەی کە لەدادگای تاوانەکانی باڵای عیراق چواردە دۆسێ بۆلێکۆڵینەوە دیاریکراوە ئەوانەی کەپەیوەندیان، بە کوردستانەوە هەیە ئەمانەن ( ئەنفال ، کیمیابارانکردنی هەڵەبجە ، کوردە فەیلییەکان ، بەرزانیەکان ، پاکتاوی نەژادی ).

پێمباشە ئاماژەیەکی کورت بەدادگاکە بکەم،ئەم دادگایە بەپێی فەرمانی ژمارە (٤٨) کە لەبەریوەبەری کارگێری دەسەلاتی ئیئتلافی یەکگرتو – پۆل بریمەر – وە بەیاسای ژمارە (١) ساڵی (٢٠٠٣) دامەزرا، وە ناوەکەی ( دادگای تاوانەکانی تایبەتمەند بەتاوانە دژە مرۆییەکان ) بوو . وە بە دەرچونی یاسای ژمارە (١٠) ی ساڵی (٢٠٠٥) لەپەرلەمانی عێراق ناوی دادگاکە بۆ ( دادگای تاوانەکانی باڵای عیراق ) گۆڕدرا بەهەندێك ئاڵوگۆڕەوە، بەشێوەیەکی سەرەکی سێ مادەی گرنگی تیایە کەئەوانەش :

مادەی (١١) تاوانی جینۆساید وە (١٢) تاوانە دژە مرۆییەکان (١٣)تاوانی جەنگ .

**ئەم تاوانانو هەموویان تاوانی نیودەولەتی جینۆسایدن..؟ یابەرێزت وەك دادوەرێك تاقەتت بەسەریدا دەشکا یان هیچ ئەزمونێکت هەبووە لەو دۆسێیانەدا ؟**

بێگومان، هەمو لێکۆڵینەوەیەك بەجۆرێك لەجۆرەکان ئاستەنگیەکی تیایە بەڵام بەدوادا چونو دەرخستنی ڕاستیەکان کارێکی بنەڕەتیە ئیتر ئەوە کاری لێکۆڵینە وەیە،ئەوتاوانانەی کە ئێمەلێکۆڵینەوەمان تیاکردووە لەوانە تاوانی کیمیابارانکردنی شاری هەلەبجەو دەورو بەری مۆرکیکی نێودەوڵەتی هەیە، بەڵێ پێشتر من دادوەریکی ئاسایبوم وەئاشنایەتیەکی کەمم لەتاوانە نێو دەوڵتیەکاندا هەبوو کەئەویش بەری هەوڵی تاکەکەسی خۆمبوو، بەڵام بینین وبەشداریکردنی دوخولی تیوری یاسایی لە دەرەوەی



وڵات هێڵە گشتیەکانی لیکۆڵینەوەی نێو دەوڵەتی بۆڕۆشنکردمەوەو بەئەمانەتەوە زۆر کەڵکم لێوەرگرت، ئەوکاتە دادگا هیچ بایەخێکی ئەوتۆی بەداواکانمان نەئەدا تەنانەت دیکۆمینتەکانی نەدەنارد جگەلەوەش ئەوکاتە خەڵکی هەڵەبجە بونی دادگایەکیان بەشتێکی نامۆ دەزانیو متمانەیان نەبوو ئەوەش هۆی خۆی هەیەو کەلێرەدا بواری ئاماژە پێکردنی نیە، ئێمەش دوای ئەوەی کە بەهەوڵی ماندونەناسانەی خۆمان مەبەستم خۆم وەکو سەرۆکی لێکۆڵینەوەو لیکۆڵەرەوان هەڵەتیکی خەمخۆرانەمانکرد لە یاساکەو ئامانجەکانی لەلایەکی ترەوە ، هەرچەندە سکالاکاران ئەبوایە لەهەڵبجەوە بهاتنایەتە بۆ سلیمانی بۆ نوسینگەکەمان

بۆ ئەوەی سکالایان تۆماربکردایە، بەڵام ئێمە ئەوەمان پیادە نەکرد بەڵکو خۆمان ئەچوین بۆ هەڵەبجەو ئەگەر پێویستیشی بکردایە ماڵ بەماڵ ئەگەڕاین، بەڵگەشمان ئەوەیە کە لە زۆر ماڵدا ووتەی شایەتحاڵمان وەرگرتووە .

**بێگومانم زەحمەتی زۆرتان کێشاوە بەلام تاچەند لەڕوی یاساییەوە گەشبینیت بەوەی زەحمەتەکەتان ئەنجامێکی دادپەروەرانەی باشی لێبکەوێتەوە ؟**

ئەو وتانەی کەلەدۆسێی هەڵەبجە دا وەرگیراون، بەشێوەیەکی یاسایی و پڕاوپڕی وەرگیراون کەشایستەی گرنگیو گەورەیی ئەو تاوانەیە، جگە لەشایەتحاڵ دۆسێەکە بەدیکۆمینتی تریش دەوڵەمەندە، ئەوانە ئاماژە گەلێکن کە دۆسێەکە ئەنجامیکی لەباری ئەبیت ئەگەر دادگا لەپیوانەنێو دەوڵەتیکان لانەدا ئەوا ئەنجامیکی دادپەروەرانە ئەدا بەدەستەوە .

**ئەوشایەتحاڵانەی لیکۆڵینەوەیان لەگەڵکراوە بە چ سیفەتێك ئەچنە بەردەم دادوەر؟ کێ ئەو کەسانە دیاری دەکات ..؟ تا چەند شایەتحاڵەکان ئەتوانن وێنەی ڕاستەقینەی تاوانەکە بکێشن و خزمەتی یاسا بکەن ..؟**

لەقۆناغی لیکۆڵینەوەدا وتەی سکالاکاران وەرگیراوە ئەو کەسە کەخۆی قوربانیە یان کەسوکاری قوربانیە یان وەکو هەواڵدەر وتەی وەرگیراوە یان وەکوشایەت وەرگیراوە کەشایەتی بینینی ڕوداوەکەن، هەرکەسێك لە قۆناغی لیکۆڵینەوەبە چ سیفەتیك وتەکانی وەرگیرابیت هەربەوسیفەتە بۆ بەردەمی دادگا دەچێت ، ئەو سکالاکارانەی کە هەتا ئیستا چونەتە بەردەم دادگا ، ناتوانم بڵیم بەتەواوەتی وێنەی ڕاستەقینەی ڕوداوەکەیان کێشاوە،دیارە هاتن بۆبەغداو مانەوە لەو جێگەیەی کەبۆیان تەرخانکراوە کەجێگەی پرسیارە، ماندوبونی تیایە وەتیمی لیکۆڵینەوەش دورخراوەتەوە .

ژمارەیەکی زۆر ووتەی سکالاکارو شایەتەکان وەرگیراون بەکردەوە ناکریت ئەو ژمارە زۆرە بانگهێشتی دادگابکریت، بەرێز داواکاری گشتی ، کە وێنەیەکی دۆسیەکەی لەلایە ناوەکان دیاری دەکات .

**تۆ وەکو سەرۆکی لێکۆڵینەوەی ئەو دۆسێیە پێتوایە تاوانی هەڵەبجە بەجینۆساید یەکلایی دەبێتەوە ؟**

تاوانی هەڵەبجەم بەسێ مادەی یاسایی

## بیجگە لەخەمخۆرانی ناوەندی ( چاك ) پێش کەرتبون و دوکەرتبونیشیان، هیچ جۆرە ڕیکخراویکی تر هاوکاری نەکردوین .

هەواڵە کردووە کە ئەوانیشبریتین:

ی مادەیی (١١) ی جینۆساید

ی مادەی (١٢ ) تاوانە دژەمرۆییکان

ی مادەی ( ١٣ ) تاوانی جەنگ

هەرسێ مادەکەی بەسەردا دەچەسپێت،هێرشیکی ڕێکخراو بەرنامە بۆداڕیژراو بۆ سەر خەلکی هەڵەبجە بە مەبەستی فڕکردنیان کەئەوەش مادەی (١١ ) بەسەردا ئەچەسپێت ، وەپاش گەڕانەوەی خەڵکی لیقەوماوی هەڵەبجە حکومەتی بەعس دڕندانە کەوتە وێزەی ئەوخەڵکە، دۆخیکی نائینسانی وتراژیدی بۆ خوڵقاندن بەدورخستنەوەیان بۆ زیندانی نوگرەسەلمان، ئەوانەشی ڕزگاریان بوو، بەزۆر لەدەشتی وروتەنی بەرحوشترو گردەچاڵ لە هەولیر نیشتەجێکرانەوە، هەروەها ڕاونانو گرتنیان لەسلیمانی وە بەشێکیشیان لە ئۆردوگای زۆرەملیی باینجان بەگیروگازهێنرابوونو بێبەشکردنیان لەهەمو وەزیفەیەکی حکومەت تەنانەت بێبەشکردنیان لەخویندنیش ...هتد کەئەمەش هەمو ڕەگەزەکانی مادەی ( ١٢ ). دەکریتەوە وەکو تاوانی جەنگ سەیر بکریت کە ئەو کاتە جەنگیکی ماڵویرانکەری عیراق و ئێران لە ئارادابوو شارەکەش بوە بەشیك لەگۆڕەپانی ئەو جەنگە، ئەوەی کەناکریت لەکاتی جەنگدا بەرامبەر خەڵکی مەدەنی بکریت و یاساغکراوە بەتایبەتی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی ئەوەی ڕێگە پێنەدراوە حکومەتی بەعس بە خەلکی هەلەبجە ودەوروبەری کردوویەتی . کەئەوەش مادەی ( ١٣ ) ئەیگریتەوە .

**ئەو دادگایەی لەولاتی هۆڵندا بۆ تاوانباریکی هۆڵندی کە بازرگانی بەمادە کیمیاویەکانەوە کردبوو ، تا چەند دەتوانێ یاریدەی دۆسێی هەڵەبجە بیت ئایا ئەو دۆسیەیە وەکو پاشکۆیەکی قانونی پشتی پیدە بەستریت ..؟**

لەکاتی خۆیدا دۆسیەی ئەوکەیسە کە بە هاوکاری دڵسۆزانیك چنگم کەوتبو- کەلە دەرفەتیکی تردا ناویان ئەهێنم وسوپاس وپیزانینی خۆمیان پیرا دەگەیەنم هەواڵەی دادگا کراوە وەکو دیکۆمینتیك وایە لەناو کیسەکەدا ، سود لێوەرگرتنی ئەگەڕێتەوە بۆ خودی دادگا .

**حکومەتی هەریمی کوردستان بەتایبەت وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان تاچەند**

**هاوکارتان ..؟**

نەخێر حکومەتی هەریمی کوردستان، هاوکاریان نەکردوین، بیجگە لەبەڕێوەبەریتی گشتی کاروباری شەهیدانوئەنفالکراوان - سلێمانی کەهاوکاریان کردینوجێگەی ڕیزوپێزانینە کەلەکاتی گونجاودا وەلە داهاتودا ئەبیت بەتایبەتی ئاماژە بەهاوکاریان بکەین .

**ڕیکخراوە ناحکومیەکان ڕۆڵیان بینی لە هاوکاری کردنتان ؟.**

بیجگە لە خەمخۆرانی ناوەندی ( چاك ) پێش کەرتبونو دواکەرتبونیشیان، هیچ جۆرە ڕیکخراویکی تر هاوکاری نەکردوین

**.هەڵهاتنی فرۆکەوان تاریق ڕەمەزان بەکر ئەلعەزاوی خاڵی لاوازی دادگاکەیە یان بەشێوەیەکی گشتی تر بڵیین ، ووتەکانی بەسنیە بۆ ئەوەی سودی لیوەربگیرێت ؟ یاخود بەئامادە نەبونی وەرگرتنی ئیفادەکەی کەلکی نامینێ ؟**

( هەڵهاتنی ) فرۆکەوانەکە گورزێکی گەورەو زیانێکی جەرگبڕبوو لەدۆسیەی هەڵەبجە کەوت، هیچ شتێك نیە جێگەی بگریتەوە،ئەو تۆمەتباریکی موعتەریفە کەوتەکانی و بونی خۆی لەدادگادا بەلگەیەکی بە هێزە لەسەر بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە لایەن عیراقەوە ، نەخێر دوای هەڵاتنی ووتەکانی سودیکی نیە مادام خۆی ئامادە نیە ؟

**ئەو گەرمو گوڕیەیی بەدۆسیەیی ئەنفالەوە دیاربوو بەدۆسیەیی هەڵەبجەوە دیارنیە ؟ ئەمە لەلای ئێوەش وایە ؟**

ئەو قسەیە زۆر ڕاستە ، بپرسین بۆ ؟ مانەوەی ئەو تۆمەتبارانەی کە لەدۆسێی ئەنفالدا حوکمی لەسیدارە دانیان بۆ دەرچووە و جێبەجێنەکردنی بڕیاری دادگا ، متمانەی گشتی بەدادگا لاواز کردووە. بەڵام دادگا لەوە بەرپرسیار نیە بە حوکمدانی تۆمەتباران دادگا دەستی لەسەر دۆسێە هەڵئەگیریت وە ئەوە کاری دەسەڵاتی جیبەجیکردنە خاڵیکی تریش ، لەسیدارەدانی سەدام حسەین کەلەدۆسێی هەڵەبجە تۆمەتباری یەکەم بوو . ئامادەبونی مانایەکی تری ئەبەخشیە ئەم دۆسیە . دۆسێەکانی دوجەیل و ئەنفال لەئاستێکی بەربلاودا هەموو دانیشتنەکانی دادگا بلاو ئەبوەوە ، ئەو کاتە دادگا گریبەستی لە گەڵ ئەمریکیەکاندا هەبوو . وە لە ئاستی دنیادا لەلایەن میدیا بەهێزەکانەوە پەخش دەکرا بەڵام ئیستا تەنها لەکەناڵی ئەلعیراقیەی ڕاستەوخۆ بلاو ئەبیتەوە . هەستناکەم دەسەڵاتی کوردی زۆر بەبایەخەوە بڕوانێتە دۆسێەکە ئەوەتا بەنیوە ناچلی بلاوی دەکاتەوە کەئەبوایە لەناو هۆلی دادگاشدا ئامادەبوانایە .

**هەست ئەکەیت دەستیوەردانی سیاسی بەدادگاکەوە دیارە ؟**

بەشێوەیەکی گشتی دادگا سەربە سیستەمێکی دادوەری سەربەخۆ نیە ، کەڕەنگە ئەمەش بوار بۆ دەستیوەردان خۆشبکات .

**کێ لە دۆسیەی هەڵەبجەدا ڕۆڵی بینیوە ؟**

دادوەرو لێکۆڵەرە بەڕیزەکان بەتایبەتی بەڕێزان ( محەمەد فەرەج، پشکۆ عەبدالقادر، مازن خەلیل) ڕۆڵی سەرەکیان لەسەرخستنی لێکۆلینەوەی دۆسێەکەدا گێڕاوەو دلسۆزانە ئەرکەکانیان بەجێگەیاندووە.

**پێشبینی ئەکەیت بەچەند دانیشتن دۆسیەکە تەواو بێت ؟**

ئەوە وەڵامیکی دروستی بەرجەستەی نیە ، بەڵام ئەگەر دادگا بەم ڕێڕەوەی ئیستای بڕوات ، پیموایە لەمانگی حەوتتدا بەرەو کۆتایی بچێت . ئەوەش تەنها پێشبینیە .

**لەم دۆسێەدا چی کاریگەر بووە یان چی خەمباری کردویت ؟**

کاتیك کە دەستمان بەلێکۆڵینەوە کرد وتەی سکاڵاکارانمان وەرئەگرت ، توشی بارێکی دەرونی زۆر ئاڵۆز بوم،کەچەند مانگیکی خایاند ، ئەوەم ئەخستە بەرچاوم کە ئەوانەی ڕوداوەکەیان بەسەردا هاتوە ، ئەبیت لەچ باریکی ئاڵۆزدابن ئەمە وای لیکردم بەسەر هەمو کۆسپیکدا زاڵببم ، یەکیك لەوشتانەی تر وە زۆر بە داخەوە هەندێ کەسی ( هەڵەبجە )یی تەگەرەیان ئەخستە بەردەم کارەکانمان . زۆرم هەوڵدا کە وتەی هەمو تۆمەتباران وەرگرم، بەڵام ناوەندیکی ناو دادگا ئەو بوارەی بۆ نە دە ڕەخساندم پاش هەوڵیکی زۆر توانیم لەکامپی کرۆپەر لەبەغدا کە کامپیکی ئەمریکیە وتەی ئەو تۆمەتبارانە وەرگرم کە ئیستا ئێوە لەکاتی دادگاییکردندا لەناو قەفەزەکە ئەیبینن بەڵام کاتێکبوو کە تۆمەتباری سەرەکی دۆسێەکە سەدام حسین نەمابو ، دیارنەمانی فرۆکەوانەکەش پەژارەیەکی ترە، کە زۆر هەوڵدا بۆگرتوخانەی تایبەتی دادگای بگوێزمەوە لەبەغدا ئەوەش وەکو زۆر هەوڵیتر سەرینەگرت.

**ئەگەر شتێکی ترمابێ ؟**

تەنها سوپاسم هەیە بۆ ئێوەو خوێنەرانی ئەم ئەم سالنامەیە .

# وردە بەعسیەکان و جێبەکانی هەشتاوهەشت

یاسین ئاشور

چاوەڕوانـی پرتاسوق‌وپشت شکێنی هەشتاوهەشت، تاروخانی رژێمی دیکتاتۆری ئیشوکاری زۆربەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بوو. چاوەڕوانییەك گەر بەدیبهاتبایە سەرتاپای ژیان‌و گوزەران‌و ئاراستەی هەموو یان توێژێکی گەورەی کۆمەڵگای کوردی دەگۆڕی. مەخابن ئەو چاوەڕوانییە هەر نەهات‌و لەگەڵ خۆیدا خەون‌و ئومێدی سەدان هەزران کچ‌و ژن‌و باوك‌و دایك‌وکوری لەگەڵ خۆیدا برد.

پێش ئەوەی پەلامارەکانی ئەنفال دەست پێبکات، حکومەتی ئەو کاتەی عێراق دەستی کرد بەکردنەوەی ١٠-١٢ ئۆردگای زۆرملێی قیزەوون کە بە زۆرەملێ خەڵکی گوندنشینی ناوچە قەدەغەکراوەکانی تێدانیشتە جێدەکرد. دوای پەلامارەکانی ئەنفالیش ژمارەی خەڵکی دەیان جار زیادی کرد. یەکێك لەو ئۆردوگایانە (صمود)بوو. ڕەنگە پێویست نەکات باسی ئەوە بکەین کە بۆچی رژێمی بەعس ئەم ئۆردووگایانەی دروست کرد چونکە سیاسەتی بەعس لای هەمووان ئاشکرایە. ئەوەی لێرەدا دەیگێڕمەوە دیاردەیەکیناو ئۆردوگای صمودە بەدیاریکراوی لەساڵی هەشتاوهەشتدا، کە پاش پەلاماری ئەنفالەکان بەمانگێك کەمتر یان زیاتر. لەو ئۆردوگایەدا.

پاش ئەوەی کەشاڵاوەکانی ئەنفال تەواوبوو، ئەوانەی کەرزگاریان بووو بەردەستیان نەکەوتن هاتنە ئەو ئۆردوگایە. زۆربەی هەرە زۆری دانشتوانی ئەو ئۆردوگایە بونە خاوەن ئەنفالکراو . ئەوەشی نەیبوو ناسیاوێکی خزمێکی شتێکی هەبوو کە جیانەکرێتەوە لەوانەی خاوەن ئەنفال بوون. بەکورتی ئەو ئۆردوگایە پربوو لەچاوەڕوانی هاتنەوەی ئەنفالەکان. لەساتە وەختی ئەنفالکردنەکەدا من‌و هاوتەمەنەکانیشم ئەنفال بەشتێکی ئاسایی تێدەگەیشتین. بیرمە لەگەڵ کۆمەڵێك منداڵی تردا کەهاوتەمەنم بوون، خەریکی یاری (تەشیلان) (گولان) بووین پیاوێکی تارادەیەك بەتەمەن بەلامانا تێپەری هەر ئەوەنەبوو شیوەن نەکا لەبەر خۆیەوە باوکە ڕۆو براڕۆی بوو (ئەمجارەش ماڵان ویران بوو، قوڕکرا بە سەرمانا...) ئەو ئەیزانی ئەنفال یەعنی چی؟ ئەو ئەیزانی یەعنی چی دونیایەك ژن‌و منداڵ‌و پیر بکەیتە ناو(زیل)ەوەو کۆمەڵێك سەربازی لچ ئەستووریش بەچەکەکانیانەوە مۆرەیان لێبکەن؟ ( بەخوا ئەو زیلانە پربوون، بەچاوی خۆم بینیم، بردنیان، کەس نازانێت بۆ کوێ. خوایە بۆ وامان لێئەکەی، بەخوا ئەمناسین ئەوانە زۆربەی خزم‌وکەسوکارەکەی من بوون. ئەوانە ئیتر نایەنەوە. خوایە پەنامان بە، خوایە ڕەحمان پێبکە) نەك ئەم پیاوە هەموو ئەو خەڵکە بەچاوی خۆیان بینیان ئەنفال چی پێکردن. زیل‌و جاش‌و سەربازە لچ ئەستورکانی عەرەب چی پێکردن. ئەنفال لەوە گەورەترە قەربووبوو بکرێتەوە، لەوە گەورەترە وەسف بکرێت. ڕۆحی ئەنفالکراو، لەوە پیرۆز ترە مزایەدەی پێوە بکرێت. ئەنفال....

ماوەیەکی کەم پاش تەواوبوونی ئەنفالەکە، چەند جارێك کۆمەڵێك ئەنفالکراو ئازاد دەکران‌و دەگەڕانەوە. (ئەنفالەکان هاتنەوە ) هەر کە ئەو هەواڵە بڵاو ئەبووەوە ئەو ئۆردوگایە وەك شێخێك حەسرەت بیگرێ ئەلەرزی‌و دەهەژا وەك سوپایەك چۆن شکست بخوات‌و سەری لێتێکبچێت ئەو خەڵکە بەناویەکدا ئەهاتن‌و ئەچوون رایان دەکرد. هەمووان بەرەو لای مەرکەزەکە. بەختەوەر بوو ئەو کەسەی، کەسێکی یان خزمێکی لەناو ئەو ئازاد کراوانە دابێت. چەند کەسێکی کەم شاد ئەبوون‌و دونیایەکیش



بەدڵشکاوی‌و چاوەڕوانیەکی درێژترەوە ئەگەڕانەوە. ئەو سەردەمە سەردەمی گریانی بەکۆمەڵ بوو، گەرەك نەبوو، ماڵ نەبوو گریانی تیانەبێت، پێناچێت هیچ شتێك بتوانێت ئاوەها گریانی بەکۆمەڵ دروست بکات. ئەنفال گریانی دەستە جەمعی ئەو خەڵکە بوو. ماوەیەکی کەم بەم شێوەی هەر جارەو شەش حەوت ئەنفالێك دەهاتنەوە. ماوەیەکی کەم بەم شێوەیە بەردەوام بوو. بەڵام پاش ئەمە ئیتر هاتنەوەی ئەنفالەکان نەماو بچوکترین هەواڵێك گەرچی سەد دەر سەد درۆش بوایە لەو بارەیەوە بگەیشتایەتە ئەو خەڵکە بەهەڵەداوان دەگەیشتنە لای مەرکەزەکە. ئەم حاڵەتە پڕ نائومیدیە ئەم راکردن بەدوای هیوایە، لەلایەن کۆمەڵێك لە "سایق جێب"ەکانەوە قۆزرایەوە. ئەو کاتەی ئیشیان رووی لەکزی دەکرد بەدرۆ هەواڵی هاتنەوەی ئەنفالەکانیان بڵاوئەکردەوە. ئەوان بێ ئەوەی گوێ بەهەستی ئەو خەڵکە مەزلومە بدەن، ئاوەها نانی خۆیان مسۆگەر دەکرد. لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە جیبەکان فرکان فرکانیان بوو، هەمووکەس بەردەستی نەئەکەوت. مرۆڤ ئاوەهایە بەدەگمەن ئەتوانێت بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بخاتە لاوە، ئەگەرچی بەدیهێنانی

بەرژەوەندیەکەی لەسەر حسابی خەڵکی تر بێت. ئەو کاتە ئەو سایق جێبانە یاریان بەهەستو شعوری ئەو خەڵکە دەکرد. باکیان لەدرۆ نەبوو، باش ئەیانزانی بڵاوکردنەوەی هەواڵی هاتنەوەی ئەنفالەکان بازاڕیان گەرم دەکا، ئەو خەڵکەش چاری نەبوو تەنها باوەڕکردن نەبێت ( کە ئاوبردیتی دەست بۆ پۆشی سەر ئاویش ئەبەی) ناچاربوون بەدەم ئەو هەواڵەوە ڕاکەن, هەندێك جار نەك ئەو سایق جێبانە بەڵکو حزبیەکان خۆیان ئەو کارەیان دەکرد, زۆر جار بۆئەوەی بەردەم مەرکەزەکە قەرەباڵغ بێتو ئەوانیش لەزەت لەدەسەڵاتی خۆیان وەربگرن ئاوەهایان دەکرد. شانازی کردن بەو دەسەڵاتە نەخۆشەی کە تەواوی ویژادانیانی کوشتبوو. خرکردنەوەی ئەو عەشامەتە بێحەسرەتەی کەهەموو گیانی ئەکردە گوێ بۆیان (بەڵکو خوایە هەواڵێکیان پیبێت) بەڵام نا, بەو سەرو سیما بەعسیانەوە ئەهاتنە پێشەوەو بەرەفتاری خۆیان بە جوێندانو قسەی سوككردن ئەو خەڵكەیان ئەوەندەی تر بێ ئومێد دەکرد. کارەساتی گەورەی هەر کۆمەڵگایەك ئەوەیە کە دەسەلاتەکەی خاوەن برێکی گەورەی هەستکردن بەئازارو موعانتی هاوڵاتیەکانی نەبێت. ئەودەسەڵاتە دیکتاتۆرو درندەیە کە ناتوانێن یان نایەوێت جەستەو ڕۆحی تێکەڵ بەژانو ئازاری خەڵەکەی بێت. حکومەتی بەعسو وردە بەعسیەکان لەزەتیان لەئازاردان وەرئەگرت. جگە لەئازاری مادی پسپۆرێکی گەورەی ئازاردەری ڕۆحیش بوون. ئەوەی بەمادی نەیانکردایە بەمەعنەوی ئەیانکرد .

ئەمە گێرانەوەی ڕووداوێکی ئەوکاتەیە ڕەنگە بۆ سەردەمی ئێستا بایەخێکی نەبێت، بەڵام جێی خۆیەتی بەتەواوەتی ئەوەی پەیوەندی بەئنفالەوە هەبێت ونەبێت. ئەنفال خۆی کارەساتوغەدرێکی گەورەیە لەوگەورەترباس نەکردنی هەموو ئەو ڕوودانەوەیە کە پەیوەندی پێوە هەیە. ئەگەر جی زۆر بچوکیش بێت .

## موشەکە کیمیاویەکانی

# گوندی تەکیەو بەلەکجاڕ

ئا: ئامانج وەلی



بەرواری ٢٠٠٨/١٢/٢٣ تیمێکی نوسینگەی سلێمانی ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی بە سەرپەرشتی ئامانج محمد والیو بەهاوکاری ئەنجومەنوپۆلیسی ناحیێ سیۆسێنان، سەردانی گوندی بەلەکجاڕی ناوچەی قەرەداغیانکرد، ئامانج لەو سەردانە پشکنینی ئەو کاتویێشایانەبوو، کەلەسەروەختی جەبورتی بەعسو لەدوای کیمیابارانکردنی گوندی سیۆسێنان، بەرئەو ناوچەیەکەوتوونو هەتا ئێستاش لەناوچەکەدامانەتەوەو جێگەی مەترسین بۆ سەر ژیانی خەڵکی گوندەکانی دەوروبەری.

گوندی بەڵکجار پاڵی داوە بەچیاوەو ئیستا ئاوەدانکراوەتەوەو نزیکەی ٢٢ماڵی تیایدا دەژی، خەڵکەکەی بەزۆری خەریکی کشتوکاڵو ئاژەڵدارینو ژیانێکی هاکەزاییو هەژارانە دەژین، ئەم گوندە لەساڵانی هەشتاکاندا بنکەی سەرەکی مەڵبەندی یەکی قەرەداغی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو، بەهۆیەوە چەندینجار بەر بۆمبارانو چەکی قورس کەوتووە، ئێستاش کە ئاوەدانکراوەتەوە جگە لەهەوڵو هیمەتی گوندنشینەکان هیچ جێگە دەستێکی هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستانی پێوەدیارنیە.

شاینی باسە ئەنجومەنی ناحێی سێوسێنان (محمد)و هاوڵاتی گوندنشین (محمد حسێن صالح) خەڵکی گوندی بەلەکجاڕ، چاوساغو یاوەری ئەو تیمەی ڕێکخراوی وادی بوون، کە بەمەبەستی پشکنینی ئەو موشەکانەی لەناوچەکە





دراون، چوونە ناوچەکە لەو ڕوپێوە مەیدانیەدا، توانرا بەچاوساغی یاریدەدەرانی تیمەکە کە جگە لەو بەرێزانەی ناویان لەپێشەوە هاتووە، کاک(ئازاد ڕەزا عبدالرحمان و کاک سەلام ئیمام عبدولکریم)یش کەخەڵکی گوندی بەلەکجارن‌و لەکاتی بۆردومانە کەلەوێ بون، بەتیمەکەیان ڕاگەیاند کە: بۆردومانەکەی ئێرە (تەکیەو بەلەکجار) لەبەرواری ٢٥و ٢٦/ ٤/ ١٩٨٨ پاش کیمیابارانکردنی گوندی سێوسێنان بووەو لەودو ئێوارەیەدا بە ڕەتڵ بەرناوچەکە کەوتوون.

ئەم موشەکانە هەموویان کیمیاوی بوون، کەژمارەیان ١٩ دانەیەو ئێستا (٣)یان بەدەرەوە یە، جگە لەقسەی شایەتحاڵەکان لەئەنجامی ڕوپێوەکەشدا دەرکەوت ئەو موشەکانەی بەر گوندی سێوسێنان‌و تەکیەو بەلەکجارکەوتوون،جۆری کاتویشا (ڕاجیمە)بون، بەووتەی شایەتحاڵەکانی ئەو گوندانە ١٥-١٩ موشەکی کیمیاویی بوون، کەبەر تەکیەو بەلەکجارو دەوروبەری کەوتوون‌و نەتەقیونەتەوە،

**ئێستاش کە ئاوەدانکراوەتەوە جگە لەهەوڵ‌و هیمەتی گوندنشینەکان هیچ جێگە دەستێکی هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستانی پێوەدیارنیە**

هێشتا لەناوچەکەدا ماون. ئەوەی قسەی شایەتحاڵەکان پشتراست دەکاتەوە، کۆمەڵکوژی گوندی سێوسێنان بوو کە لە ئێوارەی ٢٢/ ٣/ ١٩٨٨دا تاونەکە بەهۆی کاتوێشاوە ئەنجامدراو هەرلە جیدا ٦٩ هاوڵاتی شەهیدبوون‌و ژمارەیەکی زۆریشیان بریندار بوون‌و هەندێك لە بریندارەکان تا ئێستا لەژیانداماون. شایانی باسە تیمەکە بۆی دەرکەوت ئەو موشەکانەی ئێستا لەبەلەکجارو دەوروبەری ماونەتەوە هەمان ئەو موشەکانەن کەلەسێوسێنا دراون‌و لەکاتی تەقینەوەیاندا ئەو تاوانەی لێکەوتەوە. درێژی موشەکەکان وەکو لە وێنەکاندا دیارە نزیکەی ٢م دەبێ‌و هەتاکو ئێستاش لەناوچەکەداماون، هەندێکیان لەسەرزەوی کەوتوون‌و هەندێکیشیان نیوەیان لەژێرخاکدان‌و تەنها چەند سانتیمەترێك بەدەرەوەن . ئێستاش کە خەڵکی ناوچکە گەراونەتەوە سەر زێدی خۆیان هەقوایە ئەو موشەکانە کە هەڵگری مادەی کیمیاوین، لابرێن، چونکە ئەو ناوچەیە خەڵکی لێدەژی‌و مەترسی زۆری هەیە لەسەر ژیانی خەڵکی ناوچەکە.

# گەشتێك بۆ ناوچەی قەڵاسێوکەو سورقاوشان

سەرنوسەر

سەعات ١١ی پێش نیوەرۆی رۆژی ٣/٥/ ٢٠٠٩ لەگەڵ فەلاح مورادخان بەرێوەبەری رێکخراوی وادی ئەلمانی ئۆفیسی سلێمانیو تۆماس بەرێوەبەری گشتی رێخراوی وادیو من وەکو نوێنەری ناوەندی چاك ، بەرەو ناوچەی قەڵاسێوکە بەرێکەوتین. لەرێگە لەناو هەراو ژاوەژاوی میوانە برسیەکانی چێشتخانەیەکی کانی شەیتان نانی نیوەرۆمان خواردو، لەبەردەم چێشتخانەکە هەر بەسەرپێوە چایەکی خەستمان فڕکرد، کە لەبەرانبەر چایەکی نیوە کەوان لەسەر جادەی گشتی کەرکوك سلێمانی دروستکراوەو سروشتی ناوچەکەو جوانی دیمەنەکانی ئەگەر دەنگی بەرزو بێزەوقی بڵندگۆکان لێگەڕێن، تامو چێژێکی تایبەتی بە ڕێبواران دەبەخشێ، بەڵام دەنگی بەرزی ئەو گۆرانیانەی لەو چێشتخانانەوە لێدەدرێن تامی لەهەموو شتێك بڕیبوە.

ئیتر بە دەستی راستی رێگا سەرەکیەکەدا بەرەو چیای تۆکمە لاماندا و بەرێگایەکی تازە قیرکراوی پێچاوپێچدا بەناو دۆڵو هەورازو نشێوەکانی رێگا تازەکەی ئاغجەلەردا تێپەڕین، ئەگەرچی هێشتا ناوچەکە بەئاشکرا وێرانکاری ئەنفالی پێوە دیارە، بەتایبەتی ئەو خانووە روخاوانەی لەسەر رێگا هێشتا دروستنەکراونەتەوە، ناوچەیەکی دڵرفێنەو زەوی کشتوکاڵی بەپیتن.

پاش ئەوەی لە ئاغجەلەر دەرچووین بەرێگایەکی خراپداو لەناو هەڵتەكوداتەكی ئۆتۆمبیلدا بەدەم قسەو باسەوە گەیشتینە گوندی گۆپتەپە، لەو کتێبخانەیەی گەنجە رۆشنبیرەکان بنیاتیان ناوە لەناو خانویەکی قوڕی نائەندازەیدا گیرساینەوەو کۆمەڵێك



گەنجی تازە پێگەیشتوو هاتبوونەپێشوازیمانوماوەیەکی باش گفتوگۆمان کرد، تۆماس بەبینینی ئەو گەنجانەو ئیرادەیان شاگەشکە ببوو ووتی: ئەمەیە ئیرادەو ژیانو دروستبوونەوە لێرەوە دەستپێدەکات، دواتریش چوینە سەرمەزاری شەهیدانی کیمیابارانکراوی گوندی گۆپتەپەو کاك فەلاحو تۆماس بەرێوەبەرانی وادی بەنیازی گەڕانەوە بەرێکەوتن بۆ سلێمانی، منیش لەچاوەڕوانی مامۆستا کامەران حاجی عەلیو کاك حسێن حاجی جەلالدا لەگۆپتەپە مامەوە، کە لەسلیمانیەوە بەرێکەوتبوون هەتا ئەو شەوە لەگوندی گۆپتەپە بەسەربەرین.

ماڵی خانەخوێ

لەراستیدا من ئەو ماڵەم نەدەناسی کەمامۆستا کامەرانو کاك حوسێن بەڵێنیان پێدابوون شەو میوانیان بین، بەسروشتی خۆم حەزناکەم بچمە هەموو ماڵێك، مەبەستیشم لەم قسەیە ئەوەیە نەوەکا بەخۆم نەزانم بەو هەموو خەمەی ئەنفالەوە بچمە سەرسفرەی کۆنە جاشێك یان ماڵی بەرپرسێکی گەندەڵ، بێئەوەی رۆژێك جاشایەتی کردبێ، بەڵام بەرەفتار تاڵەموویەکی لەنێوان جاشو باشدا نەهێشتبێتەوە، ویستم ئەو پرسیارە لەمامۆستا کامەران، بکەم ئاخۆ ئەوکەسەی دەچینە ماڵیان کێنو چ کارەن، داخۆ پەرێزی خاوێنە ؟ بەڵام هەرخۆم ووتم: هەتیوو نەکەی ئێستا بەپێکەنینەوە دێتە وەڵام : ئەوە دەڵێی چی کوڕی باش خۆت نازانی من هەتا ئەمڕۆ بەو ڕەشە خێزانەوە لەشوقەیەکدا دەژیم ..؟ چما نەمدەتوانی زۆرشت بەدەستبهێنمو خۆم بدۆڕێنم، جا کەوابوایە بۆچی تۆم دەناسی ..پێشمەرگە نەبووم؟ مەسئول نەبووم ) لەراستیدا مامۆستا کامەران ناهەقی نەبوو ئاوا وەڵامم بداتەوە، چونکە ئەو خاوەنی ئەخلاقێکی بەرزەو هەموو تەمەنی گەنجی خۆی لەپێشمەرگایەتیدا خەرجکردو بەپیری هاوسەر گیری کرد، ئەو کاتەی مامۆستا کامەران خوێندنی تەواو کردبوو، بەهەمووی ١٠ رۆژ لەشاردا نەمایەوە کەخۆی گەیاندە چیاو بوو بەپێشمەرگە، بەناسکی چەکی کردە شانو بەپیری داینا، لەخانەوادەیەکی خانەدانو خۆشگوزەرانەوە ملی ژیانی

پڕ لە نەهامەتی‌و سەخت‌و تاقەت پروکێنی پێشمەرگایەتی هەڵبژاردبوو، ماوەیەکی زۆری لەکونە سوچەڕو ئەشکەوتدا بەسەربردبوو، یەکێك بوو لەو پارتیزانانەی پاش ئەنفال‌و بەپاشماوەی زەخیرەی کۆنی گوندە وێرانکراوەکان گوزەراندبوویان، کاتێکیش زانی کەلەشۆرشەکەی مایەپوچ بووەو رۆژ بەرۆژ وەزعەکە رووی لەگەندەڵیە، ئەو بووە هەژاری ماڵی خۆی‌و فەرمانبەرێکی حکومەت، هەموو ئەو دەستکەوت‌و ئیمتیازاتانەی لەسایەی غەدرو ستەمکارییەوە بۆ ئەوی پێشمەرگەی کۆن لەبەر دەست بوون، ڕەتی کردنەوەو نەیکردە نامەردی، لەپەنجەرەوە تورِی هەڵدان‌و ووتی: من کوڕی ناو هەژارانم ئەمە چییە..؟ من چیم لەگەندەڵی‌و درۆو دزی‌و فزی داوە..لەکێش ؟ لەقوتی دەمی ئەوخەڵکەی دەریایەك خوێنی داوەو ئێستا ئاوی خواردنەوەی بەزەحمەت دەستدەکەوێ.
لەراستیدا مامۆستا کامەران لەو پیاوانەیە نایەوێت هیچ لەنیشتمان وەرگرێ بەڵکو دەیەوێ پێی ببەخشێ..ئەگەرنا ئەویش دەیتوانی لەوپێشمەرگەو بەرپرسە سپڵەو نەخۆشانە بێت کەنمەکی زۆری گوندنشینەکانیان کردووەو ئێستا خۆیان لێبووەتە شتێکی ترو نایانەوێ گوندنشینەکان بناسنەوە، بەڵام منیش ناهەقم نەبوو، چونکە خۆم دەزانم کوێم دێشێ، دەمێکە بێویژدان‌و بازرگانەکانی ئێسك‌و خوێن‌و کەللە سەر، خۆیان بۆ لە بۆسەناوم هەتا ماڵپەرەکانیانم لێبکەن بەئاو دەستخانەی مزگەوت...؟ .
من تەنها ئەوەندەم لەبارەی ئەو ماڵەوە دەزانی کەگوندنشینێکی گۆپتەپەن‌و ماڵی کەسێکە بەناوی غازیی، عەصرێکی درەنگ وەخت گەیشتینە ماڵیان هێشتا زەردە نەپەڕیبوو، پێشوازی گەرموو گوڕیان، لەدودلیەکەم پەشیمانیانکردمەوە، بە خەیالێکی راحەتەوە لەدڵی خۆمدا ووتم: باش نەبوو ئەو پرسیارە گیلانەیەم نەکرد، ئیتر هەر ئەوەندی بڵێی یەك‌و دوو پورە خەیاڵ، چای عەصرانەی ئامادەکردو قۆری‌و پیاڵەی لەبەردەمی خۆی ریزکرد، ماڵێك بوون، بەدڵی من.

هێشتا چایەکانمان نەخواردبووەوە کەدوو میوانی تر پیرەمێردێکی سوێر قسەی خەڵکی گوندی قەسرۆك‌و یەکێکی خەڵکی گوندی گۆپتەپە، هاتن‌وپاش بەخێرهاتن، بەدەم هەڵقوڕاندنی چای دیشلەمەوە سەری قسەی دامەزراند، کەپرسیاری ئەوەم لەپیرەمێردەکە کرد ئاخۆ گوندەکەیان چەند ئەنفالکراوی هەیە، ئەو هەناسەیەکی هەڵکێشاوو وتی: گوندی ئێمە قەسرۆك ١٩١ ئەنفالکراون‌و لەوانەش دوویان (شلێرو شنۆ ) کچی منن، ئینجا زۆر لەبارەی نەهامەتی‌و چاوەڕوانی‌و ستەمکاری رۆژگار دوواو ووتی: کاکی خۆم لەبارەی شەخصی خۆمەوە هیچم لێمەپرسە، چونکە کەس باشنیە لە گوندەکەمان هەتا من باش بم، زۆری دەربارەی چەرمەسەری‌و ماڵوێرانی خۆیان‌و گوندەکەیانەوە ووت، دواتر بۆم دەرکەوت ئەو پیاوەی لەگەڵیشدا هاتبوو بۆ مالی کاك غازی هەر گورزی ئەنفالی خواردووەو ئەویش دایك‌و باوکی ئەنفالکراون‌و لەنوگرەسەلمان نەگەڕاونەتەوە.. کاتێك من گووتم کە هاتیتە ئەم شوێنانە پێویست ناکات بلێم ئەنفالتان هەیە یان نا، باشترە بپرسم چەند کەستان ئەنفالە، ئەمەش قسەی منداڵێکی گەرمیانە کە لەوەڵامی پیاوێکی ئەلمانیدا ووتبووی: کەهاتیتە گەرمیان پێویست ناکات بیژی ئەنفالت هەیە یان نا، واچاکەی یەکسەر بپرسیت چەند کەست ئەنفالە..؟ ئینجا نازانم ئەو ئەلمانیە چۆن ئەوقسەی یاداشتکردووە.. کاك غازی لەو کاتەدا قسەکەی لەدەم وەرگرتمەوەو گووتی : وەاللە ئەو قسەیە تەواوە، لەوکاتەدا سەرنجم چووە سەر پورخەیاڵ‌و تاقمی قۆری‌و پیاڵەکەی، هەستمکرد ئەم ژنە یادەوەری تاڵی لەگەڵ ئەم باسوخواسانەدا هەیە بۆیە بەهەناسەیەکی ساردەوە چاوەکانی بڕییە چاوم، ئیتر کاك حسین هەڵیدایەو گوتی: ئەی خۆ ئامۆزا خەیاڵیشم خوشکێکی ئەنفالە.

### یادەوەری ئەنفال‌و ماڵی خانەخوێ

کە رووەمانکردە ژوری دانیشتنی میوان بەمبەروبەوبەری ژورەکەدا دۆشەك راخرابوو سەرین بۆ شانداندان دانرابوو، کەشێکی لادێیانە بۆمن بیرەوەریەکی خۆشی رۆژانی منداڵیم بوو، کاك غازی کە گەنجێکی گوندنشینی قیتی ئەسمەر وچالاك بوو بەرانبەرمان دانیشبوو، جارێکی تر وەك رێزلێنان پێخۆشحاڵی خۆی بۆ میوانداریمان دەربری‌و وتی: کاکە دەوەرن سەرمان لێبدەن بەخوا نەهاتبان چیدی قەلەکەم ڕانەدەگرت.. ئیتر زانیم خواردنی ئێوارەمان قەلە، ئێخۆ ئەو قوڕمساغە بەرد نەرم دەکا، بەتایبەتی ئەگەر قەلەنێرەبێ‌و لەسەرمای زستاندا نۆشی کەی، ئیتر بۆن‌و بەرامەی قەل‌و دارەڕای خانووی لادێ‌و ئەو ژیانە سادەو ساکارەی پڕبوو لە خولقوخۆی گەرم، گەڕاندمییەوە بۆ یادوەری ساڵانی هەشتاکان، کە ئەم گوندانە هەمیشە ئاوا میواندۆست بوون‌و بەهەمان خوڵقوخۆی گەرمەوە پێشوازیان لە لەشکرێك پێشمەرگە کردەو بەرێکراون، بەتایبەتی دیمەنی مامۆستا کامەران‌و کاك غازی یاریدەدەربوون بۆ ئەوەی بگەرێمەوە بۆ یادەوەریەکانی ساڵانی رابوردوم هەردوکیان بەجلی کوردی کەتافی بۆرو قەمسەلەی ئەمریکیەوە تەنها لە تاقم‌و تفەنگەکانیان کەم بوو، جگە لەوەش یەکێك لەئەندامانی ئەو

خانەوادەیە (سیروان) گەنجێکی رۆح سوكو رۆشنبیرو یەکێکە لە ئەندامانی دەستەی ناساندنوبوژاندنەوەی گوندی گۆپتەپە، کەلەبەرایدا کتێبخانەیەکیان بۆ گوندەکەیان کردووەتەوە.

کەپرسیام دەربارەی ئێوارەی کارەسات " راستتروایە بلێم ئێوارەی تاوانەکە" ٥/٣ /١٩٨٨ کرد، کاك غازی ووتی رۆژی حەشر بوو، دەمەو ئێوارە فرۆکەکان هاتنو لەگوندەکەیاندا، ئیتر ئەو کارەساتەی لێکەوتەوە کە هەموو دەیزانین، بەڵام کیمیاییەکە کەمتر ئەم بەرەی لای ئێمەی گرت، بە زۆری ئەومالانەی کەوتبوونە دامێنەوە خراپ بەرکەوتن، ماڵی ئێمە شوێنەکەی بەرزتربوو (بەری رۆژهەلاتی گۆپتەپە) هەر بۆیە ئێمە کەسمان بەرنەکەوتین،

بەڵام بەهیلاکەت چووین، چونکە رۆژێك دوای ئەوە جەیشوجاش هێرشیانکردو خەڵکەکە زۆرخراپی لێقەوما، ئێمە بەحەوت ڕۆژ ئینجا گەیشتینە تەکیە (لەگۆپتەپەوە بەسەیارە تەنها نیوسەعات دورە)، لەو هەموو ماڵوحاڵەی خۆمان تەنها هەندێك وردە نانو باتانیەکم هەڵگرت، ئەوی تر هەمووی بەجێماو جاشەکان تالانیانکرد، کە رۆیشتین تەنها دەمانتوانی بەشەوبجولێین ئەوحەوت شەوە بەتانیەکم بەکۆڵەوە بوو، هەتا گەیشتینە تەکیە ئینجا رزگارمان بوو لەوێ خۆمان پەنادا.

کەشوهەوای شەوانی گوند

ئێوارە لەپش نانخواردن بەنیازی جگەرە کرین روخسەتمان وەرگرت و لەگەڵ سیروان " گەنجە روح سوکەکە" چوینە دوکانێکی گوندەکە جگەرەمان کڕی، بۆنو بەرامەی دوکانەکەو شێوازی رێکخستنی کالاکان، بەتایبەتی ئەوانەی تۆزیان لێنیشتبوو، " لەبەرئەوەی کڕیاریان کەمبوو" جارێکی تر هەستوخەیاڵیان گەڕاندەوە بۆ٢٢ساڵی رابوردووی گوندەکەی خۆمانو



دوکانەکەی (مەجۆل)[1]و کاکە عەبە، بەدڵ حەزم دەکرد بەسەروڕیشی سپیەوە لوقمێكو مەسکەتێك بکڕم، بەڵام وازم لەحەزەکەم هێناو بەناو تاریکی شەوداو بەشوێن تایەی سەیارەکاندا لەسەرخۆ هەنگاومان نا بۆئەوەی سەردانێکی کوڕە گەنجەکانی گۆپتەپە بکەین، کەوەکو خێزانێکی بێکابان بۆخۆیان لەناو کتێبخانەکەیاندا سەریان بەیەکەوە نابوو، لەژوری کۆمپیوتەرپێکەوە بەدیار تەلەفزیونێکەوە دانیشتبوون.. ئەو دیمەنە چەندە نیگەڕانی کردم ئەوەندەو زیاتریش گوڕوتینی دامێ هەتا لە ژیاندا مابم هاوکارو هاودەنگیانبم، بۆ ئەوەی

سیستمی پەروەردەی ئەم کۆمەڵگایە سەقەتو چەواشەکارە، لەسیستمی گەنج کوژەوە بگۆڕین بەسیستمێکی تەندروستو بنیاتنەر چونکە لەبنەڕەتەوە هاولاتی توانای دروستبوونو گەشەکردنی هەیە، بەڵام ئەوەی رێگەیان لێچەواشە دەکات، بێچیکلدانەیی پیاوانی دەسەلاتن کە دەیانەوێت لەدەرەوەی مەزاجی خۆیان هیچ شتێك نەبێو هیچ دەنگێك نەبیستن.

کە گەراینەوە بۆ ماڵی خانەخوێ چەند کەسێکی تری خەڵکی ئاوایی هاتبوون بۆ لامان، بەداخەوە ئێمە درەنگ بە فریا کەوتین، دوای ئەوەی بەخێرهاتنیان کردینەوە هاتنەوە سەرخەتی قسەی دامەزراوی خۆیان، ئەو پیاوانە خەڵکی تێگەیشتووبوون، ئەگەر بۆم بلوایە مەیلم هەبوو هەفتەیەك لەلایان دایکوتمو گۆپتەپە بەجێنەهێڵم، چونکە هەستم کرد ئەوانە هێشتا گوڕوتینێکی زۆری مەردایەتیو گیانی تەباییو هاوکاریان هەیەو ئامادەیی باشیان تێدایە بۆ ئاوەدانکردنەوەو جوانکردنی سیمای ئەم کۆمەڵگە چەواشەکراوە. بەتایبەتی گوندەگەی خۆیان، کەقسە هاتەسەر شوێنانی وەکو گۆپتەپەو پەراوێزخستنیانو نانو پیاز خواردن بەقوربانیەکانیانو یادکردنەوەیان لەلایەن هەندێك کەسولایەنەوە، ئەوەی بۆ یاداشتکردن مایەی گرنگی پێدانە ئەو قسەجوانە بوو کە پیاوێك لەو

میوانانە بەناوی (جەلال ) کردی: ( حکومەتی بەعس بە گریانەوە ئێمەی راپێچی کۆمەڵگا زۆرەملێکان کرد، کەچی حکومەتی هەرێم لەبری ئەوەی هاندەربێت لەو کۆمەڵگایانە دانەنیشین بەچەپڵە دەمانباتەوە بۆناویان) مەبەستی کاک جەلال ئەوە بوو ئەوان کە گەراونەتەوە بۆ گوندەکەی خۆیان و ئاوەدانیان کردووەتەوە بۆچی لەچەمچەماڵ خانویان بۆ دەکەن..؟! کەئەوەش دەکەن بۆچی ١٠٠٠ هەزاردۆلار پەیماننامەیان پێ مۆردەکەن کەدەبێ تیایدا دانیشن، باشە نەدەکرا ئەوخانووەیان لەگۆپتەپە لە زێدی خۆیان بۆ دروستبکرێ؟ لە ئۆردوگاکان بۆیان دەکرێ دەچێتە بری چی؟ ئایا خوینی ئەنفالکراوەکانیانە ؟ کاک جەلال ئەوەشی گوت نەك هەزار دۆلار هەموو چەمچەماڵم لەسەر تاپۆکەن نایگۆرمەوە بەژیانی گۆپتەپە. ئیتر ئێمە مەجلیسمان گەرم بوو، کەجەماعەت هەستانە سەرپێ بۆ ئەوەی ماڵئاوایمان لێبکەن، ئەگەرچی خولقێکی زۆرمانکردن بەوەی زیاتر پێکەوە دابنیشین، بەڵام کات بەبەرەوە نەمابوو کەروناکایی لە گۆپتەپە ببڕێ، چونکە خەڵکەکە بۆیان براوەتەوە وارِاهاتوون لەگەڵ خەواندنی مۆلیدەی گوند، دەبێ ئەوانیشبخەون..! ئەگەرخەویشیان نەیات دەبێ خۆلەبن باتانی بدەن. ئیتر رەنگە میوانەکانیان نەگەیشتبنە ئەو دیوی دەرگای ماڵەکانی خۆیان، فلق کارەبا کوژایەوەو ئێمەش بەناچاری خۆمان خزاندە بن باتانیەکانمان و لەناو خەیاڵی ژیانی لادێ و گەڕانەوە بۆ یادەوەریەکانی منداڵیم لە ناوچەی سورداش نقوم بووم و نەمزانی کەی لەخەودا ونبووم.

بەیانی کاتێك خەبەرم بووەوە کاتژمێر ٨:٣٠ی سەر لەبەیانی بوو، ئەم کاتەش بەنیسبەت لادێوە درەنگ وەختە، دوای ئەوەی هەستان و دەموچاویان شۆرد، سفرەو قۆری و پیاڵەکانی پورخەیلیش ئامادەبوون، پاش نانخواردنی بەیانی، کامێراو رێکۆردەرم هەڵگرت و لەگەڵ (سیروان) بەرەو ماڵی پورە ئایشە ئیسماعیل هەنگاومان نا، کە تەنیا دەربازبووی خانەوادەکەیەتی و ئێستا تەنها دەژی و بەدەم یادەوەری و چاوەروانییەوە رۆژگارێکی سەخت بەرێدەکات. کە حیکایەتی بەسەرهاتی ئەوپیرەژنە کۆست کەوتووەمان یاداشتکرد ئێمەش ماڵئاوایمان لێکرد.

درەنگ وەختێك خۆمان کۆکردەوەو ماڵئاوایمان لەماڵی کاك غازی و گۆپتەپە کرد.

### ئێستێك لە گوندی عەسکەر

زووتر بریارماندابوو بەرێگای عەسکەرو سورقاوشاندا بگەرێینەوە. هێشتا لەگۆپتەپە دەرنەچووبوین کە گەنجێکی گوندی عەسکەر بەناوی بەختیار دەستی لێراگرتین، هەڵمانگرت و لەگەڵ خۆمان گەیاندمانەوە ماڵەوە هەتا کاك حسین و بەختیار چون بۆ مزگەوت نوێژەکانیان کرد، من و مامۆستا کامەران لەماڵی بەختیار ماینەوە، بەڵام کەهاتنەوە حاجی مستەفای باوکی بەختیاریشیان لەگەڵدا بوو، زۆر خولقی کردین و سوێندی خوارد ئێوارە قەلێکتان بۆسەر دەبرم، بەڵام ئێمە ملمان نەدا بەوەی بمێنینەوە، حاجی مستەفا باوکی دوکوری شەهیدبوو، بەڵام پیاوێکی بەهەیبەت و میواندۆست و خۆراگربوو، وێنەی کورە شەهیدەکانی خستبووە چوارچێوەوەو بەلایەکی دیوارەکەی ژوری میواندا وەکو شانازیەك بەئازایەتی کورەکانیەوە هەڵیواسیبوون، وەنەبێ حاجی مستەفا تاکە پیاوی جەرگ سوتاوی گوندی عەسکەربێ، ئەو گوندە بێجگە لەوەی نزیکەی ٦٠ پێشمەرگەیان لەسەنگەردا شەهیدبوون، ١٨٨ کەسیشیان ئەنفالکراون و نزیکەی ١٠ کەسێکیشیان لەهەمان ئێوارەی ٥/٣ دا لەگەڵ گوندی گۆپتەپە بەچەکی کیمیاوی شەهید بوون، بەڵام کاتێك بەحەوشەوبانی ماڵی شەهیدەکان و کۆڵانەکانی گوندی عەسکەردا گوزەر دەکەیت، بەئاشکرا ستەمکاری و دڵرەقی ئیدارەی کوردی بەدی دەکەیت، بەتایبەتیش بۆ گەریدەیەکی وەکو من کە دەبینێ گوندی سەرەك خێڵەکان پتر لە هاوینەهەوارێك دەچن، بایەخیان پێدراوە، کەچی گوندە وێرانکراوەکانی هاوشێوەی عەسکەر، هەرواکەمێك لەملای مەرگەوە ژیان دەگوزەرێنن، منداڵانی گوند هێشتا لەناوخۆڵ و بەپاشماوەی تەقەمەنی یاری دەکەن و شەوانیش دەبێ بەدیار مەینەتی دایك وباوکیان و یادەوەری تاڵی حیکایەتەکانی ئەنفالەوە دابنیشن و گوێبیستی ئەو هەموو ناهەقی و ناعەدالەتیانەبن کە لەزاری دایك وباوکیانەوە دەیبیستن.

لەماڵی حاجی مستەفای عەسکەریش ماڵئاوایمانکردو ملمان بە هەورازەکەی پشتی گوندی عەسکەرەوە نا، هەورازێکی بەردەڵان و ڕەقەنمان بری و پاش کەمێك بەنشێودا شۆربووینەوە، بەو ناوچە بەردەڵانەدا پێبەپێ گوزەرماندەکرد، ئەگەرخەمی ئەنفال و یادەوەری و دیمەنی راونان و گرتن و کۆکردنەوەی دەیان وسەدان پۆلی منداڵ وکیژۆڵەی جوان و گەنجانی دڵشکاو لێگەرێ دیمەنە جوانەکانی ئەو شاخ و لوتکانە وێنەی هەست بزوێن و چێژبەخشن، بەڵام کاتێك گرتن و راوەدونان و کوشتنی هەزاران مرۆڤ لەم ناوچەیە خۆیان دەئاخننەوە ناو یادەوەریەکانت، لەپاڵ



ئەو هەموو جوانیەی سروشتیشدا جۆرێك لەخەمۆکیو نیگەرانی دات دەگرێ، بەتایبەتیش کە دێتەوە پێشچاوت هەزارن ژنو منداڵ لەو پەناو پەسیوە قایمانەدا جەیش‌وجاش دەریانپەراندونو دواجار بەرەو کەمپەکانی کۆکردنەوەی تۆپزاواو نوگرەسەلمانیان بردوونو هەتا ئێستاش بێسەروشوێنن، ئەوپەڕی لەگۆرێکی بەکۆمەڵی بیاباندا تاکو تەرایان دۆزراوەتەوەو بەناچاری بووەتە سەبوری کەسوکاریو لەچاوەروانی رزگاری بووە، ئەگەر ئەمە یادەوەری تاڵی ستەمکاری بەعس بێ، ئەوا یادەوەری قێزەونی شەڕی ناوخۆ لەوە بەئازار ترە ( فلانی کوری فیسار کەس لەو لوتکەیەی ئەوبەر بەسەر (بیکەی سی) یەکەوە کوژرا، فیسار کەس لەبن ئەوتاشەبەردانە بەقەناس لێیانداو کوشتیان، دەستەیەکی پارتی لەو چەمەی بەرانبەرمان کەوتنە کەمینی یەکێتیەوە، دەستەیەکی یەکێتی بەو بنارەی ئەو بەرەوە کەوتنە ناوپارتیەکانەوەو کەسیان بەسەلامەتی دەرنەچوو، ئێستاش هەموویان بوونە شەهیدی سەنگەرو موچەیەکی چوار سەد هەزار دیناری دەدرێت بەکەسوکاریانو ناوی شەهیدی سەنگەریان لێنراوە، ئیتر بەدەم ئەم یادەوەریە تاڵانەوە لەگوندی سورقاوشان گیرساینەوە.

لەوێ لاماندا بۆ ئەوەی بزانین لەم گوندە چەند کەس بەرپەلاماری ئەنفالی چوارکەوتووەو نەگەڕاوەتەوە، هەر لەسەرجادەی پشتی گوندەکە وەستابووین، بەدیار دیمەنی ئەومریشکە ڕەشانەوە رامابووین کەچۆن تەماحکارانە لەناو بەردەکانی پشت ماڵانەوە هەڵپەی دۆزینەوەی خواردنیان بوو، ئەوەی زۆر سەرنجی راکێشاین هەموو مریشکەکان ڕەش دەچوونەوەو هیچکامێکیان تاکە پەرێکی سپیان پێوە نەبوو، وەك بلێی ئەمان لەمرۆڤەکانی پاش ئەنفال بەویژدانتربنو بریاریان دابێ تاکو سۆراخێکی ئەومریشکە دزراو ئەنفالکراوانە نەکەن بەرگی رەش دانەنێن، لەوکاتەدا کوڕێکی هەرزەکار کە تازە خەتوخاڵی دەدا بەناوی ئاسۆ هاتەپێشوازیمان بەشێوەیەك خوڵقی کردین بۆ ماڵەوە کەلەتەمەنی خۆی بەدەربوو، خوڵق‌وخۆ مەردانەکەی لەهی پیاوێکی بە ئەزمونی میواندارەچوو، بەڵام ئێمە وەختمان بۆ دانیشتن نەمابوو، کوڕە هەرزەکارەکە وتی: لێرە تەنها مامێکی من بەناوی عوسمان مەولود ئەنفالکراوە، بەڵام ئەویش بەبیری من نایات، گوندی سورقاوشان بەر لەئەنفال نزیکەی ١٠ ماڵێك بوون، بەڵام ئێستا جگە لەدوو ماڵ کەسی تری تێدا ناژی، هێشتا دیوارە روخاوەکانی سەردەمی ئەنفال هەروەکو خۆیانو لەگەڵ زەوی تەخت بوون .

عومەر ئەحمەد :

لەو گوندەی ئەوبەرمان (زیلێن) لەرۆژی ١٩٨٨/٥/٤ ئەنفالکران.

هێشتا لەگەڵ ئاسۆدا وەستابووین کە کەسێك لە دورەوە بەچیاکەی بەرانبەرمانەوە بەپێ بەبەردەڵانێکدا سەرەوخواری دابویەو ملی رێگەی گرتبوو، وردەوردە لێمان دەهاتەپێشەوە، ئەو پیاوە عومەر ئەحمەد بوو، جلێکی کوردی رەنگ قاوەییو قەمسەڵەیەکی

ئەمریکی سەوزی لەبەردابوو، تفەنگێکی بەلاشانیدا هەڵواسیبوو، کە هاتەلامان پرسیاری ئەنفالکراوەکانمان لێکرد ووتی: گوندەکەی ئێمە تەلان ٥٦ کەسی ئەنفالکراوە، لەو پەنجاو شەش کەسە تەنها دەکەسیان گەڕاونەتەوە، ٤٦ یان ئێستاش بێسەروشوێنن، من خوشکێکم بەناوی سعدیە ئەحمەد مێردی نەکردبوو لەدایکبووی ساڵی ١٩٧١ بوو کەچی بەبێ تاوان لەو گوندەی ئەوبەرمان (زیلێن) لەرۆژی ١٩٨٨/٥/٤ ئەنفالکرا، ئیتر بەدەم یادەوەری تاڵی ئەنفال‌و باسکردنی پەراوێزخستنی ئەو گوندنشینانەی زۆر ترین قوربانیان داوە بەرێگا خۆڵەکەدا گوزەرمان کرد، هەتا گەیشتینە سەر ئاوەکەی دوکان بەقەراغدا هاتین‌و دواجار لەسەر جادە دوو سایدەکەی دوکان سلیمانی سەرمان دەرهێناو ئێوارە سەعات ٥ی ئێوارە لەسلیمانی ماڵئاوایمان لەیەکتری کرد.

---

(١)

[1] لەگوندی کرژەی ناوچەی سورداش پیاوێك هەبوو هاوسەرەکەی کۆچی دوایی کردبوو، تەنیا خۆی‌و سەرەورریبواری کوری پێکەوە دەژیان، خەڵکی ئاوایی بەو پیاوە بێکەسەیان دەگووت مەجۆل، ئەمەش کورتکراوەی ناوی مەجید بوو، بەداخەوە هەتا ئێستاش ئەو کەڵچەرە ناشرینە هەیە کە خەلکی گوندنشین نازناوێکیان لەوکەسانە دەنا کە بێکەس‌وبێ پشت‌وپەنابوون .. بەزۆریش ناوەکانی خۆیان چەواشەدەکرد یان کورتیان دەکردەوەو پاشگرێکیشیان دەختە پالی.. مام مەجیدیش لەدوو سەرەوە بێ بەخت بوو هەم بەوەی هاوسەری نەمابوو، هەم بەژن‌وبالایەکی خوارو لاوازی هەبوو.

# ئەحمەدسەعید:
## هەندێك کەس بێویژدانن پێمان دەڵێن، کوا ئەنفالی یەك ئەوەندە خەلکی تێدا چوو



گوندی سێکانیان دەکەوێتە خۆرهەڵاتی قەزای دوکانەوە، لە سنوری دۆڵی جافایەتیدایە، نزیکەی نیوکاتژمێریك لەسەرگەڵو دورە،هەرچەندە لەکاتی پەلامارەکانی ئەنفالی یەکدا خەڵکی گوندی سێکانیانیش وەکو زۆربەی گوندەکانی ئەو دۆڵە، لەکاتی پاشەکشێی پێشمەرگە، توانی بوویان بەدۆڵی شامحەمەدا بەزەحمەتێکی زۆربەناو بەفرێکی ئەستوردا دەربازبن‌و خۆیان بگەیەننە ئێران‌و لەوێ بۆ ماوەیەك بە ئاوارەیی بیگوزەرێنن، بەلام دوای ئەوەی رژێمی عێراق لەسەر سنوربەهێلی کۆپتەربەیاننامە بلاو دەکاتەوەو داوا لەخەڵك دەکات بێنەوە خۆیان تەسلیم بکەنەوە، خەڵك لە سنوری سونێی پشتی قەلاتدزێ، بەنیازی گەڕانەوەیان بۆ سەرماڵ‌وحاڵی خۆیان دەگەرێنەوە، بەلام وەکو زۆربەی گەڕاوەکانی ئەو سنورە لەسەیتەرەکەی پشتی قەلاتدزێ دەگیرێن‌و هەر لەوێ پۆلین دەکرێن‌و دەبرێن بۆبارەگای تیپی ٢٤ی چوارقورنە، دواتریش دەگوازرێنەوە بۆ هەولێرو لەوێشەوە بۆ تۆپزاوای نزیك کەرکوك کەکەمپی کۆکردنەوەی ئەنفالکراوەکان بوو، لەتۆپزاواش جارێکی تر پۆلێن دەکرێن،گەنجەکان تائێستا بێسەرو شوێنن‌و زۆرێك لەپیروپەککەوتەکانیش بەرەو قەلای نوگرەسەلمانی پارێزگای سەماوە دەبەن.

خەڵکی گوندەکەی ئەحمەدیش " سێکانیان" لەیەکێك لەرۆژەکانی مانگی ئەیلولی سالی ١٩٨٨ پێکەوە ٤٠ کەسیان لێگیرا، ئەوخەڵکەی لەو رۆژەدا گیران ٨کەسیان پیاوبوون‌و ئەوانی تر هەموویان ژن‌و مندال بوون ، لەوانە ٦ کەسیان لەخێزانەکەی ئەحمەد بوون. ئەحمەد سەعید ئێستا پیاوێکی تەمەن ٥٦ ساڵی چاوشین‌و سەرسپیە، تەنها ووردبوونەوە لەروخساری ئەو پیاوە بەسە بۆ ئەوەی هەموو پێشیلکاریەکی مافەکانی مرڤی تێدا بخوێنیتەوە، ئەو هێشتا تەمەنی وا هەڵنەکشاوە کەچی سەری وەکو بەفری کوێستان سپی دەچێتەوە، لەروخساریدا بەئاشکرا غەدری ئەنفال‌و رەفتارەکانی بەعس‌و کەمتەرخەمی دەسەلاتی کوردستان بە ئاشکرا دیارن، لەبارەی گرتنی خەڵکی گوندی سێکانیانەوە، بۆ ساڵنامەی ئەنفالستان ووتی: من ٦ کەس لەخێزانەکەم گیراون، لەوانە دایکم‌و باوکم کە بردبویانن بۆنوگرە سەلمان‌و دواتر بەشەکەتی گەرانەوە، هەروەها برایەکم بەناوی یاسین بەخۆی‌و ژن‌و منداڵەوە گیران‌و هەتا ئیستا بێسەروشوێنن، منداڵەکانی کورو کچێك بوون بەناوی دیاری‌و یادگار، ژنەکەشی ناوی گولاڵە محمد بوو، هەروەها خوشکەکەم ناوی صبریە بوو، کە لە ئێران گەڕابوونەوە هەرلەو سەیتەرەیەی پشتی قەلاتدزێ گیراو مێردەکەشی بەناوی ئەحمەد مجید خۆیان‌و منداڵیان، هەرئەوگیرانە بووئەنفالکران‌و نەگەڕانەوە.. کەچی بەداخەوە هەندێك بەبێویژدانیەوە پێمان دەڵێن جاکوا ئەنفالی یەك خەڵکی تێداچووە، ئەوەتا تەنها ئەوگوندە بچوکەی ئێمە سێکانیان ٤٠ نەفەری ئەنفالکراوە. بێگومان ئەحمەد راست دەکات، ئەوانیش بەبێ زیان دەرنەچوون، بەڵکو جگە لە زەرەروزیانێکی زۆری ماڵی ( ٤٠) کەسیشیان بوونە قوربانی پەلامارەکانی ئەنفال.

# گوندی کلێسە مێژووی ئەنفالکراوەکانی خۆی دەنوسێتەوە

ئەنفالستان



هێشتا لەگۆپتەپە بووین کە بریارماندا پێکەوە رۆژێکیش بچینە سەردانی گوندی کلێسەو مۆنۆمێنتی دەشتی کۆیە، کەچی وەك بلێی ئاگای لەم بریارەی ئێمە بوبێ بۆ شەوەکەی کورتە نامەیەکی حاکم صالح کلێسەیم، بۆهات نوسیبووی: هیوادارم رۆژی دوو شەممە لەگەڵ کاك هوشیارقادر سەردانمان بکەن، بەداخەوە هیچکاممان نەماندەناسی، تا داواکەی حاکم صالح بەجێبهێنین‌و بیبەین بۆ ئەو گەشتە.

سەرلەبەیانی رۆژی ‎/٢٠٠٩/٣‏ لەسلێمانیەوە بەنیازی سەردانی مەزاری ئەنفالکراوەکانی دەشتی کۆیە بەرێکەوتین.

بۆخۆ دزینەوە لەهەڵتەك‌و داتەکی رێگا خراپەکەی دەروازەی شاربریارماندا، بەرێگا تازەکەی نێوان دۆڵە رووت‌وسورداشدا بڕۆین،ئەگەرچی تا چوینە سەرجادە دەیان قات لە رێگەی تاسلوجە ناخۆشترو وێرانتر بوو،بەڵام هەرئەوەندەی لەبازگەکەی دۆڵەروت قوتار بووین‌و بەدەستی چەپدا باماندایەوە ئیتر رێگایەکی خۆش‌و ناوچەیەکی دڵگیر، پەلکێشی یادەوەریت دەکات، کاتێك بەناو دۆڵ‌و شاخەکاندا بەجادەیەکی تازە قیرتاوکراودا بەرەو مێرگەپان‌و شەدەڵە رگامان دەبری، دڵگیری ناوچەکەو بیرەوەری رۆژگاری رابوردوو هەستێکی سەیری لادروستکرد بووم، مامۆستا کامەران تەمەنی لاوێتی لەم شاخ‌و کیوانەدا خەرجکردبوو، لەبەر ئەوەی پێشمەرگە بووەو شارەزای ناوچەکەش بوو، ئیتر دەستنیشانکردنی ئەو لوتکەو دۆڵانەی ئێمە ناویانمان نەدەزانی، کەوتبووە ئەستۆی، ئەو تاشەبەردانەی بەلاپاڵی چیاکانی چادروپیرەمەگروندا شانیان دا دابوو یاخود قیت وەستابوون، ئەو هەستەیان لەلادروستکرد بووم کە بلێن: نابەزین‌و ئەوەتا هەر بەپێوە ماوین، ماوەی نیوکاتژمێرێك بە هەورازو نشێودا کانی گۆران‌و کارێزکلاو‌و هەردوهەناران‌و گوندی قزلەرو بەختۆخەمان بەبەرلوتی چیای چادرو هەورازی تاقەتپروکێنی قزلەرو زێویمان بری، تانزیکی گوندی شەدەڵە رێگایەکی خۆش ئاژۆپر لە دیمەنی هەست‌و دڵبزوێن بوو، کورت ماوەیەك بەجادەیەکی خۆڵدا تێمانکرد بەرەو هۆمەرقەوم‌و سورداش‌و لەوێشەوە بەرەو سەرجادە دووساییدیەکەی نێوان دوکان سلێمانی شۆر بووینەوە بێپشوودان بەسەیرانگای دوکاندا، هەورازی پێچاوپێچی کلەکەسماقمان بری‌ولەسەرشاخەوە بەرەو دەشتی کۆیە کەبەئەنفالی بەدناوی قۆناغی چوارەم ویرانکراوە،شۆربووینەوە بۆ گوندەکانی بۆگدو بۆڵقامیش‌و کلێسە.

حوسێنی حاجی جەلال شارەزمابوو، هەرلەگەشتەکەی گۆپتەپەوە بەڵێنی ئەوەی دا بەپێی توانا، خۆی‌وسەیارە پەترۆڵەکەی بخاتە خزمەتی خەمەکانی ئەنفالستانەوە‌و گوند بەگوند لەگەڵمان بگەڕێ، نایشارمەوە کە مامۆستانەجیب گەرمیانی کۆچی دوایی کرد، قەڵەمی دەست‌وپێم شکاو بێئومید بووم، لەوەی کەسێکی تر جێگەی ئەوم بۆ بگرێتەوەویاوەری ئەم گەشتانەم بکات،بەڵام ئێستا گەشبینم کە (نەجیب)ی ترپەیدابوون‌و خەمەکانم لەگەڵ هەڵدەگرن.

ئیتر پشت قایم بەشارەزایی حوسین لەپرسیاری رێگاوبان‌و دودڵی رێگەونکردن بێخەم بووین.

لەسەرشاخی کەلکەسماقە وە بەرەو دامێن، تا رێگە بیریت زیاتر رۆدەچێتە خوارەوە، هێشتا دانەخزابووینە دەشتایی کەدیمەنی ناوچەکەپەلکێشی کردمە ناو یادەوەری حیکایەتەکانی سەروەختی ئەنفال، وێنەی خەزرەجی وەك دیوەزمەیەك، خۆی‌و گۆچانێك‌و جیهازێك بەبەرچاومەوە بوو، گە رابوومەوە بۆ ئەوکاتانەی هەواڵی پەلامارەکانی ئەنفال وەك بروسکەی مەترسیدارو مرۆڤ تەزێن بەچرپەوە دەگەیشتنە شارو خەڵکی بەویژدان‌و ئازادیخوازی دەخستە بەردەم حەسرەتێکی گەورە، هەزاران وێنەی ستەمکاروستەملێکراو لەیادەوەریمدا دەهاتنەوە پێشچاو، هەرگیز ناتوانم ئەودیمەنانە لەبەرچاوم وونکەم کە لەم دەشتەو لەقوڵایی گەرمیان‌و لەبناری چیاکانی ئەم وڵاتە هەزاران قوربانی

بەئومێدی بەزەییەوە لە روخساری جەلادیان روانیوەو ئەوان رەحمیان پێنەکردوون.

یەکەمین وێنەی تۆمارکراوی ئەنفال ئەوکاتە بوو، کە هێشتا هەرزەکارێکی کەم ئەزموون، بەڵام هەستناسك بووم، ئەوکاتەی یەکەمین دیمەنی کۆمەڵێك پیرەژنم بینی،خوێنکاری شانۆبووم، بۆیە دیمەنی ئەو مریشکە کوردیانەم لەیاد ناچێتەوە کەلەناو ئیفایەکی دێزو رەزاگراندا لەگەڵ پۆلێك پیرەژنی رەش پۆش دیلکرابوونو سەربازێکی لچ رەش، جگە لەخۆی هەموو کەرەستەکانی تریشی رەش بوون، تفەنگێکی رەش، پۆستاڵی رەش، کڵاوی رەش،پاسەوانی دەکردن، مریشکەکان لەپشتی ئیفا کەدا بە قاچ بەستراوی هەڵدەقونانو بەباڵەکانیان تۆزوخۆڵی ناپشتی ئیفاکەیان بەرزدەکردەوە، وەك بڵێی بەباڵەپرتێ لەیەزدان بپارێنەوە بۆ ئەوەی بەرەحمی خۆی لە دەست سەربازەکانی بەعس رزگار یانکا، دیمەنی ئەو مریشکە جرپنو پیرەژنە رشپۆشە کۆستکەوتووانە هەتا ئەمرۆ لەلای وێنەیەکی جوڵاوەو هیچ کورتە فلمێك ئەوەندە نام بزوێنی،پۆستەرێکی زیندووی یادی ئەنفالەو لەبیرم ناچێتەوە، بێگومان ئەم پیرەژنە رەشپۆشانە، کە بەمریشکە جرپنەکانیانەوە ئەنفالکرابوونو بەئیفایەیەکی رەزاگران دەگوازرانەوە بۆ کەمپەکانی کۆکردنەوە، ئەگەر خەڵکی ئەم دەشتەپانوپۆرەو گوندەکانی گوێ ئاوی زێی دوکانیش نەبووبن بێگومان کوردبوونو لەبناری چیاکانەوە بەدیلی هێنرا بوون، جا هی هەرکوێیەکبن ؟؟

ئیتر هەرشریتی یادەوەری ئەنفالبوو بەخێرایی بەبەرچاومدا گوزەری دەکرد، ئێرە ناوچەی ئەنفالی چوارەو هەتا چاو بردەکات دەشتاییو تەپۆڵکەیەو لەبن هەر گردێکدا وێنەی جەلادو قوربانی، دوکەڵی سوتانو کەلبەی شۆفڵو خنەخنو لارەلاری مراوی هیلانە لێتێکچو، قروسکەی توتکە سەگی تۆقیوو، خێسەی ئەفسەرە دڵرەقەکانو چاوشۆری جاشو دوعاوپارانەوەی پیرەژنوپیرەپیاوە



ئەنفالکراوەکانو ترسی ناموس شکاندنی کچە عازەبوخۆشاردنەوەو بەرەنگاربوونەوەی گەنجانی گوندنشینو دڵپاکیو تەکبیرو رای ساویلکانەی هەندێك لەپیرەپیاوانی ئاوایی کە چۆن دەستەو دامینی کورە جاحێڵەکانیان بوون: -( بابە، چارنیە تازە کار لەکار ترازاوە بچن خۆتان رادەستی جاشەکان، بکەنو چاوەروانی رەحمی خودابن تا وەزعەکە بەلایەکدا دەکەوی، بەڵکو ئەمە خودایە، توشتان بەدپیاوێکەوەبێو تەسلیمی حکومەتتان نەکەن) بێئاگا لەوەی ئەمجارە بەعس دەیەوێت سیاسەتی قرکردنو ریشەکێشکردنی بنچوبناوانی گوندنشینەکانەهەڵکێشی، لەدەشتی کۆیەوە کە لەم بەری زێوە سەرهەڵدەبری لەدەشتایەکەی ئەو بەری زێ بەسەرگردێکی قەراغی ئاوەکەوە پەیکەری هاواری گوندی گۆپتەپە سپیی دەچێتەوە،کەهونەرمەندی پەیکەرساز عومەربێبەشی (هاورێی پەیمانگام) لەسەر گۆرستانە بەکۆمەڵەکەی گوندی گۆپتەپەی گازبارانکراو بەدەستوپەنجە رەنگینەکانی خۆی دروستی کردووەو پر بەدەم هاوارلە یەزدانوکۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەکاوگوزارشت لەتاوانی ئێوارەی ٥/٣ ی ساڵی ١٩٨٨ دەکات، بێئەوەی هیچکام لەوان بەهانایانەوە بچن.

ئامانجی ئیمە رۆیشتن بوو بۆ گوندی کلێسە، کەکەوتووەتە سێکوچکەی ئیدارەی پارێزگاکانی کەرکوكو هەولێرو سلیمانیەوە لەمبەری زێ بەرانبەرگۆپتەپە لەسەر رۆخی ئاوەکە گیرساوەتەوە، لە رۆژهەڵاتیشیەوە گوندی عەسکەر کەوتووەتە ناو زنجیرەیەك چیای بەرزونزمی رەقانیەوە، ئەویش هەر ئەو ئێوارەیە لەگەڵ گۆپتەپە بەرچەکی کیمیایی کەوتوو، بۆ سبەی ٢٠٠ کەسیان ئەنفالکرانو تەنها ١٥ پیروپەککەوتەیان بەزیندوویی لێگەرایەوە، کە ئەو دەپانزە کەسەش پیروپەککەوتەبوونو زیندانی نوگرەسەلمان هەناسەی لێبریبوونو بەنیوەمردوویی گەرانەوە بۆنیشتمان، بەلای خۆرئاواشیدا گوندی قەسرۆکە لەو بەری زێ کە هەتا ئێستاش ١٩١ کەسیان لەژنو منداڵوپیاو بێسەروشوێنن، بەدەم ئەم ئەندێشەو خەیاڵانەوە بەسەرجادەیەکی خۆڵو بەپێچیکی نیوەبازنەیی دا شۆردەبیتەوە، بۆ دەم زێو لەپێشەوە گوندی بۆگد لەخاکێکی سورباوی روتەندا بەشەرمو دڵشکاوییەوە پێشوازیت لێ دەکا، چونکە بەرلە ئەنفال قەت ئەوەندە سفرەخاڵی نەبووە،هەتا لە ئاست میوانان دابمێنی، خانووی هاکەزاییو نائەندازەیی بەقوروبەردی تێدا قوتکراوەتەوەو سیمای گوندەکە بۆ خۆی ناسنامەی هەژارنشینیو کاریگەری ئەنفالی بەئاشکراپێوە دیارە، گوندی بۆگدێش گورزی کەمەرشکێنی ئەنفالی بەرکەوتووەو نزیکەی ٥٠ کەسی بێسەروشوێنن، لەوبەری زێشەوە گوندی بۆلقامیش لە باوەشی بەرزاییەکی نیمچە



كوردا لێتدەروانێ، لە دورەوە چرچەكانی دەموچاوی دەبینی كە لەحەسرەتی ٣٨ كەسی ئەنفالكراودا بەشەكەتی ماوەتەوە، لە رۆژئاواشەوە دیسانەوە گوندی گومەشین ١٠٥كەس لەژن‌وپیاو منداڵی ئەنفالكراون، هەروا لەدامێنی كلێسەشدا گوندی كانی بی ٧٥ گەنجیان ئەنفالكراوەو هەتا ئێستا سەروسۆراغیان نیە.

مرۆڤ ئەگەر بەویژدانێكی تەندروستەوە بەو دەشتەدا یان بەو گوێ زێیەدا گوزەر بكاتو هەستەوەرە ئینسانیەكانی لەكارنەكەوتبن، هێشتا هاوارو فیزاق‌وپارانەوەی ئەو حەشاماتەی قوربانیانی ئەنفالی دێتە بەرگوێ، خەڵكێك، بێئەوەی هیچ تەماحێكیان لەدەسەڵاتی دكتاتۆردا هەبووبێ تەنها گوناهیان ئەوەبوو دەیانەویست ژیانێكی هاكەزایی لەناوئەو گوندە هەژارنشینانەدا بەسەربەرن كە زیدی خۆیانە، كەچی بەودەردەچوون كە ئەنفال پێی كردن، ئەم گوندانە وەكو لەنەخشەی حكومەتی هەرێمیشدا سرابنەوەو هەمان لۆژیكی ئەنفالیان بەسەردا پیادەبكرێ ئێستا بەرادەیەك پەراوێزخراون‌و ئاوریان لێناداتەوە، تەنها دیمەنێكی ژیانی ئەو خەڵكە بەسە بۆئەوەی شەقێكی مەردانە لەهەموو ئەو پروپاگەندانە هەڵدەی كەباس لەمافی مرۆڤو درۆودەلەسەكانی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەلدەیت‌و لەبیری خۆت توریانهەڵدەیتە دەرەوە..!!

كەمێك لەولای گوندی بۆگدەوە لە سەر رۆخی زێ كەلەبەنداوی دوكانەوە بەناوگردوچیاكاندا بەروخوار ملی ناوە، ریگایەكی خۆڵ روەو رۆژهەڵات دەتباتە بەردەمی خانویەكی سپی كۆنكریتی، چەند مەترێك پێشتر لەسەر تابلۆیەكی شین كە تیایدا نوسراوە مۆنۆمینتی ئەنفالكراوەكانی دەشتی كۆیە، هەروەها وێنەی تەرمی گەراوەی ئەنفالكراوەكان كەلەسندوقی لاكێشەیدان‌و بەئاڵای كوردستان پێچراونەتەوە كراوەتە باكگراوەندی نوسینی سەرتابلۆكە،كە بەدوو ستونی كارەبا بەبەرزیەوە چەسپكراون، تابلۆكە بەماتەمییەوە پێشوازی لەمیوانەكان دەكا، بۆناو هۆڵی ئەومۆنۆمینتەی بەدەستپێشخەری حاكم صالح كلێسەیی‌و بەهاوكاری تەواوی گوندنشینەكانی كلێسە بنیاتنراوە بۆ یادەوەری‌و رێزلێنانی ئەنفالكراوەكانی دەشتی كۆیە.

مۆنۆمێنتی ئەنفالكراوەكانی دەشتی كۆیە لەگوندی كلێسە:

گوندی كلێسە لە رووی ئیداریەوە سەر بەناحێی ئاشتی‌و قەزای كۆیە- پارێزگای هەولێرە، بەر لە یەكگرتنەوەی ئیدارەی هەردوو حكومەت سەربە ئیدارەی هەریم - سلێمانی بووە، كەوتووەتە سەر قەراغی زێی دوكان، بەرانبەر بەگوندی گۆپتەپەی ناحێی ئاغجەلەر، ئەم گوندەش بەهۆی كیمیابارانكردنی گۆپتەپەوە، شنەبای ئەو سەرلە ئێوارەیە كیمیایی بەسەرداهێناوەتەوەو شەهیدێكی كیمیاباران‌و چەند بریندارێكیان هەیە، بەڵام لەپەلامارەكانی ئەنفالی چواردا ١٣٦ كەسیان ئەنفالكراوەو هەتا ئێستا بێ سەروشوێنن، خەڵكی ئەم گوندە بەپێچەوانەی زۆربەی ئەو گوندوناوچانەی ئەنفالكراون، لە هەمووان زیاتر بەتەنگەوە هاتوون، كە چیدی چاوەروانی حكومەت نەكەن‌و خۆیان مۆنۆمینتێك بۆ ئەنفالكراوەكانیان دروست بكەن، بەرلەوەی بگەیتە ناودێ لەنزیك گۆری ئەسحابان، بەدەستپێشخەری گەنجێكی كلێسەیی بەناوی حاكم صالح‌و بەهاوكاری تەواوی خەڵكی گوندەكە توانیویانە مۆنۆمینتێكی شایستە بۆ ئەنفالكراوەكانی گوندەكەی خۆیان دروستبكەن، بەڵام وەكو رێزلێنانێك بۆ ئەنفالكراوەكانی تری ناوچەكەو هەستی كەسوكاری قوربانیانی گوندەكانی دەرو دراوسێ بەری رەنج‌وماندوبوونی خۆیان ناو ناوە مۆنۆمینتی ئەنفالی دەشتی كۆیە.

ئەوكارەی حاكم صالح‌و خەڵكی كلێسە كردوویانە سەرباری دەستكورتی‌و سادەییەكەی واتایەكی لە رادە بەدەر ئینسانی گەورەی هەیە، لەو روبەرە بچوكەدا كەپێشتر گۆرستانی ئەسحابان بووە، توانیویانە بە توانای خۆیان‌و لە قوتی دەمی ماڵ‌ومندالیانبگرنەوە، بێئەوەی چاوەروانی حكومەتی هەرێم بكەن، هولێكی شایسە بۆ مەزاری قوربانیەكان‌و ژورێكی كارگێی پاكوپوختی كۆنكرێتی تێدا دروستبكەن‌و دەرگاوپەنجەرەی رێك‌وپێكی تێبگرن‌و دیوارەكانی گەچكاروبۆیاخ بكەن، لەهۆڵەكەشدا جگەلەپەیكەرە ئێسكێكی بەپێوە راگیراو، وێنەی هەموو ئەنفالكراوەكانی گوندو ئەوەشی دەستیان كەوتووە لە هی دەورو بەركۆیانكردووەتەوەو ئەوندەی تاقەتیان بەسەریدا شكاوە بەشێوازێكی جوان‌و بەرێزەوە دانراون‌و ناوی ئەنفالكراوەكانیان لەسەرنوسراوە، ئەوتاجە گولینانەشی لەلایەن دۆست‌وناسیاوانیانەوە بۆیان هاتووە، لە شوێنیكی شایستەی مەزارەكەدا دانراون یان هەڵواسراون، بەتەنیشت هۆڵەكەشەوە باخچەیەكی بچكۆلە كەپەیكەری ئەنفال‌و كێلی بێگۆری ئەنفالكراوەكان بەشێوەیەكی ئەندازەیی

دروستکراون، کلێەکان بەلاری دانراون‌و بەرەنگێکی سپی تێر بۆیاخ کراون‌و لەسەر هەر کێلێکیش ناوی سیانی قوربانیەکەو نیشانەیەکی پرسیاردانراوە، ئەمەش وەکو ئاماژەیەك بۆ بێسەروشوێنکردنی ئەنفالکراوەکان‌و نا دیاری چارەنوسیان، لەناو باخچەی مەزارەکەشدا قوربانیەکانی گوندی کلێسە بەکیلەکاندا دیارە کە زۆر خێزانی پێکەوە تێدایە کە هەموویان ئەنفالکراون، یان تاکەکسێك یاخود لەکەسێك زیاتریان لێگەراوەتەوەو ئەوەی تری هێشتا بێسەروشوێنە، هەشە کەسیان لێدەربازنەبووەو هەموویان ئەنفالکراون، بۆ هەر میوان‌و رێبوارو گەریدەیەك کەسەردانی ئەو مەزارە بکات، راستەوخۆ دەکەوێتەبەردەمی گەران بەدوای پرسیارێکدا کە دواجار دەبێ لە دوای سەرانی بەعس‌و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، لەپێش هەموویانەوە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەڵامبدەنەوە.. ئەم مرۆڤانە چیان لێبەسەرهات‌ولەکوێ کۆمەڵکوژکراون..؟ ئێمە لەراپۆرتەدا ناپرسین بۆچی ئەنفالکران‌و بۆچی کۆمەڵکوژکران، چونکە وەڵامەکەی دەزانین، تەنها لە بەرئەوەی کوردبوون‌و نەیاندەویست زیدی خۆیان بگوازنەوە بۆناو ئەو دەدوانزە دۆزخانەی بەعس ناوی لێنابوون ئۆردوگای هاوچەرخ‌و هەندێکیانی بەناوی سەروەریەکانی بەعسەوە ناونابوون، ئەمەش وەکو ئیتفزازکردن‌و بریندارکردنی هەستی ئەوخەڵکەی کە بەعس خۆی ئەنفالی کردبوون‌و کەسوکارەکەی بێسەرو شوێنکردبوون، لەوانە ئۆردوگای صمود، هەڵەبجە صدامیە، ئۆردوگای نصر.

ئەو رۆژەی چووینە سەردانیان ریکەوتی دووشەممە / ٢٠٠٩/٣ رۆژێکی بێزەوقی خۆڵاوی بوو،هەر بەگەیشتنمان چەند کەسێکی گوندی کلێسە بە رێزەوە هاتنەپێشوازیمان، ئەگەرچی هەندێکیان دەستیان لەچیمەنتۆدابوو قۆڵیان لێهەڵمالی بوو سەرقاڵی دروستکردنی حەوزێکی گەورەبوون لە تەنیشت هۆڵی



مەزارەکەوە، بەڵام بۆ بەخێرهاتنمان کورتماوەیەك دەستیان لەکارەکەیان هەڵگرت‌و هاتن بەخوڵقێکی لادێیانەوە بەخێرهاتنیانکردین‌و دوایی گەرانەوە سەر کارەکانیان. شتێك لەدەرەوەی مەزارەکە سەرنجی راکێشام..! هەڵواسینی کۆمەڵێك فانوسی نەوت‌و مەشکەیەکی دۆژەنین بوو، کە وەك یادەوەریەکی بەجێماوی ئەنفالکراوەکان بەلقەکانی دارێکی بەردەم مەزارەکەوە هەڵواسراوە.

هەرچەندە من هێشتا لەبەردەم ئەو کارەی گوندی کلێسەدا سەرسام‌و نەمتوانیوە بگەمە وەڵامێکی قایلکەر، ئەویش ئەوەیە ئەوان گرنگیەکی زۆریان بەمەزاری قوربانیەکانیانداوە، بەڵام حاڵی گوندەکە لەمەینەتیدایە، گوندنشینەکان کە هەموویان کەسوکاری قوربانیەکان‌و کەسیان نیە ئەنفال وەك خەنجەری دەبان هەناوی هەڵنەتەکاندبێ، بەو برینەگەورەیەشەوە هێشتا لەمەینەتی‌و هەژارییەکی زۆردا دەژین‌و حکومەتی هەرێم نەیتوانیوە وەکو پێویست رێزو شکۆیان بۆبگێریتەوە، گرنگیدان بەشوێنێك بۆ یادەوەری قوربانیەکانی ئەنفالی گوندەکەیان مەسەلەیەك نیە مایەی رەخنەو تانە لێدان بێت، بەپێچەوانەوە کارێکە بەبارتاقای وەفادری خۆیان، حکومەتی هەیەم‌و بەرپرسەکان دەخاتە بەردەم شەمی خەمساردی‌و لاموبالاتییەوە، بەڵام من دنیابینیم بەو جۆرەیە کەدەبێت ژیان‌و شکۆی زیندووەکان پارێزراوبێت، بۆ ئەوەی بەقەناعەتەوە رێز لەشەهیدان‌و ئەنفالکراوان بگیرێ، کاتێك خانەوادەی ئەنفالکراوان‌و شەهیدان لەوپەری پەرپوتی‌و رەزالەتدابێ، راستیەکەی جوانکردن‌و رێکخستنی مەزارو گۆرستانی شەهیدان بەومانایە دەشکێتەوە کلتوری مردوپەرستی زیندوکوژ پیادە بکەین، بۆیە هێشتا ئەوەی لەگوندی کلێسە رووبەرووی بوومەوە مەتێلێکەو هێشتا نەمتوانیوە هەڵیبهێنم، هیوادارم ئەمە لەو قەناعەتەوە هاتبێ، بەرپرسانی ئەم وڵاتەبخەنەبەر دەمی پرسیارێکی ئەخلاقی‌و بڵێن ئەگەر ئەوە حاڵ‌و ژیانی کەسوکاری شەهیدان‌و ئەنفالکراوان بێت، کە ئێوە بەخوێنی ئەوان چوونە سەرکورسی دەسەڵات ئیدی تۆ بەچیەوە شانازی دەکەیت..؟

کلێسە مێژووی خۆی دەنوسێتەوە:

لەدوای راپەرینی ئازارەوە کلێسە کە پێشتر نزیکەی سەد ماڵێك بووە، ئێستا چل ماڵێکیان ماوەتەوەو ئەویش گەراوەتەوە سەرزیدی لەمێژینەی خۆی‌و لەشوێنی کەلاوە روخاوەکانی پاش ئەنفال، جوتیارە دڵشکاوەکانی گوند لەسەر رۆخی زێ خانووی نائەندازەیی‌و خراپۆکەیان بە بەردو قور رابەستووەتەوەو بە

قەناعەتەوە ژیانێکی هاکەزایی تێدا دەگوزەرێنن، بەهەڵەدانەچووین، ئەگەر گەرانەوەیان بۆ سەرزیدی خۆیان بەبەرپەرچدانەوەیەکی راستەقینەی سیاسەتی بەعس لێکبدەینەوە، چونکە هەمووومان دەزانین بەعس ئامانجی هەڵتەکاندنی ئەوبنکە ژینگەییە بوو کە خەڵکی کوردستان لە گوندەکانیان دەستەبەریانکردبوو، بۆیە بەبروای تاکەسی خۆم یەکێك لەو ئەرکانەی دەکەوێتە ئەستۆی گوندنشینەکان وەك پەرچەکدارێك بۆ سیاسەتی بەعسو روخاندنی گوندەکانیان، وەکو رێزگرتنێکیش لە قوربانیانی ئەنفال، بێ گویدانە کەمتەرخەمیو نابەرپرسیارێتی دەسەڵاتدارێتی کوردستان، گەرانەوەیە بۆگوندەکانو پشت بەستن بۆخۆیە. هەروەکو چۆن کلێسەییەکان دەیانەوێت جیهانێکی جیاوازتر لەژیانی ناو ئۆردوگا زۆرەملێکان بۆخۆیان دروست بکەن، ئەمەش بەهایەکی ئەخلاقی گەورەیە بۆئەوان.

من لەوسەردانەمدا بۆ گوندی کلێسە هەر بەتەنها دروستکردنەوەی خانووم نەبینی بەڵکو هەستم کرد، کەوا دەیەوێت مێژووی خۆشی بنوسێتەوە، ئەمە ئەرکێکی زۆرگرنگەو هەمووان هەقوایە چاویان لێبکەینو رێزلە گوندنشینەکانی کلێسە بگرین. راستە ئەو گوندە هەرگیز جارێکی ترنابێتەوە بەو تابلۆ جوانەی پێش ئەنفال لەسروشتی ناوچەکەو کوردستاندا نواندوویەتی، بەڵام دەشێت تابلۆیەکی تربێت لەمێژووی ستەمکاری دەوڵەتی عێراقدا، مرۆڤی تەندروست کە تابلۆی ئێستای گوندەکەو مۆنۆمێنتی ئەنفالکراوەکانی بەسەر رۆخی زێی دوکانەوە دەبینێ، دەشێت هەزاران پرسیار ببنە میوانی چرکەساتەکانی ئێستاو رۆژانی داهاتووشی، من لەو رۆژەوە ئەو هەستەم لەلا دروستبووە کە خەڵکی ئەم گوندە لێرەوە پەیامی ئەو چیانشینە بریندارانەی ئەنفال بە ئاودا دەنێرن بۆبیابان، ئەو ئاوەی کە لەچیاوە بەرەو بیابانی خوارو ملی ناوەو لەدیجلە یەکانگیردەبێتەوە، دەشێت هەموو رۆژێ پۆستەچی ئەو مرۆڤە دلشکاوانە بێت کە کچو کورەکانیان، یان هاوسەرو دەستگیرانەکانیان،



دایك وباوکیان پەلامارەکانی ئەنفال بردنیو ئێستا لە بیابان بەبێ ئەوەی رێز لەمردنیان بگیرێ بەکۆمەڵنێژراون، نەفرەتو پارانەوەو پەیامی کۆڵنەدان بەم زێیەدا بنێرن بۆ بیابان کەلەوەتای هەیە دەسەڵاتداران و تولەوتانجیەکانیان بەدڵرەقیەوە مامەڵەیان لەگەڵ ئەم چیانشینانە کردووە. هەروەها فاتیحاو سۆزو خۆشەویستی خۆیان بە ئاودا بنێرن بۆ خۆشەویستەکانیان کە چیانشینو کوێستابوونو بەزۆر لەبیابان ونیان کردن. من ئەو رۆژە هەستێکی وام لادروست بوو دامەزراندنی ئەو مۆنۆمێنتە لەسەر رۆخی ئەم ئاوە رێکەوت نەبووە، بەڵکو وای بۆ دەچم ئەم ئاوەی لێرەوە بەرەو خوارملی ناوە تاکە پۆستەچی راستەقینەی قوربانیانی ئەنفال بێت، چونکە ئەویش باش دەزانێ هەموو مرۆڤایەتی درۆیان لەگەڵ دەکا.. ئەو رۆژە لەچاوی (حەمە مدیر) دوە ئەو راستیەم دۆزیەوە هەتا دوا بەپەیکەرو دوانینۆکی ئەنفالکراوەکانیان نەگەرێنەوە بۆ نیشتمان ئەمان لەچاوەروانی رزگاریان نابێ، بۆیە هەتا ئەم ئاوە وشك دەکات، نامەوپەیامو دوعاوپارنەوەی ئەمانیش کۆتایی نایات.

**حەمە مدیر :**

ناوم مدیر نیە لێرە وام پێدەڵێن لەو گەشتەمدا جگە لە حاکم صالح چاوم بە چەند کەسێکی تر کەوت هەموویان ئەنفال ناخی هەڵتەکاندبوون، (حەمەدیر ) ناز ناوی ئەو پیاوە سەروریش سپیە بوو، کەتەمەنی ئەوەندە هەڵنەکشاوە بەڵکو لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٤ە، بەڵام بەدیار چاوەروانی کورە ئەنفالکراوەکانی ( شێرزاد، نەوزاد، فوئاد، هەروەها خێزانەکەی زەینەب نادر حەمدان)ەوە سەروریشی ماڵئاوایان لەرەنگی رەشکردووەو یەکپارەچە سپی دەچێتەوە... نەجم رەزا محمد بۆیە ناوی مودیریان لێناوە لەبەرئەوەی ئەرکی بەرێوەبردنی مۆنۆمێنتەکەی گوندی کلێسەی گرتووەتە ئەستۆ ، کەجگە لە کورو خێزانەکەی خۆی سومبلی سەدو سیو شەش کەسی ترە لە ژنومنداڵوپیروگەنج، لە خزموکەسوکارو خەڵکی گوندەکەی کەئەنفالکراون. کەچی هێشتا حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پێویستی نەزانیوە مدیر بکاتە موچەخۆرێکو لەو مۆنۆمینتە دای بمەزرێنی بەڵکو تەنها گریبەستێکی کاتی لەگەڵ وەزارەتی شەهیدانو ئەنفالکراواندا بۆکراوەو لەبەرانبەردا مانگی ١٠٠ هەزاردیناری پێدەدەن.

یەکەمجار کەلەنزیکەوە لەگەڵ کاك نەجم رەزا (حەمە مدیر) دانیشتم، هەستم کرد بە ویژدان‌و بەرپرسیارێتیەوە قسەم بۆدەکات، لەپێشەوە لەوخێزانانەوە دەستی پێکرد کەئاسەواریان براوەتەوە یاخود کەسێك یان دوکەسیان لەئەنفال دەربازبوون: ( ئەوەماڵی رەسوڵ، ئەوەماڵی کاك صادق رەزا، کاك یاسین هەرخۆی ماوە، هەروا بێتەوە مام برایم هەرخۆی ماوە، بەبرای خۆم بلێم حەمە شکور هەرخۆی ماوە، عومەرمحمود رەسوڵ نەخۆی‌و نەخێزانی‌و نەمنداڵی کەسیان نەماوە، ماڵی رەسوڵ محمود رەسوڵ ١٢ کەسبوون کەسیان نەماوە، سمایل حوسین ٥ سەرخێزان بوون کەسیان نەماوە، قادر حوسێنی برای شەش کەس بوون کەسیان نەماوە، گولچینیش بەپێنج منداڵەوە بێسەروشوێنە ماڵی سەعیدیش سەعید محمد عبدالرحمن بەخۆی‌و خێزان‌ومنداڵەوە نەماون) ئینجا بەماتەمینیەوە ووتی: هی خۆشم هەموو رۆیشتن، هەر بۆخۆم ماووم.. گووتی: بێجگەلەمنداڵ‌وخیزانم، بابیشم لەنوگرەسەلمان مردووە، عەلی حاجی سمایل لەنوگرەسەلمان بەدەستی خۆی ناشتوویەتی. رەنگە حیکایەتی مدیرو ئەنفالکردنی منداڵەکانی ئازاریان لەهی کەسێکی تر زیاتربێ، چونکە ئەو لەبەرئەوەی سەربازی هەڵاتوو بووە، خۆی هەتا نزیکی دوکان لەگەڵیان رۆیشتووەو لەقەسقۆڵی خواحافیزی لێکردوون بەونیازەی ئەوان ئازادبوون‌و خۆی گەراوەتەوە بۆ ئەشکەوتەکەی بۆلقامیش‌و بۆماوەی پێنج رۆژ لەوێ خۆی شاردووەتەوە، بەڵام خەملەکەی پێچەوانە کەوتەوە، لەقەشقۆڵی ماڵ‌ومنداڵی دەگیرین‌و تەنها خۆی دەربازدەبێ. حەمە مدیر ووتی : کەعافواتکەی داو خۆمان تەسلیم کردەوە دواتر ساڵی ١٩٨٩بانگهێشتکراین بۆ خزمەتی سەربازی، بەفرسەتمان زانی بەجلی عەسکەرییەوە چووین بۆ کۆشکی کۆماری تا سۆراغی کەسوکارەکەمان بکەین.. بەڵام چەند ئەفسەرێك لەوێ بوون هیچ وەڵامێکیان نەدایەوە، هەرگاڵتەشیان پێکردین.. کەمدیر قسەی بۆدەکردم هەستم دابەش ببوو، بەشێکی فری بوو بۆلای ئەو لەشکرە رۆژنامەنوس‌و نوسەرە مووچە خۆرانەی خۆیان بەکاری ترۆهاتەوە خەریك دەکەن‌و پارەو پولێکی باشیش لەحزبەکان‌و دەولەتدەکێشنەوەو خەڵکیش لەگەڵ خۆیان چەواشە دەکەن، ئەو رۆژنامەنوس‌و نوسەرە درۆزن‌و ناپاکانەی لەپێشەوە لە تێکشکاندنی ئازادی خۆیانەوە دەستپێدەکەن. من نازانم وەزیفەی نوسین چیە جگە لەئامادەکردنی وێنەی راستەقینەی جەلادو قوربانی، لەدەشتی کۆیە هەزاران کۆستکەوتووی وەکو حەمە مودیرو پورە ئایشی گۆپتەپە ئامادەن، بەڵام کەمینەیەکی بەدناوی وەکو قاسماغای کۆیە هەیە.. هەموو ئەنفالچیەکانی سەروەختی رژێم ناویان دەچێتە زبلخانەی مێژووەوە، بەڵام قارەمانەکانی ئەنفال لەبیروهۆش‌وئەخلاقیاتی خەڵکدا دەژین، عەبدوڵای خەرابەیی کەلە حەشارگەکەی دێتەدەرێ، وەنەبێ ژیانی خۆش نەویستبێ، بەڵام ئەو مردنی پێباشتربووە لەژیانێکی سەرشۆری‌و نامەردانە، کاتێك لە قۆناغی ئەنفالی چواردا دەبینێ سەربازەکانی دەوڵەتی عێراق، راوی پۆلە کیژۆلەیەك دەنێن‌و دەیانەوێ پێش ئەوەی بیاندەنە دەستەوە ئارەزووە ئاژەڵیەکانی خۆیانیان تێدا بەتاڵ بکەنەوە، عبدوللە لە حەشارگەکەی خۆی دێتەدەرێ‌و تا دوا فیشەك لەگەڵیان دەجەنگێ، بەڵام کە فیشەك نامێنێ‌و بەدیلی دەست هێزە تولەوتانجیەکانی سەرۆکی پایتەخت دەکەوێ سواری کۆپتەرێکی دەکەن‌و لەئاسمانی ناوچەکەوە فرێی دەدەنە خوارەوە.. شێخ حوسینی هەزارکانیش قارەمانێکی تری ئەنفال بوو، ئەویش بەفەرمانی خودی صدام‌و عزەت دوری دەبوایە ئازادبوایە، کاتێك پێشەوای فەیلەق دەچێتەقەڵای قۆرەتوو فەرمان دەکات شێخ حسێن‌و کورەکانی ئازادبکرێن، ئەو رەتی کردەوەو پێی ووتبوو: ئەوە فەرمانی تۆیە منیش فەرمان بەخۆم دەدەم هەتا ئەو خەڵکە هەمووی لەگەڵ من ئازاد نەبن نایەمە دەرەوەو حالی خۆم‌و کورەکانیشم وەکو ئەوان، ئەوەبوو لەگەڵ ئەو خەڵکە رۆیشت‌و نەگەرایەوە..

من لە مۆنۆمینتەکەی گوندی کلێسەو بینینی کەسوکاری قوربانیان‌و پێشتریش لە گەنجە کتێب دۆستەکانی گوندی گۆپتەپەوە تێگەیشتم، وەختی ئەوە هاتووە هەموو ئەوانەی ئەنفال هەلیداونەتە ئەودیوی فاریزەو دیواری لەبیرچوونەوەوە خۆیان بێنەوە پێشێ‌و حیکایەتی شکست‌و قارەمانێتی خۆیان بنوسەوە، تاکو چیتر گەمژەو جاهیلەکان بەزمانی لوس‌و پروپاگەندەی مافی مرۆڤەوە لێیان نەبن بەفریاد رەس، بەڵکو ئیتر ئەمانە لەدنیای خۆیان بکەنە دەرەوەو بیانێرنەوە بۆناو قوللەو ژوری پاسەوانێتی سوڵتانەکان. قوربانیانی ئەنفال بۆئەوەی چیتر درێژە بەژیانی قوربانی بوون نەدەن دەبێ ببنە هاورێی ئەو نوسەروخامەوکتیبانەی جەهل‌و نەزانی تێك دەشکێنن‌و پاساوی بۆ ناهێننەوەو ناعەدالەتی پەردەپۆش ناکەن، ئیتر خوای دەکرد هەموو کورد دەبوو بەنوسەرو ۆژنامەنوس‌وکامیرامان‌و سیاسەتەدار، ئەگەر گوندی کلێسەو ژیان‌و حاڵی پرلەمەینەتی ئەنفالکراوەکان، نەبووە بابەت‌و نەچوونە ناو چاوی کامیراکانیانەوە رۆژێك دێ وەکو هەموو ناپاکانی دنیا شۆرت لیست بکرێن‌و ناسنامەی نوسەرو رۆژنامەنوسیان لێوەربگیرێتەوەو ناسنامەی گەمژەو نەزانیان پێبەخشرێ.

**عوسمان محمود رەسوڵ (کلێسە) :**

بایزی ئەحمەداغا گووتبووی: هەموویان بە مەرحبایەکی سەدام ناگۆرمەوە.

ئەم پیاوە تەمەنی ٥٤ ساڵەو ١٦ کەس لەبراوبرازای ئەنفالکراون، ئێستا عەقیدی پۆلیسی دارستانەو لە دوکان دادەنیشێ، ئەوڕۆژە بەتایبەتی بۆ پێشوازی ئێمە هاتبوو، گوندی کلێسەو جلی کوردی

پۆشیبوو، پیاوێکی هێمن و لەسەرخۆیەو هێشتا رەنگ و روخساری جوانە، لەکۆتایی دیدارەکەماندا بە ماتیەکەوە گووتی: با وێنەیەك لەلای ماڵی کاکمەه بگرم، ئیتر لەنیوان دوکێلدا وەستا تا فلاشی کامیراکە تەواوبوو ئینجا رووی کردەمن و ووتی: ئەمانە هەردووکیان برامن بەخۆیان و خاوخێزانەوە رۆیشتن و نەگەرانەوە.

لەسەروەختی ئەنفالدا پێشمەرگەی یەکێتی بووە لەلای عەلی بچکۆل، رۆژی ٣ی ئایارلەنزیك دوو ئاوان بوون کە کیمیابارانی گۆپتەپە کراوە، ووتی: ئێمە گوێمان لەدەنگی بۆردومانەکە بوو بەڵام نەماندەزانی چی رویداوە، بەڵام شەوەکەی سەعات ١٢ هەواڵەکەیان بۆهێنایین، ئیتر هەر ئەوشەوە منداڵەکانیان پەراندووتەوە بۆ ئەم بەری زێ، برازایەکی ( ....) کە ئێستا ئەنفالکراوە هاتووە بۆلایان و پێی وتون: ( ئامرلیوای دوکان مام خورشیدی راسپاردووە کە ئەوخەڵکە بێنەوە خۆیان بدەن بەدەستەوە هیچیان لێناکەین و هەقمان بەسەریانەوە نیە لەکوێ دەژین ئارەزووی خۆیانە، بەڵام ناهیلین چیتر لەوگوندانە بژین..کەچی ئامر لیواکە درۆی کردو هەرچی بەردەستیان کەوت ئەنفالیانکرد، عوسمان پێشمەرگە بووەو بیروڕایەکی تری هەبووە وەکو خۆی دەڵێ، من رام وابوو ئەگەر هەموو منداڵەکانم بکوژم و دواتریش خۆم بکوژم بەڵام تەسلیم بەحکومەتیان ناکەم، بەڵام دواتر کە لەگەڵ هاورێکانی( مەلاتاهیر، محمد سابیر، مامۆستا شەماڵ، مامۆستا موەفەق) پیکەوە راوێژ دەکەن، بەوە قایل دەبێ، منداڵەکانیان بنێرنەوەو خۆیان لەناوچەکە بمێننەوە، ئیتر مەفرەزەیکیان پێکهێناوەو وارێکدە کەون منداڵەکانیان ببەنە نزیك رەبایەی جاشەکان، لەوێ فەوجی سمایلە سووتاوی لێبووە، ئیتر منداڵ وژن لەنزیك رەبایەکەوە بانگی جاشەکانیان کردووە، بەڵکو ئەوەندە دەماری مەردایەتیان بجوڵێ و فریایان بکەون و لە بەڵای ئەنفال رزگاریان بکەن، ئیتر بەخت یاوەریان بوو، کە جاشەکان غیرەت گرتبوونی و بەدەنگیانەوە

چووبوون و تەنانەت نان و خواردنیشیان دابوونێ و دواتریش بردبویانن بۆ گوندی ساردکە لەوێ خدر کەخەڵکی ناوچەی پشدەرەو ئامرسریەکەیان بووە، بەفریایان دەکەوێ و رزگاریان دەکات..

عوسمان محمود ووتی: کە منداڵەکانمان گەیاندە نزیك رەبایەکان خۆشمان



بەهیلاکەتی و ماندووبنێکی زۆرەوە گەراینەوە چووینە خوچی پونگان، من هەر لەدەشتاییەك خەوتبووم، کاك ئەنوەر هاتە سەرم ووتی: هەستە ئەمە کەی شوێنە تۆ لێی نوستوی، بەزۆر هەڵی ستاندم راست بلێم ئەگەر ئەونەبوایە هەموومان لەوخەودا دەگیراین، چونکە زۆرماندووبووین، دوایی چووینە ئەشکەوتەکە لەوێش راکشامەوە بنوم، گوێم لەدەنگە دەنگ بوو، ووتم بلێ ئەو دەنگەدەنگە چیە بابنوین ئەنوەر هاتەوە ووتی کورە هەستن ئەوەجاشن، منیش بە ئەسپایی میلم راکێشا، ووتم ئەگەر هاتن تا دەکوژرێم تەقەدەکەم، جاشەکان هاواریان دەکردوبانگین دەکرد وەرن خۆتان تەسلیم بکەن لەسەر شەرەفی ئەحمەداغای هیچتان لێناکەین، جەماعەتی ئەحمەداغای سێناجیان بوون، ئەوانەی بانگیان دەکرد حەمە جەچەو عەلی ساردکەیی بوون، جەبار ناوێکی قەمچوغەیشیان لەگەڵ بوو، هەروەها برایمی خونچەی کوێرەکانی ئەمانە جاشبوون هاتبوونە سەرمان، ئەوان ئیمەیان نەبینیبوو هەرلەخۆیانەوە

بانگیان دەکرد، بەڵام لەخوار ئێمەوە مەلا حوسینیان گرتبوو، ئەوانیش ٦ کەس بوون مەلا حوسین و دوانی تریش هاتبوونە دەرەوە لەسەر وەعدی شەرەفی ئەحمەداغای خۆیان تەسلیم کردبوو، بەڵام ئەنفالکران و ئێستاش بێسەروشێنن، خەڵکێکی زۆریش تکاو رجای بۆکردبوون

بەریان نەدابوون، لەوانەی تکایان بۆکردبوو لەجاشەکان برایمی خونچە زۆر تکای بۆکردبوو، کە ئازادیان بکەن، هەتا ووتبووی بابە حکومەت چیت دەداتێ من بەزیادەوە دەتدەمێ، دواجار گووتبووی بابە دوکچم هەیە ئەوانیشت دەدەمێ بەس ئەوانە ئازادبکەین، کەچی بایز گووتبووی: هەموویان بەمەرحبایەکی سەدام ناگۆرمەوە. ئێستاش محمد صابیرو عەلی حاجی رەسوڵ و ئاوات کەریم سکالایان لەسەر تۆمارکردووە، دادگا داوای کردووە، بەڵام نەچووەتە بەردەمی دادگا، عوسمان محمود لەدۆسێکەیدا شایەتە بەسەریەوە، بەڵام بایز نەچووەتە بەردەمی دادگا، مامۆستایە لەسێناجیان، ئەوپیاوە کەسێکی تریشی بەناوی حوسین لەبنگرد گرتبوو، ئەوانیش داوایان لەسەر تۆمارکردووە، بەڵام هیچ لەبارەی ئەوەیانەوە نازانم.

لەبارەی دەرباز بوونی ئەو چەند پێشمەرگەیەی پێکەوە بوون، کاك عوسمان ئاوا حیکایەتی رۆژانی ئەنفالی گێرایەوە: ( پاش ئەوەی جاشەکان

منداڵەکانیان پەنادابووین، بۆخۆشمان لێرە مابووینەوە، بەڵام ڕۆژ بەڕۆژ وەزعەکە خراپتر دەبوو، کەڵکی مانەوەی تێدا نەمابوو، مامۆستا موفەق و مامۆستا شەماڵ گیران و ئەنفالکران، ئەوان مامۆستای شۆڕش بوون، زۆر بێتاقەتیان بووین، ڕۆژێک وەستا قادر هاتە لامان ووتی: چوومەتە لای جاشەکانی ساردکە، ئامرە کەیانووتوویەتی وەعدت دەدمێ، هەتا ٥٠ کەست بۆ دەشارمەوەو ئەوەندەی لەتوانامدابێ دالدەوپەنایاندەدەم، هەتا وەزعەکە بەلایەکدا دەکەوێت، ئیمەش بەنابەدڵی ڕۆیشتین چەکەکانمان شاردەوەو خۆمان بەبێ چەک چووین نزیکەی ٤٠ کەسێک دەبووین، پیاو هەقبڵێ زۆر حورمەتیانگرتین، ئێمە لەوێش پێمان گوتن کەوا نەهاتووین بۆ ئەوەی تەسلیم بەحکومەت بینەوە، ووتمان ئێستا پێویستمان بەهاوکاری ئێوەیەو تا وەزعەکە تێدەگەین دواتر دەڕۆینەوە.

ئەوەی قسەمان لەگەڵ کرد، محمودی ناوبوو جێگری موستەشاربوو، لەفەوجی سمایل ئاغا "سمایلە سوتاویان پێدەگووت" هەر ئەوکەسانە بوون کە منداڵەکانیشمانیان ئازاد کردبوو، ووتی: هەتا بۆم بلوێ، ناهێڵم بگیرێن، ئەگەر هەموو چەکدارەکانیشم لەسەر فەوتاندبن، بەڵام ئێمە هەرتەنها دوورۆژ لەلای ئەوان ماینەوە دوایی هاتینە خوارەوە بۆ دوکان، بێ ئەوەی هیچ وەقعەیەکمان پێبێ بەڵام ئاکۆی هەباسا اغا کوردۆی کوری بە مسلەحەیکەوە ناردبوو بەدوامانەدا، ئیتر سواربووین و بردیانین بۆ خەلەکان، لەوێشەوە بردیانین بۆ ڕانیە، ئێمە سێ کەس بووین من و محمد سابیرو مەلا تاهیر لەڕانیەش ماوەیەک خۆمان پەنادا، ئاکۆ لەویش بەفریامان کەوت ووتی: ئامادەم هەتا سەر حدودیش بتانبەم، بەڵام دوایی خۆمان وڵاخمان بەکرێ گرتوو، ماڵ و منداڵەانمان هەڵگرتوو، ڕۆیشتین بۆ ئێران.

دوا ووتەی کاک عوسمان ووتی: ڕێزگرتن لە کەسوکاری ئەنفال خۆهەرپارەنیە، کەسیش نەمردووە لەبرسان، ئێمە پێویستمان بەڕێزێکی مەعنەوی هەیە دەنا هەموو دنیا بۆمن نینۆکێکی براوبرازاکانم ناهێنێ، بەڵکو پێیستە کەسوکاری ئەنفال مەدالیایەکی ڕێز لێنانیان پێبێ و لەهەموو شوێنێک ڕێزیان لێبگیرێ.

**ئاوات کەریم سەعید :**

**ئێمە سکاڵامان تۆمارکردووە، ڕەنگە جاشەکانی خۆشی بێن شایەتی لەسەربدەن.**

لەسەردانەکەماندا بۆ گوندی کلێسە یەکێک لەوکەسانەی قسەی بۆکردین ئاوات کەریم برای ئازاد کەریم سەعیدبوو کە ئەفالکراوێکی خەڵکی گوندی کلێسەیە، ئاوات لە ساڵی ١٩٧٣ لەدایکبووە، ئەو هێشتا تەمەنی سێ ساڵان بووە کەباوکیان لەساڵی ١٩٧٨ کۆچی کردووە، ئیتر لەوکاتەوە دایکیان خاتوون حمید بەسەریانەوە دادەنیشێ وسەرپەرشتیان دەکات و هەتا ئێستاش پێکەوە دەژین، ئەوان بەرلە ئەنفالیش بەژیانێکی هاکەزایی گوندەکەیان قایل بوون و تەماحێکی ئەوتۆیان نەبووە، هەتا مەترسی بن بۆسەر کەسانی تر، چ جای تەماحیان لە کورسی دەسەڵاتی بەغدا برببێ، کەچی پەلامارەکانی ئەنفال ماشێنە گەورەکەی جینۆسایدکردنی گوندنشینەکان، بەهاوکاری و پێش لەشکری جاشەکوردەکان هەموو بونەوەرو زیندەوەرێکی دەچنیەوەو ڕۆژ بە ڕۆژ بازنەی تاوانەکانی فراواندەکردەوە،لە قۆناغی چواردا برایەکی ئاوات بەناوی ئازاد ئەنفالکراو نەگەڕایەوە بۆ لای ئاواتی برایی و پورخاتوونی دایکیان، هەموو تاوانی براکەشیان ئەوە بوو گوندنشینێکی دەم زێی دوکان بوو، کەچی پاش ئەوەی بەردەستی جاشەکانی ئەحمەد اغای سێناجیان دەکەوێ، تەسلیم بە سوپا دەکرێ و لەگەڵ ئەو حەشاماتەی تر جارێکی تر نەگەڕانەوە بۆ نیشتمان، پاش ئەوەی دەزانێ ئازادی کوری لەلایەن جاشەکانی ئەحمەد اغای سێناجیانەوە گیراوە، خاتوون حمید خۆی دەگەیەنێتە لای ئەحمەداغاو داوی لێدەکات کورەکەی بۆ بەربدات، بەڵام ئەحمەداغا داواکەی ڕەتدەکاتەوەو پێی دەڵێت : تۆ خەڵکت لەچیای شاردووەتەوە بۆ ئەوەی من بکوژن ئێستاش هاتووی داوای بەردانیان دەکەیت.

ئێستا خاتون حەمیدو کەسوکاری ئەوکەسانەی تر کەلەگەڵ ئازادی کوری لەئەنفالدا بەدەستی جاشەکان گیراون لەدادگای دوکان سکاڵایان لەسەربایزی کوری موستەشارەکەی سێناجیان تۆمارکردووەو دۆسێکەی ڕەوانەی دادگای کۆیە کراوە، بەڵام هێشتا بایز بانگ نەکراوەتە لەبەردەمی دادگا.

ئاوات کەریم کەبرای ئازادی ئەنفالکراوە، لە ژورە بچوکەکەی تەنیشت هۆڵی مۆنۆمینتی ئەنفالکراوەکانەوە بەجلی پۆلیسیەوە لەبرانبەرم دانیشتبوو ووتی: براکەی من و چەند کەسێکی تر بوون کە ئێستا وێنەیان لێرە هەلواسراوە لەوانە مەلاحوسین، سەیدعەلی خەلکی کلێسەو ئیسماعیل ئەحمەد ڕەسوڵ و نەسەردین ئەحمەد ڕەسوڵ ئەوانیش دوو برابوون و خەڵکی تەلان بوون، ئەمانە هەموویان پێکەوە بوون و لەسەر وەعدی شەرەفی ئەحمەداغای سێناجیان خۆیان تەسلیمکردووە، کەچی درۆی لەگەڵ کردوون و تەسلیم بەقاتعی کەڵکە سماقی جەیشەکەی کردبوون، شایەتمان هەیە کە زۆرتکاو رجایان لێکردبوو ئازادیان بکات، ئەویش ووتبووی هەموویان بەمەرحەبابیەکی صدامی ناگۆڕمەوە، ئاوات ووتی ئیمە سکاڵامان تۆمارکردووەو ڕەنگە جاشەکانیش بێن شایەتی لەسەربدەن.

ئیتر دەمێنێتەوە سەر دادگاو ڕێزگرتنی لەهەیبەتی یاساو دادەوەری و ڕێزگرتن لەقوربانیانی ئەنفال.. بەڵام هەر ئەوەندەی تا ئێستا تۆمەتبار نەچووەتە بەردەمی دادگا پرسیارێکە نەک هەر لەدادگای کۆیە بەڵکو دەبێت ئاراستەی وەزارەتی دادو داواکاری گشتی بکرێ و پێیان بوترێت ئەرێ لەنێوان جەلادو قوربانیدا هێشتا بۆتان رون نیە ڕێز لەکامیان دەگرن..؟

# ووتەیەك بۆ دكتۆرە گرگنەكانی نیشتمان

## ئەوانەی تاوانی گەورەكردنی مێرد منداڵانیان بۆپەتی سێدارە ئەنجامدا

بەختیار شێخ عوسمان

دەشێ جەلاد لەبەرگی فریشتە، ئازادیخواز، حەكیم‌و دكتۆرێكیشدا دەركەوێ و سەری قوربانی بكاتە دیاری بۆ ملهوریەكانی سەرۆك، وەك چۆن راوچییەكی دڵرەق دەخوازێ بەئێسك‌وپروسكی كارژۆڵەكان پەرژێنی باخێكی بۆ دروست بكات. وەستا دەسترەنگینە گەمژەكان ڤییەلایەكی لەكەللە سەری مرۆڤ رابەستن.

ئەو دەمەی ئێوە لەبەرانبەر مافی قوربانیدا هەرەشەی ئەوە دەكەن لەرێكخراوی مافی مرۆڤ شكات لە خاوەن ماف بكەن.. دەشێ دیكتاتۆرێك، درندەیەكی دووپێ، باس لەبەرائەت‌و سۆزی مرۆڤ دۆستانەی خۆی بكات، وەك چۆن عەلی حەسەن مەجید لەدوای كۆمەڵكوژی ئەنفالدا لەكۆبونەوەیەكیدا لەگەڵ جەلادەكانی بەعسدا دەڵێت: من بەدیار فلمێكەوە گریانم دێ كە منداڵێك لە دایكی دابراوە...!! بەڵام كام مافی مرۆڤ..؟!! ئەو رێكخراوانەی تەنها ئێوە بەمرۆڤ دەزانن‌و عەوامیش بە مێگەل..؟! كاتێك بەعسیەكان، ئەنفالچیەكان، مرۆڤ كوژەكان، داڵدەدەرێن‌و لەبری دادگایی كردن، لێبوردنیان بۆ دەكرێت بەپاداشتی راپەرین‌و ئازادی..؟! پلەوپایەو بەرپرسیارێتی‌و ژیانی باشتریان لە قوربانی پێدەبرێ، كاتێك ئیمزای ئێوەش وەك پزیشكێك لەسەر نوسراوەكان‌و لەناو بەڵگەكان، دەردەكەون‌و گەواهی ئەو راستیە دەدەن كەپزیشكی دڵرەق بوون‌و ئاوتان كردووەتەوە ناو ئاشی كوشت‌و بری بەعسیەكان، ئەو مێرد منداڵانەی ملیان نەدەگەیشتەپەتی سیدارە بە ئیمزای ئێوە تەمەنیان هەڵدەكشا، هەتا ملیان بگاتە پەتی مەرگ.

بیرت نەچێ جەنابی دكتۆر، ئەمە دروشمی پیاوە فشقیات‌و ترسنۆكەكانی نیشتمان بوو، كەدەیان گووت: تا بەردەم پەتەكە لەگەڵتام‌و لەوێوە خۆم دەگەرێمەوە، ئێوەش ئەی پزیشكە ترسنۆكەكان، لەگەڵ مێردمنداڵان دەرۆیشتن تا بەردەمی پەتی سێدارە نەدەگەرانەوە، چونكە بەخوین‌و بەگیان (بالروح، بالدم) بەڵێنتان بە سەرۆكی فەرماندە دابوو دڵسۆزی نیشتمان بن..! وەك بلێی مێردمنداڵانی كورد هاونیشتمانی نەبووبن..؟! بۆیە ئەمرۆ بەلامەوە ئاساییە ئێوەش پۆستی بڵند وەربگرن لەم سیستمی حكومرانیەی كە مرۆڤو بەهاو مافەكانی پێكەوە ئەتك دەكرێن.

گوێم لێتانە لەبەرانبەر تاوانەكانتان پاكانە دەكەن‌و دەلێن: لە ماوەی ٣٦ ساڵەی دەسەڵاتی بەعسیاندا بۆ چركەیەكیش لە خزمەتی گەل‌و نیشتمان دانەبراوین.. ئەم حیله شەرعیە دادتان نادات جەنابی دكتۆر، چونكە جاشایەتی بەخزمەت ئەژماركراو تاڵەمویەك لەنێوان خائینان‌و نیشتمان پەروەراندا نەمایەوە.. دەشێ لەو ٣٦ ساڵەدا، خۆتان ووتەنی" بۆ



چركەیەكیش لە خزمەتی ئەم گەلە دوانەكەوتبیتن" ئەمە پاساونیە قوربان.. چونكە هەر ئێوە ئەم قسەیە ناكەن، مەگەر هەمووەمان ئەوراستیە نابینین

(جاشەكان، بوونە شۆرشگێر، خائینەكان، بوونە قارەمان، راوچیەكانی پێشمەرگە بەفەرماندەی قارەمان خانەنشین كراون.. هەمووشتان پێكەوەو بە یەك نەغمە باس لە قارەمانێتی خۆتان‌و خزمەتی گەل‌و نیشتمان دەكەن، دەزانم ئێوەش لەخزمەتی گەل‌و نیشتمان دوانەكەوتوون..بەڵام بەلۆژیكی راستەقینەی نیشتمان پەروەری نا، بەڵكو بەلۆژیكی بەعس ئەوانەی وەك بەعسیش تەماشای نیشتمان‌و مافی هاونیشتمانیان دەكەن..بەڵێ قوربان راست دەكەن ئیمزاكانیشتان بۆ گەورەكردنی تەمەنی میردمنداڵان بەمەبەستی لەسیدارەدانیان، هەر ئەركێكی نیشتمانی بوو، بۆ ئەوەی سزای لەسێدارەدان بیان گرێتەوە،چونكە بەلۆژیكی ئێوەی بەعسی ئەوان خیانەتیان لە نیشتمان كردبوو.. ئەو رەفتارانەی بەرێزتان ئەوێ

←

رۆژێ هەر بەخزمەتی گەلو نیشتمان ناوزەد دەكرا، ئەمە قسەی سەرۆكی فەرماندەشتان بوو: ( ئەوەی نایەتەوە ناو ریزی نیشتمانی، دەبێ لەنیشتمان دەربكرێ دەبێ بروا بۆ دۆزەخ) بەڵێ سەرۆكی فەرماندەشتان هەروای دەگوت، ئەو سەرۆكەی شەش ساڵی ڕەبەقی دوای راپەرینو ئازادی لەیادەوەری ئێوەدا هەر قارەمانو شۆڕەسواری مەیدان بوو، بۆیە وێنەی سەرۆك بۆ رۆژی تەنگانە لەسەر دۆڵابەكەی پشت خۆتان هەڵگرتبوو، بۆ ئەوەی لەهەر ئەگەرێكی گەرانەوەیدا، ئێوەش وەك پیاوە گرگنەكانی نیشتمان بە چەپڵە رێزانەوە پێشوازی لێبكەنو بەدەنگی (ئەو پزیشكانەی لەئاهەنگی شەوانەدا گۆرانی دەڵێن) ئاوازە سواوەكە بڵێنەوە (سەرۆكمان زێرە) .

بۆ ئەوەی بەگرگنیو ملكەچییەوە بڵێن: ئەو مرۆڤانەی لەسێدارەدران، مەردنەبوون، زبڵ بوون، ئەوانەی بە واژۆی ئێمە گەورەكران فریشتە نەبوون شەیتان بوون.

ئەی پزیشكە گرگنەكە گوێبگرە.. من نایڵێم شایەتەكان دەیڵێن: ئەوكاتەی دەرگای پاسەكەت كردەوە، بەچ نیگایەكی بەعسیانەوە بەومنداڵانەتدا هەڵڕوانی، كەمەرگو ژیانیان بە ئیمزایەكی تۆوە بەند بوو. بەڵام لەبەر ئەوەی تۆ ئاشنایەتیت لەگەڵ مەرگدایەو ئەگەر بەعسیش نەبوو بیت، ملكەچی بوویت، مەرگی ئەوانت هەڵبژاردو مەردایەتی خۆت تورهەڵدا.

هیچ نامۆنیە ئێوە پاكانە بۆخۆتان بكەن، بەڵام ئاسایی نیە بڵێن ئێمە خزمەتكاری گەلو نیشتمان بووین.. بەپێچەوانەوە ئێوە هەموو شتێكی نیشتمانتان ناشرینكرد، هەموو بەها ئەخلاقیەكانتان وێرانكرد، ئێوە خزمەتكاری رژێمێك بوون كەگەلو نیشتمانی بەرەفتارە دزێوەكانی خۆی وێرانكردبوو. ئێوە خزمەتكارو ملكەچی بەعس بوون. ئێوە ئەوەبوون كە خۆتان لە هەموو كەس باشتر دەزانن چی بوون، نەك كێ بوون.

# گوندی کانی بی خەلکیان زۆر ئەنفالکراوە.. بەڵام



كەماڵئاوایمان لەمۆنۆمینتی گوندی كلێسەكرد، بەرێگا خۆڵەكەی قەراغ روبارەكەدا گەراینەوە بەرەو سلێمانی بەڵام هەر كەلەپێچەكەی گوندی بۆگدێ سەركەوتین، لەسەر داوای كاك حسینی حاجی جەلال سەردانی گوندی كانی بیمان كرد، ئەویش هەرلەو دەشتەدایەكە هەزاران وێنەو حیكایەتی بەجێماوی ئەنفال، وەكو پەیكەرە ئیسكەكانی كۆمەڵكوژی كوردان لەبیابان تێكشكاونو كەس نیە بەدڵ بۆیان تێبكەوێو كۆیان بكاتەوە، بەرلەوەی بگەینە گوندی كانی بی، كە بەو دەشتە پانوپۆڕەمدا دەروانی لە ناودۆڵو بەرزاییەكانیدا شوێنپێی بەجێماوی هەزاران جەلادو قوربانیم بەدی دەكرد، هەزاران حیكایەتی ستەمكاریو قارەمانێتی لەئەنفال بەجێماو بەم ناوەدا بڵاوبوونەتەوەو كەس نیەبیانوسێتەوەو دۆكۆمێنتیان بكات، شوینپێی پۆستاڵی جەلادو شوینپێی منداڵە وردیلەكان، پاتەی لاستیكی پیرەژنو پیرەپیاوەكان، بازنەی خری نزیك پاژنەپێی ئەدیداسی كورە جاحیلەكان، شوێن كەڵبەی شۆفڵو دیوارە پاڵكەوتووەكان، بناغەی خانووە روخاوەكان، كە رۆژانێك جێگەی رازونهێنی خێزانە هەژارەكانی ئەم دەڤەرە بوون، هەزاران یادەوەری بەجێماو قەوانی فیشەكو كلدانو نوشتەی پیچراوە، مەقستی ژەنگگرتوو، كلكە تەورداسێكی رزیوو، شوێن تایەی ئۆتۆمبیلە ڕەزاگرانەكانی سوپا، سەرشۆڕی جاش، دوعاو پارانەوەی هەزاران دایكو رازونهێنی دڵدارە ئەنفالكراوەكان، هەموو ئەمانە وێنەیەك بوون خۆیان دەخزاندە تۆڕی چاوەكانمەوەو هەستیان دەجوڵاندم، هەرخۆم لەخۆم دەپرسی ئەو لەشكرە لەشاعیرورۆژنامەنوسو سیاسەتمەدارە كاریان چیە..؟ كارەسات ئەوەیە میللەتێك هەمووی سیاسەتمەدارو شاعیربێ، ئەم ئەنفالستانەی بەسەر رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی بەناو مەدەنیو مافی مرۆڤو سەندیكای رۆژنامەنوسانو یەكێتی نوسەرانو رێكخراوی هونەرمەندانو شایەرولۆتیو دەماغسزو گەندەڵەكاندا وێران دەبێ، هیچیان نەیانتوانیوە ئاهێك وەبەر مێژووی بیست ساڵاندا بهێننەوە چ جای مێژووی دێرین..؟! دەبێ چی لەوە ئەستەمتر بێ پینوسەكان بەدەستی دەماغ سزەكانەوەبێ بۆ نوسینەوەی مێژوومان، ئەوانەی پێیانخۆشە وێنەیەك لەگەڵ دایكی قوربانیەكی ئەنفالدا بگرنو دەجاران لە هۆتیلە راقیەكاندا لافی پێوە لێبدەن.

لەوەتای دەستمداوەتە كاركردن

نهێنیەکانی ئەنفال، هەمیشە بەئاقاری پێچەوانەی ئەو کەسانەدا گوزەرم کردووە، کە بەزمانی مردووەکان، قسەلەسەر ئەنفالو تاوانی جینۆسایدکردنی گەلێك دەکەنو رووداوەکان لەخورافەوە دەپێچن، هەمیشە خۆم لە قسەی ئەو کەسە گەمژانەش بەدورگرتووە، کە خەونە بچوکەکان چواردەوریان گرتوون" لە حەسرەتی خەونە بچوکەکانی خۆیاندا " رەنگە لەگەیشتن بەکورسیەکی لەرزۆك شتێکی ترنەبێ" کەچی هەوڵدەدەن خەونە گەورەکانمان بچوك بکەنەوە، من کە تەماشا دەکەم هەمیشە لەبەردەمی حەقیقەتێکدا خۆم دەبینمەوە، خەڵکانێکی کەم هەن بەراستی لە خزمەتی کەسوکاری ئەنفالکراوەکاندانو خەڵکانێکیش بەپێچەوانەوە ئەوانیان خستووەتە خزمەتی خۆیانەوە.. خەونی تەماحکارانەی ئەم کەسانە رێگانادات لەخەونی دۆزینەوەی حەقیقەتو نهێنیەکانی ئەنفال تێبگەین.. ئەو عەسرە درەنگ وەختەی بەرێگای کانی بیەوە بووین، قسەی ئەو رۆژنامەنوسە گەمژەیەم بۆ هاوسەفەرکانم گێرایەوە کە چۆن لێم هاتووەتە پێشەوەو ماوەیەکی دورودرێژ فلتەفلتی ئەوەی بۆکردمو ووتی: بەنیازم شتێك لەسەر ئەنفال بۆ تۆ بنوسم، منیش لەوەڵامدا پێمووت ئەگەر بۆمنی دەنوسیت مەینوسە، بێ ئەوەی لەناواخنی وەڵامەکەی من تێبگات، ووتی: ئەگەر لاپەڕەیەکت بۆ بنوسم پاداشتەکەم لای تۆ چەندە ..؟! دیسانەوە وەڵامم دایەوە ئەگەر بۆپاداشت دەنوسیت مەینوسە، لەبەر ئەوەی ساڵنامەکەی ئێمە بۆ فرۆشتن نیە..ووتی: کەوایە بلی (موکافەئە) پاداشتیشمان نیە.. ئیتر رۆیشتو نەهاتەوە بەلامدا..

وەنەبێ ئەمە بەتەنها دەردی رۆژنامەنوسێکی هەرزان بێت، بەپێچەوانەوە ئەوە دەردی ئەوکەسانەیە کەراگەیاندن فۆی تێکردوونو لە هیچی خۆرایی بوونەتە ناو لەم وڵاتەدا.

بەدەم ئەم خەیاڵاتو قسانەوە لەپێچیکدا ونبووینو لەسەر رۆخی زێی دوکان خۆمان



لەناو گوندی کانی بیدا دیتەوە، گوندێك بوو لەباوەشی بەرزاییەکدا ونببوو، بەپێی قسەی خەڵکەکەی نزیکەی ٧٥ کەسی ئەنفالکراون، هەرچەندە گوندەکە بەدیوی جادەگشتیەکەی نێوان دوکان کۆیەدا کەوتووەتە جێگەیەکی چەپەكو نەدیوو، بەڵام بەرووی گۆپتەپەدا بەسەر قەراغی زێوە دیمەنێکی دڵگیری هەیە، بەتایبەتی دیمەنی چەمو سەوزایی ئەو دارانەی لە قەراغی ئاوەکەدا رواون هەست بزوێنو سەرنجراکێشن.

لێرە کانی بی بەپێچەوانەی گوندی کلێسەوە تاکە یەك کەسم بەردەست نەکەوت، خەمی ئەنفالو چارەنوسی ئەو کەسانەی لەبەربێ کە ئەنفالکراون، تەنانەت کەسوکاری ئەنفالکراوەکانیش، ئەوەی بەلای منەوە گرانو تارادەیەکی زۆر بریندار کەر بوو ئەوەبوو ئەو کەسانەی ئەنفالکرابوون چووبوونە خانەی لەبیرکردنەوەو کەس باسی نەدەکردن، باسکردن لە ئەنفال مەسەلەیەك نەبوو، کەسێك نەبوو لەو گوندەدا بزانێ ژمارەی راستەقینەی ئەو کەسانەی لەم گوندەدا ئەنفالکراون چەندن، ژنومنداڵوپیر لێکجودا بکاتەوە، تەنانەت نوکە قەڵەمێك بەکاغەزێکدانەهاتبوو لەوگوندەدا، فلچەیەك بەدیوارێکدا نەهاتبوو هەتا وەکو رێزلێنانێك بۆ قوربانیانی گوندەکەیان تۆماری بکەن، ئەو گوندە بەراستی کاریگەری ئەنفالی بەسەرەوە بوو، ئاخر بەعس هەمموو هێزی خۆی



خستبووە گەر ئەنفالکراوەکان بخاتە خانەی لەبیرچوونەوەوە، هێشتا تارمایی بەعس ئاسمانی گوندەکەی بەرنەداوە، وەکو بلێی خەڵکی ئەم گوندە بەر نەفرەتی هەموو حکومەتەکانی دنیا کەوتوون جا هەرشێوەیەکی حوکمداریێتی بێ، تۆتالیتاری یان دیموکراتی..!! بۆیە هەردەبێ بەدلرەقیەوە تەماشابکرێنو لەهەموو خزمەتگوزاریەك بێبەشبکرێن.

خودایە ئەگەر راستبێت هەموو کوردستان گوندێکی پەراوێزکەوتوو فەرامۆشکراوبێ دەبێ شوێنێکی وەکو ئەم گوندە کە مەخلوقەکەی ناوی لەپێچێکدا گرمۆڵەبوونو لەخانووی خراپۆکەدا بێ دەنگ دەژین، دەبێ لە کوێی هاوکێشەکانی ئاوەدانیو مافەکانی مرۆڤو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا بێت..؟! ئەو ئێوارەیە لە هەموو کات زیاتر هەستم بەو حەقیقەتەکرد، کە ئەو رۆژەی کوردستان گورزی کەمەرشکێنی ئەنفالی بەرکەوتووە، نەخوداو نەیاساو نەکۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەفریای نەکەوتووەو ئێستاش نایانەوێت بەهانایانەوە بێت، ئەگەر خۆیان نەبنو نەیەنە دەرێ چ هێزێك هەیە لە دنیادا بەفریایان بکەوێ..؟

کاتژمێر ٣:٤٥ خولەك پاش ئەوەی لەبەردەم خانوویەکی لەقور دروستکراودا گیرساینەوە، کاك حوسین بە چاوکراوەیی خۆی بەوحەوشەی ماڵەکەداکردو فەرمووی ئێمەی کرد بۆژوورەوە، ماڵی عەباس رسوڵی کانی بی، خێزانەکەی

ئاڵتون بەداب‌ونەریتی لادێیانەی خۆی پێشوازیەکی گەرمی لێکردین‌و وەك رێزلێنانێکی تایبەتی قۆڵی هەرچوارمانی ماچ کرد، ( ئەم نەریتی شان‌و قۆڵ ماچکردنە زیاتر لەچارەکە سەدەیەکە لەناو ئێمەدا باوی نەماوە) .

پاش ئەوەی دانیشتین‌و مەبەستی سەردانەکەمان رونکردەوە پورئالتوون ووتی: لێرە خەڵك زۆر ئەنفالکراون‌و بۆخۆم زۆر لەخاڵۆزاوپورزام بەر ئەو ئەنفالە نەعلەتیەکەوتوون. کانی بی کەپێش ئەنفالیش نزیکەی ٧٥ ماڵێکی لێنیشتەجێ بووە، ئێستاش نزیکەی ٧٠ ماڵێکی بۆ هاتووەتەوەو لە رۆخی روبارەکە نیشتەجیبوونەوەو خۆیان بەکشتوکاڵ‌و ئاودێریەوە خەریك دەکەن‌و ژیانێکی هاکەزایی لە خانووە قورەکانیاندا بەسەر دەبەن. ئەوەی خزمەت گوزاری حکومەتبێ لەو گوندە تەنها دروستکردنی خەستەخانەو قوتابخانەیەکە، کە حکومەتی هەرێم بۆی دروستکردوونەتەوەو خوێندنگاکەیان تا قۆناغی سێی ناوەندی تیدایەو نزیکەی ٥٠ خوێندکاریان هەیە.. گوندەکەپێویستیەکی زۆری بەخزمەتگوزاری هەیە، بەڵام چونکە ئامانجی ئێمە بۆ گەران بوو بەدوای نهێنیەکانی ئەنفال‌و ئەوکاریگەرییە خراپانەی بەجێی هێشتوون، ناچینە ناو وردەکاری کێشەکانی تریانەوە.

پاش ئەوەی بانگی گەنجێکیان بۆکردین بەناوی دیاری گوایە کەسوکاری زۆری ئەنفالکراوە، گەنجەکە زۆر بێئاگا بوو، هەرچەندە خاڵی خۆی بەناوی جەوهەر محمد ئەنفالکرابوو، بەڵام پرسیارکردن لێی لەبارەی ئەنفال‌و چۆنێتی ئەنفالکردنی گوندەکەیانەوە کارێکی بێهودەو هەرکات کوشتن بوو، زۆر بەزەحمەت توانیمان بزانین جەوهەر تەمەنی چەندە، ژنی هێناوەو ٤ منداڵی لەکورو لەکچ لەپاش بەجیماوە، ئەویش پێدەچێت هەرجاشەکان گرتبێتیان چونکە دواتر زانیمان لەگەڵ چەند کەسێکی تر لەئەشکەوتەکەی بۆڵقامیش گیراوەو ئەنفالکراوە. بۆیە هەوڵماندا کەسێکی تر بدۆزینەوەو لەم گوندە دورە دەستەدا کات بە فیڕۆنەدەین، بەتایبەتی لەبەرئەوەی سەفەری گەرانەوەمان لەبەردەم بوو بۆسلیمانی‌و ریگاو بانیش خۆشنەبوو بەهۆی خۆڵبارانەوە.

بەڵام دواجار هەرلەپشت مالی کاك عەباسەوە لەدەرگایەکی بچکۆلەو کورتەباڵای تەختەوە کە بای ئەو ئێوارەیە دەیهێناودەیبرد، چووینە ماڵێکی تر، کە کورێکیان بەناوی سەروەر ئەنفالکرابوو. بۆن‌و بەرامەو دیمەنی حەوشەو بانی ئەوماڵە گوندنشینەو هاتووچۆی مریشەك‌و کەلەشێرە چوست‌وچالاك‌و جرپنەکان، ئاسودە بەخشترە بۆمرۆڤ، چونکە هەستێکی وات لادروست دەبێ زیاتر بەسروشتەوە پەیوەستت دەکەن.

کە چووینە ژورەوە بێئەوەی بزانێ ئێمە کێین‌و مەبەستمان لەو سەردانەچیە، لەناو ئەندامانی ئەو خێزانەدا ئەوەی زۆر لەوانی تر زیاتر بەگەرمی پێشوازی لێکردین‌و زیاد لەجارێك بەخێرهاتنەکەی بۆ دوبارە دەکردینەوە پورئامین دایکی سەروەری ئەنفالکراو بوو.

ئامینە محمد صالح لەدایکبووی ساڵی ١٩٣٠ هەتا پەلاماری ئەنفالەکانی دەشتی کۆیە هەر لەم گوندەدا ژیاوەو تەمەنی منداڵی‌و عازەبی‌و دواتریش هەرلەم گوندەدا بووەو هاوسەرگیریشی لەگەڵ مجید عەبدوڵای هاوسەری هەرلێرەدا بووە، ئەوساش هەر بەکشتوکاڵ‌و ئاژەڵداریەوە خەریك بوون،پیرەژنێکی روخۆش‌و قسەخۆش بوو، سەرباری ئەوەی تەمەنی هەڵکشاوەو جگەرەکێشە، هێشتا تەندروستی باشە، ئەگەر کۆستی ئەنفال بەگشتی‌و ئەنفالکردنی سەروەری کوری نەبوایە رەنگە هێشتا بەگورتر دەرکەوتایە... بەڵام کورد ووتەنی بێچاوی لەچاوەروانی خۆشترە، ئەم ژنە هەتا ئێستاش هەر چاوەروانی سەروەری کوریەتی کە ئەوکاتەی ئەنفالکراوە هەرزەکارێکی لەدایکبووی ساڵی ١٩٧١ بووە، ئەم خێزانە بەهەر دەردی سەرییەك بووە توانیویانە خۆیان بگەیەننە کۆیەو خۆیان پەنابدەن، بەڵام ئەو بانگەوازەی لەشاری کۆیەکراوە سەری لێشیواندون‌و سەروەری کوریان کەوتووەتە داوی بەعسیەکانەوەو ئیتر هەر ئەو چونە دەرەوەیە بووەو نەگەراوەتەوە.

پور ئامین بەحەسرەتەوە رۆژی گیرانی سەروەری دەگێرایەوە: ( داکت کوێربێ ..لەکۆیە بووین سەری دادەهێنا کەبەڵندگۆی بانگەوازیان کرد، ئەمنەکان بوون گووتیان کەس لەماڵی خۆی نەیاتە دەرێ) بانگەوازەکە بۆ ئەوانە بوو کەلەدەشتەوە خۆیان گەیاندبووە ناوکۆیەو حکومەتی بەعس بە دوایاندا دەگەرا بۆ ئەوەی بیانگرێ‌و کۆیان بکاتەوەو ئەوانیش بەرەو کەمپەکانی مەرگ بۆ تۆپزاواو دبس بەرێ. پورئامین ووتی سەروەر بەدزیەوە رۆیشتە دەرێ، نازانم چۆن گیرابوو هەرئەوگرتنە بوو نەمان دیتەوە، بارق عبدالله گرتبوونی. (بارق ئەوکاتە پێشەوای ئەنفالی چواربوو)

لەبارەی چۆنێتی دەربازبوونی خێزانەکەیانەوە کەچۆن لەدەشتەوە گەیشتوونەتە کۆیە، جەلیل کە کورێکی تری پورئامین‌و برای سەروەری ئەنفالکراو بوو، ووتی : ئێمە زۆربووین سێ تراکتۆری پر لە زەلام ژن‌و منداڵ، لەرێگا تووشی جاشەکان بووین جەمیلاغا هات گووتی : مەترسن من دەتان پارێزم، هەرلەوێ ١٥ کلاشینکۆفی داینێ، بە شۆفرلێتێکی سپی بردیانین بۆ کۆیە، کەگەیاندیانیە ناوشارەکەی پێیانگوتین بۆکویتان دەوێ دەتانبەین.. ئیمەش گوتمان بمانبەن بۆ ماڵی حاجی حەمەسوری ئەلیاسورمان بەرن، ئەوکاتە مالیان لەجەمعیە بوو، پیاوێکی ناسراوبوو بەڵام جاش نەبوو، دەوڵەمەند بوو هەرمەردار بوو. گووتی: پیاو هەق بلێ جەمیل ئاغا ئێمەی رزگارکرد، دوایی سەرو پێنج دیناریشی داینێ، ئێمە ماندووبوین، خەڵکی کانی بی لێمان قەومابوو کیمیایی گۆپتەپە کاری لەخەڵکی ئێرەش کردبوو، چونکە ئەوکاتە هەموولەچەمی بووین، ئەوەی بەرکەوتبو هەموو چاویان ببوو بە قۆخ.

# ئەنفال و ڤالانتاین..

# مەرگی مام والی و میمکە فاتم

ئا: عومەر محەمەد



ناخوازم ئەم دێڕانەم وەك تانەیەك لە ڕۆژی خۆشەویستی لێکبدرێتەوە، چونکە نەك هەرباوەڕم بەخۆشەویستی هەیە، بەڵکو پێموایە وڵاتی بێ عەشقو خۆشەویستی، تاریکستانێکی ترسناکەو ئەنفالچیەکان تیایدا پیاوماقوڵن‌و ژیانیش ئۆردوگایەکی خنکاوە لەڕەفتاری بەعسیانەدا، هەرگیز ناتوانم بەومرۆڤانەش قایل بم کە خۆپەرستانە دەڕواننە پەیوەندی نێوان خۆی‌و مەعشوقەکەی، بەشبەحاڵی خۆم ئەو کاتەی دەستی عاشقەکەم دەگرم‌و خۆشەویستی دەدەمێ‌و سۆزی عاشقانەی لێوەردەگرم، لەهەمووکات زیاترخەمی میمکە ئەنفالکراوەکان‌و گەنجە دڵشکاوەکان میوانمن‌و بەرۆکم بەرنادەن، ئەو گەنجانەی ئەنفال هەڵیداونەتە ئەو دیوی فاریزەکانی خۆشگوزەرانی یەوە.

چما ئێمە مرۆڤ نین؟ چما عەشق خاڵیە لەهەستە ئینسانیەکان‌و لێوانە لەچێژی خۆپەرستانە؟ ئەمە حەقیقەتێکی تاڵی.. دوای ئەنفال بوونمانە، دەنا ئۆردوگاکانی گەرمیان‌و بادینان، هەڵەبجەو دارەتووی هەولێر پڕنەدەبوون لەوێنەکانی مامەلی‌و میمکە فاتم، پڕنەدەبوون لەمرۆڤی دڵشکاوو، ئەودوو مرۆڤەی ڕەشەبای ئەنفال لەگوندی قەڵاچەرمەڵەوە بەرەو پانتاییەکانی بێکەسی هەڵیگرتن، دورلە هەموو سۆزێکی مرۆڤایەتی ببوونە خاڵێکی "ئەنفال" بە ئۆردووگای صمودەوە، ئەو ئۆردوگا زۆرەملێیەی

لەدوای ڕاپەرینەوە بەناهەق ناوی (ڕزگاری) لێنراوەو لەواقعیشدا بێبەریە لەهەموو هەناسەیەکی ڕزگاری، ئەو دوو مرۆڤەی باسیان لێدەکەم، دوو قوربانی ئەنفال بوون، کەلە ئۆردووگای ڕزگاری بەسەرشیوێکی بێئاوەوە خانوچکەیەکیان بۆخۆیان لێ کردبوو، بەڵام چ خانوویەك؟ لە ژوورێکی بچوکی بەبلۆك هەڵچنراو زیاترنەبوو، نیوەحەوشە (ستر)ێکی بچوکی بە ووشکە کەڵەك هەڵچنراویش بەردەمی ژوورەکەی گرتبوو، ئەمە هەموو سەروەت‌و سامان‌و سەرپەنای ئەوخوشك‌و برایە بوو، بۆخاوەن ویژدانێکی زیندوو تەنها دیدەنیەکی کورتی ئەم دوو بنیادەمە بەس بوو، بۆ ئەوەی لە هەموو چەمکەکانی مرۆڤایەتی بکەوێتە گومانەوە، مەگەر هەرخودا بزانێت

مامەلی مام والی چۆن گیانی سپاردووەو ئیزرائیل چۆن ڕۆحی کێشاوە، ئەگەر مەرگی مامەلی بەمردنێکی ئاسایی بزانین، ئەوا نهێنی مردنی میمکە فاتمی خوشکی پەڵەیەکە بەتەوێڵی مرۆڤایەتییەوە، بەتایبەتی ئەوانەی ڕێڕەوی باش بوون‌و وێران بوونی ژیانیان بەدەستەوەیە، تەنها چەند ڕۆژێك دوای مەرگی مام والی میمکە فاتمیش فیراق کوشتی‌و مەزڵومگای "ڕزگاری" بەجێهێشت‌و بەیەکجاری سەری نایەوە ژانی بەجێهێشت، ئەگەر ڕاست بێژین‌و بتوانین بڵێین ئەم دوومرۆڤە هەرلەبنەڕەتەوە ژیابێتن.

ئیترچۆن دەتوانین ئەنفال لەبیرو ئەندیشەی خۆماندا وێنا بکەین تا لەو دیووی حیکایەتە تراژیدیاکان تێنەگەین، تالە سڕینەوەو بەشت بوونی مرۆڤ







تێنەگەین؟ چۆن دەتوانین بڵێین ئازادینو ڕێز لەرۆژی ڤالانتاین دەگرین ئەگەر ئەنفال مرۆڤایەتی لەبەین بردبێ؟

ئەو ساتانەش کە زیندووبوون ئەنفال ئەم خوشکوبرایەی لە سەرنەخشەی ژیان سڕیبوەوە، کەچی دەسەڵاتی دیموکراسی ئامادە نەبوو ژیانیان بۆبگێڕیتەوە.

یاران ئەو مەرگەی بەهۆی ئەنفالەوە تووشمان دەبێ، چۆن مەرگێکە؟

ئەو ئەنفالەی لەم سەردەمەو ئەوی دی توشمان هاتووەو بەرۆکمان دەگرێت چۆن ئەنفالێکە؟ ئەمە گرێی پرسیارەکەیە، ئێمە مرۆڤانە دەژین یان شەڕ بەمرۆڤ بوون دەفرۆشین؟ گێچەڵ بەعەشقو ڤالانتاین دەکەین، یان بەراستی عاشقین؟

پێم وایەلەچرکە ساتەکانی ئەنفالدا ژیانیش کۆمەڵێك تایبەتمەندییمەرگ ئامێزی دەوێ. ئیدی مەرگ بەوەوە ناوەستێکە بەئەرکی سروشتی خۆی هەستێ، ئەوەی پێی دەڵێین مەرگی سەرجێگا، ئەومەرگە ڕەنگەکانی خۆی بەسەر ژیانیشدا دەسەپێنێ. کێ ڕاستی ئەم قسەیەی گەرەکە با بفەرموێ سەردانێکی گەرمیان بکاتو سەرێك لەماڵە چۆڵەکەی ئەو دوو مرۆڤە بدات کەلە ووشکە کەڵەکێکدا رۆژی دەجار مردوونو زیندوو بوونەوە، ئەو دوو مرۆڤەی لە نوگرەسەلمانیش ئیزرائیلێکیان بەناوی (حەجاج) دیبوو.

زۆرن ئەوانەی حیکایەتەکانی ڕۆژانی ئەنفالمان بۆدەگێڕنەوە، بەڵام کەمیان ئاشنایەتیان لەگەڵ ژیاندامارە، زۆرن ئەوانەی تەنها بەسەر زیندوون، بەڵام تەواوی واتاکانی ژیانیان لێزەوتکراوە، وەنەبێ ئەمە هەرتەنها دەردی مام والیو میمکە فاتم بووبێ.. نا نەخێر.. ئەو مرۆڤانەی پێیان دەوتریت پاشماوەی ئەنفال هەرلەیەکەم قۆناغی گرتنو بەتاڵانبردنی سەرو ماڵیاندا سڕکراونو ئیدی ژیان بۆ ئەوان بووەتە مەسەلەیکی مەحاڵ، کارەساتەکە لەوێدایە کە دوای راپەرینو "ئازاد" بونیش لە دەسەڵاتی بەعس ئەم مرۆڤە ئەنفالکراوانە ئەو مافانەی لەتۆپزاواو نوگرەسەلمان بەعس لێی زەوتکردبوون، هەتا ئەمرۆش نە کوردایەتیو نە دیموکراسیەت بۆی نەگێڕاونەتەوە..؟! ئیدی لەو پانتاییەدا کەپێی دەڵێن ناوچە ئەنفالکراوەکان هەتا ئەمرۆ ژیان لێی تۆراوە. بۆیە لەیادی ڤالانتایندا تەنها توانیم دوو سڵاو بنێرم بۆ مەرگی مام والیو میمکە فاتم ئەوخوشكو برایەی پێکەوە ژیانو پێکەوە پیربوونو چەند رۆژێك بەر لە( ڤالانتاین ) یەك بەدوای ئەوی دیدا گیانیان سپارد، بێ ئەوەی ژیان سڵاوێکیان لێبکات، بەبێ ئەوەی عەشقێك ئامێزیان بۆ بگرێتەوە.

یاران ئەگەر ئەمە ژیانی دوای ئەنفالی

# دڵشکاوێکی تری هەڵەبجە

ئا: ئەنفالستان



دەبێ چی لەنوسینەوەی خەمو ژانی مرۆڤێك بەئازارترو ئەستەم تر بێت، چ جای نوسینەوەی ژانی میللەتێکی ئەنفالکراو، کەچی بەو حاڵەشەوە هەتا ئەمڕۆ لەو بروایەدام ئەرکی من نوسینەوەی خەمی مرۆڤە ئازارچەشتووەکانەو ئەمە لەپێش هەموو کارەکانی تروەن، ئەو ڕۆژەی بەختیارم ناسی سێ ڕۆژ بوو خەمی دڕکەو مێکوتەی کچە بچکۆلەکەم هەراسانی کردبووم، بەدەست من بوایە هەموو ئەو زیبکە سورەوەبووە پڕلەئازارانەم دەگواستەوە ناوجەستەی خۆم، نەك گوێم لەگریانو کروزانەوەی کچەکەم بێ، یاران ئەوانەی خەڵکیان ئەنفالکردو، منداڵانیان زیندە بەچاڵکرد چ دڵێکیان هەبوو..؟ ئەوانەی بەرپرس وکاربەدەستی ئەم وڵاتەن و خۆیان لەناوڤییەلادا دەژین و بەسەیارەی کەشخەو گرانبەهاوە بەپێشچاوی ئەوهەموو مرۆڤە مەینەتبارو ئازار چەشتووەدا دێن و دەچن چ دڵیکیان هەیە..؟!

بەختیار توفیق کە ئێستا گەنجێکی دڵشکاو ناموەی شاری هەڵەبجەیە، تەمەنی شەش ساڵان بووە کە بۆمبارانی کیمیایی شاری هەڵەبجە کراوە، سەر لە ئێوارەی ٣/١٦ ئەوانیش وەکو هەموو هەڵەبجەییە دەربازبووەکان بەهەر دەردی سەریەك بووە خۆیان دەگەیەننە ئێران و ماوەیەکی زۆرلەژێر خێمەی ئاوارەیدا دەگوزەرێنن، دواتر لەگەڵ دایکی بەناوی (شیرین عبداللە محمد) و برایەکی بەناوی ( صدیق توفیق) بەبانگەوازی لێبوردنی گشتی ڕژێمی بەعس لەساڵی ١٩٨٨ دەگەڕێنەوە بۆ عێراق، هەر لە تەوێلەوە لیژنەی پێشوازی گەڕاوەکان کە شێخ جەعفەربەرزنجی کۆنەپارێزگاری سلێمانی سەرپەرشتی دەکرد، لەبری پێشوازیی، ڕەوانەی " دۆزەخی کوردان" تەواریەکەی شاری سلێمانی دەکرێن کەسەر بەبەڕێوەبەرایەتی ئەمنی سلێمانی بوو، پاش مانەوەیەکی شەش ڕۆژ ی پڕلەمەینەتی لەتەواری سلێمانی سەر لەبەیانیەکی زوو بەسەیارەی تایبەتو بە یاوەری پیاوانی ئەمنی سلێمانی دەیان گوازنەوە بۆ پارێزگای سەماوەو لەوێش لیژنەیەکی تایبەت لەپیاوانی ئەمنی پارێگای سەماوە وەریان دەگرن و بەبێ ئەوەی بوەستن بۆپشودان، بەرەو بیابان دەیانبەن، سەرلە ئێوارەیەکی درەنگ وەخت لەدەرگا پان وپۆڕەکەی قەڵای نوگرە سەلمانەوە دەچنە ژورەو لەحەوشە دایاندەگرن. نوگرەسەلمان ئەو زیندانەی کە ئەنفالکراوەکانی تێدائازاردەدرا. ئەوانیش وەکو زۆربەی هەڵەبجەییە گەڕاوەکان بۆماوەی شەش مانگ لەقەڵاکەی نوگرە سەلمان بەند دەکرێن و ژیانێکی پڕلەمەینەتی و ئەزیەت بەڕێدەکەن، کە گێڕانەوەی بەم خۆشەو هەرچەندێکی لەبارەیەوە بلێت کورت دێنێ.

ئەوکاتە دایکی بەناوی (شیرین عبداللە محمد) و برایەکی بەناوی ( صدیق توفیق ) لەگەڵدا بوون، بەڵام دوای گەڕانەوەیان دایکی کۆچی دوایی دەکاو بەختیار زیاتر سەرگەردان دەبێ، بەتایبەتیش دوای ئەوەی صدیقی برای هاوسەرگیری دەکاو ماڵوحاڵی خۆی پێکەوە دەنێ. ئیتر لەوکاتەوە ئەم گەنجە تەنیا کەوتووەتەوەو بەتەنیا دەژی و هەست بەبێکەسی و نامۆیی زیاتر دەکات.

ڕۆژێکی لەبیستویەکەمین ساڵیادی تاوانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە نزیك دەبوینەوە، یادەوەری ئەو ڕۆژە بۆمن وەکو ٣/١٦ وابوو بۆیە هەرگیز لەبیرم ناچێتەوە چونکە،هەڵەبجەییەکی بێنازم لەحاڵێکی خراپدا بینی، ئەوشارە بووە سومبلی زوڵم لەمیللەتێك و لەدوای ڕاپەرینیش بووە، خێروبەرەکەت و بەسەر بازرگانەکانی ئێسك و خوێن ونیشتماندارژا، کەمینەیەکی گەیاندە کەشکەلانی فەلەك و هەزاران هەڵەبجەیشی لەژیان ومافە سەرەتاییەکان بێبەری کرد، ئەوڕۆژە " بەختیاری گەنج" نەبەختیاربوو، نەگەنجێتیش بەروخساریەوە دەبینرا، پێویستی بە یارمەتی بوو، عەریزەیەکی دابووە بەڕێوەبەری فەرمانگەکەی بۆ ئەوەی هاوکاریەکی هاکەزایی بکرێت، کەچی بەڕێوەبەرەکەی نەك هاوکاری نەکردبوو بەڵکو بەخوێن ساردییەوە ووتبووی: لەپای چی هاوکاریت بکەم..؟! هاوکارییەکەشی بۆ مەبەستی خەرجی عیادەی دکتۆر بوو کە بۆچارەسەری نەخۆشییەکەی هاتبووە سلێمانی، بەپێی ڕاپۆرتە پزیشکیەکان، کە بەهۆی بەد خۆراکیەوە تووش بووە، ئەم نەخۆشیە زۆربەی ئەومنداڵانەی گرتووەتەوە کەلەنوگرە سەلمان گەڕابوونەوە.

# ئازادکردنی تارق ڕەمەزان وپرسی جینۆسایدکردنی نەتەوەیەک

پاش ئەوەی لەیەکەمین دانیشتنی دادگایی کردنی تۆمەتبارانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لە١٢/٢١/ ٢٠٠٨ لە زاری سەرۆکی دادگاوە راگەیەنرا کەوا یەکێك لەتۆمەتبارەکانی دۆسیێکە هەڵاتووە،سەرۆکی دادگاکە ئاماژەی بەنوسراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی هەرێم دا، کەئاراستەی دادگایباڵایتاوانەکانی کردووە، دەربارەی هەڵاتنی تۆمەتبارێك کە فڕۆکەوان بووەو بەشداری بۆردومانکردنیهەڵەبجەی کردووەبەچەکیکیمیایی، هەرچەندە چەندین دەنگی نارەزایەتی لێکەوتەوە وەڵێ بەداخەوە بێسوودبوون.

تارق رەمەزان کێی یە ..؟

ناوی(تاریق رەمەزان بەکر العزاویە)ە،ناسراوەبە(ئەبو زیاد) یان بەعەزاویی. ساڵی ١٩٥٨ لەکەرکوك لەدایکبووە، سەر بەعەشیرەتیعەزاوییە. بەپێی دانپێدانانی خۆی لەو لێکۆڵینەوەیەدا کەئاسایشی گشتی لەگەڵیدا ئەنجامداوەومالپەری هاوڵاتی بڵاوی کردووەتەوە: سەرەتایساڵیهەشتاکان لەکۆلێژیفڕۆکەوانیبەپلەییەکەم دەرچووە،لەموسڵو بەغداد وەك فڕۆکەوان دەوامیکردووە، لەبەرئەوەیبەیەکەم دەرچووە لەگەڵ چەند فڕۆکەوانێکیتر دەنێردرێنە فەرەنسا بۆ خولێکیتایبەت، لەوێ لەسەر فڕۆکەیجۆریمیراج راهێنان دەکەن. عەزاوییبەقسەیخۆی کاریبۆردومانکردن نەبووە، بەڵکو کاریئەو لەگەڵ یەکەیەکیئاسمانی چاودێریکردنیئەو فڕۆکەعێراقیانەبووە، کەبۆردومانیان کردووەو لەگەڵ فڕۆکەئێرانییەکان لەئاسمان شەڕیان کردووە، هەروەها دەڵێت «کاریێمە، چاودێریکردن یناوچەکانیکوردستان بووەلەشاخیحەمرینەوەتاکو دەگاتەزاخۆ. لەدانپێدانانەکەیدا تاریق رەمەزان جگەلەوەیکەئاماژە دەکات بەبۆردومانکردنیهەڵەبجە، لەهەمانکاتدا عەزاوییباسیچەند کردەیەکیتر دەکات لەوانەبۆردومانکردنیناوچەکوردنشینەکانیمهابادو مەریوان لەئێران، هەروەها باسیچۆنیەتیخستنە خوارەوەیئەو فڕۆکە مەدەنییەجەزائیرییەدەکات کەسەرنشینەکانیدەستەیەك لە دبلۆماسییەکانیسەر بەوەزارەتیدەرەوەیوڵاتیجەزائیر بوونو لەناو خاکیئێران بەئاسمانەوەتێکشکێنراوەلەلایەن فڕۆکەکانی عێراقەوە.

عەزاوییلەسەر کارەساتەکەیهەڵەبجەدەڵێت «تا کوردستان لەدەست مەینەتیسەدام رزگارنەبووە چەند سیدیەکیکارەساتەکەی هەڵەبجەم نەبینی، نەمزانیبوو کەقەبارەیئەو کارەساتەچەند گەورەبووە، چۆن خەڵکیمەدەنیئەوشارەکراوەتەئامانجیفڕۆکەس ەربازییەکانیعێراق. هەروەها شێوازیبەشداریکردنەك ەیخۆشی لەو کارەدا وا دەگێڕێتەوەکەگوایە، لەگەڵ فڕۆکەوانەکەیتر کەئەرکیان چاودێری کردنیفر ۆکەبۆمبهاوێژەکان بووەو نەیانزانیوەکەناوشارەکە بۆردومان دەکرێ، بەڵکو لەناکاو زانیویانەکەئەمان چاودێریچەند فڕۆکەیەکی عێراقیدەکەنو ئەوانیش لەسەرشاریهەڵەبجەبۆمبەکانیان فرێداوەتە خوارەوە، کەژمارەیان ٣٢ بۆمبیکیمیاییبووە.

لەدرێژەی قسەکانیدا ئاماژەبەوەش دەکات کەهیچ یەکەیەکیسەربازییلەناوشارەکەدانەبووە، هەربۆیەهیچ بەرگرییەکیئاسمانیلەشارەکەدا نەبووەو فڕۆکەکان بەئاسانیکارەکەیخۆیان ئەنجامداوە عەزاوی یەکەم فڕۆکەوانەکەلەزمانیخۆیەوەچیرۆکو بەسەرهاتیچۆنیەتی بۆردومانکردنیشاریهەڵەبجەدەگ ێڕێتەوە، بەچاویخۆیکارەساتەکەی لەئاسمانەوەبینیوەو دەزانێت فڕۆکەوانەکان چۆن بۆردومانیئەم شارەیان کردووە، کەلەچەند سەعاتێکدا ٥ هەزار کەس بوونەقوربانی.

هەروەها دەزانێت، ئەوفڕۆکەوانانەیکەئەم تاوانەیان ئەنجامداوەلەکوێوەهەڵساونو جۆریفڕۆکەو ئەوچەکانەیکەبەکاریانهێناوە چین، تارق رەمەزان گەلێك چیرۆکیگرنگیلەسەربەکارهێنانیچەکیکیمیایی لایە، لەوانەباسیئەو ٥٠ پلەدارەدەکات کە لەبەغداد لەیەکێك لەسەربازگەکاندا بەهۆیئامادەکردنیچەکی کیمیاییەوەدەستو دەموچاویان سوتابوو، بەڵام دواترحکومەتیعێراق کەزانی بریندارەکانیهەڵەبجەو بریندارەئێرانییەکان بۆ پشکنین نێردراون بۆ ئەڵمانیا، ئەویش ئەوبریندارانەینارد تاکو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چەواشەبکەنو ئەوەبسەلمێنێت گوایەئەو جەنگاوەرە عێراقیانەش بریندارى چەکیکیمیایینو ئێران کیمیاوی بەکاریهێناوەلەشەردا. شایانی باسە هەمان ئەم باسی ئەفسەرەعێراقیانە لەکتێبی ئەمریکاوعێراقوگازبارانی هەڵەبجە لەلایەن یوست هێلتەرمانەوە باسکراوەو دۆکۆمێنت کراوە.

بەداخەوە ئەو فڕۆکەوانەدەکرانەك هەر لەدادگای باڵایتاوانەکانیعێراق، بەڵکو لەدادگا نێودەوڵەتیش سودێکی زۆری بەدۆسێی جینۆسایدکردنی گەلی کورد بگەیاندایەو وەکو شایەتحاڵێکی گرنگ خزمەتی هەوڵەکانی ناساندنیتاوانی جینۆسایدی گەلی



کوردو کردەوەی کۆمەڵکوژییەعسی بکردایە ئەو فڕۆکەوانە لەلێکۆڵینەوەکەیدا بەرونی دەردەکەوێ ئەگەری بەرائەتو بێگوناهی زیاتر بوو لە سزادانی، کەچی بەداخەوە سەرکردایەتی کورد نەیتوانی تەندروست مامەڵەی لەگەڵدا بکاتو بەپلانێکی نادیار ئازادیانکرد، یان راستتروایە بڵێین شاردیانەوە.. لەکاتێکدا ئەوئامادەییپێشانداوەکەهاوك اریدۆسیەیهەڵەبجەو دۆسیەکانیتریش بکات، هەروەها داوایەبەخشینیکردووەلەخەڵکیکوردستانو خەڵکی هەڵەبجە، هێشتا تۆمەتبارانو تاوانبارە کوردەکانی جینۆساید هێچکامیان داوای بەخشینیان نەکردووە،کەچی بەشێوەیەکیسەرسامکەر دەرکەوت لەلایەن ئاسایشیگشتییەوە ئازادکراوەو لەرێگەی نەخۆشخانە هەڵاتووە ، ئێستاش کە سەرکردایەتی سیاسی کوردستانوحکومەتو پەرلەمانی کوردستان بێدەنگن یان بەئاقاری دیزە بەدەرخۆنەکردنیدا بەدەنگ هاتوون، بیانەوێ یان نا، ناشارەزایی و بێئاگایی خۆیان دەردەخەن بەرانبەر بەدۆسێیەك کە سبەی بەئاسانی لێی دەرباز نابن، چونکە تۆمەتبارانی تاوانی جینۆساید بەپێی یاسا نێودەوڵەتیەکان لەدوای مردنیشیانو لەگۆڕیشدا هێشتا شایانی لێکۆڵینەوەن، ئەگەربێتو سبەی دەربکەوێت تارق رەمەزان عەزاویی، لەسەفقەیەکی نهێنیدا بەرپرسانی باڵای کورد دەربازیان کردبێت، ئەوا لەبەردەمی گەلی کوردو یاسای نێودەوڵەتیشدا بەرپرسیارەدەبن، چونکە ئەو ئامادەیی بۆ هاوکاری پیشانداوە بۆ دۆزینەوەی سەرەداوی تاوانێك کە بە هەموو پێوەرە یاساییو سیاسیەکان تاوانی نائاساییەو لێخۆش بوونو داڵدەدانی، پێچەوانەی هەموو بنەما یاساییەکانەو بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ دەبێتە بەشدار لەتاوانەکە جا ئەوکەسانە هەرپلەو پایەیەکی دەوڵەتی، ئاینیو کۆمەڵایەتیان هەبێ، تەنانەت ئەگەر کەسایەتی مەعنەوی نێودەوڵەتیش بن.

# سێوسێنان گوندێکی وێرانکراو،چاوەڕوانی کێیە سەرلەنوێ دروستی بکاتەوە؟

ئا: باوکی لاس



ڕۆژی٢٠٠٨/٨/٧ تیمێکی ناوەندی چاك و ڕێکخراوی وادی ئەڵمانی سەردانی ناحیێ سێوسێنانیانکرد، ئامانج لەسەردانەکەی ئەم دوو ڕێکخراوە ئەوەبوو، کە لەنزیکەوە کەمو کوڕیو پێداویستیەکانی ئەو خەڵکە هەژارە ببینن، کە بەهۆی گوندنشینیو کورد بونیانەوە بەر پەلاماری چەکی کیمیایی کەوتوونو قوربانیەکی زۆریان داوە، کەچی هێشتا وێرای ئەوەی بریاری بەناحیێ کردنی دراوە خزمەت گوزاریەکی ئەوتۆیان پێشکەشنەکراوە.

سەرلەبەیانیەکی زوو هەرکەلەسلێمانیەوە بەڕێکەوتین پلانێکمان بۆ بینینی خەڵکەکە دانا، کاتژمێر ٩:٤٥ دەقیقە لەگەرمایەکی تاقەت پروکێندا چاومان بە دانیشتوویەکی سێوسێنان بەناوی محمد کەوت کەئەنجومەنی ناحیێ سێوسێنانەو یەکێکە لەوکەسانەی زۆرێك لە ئازیزانی خانەوادەکەی بەرچەکی کیمیاوی کەوتوونو گیانیان لەدەستداوە، محمد باسێکی کورتی ژیانو گوزەرانی سەختی دانیشتوانی سێوێنانی بۆ کردین، دواتریش خەڵکی گوندەکە قسەکانیان پشتراستکردەوەو ووتیان : خەڵکی سێوسێنان زۆرترین قوربانیمان داوەو هیچی ئەوتۆمان بۆنەکراوە، ئێستاش لەسەر بودجەی پارێزگای سلێمانی هۆڵێکی گەورەی بۆنەکانو نزیکەی ٦٠ خانوی کۆنکرێتی بۆ دروستکراوە، بەڵام خەڵکی سێوسێنان هیچ لەبارەی دابەشکردنی ئەو خانوانەوە نازانن، گەنجێك بەناوی مەردان ووتی: خەڵکی ئێرە زۆربەیان موچەخۆری حکومەتن، ژمارەیەکی زۆریان خانەنشینو هەندێکیان پۆلیسو لەوەزارەتی ناوخۆو ریزەکانی پێشمەرگە دامەزراون، زۆریان موچەی شەهیدانەو ئەنفالکردنی کەسوکاریان وەردەگرن، ئیتر سەرچاوەی بژێوی خەڵکەکەی هەرئەو موچەیەیە.

سێوسێنان وێرای زەوییو لەوەرگایەکی باش بۆ کشتوکاڵو ئاژەڵداری بەهۆی ووشکە ساڵیو کەم ئاوییەوە بەدەستی بەتاڵ دانیشتوونو مانگانە چاوەڕوانی ئەو برە موچەیە دەکەن کە لەحکومەتی هەرێمی کوردستان وەری دەگرن، بەڵام ئەم موچەیە بێجگە لەوەی دەردی ئەوان تیمارناکاتو ناتوانن ژیانێکی هاکەزایی پێبەرێوەبەرن،بووەتە دەردێکی کۆمەڵایەتیو سیستمێکی خستووەتەوە کەزیاتر بۆ زەرنەقوتە شیاوەو مرۆڤ لەپەلوپۆدەخات، بەتایبەتیش کە ئێستا لەبەر بێئاوی کشتوکاڵیان نەکردووەو ئەوەی کراویشە وشك بووەو بێبەرهەمە، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش ئاژەڵەکانیان







فرۆشتووەو خەڵکی بەبیکاری بەدیار ئەوموچەیەوە دانیشتوون و چاوەڕوانی ڕەحم وبەزەیی حکومەتن و بەهۆیەوە نارەزایەتیەکانیشیان فەرامۆش دەکەن، ئەمەش زیاتر ژیان وگوزەرانیان بەرەو خراپتر دەبات.

سێوسێنان بەرلەوەی بەرپەلاماری بۆمبارانی کیمیاوی و ئەنفال بکەوێت نزیکەی سێ سەد (٣٠٠) ماڵی تێدا بووە، بەڵام لەژێر کاریگەری وێرانکاری هەردوو پەلامارەکەدا ئێستا تەنها (٨٠) هەشتا ماڵێکی بەهەژاری تێیدا دەژی..

سێوسێنان وێرای ئەوەی بەبڕیارێکی حکومەتی هەرێم کراوە بەناحیێ، بەڵام لەبەر هەژاری دانیشتوانەکەی هیچ سیمایەکی ئەوتۆی ئاوەدانی پێوە دیارنیە، خانووەکانیان بەشێوەیەکی نائەندازەیی و بەردوقوڕ دروستکردووەتەوە، ئەو چەند خانوە کۆنکرێتیەی ئێستا هەن لەو گوندەدا بریتین لە نەخۆشخانەیەک و خوێندنگەیەکی ناوەندی و بەرێوبەرایەتی ناحیێکە، دەنا هەموو خانووەکانی تر بریتین لەو خانوە خواروخێچانەی کەمترین مەرجی بیناسازی و تەندروستیان تێدا دەستەبەر نەکراوە.

سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەیان لەکەلاوەیەکی کۆنی ئەو گوندەدایەو ژنان لەپەنای دیوارە خوارو خێچەکانیدا خەریکی جل شۆرین و کاروباری پاککردنەوەی ناوماڵەکانیانن.

سێوسێنان لەئێوارەی ٣/٢٢ی ساڵی ١٩٨٨ دا بەر بۆمبارانی چەکی کیمیاوی کەوت و ٦٤ کەسی دانیشتووی گوندەکەو ٥ کەسی گوندەکانی دەوروبەری هەر لەجێدا گیانیان لەدەستداو ژمارەیەکی زۆریشیان بریندار بوون و کەمینەیەک لە برینەدارەکانیان هێشتا بەسوێی برینەکانیانەوە دەناڵێنن..

ژیانی منداڵان لەسێوسێنان.

منداڵان لەناحیێی سێوسێنان لەهەلومەرجێکی زۆر سەخت و دژواردا دەژین، لەناو کۆڵانە خواروخێچەکانی گونددا دەیانبینی بەیارییەوە سەرقاڵن. بە زۆری ئەو منداڵانەی پێکەوە یاری دەکەن کورانی تەمەن چوار ساڵ تا دە ساڵ بە کۆڵانەکاندا بڵاوبونەتەوە. هەرچی کچانیشن یان لەگەڵ دایکیان دەچنە سەرکانی یان لەحەوشەی ماڵەکانیاندا دەمێننەوە.

ئەو رۆکێتە رەنگ خۆڵەمێشیانەی ئێوارەی کیمیابارانەکە بەرگوندی سێوسێنان کەوتوون و وێرانیەکی زۆریان لێکەوتووتەوە، هێشتا لە کۆڵانەکانی سێوسێناندا ماون، هێشتا منداڵان یارییان پێدەکەن، رۆکێتەکان ( ٤ ) پەرەی هاوشێوەیان لە دواوە پێوەیەو بەتیرەیەکی بازنەیی دەورە دراوە، هەرچی کڵاوەکەیەتی تەقیوەتەوەو هیچ ئاسارێکی پێوەنەماوە. تیرەی ئەو رۆکێتانە ٤٠ سانتیمەترەو درێژیەکەی لەمەترێک زیاترە. پلێتێکی رەقو تەقینی ئاسان نیە.

باخچەی پەپولەکانی گوندی سێوسێنان:

ساڵی پار لەنزیکی مانگی تەموزدا مامۆستا سەردار عەبدالرحمن کەهەر خەڵکی سێوسێنانەو پێشتر لەم گوندە مامۆستا بووەو ئێستا لەهەندەران دەژی، لە گەرانەوەیدا بۆ کوردستان هەر لە جوتیارەکانی سێوسێنان پارچەیەک زەوی بەبڕی٢١٠٠ دوو هەزارو سەد دۆلار کڕیوەو یاریگەیەکی شایستەی بەناوی بخچەی پەپولەکان بۆ منداڵان دروستکردووە، وێرای هێنانی یاری باش و دیزاینێکی جوان، بەداخەوە ئێستا ئەو یاریگایە بێخزمەتەو لەلایەن خەڵکی گوندەکەشەوە رێز لەو هەست و خەمە جوانەی مامۆستا سەردارنەگیراوە کە بۆ منداڵەکانیان دابینی کردووە، لەمبارەیەوە سەرباری هەموو خەمەکانیان خەڵکی گوندی سێوسێنان رەخنەی ئەوەیان روبەروو دەبێتەوە کە نەیانتوانیوە دەستوپاری مامۆستا سەردارو یاریگای منداڵەکانیان بپارێزن، باخچەی پەپولەکان ئێستا وێرانەو هەمان سیمای گوندەکەی وەرگرتووە، تێکرای خشۆک و چەرخ و فەلەقەکانی شکاون و پارچەکانی بێبایەخانە بەوناوەدا بڵاوبوونەتەوە.

گۆشەگیری خوێندکارەکانی ناوەندی سێوسێنان

رۆژی ١/٢٦ / ٢٠٠٩ جارێکی ترسەردانی ناوەندی سێوسێنانمان کرد، ئامانج لەسەردانەکەمان بەسەرکردنەوەی ئەو خولی فێربوونی کۆمپیوتەرەبوو، کە لەلایەن ناوەندی چاک و رێکخراوی وادی ئەڵمانیەوە کرابووەوە، ئەوەی زۆر مایەی تێرامان بوو، گۆشەگیری







خوێندكارەكان بوو، چەندی هەوڵماندا گفتوگۆیەك دروستبكەین، بەداخەوە بۆمان دروست نەبوو، خوێندكارەكان لەبارێكی ناجێگیردابوون، لەوەڵامی هەرپرسیارێكماندا وەڵامەكانیان بەشێوەیەكی گشتی بە بەڵێ یان نەخێر یاخود بەبێدەنگی دەمایەوە، ئەم كەشە ناو خوێندنگاكە بووە مایەی ئەوەی بیر لەچارەسەر بكەینەوە، بەڵام ئێستاشی لەگەڵ بێت نەمتوانی هیچی ئەوتۆیان بۆبكەین، ئەوەش لەبەر دوو هۆی سەرەكی:

یەكەم: نائامادەیی خویندكارەكانو مامۆستاكانیان.

دووەم : نەبوونی سەرچاوەیەكی دارایی وا، بەلای كەمەوە ئەگەر بۆتەنیا جارێكیش بێت،گەشتێكیشیان بۆ سازبدەین كە پێویستی بە برێك پارە هەبوو، بەڵام چۆنو لەكوێی بهێنین..؟

بەرلەیادی كیمیابارانكردنیان خولی كۆمپیوتەرەكەیان كۆتایی هاتبوو، ئەگەرچی هەردوو مامۆستاكان (گۆرانو نیشتمان) كە لەسلێمانیەوە رۆژانە دەگەنە ناحیێ سێوسێنان، بەخۆبەخشیو هەستی بەرپرسیارانەیانەوە ئەركی وتنەوەی خولەكەیان گرتبووە ئەستۆ، بەڵام هێشتا ئەنجامی خولەكە بەپێی خواستی ئێمە سەركەوتنی بەدەست نەهێنا.

بەپێی زانیاریەكانی ئەنفالستان هەردورێكخراوی ناوبراو جارێكی تر بەبەرنامەی نوێترەوە خۆیان بۆ هاوكاری سێوسێنان ئامادەدەكەنەوە، بەڵام دەبێ خەڵك ئەوە بزانن كە ئەم جووتە رێكخراوە بە ئاقاری پێچەوانەی زۆربەی هەرەزۆری ئەو رێكخراوانە كاردەكەن، كەسیستمی زەرنەقوتە پەیرەو دەكەنو خەڵك لەكاروبەرهەمهێنانەوەوە دەگۆڕن بۆ كەسایەتی دەستەپاچەو چاولەدەستی خەڵك، مەبەبەستی ئەمان ئەوەیە خەڵك خۆی بەتەنگ خۆیەوە بێت، خۆی دەستپێشخەربێت لەبنیاتنانەوەی خۆیو ئەمانیش بەپێی توانا هاوكاریان دەكەن.

# تەعریب لەئەجێندایەکی مێژوییەوە بۆئەمڕۆ

سمكو سابير

حەقیقەتە مێژوییەکان بۆ ئەمرۆی ژیانی هەموو میلەتێك هەڵگری کۆمەڵێك تایبەتمەندی و خەسڵەتن ، بەواتایەکی ترکۆی ڕوداوە مێژوییەکان لەم ساتەوەختەدا بە لێکدانەوەی ئەو باکگراوەندە دەلالەتێکی تر دەبەخشێتە شرۆڤەو شیتەڵکردنی هەر چەمك و زاراوەیەك کە بمانەوێ هەڵوەستەی لەسەر بکەین، یا بیخەینە بەردەم باسکردن و تاووتوێکردنێکی جدی و مەعریفیانە.

چەمکی تەعریبیش یەکێکە لەوچەمکانەی لەنێوان دوو واتای کۆن‌و نوێدایە هەردوو واتاکەش پەیوەندییەکی بتەو درێژخایەن پێکیانەوە دەبەستێتەوە بۆیە تەعریب درێژکراوەیەکی مێژویی یە ئەوەشی دەستمان کەوتووە لەو ڕەهەندە مێژووییە بۆ یەکەم جار تەعریب بۆ ساڵەکانی ٦٤٤ _٦٥٥ لە سەردەستی عوسمانی کوری عفان لە ناوچەی جەزیرەی کوردستانی باکور وەکو هەنگاوی یەکەم چەندین هۆزی ( رابیە .قیس .ئەسەد...هتد) کە لە بیابانی عەرەبیەوەهاتبون هێندرانە کوردستان و نیشتە جێکران . ئەمە ئەگەر یەکەم ساتی بە عەرەبکردن بێت ئەوا بێگومان هەولیتریشی بە دوادا دێت هەر لەو ساڵە بە فۆرمێکی تر لە سەر دەستی ئیمام علی کوری ابو تالب لە ساڵەکانی ٦٥٥_٦٦٠ دەستی پێکرد و دەیان خێزانی عەرەبی هێنایە دەشتی شارەزور .

ئەوەمان بۆ دەرکەوت لەگەڵ ئەوەی کورد موسوڵمانبووەو هەمیشە لەشکری داگیر کاری بەسەریدا زاڵبوەو چەوساوەتەوە کەچی هەر تەعریب بەردەوامبووە هەڕەشەی ناسنامەو خاك‌و جوگرافیاو دیمۆگرافیای لەسەربووە ئەو هێزانە هەمیشە بەهەستێکی ناسیونالستی عەرەبی و ئاینی ئەجێنداکانی خۆیان جێ بە جێکردووە بۆ دڵنیابونەوەیان بە سەرکەوتن وزاڵبون بەسەرکورد لە کوردستان . تایبەتمەندی پرۆسەی تەعریب هەر نیشتە جێکردن نییە بەڵکو و ڕاگواستن و دەرکردنە جگەلەوەی زۆر جار ناسنامەو زمانی دایك دەکەوێتە ژێر هەڕەشەو کەلتور و فەرهەنگێکی تری بەسەردا ساغدەکرێتەوە . لەسەردەمی عوسمانیەکانیش لەماوەی چوار سەدەی داگیر کاریان لە کوردستان هەولیان داوە خێڵە کۆچەرە عەرەبەکان نیشتە جێی کوردستانی باکور بکەن لە سەدەی١٨ بەتایبەتی بۆ ساڵی ١٨٥٠ دەگەرێتەوە کەبەسەردەمی مەتحەد پاشا دەناسرێت .

بەڵام دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ١٩٢١ و دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم تەعریب بەشێوەیەکی مەنهەجی دەست پێدەکات و کاریگەریشی پانتاییەکی تر بەخۆوە دەگرێت لێرەوە دەتوانین ئاماژە بەخاڵێکی ترسناك بکەین لە گەورەیی پرۆسەکەو خێرایی لە جێبەجێکردندا. تەعریب وەك پرۆسەیەك هاوکات فۆرمێکی زۆر وردوچڕی تێدابووە بەهۆکاریکردنی بەرژەوەندی نەوت و دامەزراوە نەوتییەکان بواردراوە ئەو پیلانە بە قەبارەیەکی ئاوا گەورە کاری لە سەر بکرێت و جێبەجێ بکرێت وەکو میشیل عەفلەق دەڵێت (نجعل من اکراد عربا) دەوڵەتی عێراق کە دامەزرا یەکەم کاری جێ بەجێکردنی تەعریبی لە ناوچەکانی مەنسوریەو جەلەولاو



سەعدیەو بەدرەبوو دواتر بەرەو حەویجە بەبیانوی پرۆژەی کشت و کاڵی درێژە دەکێشێت بەرەو ناوچەکانی تری رۆژ ئاوای کەرکوك و نیشتە جێکردنی خێڵە دەشتەکییەکانی عەرەبی بەبیانوی دروستکردنی ڕێگاو پرۆژەی هات و چۆو گواستنەوە دواتر لە ساڵی ١٩٤٥ رژێمی پاشایەتی هەولێدا دەشتی قەراجی قەزای مەخمور بخاتە سەر ناوچەی شەرگات و بەپارێزگای موسلەوە ببەستێتەوە بەڵام ئەو پیلانە بۆ رژێمی ئەو سا نەچووە سەر. ئەگەر قۆناغی یەکەمی تەعریب لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق تاو توێبکەین ئەوە یەکەم قۆناغی بۆ ساڵی ١٩٢١ بۆ ١٩٦٣ دەگەرێتەوە رژێمی بەعس لە نێو ئەو ساڵانەدا دەیان و سەدان کار و پرۆژەی تەعریبکردنی کوردستانی جێبەجێکردووە ،یاسای ژمارە ٨٠ ساڵی ١٩٦٢ ی تایبەت بە دامەزراوە نەوتییەکان لە خانەقین و کەرکوك ، ئاڵۆزیەکانی ١٩٦٣ و پەلاماری حەرەس قەومییەکان بۆ سەر کوردستان و بە زۆر ڕاگواستن و تەعریبە چۆڵکردنی دێهات

و کەمکردنەوەی ئەنتۆگرافیای شاری کەرکو کو دەورو بەریەتی ، ئەو کارەی حەرەسی قەومییەکان جگە لەتەعریب .پرۆسەی سەربازی خێرایە بۆ کاولکاری و خێراکردنی تەعریبە چونکە پەلاماردانی کوردستان لە ساڵی ١٩٦٣ بۆ کوردستن بەو شێویەیە نمایشێکی ترسناك و ئاماژەداربوو کە لەسێبەروهەناویدا دەیان رەمزی جیاوازی تەعریب دەبینین لە هەمووی کارەساتتر بەشداریکردنی دوو فەیلەقی رژێمی سوریا لەتەعریبکردنی ناوجەکانی موسڵو دەوروبەری ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت هەردو رژێمی بەعس لەسوریاو عێراق لەوپرۆژەیە هەماهەنگ بون. بەلام لەقۆناغی دوەم١٩٦٣_١٩٦٨گەرم وگوری داپلۆسێنی زیاتر وپیلانی رێکخراوترکاری لەسەردەکرێت.

ئەم جارە رژێم هەوای سەرەکی بۆدابرینی ناوجە نەوتییەکانە لەکوردستان بەتایبەت ناوەراستی ١٩٦٣_١٩٦٤کەئەوەی بەرامبەر کەرکوك کراوە بەدرێژای قۆناغەکەی تر نەکراوە لەماوەیەکی کەمدا(٢١) لادێ راگوێزران کەدواتر زۆربەی ناوچە نەوتیەکانی کوردستانی گرتەوە بۆیە دەکرێ ئاماژە بۆئەوەبکەین کەتەعریب وەکو پرۆسەیەك لەلایەن رژێمە یەك بەدوای یەکەکان بەئامانجی نەهێشتنی کوردبوە لەوناوچانەی کە دامەزراوە نەوتیەکانی تێدابوە شۆفێنیکی وەکو میشێل ئەفلەق کەبەعسیەکان بەکەسێکی کاراوبیرمەندی دەزانن درێژەپێدەری تەعریب بوە تادواساتی ژیانی.

قۆناغی سێیەم ١٩٦٨_١٩٧١ئەم قۆناغەیەکەدەرفەتێك نامێنێتەوەبۆکورد لێرەوەبەعس دەسەلاتی رەهاوەردەگرێت وفۆرمێکی پر لەتوندوتیژی ترسناك تر درێژەپێدەدات.لەقۆناغی سێەم هەزاران کوردی فەیلی ئاوارەدەکرێن.ناوی کەرکوك دەگۆردرێت بۆالتأمیم دەوروبەری شارەکانی کوردستان لەسەنتەر دادەبرێن وبەتایبەتیش لەشاری کەرکوك.دانوسانی کوردو ئیمزاکردنی رێکەوتنامەی ١١ئاداری ١٩٧٠هیچ گاریگەریەکی ئەوتۆی نەبوو لەسەر خاوکردنەوەی بەعس لە تەعریب کردن جونکەبریاری درێژکردنەوەی کۆی پرۆسەکانی کەدوای وەرگرتنی دەسەلاتی دەستی پێکردوە.

قۆناغی جوارەم ١٩٧٢_١٩٨٨ئەم قۆناغەبە گەورەترین قۆناغی بەعەرەب کردنی باشوری کوردستان دادەنرێت بەتایبەتیش شاری کەرکوك وموسل وخانەقین ودهۆك لەساڵی ١٩٧٢سەدماڵی عەرەب هێنرانەکەرکوك لەشارەکانی موسڵ ودهۆك هەزاران کەس لەئاماری١٩٧٧کران بەعەرەب.وەك ئیزدیەکان کوردی شەبەك.فەیلی وزۆرپێکهاتەوئاینزای تر. رژێمی بەعس بەبیانوی پاراستنی دامەزراو کێڵگە نەوتیەکان کارێکی دور لەبەها مرۆییەکان بۆهاولاتیانی ژێردەسەلاتی خۆی هێنایەئاراوە ئەوپیلانە ئەگەر رەهەندو باکگراوەندیکی مێژوی پێبدەین هەمان ئەو واتاکۆنەیەئەمرۆکە دەیبینین.واتایەك کەدروست پێمان دەلێت لە عەقلییەتی عەرەبدا نیشتمانی عەرەب وەکو پیرۆزییەك تەنها بۆ عەرەبەو لەنێو ئەونیشتمان وجوگرافیایەدا هیچ نەتەوەو گەلو پێکهاتەو ئایینو ئاینزایەکی تر قبول ناکرێت

سەرچاوەکان

التعریب والمشکلة النفط د.بیوارالخنسی
ئەتنۆدیمۆگرافیای باشوری کوردستان د.عبداللەغفور
کەرکوك ژمارە٢٢_٢٣

# هەڵویستی دایە حەپسە...



حەپسە امین رەشید، دایکی پێنج کوڕی قارەمانی شەهیدو ئەنفالکراوە، ساڵی رابوردوو کۆمەکی خۆی گەیاندە ساڵنامەکەمان، بەلام ئێمە داوای لێبوردنمان لێکرد لەبەر ئەوەی دەرگای وەرگرتنی کۆمەکەکانمان داخستبوو، بەلام ئەمساڵ بەرلەهەموو کەس کۆمەکی خۆی گەیاند، هەروەکو بەراسپاردەکەی " ئیبراهیم" کورە دەربازبووەکەی ووتبوو: کورم زوو یارمەتیەکەم بیگەیەنە باوەکو ساڵی پارمان لێنەیات .. بەلام هی خۆشت بیرنەچێت .

هەڵویستی ئەم دایکەی ئەنفالکراوەکانو نالی نامیق ئەومندالە هەورامییەی دووساڵ لەمەوبەر بۆ کۆمەکی ژمارە (4) پارەی دەخیلەکەی خۆی بۆ ئەنفالستان دەرهێنابوو.. بەسە بۆ ئەوەی کە تا دواهەناسەی ژیانمان مرۆڤی تەندروستو بەوەفای ئەم دۆزە بینو بەبێ دەمارگیری نەتەوەییو ئایدۆلۆژی بەگژهەر پێشێلکارییەکی مافی مرۆڤدا بچینەوەو بەکاربەدەستە لوتبەرزەکانیش بڵێین..گەندەڵیتان شاد ، تا هەڵاتنی رۆژی ئازادیوگەرانەوەی شکۆ بۆ شەهیدانو قوربانیانی ئەنفال.. کە خۆرهەڵهات ئەوسا بیرێك لەسەروەتو سامانی ئێوەش دەکەینەوە ..

# کچان و کوڕانی کرواتیا لەئێمە بەجۆش وخرۆش تربوون لەپەراوێزی واژۆ کۆکردنەوەکەدا

ئا: هاوژین عەلی

ئای..لەو بارگرانیەکاتێك مرۆڤ لەهەوڵی ئەنجامدانی کارێکی گرنگدایەو کەسیش پێی نەزانێت. لەمێژە نەتەوەی کورد لەهەوڵ و خەباتی بەردەوامدایەبۆ ئەوەی بەئاواتەکانی بگات، لەسەروی هەمویانەوە، بنیاتنانی دەوڵەتی سەربەخۆ وەك هەرنەتەوەیەکی تری سەر رووی زەمین. بۆ ئەم مەبەستەش بەردەوام ئامادەی خۆبەخشینە.

زۆرجار ئێمەگلەیی و گازندە لەگەلان دەکەین کە بێ هەڵوێست بوون لەبەرامبەرماندا. زۆرجار بەهانە بۆ شکستەکانی خۆمان دەهێنینەوەو دەڵێین : چواردەورمان بەدوژمن گیراوەو بەرژەوەندی زلهێزەکان لەگەڵ ئێمەدا جووت نایەتەوە. بەردەوام خۆمانمان لەچاورِوانیدا هێشتوەتەوەو چاوەڕێی چاوی بەزەیی و ڕەحمی دەرەوەی خۆمانین تا ڕوویەکی باوکانەمان بەلادا وەرگێڕن و ئاهێك بەسینەماندا بهێننەوە. ئەوەتا ئەوەی سەرکردایەتی کورد تیایدا بوێرنیە،کچ و کورە کرواتیەکان، Kroatien ئازایانە لەناو دەیان نەتەوەی جیاجیادا، لەبەردەم پەرلەمانی وڵاتی سویسرادا بانگەوازی بۆ دەکەن و بەزمانی کوردی هاوار دەکەن ( بژی کوردستان، بژی کوردستان ) ئەگەر چی بەپێستی لووس و پرچی ئاڵتونی و چاوی بریقەداری سەوزیانەوەهیچ سیمایەکی کوردانەیان پێوە نیە، بەڵام شیوازی دەربرینیان هەردەڵێیی لەدایك بووی شارە خنجیلانەکەی بانەی کوردستانی رۆژهەڵاتن. کاتێك لێیان نزیك بوینەوەلێمان پرسین ئاخۆ ئێوەکوردن؟ . لەوەڵامدا ووتیان: نەخێر بەڵام هاوڕێی کوردمان زۆرەو ئەم دوو ووشەیە چێژێکی موزیکی خۆشی هەیە، ئەگەر ڕۆژێکیش تیمی تۆپی پێی کوردستان بەشداری یاریەکانی جیهانی کرد، ئاڵای کوردستان لەبەر دەکەین و هاوار دەکەین بژی کوردستان.



لەناویاندا کیژێکی شۆخ وشەنگ، ڕوویکردە ئەوئەندامانەی ناوەندی چاك کە خەریکی واژۆکۆکردنەوە بوون، چەند ووشەیەکی بەزمانی کرواتی ووت و پاشان ڕوویکردە ئێمەو ووتی ( ئێوەبۆ تەنها جارێك بانگەوازی دەوڵەتی کوردستانتان کردوەتا بزانن هەڵوێستی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی چی دەبێت ؟ بێئەوەی چاوەڕوانی وەڵامی ئێم بکات، هەر خۆی هاتەوە قسەو گووتی: پێش هەڵوەشانەوەی یوگۆسلاڤیا جێمس بێکری یوئێس ئەی (USA) ووتی بەهیچ شیوەیەك ڕێگا بەلەتکردنی یەگۆسلاڤیا نادەین، کەچی خۆیان یەکەمین وڵات بوون دانیان پێدانا. ئەم هەڵوێستەشیان ئەمساڵ لەبەرامبەر کۆسۆڤۆدا دوبارە بووەوە، مەترسن خۆتان بەواژۆ کۆکردنەوەخەریك مەکەن، بڕۆن بڕیاری خۆتان بدەن) . لێمان پرسی : - ناوت چیە؟ ووتی ناوم : ڤالێریژا .

- چ کارێك دەکەیت ؟.
- -خوێندکاری بەشی مێژووم .

چونکە ئێمەبێبەشین لەئازادی، بەو وشانە چاوەکزەپرلەهیواکانمان خۆی بۆ نەگیراو لەگەڵ خۆیدا قوڵپی گریانی هێنایەناوگەرومانەوە، بۆ شاردنەوەی ئەم هێرشی گریانە خۆمان دوورخستەوەولەپشتی یەکێك لەپایەپان و بەرزەکانی بەردەم پەرلەماندا خۆمان پەنادا هەتا کەمێك هێور بوینەوە.



# هەڵمەتی واژۆ کۆکردنەوەی ناوەندی چاك

## بۆنەتەوەیەکگرتوەکان و هەڵوێستی عەرەبی شۆڤێنی

حاجی ئەنوەر

کەم عەرەب زمان هەیە ئەوەندەی هەندێك کورد زمان خزمەتی بە نەتەوەی عەرەب کردبێت، کەم زانای موسوڵمانی عەرەبیش هەیە ئەوەندەی زاناو شێخ ومەلای کورد خزمەتی ئاینی ئیسلامیان کردبێت.
کاتێك هێزی سەدان هەزار سەربازی خاچپەرستەکانو سەدان کەشتی مەلیك ریتشارد روودەکەنە ئۆرشەلیم بۆ ڕزگار کردنی شوێنەپیرۆزەکان، ئەوە تەنها سەلاحەدینی ئەیوبی بوو نەك توانی بەرپەرچیان بداتەوە بەڵکو تێکیشکاندن و چەندین مەرجی دانا بۆ کشانەوەیان و کۆتایی هاتن بەشەڕی خاچپەرستەکانو خەونەکەنیان هێنا. موزەفەر نەواب ڕاستی وتووە: ئەگەر سەلاحەدینی سەرکەوتو لەشەرەکەدا بدۆڕایە، ئەوەدەیانگووت سیخوڕێکی کورد بووە مایەی تێکشکانی ئیسلام.
کەم نەبوون ئەو نەتەوانەی بەپێپلیکانەی ئاینی ئیسلامدا سەرکەوتن، نەك نەتەوەکانی تر بەڵکو نەتەوەی عەرەبیشیان خستەژێر چەپۆكورکێڤی خۆیانەوە قەڵەمڕوی دەسەڵاتو ئیمپراتۆریەتەکەیان هەتاکو ئەندەلوس فراوان کردەوە، یان شاخەیەکی گەورەو مەزهەبێکی تازەیان لەئیسلام داتاشیو کردیانە ئامرازی دەستی خۆیان، بەڵام کورد بەپێچەوانەوە لە هەموو ساتوکاتێکدا بە هۆی تلیاکی ئاینەوە لەخشتەبراوەوە لە دواساتەکانی هەیمەنەی ئیسلام و ئیمپراتۆریەتی عوسمانیشدا بیەودە لەهەوڵدابوو بۆ ڕزگارکردنی قەڵای ئیسلام و بە هۆیەوە هەموو بەرژەوەندی و فرسەتە مێژووییەکانی بۆ دروستکردنی دەوڵەت و سەربەخۆیی لەدەستدا!
لەقۆناغێکی مێژویی تری ناوچەکەداو لەشەڕی دژی ئیمپریالیستیشدا، کورد بەهەمان دەردی پێشوی چوو، نەیزانی بەدوای سەرکەوتنی نەتەوەی سەردەستدا نەك ڕەوشی داگیرکاریوچەوساندنەوەی نەتەوەیی لەسەری لاناچێت، بەڵکو لەلایەن داگیرکەری نوێوە هەوڵی تواندنەوەو لەناوبردنیشی دەدرێت و کوێرەوەری و نەهامەتەکانی دەیان قات زیاد دەکات!
کاتێك شەڕی ئۆکتۆبەری 1973 دەستی پێکرد، لاوانی کورد بەلێشاو خۆبەخشانە بۆ بەرەکانی شەڕ خۆیان ناونووس دەکرد و ئەمجارەیان لەبڕی سەلاحەدین، کوردێکی تر و لەکاتێکی تردا پێش هەر عەرەبێك خۆی دەگەیاندەکەناری شاری قودس.



لە ئێستاشدا بۆ ئەوەی عێڕاقی عروبە پارچەپارچە نەبێت سەربەخۆیی کوردستانی بە فیدا دەکرێو دەبینەوە بەخشتی دروستکردنەوەی دەوڵەتێکی داگیرکەر کە عەقڵیەتی سەدام حسێنی بە میرات بۆ ماوەتەوە.
سەرباری هەموو ئەمانەش خوشك و برا عەرەبە چاوڕەشەکانمان پشتیوانی لە تاوانی جینۆسایدکردنی نەتەوەی کورد دەکەن و گلەیی لە بەعسیە فاشیستەکان دەکەن کە بۆچی شێلگیرانەو هەتا







پرۆسەکەیان بەڕیوەنەبردووە لەبەرامبەر ئەو قەرەجانەی ناوی کوردیان لە خۆیان ناوە.

ئەمە ئەو ئایدۆلۆژیەت و دەمارگیرییە نەتەوەپەرستە ئیسلامیەیەیە کە بە ئاشکرا لەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسەوە شەڕیان لە دژی کورد ڕاگەیاندووە و، بەکردەوەو بە هەموو نرخێك دەیانەوێت کارە ناتەواوەکەی سەدام تەواو بکەن! ئەمە خودی فاشیزم و زەنگێکی خەتەرە کە دەبێت کورد حسابێکی جددی بۆ بکات و جارێکیتر لەژێر هیچ ناوێکدا لەخشتەنەبرێت.

مەخابن هەموو شەرە دۆڕاوەکان نەبوونە پەند بۆ ئەوەی کۆتایی بە خوێنڕێژی و کاولکاری بێت و خواستی ئاشتی و دادپەروەری ببێتەدەنگێکی بەرز لەم گۆشەیەی دنیادا. ئەوەتا خەلکی ڕۆژئاوا وانەیان لە شەر و کاولکاریدا وەرگرتوە و دلگرانن کاتێك لە کونجێکی ئەم زەمینەدا کارەساتێك ڕوودەدات، تەنانەت ئەگەر دەولەتەکەی خۆشیان دەستی لەم ڕووداوانەدا هەبێت لەبەرامبەری دەوەستنەوە و داوای کۆتایهاتن بە مەینەتەکانی نەتەوەو گەلانیتر دەکەن، هەر بۆیە بە تەواوی بڕواوە،پاش ڕوونکردنەوەیەکی کورت دەربارەی کۆمەلکوژی و کیمیابارانی هەلەبجەو ئەنفالی گەلی کورد، لەسەر فۆرمی کۆکردنەوەی واژۆکەمان کە بۆ بەشی چاودێری مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، ئامادەمان کردبوو واژۆیان دەکردو پشتگیریان دەکردین بۆئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان جینۆسایدکردنی کورد بەرەسمی بناسێ و ئەو تاوانانە دوبارەنەبنەوە.

ئەوان زۆربەیان زانیاریان لەسەر هەلەبجە و ئەنفال هەبوو و هەر کە ووتت هەلەبجە و ئەنفال، بیریان بۆ کەناڵەکان و دادگای تاوانەکان دەڕوات و پەژارەیی خۆیان بۆ ئەو تاوانانە دەردەبڕن. بەنیگەرانیەوە پرسیارمان لێدەکەن ئاخۆ ئێستا لە هەلەبجە هیچ ئاسەوارێکی چەکی کیمیاوی ماوە ؟ ئایا لەناوچەکانی ئەنفال چارەسەری نەخۆشیە دەروونیەکان کراون؟ ئێمەش پرسیار لە تۆی خوێنەری بەڕێز دەکەین، ئەگەر ئەو پرسیارە لە بەڕێزتان بکرێت وەلامت چی دەبێت !؟

ئێمە گەشبینین کاتێك کە کرێکارێکی شەکەت و ماندوومان بینی، بەدەم خەندەیەکی پڕ خۆشەویستیەوە ووتی : خۆزگە ڕۆژێکیش دەهات واژۆیەکم دەکرد تا حکومەتی سویسرا بەپەلە دانی بەسەربەخۆیی کوردیستاندا بنایە.

کەچی ئەوەی کوردی باشوریان بۆ سوتاندوە دەلێت : ئێوەخۆتان دەستی ئێرانتان گرتوو پاش ئەوەی خیانەتتان لە ولاتەکەی خۆتان کرد ڕووبەڕووی ژەهرباران بوونەوە... ئێوە هەر فێری نۆکەری و خۆفرۆشین... ئەی ئەوە نەبو سەلاحەدین بە چەند پریاسکەیەك پارچە ئالتون شەری مەسیحیەکانی کرد و ڕێگای نەدا زیارەتی شوینە پیرۆزەکانی مەسیحیەت بکەن! ئێستاش نۆکەری بۆ ئەمریکا دەکەن..پیسترین مرۆڤی ئەم دنیایە کە جۆرج بۆشە... تەنها ئێوەن بەچەپلە ڕێزان پێشوازی لێدەکەن و ئاو بەئاشی تاوانەکانیان دەکەن...!

ئەو عەرەبە شۆڤێنیستە ڕووی کردە ئەو خەلکەی لەبەردەم دۆسیەی واژۆکردنەکەی ئێمەدا کۆبوونەوەووتی : تەزویری دۆکۆمێنت دەکەن کە گوایە حکومەتی میسری کچی کوردی کڕیوە و لەمەلهاکانی میسردا بازرگانیان پێوەدەکەن.. میسر وولاتێکە کە زۆرترین کیژی جوانی تیایە و ئاسانکاری کراوە کە لە دەرەوەی ولات شوبکەن... ئێستا هیچ ناکات دەچێت پەنا بۆ کیژی ناشیرینی کورد دەبەن ؟! بەدەم قاقایەکی ناشیرینەوە درێژەی بە قسەکانی دا:

خەلکینە باوەر بەو وێنانە مەکەن... ئەوە لە شەری نێوان خۆیاندا تیاچون... میللەتێك بەدوای دوو جەنگی گەورە و نەمانی هێزێکی وەك سۆڤیەت نەیتوانیبێت کیانێك بۆ خۆی دروست بکات، دەبێت چاوەڕوانی چی لێبکەین؟!

بەڵی کوردستانیانی هێژا لەمەیدانی ئەم چالاکییەی ئێمەشدا، لەناوجەرگەی ئەورووپادا، داگیرکەران و شۆڤێنستە فاشیستەکان دەست لەدژایەتیکردنی گەلەجینۆسایدکراوەکەمان هەلناگرن.

ئێمە لەنزیکەوە ئاست و ڕادەی ئەم دوژمنایەتیە کوێرانەیە دەبینین و هەست بەخەتەرو هەڕەشەکانی دەکەین و بڕوامان وایە ئەگەر ئەم عەقلیەت و ئایدۆلۆژییە ڕەگەزپەرستیە دەرفەت و توانایان بۆ برەخسێت بێگومان هەولی جینۆسایدکردنەوەمان دەدەنەوە.

لەلایەکی تریشەوە هەر لەم ئەزمونەدا باشتر ئەو بۆچوونەمان لەلا گەلالەبووە کە ڕای گشتی ئەم ولاتانە، بە پێچەوانەی سیاسەتی بەرژەوەندخوازانەی حکومەتەکانیان، داکۆکی لەمافی گەلەکەمان و کێشە ڕەواکانی دەکەن، هەر بۆیە پێویستە وەك کوردستانیان بیر لەوە بکەینەوە زۆرتر لەسەر ڕای گشتی ئەم ولاتانە کار بکەین و بیکەینە هێزێکی فشار بۆسەر حکومەتەکانیان بۆئەوەی سیاسەتی خۆیان لەبەرامبەر کورددا بگۆڕن و گەلی کورد لە هەڕەشەو جینۆساید بپارێزن.

پرۆژەی واژۆکۆکردنەوە بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان بەدەرنیە لەم تێگەیشتنەو هەولدانە، بۆیە هەلمەتەکەمان بەوە جوانترو کاریگەرتر دەبێت کە هەموو کوردستانیەك خۆی بەخاوەنی بزانێت و هەولی سەرخستنی بۆبدات. بێگومان هەموو دەرگاکان لەم پێناوەدا کراوەیەو لانی کەم چاوەڕوانیمان لە کوردستانیانی نیشتەجیی ولاتی سویسرا یە پەیوەندی بە ناوەندی چاك و کۆمیتەی سویسراوە بکەن، هەتاکو فۆرمی کۆکرنەوەی واژۆ بگەیێنینە دەستتان و ئێوەش وەك ئێمە بەشداری لەم کارە پیرۆزەدا بکەن و پشکتان لەسەرخستنیدا هەبێت!

cahk.org@gmail.com ch
ak.schweiz@hotmail.com
www.chak.info

# تاوانی کیمیابارانو دیمەنە تراژیدیەکانی گۆپتەپە



**دیمەنی یەکەم گۆرستانی شەهیدان:**

گۆرستانی شەهیدانی کیمیابارانکراوی گۆپتەپە، دڵگیرترین شوێنی گوندەکەی داگیرکردووە، گۆرستانەکە لەبەرزاییەکە بەسەر هەموو ناوچەکەدا دەڕوانێ، کەلەسەرگۆرستانەکەو بەدیار ئەو هەموو کیلە سپییانەوە کە هەریەکەیان مرۆڤێکی لەژێردا راکشاوە، گۆپتەپەش بۆخۆی لەخوارەوە دەبێتە تراژیدیترین دیمەنی غەدرو پێشیلکاری دژ بەخەڵکانێك تەنها تاوانیان ئەوەبووە کوردبوونو ئارەزوومەندانەویستوویانە لە زیدی خۆیاندا بژین،لەپشتیشەوە بەسەر دیمەنی زێو چەمو ئاوەکەی دامێنی گوندی گۆپتەپەدا دەڕوانێ، گۆرستانەکە نزیکەی تەرمی ٢٠٠ قوربانی لەخۆ گرتووە بەشێوەیەکی ئەندازەیی کێلەکانیان قوتکراوەتەوەو رەنگی سپی کراون، رۆژانە منداڵان لەسەر گۆرستانەکە سەرگەرمی یاریکردنن، هەموو ساڵێك لەیادی کیمیابارانی ئەو گوندەدا خەڵکی وەك رێزلێنانێك دەچنە سەریوپاش فاتحا خوێندنێك دەگەرێنەوە.

**دیمەنی دووەم حەوزی مزگەوتی گەورە:**

ئەم حەوزە ئاوێکی شۆری هەیەو بۆ خواردنەوە دەست نادات، کەچی



یادەوەریی ستەمکارییەکی گەورەی لەگەڵ خۆی بۆ رۆژگار هێشتووەتەوە، لەساڵانی هەشتاکاندا حەوزی مزگەوتی گەورەی گوندی گۆپتەپە بووە.

لەئێوارەی ٣ی ئایاردا کە رژێمی بەعس بۆمبە کیمیاویەکانی بە گوندی گۆپتەپەدادا، وەك دەربازبووەکان دەڵێن ئاوایی بووە قیامەتو رۆژی حەشر، قوربانیەکا لەهەڵپەی دۆزینەوەی ئاودابوون بۆ ئەوەی لە کاریگەری چەکی کیمیاوی خۆیان بپارێزن، هەندێك کەس بەناچاری پەنایان بردووەتە بەر ئاوە شۆرەکەی حەوزی مزگەوتی گەورەی گوند، بەڵام هەر ئەو چوونەبووەو نەگەرابوونەوەو کەس بەجۆری گیانکێشانیانی نەزانیبوو، تا ساڵی لەساڵی ١٩٩٣ خەڵکی گوندەکە لەکاتی بێئاویدا بەناچاری چون پەنایان بردووەتە بەرئەو ئاوە شۆرەو حەوزەکەیان هەڵداوەتەوە، بەڵام دوای ئەوەی خەلکی گۆپتەپە لەساڵی ١٩٩٣ بەدواەوە کە گەراونەتەوە سەر زیدی خۆیان لەبەر بێئاوی بەنیازی سود وەرگرتن لەو ئاوە شۆرە چوون، ئەم کانیە پاك بکەنەوە بەمەبەستی دەرهێنانی ئاوی ئەم حەوزە تەنها بۆ خۆپاککردنەوەو دەستوێژ گرتن، کەچی لەکاتی پاککردنەوەدا روبەرووی تراژیدیاك بوونەوە ئەوە بوو کە (١٠) تەرمی قوربانیانی بۆردومانی گازی

کیمیاوی ئێوارەی ١٩٨٨/٥/٣ بوون، لەوانە یەکێکیان تەرمی (عومەر) کورەکەی حاجی محمەد عەلی گۆپتەپە بووە، دواتر هەموویان لەگۆرستانی شەهیدانی گۆپتەپە نێژراونەتەوە.

### دیمەنی سێهەم

ساڵی ٢٠٠١ لە گۆپتەپە ماڵێك نزیکی کاك جەلالی حاجی جەمیل ویستوویانە خانووە روخاوێك پاك بکەنەوەو سەرلەنوێ بنیاتی بنێنەوەو دروستی بکەنەوە، لەکاتی لابردنی داروپەردووی خانووەکەدا کۆمەڵێك تەرمیان دۆزییەوە، کە ژمارەیان (٩) کەس بوو، کە داروپەردووی خانووەکەیان لابرد دیاربوو ئەوخێزانە لەسەر سفرەی نانخواردن بوون، تەرمەکان وا کەوتبوون چۆن بۆنان خواردن دانیشتوون، هەرواش مردبوون، لەو رووداوەدا سێ دیمەنی زۆر سەرنج راکێش بەرجەستە بوون، کاتێك بە وەستاییەوە خۆڵو خاشاکیان، لابردبوو دیمەنی ئەو منداڵەی کەوا تەمەنی هەر وا دوسێ ساڵێك دەبوو ئێسکە وردیلەکانی وەکو خۆی مابوونەوە،کاریگەرترین دیمەنی دژە مرۆڤایەتی بوو، هەروەها تەرمو ئێسکو پروسکی پێشمەرگەیەك کە خەڵکی گوندی کەلەکە سماقی بەرانبەر دوکانە، ئەویش هەموو شتەکانی دۆزرانەوە (تەزبیحەکەی، ئەداوتی تفەنگ پاککردنەوە، هەتا ئەنگوستیلەکەشیان دۆزییەوە، مەتارەی ئاوو تاقمەکەشی هەرپێوە بوو) هەتا پاریش کەسوکاری ئەو پێمەرگەیەهاتن بۆیادی کیمیابارانکردنی گۆپتەپە، کە کورەکەیان تیایدا شەهیدبووە،دیمەنی ئەوخانووە روخاوە، هەتا بلێی کاریگەرو قسەهەڵگرە بۆنەتەوەیەك کە بەتەنگ ئایندەو مێژووی خۆیەوە بێت، ئەوخانووە کە خێزانێکی (٩) کەسێکی تێدا دۆزرایەوە بەتەواوی هەموو پێداویستیەکانیانەوە تەباخو قاپوکەوچك تەنانەت مەنجەڵەکەیان ئێسکی ئەو مریشکەی تێدامابوو، کە بەنیازبوون ئێوارە پێکەوە بیخۆن، بەودیمەنەدا دیارە کە سفرە داخراوە بەڵام هێشتا خواردن تێنەکراوە، کەچی هەر فریای تێکردنیشی نەکەوتن و ئەونانەیان نەخوارد. بەڵکو هەموو پێکەوە مردن، ئەمەوێنەی گیراوەو ئێستا لەکەناڵی تەلەفزیونی کوردسات هەیە، بەبروای من ئەو خانووانەی کاتی خۆی تەختکراون و هێشتا هەڵنەدراونەتەوە وای بۆدەچم ئەگەر هەمووشیان تەرمیان تێدانەبێ زۆربەیان تێیاندایە.

### دیمەنی چوارەم

لەماڵی خۆمان، کاتێك لەگەڵ باوکمدا خەریکی چاککردنی باخچەیەك بووین لەحەوشەکەماندا لەکاتی هەڵکۆلیندا ئێسکماندۆزییەوە، بەڵام زۆر گرنگیمان پێنەدا، لەبەرئەوەی وای بۆژووین ئەمە ئێسکی ئاژەڵە، بەڵام کە بەردەوام بووین، کەللە سەرێکی مرۆڤمان دۆزییەوە، ئەمە دیمەنێکی زۆرناخۆش بوو، بەناچاری گەراین بەدوای ئێسکەکانی تردا، تا هەموویمان کۆکردەوەو خستمانە تورەکەیەکەوەو ئێوارە لەگەڵ باوکم بردمانە سەر گۆرستانی شەهیدانی گۆپتەپەو هەرخۆمان لەوێ بەخاکمان سپارد، بەداخەوە خەڵکانێك ئاگایان لێببوو، کەمنو باوکم بەتورەکەیەکەوە چووینە سەرقەبران، بەخەمڵو پێش بینی ئەوان ئێمە پارەمان هەیەو چووین لەوێ شاردوومانەتەوە، بۆیە چووبوون هەڵیاندابووەوە.

### دیمەنی پێنجەم

لەماڵی پورێکم بەناوی خەدیجە ئەوانیش خەریکی چاککردنی حەوشەوبانی ماڵی خۆیان بوون، لەژێر سەکۆیەکدا تەرمێکیان دۆزیبووەوە، ئەوانیش بەهەمان شێوە بردبویان بۆگۆرستانی شەهیدان، ماوەیەك پاش ئەم روداوە کەسێك هاتبووە، خەونی پورم ( جائەوە ئەگەر خۆی بیگێرێتە) فلمێکی خەیاڵی یە، ئیتر هێنایانەوە، هەروەها ماڵی مامۆستا مەریوانیش بەهەمان شێوە تەرمێکی تێدا دۆزرایەوە، ئەوان نەیانگواستەوە، بەڵکو هەرلەناو حەوشەی ماڵەکەی خۆیاندا باخچەیەکیان بۆ ئەو گۆرە دروستکردوو، دارێکیشیان تێدا رواندووە. بێگومان ئەمەی باسی دەکەم چەند حالەتێکی ئاسایی ناو گوندی گۆپتەپەن، ئەگینا ئەگەر بێتو بگەرێین و ئەو دیمەنو حیکایەتانە دۆکۆمینت بکەین... دەتوانین کاری گرنگ بکەین.





# ئێوارەی سێوباران

## بیرەوەریە تاڵەکانم لەکیمیابارانکردنی سێوسێناندا!

محمد قەرەداغی

لە رۆژێکی وەك ئەمرۆدا یادی کارەساتێك دەکەینەوە، کەمێژووی مرۆڤایەتی کەم تاوانی ئاوای بەخۆیەوە بینیوە. لەم رۆژەدا هەڵەبجەیان خنکاند، کوردستانیان کردە تاریکستان، وەرزی بەهاری وڵاتیان هەڵپروکاند، ژیانیان وەستاند، ئەو دەڤەرەیان سیخناخکرد لەژەهر، منداڵانیان خەڵەتاند بەبۆنی سێوی ژەهراوی، کونووقوژبنی کۆڵانی شارەکەمیان پرکرد لەلاشە.

لەسەر زاری ئەو رۆژنامەنوسانەی کە خۆیان کرد بە هەڵەبجەی مردودا، ئەوان گێڕایانەوە، وتیان: ئێستا ئێمە لەدۆزەخداین، هیچ نابینین بێجگە لەمردو هیچ نابیستین، نەدەنگی مرۆڤ، نەزیکەی باڵندە، نەباعەی بەرخو نە بوونی ئاژاڵ، ئەوان وتیان، ژیان وەستا، جیهان مرد، راستە مردومان زۆر بینیوە، بەڵام لەگەڵ لاشەی مردوکانی بەرەی جەنگدا، خوێنیشمان بینی، گوێ بیستی دەنگی تفەنگیش بووین، کەچی ئێستا لە هەڵەبجەدا هیچ، هیچ، هیچ نابیستین، هیچ نابینین،تەنهالاشەی ساردوسڕی مردو نەبێت !!. ئەوان دیاری گەوەریان بۆ ئێمەو بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی هێنایەوە، وێنەی مرۆڤە بەگاز خنکێنراوەکان، وێنەی تاسێنراوەکان، وێنەی کوژراوە بێ برینەکان. ئەو وێنانەی کە مۆری درندەیی و نامرۆڤانەیە نێوچەوانی دیکتاتۆرەکانی جارانی بەغداوە بۆ هەتا هەتایی داکوتا، بۆیە دەڵێم نابێت، قایلبین بەو غەدرەی بەپاساوی ئاشتی و ئاشتەوایی ئەودرندە دوپێیانە بگەرێنەوە.

مردوپەرستی زیدوکوژنیم، شینی من مردویەك نییە کە ناگەڕێتەوە، شینی من بۆ زیندوەکانە هەرلەبەرخاتری ئەوانیش گوڵبارانی مردوەکان دەکەم، لەپێناوی رێزلێنان لەزیندوەکان، سەری رێزو نەوازش بۆ مردوکان بۆ شەهیدان بۆ قوربانیان دادەنە وێنم، لەپێناوی زیندوەکانداوحورمەتی ئەوان پڕ بەدەنگ هاوار دەکەم نابێت،نابێت،نابێت چەکی کیمیاوی لەجیهاندا بەرهەم بهێنرێت.

### سەمای مەرگێکی ناوەخت لە سێوسێناندا!

٢١ بەهارلەمەوبەر،بەڵێ ئەمرۆ یادی مەرگی بەکۆمەڵی کەسوکارو هاوڕێوهاودێو خزم وخوێشی گوندەکەم و شارەکەم و کوردستانەکەم دەکەمەوە، لەگەڵ ناردنی هازارن سلاوی جوان بۆ مەرگیان، هەزارن تفی نەفرەتیش لەتاوانباران دەکەم. ئای چ یادەوەریەکی دڵتاڵە، ئێوارەیەکی وەرزی بەهاربوو، کاتی ژیانەوەی خاكوخۆڵی وڵاتە کەم بوو، هێشتا بەفری لاپاڵەکان، تەنات هی بەرزاییو لوتکە کانیان سپی داپۆشی بوو، بەڵی لەو ئێوارە درەنگ وەختەدا، کە هەتاو دەیویست ماڵئاواییمان لێبکات، بەونیازەی سبەینێ بێتەوە دیدارمان، ئێمەش بەجۆشی نەوروزەوە ماڵئاویمان لەزەردە دەکردو خۆمان بۆ پێشوازی تاریکی دەمەوئێوارە ساز دەکرد، جوتیارەکان بەرەوماڵ دەگرانەوە، بەئاواتی ئەوەی لەخانووە قوراااەکانیاندا لەگەڵ منداڵەکانیان پشوو بدەن،جریوەی چۆلەکەپاساریەکانیش ماڵئاوایی بوو لەدوا تروسکایی زەردەپەری کەناری چیا لەقەراغی گوێسوانەکان خۆیان بۆ پشووی شەو ئامادەدەکرد، کە شوێنی هەمیشەیی



شەویان سەرداره بەرزوپەلوپۆ شۆڕەکەی بەردەمی مزگەوتی سێوسێنان بوو،ئەوان هێشتا دوا ئاوازی خۆیان نەچری بوو، کابانەکانی ئاوایی سەرگەرمی کاروباری ماڵداری خۆیان بوون لەلایەك شێوی ئێوارەولەلایەك تاقەتکردنی ئاژاڵو گروگاڵو بیانووی منداڵەکانیشیان لەولاوە کۆمەڵێك خەمی ژنانی گوندبوون، ئەوکاتەبوو کە دەنگێکی فرۆکە مەرگدۆستەکانی بەعس خۆیان ئاخنیە گویچکەی گوند! لەگەڵ ئەوەشدا کە دەمێك بوو گوێمان بە دەنگی تۆپ و تەیارە و بۆمبارانکردن راهاتبوو، وەلێ ئەم دەنگە جیاوازبوو، دەنگێکبوو هەتا بڵێی ترسناك بوو.

لەبەر هەیوانی ماڵەهەژارەکەی خۆمانەوە سەرم بەرزکردەوە بۆ دەرەوەم روانی، جارێکی دی دەنگ دووبارە بووەوە، بەڵام چۆن دەنگێك پربوو لەهەستی مەرگی نائاسایی، پربوو لەتاوان، تاوانی بەکۆمەڵکوشتنو ئەتککردنی مرۆڤایەتی..دیسانەوە دەنگ..دەنگ .. دەنگ درێژەی کێشا، ئەو دەنگەی کە

ئەستەمە هەرگیز لە بیرم بچێتەوە، دەنگێك کە هەموومانی پێکەوە شپرزەکرد، پێکەوە دەگریاینو پێکەوە دەمردینو پێکەوە، رامانده‌کرد بەرەو ئەوکونە تەیارانەی بۆ رۆژی تەنگانە دروستمان کردبوون،چما رۆژهەبوو لە ئێوارەی ٢٢ی ئازاری کۆمەڵکوژی سێوسێنان تەنگانەتر، وەلێ ئەفسوس ئەمجارە کونەتەیارەکانیش بەهانامانەوە نەهاتن، دەنگێك بەبەردەوامی لەگوێمدا دەزرنگێتەوە لەم سەهۆڵبەندانەی وڵاتی بەفر لێم نابێتەوە، ئەودەنگەی هەمیشە لەگوێمدا هاوار دەکات بۆمبارانە، دەنگێکی تر دەهاتو تەیارەیە تەیارە، دەنگی هاوسێکانمان دەهات و هاواری دەکرد، خزمینە فریاکەون کیمیابارانە، بۆنی سێوە! دەك نەفرەتم لە سێوی بەعسدا خۆیەتی بۆنی سێو دێت! خۆیەتی! پێشتر ئامۆژگاری کرابووین لەبۆنی سێو، لەبۆنی سیر،لەبۆنی خۆش بترسین، بۆنی نەکەین !! چونکە بەعس لەوجۆرانەیە ئەگەر دوژمنەکەی بە هەنگوین بۆ نەخنکێ،بە بۆنی سێو دەیکوژی،ئێوارەی دوای نەورۆز ئێوارەی سێوباران، بووە رۆژی حەشر، بووە رۆژی نابووت بوونی مرۆڤایەتی،ئێوارەی سێوباران دوکەڵیکی سپی بەری ئاسمانی سێوسێنانی گرتبوو، ماوەیەك وەك بڵێی گاڵتە بەبوونو مەرگمان بکا بەهێواشی دادەکشایەخوارەوەو هەرەشەی لەهەموو زیندەوەرێك دەکرد. مرۆڤو گوڵو گوێرەکە ساواکانی پێکەوە دەپێچایەوە، مامرو توتەلەسەگ، مشكوپشیلە، تەنانەت فریشتەو شەیتانی پێکەوە ناونوس دەکرد بۆ کەنارەکانی مەرگ.

دایکم،بەهەموو هێزی خۆیەوە هاواری لێدەکردین: کەستان نەیەنە دەرێ،خاولی تەرکەنودەموچاوتان داپۆشن! باوکم دەیگوت: راکەن راکەن بۆ دەرەوە! لەو تەنگانەیەدا لەو رۆژی حەشری سێوبارانەدا تەماشای باوکم کرد خەریکبوو دەتاسا، خوشکە هەشت مانگانەکەم بە باوشی دایکمەوە بوو، ئەوە دواجاری بینینودواجاری نیگای دایکمو خوشکم بوو!

سنگم تووند بوو، فرمێسك بە چاومدا دەهاتە خوارەوە، کە لەدەرگای ماڵەوە هاتمە دەرەوە بێئەوەی بزانم باوکم بۆکوێ رۆیشت، چەند هەنگاوێك لەماڵی خۆمان دووركەوتمەوە، بەرەو ماڵی هاوسێکانمان، هەنگاوی تێکەڵوپێکەڵم دەهاویشت، دەچومە ماڵی هەر کەسێك تەنها رۆشنایی چراکانم دەبینی، وا هەستمکرد ئەمە کۆتای ژیانە، ئاخر ناهەقم نەبوو رووم لەهەرکوێ کردبا بەسەر لاشەی دراوسییەکمدا، بەسەر لاشەی خزمێکمدا دەکەوتم،تەرمی منداڵو بەرخۆلەو تەرمی پەپولەو گولەئەستێرە، تەرمی نێرومێ ئاژاڵو مەروماڵاتو باڵندە بێزمانەکان..

تابلۆ یەکبوون تەنها بۆ کۆشکی سوڵتانەکان مایەی چێژوجوانیە،شەوێکی رەش هەرگیز برانەوەی بۆ بوو، سەمای مەرگی بەکۆمەڵی ئەو ئێوارە ناوەختە نەدەبرایەوە، مەرگ میوانێکی درندەیە، بەڵام مەرگی ئەو ئێوارەیەی سێوسێنان لەدرندایەتیش بەدەربوو،بەعسیەکانی بەغدا بەدیار مەرگی ئێمەوە سرودی عروبەیان دەچری.

ئەگەرچی هێزی ئەژنۆم شکابوو، بەڵام ژیان خۆشەویستەو لە پەلەقاژەی ئەوەدابووم، گوندەکەمان بەجێبهێڵمو نەفرەت لەبۆنی سێوبکەم، تادەهات هەناسەم،تووندتر دەبوو، چاوەکانم لێڵتر دەبوو، دەمزانی ئەمە گۆڵەزی مەرگە و لەکۆڵم نابێتەوە.

لەو رۆژەدا ژیانیان وەستانین، بەهاریان تاسانین، ئاهەنگی نەورۆز یانپرکردین لەبۆنی سێو، سێوێکی خەردەلوسیانید،سەمای مەرگیان بەسەردا سەپاندین، ٢١ ساڵ تێپەری و خاکەکەم هێشتا لە چۆڵەوانیدا بۆنی سێوی مەرگی لێدێت.. ٢١ ساڵ تێپەری و نەمانتوانی نەوەکانمان فێری ئەوە بکەین کە چۆن خۆیان لە سەمای مەرگی بەعسیەکان بپارێزن، چۆن بتوانن خۆیان بپارێزن تا جارێکی دی بۆ ئەوان دووبارە نەبێتەوە، نەمانتوانی فێریان بکەین چۆن داوای مافی لەدەستانی ژیانی هەموو کەسوکاریان بکەن، نەمانتوانی چۆن فێربینو چۆن نەوەکانمان فێرکەین کە تاوانبارانی ئەم تراژیدیایە بدەین بە دادگاو داوای لێپێچینەوەیان لێبکەین.

ئەوەتا ٢١ ساڵ تێپەری تاوانباران خەڵات دەکرێن! پشتگیرییان لێدەکرێت، ستایش دەکرێن، رەوانەی دەرەوەی وڵات دەکرێن، لە زیندان ئازاد دەکرێن.

ئای لەم رەشبینیەی توشمان بووە و دەڵێین خۆزگە ئێمەش لەگەڵ ئەواندا شەهید دەبووین.

تاوانباران هەرچیانکردبێ بەرامبەرمان،هێشتا تاوانەکانیان لەو سەرۆكو دۆستوخاوەنانەمان کەمترە! کەتاوانی جینۆسایدکردنی گەلەکەمانیان کردوە بەکارتێکی بەهێزی بازرگانیوخۆ دەوڵەمەند کردنو بەختەوەری بۆ خۆیانوماڵو منداڵیان، تەنانەت بۆ خزمو خوێشیان.

ئەوەتالەدیمانەی فرۆکەوانێکی تاوانباردا، بەدەمی خۆی دەڵێت: من هەرگیز لە خۆم خۆشنابم، من هەمیشە دەرونم ئاسودەنیەو بە فەرمان ئەو تاوانەم کرد، کەواتە ئەم تاوانبارە بە ویژدانترە لەوتاوانبارانەی کە دەرگای ئازادی بەنارەواو بێ دادگاییکردن بۆ دەخاتە گازی سەرپشت، یان پەساپۆرتی دیبلۆماسی دەبەخشی بەتاوانبارانو دەستی ئافەرین و سوپاسگوزاری دەدا بەپشتی وەفیق سامەراییدا.

محەمەد قەرداخی

ئۆسلۆ

٢٠٠٩/٣/١٦

# قوربانییەکانی کیمیابارانی گوندی وەرێ لەچەمی قەشان

ئا:ئەنقالستان



رۆژی ٨ی ئازاری ئەمساڵ لەکەشوهەوایەکی هەوروهەڵای بەهاردا لەگەڕانەوەماندا، لەسەرجادە قیرەکەی نیوان سەروچاوە بالیسانەوە لاماندایە سەر ئەوگۆرستانەی کە بەچەکی کیمیاوی لەئێوارەی رۆژی ١٥/٥/ ١٩٨٨ دواهەمین رۆژی مانگی رەمەزاندا کاتژمێر ٧:١٥ بەکاتی هاوینە ٤-٦ فرۆکەی جەنگی دەولەتی عێڕا لەجۆری سیخۆی روسی چوونەتە ئاسمانی گوندەکەو دوای ئەوەی چەند جارێك بەسەر ناوچەکەدا خولاوەنەتەوە ئینجا سیانیان شۆردەبنەوە بۆ زەوی‌و هەریەکەیان ٢ بۆمب فرێدەدەنە خوارەوە، هەرشەش بۆمبەکە لەسەرووی گوندەکە دەکەونە خوارەوە دەتەقنەوە دوکەلێکی سپی‌و مەیلەو زەردیان لێدێتە دەرەوەو بەئاراستەی بادا رووەو گوند وروژم دێنی‌و بەناو گونددا بڵاودەبێتەوە، کارەساتی مرۆیی‌و کۆمەڵکوژی گەورەیان لێکەوتەوەو گوندی وەرێیان کردە کوشتارگایەکی گەورە خەڵکی گوند فریای جەژن نەکەوتن‌و وەزعەکەیان لێشێوا، ئەو ژنانەی بۆخۆ ئامادەکردنی جەژن قۆڵیان لێهەڵمالی بوو بۆ کوڵو جل‌وبەرگ شۆرین چووبونە کانی ژنان، نەگەرانەوە ماڵەوەو هەرلەسەرکانی هەموویان بەکۆمەڵ کوژرابوون یان بریندابوون، کەهەندێکیان منداڵ بوون، بێگومان کۆمەڵکوژی گوندی وەرێ کە کەمترلەناو راگەیاندنی کوردی باسی لێوە دەکرێ مەرگەساترین تاوانی دژی مرۆڤایەتی بوو لەسەردەستی بەعس، لەوێ هەر دانیشتوانی گوندەکە نەبوونە قوربانی بەڵکو چەند میوانێکی گوندەکانی دەوروبەریش لەگەڵ خانەخوێکانیان گیانیان لەدەستداو نەگەرانەوە ناو ماڵومنداڵیان، لەوەش واوەتر کۆمەڵکوژی هەرمرۆڤەکانی نەگرتەوە، بەڵکو مەل‌وباڵندەوپەلەوەرو ڕەشە وڵاخیش بوونە قوربانی‌و هەندێکیان هەرلەجێدا لەگەڵ خەڵکی ئاوایی‌و هەندێکیشیان رۆژانە دەکەوتنە سەر زەوی‌و لەپەل‌وپۆدەکەوتن‌و منداردەبوونەوە، ئەو رۆژەی وەرێ لێی قەوما جگەلە گوندنشینەکانی دەوروبەری، نە یەزدان‌و نەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی‌و نەپەیماننامەی قەدەکردنی جینۆسایدو نەجاڕنامەی گەردوونی بەهانای نەهاتن، بەڵام خەڵکی گوندەکانی تر بەتایبەتی (توتمە، هەرتەل، میرگەسەر) کە بە هانایانەوە هاتوون‌و بەسواری تراکتۆرو گوێدرێژ بەرەو خەستەخانەکەی سەروچاوەیان بردوون، بەئەرکی ئەخلاقی‌و ئینسانی خۆیان هەستاون، بەڵام لەبازگەکانی رژێم سەرباز رێگەیان نادەن بچن بۆ سەروچاوەو دەیانگێڕنەوە، ئەو خەڵکەی کیمیاوی جەستەو رۆحی هەلاهەلا کردبوون، بەناچاری بەبریندارەکانیانەوە رووەو چەمی قەشان بەرێدەکەن‌و لەوێ هەتا بەیانی بریندارەکان بەدەم ئازارەوە دەتلێنەوەو بەرەبەر لێیان دەمرێت، بەم شێوەیە هەتا بەیانی رۆژ دەبێتەوە یەك بەدوای یەکدا گیان لەدەست دەدەن‌و دەمرن، لەگەڵ رۆژبوونەوەشدا خەڵکی ئۆردوگای شکارتە دەچنە هانایانەوە بەڵام تازە بەهاناوە چوون چ سوودی نەمابوو، بەڵکو رووبەرووی تراژیدیایەکی زۆر گەورەو ترسناك بوونەوە، چونکە

بەسەر جەستەی ساردوسڕی بریدارەکاندا چوونو بینیان هەموویان گیانیان لەدەستداوە، ئەو خەڵکەی پێشترو بەرلەم تاوانە هاوماڵو جیرانی گوند بوون ئێستا هەموویان مردوونو فریای جەژنە پیرۆزە نەکەوتن کە بەنیازبوون ئەمرۆ لەیەکەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزاندا گەردن ئازایی لەیەکتر بکەن..! ئیتر خەڵك بەناچاری هەرلەشوێنی خۆیانو بەجلوبەرگو جەستەو ڕۆحی ژاهراوی بووەوە، لەسەرچەمی قەشان دەستدەکەن بەناشتنیان،ئێستا قوربانیانی ئەوتاوانە هەرلەشوێنی خۆیانداو گۆرستانێکی شایستەیان بۆکراوە، بەڵام هەتا ئێستا ڕێگەیەکی باشی نیە تا کەسێك بیەوێ بچێتە سەردانیان، بۆیە بەناچاری ماوەی کیلۆمەترێکمان بەناو زەویەکی بەردەڵاندا بەرێکرد تاگەیشتینە سەر ئەوگۆرستانەی کەقوربانیەکانی بەتەنیشت یەکەوە هەرەکەیان گۆرێکی بەتەنیشت ئەوی ترەوە بۆ هەڵبەستراوەو بەرەنگی شین بۆیەکراوەو هەریەکەو ناوی قوربانیەکەو سالی لەدایك بونو ڕۆژی مردنی بەچەکی کیمیاوی لەسەر نوسراوە.. گۆرستانەکە، دیمەنێکی دلتەزێنی هەیە، لەبن بناری ئەوچیایەی چەمی قەشان بەبەردەمیدا دەروا، ڕاکشانی قوربانیەکان بەتەنیشت یەکەوە تەنها ژمارەنین، بەڵکو هەریەکەیان دەموچاوێكو جەستەیەكو بیروهۆشێك بوون بەرلەکیمیابارانکردنیان، خاوەنی خۆزگەو عەشقو ماڵو خێزان بوون.

ئێستاش لەبەردەم یادەوەری کۆمەڵگەیەکدا خەریکە دەچنە خانەی لەبیرچوونەوەو تەنها مەگەر کەسوکاری خۆیان یان گەریدەیەکی وەکو من بچێتە سەر گلکۆیانو وەك ڕێزلێنانێك چەند قسەیەکیان لەسەر یاداشت بکات.

# هەژار گەنجە سەرقاڵەکەی گۆپتەپە

هێمن

ساڵی ١٩٨٨ دوو ڕۆژ بەرلەکیمیابارانکردنی لەگوندی گۆپتەپە لە دایکبووە، ئەگەرچی هیچ ڕاپۆرتێکی پزیشکی پشت ڕاستی ئەوە ناکاتەوە کە هەژار لەژێرکاریگەری چەکی کیمیایی توشی پاشکەوتنی ئەقڵی بووە، کە ئێستا بەکەمئەندامی دەژی.بەڵام باوکی هەژار، ڕایەکی تری هەیەو بەگومانەوە دەڵێ: هیچ منداڵێکی ترم بەم شێوەیە نەبووەو بەخەملێ ئەو هەژار لەئەنجامی کاریگەری چەکی کیمیاویو بۆردومانی ئێوارەی ڕۆژی ٣ی ئایاری ساڵی ١٩٨٨ ی گوندی گۆپتەپەوە توشی ئەو نەخۆشییە بووەو بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکیەکەی چارەسەری لەهەریمی کوردستانو عێراقدا نیە، باری هەژاری خێزانەکەشیان یاریدەدەرنیە بەوەی بیبنەدەرەوەی وڵات بۆ چارەسەر.

ئەوەی باوکی هەژاری نیگەران کردووە، ئەوقسە ناشرینەیە کە بریندار کردووەو لەبیری ناچێتەوە، کە ڕۆژی٢٠٠٨/٢/٢٨ سەردانی ئەوتیمەی دکتۆرە ئێرانیەکانی کردووەو هەژاری بردووە بۆلایان بە ئومیدی ئەوەی چارەسەرێکی بۆ بدۆزنەوە، لەوێ پێشوازییەکی ساردوسڕییان لێکراوەو یەکێك لەکارمەندە کوردەکان کە باوکی هەژار نایناسێو ئەوەندە دەزانێ ژنێك بووە، پێی ووتووە : ئێوە ٢٠ ساڵە کیمیایی لێی داون تازە دەتانەوێ پارە وەربگرن.. ؟!

ئێستا هەژار گەنجێکی گۆشەگیرەو ڕۆژانە لەناو گرفتی کۆمەڵایەتیدا دەژیو هەڵسوکەوتەکانی بەتەواوی ئازاربەخشن، ئەم کوڕە ڕۆژانە لەنزیك ئاواییەوە سەرقالی کاری نامۆو بێبایەخە، بە زۆری خەریکی کیلاّنی زەویو کۆکردنەوەی بەردو خشتی ئەوناوەیە، هەموو چێژو خۆشی ئەوکوڕە ئەوەیە بەتەنیا دەکەوێتە وێزەی ئەوهەردەی تەنیشت ئاواییو بەخاکەنازەکەی دەستی بەکیلاّنی زەویەکەوە خەریکە. کاتێکیش لێی دەپرسیت هەژار تۆ بەتەنیا خەریکی چیتو بەنیازی چی دروست بکەیت، دەلێت خەریکی دروستکردنی (سەرتاشخانە، چایخانە..هتد)م .

لەراستیدا دیمەنی هەژار وێنەیەکی ترە لە پێشیلکاریەکانی مافی مرۆڤ.



# نامەیەك لە تاریق رەمەزانەوە بۆ عەلی حەسەن مەجید

بۆ: هەڤاڵ عەلی حەسەن مەجید
لە رائیدی فرۆکەوان تاریق رەمەزانەوە
سڵاوو رێز....

گەورەم عەلی حەسەن مەجید... ئەمرۆ ٢١ ساڵ بەسەر بۆردومانکردنی هەڵەبجەدا تێدەپەڕێت، بۆیە ویستم بەو بۆنەیەوە نامەیەکت بۆ بنووسم... گەورەم.... سەرەتا حەزدەکەم مژدەت بەمێ کە من بەسەلامەتی رزگارم بوو، قاچاغچییەکەم زۆر باش بوو، گەیاندمیە شوێنی مەبەست ئیتر بۆخۆم لە بگرەو بەردەی دادگاش دوور کەوتمەوە... تەنها دووری لە جەنابتان نیگەرانمان دەکات....

لە بیرتە گەورەم ٢١ ساڵ بەر لەئێستا کاتێ لە بۆردومانی هەڵەبجە گەڕامەوە چەند بەگەرمی پێشوازیت لێکردمو چەند خۆشحاڵ بوویت بەوەی بەسەرکەوتویی لە بەرەکانی جەنگ گەڕاومەتەوە.... گەورەم جەنابت پێش ٢١ ساڵ هەموو عێراقت خستبووە زیندان، ئەفسوس ئێستا بێناز کەوتوویتو هەموو رێگایەکت نێوانی زیندانو دادگایە.... ئێستا گریانم دێت کاتێ جەنابت ئاوا دەبینم، بە هەرحاڵ بەداخەوە جەنابت ئەوەت بەسەر خۆتدا هێنا، سەرەتا کە سوپای ئەمریکا هاتە ناوعێراق، بەگوێی ئێمەت نەکرد ئەوەبوو ناوچەی عەرەبنشینت هەڵبژارد بۆ خۆشاردنەوە، منو سەرجەم ئەو هەڤاڵانەی بەرەو شیمالی حەبیب رامانکرد لەلایەن کوردەکانەوە رێزی تەواومان لێگیراو بەرەو ئەو شوێنەی خۆمان ویستمان بەرێیان کردین... پێچەوانەی بۆچوونەکەی جەنابت بوو لەسەر کوردەکان، واتدەزانی گەر خۆمان تەسلیمی ئەوان بکەین دەماندەنە دەست دادگا یان دەمانبەنە هەڵەبجەو لەوێ لەسێدارەمان دەدەن..... چما ئێمە چیمان دەرهەق کردوون جگە لەوەی هەڵەبجەیەکی بچکۆلەمان بەهەموو جیهان ناساند؟!؟

گەورەم تۆ زۆر بەهەڵە لە کوردەکانی شیمال تێگەیشتبووی ئەوان زۆر رێزی غەریبەیان لایە، ئێمە ئەوانەی زوو خۆمان گەیاندە شیمال خۆشمان سەرمان سوڕدەما لەو هەموو مەرحەمەتەی کوردەکان بەرامبەریان نواندین!

گەورەم هەربەوەندەشەوە نەوەستا، ئەوان وەك شۆڕشگێڕەکانی فەرەنسا نین، فەرەنسییەکان کاتێ حوکمیان گرتەدەست (میرابۆ)یان لە گۆڕ دەرهێنایەوەو بە مردوویش دادگاییان کردو لە گۆڕستانی پیاوچاکان دەریان هێنایەوەو لە گۆڕستانی پیاوخراپاندا ناشتیان، ئاخر گەورەم ئینسان کە مرد شەیتانیش دەستی لێ هەڵدەگرێت کەچی فەرەنسییەکان ئەوەندە نەفام بوون دەستیان لێ هەڵنەگرتو بەمردوویش حوکمیاندا تەنها لەبەر ئەوەی فایلداربوو هیچی تر!!! بەڵام ئەم کوردانە وانین سەیر کە بزانە کوردەکانو فەرەنسییەکان چەند جیاوازییان هەیە، یەکەم: ئەمان کای کۆن بەبا ناکەن، دووەم: زۆر پابەندن بە جاری جیهانیی مافەکانی مرۆڤەوە، ئەوان لەبری تۆڵەسەندنەوە ئێمەیان موخەیەر کرد لەوەی لێرە پلەوپۆستمان بدەنێ یان بەرەو هاندەران بڕۆین.... بەپێی بڕگەی



ئارام کەمال

یەك لە ماددەی (١٣) جاری جیهانی مافەکانی مرۆڤ لەگەڵاندا جولانەوە، کە دەڵێ: (هەموو کەسێك ئازادە لە هاتووچۆو هەڵبژاردنی شوێنی دانیشتنی لە سنوری هەردەوڵەتێکدا بێت). ئەوەتا ئێستا ئێمە هەریەکەمان ئەو دەوڵەتەمان هەڵبژارد کە خۆمان ویستمان، جاشو موستەشارەکانیشمان کە پێش ئێمە خۆیان تەسلیمکردبوو... لەسەر خواستی خۆیان ناوچەی ئۆتۆنۆمیان هەڵبژاردوو ئێستاش وەك جاران بەردەوامن لە خزمەتکردن! باوەرناکەم هیچ گەلێك لەسەر زەویدا هەبێت بتوانێ وەك کورد هەڵوێستی ئاوا جوامێرانە بنوێنێ!!!

لە کۆتاییدا گەورەم حەز دەکەم هەموو هەوڵێکی خۆت بدەیت بۆ رزگاربوونو هیوادارم رەشبین نەبیت، بەخەیاڵی کێدا ئەهات من رزگارم ببێت؟ بەڵام ئەوەتا رزگاریش بووم!!!

هەرسەرکەوتووبیت

رائیدی فرکەوان
تاریق رەمەزان عەزاوی
١٦-٣-٢٠٠٩

## سەروەتو سامانی

# بەرپرسانی كوردستانو ئەنفالكراوەكانی قەڵای نزاركێ

قەڵای نزاركێ یەكێك بوو لەو بەندیخانە ترسناكەی ئەنفالەكانی ناوچەی بادینانی تێدا كۆكرابوونەوە. قەڵاكە سەربەپارێزگای شاری دهۆكە دەكەوێتە خۆرهەڵاتی شارەكەوە، حیكایەتی خێزانەكانی قەڵای نزاركێ مایەی سەرنجو لەسەروەستانی رێكخراوی چاودێری مافی مرۆڤی رۆژهەڵاتی ناوەراستە لە راپۆرتە گرنگەكەیاندا دەربارەی تاوانی ئەنفال.





شایەتحاڵەكانی ناوچەی بادینان، كەلە پەلامارەكانی ئەنفالی هەشتدا دەزانن لەوقەڵا بەدناوەدا چۆن ئازار دراونو چۆن سەری پیاوەكانیان بەپێشچاوی ژنو منداڵەكانیانەوە بەبلۆك پەقاندووە.

ئەگەرچی زۆربەی ئەنفالكراوەكانی بادینان كوژرانو بێسەروشوێنكران، بەڵام ئەوانیش وەكو زۆربەی ناوچەكانی تری كوردستان بەختی ئەوەیان هەبوو نەبرێن بۆ گۆرە بەكۆمەڵەكانی بیابانو بەزیندوویی بەڵام بەمەینەتیەكی زۆرەوە لەنوگرەسلمانەوە گەرانەوە بۆ كوردستان، بەڵام ئەوەی مایەی ئازاری دەرونی مرۆڤی تەندروستە ئەوەیە پاش راپەرین جارێكی ترهەندێك لەو خێزانانەی رزگاریان ببوو دەگەرێنەوە ناو قەڵای نزاركێ..! بەڵام ئەمجارە بەجەبەروتی بەعس نا، بەڵكو بە پێی خۆیان، ئەوەش لەسۆنگەی ناعەدالەتیو خەمساردی حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە، دیمەنی ئەوخێزانانەو حالوگوزەرانیان نیشانەیەكی زەقوقیزەونی رەوشی مافەكانی مرۆڤە لەكوردستان. بەتایبەتیش كە دەبینین بەرپرسانی حزبیو حكومی لە كوردستان بەسەروەتو سامانێكی خەیاڵییەوە لەكوردستان ژیان دەگوزەرێننو بێباكانە بەپێشچاوی لەشكرێك مرۆڤی ئەنفالكراوو ماڵ وێرانو سەرگەردانەوە دێنو دەچن، ڤیەلاوخانوی بەرپرسە بالاكان بەپارەیەكی خەیاڵی دروستكراونو رازێنراونەتەوە. رەنگە خەرجی هەركامێكیان شوێنی نیشتە جێبوونی دەیان ئەنفالكراو دابین بكات.

بێگومان ژیانو بەسەرهاتی ئەنفالكراوەكانی ناو قەڵا نزاركێ هەزاران حیكایەتی لەخۆگرتووە، ئازادبوونو گەرانەوەیان بۆناو قەڵاكە، دەلالەتێكی گەورەی پێشیلكاریەكانی مافی مرۆڤی كوردە...ئاخر لەدوای راپەرینو بەتایبەتیش لەدوای روخانی رژێمی بەعس، دەبوایە روخاندنی كۆمەڵگە زۆرەملێكان یەكێك بوایە لە ئەولەویەتی كارەكانی دەوڵەتی عێراقو بنیاتنانەوەی گوندەكانو شوێنی نیشتەجێی ئەنفالكراوەكان بەهاوكاری كردنیان بۆ بوژاندنەوەی مەزراوباخو كیڵگە كشتوكاڵیەكانیان، بەتایبەتی حكومەتی هەرێمی كوردستان، دەبوایە دەستپێشخەربوایە لەم بوارەدا بۆ ئەوەی رەفتارو سیاسەتەكانی بەعس ریشە دانەكوتێ لە كوردستان، چ جای ئەوەی خەڵكانێكی ئەنفالكراو نەك هەر بەكۆمەڵگاكان رازی بن بەڵكو بگەرێنەوە ناو هەمان ئەو قەڵایەی ئەنفالكراوەكانی تێدا زیندانی بوون..

# سەرنج

تاوانی ئەنفال چەندە گەورەو تراژیدی بێت، بەچەواشەکردنی حەقیقەتەکانو بو غزاندنی بەشدارانی تاونەکە برینی قوربانیەکان سارێژنابێت، بەپێچەوانەوە گەڕان بەدوای سەرەداوی حەقیقەتەکاندا،تەنها ئاسودەیی نابەخشێتە قوربانی، بەڵکو رێگەی دادگایەکی عادلانەش فەراهەم دەکات.

دیدارو قسەکردن لەگەڵ جاشو موستەشارە کوردەکان، یان ئەوکەسانەی بەعسی بوونو لەحزبو لەحکومەتدا پلەوپایەیان هەبووە، ئەرکی میدیای ئازادوسەربەخۆیە، وەکو لەژمارەکانی پێشتریشدا رای گەیاندبوو (ئەنفالستان) جەخت دەکاتەوە کەقسەی تۆمەتباران‌و تەنانەت تاوانبارانیش بەهەند بگیرێ، ئەگەر تەنها داکۆکی لەخۆشیان بکەن.. چونکە دەبێت بڕوا بەوە بهێنین کە زۆر جار حەقیقەتی تاوانەکان ئەوەندەی لەزمانی جەلادەوە دەردەکەوێ، مەحاڵە لەزمانی قوربانیەوە ببیستین.

سەبارەت بەدیدارو چاوپێکەوتنی ئەو دوکەسایەتیەش کە لەسەروەختی بەعسدا جاشو مستەشار بوون، لەم ژمارەیەی ئەنفالستاندا دەیخوێننەوە، وێڕای ئەوەی بەرێزەوە لە هەڵوێستی ئازایانەیانە دەڕوانین، سەبارەت بە دەربازکردنی خەڵکی گەرمیان، بەڵام هێشتا رەفتارێکیان ماوە بخرێتە بەردەمی دادگایەکی ئاشکراوعادلەوە، ئەویش خیانەتی نیشتمانیوپیادەکردنی کەلتوری جاشایەتیە.کە بەداخەوە لەکوردستان بەپێچەوانەی هەموو عورفێکی شۆڕشگێڕانەوە ئەوەی لێی ناپرسرێتەوە کەلتوری دزێوی جاشایەتی‌و خیانەتی نیشتمانیە، کە بووەتە مەسەلەیەکی لاوەکی‌و کەس قسەیان لەبارەوە ناکات. بۆیە هەڵسەنگاندن‌و رێزی ئەنفالستان لە رۆڵی چاکەی ئەمجۆرە کەسانەدا تەنها پەیوەستە بەرزگارکدنی ئەنفالکراوەکانەوە لەتاوانی کۆمەڵکوژیدا، نەك چاوپۆشی لەکلتوری جاشایەتی لەکوردستان.

# موستەشارێکی سپی

ئەنفالستان

ڕەنگەپڕکێشی بێ، قسە لەسەرموستەشارە کوردەکان بکەین و وێنەی قارەمانێتیان بڵاوبکەینەوە، بەڵام کەدۆکۆمێنتەکان،خۆیان دەسەپێنن وقسەی دەربازبووەکان،دەبنە مەحەك و بەبێ ئەوەی یەکتری بناسن دەبنە شایەتحاڵ: (ئەوە جاش نەبوو، فریشتە بوو) ئەوکاتە باسکردن و داکۆکی لێکردنی نەك دەبێتە کارێکی ئاسایی، بەڵکو دەبێتە ئەرکێکی ئەخلاقیش، بۆیەلەم ژمارەیەدا ئەنفالستان وێنەی موستەشارێك بڵاودەکاتەوە کەجیاوازە لەموستەشارە بەد ناوەکان، ئەگەرچی بەشداری ڕاستەوخۆی لەئەنفالدا کردووە بەڵام جیاوازە لەئەنفالچییەکان، چ لەسەروەختی ڕژێمداو چ لەسەروەختی دەسەڵاتی کوردیشدا. بەپێی قسەی شایەتحاڵەکان سەعید جاف گوناهە ناوی موستەشاری لێبنرێت، چونکە سروشتی ئەوپیاوە هەر لەبنەڕەتەوە بۆ جاشێتی نەگونجاوو ناتەبابووە، وەك یەکێك لەدەربازبووەکان دەڵێ ئەو توخمەکەی بۆجاشێتی ناشیا لەومەعدەنانەیە کەگەرد ناگرێ، ئەوەی بەدیار ئەوکاسێتە ڤیدۆیییانەوە کاتێك تەرخان بکات، بەتەواوی توشی شۆك دەبێ، کاتێك شۆرشێك توشی شکست دەبێ و پێشمەرگە تفەنگەکەی خۆی لێدەبێتە تەوق، جگە لەپارتیزانەکان کەس بەچیاوە نەمێنێ، تاکەکەسێك لە بەرەی بەعسەوە بەروی سیاسەتەکانی ئەنفالدا دێتەوە، ئەگەرچی ئەنفال ماشێنێك نەبوو بەهێزی پێشمەرگەو بەو ئیمکانیاتە کەمە بەرپرچ بدرێتەوە، بەڵام کاتێك ئیرادە بۆ مرۆڤدۆستی و مەردایەتی هەبێ تاکە کەسێکیش دەتوانێ بەئازایەتی خۆی رۆڵی گرنگ و کاریگەر بگێڕێ و مرۆڤایەتی بە روسوری بهێڵێتەوە، هەروەکو سەعیدجاف لەساڵی ١٩٨٨ بەناوی موستەشارەوە لەئەنفالداو ئوسکار شیندرلیری ئەلمانی: ئەو بازرگانەی کەلەدوادواییەکانی جەنگی جیهانی دووەهەم بەناوی کاری سوغرەوە ژیانی هەزاران جولەکەی لەتاوانی هۆلۆکۆست و دەستی نازیەکان رزگار کردووە، کەژمارەیان نزیکەی ١٢ هەزار جولەکە بووە..

ئەو لەپەلامارەکانی ئەنفالدا نەك دەیان کەس بگرە سەدان و هەزاران کەسی لەدەستی ئەنفالچیەکان و دۆزەخی ئەنفال رزگارکردووەو دەیان و سەدان پێشمەرگەی داڵدەداوەو پارەی داونەتێ و مەسرەفی کێشاون و بەتەنگیانەوە هاتووەو مشوری خواردوون، من کەشەوێکی تەواو تا سپێدەی بەیانی و دواچرکەی کارەبا بران لەرێگەی ڤیدۆسیدییەکەوە بەدیار ئەوژن وپیاوە گەرمیانیانەوە دانیشتم، کەحیکایەتی لیقەومان ومەینەتی خۆیان دەگێڕایەوە،باسیان دەکرد کە چۆن ئەوموستەشارە سپیە لەو هەردەو جەوەڵانەی گەرمیان بەهانایانەوە چووەو جوندی دارکاری کردووەوخەڵکی لەدەست فراندوون، کورە جاحیڵ وکچە ناسکەکان و میمکە تۆقیوەکانی لەدۆزەخی بەعس شاردووەتەوە، هەرچی پاڵەوانەکانی دنیایە لەبەرچاوم بەچۆکدا هاتن، فشەکەرە هاوچەرخەکانم بەزەلیلی وگرگنی بینی، کاریزما سیحربازەکانم باشتر ناسی، یاران من ئەوشەوە لەچی نامۆییەکدا چەقیبووم..؟ من و کۆنەجاشێك کوجا مەرحەبا ؟ ئاخر من و موستەشارێك چۆن دەبێت خەمەکانمان ئاوێتەی یەکتری بین، هەزاران گومان و دودڵی و پرسیار تێم ئاڵابوون، ترس لەوەی نەکا ئەمە کلاوێکبێ و بازرگانەکانی ئێسك و کەللەسەر بیانەوێ بینێنەسەرم و بەهۆیەوە سومعەم بشکێنن و سبەی چەقاوەسووەکانی ناو سایت و ماڵپەرەکانم تێبەردەن، ترس و گومان لەهەموو شتێك لەقسەی ئەو کەسە بێ تەماحانەی بەبەرائەتەوە تکایان لەحکومەتی هەریم دەکرد ئاور لەپیاوێکی ماندو بدەنەوەو کەمێك ئاسودەی بکەن، ( سەعی جاف،



تابلۆی ڕێزلێنان بە ماڵی ئۆسکار شیندەر

حمەغەریب) یش بەرۆکی بەرنەدەدام‌و بەوهەموو پەرپوتی‌و هەژارییەی خۆیەوە، بەرابوردووی جاشایەتیەوە ببوە سپی ترین بونەوەر لەبەرچاوم، ببوە بەبەهاترین مرۆڤ لەژیانمدا، ئەوەی سەعید جاف بناسێ دەزانێ حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندە مرۆڤی لەلا سوک‌وبێ بەهایە، چەندە بەچاوی سوك تەماشای کەسوکاری ئەنفال‌و قوربانیەکانی دەکات؟ سەعید جاف بەشداری ئەنفالی کرد، بەڵام مەدالیای ئازایەتی وەرنەگرتووە، بەڵکو ژیانی لەمەترسیدابوو بەتایبەتی ئەوکاتەی، راپۆرتەکانی موخابەرات دەیانەویست سەری بکەن بەگۆمدا، بۆیە عەلی حەسەن مەجید نیشانەی پرسیاری لەسەردادەنێ‌و پێی دەڵێت: کوا ئەو ١٢٠٠ هەزارودووسەد کەسە ناشەریفانەی لەرێزی مقاتلە شەریفەکاندا شاردووتنەوە.

ئەمرۆش ئەو بەتەواوی جیاوازە لەمستەشارەکان،لەپەنای هیچ حزبێکەوە کەڵەگایی ناکات، نەحیمایەی بەدواوەیە، نە موچەیەکی هاکەزایشی بۆبراوەتەوە، بەڵکو هەژاری ماڵی خۆیەتی‌و شۆفێری خەڵکەو زۆرجاریش لەناو کەللەی ئەو لۆرییەدا دەخەوێ کەسەرچاوەی بژێوی چوار کورو چوارکچە ..

ئەی چۆن ئەم جاشە باشەم ناسی ؟

کاتێك تەلەفۆنی برادەرێکی لەرادەبەدەر خۆشەویستی خۆمم لەگەرمیانەوە بۆهات، ووتی: ئەگەر بۆ ئەنفالستان مقابلەی بکەیت پیاوێك هەیە شتی سەیری لایە، منیش ووتم: بەسەرچاو، لەکوێ دادەنیشێ، لەکوێ ئەنفال بووە؟ لە نوگرەسەلمان گەراوەتەوە یان ؟ قسەکەی لەدەم دەورگرتم‌و ووتی: کورە نەوەاللە موستەشار بووە لەکاتی ئەنفالەکەدا، شتی سەیروعەنتیکەی لایە ، بەڵام پیاوێکی زۆرباشە. منیش ووتم: بۆنا بەسەرچاو بەڵام تۆ ووتت پیاوێکی زۆرباشە، جا بۆ جاشی باشیش هەیە..؟! بەتایبەتی ئەگەرموستەشاریش بوبێ‌و بەشداری ئەنفالیشی کردبی ..!! بەپێکەنینەوە وتی: بیبینە ئەوساخۆت تێدەگەیت.. ئیتر بریارمدابوو ببینم‌و چاوپێکەوتنێکی لەگەڵدا بکەم، ئەو رۆژەی یەکتر ناسینەکەمان دروست بوو، ناسیاوێکی خۆمی لەگەڵدا بوو: ووتی ئەمە کاك فلان کۆنە ئامرسریەی جاش ..ئەو یەکسەر نارەزایەتی دەربری‌و ووتی: دەی برا لەوەشدا مەغدورمان مەکەن من موستەشاربووم، ئامرسریەی چی ..!! لەراستیدا ئەوجارە هیچ بایەخم بەقسەکانی نەدا، عادەتەن وەك هەرجاشێکی تر زۆر داکۆکی لەخۆی کرد ( قەسەم بەوخوا ئەوەندەکەسم لەفلان رزگارکردووە، ئەوەندەپێشمەرگەم بەچەکەوە، پەناداوەو ئەوەندە ژن‌و منداڵم لەفلانە شوێن داوەتەوە دەست خاوەنی، ژن‌ومنداڵی فلان بەرپرس من رزگارم کردووە.. ئەو حیکایەتی مێشەی هەموو موستەشاروجاش‌و کۆنەبەعسیەکان لەکۆرو مجلیسدا دەیرێسن )

هەروەندەم خۆش بوو پێمووت ئەم قسانە بەدەردت ناخۆن، بەڵگەت چیە؟ کێ شایەتیت بۆ دەدا بەتایبەتی ئەوانەی رزگارت کردوون، دەستی درێژ کردو ووتی: دەستت بێنە هەر ئێستا دەرۆین نەك شایەتێك سەد شایەت لەوانەی رزگارم کردوون، کامێرا بێنەو قسەکانیان بگرە..من دەڵێم سەد توێڵێ هەزار.. دەنگی دلێر بوو، کاتێك وەڵامم دایەوەو لێمپرسی ئەوانە: خزمت نین ؟ ووتی: ئەوە بەراستتە ئەگەر یەك خزمی خۆمی تێدا بوو قبوڵت نەبێ. لەراستیدا کابرا توشی تێرامانێکی سەیری کردم، بەتایبەتی جل‌و بەرگ‌و شێوازی قسەکردنی هیچیان یاریدەدەرنەبوون ئەمە موستەشار بووبێ، چونکە ئەوان هێشتا جلی گرانبەهاو سەروسمیل بۆیاخکردنەوەو سەیارەی گرانبەهاو حیمایەی هەرزانیان بەدواوەیەو سەعید جافیش پیاوێکی سەڵت‌و تارادەیەکی زۆریش پەرپوت، کەچی دەیگوت ( ئەوەندە چەکداری هەبووەو هەزارو ئەوەندە پێشمەرگەی پەنا داوەو فیسار بەرپرسی ئەمرۆ "لەحزب‌و لەحکومەتیش" فلان قایمقام‌و عەقیدوعەمیدو کورە وەزیریش لەلای ئەم جاش بوون‌و خۆشی لەژیانێکی پەرپوتدا دەگوزرێ‌و سایەقی خەڵکە..ئیتر بریارمدا ببینم‌و دیدارێکی لەگەڵدا سازبکەم..ئەو رۆژەی بینیم نیوەی راستیەکانم بۆ روون بووەوە بەتایبەتی کەبانگی کردمە ناو لۆریەکی درێژەوەو لەناو کەللەی لۆریەکەدا جیگەو بانی خەوو شروشیتاڵی پێداویستیەکانی بەو ناوەدا بڵاوبوبونەوە، لەناو جانتایەکیشدا زیارتر لە(٥) کاسێتی ڤیدۆو ٤ سیدی دەرهێناو دایە دەستم ، ووتی: ئەوە بگرە بیبە لەماڵەوە تەماشایان بکە بزانە من درۆدەکەم یان رۆژگار درۆزنە، ئەوانەی خەڵکیان بەکۆمەڵ ئەنفالکرد ئێستا بەقەد سەرکردایەتی کورد دەستیان دەرواو ئەوەشی خەڵکی رزگارکردبێ وەکو من ریسوایەو ئاوری لێنادەنەوە.. ئیتر کە دیدارەکەم لەگەڵدا تەواو کرد وروکاس بووم..سەرسام بووم لەرۆڵی ئەم کابرایە، ئەمە راستگۆیە یان برایم زەبۆکێکی ترە..ئەمە دەیخەیتە خانەی جەلادەوە یان قوربانی، خائینە یان تێکۆشەر..بەڵام هەر ئەوەندەی گەیشتمەوە ماڵەوەو تەماشاکردنی سیدیەکانم خستەپێش پشودان‌و نان خواردنی ئێوارەوە ..توشی شۆك بووم..لەقسەی ئەو شایەتحاڵانەی رزگاری کردوون، لەکۆنەپێشمەرگە، ژن‌ومنداڵ،پیروپەککەوتە، دەرکردنی کچە عازەب لەچنگی سەربازە بەدرە فتارەکان.. بەراستی ئاهێکی سەیرو ئەفسوناوی بوو بەناخمدا هات.. بە تایبەتی قسەی شایەتحاڵێك بەناوی فەیسەڵ لە عەشیرەتی گێژ ووتی: من ئەو سەعیدجافە نەدەناسی، نەبیستبووم،نەناویم بیستبوو، تەنانەت هەتا دوای راپەرینیش نەم ناسی بوو، بەڵام ئێستا خۆشەویسترین کەسمە،چونکە پیاوێکی بەغیرەت‌و کوردێکی بەشەرەف بوو) ئەو هەرئێمەی رزگارنەکردووە..

ئەم گەرمیانە ئەونەبوایە تاکە کەسێکی لێ رزگارنەدەبوو.. تەلەفۆنم بۆ ئەندامێکی کۆمەڵەی دەستەی داکۆکی ئەنفالکراوەکان کرد بەناوی ئەحمەد عەلی کە تاکە دەربازبووی خێزانەکەیتی: ووتی من مەمنونی قۆندەرەکانی سەعید جافم، ئەوەی ئەو کردوویەتی بەقسە تەواونابێ کورد قەرزاری ئەوپیاوەیە.. سەعید جاف باس لەرزگارکردنی ١٧٠٠٠ حەڤدە هەزارکەس دەکات کە رزگاری کردووە، شایەتحاڵەکان بەزۆری جەخت لەوە دەکەنەوە ئەوەی سەعید جاف رزگاری کردووە لەژماردن نایەن، بەڵام با ئێمە گریمانەی ئەوە بکەین ئەوە زیادەرۆییە، باواز لەسفرەکان بێنین‌و وای دابنێین تەنها حەڤدە کەسی رزگار کردبێ، خۆ ئەگەر بەدیوە ئینسانیەکەشیدا تەماشای بکەین نەك حەوت کەس ئەگەر تەنها کەسێکی رزگار کردبێت، مایەی رێزلێگرتنەو شایانی ئەوەیە کۆمەڵگە پاداشتی بداتەوە، بەڵام کەسێك لەئەنفالدا خەڵکی ئەنفالکردبێ‌و لەکۆشکی کۆماری حسابی تایبەتی بۆکرابێ‌و مەدالیای ئازایەتی وەرگرتبێ، ئێستاش هەمان ئیمتیازی بەزیادەوە لەدەسەڵاتی کوردستاندا هەبێ، چۆن ئەوپەری نائومیدی‌و بێمتمانەیی لێناکەوێتەوەو خەڵك بەرەو خراپەکاری ملنانێ..؟ ئاخۆ بەچ لۆژیکێك دەشێت جەلادەکان باشتربژین، لەقوربانیانی ئەنفال‌و لەو جاشە باشەی ئەمرۆ بەحاڵێکی خراپ دەگوزەرێ..؟ فەرموو بۆئەوەی کەمێك رێز لەخۆمان بگرین وەکو مرۆڤ، لەگەڵندا تۆش قسەی خۆت بکە ئەوجاشەی گەلێك کاری باشی کردووە هەموومان قەرزاری کردەوەکانین ئەمرۆش پەرپووتی یاساو دڵرەقی رۆژگار فریێ داوەتە قەراغی ژیانەوە..

لەنێوان ئەم موستەشارە کوردەو ئۆسکار شیندرلیر: ناوی ئەو بازرگانە ئەڵمانییەیە کەلەدوادوایەکانی جەنگی جیهانی دووەهەم بەناوی کاری سوغرەوە ژیانی هەزاران جولەکەی لەمەرگ بە دەستی نازیەکان رزگارکردووە، کە ژمارەیان نزیکەی ١٢ هەزار جولەکە بووە..ئاسمان‌و رێسمان جیاوازی هەیە، نەك هەرلە حکومەت‌و ئەدای حکومرانی، بەڵکو لەسەر ئاستی کۆمەڵگەوتاکەکەسیش، ئوسکار شیندر لەرلەمیانەی ستەمکاری نازیەکاندا سەروی ١٢٠٠٠ جولەکەی لەمردنی حەتمی رزگارکردووە لە هۆلۆکۆستدا، لەمانگی ١٩٤٥/١١ تا مانگی ئایاری /١٩٥٠ لەناوشاری رێگنیس بۆرگ ژیاوە لەبەر ئەو هەڵوێستە مرۆڤدۆستیەی شارەوانی رێنگنیس بورگ وەك رێز لێنان جیدارییەکیان بۆ دروستکردووەوهەتا ئێستاش بەدیواری ماڵەکەیەوە هەڵواسراوە.. دوای مردنیشی هەموو ئەو جولەکانەی لەسایەی ئەم ئەڵمانیەنازیەوە دەربازبوون، لەساڵیادی مردنیدا بەریز دەچن گوڵیان لەسەر گۆرەکەی دادەناو پێموایە هەتا ئەمرۆش ئەو نەریتە بەردەوامەو پشتاوپشتی دەربازبوەکان دەچنە سەرگۆرەکەی‌و بەدانانی گوڵەکەی رێز لە ئوسکار شیندرلیر دەگرن. کەچی بەداخەوە لێرە زۆربەی پیاوانی گەندەڵ‌و کۆنە بەعسی بەچەپکە گوڵلەوە دەچنە سەرمەزاری شەهیدان‌و کەسانی پاك‌وبێگەردیش بەخەمساردیەوە بەلای قوربانیان‌و گۆرستانی گیانبەختکردواندا تێدەپەرن.

لە نێوان ئوسکار شیندرو سەعید جافدا لێکچونێك هەیە،هەڵوێستی ئەو موستەشارە کوردەی کەلەساڵی ١٩٨٨ ژیانی خۆی خستووەتە مەترسیەوەو خەڵکێکی زۆری لەئەنفال رزگار کردووە.

ئەگەرچی قسەکردن‌و داکۆکی کردن لەموستەشارە کوردەکان رەنگە بۆ ئێمە ئەستەمترین شتێك بێت کەبتوانین پرکێشی تێدابکەین، ئەمەش لەبەر ئەوەنا کە موستەشارەکان ئەمرۆ دەسەڵاتی کوردستان داکۆکییان لێدەکات، بەڵکو لەبەر بەدناوییان لەتاوانەکانی ئەنفالد کەمترین دەرفەتی هێشتووەتەوە بۆ ئەوەی ئەگەر چاکەیەکیشیان هەبووبێت مرۆڤ بیوێرێت باسیان بکات..

دوبارەی دەکەمەوە هەرچی بەداکۆکی کردنیش لەسەعید جاف دەگەرێتەوە ئێمەتەنها پشتمان بەقسەی شایەتحاڵەکان بەستووە، بۆیە هەرچی لەبارەی ئەم کۆنە موستەشارەوە دەینوسین لەحاڵێ حازردا تەنها رێزگرتنە لەقسەی شایەتحاڵەکان‌و کردەوەی ئەو مستەشارە لەدەربازکردنی خەڵك‌و پەنادانیان، تەواو سەرسورهێنەرە بە جۆرێك ژمارەی شایەتحاڵەکان زۆر زۆرن‌و هەمووی بەوێنەی ڤیدۆیی‌و دۆکۆمێنتکراون، لەوانە چەندین پێشمەرگە لەلایەنە جیاجیاکانەوە بەتایبەتی یەکێتی‌وپارتی‌و شیوعی شایەتی لەسەر ئازایەتی‌و مەردایەتی دەدەن لەسەروەختی پەلامارەکانی ئەنفالدا کە ئەو جاشە دوای ئەوەی داڵدەی داون پارەشی پێداون.. لەراستیدا شایەتحاڵەکان ئەوەندە زۆرن، ئەستەمە تاکە کەسێك تاقەتی بەسەریاندا بشکێ هەتا قسەی هەموویان وەرگرێ.

پێشمەرگەکانی پارتی ویەکێتی‌و شیوعی، خەلکێکی زۆر لەدەربازبووەکان شایەتی دەدەن لەسەر ئەوەی ئەو کابرایە ئەوەی دەیلێت راست دەکات، شایەتحالێکی کۆنەپێشمەرگە کە ئێستا کەم ئەندامەو هەموو کەسوکاری ئەنفالکراوە قسەکەی پشتراستکردەوەو ووتی هەرچی سەعید جاف دەیلێ راستەو بروام وایە کەمی هەیە زیادی نیە. تەنانەت پێشمەرگەکان شایەتی دەدەن لەسەر ئەوەی لاندکرۆزەرەکەی فرۆشتووە بۆ ئەوەی مەسرەفی خواردن‌و حەوانەوەی پێشمەرگەکان دابین بکات.. هەرچی خۆشییەتی ئەو قسەیە پشت راستدەکاتەوەو دەڵێت من موچەکەم ٣ هەزاردیناری سویسری بوو، جارێکیان تەنها ٨٠ دینارم لێبردەوە بۆماڵەوە ئەویش ژنەکەم ووتی: ئەرێ سەعید جاف هەر هیچ نەبێ حسابی جاشێکم بۆبکە خۆمن مردم بەدەست چاڵێنان‌و چاتێکردنی میوانی تۆوە، والله منیش ئەو هەشتا دینارەت لێ دەسێنم .. ناچار ئەویشم دایە دەست دایك منداڵەکان‌و خۆم یەك قرۆشم پێنەما.

# سەعید جاف : عەلی حەسەن مەجید وتی " یان عەگال دەکەمە سەر هەموو کورد یا من شەرواڵ لە پێ ئەکەم"

دیداری: باوکی لاس

من ناوم سەعید محەمەد غەریبە موستەشاری فەوجی (٢٥١) بووم. جاش بووم بەڵام وەك تۆ ئێژی جاشێکی سپی بووم، ساڵی ١٩٤٥ لە قەزای کفری لەدایك بووم، ساڵی ١٩٥٩ لەقوتابیان بووم هەتا سەرۆك بەرزانی لە روسیا گەرایەوەو قوتابیانی دامەزراند، من کارم تێداکرد، دوایی بوو بەخەبات، لەوێش بەشداریم کرد تا ساڵی ١٩٧٥ دواتر گیرام‌و نەفی کرام‌و هەواڵەی پارێزگای ناسریە کرام، لەوێ ساڵێك‌و سێ مانگ لەسوق شیوخ بووم، دواتر هاتمەوە لە دائیرەی ریگاوبان دامەزرام، ئەوکاتە محمد سلێمان ئەندازیارمان بوو، هەروەها کاك عومەر فەتاح ئەندازیاربوو لەوێ، لەرێگەی باسنێ ـ کەناروێ کارم دەکرد، ئەوەبوو لەوێش لێمان قەوما بنکەیەکی پۆلیس هەبوو تەقاندیانەوە ئیتر ئێمەشیان دەرکرد.

ئینجا لەرێگەی بەغدا ئیشم دەکرد، زۆر دەیانکردە سەرم ببمە حزبی زۆر فشاریان خستبووە سەرم.

- کێ فشاری خستبووە سەرت ؟
- پیاوانی رژێم
- کێ بوون، ئەوانە کورد بون یان عەرەب ؟
- یەکێکیان کورد بوو ناوی ئیسماعیل بوو، ئەویتریان عەرەب بوو ناوی حسین بوو.
- پلەی حزبیتان چی بوو ؟
- من هەرنەبووم بە حزبی پلەم نەبوو .
- ئەی پلەی حزبی ئەوان چی بوو؟
- نازانم رەفیق فلان‌و رەفیق فیساریان پێ دەگوتن. بەو شایەتیەش کە خۆم هەڵبژارد بۆ مجلیس ئەنجومەنی نیشتمانی، لەبەر ئەوەی حزبی نەبووم، نە یا نهێشت ، وتیان تۆ دەبێ دەست بکێشیتە و ە ، دەنا دەنگێکی زۆر زۆرم دەهێنا، چونکە هەرلەکورد لەعەرەب دەیانگووت: دەنگ بە سەعید جاف دەدەین. هەموو هاواریان دەکرد دەنگ بۆ سەعید دەدەین.



- ئەی بۆچی دەرنەچوویت ؟
- ئەی نالێم حزبی نەبووم کاتێك چوین خدرعبدالعزیزێك پارێزگاربوو، ووتی: تۆ پلەی حزبیەکەت چیە؟
- ووتم من حزبی نیم هاوڵاتیەکی ئاسایم‌و بێلایەنم، ئەگەر قایل دەبن من خزمەتی ولات دەکەم‌و دەنگیش دەهێنم .
- ووتی : نابێت، تۆ حزبی نیت دەبێت لەئەندامەتی بکشێیتەوە، ئەوەبوو فایلەکەمیان کێشایەوە ئیتر ناوم هاتەوە بۆ عەسکەری‌و موالیدەکەمان بانگکرایەوە، منیش نەچووم متخلف بووم، کابرایەك هەبوو سەید بوو ناوی سید احمد مرعی بوو، ووتی: سەعید جاف بۆنایەیت فەوج بکەیتەوەو ببیتە مستەشار ؟ ئیتر بەقسەی ئەوم کردوو بوومە مستەشار. خەڵکانێکی زۆر کەچوو بووشنە دەرەوە ببن بەپێشمەرگە، یان سەربازی هەڵاتوو بون، هاتن لەدەورم خربونەوە ووتیان: کاك سەعید چارێکمان بکە، چیش بەئێمە دەکرێ ئامادەین.. تەحەداش دەکەم، لەشارەزوور لەسەرانسەری گەرمیان بەهەموو عەشرەتەکانیەوە لە ( گێژ، جاف، دەلۆ،داودە، زەنگنە) تەحەدایان دەکەم تاکە یەك کەسیان بێت بلێت: سەعید جاف یەك دیناری لێوەرگرتووین. کاتێکیش ئەنفال رویدا، من بەدلنیاییەوە بەبێ ترس ئەیلێم چونکە لەکەس ناترسم‌و سەربەرزم، هیچ ترسم لەخۆم‌و لەقسەکانم نیە، هەتا بلێن دەترسێت، لەترسا ئەم قسانەدەکات، کاتێك من دەستم کرد بەکورد رزگارکردن کەم کەس دەیتوانی لەئەنفالدا ئەوە بکات کەمن کردوومە، ئەم

قسانەش بەبەڵگەو شاهیدەوە دەکەم، نزیکەی ١٧٠٠٠ حەڤدە هەزارکەسم رزگارکردووە..لە عەشایەر، لەپێشمەرگە بە هەموو لایەنەکانەوە " لەشیوعی پارتی یەکێتی"، ئینجا لەپیرو گەنج، لەمنداڵ، گەنج) ئەگەر هەموویان نەمابن زۆر زۆریان ماون، بەڤیدیۆ قسەیان کردووە دەتوانی بیانبینی، هەموویم هەیە، خۆتیش دەتوانی بچیت بیانبینی، ئینجا بزانە قسەکانم راستن یان درۆ..؟ خۆیان دەڵێن سەعید جاف رزگاری کردووین، هەروەها کەسوکاری پێشمەرگە زۆریان لەلای من داڵدەو پەنادراون، هاوکاریم کردوون، خزمەتم کردوون، پارەم داونەتێو بەپێی توانا نەمهێشتووە موحتاج بن. ئەوانەی رزگارم کردوون و ئەوانەی جاش بوون لەلای من شایەتن، زۆریش لەوانە ئێستا ماونو لە ئاسایشولە پۆلیسو لەحزبو حکومەت کاربەدەستن، ئەفسەرن، قایمقامو شتی گەورەتریشن.

- ئەی بۆچی خۆت ئێستا کرێکاری دەکەیتو شۆفێری خەڵکیت ؟
- ئەوە لەمن مەپرسە لەوان بپرسە، لەبەر ئەوەی کوردم رزگارکردووە. من پاکانە ناکەم، راست دەرۆمو لەکەس ناترسم، ئەگەر خراپەکاریم بکردایە ئێستا وەزعم ئاوا نەدەبوو.. فەرموو من ژمارە تەلەفۆنت دەدەمێ قسەیان لەگەڵدا بکە.
- قەت بەشداری شەری پێشمەرگەت کردووە ؟ یان ئەوان هاتوونەتە سەرت و شەرت لەگەڵدا بکەن..؟
- رۆژێك بروسکەیەکم بۆهات وتیان قواتێك بەرە بۆ ئۆمەربل پێشمەرگەی لێیە برۆ بیانگرە، وتیان دەبێت برۆیتە گیانیانو بیانگریت.. ووتم باشە بەسەرچاو نزیکەی ١٠٠٠ تا ١٢٠٠ جاشم کۆکردەوەو رۆیشتمە سەریان بۆ ئۆمەربل، پێشمەرگەکان ماون لەوانە کاك عوسمانی حاجی محمود، شەهید حەمەرەش، شەهید ئەحمەدی حاجی رەشید، قاسم ئەحمەد یارە ئەمانە هەموویان بوون، ئەمانە دەبابەکانی گەرمیان بوون.. ئەوە سەرداری حاجی رەشید فرج ماوەو پیاوێکی ناسراوی شاری کەلارە، هاتبووەوە لای من ببووە جاش، بانگم کرد ووتم: سەردار تۆ هەمووی دوو رۆژە گەراویتەوە یەکێتی بویتوپێشمەرگە بوویت لەگەڵیاندا برۆ بزانە ئەم پێشمەرگانە چییان دەوێ..؟ ئەمە کاتێك بوو تەوقمان کردبوون، مەجالی دەرچونیان نیە، تەسلیم دەبن یان هاوکارییان دەوێ، بزانە چییان دەوێ هەتا بۆیان بکەین.. ئەوانەی ناویانم هێنا (عوسمانی حاجی محمود، حەمەرەش، ئەحمەدی حاجی رەشید) هەریەکەیان بەگرتنیان یان بەکوشتنیان خەڵاتی مەدالیایەکی ئازایەتیان پێوەردەگیرا، ئەمەیان پێمان گوتبوو، ئەوانە دەبابەکانی گەرمیان بوون.. لە هۆمەربل سەنتەری شۆرشو پێشمەرگە بوو.. کەسەردارم نارد جاشێکی تریشم لەگەڵیدا نارد ئەویش پێشتر پێشمەرگە بوو هاتبوو لای من تسلیم ببوەوە. من ئەو دوو کەسەم نارد کەچی کە گەرانەوە سێ کەس بوون.. کەنزیك بوونەوە بینیم حەسەنیان لەگەڵدایە حەسەنیش دوو رۆژ بوو هاتبوو تەسلیم بەخۆم ببووە لە مەفقەر بوو لای خۆم .. ووتم ئەوە حەسەن چیدەکەی لەوێ ئەی تۆ لەمەفقەر نەبووی.. بێترس وتی والله کاك سەعید ئەمشەو گەرامەوە بۆلای پێشمەرگەکان. ئەی من برایەکم ها لەگەڵیاندایە قاسم برام ئامر کەرتە ( قاسم ئەحمەد یارە ئێستا لەکفری دوکانی قەسابی هەیە) ئەویش قارەمانێك بوو بۆخۆی دەبابەیەکی تری گەرمیان بوو.. وتم ئافەرم حەسەن مادام ئەوەندە ئازاو مەردیت دەبێ تۆ هەر لەگەڵدابیت (ئەی من پیاوی حکومەت بووم، موستەشاربووم) ئەو نەترسا چۆن ئافەرینی نەکەم.. وتم حەسەن ئەوان چەند کەسن ؟ وتی والله کاك سەعید نزیکەی ٦٠ – ٨٠ کەسێك دەبن، سەرداریش مەرد بوو ترسم لێی نەبوو هەروا دوو سێ رۆژێك دەبوو خۆی تەسلیم کردبوو، ئەویش لەناچاری. وەزعەکە زۆر خراپ بوو، کەسوکاری ئەنفالکرابوون دوو سێ برای ئەنفالکران .. سەرانسەر ئۆمەربل سەرانسەر بەکرە شەل، سەرانسەر فەتاح هۆمەر کە ئێستا ماونو ئەژین لەچاوی منی دەزانن و من رزگارم کردوون.. خێزانی واهەیە تەنها کەسێکی ماوە ئەویش من رزگارم کردووە، گوندەکانی توکن، عەزیز قادر ، فەرقم نەکردووە لەهەمووی رزگارم کردووە لەگێژ لەجاف، لەدوێ، لە زەنگنە لەدەلۆ) ئەو رۆژە رۆژی پیاوەتی بوو ئەگەر کەسێك بیویستایە..کورد لەتەنگانەدا بوو، وەختی فەرق نەبوو..

- بەلام کاك سەعید ببوورە لێرە رات دەگرم، ئەو گوندانەی باسیان دەکەی کەسی وایان نەماوە هەمووی ئەنفالکراون ئیتر تۆ کێت رزگار کردووە..؟! خۆ کەسی وایان نەماوە ؟ ئەی ئەوانە کێ ئەنفالیکردوون ؟
- گوێبگرە ..برام ئەوەی تۆ باسی دەکەیت راستە، ئەوانە کاتێك ئەنفالکراون من لەوێ نەبووم، فەوجەکەم لەعەربەت بوو، ئەی خۆ فەوجەکەی من لە ئەنفالدا نەبوو بروا بکە ١٠٠٠٠ دەهەزاردیناری ئەوکاتە سویسریم دابەبەرتیل نەقلم کەن بۆ گەرمیان بۆ ئەوەی بەشداری

ئەنفال بکەم. بۆ ئەوەی فریای ئەو خەڵکە بکەوم. من ئەوانەم رزگاردووە کە لەوهەردانە مابوونەوەو دەست حکومەت نەکەوتبوون.

- ئەو ١٠٠٠٠ دەهەزاردینارەت دابەکێ ؟
- دام بە عەمید روکن ( سالم ) و جەمالی بەکری فاتە ئەویش عەقیدی ئیستخبارات بوو، دام بەوان .
- ئەگەر باسی شەرەکەی ئۆمەربل تەواو بکەیت.. ؟
- کە سەردارو ئەوان هاتنەوە وتیان دەڵێن شەرمان پێناکرێت، بارانەو خواردن نیەو هیچ شوێنێك نەماوە بریندار بۆکوێ بەرین.
- کەواتە ئەمەی تۆ باسی دەکەیت پاش ئەنفالی سێ بوو..؟
- ئا ئا، هیچ نەمابوو هەر ئەوان لەناوچەکە مابوون، ئیترجوابم بۆناردنەوە وتم: بابرۆنە ناو چەمی شەرەفخان لەوێ خۆیان بشارنەوە ئەوە هەندێکیان لەو پێشمەرگانە ماون (کاک عوسمان، قاسم ئەحمەد یارە) زۆری تریش ماون برۆ لێیان بپرسە .. وتم من ئیستخبارات ناردوومی ئەگەر تەقەو شەریش بکەین ئێستا کۆپتەر دەگاتە سەریان، من نەکوری کەس دەکوژم، نە کەسیش دەفرۆشم، بەڵام لەبەرئەوەی ئیستخبارات ناردوومی دەبێ بێت ئێرە ببینێ، ئیتر ئەوان چونە چەمی شەرەفخان و ئیستخبارات هاتە ئۆمەربل وتم کوا کەسی لێیە ..؟ وتیان نەخێر معلوماتەکە هەڵەیە.. درۆش نەبوو ئەوان لەوێ بوون.
- ئێستا کاک عوسمانی حاجی محمود شایەتیت بۆ دەدات ؟
- من نازانم خۆیو ویژدانی خۆی دەزانێ، بەڵام رۆژێك لەسەرقەڵای کفری لەسەر جادەکە پیاسەم دەکرد، حیمایەم لەگەڵدا بوو، زەلامێك هات وتی: کاك سەعید؟ وتم: ئا. وتی ماڵی حاجی حەسەن باوکی فایەق و حاکم عەدنان و عەلی و ئازادو ئەوان حەیوانێکیان سەربریوە حەوت هەشت پێشمەرگە هان لەماڵیان، منیش چووم بۆ ماڵیان سەلامم کردوو وتم : دایە حاجی چیتان سەربریوە؟ وتی: گۆشتمان هەیە، وتم : نا بێژە چیتان سەربریوە، ئەو هەر پێشی پێدەگرتم، هەتا گەیمە دیوە خانەکە. وتم لەو نانە نەخۆم لەوحەیوانە نەخۆم کەسەرتان بریوە، نارۆم ئەچمە ئەو ژورەوە، وتی نا حەیوانێکی ترت بۆ سەردەبرم مەچۆرە ئەو ژورەوە، ئەوە دایکیان ماوە، کورەکانی گشتیان ماون، حەزدەکەی ئێستا تەلەفۆن دەکەم بۆ فایەق کە ئێستا لەمەڵبەندە، من دانیشتم نانم خواردو ئیسراحەتم کرد، باشە ئەگەر من نیازم خراپ بوایەو کورد نەبوومایە نەمدەتوانی لەناو ئوهەموو جەیشەدا ئەو حەوت پێشمەرگەیە بگرم..؟
- باپرسیارێکت لێبکەم
- نا پرسیارم لێمەکە بچۆ پرسیار لەوپێشمەرگانە بکە، خۆ ئیعترافەکانیان لەکاسێتە ڤیدۆکاندا هەیە، ئەتوانیت گوێی لێبگریت و بەچاوی خۆت بیبینیت.
- ئەوەی تۆکردووتە کارێکی هەتا بلێی چاکە هەتا بلێی ئینسانیە، من لەجیاتی ئەوکەسانە مەمنونتم.. بەڵام کەتۆ ئەو هەلوێستە بەرزەت هەیە بۆچی بویت بەجاش..؟ خۆ نەتدەزانی رۆژێك ئەنفال دەبێ و پێویستە ببیت بەجاش بۆئەوەی فریای خەڵك بکەویت..؟
- گوێ بگرە، باوکم حەوت ژنی هێناوە، لەحەوت ژن تەنها منی کور بووە، خوا ئەوەی کردووە کەمن دروست ببم و حەڤدە هەژدە هەزارکەس رزگاربکەم لە کوشتن. ئەمان ئێستا کە لەپەرلەمان دانیشتوون و دەنگ دەدەن و سەعیدیش بەرەڵایەو هیچ نیە ..
- نانا دوور لەتۆ، تۆ بەرەڵا نیت، ئەوەی تۆکردووتە لە خەڵکی بەرەڵا ناوەشێتەوە..
- بەڵێ بەڵێ دور لەرووی تۆی ناوێ. من لەدوور بۆنم خۆشەو لەنزیکیش بۆنم خۆشە .. بەس ئێوە ؟
- ئێمە چی ؟
- کاکە تۆ کەشۆرشگێر بوویت لەدورەوە بۆنتان خۆش بوو، کە نزیك بوونەوە بۆنتان ناخۆش بوو..
- بەڵام من بۆ..؟ خۆ نە مەسئولم و نەهیچیشم بەدەستەو منیش یەکێکم لەوکەسانەی قوربانیم .
- ببورە ئەو قسەیە لەروی تۆدەکەم .. بەمن دەوترێ جاش بەڵام بەوکەسانە ناوترێ کە بەکۆمەڵ خەڵکیان گرت و کوشت و ئێستاش لەلای مەسئولین لەهەموو کەس لەپێشترن یان ئەو مەسئولانەی لەگەڵ ئەوان هیچ فەرقیان نییە..
- تۆدەڵێی حەڤدە هەزارکەسم رزگار کردووە ..؟
- کاسێتەکان لەلای خۆتن .
- یەعنی بەڵگەت هەیە ؟
- کاسێتەکان تەماشابکە ..
- ئاخر حەڤدە هەزارکەس زۆر زۆرە ..
- بەڵام دەلیل و ئیسپاتم هەیە ..
- ئەگەر وابێت مێژوو قەرزاری تۆیە ..
- دەسا وەڵلە لەسەر یەك نوقتەکەمی ئامادەم ئیعدامم بکەن . تەنازولیش بۆهیچ کەسێك ناکەم ، لەگەرمیاندا کەڵم ، لەگەرمیاندا کەڵم .. سەربەرزم .
- ئاخر رزگارکردنی ١٧٠٠٠حەڤدە هەزار کەس هەربەدەم خۆشە.. ئەگەر وابێ تۆ کارێکی لەرادەبەدەر

ئینسانیو مەردانەت کردووە ..

- تۆ بلێ دوو کەس کاکە
- من دەلێم یەک تاکەکەسیشت رزگارکردبێ زۆرە کارێکی باشە بەڵام من دەمەوێ پرسیارێکی ترت لێبکەم ..
- پرسیارەکە جارێ راوەستە مساعەدەم بکە.. هەتا دادە سەرگوڵ کە نەمبینیوەو ناشی ناسم، مام رۆستەم لەدوورەوە بینیومە، دەی برا من رزگارم کردووە بە بەڵگەو بە ئیسپات .
- تۆ رێگەت نەدام پرسیارەکەم بکەم .
- فەرموو .. فەرموو
- ئەو حەڤدە هەزارکەسە ئێستا رێزت دەگرن یان بێوەفان بەرانبەرت ؟
- ئێستاش ئەو شریتانەش کە لەلای جەنابتە، بەداخەوە کاسیتەکانی سەردەمی بەعس تێدا چوون، کەکاتی خۆی هەندێکیانم گرتووە، بەداخەوە راکردن بۆ ئێرانو شەری ناوخۆی بەدناو و ئەمانە لەناوی بردن.. ئەوانەی تریش لەساڵی ٢٠٠٦ گیراون. ئەگینا ئەگەر مالەکەم تالان نەکرایە شتم زۆر لەلابوو بروسکەو بەڵگەنامەیەکی زۆری جەیشم لەلابوو. تیاچوو هەمووی رۆیی.
- ئەوکاتەی موستەشاربووی پەیوەندی حزبیت لەگەڵ یەکێتی وپارتی هەبوو؟
- نەخێر پەیوەندیم بەکەسیانەوە نەبوو، هەرچەندە یەکێتی زۆرتر قەرزاری منە چونکە لەسەدا پەنجا زیاتری ئەوانەی من دالدەم دانو پەنامدان یان پێشمەرگەی یەکێتی بوون، یان کەسوکاری پێشمەرگەکانی ئەوان بوون، هەیانە ئێستا سەرکردەیە، کەسی بەرزیان تێدایە هەشیانە ئەوکاتە بەرز بوو ئێستا لەماڵی خۆی دانیشتووە. نزیکەی سی چل کەسێک پێشمەرگەی پارتیشم رزگارکردووە، کەکاتێک هاتن تەسلیم بوون هەریەکەیان یەکی ٣٠٠ دینارم پێداون، کە ئەوکاتە بەهەر هەموویان ٣٠٠ دیناریان نەبوو، ئەوە مەبلەغ بوو ( بۆ پشتراستکردنەوەی ئەم قسەیە پەیوەندیم بە پێشمەرگەیەکی پارتیەوە کرد بەناوی صالح حسین فتحی خەڵکی بنەکەیە وتی: بەڵێ راستە ئەوکاتە جاش ماڵی خەڵکی تالان دەکرد،پارەیان لەخەڵک دەستاند، بەڵام سەعید جاف هەریەکەمان یەکی ٣٠٠ دیناریشی داپێمانو دالدەشی داین) ئەوانەی تریش کە یەکێتی بوون چەکەکانیانم لێ نەسەندبوون، هەر هەموویان معاشم ئەدایێیان.. یەک دیناریان پێنەبوو فەقیرانە لێیان قەومابوو سەروەتو سامانیان حەیواناتیان هەمووی بەتالان برابوو، هیچیان نەمابوو، پێویست بوو یارمەتی بدرێن.
- ویستت باسی سەرگوڵ ژنی مام رۆستەم بکەیت ؟ بەڵام من نەم بیستووە مام رۆستەم ژنومنداڵی ئەنفالکرابێ و رزگارکرابن ..؟
- با، بەڵێ بەبەڵگەو ئیسپات .. لەفلکەکەی سەرقەڵا وەستابووم تراکتۆرێك هات چوارجوندی تێدابوو، کورێکی تێدابوو ناوی سابیر قەراڵی ئێستا لەسەر قەڵایە لەسەرجادەکە دوکانی داناوە کابرایەکی سورەیە (بچۆ سەردانی بکە )، وتم: ئەوە چییە؟ وتی: والله ئەوەتا ئەو جوندیانە گرتوویانین بەتەمان بمانبەن بۆ چاڵە قوڵەکە مەبەست لەوبەری سیروان (قۆرەتووە) .منیش وتم: دابەزن دەی دادەبەزن، لەجوندیەکانم راخوری وتم: لێانگەرێن بادابەزن ئەگینا بەم ئێوارەیە سەرنگومتان دەکەم، حەڤدە هەژدە کەس دەبوون هەموویان دابەزین پیاوێکی پیریشیان لەگەڵدابوو ئەویش ماوەو ئێستا لەسەر قەڵایە هەموویان دابەزین تەنها ژنێکو دوو منداڵ مابوونەوە، وتم: ئەی ئەوە بۆدانابەزێ؟ وتیان: ئەوە ژنەکەی مام رۆستەمە ناوێرێ دابەزێ .. وتم: مام رۆستەم برای منە ئەویش خوشکی منە دابەزە دەی کچی خۆم دابەزە مەترسە دوو منداڵی جوانکیلەی لەگەڵدابوو، ئەتوت کەون، ئیتر سواری سەیارەشمانکردن بۆکەلار لەوێشەوە هاتبوو بۆسلێمانی رزگاریان ببوو. ئەمە دادە سەرگوڵ ژنی مام رۆستەم کەچی هەتا ئێستا سەردانێکی مام رۆستەمم نەکردووە بلێم من ژنومنداڵی تۆم رزگارکردووە، ئەویش نەیپرسیوە، چونکە دەبێ سەرگوڵخان هەربۆی گێرابێتەوە کە جاشێك موستەشارێك رزگاری کردبێ، ئیتر ئەگەر مام رۆستەم پرسیار نەکات من هەر پرسیاری لێناکەم ( هەر ئەو شەوە تەلەفۆنم بۆ مام رۆستەمکرد بێئەوەی بیناسێت، قسەکانی سەعید جافی پشتراستکردەوە)
- بۆچی پرسیاری لێناکەیت ؟
- ئەی من چ کارم بەوە ئەگەر ئەوە بکەم دەبێ تاوانێکم کردبێ هەتا ئەویش بەفریام بکەوێ من پێویستم بەواسیتە نیە. هەرکەسێکیش دەزانێ دەرزیەکم بەقاچیداکردووە بابێت سوژنێك بکاتەوە بەقاچمدا، ئەما من زۆر بێمنەتم.
- ئەی بۆچی ئێستا ئاوا دەژی ؟
- چۆن دەژیم ؟
- مەبەستم ئەوەیە خۆ مافی ئەوەت هەیە لەپای ئەو چاکانەت حکومەتی هەرێم ژیانت دابین بکات، نەك بەو تەمەنەوە خەریکی کرێکاریو شۆفێری خەڵك بیت..؟
- هەموو بەرپرسانی کوردستان

زانیاریان هەیەو دەزانن، بەڵام بەداخەوە ئەوان تەنها بەدوای خوێنڕێژەکاندا دەگەڕێن، ئەوان شتی جوانیان ناوێ .

- بەڵام موستەشاری تریش هەیە دەڵی من خەڵکم رزگارکردووە..؟
- من هەقم بەسەرکەسی ترەوە نیە، من باسی خۆم دەکەم. رزگاری کردووە یان نەیکردووە نایزانم. من ئەوساشو ئێستاش مەسئولی نەفسی خۆمم. ئەحمەدی حاجی رەشید جوابی بۆناردبووم، وتبووی جێگەمان نەماوەو خۆم نامەوێ تەسلیم ببمەوە حەڤدە هەژدە کەسم هەیە با بۆم رزگاربکات، وتم بیان نێرە (ئەو پێشمەرگانەش جگە لە شەهید ئەحمەدی حاجی رەشید هەموویان ماونو هەنێکیان لەکاسێتەکەدا قسە دەکەن) کە چووم بۆ ملە سورە لەرێگە ٣٥ پێشمەرگەم تووش بوو. وتیان کاک سەعید فریامان بکەوە، چی بکەین، هەر هەموویانم هەڵگرت بردمن بۆ ئیستخبارات هەتا یەکێکیان لەناو ئیستخبارات فیشەکێکی لەدەست دەرچوو، هەرلەوێ هەموو جاشەکانم پەرت کرد. جەماعەتەکەی خۆم ئەوانم گلدایەوە کردمن بە مراباتی سەرجادە هەر ٢٠ مەترو ٣٠ مەتر پێشمەرگەیەکم دانا بوو ئامرلیوا وتبووی: های فوج مال من؟ وتبویان فوج سەعید جاف .. وتبووی : واللە عفیە سعید جاف .. ئاوا رێگەی کۆنترۆڵ کردووە نەیزانیبوو هەموویان پێشمەرگەن، خۆشیان لە کاسیتی ڤیدیۆکە قسەدەکەن ..
- ئەی حیکایەتی ئەو (٣٥) پێشمەرگەیەی لەکەلار کەبابت بۆ کڕیون چۆنە..؟
- ئەوە قائد فرقە بەرەو کفری دەڕۆیشت، دوو ئیڤا پڕ لەچەکداری بەدواوەوە بوو. منیش لێم پرسی سیدی ئەوانە مقاتلی کێن لەگەڵتا ئەویش ووتی : نا بابە ئەوانە مقاتل نین ئەوانە مخربن گیراون، وتم ئەی چۆن چەکیان پێیە؟ وتی: ترسیان نیە، فیشەکیان لێسەندراوە.. ١٥ بە١٥ لە دوو ئیڤادا بوون هەمووشیان تفەنگیان پێبوو بەڵام مخزنیان پێنەبوو، منیش وتم: ئەرێ کاکە من دەناسن؟ پێشمەرگەکان وتیان نەوەڵا نات ناسین، وتم من سەعید جافم ئێستاش نامناسن؟ وتیان: نەخێرناتناسین، قائد فرقە ووتی: ئێمە بەرەو قادرکەرم دەڕۆین، وریای ئەمانەبە بەڵکو بیانگەینیتە ئەوبەری سیروان. وتم بەسەرچاو نزیك بووینەوە لەکەلار چوارسەیارە حیمایەم بوو، تەبگم کرد سەیارە لەکەلارەوە دەڕۆی بۆکفریو لەوێوە دەهات بۆکەلار. قەرەبالغ بوو جادەکەم گرت بەجارێك، چوومە لای جوندیەکان وتم : ئەوە بۆچی وابەجارێك رەنگتان زەردبووەو پەشۆکاون..؟
- وتیان هیلاکینو برسیمانەو جگەرەشمان پێنەماوە ..ئەو وەختە جگەرەی سۆمەری رەشم دەخوارد وتم ئادەی پارچەیەك پاکەتم لەوەی خۆم بۆبهێنن..دامپێیان پێنج جوندی بوون، من لەکفری نانم خواردبوو، بەیانی سەعات نۆ بوو، وتم: من دەڕۆم بۆ کەلار ئەگەر ئێوەش دێن فەرموون نان بخۆن دوایی ئەمانە دەبەین فرێیان دەدەینە شەتەکە. وتیان وەڵاهی خێرت دەگات.. کەهاتن بۆناو کەلار. کەبابچی بەهار بەرانبەر نوسینگەی ئێستای هاوڵاتی لەکەلار خاوەنەکەی فایەقی ناوە دوکانی حاجی مستەفای شاترییە بردمن بۆ ئەوێ، بەکەبابچیەکەم ووت: کاکە لەپێشەوە نان بۆ ئەو ٣٠ کەسە دابنێ ؟ وتی: بۆ؟ وتم : تۆ هەقت چی یە؟ لەکاسیتەکەی لای تۆش کەبابچیەکە ئەو شاهیدیە دەدات، یەکێکی تریش تەنزیمی یەکێتی بووە، ئێستا بەتەمەنە هەموو سەرکردەکانیش بەشەریفی دەزانن، ئەویش قسەدەکات، نانیان خوارد، وتم چایان بۆدابنێن، پەنجاکەسم لەگەڵدا بوو حیمایە. وتم: هەستن بچنە دەرەوە، وتم: کورینە بچنە ئەوبەری سیروان یەك کەستان نایەنەوە، نەمن ئەتان ناسم نە ئێوەش من دەناسن..! بتانبەم نایەنەوە ئەمە ناوکەلارە خۆتان ئەکەن بەکوڵانا، چەك دائەنین دای نانێن، ئەوە موشکیلە نیە بەلامەوە گرنگ ئەوەیە ئێوە رزگاربن. ئەوەنەی بلێی یەكو دوو لەو ٣٠ کەسە یەك دانەیان نەمان هەموویان رۆیشتن خۆیان شاردەوە، جوندی نانیان خواردوو هاتن وتیان کوان؟ .. وتم : چی کوان سەگبابینە؟ کتاب لای ئێوەیە خوڵای من نیە، بە رەشووەی نەفرێك کەباب ئەو هەموو موخەریبەتان بەردا ..؟ وەڵاهی ئیعدامتان دەکەم. دوایی زۆر پارانەوەو دەستی تۆیان ماچ دەکرد قسە نەکەم لای قائید فرقە. ئەمە زۆر کەس شاهیدە لەکەلار لالە فایەقێك هەیە لەبنەرەتدا خەڵکی قەرەداغە، دوکانی بوو لەکەلار یەکێك لەو پێشمەرگانەی رزگاری ببوو کاك حسێنی ناوە. ناونیشانەکەیم هەڵگرتووە، خۆی کردبووە دوکانەکەی ئەودا، پێی وتبوو: باشە ئەو سەعید جافە نانیشی بۆکرینو دەریشی کردین ئەی حکومەت ئیعدامی ناکات؟ لالە فایەق کە تەنزیمی یەکێتی بوو وتبووی: ئەو بتوانێ ٣٠ کەس رزگار بکات، باخۆی ئیعدام بکرێت. دوکاندارەکە لەکاسیتی ڤیدیۆکەدا قسە لەو بارەیەوە دەکات . جا من لەپای رزگارکردنی ئەو هەموو خەڵکەدا ئەم

حکومەتەی خۆمان ئەزیەتم ئەدا، ئیهمالم دەکا باجی چییە من دەیدەم، باجی ئەوەیە کە خەڵکم رزگار کردووە، من وای دەبینم ئەگەر ئەو هەموو خەڵکە بمردایە کەس لێیان هەڵنەدەستا موزاهەرەیان لێبکات.. ئەی ئەگەروانیە بۆ وام پێئەکەن..؟ ئەی بۆچی هەیە سەد کەسی کوشتووە سەد حیمایەی هەیە ؟ بۆ هەیە هەتا کەوتنی صدام لەبەغدا بووە ئەرزەی دراوەتێ، من وەعدی ئەرزیەکیان پێمدا نەیاندامێ .. بۆمن عەیبە باسی پارە بکەم. من بە رووتی لەدایك بووم و ئێستەش جلوبەرگم لەبەردانیە..! ئەوە ٦٧ ساڵیشم تەواو کرد هەر ئەمرین. ئەرێ صدام حوسێن چەندێك سەروەت و سامانی بوو چی برد...؟ ئایا کە سەربەرزم کە دوای مردنیشم چەند کەس هەیە دەڵێت سەعید رزگارمی کرد؟.. چەند خۆشە خەڵك باسی باشەت بکات، نەك جنێوت پێبدات ..؟ سەربەرزم بەوەی ئێستاش هەزاران کەس هەیە لەگەرمیاندا دەڵێن جاش بیت جاشین باش بیت باشین لەگەڵتاین بۆ هەموو شتێك .

- بەلام ئێستا تۆ ژیان و گوزەرانت زۆر خراپە، شۆفێری خەڵکیت، باشە وا حکومەت رێزت ناگرێ ئەی ئەوانەی رزگارت کردوون چۆن قبوڵ دەکەن تۆ ئاوا بژیت، خۆ زۆریان کار بەدەستن..؟
- ئێستا من سایەقی ترێلەم هی خۆم نیە خۆت دەزانی سایەقی خەڵکم .
- من بیستوومە تۆ عەلی حەسەن مەجید هەرەشەی کوشتنی لێکردوویت.. ؟
- ئەوە راستە نوسینگەی باکور دەعوەتی هەموو موستەشارو مەسئولەکانی ئەمن و جەیشیان کردبوو، ئیتر عەلی حەسەن مەجید قسەی کردوو، هەر موستەشارەو هەڵدەستا، قسەی دەکرد، منیش بەناخێری گیانم هەستام لەلای عەلی حەسەن مجید خۆم هەڵبنێم ، ئەویش قسەکەی پێبڕیم و گوتی : عد عد. باهەر بەکوردیەکەی بیلێم. وتی ناوەکەتم بۆ دوبارە بکەرەوە منیش دوبارە ناوی خۆم و فەوجەکەمم پێ وت: قایمەیەکی دەرکرد وتی جەنابت ١٢٠٠ هەزارو دووسەد ناشەریفت خستووەتە ریزی شەریفەکانەوەو ئێستاش دەتەوێ خۆت بکەیت بەشەریف، والله ئیعدامت دەکەم،من دەزانم ١٢٠٠ هەزارو دوسەد مخربت لەلایە.. منیش ناچاربووم وتم: سەیدی راست دەکەیت، بەلام من بەئەمری ئیستخبارات ئەوەم کردووە، هەمووشیان مەوجودن ئیستخبارات وتوویەتی با لەلاتبن بۆئەوەی نەبێتە ئاژاوە پاشان گەورەم من واجبیان پێدەگرم. چەکم داونەتێ، ئێستا ئەوانە باشتر لەمقاتلەکانی ئێمە ئەوکوردە یاخیانە دەکوژن، لەئێمەش و لەجەیشیش شارەزاترن..؟ دواتر ئەوانە ئێستا خۆیان یەکتر دەکوژن، بانەڵێن حزبی بەعس کورد دەکوژن ..بابڵێن کورد کورد دەکوژن، عەلی حەسەن مەجید وتی : عەفیە عەفیە..
- عەلی حەسەن مەجید هەرلەقاعەکە ئەمەی پێ گووتی..؟
- ئا ئا، ئەگەر ئەوەم نەگوتایە نەیاندەهێشت لەقاعەکە بێمە دەرەوە دەیانکوشتم. بەبراکەی شیخ جەعفەری ووت: ئیعدامت دەکەم کەچی ئیعدامی کرد).
- ئەی بۆچی ١١ مانگ گیرایت ؟
- ئەی هەر لەسەر ئەو وەزعە هەرتەقریرم لەسەر دەرۆی ئیتر فەوجەکەمیان حەلکردوو خۆشمیان گرت.
- بەشداری چەند کۆبوونەوەی عەلی حەسەن مەجیدت کردووە..؟ ئامانجی لەو کۆبوونەوانە چی بوو.؟
- دوو کۆبوونەوە، یەکێکیان پێش ئەنفال بوو عەلی حەسەن مەجید هەموو مەسئولەکانی خڕ کردبووە قائیدی عەسکەری و مەسئوڵی حزبی و مدیر ئیستخباراتی عام، مدیری ئەمنی عام، وەلحاصڵ کۆبوونەوەی پێکردین، لەکەرکوك بوو لەشوعبەی رابع، نانی نیوەڕۆشمان هەرلەوێ بوو، ئەوکاتە من فەوجەکەم لەعەربەت بو حیمایەی فرقەی ٢٧ بووم لەسەرجادەکە، لەکۆبوونەوەکەدا وتی: ئێمە هەڵدەستین بە عملیەی ئەنفالی سێ لەکفری، کلار هەتا دەگاتە سنورەکانی سلێمانی، عەلی حەسەن مەجید زۆر تورە بوو. وتی: لۆ کورد یلبس عگال، لۆ عەلی حسن مجید یلبس شروال) یان دەبی کورد هەمووی عەگال بکاتە سەر یان عەلی حەسەن مەجید شەرواڵ بکاتە بەر، من هەرەشەکەی عەلی حسن مەجیدم زۆر بەدراندانە زانی، کە گەڕاینەوە من تەماشامکرد ناوی فەوجەکەی من لەقایمەی بەشداری ئەنفالدا نەبووە، ئەوکاتە عقید جمال هەبوو( جەمالی فاتە) خەڵکی سلێمانی بوو، مدیری حساباتی فرقەی ٢٧ بوو، لەعەربەت مامەڵەم لەگەڵ کرد ١٠٠٠٠ دەهەزاردیناری بدەمێ بەس نقلم بکات بۆ ناو عملییەی ئەنفال، هاتمەوە بۆماڵ لەکفری ١٠٠٠٠ دەهەزاردیناری سویسریم دا بە نوری حاجی سەعید برای صدیق کەپێی دەڵێن ئەبو عەلی قایمقام لەکفری بۆی برد، هەرئەو ئێوارەیە نەقڵ بووم، من تاخیر بووم لەنقلەکە ئەنفالی سێ دەستی پێکردبوو، من کوێم درایە، جادەی کفری – کەلارم

درایە، مەودای ١١ کیلۆمەتر بۆم هەبوو حرکەی تێدابکەم هەتا ملەسورەو ئۆمەربل‌و هەر لەکەلارەوە هەتا دەگەیشتە بەرانبەر سلیمان بەگ ئەو سەرجادەیە بەدەست منەوە بوو، ئیتر هەرچیم تووش هاتبێ لەئەنفالدا ئەوەی بەردەستم کەوتبێ رزگارم کردووە، ئەوەی ماوە ماوەو دەتوانێ بەهەزاران خەڵك ببینێ.

- ئامانجی کۆبوونەوە کەی عەلی حەسن مجید چی بوو..؟
- پیرۆزبایی سەرکەوتنی لێکردین‌و دەستخۆشی لێکردین، کۆبوونەوەکە وای تیگەیشتم بڵێت ئەنفالێکی تریش دەکەم ئەگەر ئێوەش عەگال نەنێنە سەرتان، ئامانجەکەی ئەوەبوو ئەوەی لە ئەنفال دەربازبووەو لە لاملاو ئەولا خۆی حەشارداوە بیانگرێتەوەو ئێمەشی پێوە ئەنفال بکات، ئەیشی کرد.. وەزعەکە بۆی ئەلواند. لەبەغدا قسەیەکم بیست لە عمید روکن سالم ناوی باوکیم بیرنەماوە خەڵکی خالص بوو، وتی: دوای ئەمە پرۆژەی تصفیەکردنی ناوخۆشمان هەیە، مەبەستەکە ئاشکرابوو. ئەوە حاڵەکە بوو ئێوە ئەگەر کوردتان خۆش بویستایە ئێستا سەعید جاف جاڤ تربوو..؟ ئەمەی من کردوومە لە هەر وڵاتێ تر بووایە ئێستا جائیزەی گەورەی وەرگرتبوو.. لە وڵاتان سەگێك رزگاربکەی رێزی تایبەتیت لێ دەگیرێت.
- ئێمە کێین ..؟ من کابرایەکی بێلایەنم، دواتر تۆ بۆ دەتەوێ وەکو ئەو جەلادانە خەڵات بکرێی کە خەڵکیان ئەنفالکردووەو ئەمرۆ لەلایەن دەسەڵاتی کوردیەوە پلەو پایەیان هەیە..؟
- من مەبەستم یەکێتی‌و پارتی نیە، مەبەستم ئەوەیە ئەوەی کوشتوویەتی‌و بردویەتی موعەزەم‌و موکەرەمەو بۆچی هەزاران کەس هاواردەکەن سەعید جاف رزگاری کردوین گوێیان لێناگیرێ.. تا ئێستا بەرپرسێك نە یەکێتی‌و نەپارتی نەبووە، بڵێت با ئێمە ئەم سەعید جافە بانگ بکەین بزانین ئەو هەموو خەڵکەی رزگار کردووە بزانین ئەمە چی یە، سەروچاوی لەمەیمون دەچێ، شێوەی لەکەر دەچێ، دیارە ئەمە کەربووە ئەوەی کردووە.
- دوور لەتۆ بەڵام کاکە ئەوە خەسڵەت‌و سیفەتی دەسەڵاتی کوردیە، ئەوە پەیوەندی بەمنەوە نیە، بەدەست من بوایە حسابێکی ترم بۆ تۆو بۆ هەر کەسێکی تر دەکرد. بەڵام دیارە دەسەڵاتی کوردستان بەس تۆیان بەجاش زانیوە، ئەوانی تر شۆرشگێربوون.
- بە پێکەنینەوە (ئا ئا) من دەزانم بۆ ئەگەر ئەوانەش هەموو بکوژرابانایە،ئەوکاتە کەس نەدەما داوای مافی خۆی بکات.
- ئەگەر یەکێتی یان پارتی پلەوپایەیەکەت پێبدەن بەچی رازی دەبیت، ئایا تۆ پلەوپایەت دەوێ؟
- من پلەوپایەی ئەوانم ناوێ من لە مەنتیقەی خۆمدا سەرکردایەتیەکم بۆخۆم ؟
- سەرکردایەتی چیت..؟ تۆ زۆرخراپ دەژیت، من حاڵت باش دەزانم، ئەی کەوایە بۆچی گلەییان لێدەکەیت؟
- ئەی بۆچی هەموو ٤/١٤ یێك یادی دەکەنەوەو دەیکەن بەهەڵا..؟ ئەی ئەوانەی تاوانیان کردووە بەعسی بوون، ئەمن بوون بۆ هەر مستەشار ؟ کوا موستەشار کێی کوشتووە..؟ یەکێکم بۆبدۆزەرەوە لە کوردستاندا بڵێ ئەوە موستەشار ناوێتی بەناوچاویا ..؟ بزانە هەیە؟
- ئا هەیە .
- هەیە؟
- بەڵێ، هەیە چۆن ئەو قسەیە دەکەیت ؟ موستەشار هەیە قاتلە، مستەشارهەیە ئەنفالچییە، بەدەگمەن هەیانە کەسی نەکوشتبێت تۆ تەماشای خۆت مەکە، مافی خۆتە داکۆکی لەخۆت بکەیت، بەڵام هەق نیە داکۆکی لەموستەشارەکان بکەیت. کەواتە پێت وایە هەموو مستەشارەکان خەلکی شەریفن‌و خەڵك غەدریان لێدەکات.
- ئەی بۆ لەخوارووە ئینتیفازە سەری نەگرت، ئەی بۆلەکوردستان بەعس روخا، خۆ هەمووی چوار پێشمەرگە نەبوو، لەسلێمانیەوە تا خانەقی پێشمەرگەیەکی تێدا بوو؟ ئەی موستەشار نەیکرد..؟
- نەخێر موستەشار نەیکرد، دەرفەتێك بۆخەڵك دروست بوو راپەری، جەماوەر راپەرینی کرد، ئەوانیش ناچاربوون تێکەڵ بەخەڵکبن، بەتایبەتی چەکدارەکانیان، نەك خۆیان جا ئەگەر موستەشار راپەرینی کردووە، کەوایەراپەرین هی ئەوانەو ئێستا خێرمان پێدەکەن کە قسە دەکەین، مستەشار خاوەنی سەروەری نین بەپێچەوانەوە ئەوان روو زەردی بەردەمی مێژووی میللەتێکن، روو زەردی بەردەم کەسوکاری ئەنفالن، برا تۆ تەماشای خۆت مەکە..
- دەی کەوایە هەمووومان مەکینەمان بۆدابنێن‌و بماندەن لەقیمە ..
- نا نا، ناتاندەین لەقیمە خوا دەکا ئێوە لە قیمەمان نادەن، باشەتۆ بۆخۆت تیکەڵی جەلادو پیاوکوژەکان دەکەیت، برا تۆ سەربەرزیت بەوەی خەڵکێکی زۆرت رزگارکردووە، موستەشاریش هەیە سەرشۆرە بەوەی ژن‌و کچی تەسلیم بە بەعسکردووە،

هەیە خەڵکێکی زۆری فریوداوەو تەسلیمی کردوون‌و ئێستاش بێسەرو شوێنن، هەیشە هەڵخەڵەتێنراوەو خزم‌وکەسوکاری خۆی تەسلیم کردووە.. ئەوە دادگا دەتوانێ یەکلایی بکاتەوە نەك من.

- باواز لەو مشتومرە بێنین، ئەو رۆژەی ئیخباری پێشمەرگەیان کردووەو تۆ چوویتە ماڵی مەلا رەحیمی سەرقەڵا بۆچی چوویت..؟

- زەلامێك هات وتی: چوارپێنج پێشمەرگە لەوێن لەژورەکەی لای بیرەکەوەن .

- منیش چووم سەلامم کرد. وتم: دایە حاجی چۆنی؟ بەدایکی مەلا رەحیمم وت:

- ئەتوانیت ناوی ئەو زەلامە بڵێیت کە ئیخباریەکی کردن..

- نەخێر، لەبەر کێشەی عەشایەری باش نیە. رەنگ هەیە لەیادیشم نەمابێ ، بروا بکە کەس هەیە خزمی بەرپرسی زۆر گەورەی ئێستای یەکێك لەم حزبانە هاتووە بۆ لام دەیگوت: بزانە ئەمەمان بۆ ناکوژی سەرشۆری کردووین لەلای حکومەت.

- ئێ ئەوەی مالی مەلا رەحیم

- ئیتر کە چوومە حەوشە وتم: دایە حاجی هاتووم چایەك بخۆم ئەوە هەربەرەو لای بیرەکەش دەرۆم ئەویش پێشی پێدەگرتم، وتی: مەچۆ بۆ ئەولایە. وەرە بۆ ژوورەوە حەوت چایت بۆلێدەنێم،

وتم : کەواتە ئەوانە حەوتن؟، وا پەشۆکابوو، وتی : ئەرێوەالله حەوتن. بموەقوربانت وتم دەباشە چایش ناخۆم دەرۆم ئیتر چایشم نەخوارد رۆیشتم، باشە ئەگەر من لە گرتنیان بومایە بەخوا پارەیەکی زۆرباشیشیان دەکرد، لەسەر قەڵا هەرچواردەوری جەیش بوو. کورە ئینجا با شتێکی ترت بۆ بگێرمەوە، رۆژێك ئامر لیوا تەلەفۆنی بۆکردم وتی: سەعید قەرزاریت ، منیش ووتم: ئەی دوێنی قەرزەکەتم نەدایەوە، وتی: نا بابە قەرزی ئەمجارەت گەورەیە. وتم چۆن ؟ وتی: پاش کەمێکی تر دەیزانی ..منیش بەنیازبووم برۆم بۆ کفری تەلەفۆنەکەی تەواو کردوو رۆیشتم، لەسەر پردەکەی برایم خان لەلای غەسالەکەی سەرقەڵا پردێکی لێیە.. وتیان: هات. وتم: چی هات ؟؟ وتیان: نابینی پێشمەرگە قەتارەیان بەستبوو، زۆر زۆر بوون، بەهەموو چەك‌و تفاقەکانیانەوە دیکتارۆف‌و بیکەیسی‌و ئاربیجی لەسەرشانیان دانابوو بەریز بەدوای یەکدا دەهاتن، منیش وەستام کە نزیك بوونەوە. وتیان: کاك سەعید فریامان کەوە، ئێمە بەکاغەزێکی تۆ گەراوینەتەوە، کاك ئەحمەدی حاجی رشید وتوویەتی برۆن سەعید چارتان دەکات، لەو سەرەوە عەسکەریەکە گرتووینی ئیمەش وتوومانە ئیمە جەماعەت سەعید جافین‌و عایدی ئەوین چەکەکانیان داوینەتەوە.. بەخوا فریامان نەکەوی هەمووومان دەفەوتێن .. ئەی برا رۆ ئەمانە ٣٥ کەسن‌و هەیانە زابتی گەورەی کوشتووە، هەیانە تەقەی لە ئیستخبارات کردووە، هەیانە مەسئول گەورەی کوشتووە.. خێرا عەدەم تەعەرزم بۆکردن‌و پەرت‌و بڵاوم کردنەوە، هەر وەچەکەکان خۆیانەوە.. ئێستا ئەوانە چواریان لەناو پارتیدایە ٣١ کەسیان یەکێتین یان سەربە یەکێتین، پلەوپایەیان هەیە عقیدن‌و مەسئولن ئەمە بێجگە لەو ٨١ کەسەی تریش کە پیشتر باسم کردن بێ لەو سی کەسەی لەکەلار نان‌و کەبابەکەیان خوارد..

- ئەمانە پێشمەرگەبوون، دەتتوانی حکومەت چەواشەبکەیت‌و دەتگوت ئەمانە جاشی منن، ئەی خەڵکی مەدەنیت چۆن دەشاردەوە..؟

- ئەوانیش هەبوو چەکی خۆمانمان دەدانێ، یان جاشەکانم ئیزن دەدایەوە بۆ ماڵەوەو ئەوانم لە مقەر دادەنا،من شایەتم هەیە. نەجمەدین هەیە لە کفری نانەوای هەبوو، ئەوکاتە نزیکەی شەش شەوو شەش رۆژ بارانێك باری بێ وەستان، ئەو نەجمەدینە بەشایەتە، هەموو رۆژێ سێ سەیارەی من پڕ دەکرا لەنان‌و دەمنارد بۆ ئەو هەردو جەوەڵانە بۆئەوانەی مابوونەوە هێشتا نەهاتبوونە خوارەوە ئیتر ئەوە شوان بوو، ئەوە گاوان بوو، ئەوە خەڵکی تربوو.. خۆم گەیشتمە لای حاجی عەوار، بینیم رانە مەرێکی زۆر زۆر وەك توکی سەر تێکەڵ ببون، بەخوا ئەگەر بڵێم ٥٠ شوان دەبوون لەوناوە عەسکەرێ دەورەی دابوون، نیازیان خەراپ بوو، کەگەیشتمە سەریان پەلاماری عەسکەرێکەم دا هەموویم رزگارکرد، خۆیان لەشریتەکەدا باسی دەکەن، دەڵێن ئەمە جاش نیە، ئەمە ئیمام عەلییە. بەهانامانەوە هات.

- باشە تۆ باوکت ئاغایەکی دەست رۆیشتوو بوو یان هیچ تروسکاییەکت دەبینی کەلێت قەوما لەناو بەعسدا فریات بکەون.. ؟ یان هەرموجازەفەیەك بوو، خۆت دەتکرد.

- من کوری ئاغانیم بەپێچەوانەوە مسکێنم، بەڵام تەنگانە بوو دەبوایە فریای خەڵك بکەوتمایە، دەمزانی ئەوەی چووە ئەوبەر سیروان نایەتەوە سەردنیا، خەڵك هەبووە داوای دەکرد تسلیمی بکەم نەمکردووە، لە شریتەکەدا خەڵك هەیە ئەوە دەگێڕێتەوە، من پێموتن کوێتان دەوێ دەتانبەم بەڵام تەسلیمتان ناکەمەوە، پێموتن ئەوەی تسلیم بێتەوە چاوی

بەدنیا ناکەوێتەوە، بەشایەت ئەمەم بەخەڵك وتووە،پێموتون ڕۆژێکەو ئەمرۆ. ئەمرۆ من فریای ئێوە دەکەوم بۆکوێ دەڵێن دەتانبەم، نامەوێ کەس سبەی پێم بڵێ سەعید جاف کورەکانمانی دایەدەستەوە، سبەی من پێویستم بە ئێوە دەبێ، ڕۆژێك دەبێ ئێوە باڵا دەست دەبن من دێم تەشەبوز بەئێوە دەکەم. ئەوە لەکاسێتەکەدا خۆیان پێشمەرگەکان ئەم قسەیە دەگێڕنەوە.

- کاك سەعید بەموستەشارەکانت نەدەگوت مەردبن وەکو من خەڵك ڕزگاربکەن.؟ چونکە ئەوانەی من بینیومن لەکاسێتەکاندا دەڵێن تەنها سەعید جاف فریامان کەوتووە موستەشارەکانی تر کەس بەهانامانەوە نەهاتووە..؟
- ئەو ڕۆژە باوك لەگەڵ ئەولادی خۆی نەیدەتوانی ئەو قسەیە بکات، من چۆن دەمتوانی بەوانە بڵێم .. ئەوەشی کردبێتی بەدزیەوە کردویەتی نەیهێشتووە کەس پێی بزانێت.
- ئەی کەوایە چۆن مایتەوە بۆ ئەم ڕۆژە چۆن بەعس ئیعدامی نەکردوویت ..؟ چۆن لەناو ئەوهەمووو چاوی جاسوسو گورگانەی بەعس گەیشتیتە ئەمرۆ؟
- ئاخر من کە بروسکەکەی سەرکردایەتی گەیشتبووە پێشمەرگەو وتبووی فریای خۆتان بکەونو ئینسحاب بکەن، گوتم خوا کچی خەڵك خوشکم بێو ژنیان خوشکم بێ، ئیتر عەهدێکم لەگەڵ خۆم کرد، وتم : ئیتر منو ویژدانی خۆمو ئەو خەڵکە، ژیانم ناوێ ماڵم ناوێ سەروەتو سامانم ناوێ، بەرژەوەندی خۆمم ناوێ، ئەگەرپیاوبم سەعید جاف بم، ئەوەی بەردەستم بکەوێ ناهێڵم بڕوا، من وەعدم کردبوو کە نەترسمو بەفریای خەڵك بکەوم.. ئیتر چۆن مامەوە ئەوە خوا بەفریام کەوت. لیژنەیەك لە موخابەراتی عامەوە هاتن بۆ تەفتیش هەرچی داڵدەم دابوو تەوزیعم کردن بۆ واجب، نەمهێشت یەك کەس بگیرێ.
- لیژنەکە کێ بوون ..؟
- هەمووی عەقیدوعەمیدو پلەداربوون.
- چەکدارەکانیشت باش بوون، دەنا ئەگەر ئەوان ئیخبارییان بکردیتایە نەتدەتوانی ئەو هەموو موجازەفەیە بکەیت.. ئەی هیچ چەکدارێکی خۆت سزاداوە لەسەر ئەوەی خراپەکاری کردبێ ..؟
- بەڵێ کردوومە.. ئەویش لەلای من نەبوو لە فەوجێکی تر تورە ببوو هاتبووە لای من..
- کەس هەیە لەگەڵ تۆدا جاش بوبێ ئێستا لە حکومەتدا دەسەڵاتداربێ .؟
- جاش بوبێ ئێستا مەسئول بێت .. ئۆۆۆۆ! کورە هەرمەپرسە ئەعلا ڕوتبە بەرزترین پۆست، بەڵام سوێندیان داوم باسیان نەکەم ..
- من بیستوومە تۆ شەهید ( حەمە ڕەش) ی گەرمیانیشت ڕزگارکردووە ؟
- بەڵێ ئەوەی ئۆمەربلو ئەوەی ماڵی حاجی حەسەن شەهید حەمە ڕەشیشیان لەگەڵدا بوو، ئەگینا نەمگرتووە یان نەهاتووە تەسلیم بوو بێتەوە. حەمە ڕەش قارەمان بوو.
- ئەی کە ڕاپەرین بوو تۆ فەوجەکەت پەیوەندیتان بەکام حزبەوە کرد ؟
- ئەوکاتەی ڕاپەرین بوو من تازە لەسجن بەربووم، فەوجەکەم حەلکرابوو، من ١١ مانگبوو گیرابووم،پەیوەندیم بەکەسەوە نەکرد، بەڵام چەکدارەکانم هاتنەوە بۆ لام وتیان کاکە ئەوکاتە ئێمە لەگەڵتابووینو ئێستاش ئامادەین لەگەڵتابین، بەڵام من نەمکرد، تەنها ئەوەندە نەبێ لەماڵی کاك حەمەی حاجی مەحموی هارونی، کاك نێچیرڤان بارزانیم بینی ووتی: سەعید جاف ئەبێ لەشەڕی خانەقیندا بەشداربیو ئەمرۆ ڕۆژی کوردە، وتم: بە سەرچاو لەهەمان کاتدا من کە لەگەڵ کاك نێچیرڤان دانیشتبوم کە هاتمە دەرەوە تەنها یەك سەیارەم مابوو، کاك فاروقی حەمەی حەمەصالح شاهیدمە، بووە دەنگە دەنگ،سەیارەکەمیان بردبوو، کەکاك نێچیرڤان بارزانی هاتە دەرەوە،وتی: ئەوەچییە؟ وتیان والله سەیارەکەی سەعید جافیان بردووە، هەرلەوێ کاغەزێکی بۆ نوسیم وتی: دوای جەژن وەرە بۆلام، منیش چووم بۆلای نەیانهێشت بیبینم، ئیتر نەچوومەوە ئەو سەیارەیەشم بوو ئەویش فەوتا نەیاندامەوە. ئەو نەیپرسیەوەو منیش نەچوومەوە بۆلای، وەرقەکەشم لەکەلوپەل شۆردنا فەوتا.
- تۆ لەپرسیارەکەم تێنەگەیشتی تۆ بوویت بەیەکێتی یان بەپارتی ؟
- من کورد بووم
- ئەی خۆ ئەوانیش کوردن بۆ ئەوان کورد نین..؟
- من بوومە پارتی بەڵام هەقم بەسەر هەموویانەوە هەیە بێمنەتبن هیچیان تاکە دیناریکیان دابێتە من.
- ئەی ئێستا چیت ؟
- ئێستا هەژارم (بەپێکەنینەوە) خۆم بەهیچکامیان نازانم. ڕۆژەکەی وایە بکوژ لە خەڵکانێك بەرێزترو بەحورمەتتر تەماشادەکرێ لەکەسێك کەخەلکی لەئەنفالدا ڕزگارکردبێ. ڕەنگە بەرپرسیاریش بم لەسەر ئەم قسانە ئەما مەمنونی کەس نابم. ئەو غەدرەی یەکێتی وپارتی لەمنیان کردووە، لە مێژودا شتی وانەبوو . ئیتر مەمنونی چییان بم.

### ئەحمەد حمە ساڵح عبدللە:

## نازناوی جاشێتیمان بۆ خزمەتکردنی قەوموکەسووکارونەتەوەکەمان قبووڵ کرد، نەك بۆخیانەت کردن بەرامبەر بەگەلەکەمان

دیداری : باوکی لاس

**پاش ئەوەی زانیمان کە(حەمە صالح عبدالله حاجی حسێن) لەپەلامارەکانی ئەنفالی سێی گەرمیاندا،رۆڵی باشی لەرزگارکردنی خەڵکی گەرمیاندا گێراوە، ناوبراو کەئێستا کۆچی دوایی کردووەو لەژیاندا نەماوە ئەوکاتە فەرماندەی سریە بووە لەفەوجی بەرگری بەناو نیشتمانی ٣٥ . بەڵام ئەم پیاوە وێرای جاشایەتیو خیانەتی نیشتمانیەکەشی کۆمەڵێك خەڵکی زۆری لە دەست ئەنفال رزگارکردووەو لەتەنگانەدا فریایان کەوتووە. لەناویاندا حەمەعەلی عالیانەو کەیەکێکە لە ٧ دەربازبووەکەی گۆری بەکۆمەڵ، ئەمەو کۆمەڵێك خەڵکی تر کەناکۆكو ناتەباش بون تا ئاستی دوژمنایەتی لەگەڵیاندا کەچی لەئەنفالدا بەهانایانەوە دێتو لەدۆزەخی ئەنفال رزگاریان دەکات، بۆیە ( ئەحمەد حەمە صالح عبدولا) کەکوریەتی بەم دیدارەدا بەسەرمان کردەوە.**

- کاك ئەحمەد تۆ کوڕی حمە سالح عبدللە حاجی حسێن ئامرسریەی فەوجی ٣٥ ی
- بەڵێ ..
- لەسەروەختی پەلامارەکانی ئەنفالدا چەکداری درەندەترین رژێمی سیاسی بون،
- بەڵێ .
- سەربەچی عەشرەتێکن ؟

رۆغزایی

- پێش ئەنفال لەکوێ دادەنیشتن..؟
- ئێمە هەتا ساڵی ١٩٧٧لەگوندەکەی خۆمان کوردەمیری حاجی حسێن دادەنیشتین، بەڵام لەوە بەدوا بارمانکرد بۆ کەلار، بەڵام ماڵی مامەو ئامۆزاو براکانی باوکم لەگەڵ کەسووکارەکەماندا هەموویان لەگوندی کوردەمیری حاجی حسین مابوون . هەتاوەکو ساڵی ١٩٨٤.
- پێشتر کارتان چی بوو؟

هەر بەکشتوکاڵو کاروباری لادێوە خەریکی کاسبی خۆمان بووین.

- چی وای لێکردن چەك هەڵگرنو ببن بەجاش؟




لەراستیدا تووشی کێشەیەکی گەورەی عەشایەری بووین لەگەڵ خەڵکی کوندێکی هاوسنووری خۆمان، بەداخەوە تووشی دوژمنداری بووین. لەبەر بارودۆخی ئەوکاتەی ئێمە بۆ ئەوەی کێشەکەمان گەورەتر نەبێتەوە هەموو خزمان وامان پێ باش بوو کەسووکار پێکەوەبین. بۆیە سەرجەم ماڵەکانی ئێمە لەکوندی کوردەمیری حاجی حسین بەبەڵگەی رەسمی کەلەلایەن هێزی (پ.م)ی سنوورەکەوە بۆیان کرابوو باریان کرد، بۆ شاری کەلار، کەزیاتر لە ٢٥ماڵ بووین. ئیتر گوندەکەی خۆمان بەجێ هێشت و هاتنە کەلار ئەودەمە شەری ئێران –عیراق بوو، وەزعەکە زۆر خراپوو، سەرجەم کەسووکارەکەی ئێمە سەربازی هەڵاتوو فیرار(هارب)بووین ئەمەش وای کرد کە خزمان وایان بەباش زانی بۆخۆ رزگارکردن لەئاگری شەری ئێران-عیراق ببنە چەکدار تاکو ژیانمان پارێزراوبێت. بۆ یە باوکیشم سرییەکی لەفەوجی ٣٥ وەرگرت.

- هەرلەبەرئەوەی خەڵکتان فیراربوو یان هەر دوای ئەو دیاردەی جاشایەتیە کەوتبوون، کەبەعس دروستی کردبوو ؟
- نا چەك هەڵگرتنەکەی ئێمە دووهۆکاری هەبوو یەکەمیان لەسەرەوە باسمان کرد، ئەوی تریان لەبەر ئەوەی کێشەی عەشایەریمان هەبوو، دەبوو بۆپاراستنی کیانی خۆمان چەکداربین. تاکو چارەسەری کێشەکەمان دەکەین واتە ئێمە لەبەرکێشەی دوژمنداری و شەری

ئێران-عیراق بووینە چەكدار نەك وەك عادەت یان دڵسۆزی بۆ بەعس.

- لەوكاتەی چەكدار بوون چۆن سەیری خۆتان دەكرد یان بەشێوەیەكی تر بڵێین خەڵك چۆن تەماشای دەكردن ؟

- هەمووخەڵكی گەرمیان و تەنانەت ئەوبەرپرسانەی ئەوكاتەی شۆرشیش كەلە گەرمیان بوون بنەماڵەكەی ئێمەیان ناسی بێت ئەیانزانی كەئێمە بەهۆی كێشەی عەشایەرییەوە چەكمان هەڵگرتووەو هیچ مەبەست و نێتێكی خراپەكاریمان نەبووە بەرامبەر بەگەلەكەمان . بۆوەبیرهێنانەوە ئێمە تەنها لەبنەماڵەو تیرەكەماندا زیاتر لە٣٨ شەهیدی سەنگەرمان هەیە، كەلەشۆرشی نوێ دا بوونە. یەكێك لەو شەهیدانەش (مامم)ە واتە برای باوكمە كەلەگوندی (كانی گوڵ) لەشەرێكی سەختدا لەساڵی ١٩٧٨دا كۆپتەر شەهیدی كردووە.

- ئەنفال لای ئێوە جی بوو؟

- ئەنفال ئەو تراژیدیا مێژووییە كەبەسەر گەلەكەماندا هات .بەڵام بەداخەوە ئەمرۆ واخەریكە لەبیر دەچێتەوە جونكە ئەوەی كەبینیمان لەئەنفالدا خەڵكی جی بەسەرهات بەتایبەتی خەڵكی گەرمیان. بۆیە ئەبوایە دەسەڵات و حكومەتی كوردی گوند بەگوندی ئەم وڵاتەی وەك بەهەشت لێ بكردایە سەرجەم پرۆژە خزمەتگوزارییەكانی بۆیان دابین بكردایە وەتەقدیری قوربانیانی ئەنفالی بكردایە .بەڵام بەداخەوە بەپێچەوانەوە دووبارە گوندەكانی كوردستان لەسەردەمی حكومرانی خۆماڵیدا لەبەركەمی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەكان چۆڵ دەبنەوە. ئەمەش دووبارە ئەنفال كردنی ژێرخانی ئابووری كوردستان ئومێد دەكەین ئاورێك لەخەڵكی بەش مەینەتی پاشماوەی ئەنفال بدرێتەوە .

- ئێوە لەئەنفال دا جەند كەستان ئەنفالكردووە؟

كەسمان ئەنفالنەكردووەو كەسیش شكاتی لێمان نیە، بەپێچەوانەوە خەڵكمان رزگاركردووە .

-باواز لەو قسە عادەتیانە بێنین كە هەموو موستەشارەكانو بەشداربووەكانی ئەنفال دەیكەنو دەڵێن خەڵكمان

## بەداخەوە ئێستاش حورمەتی ئەوانە زیاترە لەناو ئەم دەسەڵاتەی ئەمرۆدا، كەخەڵكیان ئەنفالكردووە

رزگاركردووە، بەبەڵگەوە چەند كەستان رزگاركرد ؟ كێن ئەوانە؟ ئایا ئامادەن شایەتی بدەن..؟

بەڵێ هەنو لەوبڕوایەشدام شایەتی بدەن..ئەگەر شایەتیش نەدەن ناهەقی دەكەن، زۆریان ماونو لە ژیاندان..بێجگە لەوە كاتی پێش هێرشەكانیش، هەموو لایەك دە زانن ئەنفالكردن وكاولكردنی گوندەكانی كوردستان بەجەند قۆناغێك بووە، سەرەتا رژێم گوندەكانی سەرجادەی روخاندو چۆڵی كردن، ئەمەش بۆئەوەی هیچ پەیوەندیەك لەنێوان شارولادێ دا نەمێنێت .ئەودەمە ئێمە دوو( ڕەبیە) مان هەبوو یەكێكیان لەسەرڕێگای كفری-كەلار بوو بەرامبەر بەگوندی (حاجی عەواد). وە تەنها (ڕەبیە)بوو كەڕێگامان كردبووەوە بۆخەڵكی لادێكان كە دوورەدەست بوون، بگرە هێزی پێشمەرگەش كە بەئازادی هەموو شەوێك لەبن دەستی ڕەبیەكەی ئێمەدا خواردن وپێداویستیەكانیان دەبردوو هاتووچۆیان دەكرد، هەندێك جار شتەكانیان لەربیەكەی ئێمە دادەنا تاكو شەو دادەهات. دەیان جار هێزی پێشمەرگە چەند مەترێك لەدووری تەلی ڕەبیەكەی ئێمەوە هاتوچۆیانكردووە بۆناوچەی زەنگاباد و یان بە پێچەوانەوە بۆ قەرەداغ سەنگاو. زۆرجار پێمان دەگوتن كاكە ئەوندە نزیك لەرەبیەكەمانەوە هاتووچۆ مەكەن باحكومەت ئیعدامان نەكات . جونكە باوكم لەلایەن حكومەتەوە مەراقەبە دەكرا .وە سێ جار لەلایەن ئیستخباراتی رژێمەوە دەستگیركراوە جارێكیان پێشمەرگەیەكی هێزی پشتگیری بەناوی(كریم حمە رەش) كە خەڵكی گوندی كوردە میری میرئەحمەد بوو، تووشی نەخۆشی سیل بوو باوكم وەرەقەی بۆكردو بردی بۆ بغداد، بۆ دكتۆر عیلاجی باشی بۆ وەرگرت . لەكاتی رۆیشتنەوەی بۆ لادێ ئیخباری كرا دەستگیر كرا لەلایەن ئستخباراتی كەلارەوە باوكیشم گیرا لەگەڵیدا واستەی زۆر گەورەیان بۆكرا لەلایەن (تاهیرعسمان) وە تاكو ئازادكران، لە ئیستخبارات . بەمەرجێك بەباوكمیان گوتبوو تۆ ئازاد ئەكەین بەلام باوكم قبوڵی نەكردبوو تاوەكو پێكەوە ئازادكران.

ئەو پێشمەرگەیە ماوە ؟

بەڵێ لەژیانداماوە ..

دوایش هەر باوكم خۆی ڕەوانەی لادێی كردەوە .وەئێستایش ناوبراو لەژیاندا ماوە .پاشان پەلاماری ئەنفالی سەرتاسەری

دەستی پێکرد، ئای ئەورۆژانە چ ڕۆژێکی شوم بوو باوکی خۆمم بینیەوە دەگیریا بۆ ئەو خەڵکە. بەڵام ئەوەی پێکراو لەدەستی هات بۆ ڕزگارکردنی ئەوخەڵکە درێغی نەکرد.خۆیی و زیاتر لە٢٥ چەکداری لەکەسە زۆر نزیکەکانی خۆمانی تەرخان کردبوو بۆ ڕزگارکردنی ئەوخەڵکانەی کەلە گوندی (ملە سورەو کوڵەجۆی حاجی حمەجان) کۆبوونەوە بەبێ جیاوازی تیرە و تایفەوعەشیرەت زیاتر(٢٥٠٠ ) دووهەزارو پێنج سەد کەسی ڕزگارکردوە، هێناومانە بۆ (سمود) واتە ناحیەی ڕزگاری کەهەر ئەو کاتەش ڕەبیەکەی ئێمە لە(سمود) لە سەرووی گەرەکی حەوت هەزار تەنها ڕەبیە بووە لە٩٠٪ی خەڵکی ڕزگاربوو لەئەنفالدا لەلای ڕەبیەکەی ئێمەوە هاتوونەتەناوسمودەوەو ڕزگاریان بووە

– ئەوانەی ڕزگارتان کردوون خزمی خۆتان بوون یان خەڵکی تر بوون.

–دۆستوناسیاویشیان تێدابووە،بەڵام ئێمە لە ئەنفال دا( دوژمنەکانی خۆشمانمان) ڕزگارکرد نەمان هێشت یەك کەسیان دەستگیر بکرێت و تیا بچن.

–چۆن ئەگەر وابێ ئەمە کارێکی ئاسایی نیە ؟

–بەڵێ کردوومانە دەتوانی بپرسی .. کاتێك لەگوندی کوڵەجۆو ملە سورە دوژمنەکانمان چاویان بەباوکمو جەماعەتەکەی دەکەوێت زۆر دەترسن. بەڵام باوکم پێیان دەڵێت ئێمە ئەمرۆ دوژمنی ئێوە نین جونکە ئێوە هیچ دەسەڵاتێکتان نیە. ئەوەی لەوێ بوو( چ ژن و منداڵیان یان،پیاوەکانیان کە زۆربەیان پێشمەرگەو هێزی پشتگیری بوون، باوکم ڕزگاریانی کردو لەکەلارو شارەزور،تەسلیمی دەستی خزمەکانیانی کردن، تەنانەت کاك (عدنانی حمەی مینا) لەدوای ڕاپەرین ئەم مەوقیفەی باوکمی بەجەنابی مام جلالی گوتووبوو. بۆ زانینی بەڕێزتان زیاترلە ٥٨پێشمەرگەی ڕەسمیوپێشمەرگەی هێزی پشتگیری ئێمە لەئەنفال ڕزگارمان کردون. زۆربەی هەرە زۆریان لەناو ڕەبیەو ماڵەکانی خۆماندا شاردومانەنەوەو پاراستوومانن، لە بیرمە پێشمەرگەیەك خەڵکی گوندی (مەسۆیی ) بوو بەناوی (محمدی نەهێ) برینداربوو قاچێکی شکابوو بەکۆڵ هەڵمان گرتوو ڕزگارمان کرد نەمان هێشت بەر ئەنفال بکەوێت، ئێستاش لەژیاندامەوە. وە زۆربەی زۆری ئەو خەڵکەی کەئێمە ڕزگارمان کردون ژنو منداڵ وپیرو پەکەوتەبوون، هەندێك لەوخەڵکانە خێزان وکەسووکاری پێشمەرکەیشی تیابووە، بۆیە دەڵێم بەشاهیدی هەموو ئەوخەڵکەی کە ڕزگاریان بوو لە ئەنفال تەنها کەس (حمەساڵح عبدللە) بوو بەدەنگی بەرز لەناو قەرەباڵخی ئەوخەڵکە زۆرەی کەلەگوندی (ملەسورەو کوڵەجۆ) هاواری دەکردو دەگریا خەڵکینە خۆتان ڕزگار بکەن حکومەت ئەتانکوژێت ماڵ بەجێ بهێڵن وبەسەلتی ڕاکەن کەس خاوەنی ماڵ نیە.

ئەوەی کەبە قسەی باوکمی دەکرد شەوانە دەری دەکردن بۆ(سمود) هەرشەوێ سێ تا جوار وەجبەی دەردەکرد بۆهەر وەجبەیەك پێنج چەکداری لەمامەو ئامۆزاکانی خۆمان دەکردەرێپیشاندەر تاکو ئەیان بردنە ناو(سمود) خۆمە باسی ڕۆڵی مامەو ئامۆزاکانیشم بکەم کە هاوکاری باشی باوکم بوون، بۆ ڕزگارکردنی ئەوخەڵکە لەدوای پرۆسەی ئەنفال، داڵدەمان داون تاکو ڕژێم لێبوردنی گشتی دەرکردوو هیچ مەترسی لەسەریان نەما، بۆیە ئێمە شانازی وە باوکمانەوە دەکەین وەمایەی فەخرە بۆ بنەماڵەوخزموکەسووکارو عەشرەتەکەیشمان جونکە توانی لەپەلاماری بەدناوی ئەنفال دا دەستی خێرو ڕزگار کەربووە نەك دەستی خیانەت و خەڵك بەئەنفال دان. ئەوەیش بۆ خۆی گەورەیە. جونکە ئێستاش ڕۆژانە خەڵکی ڕەحمەتی بۆ دەنێرێت ...

بۆیە پێم خۆشە وشەی جاش بۆ خەڵك شیبکەمەوە هەموو جاشێك تاوانبارنیە، حەق وایە ئەم ووشەیە وەکو ڕەنگ ناوی هەبێت جاش هەبووە خۆ فرۆش و گەل فرۆش بووە، وەجاش هەبووە نازناوی خراپی جاشێتی خستوەتە سەرشانی خۆی بەڵام لەبەر ڕزگارکردنی خەڵکی هەژارو کەسووکاری گەلەکەی تیانەجێت لەجەنگەکانی ئێران-عێراق دا .بەڵام جێگای داخە تاکو ئێستا جیاوازی نەکراوە لەنێوان ئەوانەی خەڵکیان کووشتووەو خەڵکیان ئەنفال کردوە. وەئەوانەشی وەکو ئێمە لەئەنفال خەڵکی ڕزگارکردوە..بەداخەوە ئێستاش حورمەتی ئەوانە زیاترە لەناو ئەم دەسەڵاتەی ئەمرۆدا، کە خەڵکیان ئەنفالکردووە. ئێمە هیچ منەتمان نیە جونکە لەبەرخوداو کورد کردومانە، خەڵکی گەرمیان بەگشتی دەزانێت کە ئێمە دڵسۆز بووین بۆنەتەوەکەمان یان خۆفرۆش بووین، ئەوەبەسە بۆ ئێمە کەلە کەناڵی (کوردسات) خەڵکی

ڕزگاربوو لەپرۆسەی ئەنفال دەڵێت (حمە سالح عبدلله) لەکاتی ئەنفال دا لەپێشمەرگە پێشمەرگە تر بووە. وەلەکاتی کۆچی دوایی ناوبراودا زۆربەی هەرەزۆری کەسوکاروقوربانیەکانی ئەنفال، کەباوکم ڕزگاری کردبوون، کە زۆربەیانمان نەدەناسی قوڕییان ئەپێواو دەگریان هاواریان دەکرد دەیانگوت برای فریادرەسمان لەدەست جوو، ئەوە شانازی بوو بۆ ئێمەو کەسووکارەکەمان.

دووبارە تەئکید ئەکەمەوە تەنها نازناوی جاشیمان بۆخزمەتکردنی قەوموکەس ووکارونەتەوەکەمان قبووڵ کرد. نەك بۆخیانەت کردن بەرامبەر بەگەلەکەمان

- بیستم حەمە عەلی عالیان ئەوەی کەلەگۆڕە بەکۆمەڵەکان گەڕاوەتەوە ئێوە ڕزگارتان کردووە ئەوە چۆن بووە؟

کاتێك حەمە عەلی، لەپەلاماری ئەنفالدا دەگیرێ و دوایی دەیان بەن بۆبیابان بۆ ئەوەی لەناویان بەرن, لەکاتی گوولله باران کردنیان، حەمە عەلی توانی هەڵبێت و لەکۆمەڵکوژییەکە ڕزگاری بێت و تادەگاتە نزیکی شارۆچکەیەکی عەرەب نشین, لەوێ جارێکی دەسگیری دەکەن دووبارەو ڕەوانەی ئەمنی عامەی دەکەنەوە, لەکاتی لێکۆڵینەوەکەیدا دەڵێت: (من چەکداری حەمە سالح عبدلام)،پاشان ئەمنی عامە باوکمی بانگ کردوو پێیان ووت (محمد علی) چەکداری تۆیە؟ باوکم ووتی بەڵێ وبەنووسراوی ڕەسمی فەوجی (٣٥)ی دیفاع وەتەنی ڕزگاری کرد، بەڵام بەهەشت نووسراوی ڕەسمی ئینجا ڕزگاری بوو, بەڵام بەداخەوە (حمەعلی) لەشەری براکوژیدا شەهید بوو, ئەگینا یەکێك دەبوو ل شاهیدە بەتواناکان شان بەشانی (تەیمورو ئەوانی تر).

★هاوپێچ لیستی ناوی هەندێکی زۆرکەم لەخەڵکەی کە(حمە سالح عبدلله)لەپرۆسەی بەد ناوی ئەنفال ڕزکاری کردوون

دەربارەی ڕاستی دەربازکردنی خەڵك (ئەنفالستان) پەیوەندی کرد بەچەند کەسێکەوە لە دەربازبووەکان، لەپێشەوە عەلی حسین ئەمین خەلکی عالییان کە خزمی حەمەعەلی عالیان کەپاش ئەوەی لە گۆڕە بەکۆمەڵەکان رزگاری دەبیو لەلایەن دائیرەی ئەمنەوە دەگیرێ و دواتر ئامرسرییەکی جاش بەناوی حەمەصالح عبداللە بۆی تێدەکەوێ .

لەبارەی رزگارکردنی حەمەعەلییەوە ( عەلی حسین ئەمین) خەڵکی عالییان کە ئێستا لە ئۆردوگای رزگاری دادەنیشن وپێشتریش لەگوندی عالیان بوون وتی: بەڵێ لەدنیاو قیامەتیش شاهیدی دەدەم کەوا ئەوپیاوە زۆر هاوکاریمانیان کرد،کاتی خۆی حەمە عەلی کەڕای کردبوو، خۆی کردبووە مالێکی عارەبدا،ئەوانیش دابوویانەوە دەست ئەمن، دواتر هێنابوویانەوە بۆ بەغدا، تەحیقیق و تەحیقیقکاری، حەمە عەلی لەلای ئەمن وتبووی: من جاشی حەمە صالح عەبدوللەم لەلای فەتاح بەگ، ئەم حەمە صالح عبداللەیە ئامرسریەی جاش بوو بۆی تێکەوت، بەخوا چور تاپێنج کتاب کرا، هەتا ئەم حەمەصاڵحە کارەکەی هێنایە راستی .. ئەگینا ئەو نەبوایە دەفەوتاو نەدەهاتەوە.. بۆیە ئێمە زۆر مەنونی بوین، ئەوسائێستاش مەنونیانین. پێویستە بەدەر لەلایەنە عاتیفەکەی، دەربازبوونی حەمە عەلی لەرێگەی جاشێکەوە بخەینە بەر چەندین پرسیاری جیاجیاوە.. لەپێش هەموویانەوە بپرسین دەبێ چەند حەمە عەلی تر هەڵاتبن و لەلایەن دام و دەزگاکانی بەعسەوە گیرابنەوەو جارێکی تر بەرەو بیابان و گۆری بەکۆمەڵ برابنەوە..

هەرلەبارەی ئەو هەولانەی حەمەصالح عبداللە حاجی صالح کە ئێستا لەشاری کەلار نزیك سەنتەری گەرمیان دادەنیشێ وتی: بەڵێ ئەو پیاوە دوژمنایەتی بوو لەگەڵ خەڵکێکدا کە خزم خۆمن، ووتی : حەمە صالح عبداله مەدرانە فریای خەڵك کەوت، بەڵێ من شاهیدی دەدەم کە توشی ئەوکەسانە بوو کە ناخۆشیان لەبەینداو بوو پێی وتن : ئەمرۆ ئێمە دوژمن نین، بەهانایانەوە هات و لەو وەزعە ناسکەدا فریایان کەوت. هەرچەندە زروفەکە زۆرناسك بوو، رۆژێك بوو باوك نەیدەپەرژایە سەر کوڕی خۆی، حاجی صالح شایەتی ئەوەشی دا ووتی: من دووشەو دوو رۆژ لەگەڵ ئەوپیاوە دابووم، تەواو هیلاك ببووم، بەلام ئەو هیلاك نەبوو لەخەڵك رزگارکردن، ئەوانەشی رزگاری کردوون مەگەر کەمیان ئەگینا زۆریان ماون و ئێستا لەژیاندان.

ئەگەر بێین ئێمە بەراوردێك بکەین لەنێوان ئەم جۆرە کەسانەدا کەجاش بوون و لەگەڵ ئەو کەسانەش کەپێشمەرگەبوون، سایان فایلیان هەبووە، یان رەفیقەکانی خۆیان دەکوشت بۆ ئەوەی بێنەوەو لەتسلیم بوونەوەدا حکومەت عەفویان بکات.

# ئەنفال زامێکی سارێژنەکراوە بەجەستەی کۆمەڵگای کوردەوارییەوە

محەمەد نوری زۆراب

لەدەستدانی دایك وباوك وخوشك وبراو کەسوکارو دۆستان وئازیزان، بەئاسانی لەهزروبیرماندا ناسڕێتەوە، لەبەرئەوەی ڕۆژانە لەگەڵ ئەو یادەوەریانەدا دەژین کە لەڕابردوودا لەگەڵیاندا بەسەرمان بردوە، ئەو یادەوەریانە بوونەتە بەشێك لەژیانمان بەهەرشوێنێکی زێدی باوباپیراندا گوزەر دەکەیت بیرت بەلای ئەو ساتانەدا دەڕوات کەلەگەڵ ئازیزاندا بەسەرمان بردووە، ئەو یادەوەریانە بونەتە بەشێك لەژیانی ڕۆژانەمان، لەبیرچونەوەیان مەحاڵەو ئاسان نیە کەسێك بتوانێت بەشێك لەژیانی خۆی بیر باتەوە، کردەی ئەنفال زامێکی سارێژ نەکراوە بەجەستەی کۆمەڵگای کوردە واریەوە، سارێژبونەوەی کارێکی ئاسان نیە ودەگمەنە مرۆڤ بتوانێت لەئاستی ئەومەرگەساتە جەرگ بڕەدا خۆی ڕاگرێت و بەئاسانی ئەو تراژیدیایەی بیرچێتەوە، ڕاستە هەمولایەك دەزانین ئەنفال ناوی ئەوشالاوە سەربازیە نامرۆڤانەیە بووکە لەسەر دەستی ڕژێمی تۆتالیتاری بەعس لەدژی گەلی کورد لە باشووری کوردستان ئەنجامدراو سەرخان و ژێرخانی کۆمەڵگای کوردەواری لەبنەوە هەڵتەکاند، بەڵام کاریگەریی وبەرفراوانی ئەوتاوانە کۆمەڵکوژیە بەهەمووبوارێکی ژیاندا ڕۆژووتە خوارەوەو وزامێکی بەسوێیەو تەنها بەباسکردن و نوسین کۆتایی نایەت، لە مێژووی دوورو نزیکی گەلی کوردا کەم وێنەیەو هاوشێوەی مەرگەساتی گەلانی تری جیهانە هیچی لەتاوانی هۆلۆکوسی جولەکەکانی کەمترنیە، بەڵکو کتومت هاوشێوەی یەکترن.

تاوانی ئەنفال بە بەرچاوی هەموو زلهێزەکانی جیهان و هەموڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و هەموو وڵاتە ئیسلامیەکانەوە ئەنجامدرا، هیچ کام لەو دەوڵەت وڕێکخراوو ، لایەنانە بەدەنگ نەهاتن، هاوری گەلی کورد ڕای نەچەڵەکاندن..! بەبێدەنگی نیشانەی ڕازیبونیان بەگوێی ئەنجامدەری ئەوکردە نامرۆڤانەیەدا چرپاند،لەپاڵ ئەمانەشدا ڕۆڵی خراپی جاشە کوردەکان لەهەمووی خراپتر بووە فاکتەرێکی سەرەکی بوو لە بەئەنجام گەیاندنی مەرامی دوژمنان، جێی داخە کورد بەدرێژایی مێژوو، خۆی بەشێك بووە لەو نەهامەتیانەی بەسەریدا هاتون، زۆرجار لەسەنگەری داگیرکەراندابوەو لەدژی میللەت و بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد بەکارهێنراوە، لەسەردەمی ئەنفالیشدا ئەو هەڵەمێژوویە، بەشێوەیەکی دزێوتر دووبارە بۆتەوەو ئەوهێزەچەکدارانەی بەناوی بەرگری نیشتمانیەوە دامەزرابوون لە کوردەکان، ڕۆڵی خراپیان بینی وبەشداری بەرچاویان کرد لە بەگژداچونەوەی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کورد لە باشووری کوردستان، بەتایبەتی مستەشاروبەکری گیراوەکانیان، هەرلەجێگرەکانیانەوە تابە



ئامرسریە ومەفرەزە تایبەتەکانی سەر بەدامودەزگاکانی ڕژێم دەگات، ئەمانە هێزێکی مشەخۆری خۆفرۆش بوون کە وتبوونە ژێرکاریگەری پارە و،کۆکردنەوەی سەروەت وسامان، پشتیان لەگەل وخاك ونیشتمان کردبوو دەستبەرداری خۆشەویستی نەتەوە و ئاو وخاك و پیرۆزیەکانی نیشتمانی دایك ببون،تە نها بیریان لای ئەودەسکەوتەمادیانە بووکە لەتالانکردنی گەلدا بەدەستیان دەکەوت، ئیترعیشق وخۆشەویستی نیشتمانی دایکیان بیرچووبوەوە، زۆربێشەرمانە هەڵسوکەوتیان دەکردئەمان زۆرجارلە پێش سوپای داگیرکەرگریان لەدێهاتەکانی کوردستان بەرئەدا، کڵاوسووری بەرلە شکری سوپای داگیرکەری بەعس بوون ،ئەوەی بۆیانکرابێت کردیان دریغیان نەکرد لەبەتالانبردنی سەروەت وسامانی خەڵکی سڤێلی گوند نشین ،

لەخزمەت داگیرکەراندا دەست بەیەخەو سینگەوە وەستان وئامادەبوون ئەوەی داگیرکەرپێیان بسپێرێت جێبەجێی بکەن،بەوپێیەی کە ئەمان کوردبوون شارەزایی تەواویان هەبوو لەسروشتی ناوچەکە هەمووئەوجێگایانەگەڕان کەخەڵك بۆخۆپاراستن پەنایان بۆبردبوو ، ئەگەرئەو هێزەچەکدارە نەبوایە مومکین نەبوو سوپای داگیرکەربتوانێت دەستی بەهەموشوێنێکی کوردستان بگات ،ئەوهێزەمشەخۆرو ناپاکەدرێغیان نەکرد لە بەدەستەوەدان وڕاوەدونانی ئەوخەڵکانەی کە خۆیان لەوشاڵاوە شومەدا پاراست بوو، زۆرن ئەونمونامەی کەلەسەردەمی شاڵاوی ئەنفالدا ڕوویانداوە،بەپێویستی نازانم باسی کەس بکەم بێشك لێرەدا مەبەست لەهەمو ئەوکەسانەیە کە لە کردەی ئەنفالدا دەستیان هەبوە لەوانەیە کەسانێك هەبن بپرسن باشە کەباسی خراپەکان دەکرێت بۆباسی ئەوکەسانەش ناکرێت کە هەوڵیان داوە لەشاڵاوی ئەنفالدا خۆیان دووره پەرێزبگرن لەوڕەفتاروکردەوانەی کەخەڵکانی خراپ ئەنجامیان داوە ،بێگومان ئەگەرئاماژەیان پێ بکرێت یانەکرێت هیچ لە باسەکەی ئێمە ناگۆڕێت،مێژووبەزەیی بەکەسدا نایەتەوە،هەمووئەڕووداوکارە ساتانەی کەلەمێژووی گەلاندا ڕوودەدەن وەکوخۆی دەنوسرێنەوە ، ئێمەش گەلێکین خاوەن مێژوویەکی تایبەت بەخۆمانین مێژوونوسانی کوردیش زمانحاڵی هەمووئەوڕووداو و کاراساتانەن کەبەسەرمیللەتەکەماندا هاتوە، ئەوەی لێرەدا بەپێویستی دەزانم قسەی لەسەربکەم ئەوەیە کەخۆشبەختانە لەدوای ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس و هاتنە سەرکاری حکومەتی فیدراڵی عێراق ،شانبەشانی هاتنەدی بەشێکی زۆری ئامانجە نەتەوەیی و خواستەکانی گەلی کورد لەباشووری کوردستان ژمارەیەك لەسەرانی باڵای ئەوڕژێمەی کە کردەی ئەنفالیان ئەنجامدا ،درانە دادگاو بەسزای خۆیان گەشتن لەسەرووی هەمووشیانەوە (صدام حسین ) ی دیکتاتۆر،ئەوانی تریش لەقەفەسی دادگادان وچاوەڕوانی ئەوەن بڕیاری دادگابەسەریاندا جێبەجێ بکرێت ، بەجینۆسایدناساندنی کردەی ئەنفال لەسەرئاستی ناوەوەو هەوڵدان بۆناساندنی لەسەرئاستی دەرەوە گۆڕانی بەرچاوی بەخۆوەبینیوەو لە بوارەجیاجیاکانی تری ژیانیشدا لەچاوساڵانی ڕابردو پاشماوەوکەسوکاری ئەنفال باری گوزەرانی کەسوکاری ئەنفال بەرەوباش بوون چوەوحکومەت لەم میانەدا هەوڵی داوە خزمەتگوزاری شایستە پێشکەش بەکەسوکاروپاشماوەی ئەنفال بکات ، هەرچەندە هێشتا لەئاستی پێویستدا نیەو پێویستە گوزەرانی کەسوکاری ئەنفال بەیەکسان باشتر بکرێت. ئەوەی ماوەتە وە لێرەدائاماژەی پێبکەین ئەومستەشاروئامرمەفرەزەو ،مەعاون مستەشارو ئەو لێپرساوانە یەکە لە شاڵاوی ئەنفالدا بەشدارییان کردلەوتاوانەدا وڕۆڵی زۆرخراپیان بینی و بەبێ ئەوەی کە هیچ لێپێچینەوەیەکیان لەگەڵ بکرێت زۆرسەربەستانە بەبەرچاوی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان وجەماوەری کوردستانەوەتەراتێن دەکەن ونەك هەرلێپرسینەوەیان لەگەڵ نەکراوە بگرە زۆریشیان لەناودامودەزگا حکومی و حز بیە کا نی حز بە کو ر د ستا نیە کا ندا پلەوپایەی ڕێکخراوەیی و ئیداریشیان پێ سپێردراوە ئەم دیاردەیەش بوەتە هۆی قەڵس بوونی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان و جەماوەری کوردستان ئەمەلەکاتێکدا ئەم حاڵەتە بۆتە شتێکی سرووشتی وبەهۆی ئەوهەلومەرج وبارودۆخەی باشووری کوردستانەوە زەمینەی لەباری بۆڕەخساوە کە ئەوواقیعە قبوڵ بکرێت بەبیانوی ئەوەی کەباشووری کوردستان بەقۆناغێکی هەستیاردا گوزەردەکات،تاکوئێستا هیچ لێپرسینەوەیەکیان لەگەڵ نەکراوەوئەوەش وایکردوە لەناودامودەزگا حزبی وحکومیەکاندا بمێننەوەوبگەنە ئاستی جۆراوجۆرلە پلە وپایەودەسەڵاتدا و،ئەوان موعتە بەرتربن لە و پاشماوانەی ئەنفال کە بەکولەمەرگی توانیان درێژەبە ژیان ومانەوەبدەن،نابێت ئەوڕاستیەمان بیرچێتەوە ئەوەی بەشداری شاڵاوی ئەنفالی کردوە تاوانی گەورەی نەتەوەیی ئەنجامداوە،لەژێرفشاری هەرواقیعێکی سیاسی وکۆمەڵایەتی و هەرچیتردا بن، دەبێت بدرێنە دادگاو سزای خۆیان وەربگرنەوە، بۆیە دەبێت بەگژ ئەودیاردەیەدا بچینەوە وپێویستە ئەوزەمینە کەبۆیان ڕەخساوە لە ناوحزب وحکومەتدا بەرتەسك بکرێتەوە، چیتر ڕێگە نەدرێن بچنەپێشەوە، چونکە ئەوانە هەمان گەلەگورگی سەردەمی ڕژێمی پێشوون، کە ئەمڕۆ لەژێرچەتری جۆراوجۆردا خۆیان شاردۆتەوەو لەبەرگێکی تردا بەگژ بەرژەوەندی کەسوکاری ئەنفالکراو، خەڵکی دڵسۆزو وڵاتپارێزدا دەچنەوە.

# ناساندنی ئەنفال و کاریگەرییەکانی

نوسینی : شێرزاد داودی

بەجینۆساید ناساندنی تراژیدیای ئەنفال لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقەوە دەنگدانەوەیەکی فراوانی لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە نایەوە, ساڵی ڕابردووش هەردوو پەرلەمانی عێراق و کوردستان لەدانیشتنێکی تایبەت بەو کارەساتە لە ڕۆژی ٢٠٠٨/٤/١٤ دا بەزۆرینەی دەنگ ئەو پرسە وەك کارەساتێکی مرۆیی بەجینۆساید ناساند ئەمەیش بۆ خۆی کاریگەرییەکی زۆری هەبوو, تەکانێکی گەورەشی بەپرسەکە دا لەمەڕ ناساندنی بە دونیای دەرەوە بەتایبەتی وڵاتانی ڕۆژئاوا ... کە چۆن ڕژێمی لەناوچووی بەعس لەکۆتایی نەدەکانی سەدەی ڕابردوو کی قێزەونترین تاوانی لەژێر ناوی ئەنفال بە بەژداری هەزاران تانك و زرێپۆش و سەرباز دەرهەق بەخەڵکی لادێ نشینی کوردستان ئەنجام دا, ئەم شاڵاوەی ڕژێم لەکاتێکدا هات کە کوردستان خەریك بوو لە کەش و هەوایەکی ئازاددا ژیانی ئاسایی خۆیان بەڕێ دەکرد, بەڵام لەپڕ ژیان بووە مەرگێکی بێ ناونیشان تا هەنووکەش پاشماوەکانی ئەنفال تارمایی ئەو مەرگە ناوادەیەی ئازیزابروخسارەوە ماوە, کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بە هەژێنترین کارەسات ئەژمار دەکرێت.لەهەناوی ئەو تراژیدیایە بێزرخترین کاڵا مرۆڤ بوو کە چۆن بە درندەترین شێواز ڕاپێچی مەرگ دەکران.ئەوەی گرنگە دوای ( بیست و یەك ) ساڵ باسی لێوە بکەین ئیشکردنە لەسەر زیاتر ناساندنی پرسەکە بۆ ئەوەی زیاتر شۆڕبێتەوە بۆ ناو تەواوی کایەکانی کۆمەڵگە, ئەوەندەی من ئاگام لێی بێت وەك پێویست نەمانتوانیوە پرسی ئەنفال دەوڵەمەند بکەین لەئاست ناوخۆ چونکە دەبێت ئەوە باش بزانین ئەمە ئەرکی هەموانە لەهەر بوارێکدا پیچمانکرا خزمەت بکەین لەهەر جێگەیەك بێت دەبێت هەست بەو بەرپرسیارێتیە بکەین بەئامانەتەوە کارەساتی ئەنفال پێناس بکەین. تائێستا ڕەنگە ئەو پرسیارەمان لە خۆمان نەکردبێت کە کارەساتی ئەنفال چی پێ بەخشین و چی لێ سەندین ئەمالنە خاڵی هەرە گرنگن دەبێت فەرامۆش نەکرێن, دەبێ کاری لەسەر بکەین بۆ ئەوەی نەوەی داهاتوو لە کارەساتەکە بگات کە باب و باپیرانی ئەوان خاوەن کارەساتی لەو جۆرە مێژوویان پڕە لەکارەساتی خوێناوی کەبوونەتە سیمبولی نەتەوەی کورد, گەر نەتوانین ئەم هەنگاوانە بە ئاراستەی بەرەوپێشبردنی پرسەکە بەرین ئەوا بێگومان چەندساڵ دادێت بەگومانەوە دەڕوانە پرسەکە, چونکە گوناهی گەنجێکی دوای ئەنفال چییە نەزانێت کارەساتی ئەنفال چۆن ڕوی دا ! چونکە جگە لەوەی گوێبیستی ئەنفال بووە ئیتر هیچ وردەکارییەکانی لەبارەی کارەساتەکەوە لێ ئاشنا نەبووە. هەڵبەت هەوڵ دراوە بەڵام بەنیوەچڵی دەمێنێتەوە ناتوتنن بگەن بە بنبەست. هەموومان جگە لە نزیکبوونەوەی کارەساتەکە ئەوەندە پەرۆشی کارەساتەکە نین. گەر بێینە سەرباسی ڕاگەیاندن وەك دەسەڵاتی چوارەم کە دەبوو لەئاست گەورەیی کارەساتی ئەنفالدا بەئەرکی خۆی هەستایە بەلاچم ڕاگەیاندنیش بووە بە بەشێك لە بێخەمترین خەمەکانی ئەنفال. چونکە لە دنیای ئەمڕۆدا کە دنیای جیهانگیرییە ڕاگەیاندن بووەتە چاوی کۆمەڵگا بەڵام ڕاگەیاندنی کوردی بەهەموو جۆرەکانیەوە نەیتوانی ڕۆڵی پۆزەتیفی خۆی بگێڕێت بایی ئەوەی لەئاست کارەساتەکەدا خۆی بێدەنگ کردوە, ئەوەندە بایەخ بەکلیپی نابەجێ دەدرێت نیو هێندەی ئەو کلیپانە بایەخ بەتراژیدیای ئەنفال نادرێت. وە ك پێویست ئاوڕ لەم کارەساتە نادەنەوە وەك ئەوەی نە بایان دیبێ و نە باران. وادەزانن ئەم هەلە زێڕینە لەخۆیانەوە بەرهەم هاتوون ناپرسن کارەساتی وەك ئەنفال و کیمیابارن ...هتد زامێکی هێندە قوڵە لە جەستەی خێزانەکانیانەوە تا ژیان مابێت سارێژ نابن چۆن کۆمەڵگا بە گوناهبار بزانین لەئاست کارەساتەکاندا, چونکە لەوەتەوەی گوێی بۆ ڕاگەیاندن هەڵخستووە ڕاگەیاندن بانگی نەکردووە تۆی کورد تۆی میللەتی ژێردەستە خاوەنی گەورەترین کارەساتی, جگە لەوەی ڕاگەیاندن قەرزاری کارەساتی ئەنفالە ئەرکێکی ئەخلاقی و مێژوویی کەوتە ئەستۆ کە نەیتوانی بە ئەمانەتەوە بیگەیەنێتە کۆمەڵگا, نەوەی نوێی پێ ئاشنا بکات کە گەلەکەی خاوەن دەیان کارەساتی لەو شێوەیەن. وەك گوتم کاریگەری ناساندنی ئەنفال وەك پێویست نین چی بکەین بۆ ئەوەی کاریگەری چالاك لەسەر ئەم تراژیدیایە دابنێین زۆر پێویستە هەوڵەکانمان یەك بخەین لەپێناو زیاتر وشیار کردنەوەی خەڵك لەبەرامبەر گەورەیی کارەساتەکە

ڕەنگە هەندێ دید و تێڕوانینی هەڵە هەبووبێت کە زۆر لاوازنەبن, بەڵام دەبێت هەوڵ بدەین ئەوانەیش نەمێنن بەڵکو بتوانین مەرگەساتی ئەنفال زیاتر و زیاتر ئاشنا بکەین بۆ ئەوەی هەموو جیهان و مرۆڤدۆستان باش بزانن گەلی کورد خاوەنی گەورەترین کارەساتە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا, گەورەترینیان خۆی لە کارەساتی ئەنفال و کیمیاباران و بارزانەکاندا دەبینێتەوە کە هیچ یاسا و ڕێسایەکی ئاسمانی زەوی ڕازامەندی لەسەر دەرنابڕێت. چونکە منداڵێکی چوار مانگان لەئامێزی دایك دادەبڕێت و زیندەبەچاڵ دەکرێت کە نازانێت و تام و چێژی ژیان چییە جگە لەوەی هاوڕێیەکی هەمیشەیی مەمە و شیر بووە. دەبباشە بۆ هەوڵنەدەین ببینە هۆکاری زیاتر ناساندنی تراژیدیاکە بۆ بە بایەخەوە تەماشای نەکەین بۆ لامان پیرۆز نەبێت, بۆ هەست بەو ئازارە گەورەیە نەکەین, باشە بۆ پێش کارەساتەکە و دوای کارەساتەکە لەبیری خانەوادەی سەربەرزی ئەنفالکراوەکان نەبین, بۆ تەنها خزمەتییان لەڕۆژی یادکردنەوەیاندا بەڕەوا بزانین ئیتر جانتای خزمەت و ئومێد و هیوامان کلیل بدەین و تا ساڵێکی تر دەرگای بەخشندەیی بەڕوویاندا والا نەکەین. کامە پەرۆشیمان لەناوخۆدا بۆ گەورەیی قوربانییەکان ڕەنگە گلەییش لە دنیای دەرەوە بکەین, ئێمە ناتوانین کاریگەرییەکی ناوخۆ بە شێوەیەکی تەندروست دروست بکەین, کەچی هاواری پڕ لە سیحر و فێڵی خۆمان دەگەیەنینە دنیای دەرەوە, ئەمەیە گەمەیەکی پڕاوپڕ کە خەریکین فێڵ لە خۆمان دەکەین گەر بۆشمان ڕێکبکەوێت کارەساتەکە بەدەستی قەدەر دەسپێرین.

# "حکومەتی هەرێم"یش ئەنفالمان دەکات بەڵام ئەنفالی سپی

چاوەڕوان عومەر



من کە لەچاوەڕوانی باوکمدا ناونراوم چاوەڕوان، ئەوا لە بیستو یەکەمین سالیادی ئەنفالدا، هێشتا چاوەڕوانم، بەلایەنی کەمەوە چاوەڕوانی دۆزینەوەی تەرمەکەی دەکەم، سەرباری ئەوهەموو بەشمەینەتیەش، هێشتا چاوەڕوانین ژیانێکمان هەبێ شایانی مرۆڤ بێ..جا نازانم تا چەندێکی تردەبێ چاوەڕوانی ئەمەشیان بکەین .

دەزانم ئێستا دەپرسی ئەرێ ئەنفالی سپی واتای چی ، ئەنفال هەر ئەنفالە، خۆی شوم‌و ڕەش بوو، هەزاران هەزار بێوەژنی ڕەشپۆشیشی خستوە، بەدەستی کەسە دلرەشەکان.. ئیتر ئەنفالی سپی یانی چی ؟ لەسایەی ئالاودەسەڵاتی خۆماڵی وڵاتی سنور بۆ کێشراوی دادپەوەر .. بەڵی دەسەڵاتی خۆماڵی دادپەروەر ئەو دەسەڵاتەی بەشێکی کارەکانی کێشانی نازی هەموو قوربانیەکانی ئەم وڵاتەیە.. ئەفسوس بۆدەسەڵاتو کاربەدەستان لەم دۆخە ناهەموارەو نا تەندروستەی هەرێم .. شایەتحاڵی قسەکانیشم گەرمیانیە لێقەوماوەکانن، قوربانیانی ئەنفال‌و قوربانیەکانی دەسەتی عەمووحکومەتەکان، حکومەتی مەلیکی گەورەو بچوك، حکومەتی کۆماری قاسم‌و نازم‌و ئەبو قوصەی هی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی، حکومەتی هەرێمی کوردستان ..! عەجیب هەموویان هەر گوندیان دە دەروخاند، لادێکانیان وێران دەکرد...! وەرن ناخی قوربانیەك، باوکێکی جەرگ سوتاو پیرەمێردێکی داماو ببینن لەسایەی حکومەتی خۆماڵی برۆن نیشتمان فرۆشەکان، خۆفرۆشەکان، کورد فرۆشەکانیش ببینن ..!؟ پەردەی ڕەشی سەردڵی سپی قوربانیەکانی ئەنفال هەڵبدەنەوە، ئەو قوربانیانەی بەهاریان لێکرا بە خەزان، ئەو حەشاماتەی هەموو ساڵێك لەگەڵ سەوزبوونی دەشتو

دەر ئەوان دەگەڕێنەوە بۆ یادەوەری ئەنفالی ڕەش‌و پێکەوە دەڵێن : وا دیسان بەهارهاتەوە بۆ کولانەوەی برینەکانمان، یادەوەری وێرانکردنی گوندو ئەنفالکردنی کوروپیرو ژن‌و کچەکانمان، ئەومانگەی بۆ بەرپرسانی خۆماڵی کەیف‌و سەفاو سەیرانەو بۆئێمەش خەم‌و حەسرەت‌و ژەهری چاوەڕوانی.

ئەرێ ناپرسیتەوە ئەنفالی سپی واتای چی ؟ ئەی خامە بەدەستی نەفام، ئەگەر کەمێك چاوەڕوانم بیت تێدەگەیت. ئەی نابینن 4500 گوند بەزەبری کەڵبەی شۆفل،لەسەر پشت ڕاکشاون‌و دوای ڕوخانی بەعسیش هێشتا، هەڵنەستاونەتەوە ..؟ ئەرێ دەریایەك فرمێسكی میمکە ئەنفالکراوەکان نابینن لەگەڵ کانیە درۆزنەکانی بەهاران دەتەقنەوەو ئێوەش لەتەنیا ڕۆژێکدا بەموکافەئەو بە شەرتی پشت مایکرۆفۆن درۆ لەگەڵ ئێمەو لەگەڵ خۆشتان دەکەن..؟ ئەرێ نابینن؟ نابیستن قوربانیەکانی ئەنفال دەستبەرداری خوێندن دەبن لەبەربێ دەرامەتی‌و کوران‌و کچانی بەرپرسانیش، هەتا بەرپرسە پیرەکانیش خەون بە شوینەکانیانەوە دەبینن، لەزانکۆو بەپارەو کاغەزی ساختەوە دەچنە سەرکورسیەکان..؟ نابینن چۆن بەتەمبەڵی دەچن ئاواش بەتمبەڵی دێنەدەرەوەو بەتەمبەڵیش لەدامودەزگاکانی حکومەتی خۆماڵی دادەمەزرێن‌و گەندەڵستانێك دەخوڵقێنن..؟ ئێوە دەڵێن وڵات بەهەشتە ئەی نوسەرە دەربارەکان ئەی بۆ ڕاستگۆیانە نالێن وڵات بەهەشتە بەڵام کراوە بەئەنفالستان..

ئەرێ ئەگەر وێرانکردنی ناخمان،یاریکردن بە هەست‌و چارەنوسمان، بەدەستی بەرپرسانی خۆمالیەوە ئەنفالێکی تر نەبێ ئەرێ چیترە ..؟ ئەنفالێکە بەبێ لەشکری پۆستاڵ‌وکلاش ، بەبێ تەپلەو جەمادانیی جەلادەکانی بەعس.. ئەنفالێکی ترە بەدروشمی بەهەشتی‌و بەلێنی یادەکانەوە، بەڵام بە چاوەڕوانی جێبەجێکردنیەوە، بێمتمانەو کۆمەڵکوژمان دەکەن .

ئەنفالی سپی خوێنمان ناڕێژێ، بەلکو هەرلەجەستەی خۆماندا وشکی دەکاتەوەو لەبوونەوەرێکەوە دەمانکات بە پەیکەرێکی بێگیان،ڕاپێچی بیابانمان ناکات، بەڵکو لەبناری چیا بەدیار کەیف‌وسەفای بەرپرسەکانی حکومەتی خۆماڵیەوە تامی تامیمان پێدەکاو بەحەسرەتی ژیانێکی ئاسودەوە ڕاپێچی فەنابوونی دەستەجەمعیمان دەکات.. هەرلەناو ئۆدوگاکانی بەعسدا بەزەلیلی دەمانهێلێتەوە.

ڕەنگە بپرسی ئەوەنیە گوندەکان ئاوەدان کراونەتەوە ؟ ئەوە گوندەکانی ئێمە نین ئەی نوسەری دەربار ئەوە سەیرانگاو هاوینە هەواری سەرۆك خێڵ‌وسەرۆك حزب‌و سەرۆکەکانی وڵاتن لێت نەشێوێ، ئەوانە گوندەکانی کوردستان نین ئەوانە کوشکە بچوکەکانی دەسەڵاتدارانن.. هەموو خانووە قوڕەکانی گوندەکان ئەوانەی بەرەنج‌و ئارەقی قوربانی بنیاتنراونەتەوە، خەرجی تاقە گوندێکی گەشتیاری بەرپرسانی نەویستووە..

دەی وەرە پێشەوە ئەگەر هەقبێژی‌و ناتەوێ خوێنم بڕێژی ؟ وەرە با شۆرشی پێنوسەکان بەرپا بکەین‌و چیتر نەیگۆڕینەوە بەتفەنگ، ئەوسا وشەکانی تۆش لەبری ڕیا، لەبری زمانی جەلاد دەبنە پالپشتی قوربانی، بیرت نەچێ هەرچەندی بۆ دەسەڵاتداران بریسی هەر قوربانی ..؟ تۆش بەشێکی لە ئێمەی زیانلێکەوتوو، ئەی نابینی دەسەڵاتدارانی وڵات چۆن پشتیان کردووەتە قوربانی‌و بوونە پشتوپەنای جەلادو تالانچی‌و ئەنفالچی‌و تۆش ڕاپۆرتی بریق‌و باقیان بۆ دەرازێنیتەوە .. ئەی مەگەر قوربانی چیە ؟ وەرە ناخی قوربانیەکان ببینە، وەرە حەسرەتی چاوەڕوانی ئازیزان‌و خەمی نەبوونی‌وهەژاری قوربانیەکانی ئەنفال ببینە، بزانە تۆ لەکام بەرەی مرۆڤەکانی ..ئینجا باس لەمافی مرۆڤ‌و ڕێکخراوی مەدەنی‌و مرۆڤ دۆست بکە..ئەرێ چ شەرمە سەرباری ئەو هەموو خۆشگوزەرانیەی دەسەڵاتداران، قوربانیان هێشتا چاوەڕوانی ڕەحمەتی ڕێکخراوە بیگانەکان بن..؟

ئەی ئەنفالچیە ..؟ خۆ هەر گوند ڕوخان‌و کۆمەڵکوژی نیە ..؟ چما گوند ماوە بیروخێنن ,..؟ کەس ماوە بیکوژن .. ئەوەی ماوە قوربانیەو هەر بەسەر زیندون نەك بەرۆح .. یاران ئەمە چ لۆژیکێکە قوربانیەکانی دەستی گەمژەیەکی وەك عەلی حەسەن مەجید، قوربانی دەستی ڕاوێژکارو شارەزاو پرۆفیسۆرو سیاسەتبازو سیحربازەکانی حکومەتی دیموکاتیش بن..؟!

ئەرێ بەرێزینا .. ئەو برینە گەورەیە نابینن بەجەستەی نیشتمانەوە، ئەو هەموو پرچە سپیە نابینن بەدەستی ئەنفالی ڕەشەوە..؟ ئەی کەوایە چی دەبینن ..؟ ئەی موچەی چی دەدەن بەو شارەزاو ڕاوێژکارانەی نمایندەی ئێوەن ..؟ ئەرێ پەرلەمانتارەکانتان، وەزیرەکانتان، بەپێنج ئەوەندەی موچەی قوربانیەکی ئەم وڵاتە قایل دەبن ؟ دڵنیام دەڵێن ئێوە بۆ هەموو شتێك دەڵێن بەڵێ تەنها بۆ ئەمەیان دەڵێن نا .

# خەسرەو فاتح سەمین :
# ئەنفال و رۆژگارو دەوڵەت نەیانویست بخوێنم

ئا: باوکی لەرێ

خەسرەو فاتح لەدایك بوی ساڵی ١٩٧٩ی گوندی دوراجی سەربە ناحیێ نەوجولە، قۆناعی سەرەتایی خوێندنی بریوە، کورێکی سوروسپی قسەخۆش و روح سوکە، سەرباری قەڵەوی لەش ولاری زیرەك و گورج وگوڵە دیارە، وەکو زۆر گەرمیانی تر، گورزی کەرشکێنی ئەنفالی بەرکەوتووەو تاکە دەربازبوی خانەوادەکەیەتی، بەڵام وردبین و مرۆڤدۆستەو ئەنفال نەیتوانیوە سەرکوێرو چەواشەی بکا، هیچ دەرمارگیری و گیانێکی تۆڵە سەندنەوەی بەسەردا زاڵ نیە، داوای دادپەروەری و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و لێپێچینەوەی تاوانبارانی ئەنفال دەکا، ئەگەرچی تاڵی رۆژگارەکانی دوای کوژرانی باوکی و ئەنفالکردنی ئاهو ئەحمەد کەریمی دایکی و خوشك و براکەی( نیگارو رۆستەم) لەناخەوە دەیکرۆژن، بەڵام هێشتا دەم بەپێکەنینەو زۆر بەسەرخۆی ناهێنێ، کاتێك زانی ژیانی رابوردووی بەندەش وێنەیەك بووە لەخۆی زیاتر دیوی ناوەوەی خۆی بۆکردمەوەو وردەکارەییەکانی ژیانی خۆی بۆگێرامەوە. خۆی ووتەنی کوری پیاوێکی نێشتمان پەروەرو دڵسۆزو دەستودڵفراوان بووە، بەڵام زوو لێی شێواوە، ئەو کاتەی باوکی دەکوژرێت ئەو تەمەنی ١٠ ساڵان بووە.

بەرلەوەی پەلامارەکانی ئەنفال دەست پێبکەن، بەپێی راسپاردەی ژمارە ٤٠٠٨ی ٢٢ی حوزەیرانی نوسینگەی رێکخستنی باکوری حزبی بەعس، نەك هەر گوندی دوراجی بەڵکو هەموو سنورەکەیان دەکەوێتە بازنەی سوری بەعسیەکانەوە( ناوچەی قەدەغەکراو) بەپێی یەکەم خاڵی رێنماییەکانی نوسینگەی باکورو خودی عەلی حەسەن مەجید هەموو زیندەوەرێك لەوناوچانەدا مەحکوم بووە بەکوشتن، لەبەرواری ١٩٨٧/٧/١٤ کۆپتەرەکانی دەوڵەتی عێراق، دەچنە ئاسمانی ناوچەکەو بەچری دەکەونە بۆمبارانی ئەو جوتیارانەی خەریکی دروێنە بوون، لەوپەلامارەدا ١٠ هاوڵاتی ناوچەی گەرمیان شەهید دەبن، کە یەکێکیان فاتح سەمینی باوکی خەسرەو سێ برای ترلەخێزانێکی گوندی ئۆمەربل لەوپەلامارەدا شەهیدبوون،ئەوانی تر لەیادەوەری خەسرەودا نەماون جگەلە سوتانی ٥ ئامێری دروێنە (دراسە)و دەغڵ ودانی هاوڵاتیان دەسوتێن،شەهیدەکانی ئەو پەلامارە خەڵکی ناوچەکەو گوندەکانی تری دەوروبەریان بوون و تەنها بەتاوانی کورد بوونیان دەکوژرێن.

زۆرچیرۆك لە یادەوەری خسرەودا دەژین، شەروپەلاماری بەعس وبەرگری پێشمەرگە،خراپەکارییەکانی پیاوانی دەوڵەت و هەڵسوکەوتی باوکی، ئەنفالکردن و وونبونی دایکی و خوشکو براکانێتی لەتاونی ئەنفالدا، رۆژگارەکانی گوندی دوراجی، هەموو ئەم چیرۆکانە جاروبار دێبنە شریت و لەمێشکیدا دوبارەدەبنەوە. لەگێرانەوەی یادەوەریەکیدا بەحەسرەتەوە ووتی : بیرمدێ ساڵی هێزێکی پێشمەرگە لە گوندەکەمان بوو، عوسمان تیشانی بەرپرسیان بوو، دەمەو بەیان هێرشی رژێم هاتبوو، پێشمەرگەکان ویستیان



لە گوند بچنە دەرەوە ووتیان با لەدێیەکە شەرنەکەین، باوکم ئەو کاتە قاچاغچی فیشەك وصیلاح بوو فیشەکی زۆر بوو دوو ژێر سێشی هەبوو، بەپێشمەرگەکانی ووتبو فیشەك لەمن و قووەت و هیمەت لەئێوە مەرۆن، ئیترپێشمەرگەکانیش بەرپەرچی هێرشەکەیاندایەوەو سەرکەوتووش بوون.

### بەڵێنی درۆی جاش:

ئەوەی هەتا ئەمرۆ خەسرەوی تەنیا کەوتوو ئەزییەت دەدا، ئەو چیرۆکەیە کە دوای کوژرانی باوکی مامەکانی دەیانەوێت ناسنامەی باری کەسێتی و جنسیە بۆ منداڵەکانی خەسرەو نیگارو رۆستەم دەربکەن، لە دادگا کابرایەك بەناوی (نەوشیروان کە ئێستە لە دائیرەی حل نیزاعاتە) لێیان بووەتە کۆسپ و داوای پارەیان لێدەکاو دەڵێ ئەگەر پارەم نەدەنێ ناهێڵم کارەکەتان بڕواتە رێوە، ئەو کاتە بری ٢٠٠ دیناری لێسەندوون لەبەرانبەر ئەوەی دەنگ نەکا کەباوکیان لەناوچەی محرمە، کۆپتەر کوشتوویەتی، سەرباری ئەو

هەموو نەهامەتیەش کوردێك لێیان دەبێتە ملوزمو لەبری هاوکاری کردنیان پارەی لێسەندوون. ئینجا کارەکەیان تەواو بووەو ناسنامەو رەگەزنامەیان بۆ دەرهێناون. کەچی نەناسنامەی باری کەسێتیو نە رەگەزنامەی عێراقی فریایان نەکەوت، هەر دوای دەرهێنانیان ئەنفال دەستی پێکردو رۆستەمو نیگار لەگەڵ دایکیاندا ئەنفالکرانو هەتا ئەمرۆش بێسەروشوێنن، ئێستاش کەس نازانێ بە ناسنامەو رەگەزنامەکانیانەوە لەکام گۆری بەکۆمەڵی بیاباندا نێژراون..

## دوراجیو قوتابخانەی شەهید نامێق:

بیرەوەریەکی تری خەسرەو ئەوکاتەیە کەلە ژێرهەرەشەی تۆپو فرۆکەشدا هەر خوێندوویانەو کۆڵیان نەداوە، ئەوکاتەی باسی بۆردومانو ملجەئەکەی قوتابخانەی دەگێرایەوە خۆزگەم دەخواست لەبری فەرمانبەرێکی دەستو پێبەستراوی حکومەت فلیم سازێکی بەتوانا بوومایەو ئەو دیمەنانەم لە بارەی بەرگریو مقاومەتی گوندنشینەکانی رۆژگارانە بکردایەتە فلمێك، خەسرەو دەگێرێتەوە لە گوندی دوراجی قوتابخانەیەکی شۆرش هەبوو، بەناوی پێشمەرگەیەکی شەهیدەوە ناونرابوو قوتابخانەی شەهید نامیق، ئێمە لەوێ دەمانخوێند مەلجئێکیان بۆمان دروستکردبوو کە تەیارە دەهاتیان تۆپ بهاوێژرایە دەیانخستینە مەلجەئەکەوە ، هەتا بۆمبارانەکە تەواو دەبوو دوایی دەگەراینەوە بۆ دەرس خوێندن، دوو مامۆستای نازدارمان هەبوو بەداخەوە هەردووکیان بوونە قوربانی، مامۆستا کەریم منصور یەکیان ئەنفال بردیو نەگەرایەوە، مامۆستا هاورێ شەهیدکرا، ئیتر بەو جۆرە دەژیاین هەتا ساڵی ١٩٨٨ پەلامارەکانی ئەنفال گەیشتە سەرمانو هەموو شتێکی وێرانکرد. لەوانە قوتبخانەکەشمان .. هەتا ئەمرۆش خوێندن گرنگترین شتە بەلامەوە.. لەدوز نەیانهێشت بخوێنم، لە کەورگۆسکیش کەمێکم خوێندو راپەرینو راکردنی بەدواداهات.

## درۆو دەلەسەی جاش:

کە ئەنفال دەستی پێکرد، بیرمدێ ئێمە لەئاوایی دەرچووینو چووینە جەوڵەکان خۆمان شاردەوە، نەماندەزانی ئەمجارە حکومەت وازناهێنێ، زۆر جاری تر حومەت هاتووەو گەراوەتەوە، بەلام ئەمجارە وانەبوو، چەندرۆژێك لەو جەوەلانە ماینەوە وەزع تادەهات خراپتر دەبوو، ماینەوە هەتا نامەی موستەشارێك هاتبوو، نامەکەی بەژنێکدا ناردبوو ناوی (حەبیبە ئەحمەد)ە موستەشارەکە ناوی (شامی دەروێش) بوو ئێستاش لە ژیانداماوە.. ووتبووی وەرن خۆتان تەسلیم بکەن حکومەت بە پشتیوانی من ئازادتان دەکاو هیچتان بۆنابێت..( رەنگە ویستبێتی چاکەشمان لەگەڵدا بکات) خەڵکەکەش لەسەر قسەی ئەو هاتنە خوارەوەو دوز رۆیشتین، بۆئەوەی خۆمان بدەینە دەستەوە، ئێمەش لەگەڵ ئەو خەڵکە بووین . دابەزینمان هەربەدەمخۆشە گیرانەوەی تۆپباران بوو هجوم لەهەموو لایەکەوە، تەیارە ئیتر وەزعەکە زۆرخراپ بوو من لەدایکمو خوشكوبراکانم دابرام، کەوتمە سەر رێگەی دوزخورماتوو - کفری، لە رێگەی قوری چاڵی[1] جاشەکان هاتن گرتیانینو بردیانین بۆ دوز بەداخەوە ئێستا نازانم کێ بوون، زۆر چاکەیان لەگەڵکردین بردیانین بۆ ماڵی خزمێکی خۆمان، لەوێ دایانناین سوپاسیان دەکەم، کە تەسلیمی رژێمیان نەکردین کە گەیشتینە ناو دوزو ماڵی خزمەکانمانیان دۆزییەوە پێیان وتین: ( جاریێ دامەبەزن بابزانین وەزعەکە ئەمینە چونکە لە ئەمنو موخابەرات دەترسان) ، دوای ئەوەی مراقبەیان کرد هاتن دایانگرتین من لەماڵی خزمێکم دابەزیم ماڵی (کاك شێرکۆ یاسین) هەرچەندە ترس زۆربوو بەلام منیان گرتە خۆ، ئیتر هەر ئەو دابرانە بوو دایکمو خوشكوبراکەم نەبینیەوە، ئەوەندە نەبی کە زانیم بردوویانن بەرەو تکریت، ئیتر ئاگام لێیان نەماو هەرچاوەروانی، چاوەروانی هەتا روخانی صدامیش هەر چاوەروانیان بووم. ئیتر من بەتەنیا مامەوە هەر رۆژەی لەماڵێك بووم، وەزعم زۆر خراپ بوو حەزم لە خوێندن بوو، بردیانم بۆ خویندن بەرێوەبەری قوتابخانەکە وەری نەگرتم ووتی: تەمەنی تەجاوازی کردووە، نەشم دەتوانی بڵێم لە قوتابخانەی شۆرش هەتا هەتا سێم خویندووە،

## تەرحیل بۆ کەور گۆسكو گەرانەوە بۆ کفری

لە ماڵی مامەم مامەوە دواتر تەرحیلکراین بۆ کەورگۆسك کۆمەڵگایەکە لەلای هەولێر، هەتا ساڵی ١٩٩١ لەوێ بووین، وەزعم زۆر خراپ بوو، ئیتر ئەوە بوو راپەرینی ١٩٩١ بوو، رۆیشتین بۆ ئێرانو گەراینەوە، بەو حالەشەوە دەمویست واز لە خوێندن نەهێنم، ئیتر چوومە کۆمیتەی دوز ئەو کاتە بارەگای لە کفری بوو. تا ساڵی ٢٠٠٠ لەوێ بووم، مامۆستا حەسەنو مامۆستا یوسفو مامۆستا ئیکرام زۆر هاوکارییان کردم، خێزانم پێکەوە نا، هەرچەندە ژیانیشم زۆر ناخۆش بوو، ئێستا سێ کچو دو کورم هەیە، هەتا ئەمرۆش سەرباری ئەوەی ژیانیشم باش نیە چاوەروانی ئەوەدەکەم دەرفەتی خوێندنمان بۆ

بەرەخسێتەوە، هیوادارم کار ئاسانیەکم بۆ بکرێت بۆ ئەوەی بتوانم بخوێنم. هەقوایە بڕیارێکی تایبەت هەبێت بۆ کەسانی وەکو ئێمە، چونکە من ویستوومە بخوێنم و ژیان و زروف و دەولەت ڕێگەی نەداوم.

## دواووتەی خەسرەو

کە لێم پرسی دواووتەت لچی بۆ ئەم دیدارەت، ووتی : دواووتەم چی بێ..؟ دەمەوێ بژیم و ئاگام لە ماڵ و منداڵم بێ، دەمەوێ ڕێزێکی تایبەت لەکەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان بێ، خۆ ئێمە چیمان دەوێ ئەوانەی دەستیان لەتاوانی ئەنفالدا هەیە، بە یاسا لێیان بپرسرێتەوەو دادگایی بکرێن، ئیتر ئەم کێشەیە یەکلایی بکرێتەوە، دادگایی کردن ئەنفال شتێکی باش بوو، من لەگەڵ یاساو دادگادام، دەمەوێ بخوێنم، چونکە هەتا ئێستاش دڵم لەلای خوێندنە..

بەرلەوەی ماڵئاوایی لەیەکتر بکەین ووتی : ئابەراست شتێ گرنگم لە یاد چوو، داواکارم بەرپرسانی شارەکەم ئەوەیە وەکو ڕێزلێنانێك سەردانی کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان بکەن، خەڵك هەیە هی گوندەکەی خۆمان بۆنموونە فکریە خێزانی حسێن جەوهەر، ئێستا توشی نەخۆشی دەروونی بووە، ڕۆژانە بانگ منداڵەکانی دەکات.. شەوانە دەیانلاوێنێتەوەو دەگری، بەتەنیا فەوتاوە زۆر پێویستە سەردانی ئەو جۆرە کەسانە بکرێت، تەنها بۆ دڵسەبوری، کەچی بەداخەوە ئەوان دەچنە ماڵی دەولەمەندەکان و ئەم کەسە لێقەوماوانەیان ئیهمالکردووە، ئێمە چیمان لەم حکومەتە دەوێ سەربەرزی نەبی، من بەش بەحاڵی خۆم پشتم بەخۆم بەستووە.

(١) قوری چالی گوندێکە دەکەوێتە سەر ڕێگەی نیوان کفری دوزخورماتوو.

# لەبیستەمین ساڵیادی تاوانی ئەنفالدا
# فەرەج و عوزێر جێگەی دانیشتنیان نەبوو

ئەنفالستان



ئەوەی قسەی لەسەردەکەم بەهێچ جۆرێك ناچێتە خانەی داکۆکی تاکەکەسی و بە پیرۆزتەماشاکردنی کەسیش نیە، بەڵام گرنگی کەسێك بۆکەسێکی ترلەجەو هەردایە.

ئەو حەوت کەسەی لەگۆرەبەکۆمەڵەکان دەربازبوون، دەبوایە بەزیادەوە ژیانیان پارێزراوبێت، دەبوایە کۆمەڵگەی کوردی لەناو بیلبیلەی چاوی خۆیدا ئەوکەسانەی بپارستایە.. کورتەی کەلام : بەهەرکەموکوریەکەوە بێت، هەموو ساڵێك حزب وحکومەت هەڵدەستن بەیاد کردنەوەی تاوانی ئەنفال، بەڵام چۆن یادکردنەوەیەك؟ یادێك کەوا پڕە لەبەڵێنی جێبەجێنەکراو، بەکەسوکاری قوربانیانی ئەنفال، بەپێی بەڵێن و پروپاگەندەی بەرپرسان بوایە کە لەو بۆنانە دەیدەن، دەبوایە ئێستا کەسوکاری ئەنفال خێریان بە بەرپرسانی ئەم وڵاتە بکردایە، نەك بەپێچەوانەوە، بەداخەوە هەموو ساڵێك دەیانخەنە چاوەڕوانیەکی بێ ئامانەوە، ئەمەش نیشانەی ئەو ڕاستییەیە، کەوا ڕێزگرتن لەکەسوکاری ئەنفال جگە لە دروشم و بەڵێنی ناراست، ڕەفتارگەلێکی پێچەوانەی مافەکانی مرۆڤو یاساش دەرهەق بەبوونی ئینسانیشیان دەکرێت، داڵدەدانی تاوانباران و ئازادکردنیان، پاکانە بۆکردن و ئامێزبۆکردنەوەیان دیاردەیەکی زەقی پێشیلکاریەکانی مافی مرۆڤە بەتایبەتی مافی قوربانی.

بێگومان قسەکردن لەسەر پێداویستی و کەموکوری ئەو خەڵکە لێقەوماوە کێشەیەکە هەرگیز بەوتارێك تەواو نابێ، ئەوەی ئێستا لەسەری دەوەستم تەنها گواستنەوەی دیمەنێکە، کە من ساڵی رابوردوو لەرۆژی ٤/١٤ /٢٠٠٨ بەچاوی خۆم بینیم و لەسەری بەدەنگ هاتم و کەس وەڵامی نەدامەوە.

لەو یادکردنەوەیەدا هەردوو دەربازبووی گۆرە بەکۆمەڵەکانی سەماوە (عوزیرو فەرەج) ئامادەبوون، کەچی لەو ریزە قەنەفەیەی بۆ تەشریفاتی بەرپرسان دانرابوو، تەنیا جیگەیەکیان بەو دوو مرۆڤە ڕەوانە بینرابوو، کەسومبولی زوڵم و بەڵگەی زیندووی تاوانێکی گەورن، کەچی لەیادلەیادی تاوانی ئەنفالدا دودەربازبووی کۆمەڵکوژی و دونوێنەروشایەتحاڵی ناوگۆرەبەکۆمەڵەکانی بیابان نەجێگەیەکیان بۆ دابین کرابوو..نەپێشوازیەکی ئەوتۆشکرابوون، ئەرێ دەبوایە ئێستا فەرەج و عوزێر لەکوێی حساباتی کوردا دا بونایە؟!

## نەجیبە فەقی خدر سۆفی ئەحمەد:

# بەصەدام حوسێنم گوت: "تۆ ئەو پیاوە بوویت کیمیایت بەسەرئێمەداکرد، بەڵام من ئەورۆژەی سەربازەکانت لەکوردستان زەلیل بوون، کفتەم لەدەمی منداڵەکانم گرتەوە دام بەوان"

ئا: ئەنفالستان

نەجیبە فەقی خدر سۆفی ئەحمەد، خەڵکی گوندی شێخ وەسانانە، لەدایکبووی ساڵی ١٩٦١ە ئەگەرچی خوێندەواری نیە، بەڵام ژنێکی لێوەشاو هەڵکەوتووەو بۆ قسە دانامێنێ، نەجیبە یەکێکە لەبریندارانی چەکی کیمیاوی کە لەبەرواری ١٩٨٧/٤/١٦ لەگوندی شێخ وەسانان‌و بالیساندرا، ئەو بێجگە لەوەی خۆی برینداری چەکی کیمیاویەو هەتا ئێستا عەینەکی لەچاودایە، کورێکیشی بەناوی ئارام لەو بۆمبارانەدا گیانی لەدەستداوەو بووەتە یەکێك لەو منداڵە شەهیدانەی کیمیابارانی ئەو دووگوندە، بەڵام نەجیبە ئێستا حەوت منداڵی (سێ کچ‌و چوار کور)ی تری هەیەو ئارام یەکێکە لەوکورانەی بەناوی ئارام براشەهیدەکەیەوە ناونراوەتەوە ( کچەکانی شەونم‌و ئارەزوو ئاوات، لەکاتی بۆمبارانی کیمیاویەکەی دۆڵی بالیساندا ئەوانیش برینداربوون.

نەجیبە هەتا ئێستاش وێرای ئەوەی چووەتە وڵاتی ئێران بۆ چارەسەر، بەڵام هەرنەخۆشەو تەندروستی باش نیە، بڕوای وایە عەلی حەسەن مجیدو تاوانبارانی تر بڕیاری لە سێدارەدانیان بۆ دەرچووەو پێویستە بڕیارەکە جێبەجێبکرێ، ئەو بێجگە لەوەی ئێوارەی ئەنجامدانی تاوانی کیمیابارانکردنەکە لەگوندبووەو هاواروناڵەی گوندنشینەکانی بەچاوو گوێی خۆی بیستووەو بینیوە، خۆشی برینداریکی چەکی کیمیاویەو سنگ‌و چاویشی کاریگەریی ئەوچەکەیان پێوە دیارە، نەجیبە دەیگێڕێتەوە لەکاتی کیمیابارانەکەدا، لەماڵ بووە (ئەوکاتەی فڕۆکەکان گەیشتنە ئاسمانی ناوچەکە بەگرەگری تەیارەکان سەرسام بووە، لەبەرئەوەی وەختی هاتنی فڕۆکە نەمابوو، ووتی: ئێمە بەرۆژ دەچووینە چیاو خۆمان لە فڕۆکەوبۆمباران دەشاردەو لەچیاش لەناو ئەشکەوت‌و کونە تەیارەکان خۆمان دەپاراست، دەڵی ئەو ئێوارەیەی کە فڕۆکەکان هاتن یەکسەر لەچواردەوری گوندیان داو دوایی لە ناوگوندیشیاندا، لەپێشەوە زۆرنەترساین لەبەرئەوەی بۆمبەکان دەنگیان نزم بوو، وەکو ئەوانی دی نەبوون، ئێمە زۆرجاری تریش بۆمبارانکراوین دەنگی بۆمبەکانی پێشتر زۆرو ترسناك بوون، بەڵام ئەمانەی کیمیابارانەکە دەنگەکانیان هێندە نەبوو، بەڵام دوایی ئەوەی بەشەر ئێمە هێنا کە بۆخۆتان دەیزانن چمان بەسەرهات. کە بۆمبەکانی هاویشتن رامکرد خۆم گەیاندە کورەکەم کیژەکەشم خۆی گەیاندبووە ماڵی بابم، بەرەبەرە هەموو خربوونەوە، عالەمەکە لێی قەومابوو هەرکەس وای دەزانی هەر لە خۆی قەوماوە، برایەکم (محمد) موالیدی پەنجاو حەوت بووگووتی: بەخوای من چاوم کوێربوون‌و هیچ نابینم ، ئیدی خەڵك پەرێشان بوو، هەموو گوند لێی قەومابوو هەموو عالەم هاوارهاواری بوو، منیش چاووم کوێربوو، دەستم دەگیرا دەمگووت کورەکەم ماوە گوتیان ئاا ماوە، ئینجا هاتن گوتیان دەبێ برۆنە شاخی ئێستا جەیش هێرش دەکاو دەفەوتێین، منیش چاوم نە دەبینا فەقی لەشەری داستانی رزگاری بوو، ماڵی بابم‌و هەموو گوند بەونەوعەی لێمان قەومابوو، براژنم (فاتم) هات گووتی وەرە من چاوم دەبینێ، گوێدرێژیکمان هەبوو چوو لەماڵی بابم هێنای برایەکەمیان سوارکردوو، کورەکەمی لەبەردمی خۆی داناو براژنیشم دەستی منی گرتوو رۆیشتین گەیشتینە چای لەوێ ئەشکەوتێکی لێبوو من هیچ هێزو تاقەتم تێدا نەمابوو بڕۆم،



من لەئەشکوتەکەی مامەوە سەعات هەشتی شەوێ بوو، دووکەس هاتن گوتیان ئەوەتۆ بۆ لەو ئەشکەوتەی ماوی..؟! وەرە بابرۆین کەس لێرنەماوە، منیش گووتم ئینجا بۆکوێ بچم بەخوای من هێزو تاقەتم تێدانەماوە، گوتیان وەرە دەتبەین ئارامیشم لەگەڵ بوو ووتیان وەرە برایەکشت لەولایە ئینجا دەستی منیان گرت بردیانم تەرەکتەرێك لەوێ بوو دوسێجار سایەقەکەم نارد بەدوای خەزورمدا، نەهات گووتبووی تاقەتم نیە لێمگەرێن باتانیەکم پێدادەن برۆن منداڵەکان بەرن، وەللە ئینجا سواری تراکتۆریان کردین بۆ رانیە، منداڵ‌و زاق‌و زریق‌و رشانەوە هەرمەپرسە رۆژی حەشرێ بوو، ئەوشەوەی گەیاندیانینە رانیە ماڵیان ئاوابێ گەلێك یارمەتیان دایـن، جلکیان گۆرین‌و یاریدەی زۆریاندایـن، دوایی پیاوی حکومەت هاتن گوتیان لێرە عیلاج ناکرێن بابیانبەین بۆ هەولێرێ، بەحساب بۆ عیلاجیان دەبردین بەڵام سجنیانکردین‌و ئەوایان لەئێمە کرد.

نەجیبە بە هەناسەیەکی ساردەوە درێژەی بەقسەکانی داوگووتی: کورەکەم (ئارام) لە هەولێرێ مرد، من چاوم

باش نەدەبینا ئەوەندەم دەزانی ئەوە (ئارەزووەوئەوەش ئارام)ە یەك لەملای یەك لەولای راكشابوون، هەردووكم لەگەڵ بوون، چووم چاووم بشۆم هەرئەوەندە بەجێم هێشت كە هاتمەوە، دەستم لێداو بانگمكرد: ئارام ئارام، ئارام... نەمابوو، كە زانیان مردووە یەكێك هات نەمناسی بردیو نەمبینیەوەو نەمزانی چیان لێكرد، ئێستاش نازانم لەكوێ نێژراوە، ئەوەندەی نەبرد دوایی ئەمن هاتن پیاو ژنیان هێنایە دەرێ وەختەكەی سەعات ١٢ای نیوەرۆ بوو، ئەمنەكان پیاوو ژنیان لێك جودا كردەوەو پیاوەكانیان برد دیتمن بەمەنشەئەیەكی بردیانن، هەر ئەو بردنە بوو، ئیدی پیاوەكان نەهاتنەوە، كەمەنشەئەكە رۆیی ئێمەشیان لە زیلی هاویشتو پاش نیوەرۆیە بردیانین بۆخەلیفانێو لەوێ فرێیانداین و گوتیان: دەبرۆن نانی بۆ پێشمەرگان بكەن، ئێوە بەكرێگیراوی ئێرانن، ئینجا خەڵكی خەلیفان بەهانامانەوە هاتن و زۆر هاوكاریان كردین، لەوێ ش دوو كەس مردن، یەكیان كافێی حاجی سلێمانی بوو ئەوی كەش منداڵێك بوو ناوەكەیم لەزەین نەماوە، ماڵیان ئاوابێ ماڵێك هاتن بردیانین بۆ ماڵی خۆیان و حەواندیانینەوە زۆر یارمەتییان داین، ئێستاش نازانم ماڵی كێ بوون، بەڵام ژنەكەیان كە هەواڵی مێردەكەمی پرسی گوتی: خوشكم ئەی پیاوتان لەگەڵنەبوو، منیش گووتم ناوەالله پیاویان هەموو بردن و من پیاوم لەگەڵ نەبوو پێشمەرگەیە وا لەسەركردایەتیە، گووتی: لەكن پیاوەكانمان وامەڵێ ئەمانە هەموو جاشن. منیش گووتم جاوە الله جاشیش بن، وەزعەكەمان ئاو هایە، دوسێ رۆژان لەو ماڵەی ماینەوە، دوایی برایەكم مابوو هات بەدوامانداا لەگەڵ ماڵی مامم هاتن بردیانین بۆشەقڵاوەی لەوێ حەبو دەرمان و شتیان بۆپەیداكردین و تاماوەیەكی دوایی جوابیان ناردبوو، فەقێ و ئەوان هاتبوونەوە مەنتیقەكەی دوایی هاتینەوە بۆ ئێرە بۆ شێخ وەسانێ من گووتم دەمرم، فەقێ گوتی نامری نا، ئینجا بەوڵاخی گەورە ناردیانین بۆ ئێرانێ.

نەجیبە یەكێك بوو لە شایەتحاڵەكانی دۆسیێ ئەنفال

ئەوەی بەلای نەجیبەوە زۆر گرنگ و چاوەروان نەكراوبووە روخانی رژێمی بەعس و دادگایی كردنی سەرانی بووە،بەتایبەتیش كە خۆی وەكو شایەتحاڵێك بەرانبەر تاوانبارانی كیمیابارانی دۆڵی بالیسان و خۆشناوەتی و ئەنفالكردنی كوردستان بووەستێتەوە، نەجیبە ئەو دادگایی كردنەو شایەتی دانەكەی خۆی لە دژی تاوانبارانی بەعس وەك شانازی كردنێك دەگێڕێتەوە، كاتێك بەسەرهاتی ئێوارەی ١٦/٤/١٩٨٧ی بۆ دەگێرامەوە رەنگ وەدەنگی زۆرجیاواز بوو لەو كاتەی باسی دادگایی كردنەكەو شایەتی دانەكەی دەگێڕایەوە، بێئەوەی هیچی لێبپرسم خۆی گۆوتی من چوومە بەغدایە بەرانبەری صدامی قسەمكردوو شایەتیمدا، ئینجا لەنوكەوە چۆنێتی رۆیشتنی بۆبەغداو دادگای بۆ باسكردم، گووتی: كورێكی زۆر باش و روخۆش هاتن بۆ ئێرە ناوی كامەران بوو، وەكو ئێستا چۆن تۆمقابلەمان دەكەی مقابلەی كردین، ئینجا گووتی ئەگەر رۆژێك بێت و بانگتان كەین دەتوانن لەبەردەمی صدام و عەلی حەسەن مەجیدیش ئەم قسانە بكەن گووتمان بەڵێ ئەرێ وەالله دەست لەچاوی رۆدەكەم، ئەی چۆن ناچین.. رۆژێكی كە بانگیانكردین بۆ چوارقورنە لەوێش عەینەن شت پرسیاریان لێكردینەوە، پێیان گوتین ئەگەر بتانبەین بۆ دادگا شایەتی دەدەن لەسەر صدام و دارودەستەكەی..؟ گوتمان بەڵێ دەچین و ئامادەین. وەلله خوا كردی جاری سێهەم لەبەغدایە بووین چونەكەمان زۆر پێخۆش بوو، راستە ئەوخۆشیەلەدوای ئەوەیە ئەنفالكرابووین، كیمیاباران كرابووین، بەڵام ناخۆشتربوو ئەگەر ئەو تاوانبارانی سزای خۆیان وەرنەگرتایە.

بەڵام نەجیبە هوشیاری ئەوەی هەیە كە تاوانی ئەنفال و جینۆسایدكردنی كورد زۆر لە محاكەمەكردنی صدام و دارودەستەكەی گەورەترە، بەڵام وەكو خۆی دەڵێ ئەگەر هەر دادگایی نەكرانایە چیمان دەستدەكەوت..؟

ئەوەی مایەی سەرنج و لەهەمان كاتیشدا جێگەی رێزلێنانە ئەو مامەڵە ئینسانیەی نەجیبە بووە لەساڵی ١٩٩١ وەك بۆخۆی دەڵێ و لە دادگاش ئەمەی بە صدام حسین گووتووە، دەڵێ ئەو رۆژەی جەیشەكەی صدام شكاو لێی قەوما وەك و ئەمرۆ (مەبەست رۆژی دیدارەكەیە) كفتەمان هەبوو، كەچی كفتەكانی نە داوەتە منداڵەكانی، بەڵكو بەسەر ئەو سەربازانەدا دابەشی كردبوو، نەجیبە دەڵێ: ئەو كاتە گەلێك بەزەیم پێیانداهاتەوە.. لەدادگاش بەرەو روو بەصدام حسینی ووتبوو: ( صدام حوسین هەرچەندە تۆ كیمیابارانی ئێمەت كرد، بەڵام ئەو رۆژەی جەیشەكەت شكا، من كفتەم لەدەمی منداڵی خۆم بری و دامە ئەسكەرە زەلیلەكانی تۆ.. كەچی صدام لەبری ئەوەی سەری خۆی نەویكا، بە ئیستفزازەوە پێی گووتووە (عفیە علیك) .

نەجیبە یەكێكە لەو بریندارانەی چەكی كیمیاوی كە لەلایەن وەزارەتی تەندروستی حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە ناردبویانن بۆ ئێران، بەڵام بێئومید بوو لەوەی كەس لێی سود مەند بووبێ، هۆكارەكەشی دەگەرێنێتەوە بۆ ئەوەی لەئێران بایەخیان پێنەدابوون، بەڵكو هەریەكەیان ئەشیعەیەكیان بۆ گرتبوون و پارچەیەك حەبیان پێداون و ئیتر گەراندوویانەوە بۆ كوردستان و پێیان گووتبوون بچن بۆ هەولێر، ئەو عیلاجانە لەوێش دەست دەكەون..!

لەكۆتاییدا نەجیبە فقی شێخ وەسانی سوپاسی ناوەندی چاكی كرد لەوەی تاوانبارێكی هۆڵندییان گەیاندووەتە بەردەمی دادگاو سوپاسی حكومەت و دادگای هۆلنداشی كرد، كە بە عەدالەت تاوانبارێكیان محاكەمە كردووەو سزای فرانس ڤان ئانراتی گەورە بازرگانی مادەی كیمیاویان داوە، دواجاریش داوا لە حكومەتی هەرێم و وەزارەتی تەندروستی دەكات، بەلای كەمەوە، دوو دكتۆر بنێرنە ئەم ناوچەیە، بۆ چارە سەركردنی نەخۆشەكانی ئەو دۆڵە، چونكە نەخۆش و بریندارێكی زۆر لەم ناوچەیە هەیە و بۆ چارەسەر دەبێ رێگەی دوری شارەكانی سلێمانی و هەولێر بگرنە بەر، لەراستیشدا بالیسان لە سەنتەری هەردوو پارێزگاوە دورە دەستە.

# فەقێ شێخ وەسانی:
# یەکەم ئێوارەی کیمیاباران تەنها یەك کەسمان گیانی لەدەستداوە

ئا: ئەنفالستان



فەقێ شێخ وەسانی لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٤و لەساڵی ١٩٨٠ وە بووەتەپێشمەرگە لەگەڵ شەهید جەمیل رەنجبەر، ئەو هەر لەگوندی شێخ وەسانان لەدایکبووەو گەورەبووە،دواتر بووەتە پێشمەرگەو بەشداری زۆربەی هەرە زۆری شەرەکانی دۆڵی جافایەتی‌و مەڵبەندی سێی یەکێتی کردووە، پیاوێکی میواندۆست‌و شارەزاو قسەزانە ،پێشتر بەرێوەبەری ئاسایشی ناحێی بالیسان بووەو ئێستاش بەرێوەبەری ئاسایشی خەلیفانە.

لە رۆژێکی سەرەتای ساڵی ٢٠٠٩ چوینە سەردانیان لەبەرئەوەی پیرەژنێکی بریندارى چەکی کیمیاوی خەڵکی گوندی شێخ وەسانان لەچاوپێکەتنێکدا باسی ئەوەی بۆکردین کەفەقی شێخ وەسانی، رێگر بووە لەوەی ئەم ژنە بریندارەی چەکی کیمیاوی ببرێتە وڵاتی ئێران بۆچارەسەر..بەڵام کەچوینە ماڵیان بۆم ئاشکرابوو خێزانەکەشی بەناوی نەجیبە بریندارى چەکی کیمیاویەو یەکەمین شایەتحاڵی دادگایی کردنی تۆمەتبارانی ئەنفال بووە، بۆیە چاوپێکەوتنەکەی نەجیبەم پێشخست‌و دواتر لەکۆتایی دیدارەکەی نەجیبەدا روم کردە کاك فەقێ شێخ وەسانی سەبارەت بەگلەیی ئەو ژنەو چۆنێتی کیمیابارانکردنی شێخ وەسانان.

ئەولەوکاتەدا لەدۆڵی جافایەتی پێشمەرگەبووەو لە شێخ وەسانان نەبووە. ووتی: کەهاتینەوە بەسەر ئەو بارودۆخە ترسناکەدا وەزعێکی ناخۆش بوو، یەکێتی هاوکاری کردین‌و توانیمان بریندارەکان بگەیەنینە ئێران، بەڵام ئەو ئێوارەیەی تاوانەکە ئەنجام دراوە تەنها یەك کەسمان لەشێخ وەسانان شەهیدبووە بەناوی حاجی محمد، کە تەمەنی ٧٠ ساڵ بوو، دەنا ئەوانەی شەهیدبوون دوایی بەبریندارى مردن ئەوانیش لەسلیمانی‌و لەرانیەو لەشوێنانی تر مردن‌و زۆریشیان بەتایبەتی پیاوەکان بێ سەروشوێنکران.

سەبارەت بەدادگایی کردنی تاوانبارانی ئەنفال کاك فەقێ شێخ وەسانی دەڵێت، من بۆخۆم نەچووم بۆ دادگا بەڵام زۆرهاوکاریم کردن لێرە، خێزانم چووە، یەکەم کەس کەهەڵبژارد بۆ چوونی بەغدا نەجیبە بوو، کە کاك کامەران‌و ئەوان هاتن، بۆ مەسەلەی شایەت‌و شکاتکەر خەڵك زۆر مەیلی لێی نەبوو بچێ ئەویش لەبەر ئەوەی وەزعی بەغدا زۆر خراپ بوو، بەکورتی خەڵك نەیدەوێرا.. چونکە بارودۆخی بەغدا مەترسیداربوو.

کاتێك پرسیارم لێکرد ئاخۆ گلەییان چیە لەحکومەتی هەرێمی کوردستان،کاك فەقێ زۆر بەکورتی وەڵامی دایەوەو وتی: ئێمە رازین، لەسەرکردایەتی خۆمان رازین، لەیەکێتی نیشتمانی کوردستان رازین.

کاتێك گلەیی پیرەژنێکی بریندارى چەکی کیمیاوی خەڵکی گوندی شێخ وەسانانم روبەرووکردەوە کاك فەقێ ووتی: ئەوەیان ئارەزووی خۆیەتی ئەوەش دەبێ، بەڵام کە بەجەختکردنەوە لێمپرسی چۆن ؟ ئارەزووی خۆیەتی کاتێك کە بریندارێکی چەکی کیمیاوی پێویستی بەچارەسەرەو چەند کەسێك دیاری کراوان بۆ ئەوەی ببرێنە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەر بەڵام لەناویاندا پیرەژنێك هەیە لەگوندی شێخ وەسانان، دەڵی فەقێ شێخ وەسانی غەدری لێکردووین، بێراوەستان قسەی ئەوپیرەژنە بریندارەی پشتراستکردەوە ووتی: ( راست دەکات لەوەیاندا راستدەکات، بەڵام من غەدرم لێنەکردووە، خۆمن دکتۆرنیم‌و لەلیژنەشدا نەبووم، ئەوەی کراوە لیژنەپزیشکیەکان بوون، ئەوە ئیشی من نیە، ئەوانیش هەر ناهەقیان نیە مەسەلەن ئەوان ویستوویانە نەخۆشێك بنێرن کەحاڵی لەیەکێکی تر خراپترە، یان ئەوان دەگەران بەدوای بریندارێکدا کەسیپەلکی خراپ بووە، بەڵام یەکێکی ترچاوی ئاڵودە بووەو پێویستی بەچارەسەری چاوی هەیە. فەقێ شێخ وەسانی ووتیشی: خۆ کێشەکە هەرئەوەندەنیە،لیژنەکە (٣٢) سی‌و دوو بریندارى دەویست، بەڵام ئێمە (٤٠٠) چوارسەد بریندارمان هەیە، ئەی خۆ ناکرێت من شەری ئەوە بکەم بڵێم: دەبێ هەر چوارسەد بریندارەکە بنێردرێنە دەرەوە، پاشان ئەوە ئیشی من نیە ئیشی لیژنەی پزیشکیە،سەبارەت بەو قسانەش کە رووربەرووی ناوبراو کرانەوە کە ناهەقی لەهەڵبژاردنی بریندارەکاندا بەرادەیەکە کە خەڵك هەیە بێئەوەی بریندارى چەکی کیمیاوی بووبێ براوەتەئێران‌و ٢٠٠٠ دۆلاری وەرگرتووە، فەقێ ئەوەشی پشتراستکردەوە بەڵام ووتی: ئەوە لەلای ئێمە نەبووە، بەڵێ راستە ئێمەش ئەو گلەییەمانکرد، خەڵك هەیە پارەکەشیان لێسەندووەتەوە.

# پیرەژنە تەنیاکانی پاش ئەنفال

ئا: ئەنفالستان



سەر لەبەیانیەکی درەنگ وەخت لەگوندی گۆپتەپە لەگەڵ کاک سیروان لە دەرگایەکی سێ تاکی گەورەوە خۆمان بە حەوشەی ماڵی پور عایشە ئیسماعیل عەلی دا کرد، حەوشەیەکی پان‌وپۆڕ زیاتر بۆ ماڵە خێزاندارەکان شیاوە، پێشتر کە باسی وەزعی پورە ئایشیان بۆ کردبووم، من وێنەیەکی ترم لە خەیاڵی خۆمدا بۆ کێشابوو، چونکە پێشتر زۆرم لەمجۆرە قوربانیانە بینیوە، کەتەنیاکەوتوون‌و لەخانوویەکی خراپۆکەدا بینیومن‌و حیکایەتەکانیانم یاداشت کردووە، ئەومالآنەی کە ئەمجۆرە قوربانیانەی تێدا دەژین، لەو کەسانەن کەبە هۆی تاوانی ئەنفالەوە تەنیا کەوتوون‌و بەناچاری لەتەنیا ژورێک یان لە خانوویەکی خراپۆکەدا دەژین، بەتایبەتی لەگەرمیانی پایتەختی قوربانیانی ئەنفال زۆرم بینیوە. بۆیە لەخۆرانەبوو وێنەی پورە ئایشیشم واکێشابوو، بەڵام ماڵ‌و حاڵی ئەم مرۆڤە شکستخواردووە هەرچەندە بەتەنیا دەژی لەچاو ئەوان زۆر ڕێك‌وپێکتر بوو، کەلەدەرگای دەرەوەڕا بانگمان کرد، زۆری نەبرد کەدەرگای جامخانەی هەیوانەکەی کردەوەو بەخولقێکی زۆرەوە فەرمووی لێکردین بۆ ژوورەوە، ئەو کاتەی ئێمە چووین ئەو لەسەر دەرخۆنەیەك خەریکی وردکردنی تۆڵەکە بوو، ئامادەکردنی تۆڵەکەش تا دەکرێتە ژەمەخواردنێك بێ زەحمەت نیە، بەڵکو لەدەشتەوە دەهێنرێتەوە بۆماڵ‌و بژاردن‌و دواتر وردکردن‌و شۆردنەوەی گەرەکە.

که فەرمووی کردینە ژورەوە چەپکێکی گەورەی لەسەر دەرخۆنەکەی بەجێهێشت کە هێشتا هەروا کەمێکی لێجنیی بوو، ئەو لایەی بەردەمی چەقۆکە کەوتبوو بەشێوەیەکی ڕێکو ئەندازەیی بردرابوو، بەڵام پورئایش وازی لەکارەکەی هێناو هاتەلای ئێمە دانیشت. کە لەنیازی چوونەکەمان حاڵی بوو، ووتی سارەبی بەخێربێن، ئینجا چتان دەوێ فەرموون با بۆتان بگێڕمەوە.

پورئایش ژیانی منداڵی‌و کچێنیشی هەر لە گوندی گۆپتەپە بووە، دواتر لەگەڵ ئەحمەد محەمەد پرۆسەی هاوسەرگیری کردووەو ژیانێکی باشیان پێکەوە گوزەراندبوو، بەر لە پەلامارە بەد ناوەکانی ئەنفال دایکی ٦ کوڕو ٣ کچ بووە، کوڕەکانی (محمد ، محمود، عەلی، دارا، عەبدالله، دلێر) هەموویان لەپەلاماری ئەنفالی چواردا گیراون‌و هەتا ئێستاش بێسەروشوێنن، وەکو دەرودراوسێ دەیگێڕنەوە هەتا ئەم دوایانەش جێگەوبانی بۆ کورەکانی دادەخست، بەوخەیاڵەی کە گەرانەوە بچنەجێگەی خۆیانەوەو بخەون، لەناوحەوشەکەی خۆیاندا هەندێك کەل‌وپەلی هەبووە نەیهێشتووەکەس دەستیان لێبدات، چونکە بەملکی کورەکانی زانیوەو ئەم پارێزگاری لێکردوون، کچەکانیشی بێجگە لە خەدیجە کە ئێستا لە ژیانداماوە ئەوانی تر گوڵاڵەو ساکار بەرپەلاماری ئەنفال کەوتوون‌و هەتا ئێستا چارەنوسیان نادیارە. خەدیجە شوی کردووەو ئێستا لەگەڵ ماڵ‌ومێردی خۆی لە شاری کەرکوك دادەنیشێ، بەڵام ساکارو گوڵاڵە شویان نەکردبوو کە ئەنفال بردنی‌و نەگەڕانەوە.

پورئایش بۆخۆشی لەدەست ئەفسەرو سەربازە دڵرەقەکانی بەعس‌و جاشە سەرشۆڕەکان دەرباز نەبووە، بەڵکو لە نێوان گوندی "کانی بی‌و چنگورە" گیراوەو بردویانن بۆ لیوای ٣٩ و لەقەڵاکەی سوسێی نزیک ئۆردوگای پیرەمەگرون، لەوێ کۆیانکردوونەتەوەو دواتریش بۆ تەواریەکەی سلێمانی رەوانەکراون‌و ئینجا بە یاوەری پیاوانی ئەمنی سلێمانی‌و بەچاودێری شێخ جەعفەر عەبدالکریم بەرزنجی بۆ کەمپی کۆکردنەوەی تۆپزاوا رەوانەکراون، پاش ئەوەی لە تۆپزاوای بەدناو کچەکانی لێ جیادەکەنەوە، بەرەو نوگرەسەلمان بردویانن وەکو دەڵێت ( رۆلە بەسەیارەیەکی درێژ ،پەنجەرەکانی پەردەیان پێدادرابوو، بەرێگایەکی دورو درێژدا بردیانین رێگایەك تەواو بوونی نەبوو، بردیانین بۆ نوگرە سەلمان، رۆژی حەشربوو دەتگوت هەرچی ئۆمەتی خوایە لێرەیە) لەوێ چوار تا پێنج مانگێك زیندانی دەکرێن‌و لەژیانێکی پڕلە ئازارومەینەتیدا دەمێننەوە ئیتر لەوکاتەوە بێئاگا دەبێت لە کچەکانی‌و پێش ئەوەش لەپیاوەکەی‌و کورەکانی بێئاگابووە، چونکە هەریەکەیان بەلایەکدا رۆیشتوون‌و ئیتر یەکتریان نەبینیوەتەوە. پاش ئەوەی لەنوگرە سەلمان دەگەرێتەوە لەگەڵ مێردەکەی لە ئۆردوگای تەکیەی لای چەمچەماڵ یەك دەگرنەوەو سەپێکەوە دەنین‌و رۆژگارەکانی چاوەروانی هاتنەوەی کورەکانی دەگوزەرێنن، مێردەکەشی کە بریندارێکی چەکی کیمیاوی بووەو خەلکانێکی مرۆڤدۆست پەنایاندابوو دواتر هەربەو برینەی گیانی سپاردوو،پورئایش بەتەنیا دەمێنێتەوەو هەتا ئێستاش لەگوندی گۆپتەپە بەتەنهادەژی.

# ئەمە ڤیستڤاڵی ئێل بەگی جاف نیە کۆمەڵکوژی تۆپزاوایە..ئەزیزم

**ساڵی رابوردوو هێشتا هەفتەیەك بەسەر دەرچوونی ژمارە پێنجی ئەم ساڵنامەیەدا تێنەپەڕیبوو، شەوێکیان لەماڵەوە دانیشتبووم، کە زەنگێکم بۆکراو نارەزایەتی لەبلاوکردنەوەی وێنەی سەربەرگی ئەنفالستان دەربری منیش ئەم وەڵامەمم بۆ نوسی‌و لە رۆژنامەی هاوڵاتیدا بڵاوم کردەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی پەیوەندی بە ئەنفالستانەوە هەیە بە پێویستم زانی لەم ژمارەیەدا جارێکتر بڵاویبکەینەوە**



لەم شەوانەی رابوردودا لەدوای بڵاو بوونەوەی ژمارە (٥)ی ئەنفالستان، زەنگێکم بۆهات، دوای هەواڵپرسین‌و چۆنی‌و چاکی، بابای بێدەیقەت- : ئەری برا ؟

-: بەڵی برا .

- لای خۆی تۆ خۆت بەکەسێکی دیموکراسی‌وعلمانی دەزانی کەچی رەسمی ئاهەنگی ئێل بەگی جافت بڵاوکردووەتەوە..!! ووتم: ئێل بەگی جافی چی برا ؟ لەکوێ ؟

- لە ئەنفالستان..

منیش راچڵەکیم‌و بەپەلە وەڵام دایەوە چۆن؟ کوا؟ لەکام لاپەرەدایە..؟! کابرای بێدیقەت ووتی: ئەی ئەوەنیە لەلاپەرەی دواوە لەپشتەوەی گۆڤارەکە بەگەورەیی دانراوە؟

ئینجا هاتمەوە سەرخۆو گووتم برا: ئەوە ڤیستیڤاڵی ئێل بەگی جاف نیە، ئەوە کۆمەڵکوژی کوردانە لەکەمپی تۆپزاوا، رەنگە چەندین پیاوو ژن‌و منداڵی ئێلی جافیشیان لە ناودابێت، بەراستی بێدەیقەتی یەکی کوشندەیە تۆ لەدوای ئەو هەموو حیکایەتە مرۆڤ تەزێنانەی ناو ئەو گۆڤارە وێنەی کۆمەڵکوژی‌و ئاهەنگێك لێك جیانەکەیتەوە..!! باشە ئەنفالستان‌و ئاهەنگ کوجا مەرحەبا؟!!

لەدوای ئەم رودواوە بەهەموو لایەکی رادەگەیەنم، تکایە ئەگەر ئەنفالستان کەوتە بەردیدەت، بەدیقەتەوە لەوێنەکەی بەرگی دواوە بروانە، ئەو هەموو مرۆڤەی لەزومی کامێرادا جێگەیان نەبووەتەوە، بۆ ئاهەنگ گێران دانەنیشتوون، بەڵکو بۆ سەفەری مەرگ جیاکراونەتەوە، ئەوەی بەپشتی ئەنفالستانەوە دەیبینی حەقیقەتی تەنها رۆژێکی قەڵای نزارکێ یان کەمپی تۆپزاوایە، دەنا بۆماوەی ٦ مانگ ئەم جیاکردنەوەی لەوێنەکەدا دەیبینی بەردەوام بووە، وێنەی کۆمەڵکوژی‌و ئەتککردن‌و سرینەوەی شوناسی کوردە، وێنەی سوکایەتیە بەتۆو بەهەموو مرۆڤایەتی، وێنەیەکی راستەقینەی جیاکردنەوەی ژنان‌وپیاوانی ئەنفالکراوەو بەجل‌و بەرگیاندا دیارە زۆربەیان خەڵکی ناوچەی بادینانن.. ئەوە رۆژی حەشرە، ئەوە ئەنفالە، ئەنفال.. ئەزیزم. ئاهەنگی ئێل بەگی جافی چی؟!!

# فاتمە مستەفا عەزیز:
# هەق نییە بەخێرهاتنتان بکەم، تازە بۆچی دێنە لامان..

ئا: ئەنفالستان

هەقنیە بەخێرهاتنتان بکەم، بەو حاڵەیەوە دێنە لامان..

فاتمە مستەفا بەرکەوتوویەکی چەکی کیمیاوی گوندی شێخ وەسانانە لەدایکووی ساڵی ١٩٩٥٠ یە، لەرۆژێکی گەرمی مانگی ئابدا لەگوندی شێخ وەسانان بوین کەدکتۆر جەعفەر لە وڵاتی ئوردنەوە تەلەفۆنی بۆکردم، باسی لەپرۆژەیەکی رێکخراوی تەندروستی جیهانی کرد، کە بەنیازن لەناوچەی شارەزوور، جێبەجێی بکەن، مەبەست لەتەلەفۆنەکەی دکتۆر ئەوەبوو وەکو ناوەندی چاك هاوکاریان بکەین، بۆئەوەی پرۆژەکەیان سەرکەوتووتر بێت، بەهوی نەبوونی تۆری ئاسیاوە نەمانتوانی زۆرباش لەیەکتر حاڵی بین، بەڵام من وا تێگەیشتم کە دەیانەوێت کار لەسەر بریندارەکانی چەکی کیمیاوی بکەن، بۆیە بەدەرفەتم زانی وێنەی هەندێك لەبریندارەکانی ئەم گوندە وەکو نمونەیەك بگرمو کەمێك لەقسەکانیان یاداشت بکەم، بەمەبەستی ئەوەی لەگەڵ گەیشتنی تیمەکەی رێکخراوی تەندروستی جیهانی بیاندەمێو ئەگەر بکرێت بانگهێشتیشیان بکەین بۆ دۆڵی بالیسان بەونیازەی چاوی خۆیان بریندارەکان ببینن‌و بزانن کە چەکی کیمیاوی چەندە کاریگەری ترسناکی تێدا بەجێهێشتووە، پاش ئەوەی مام ئەحمەد عەلیمان لەمەزاری شەهیدانی گوندی شێخ وەسانان بینی، دواتر پێکەوە چووینە ماڵی فاتمە



مستەفا، کەلەبەر هەیوانی ماڵێکی گڵ راکشابوو، فاتمە کانۆلای لەدەستدا بوو لەحاڵێکی تەندروستی خراپدا بوو بەدەم کۆکە کۆکەوە هەستا، سەرەتا زۆرنیگەران‌و بێتاقەت بوو، ووتی: هەقنیە بەخێرهاتنتان بکەم‌و قسەتان بۆبکەم، ئەوە حاڵەکەمانە دەیبینی فاتمە ناهەقی نەبوو، حاڵی زۆر خراپ بوو، ووەکو خۆی گوتی تازە چونمان کەڵکی چیە ئەو بیست ساڵە بەدەم ئازارەوە دەناڵێنێ، ئەوەی سەرنجی راکێشام لە قسەکانی ئەو مرۆڤە بەرکەوتووەی چەکی کیمیاوی وتی: هەتا هیچ دکتۆرێکی تایبەتمەند نەیبینیوم، ئەوەندە نەبێ جاربەجار دکتۆرەکانی شاری رانیە کە ئەم سەردانیان دەکات، ئەو شروب‌ودەرمانانەیان بۆ نوسیبوو، کە زیاتر بۆ کۆکەو هەڵامەت یان بۆ سەرما خوردگی بەکاردەهێنرێن.

ئەم بریندارەی گوندی شێخ وەسانان گلەیەکی زۆری لەکاربەدەستان هەبوو: ئەوە بیست ساڵە بەم حاڵەم کەس لێی نەپرسیوینەتەوە، هەر دەڵێن دەتانبەین بۆ ئێرانێ ئەویش هەر بۆ خۆیانەوخزم خزمێنەیە، ئەوەتا من بەو حاڵەیەوە دەبینن ناونوس نەکراوم، کەچی کەسیی وایان بردووە بۆ ئێرانێ بۆچارەسەر بریندارى کیمیاویی نیە. کەچی من ئەوە حاڵەکەمە نەیانبردم، کچەکەشم ئەوەتا لەو ژورەیە حاڵی لەمن خراپترە.. من دوقسەتان بۆدەکەم ئەو وەشی نیە، دواتر هەرچۆنێك بێت کچە تازە پێگەیشتووەکەمان بانگکردە دەرەوە، بەڵام نەیپێی وتین ناوی چیەو نەقسەشی بۆکردین.

# پور خاتوون/ گوندی کلێسە

# چوومەلای پێمگوت باخوێنی ئەم کورەی من نەفەوتێ رۆژێك دەبێ لەبیلی چاوت دەری دەهێنم .. ئەرێ وەللە چوومە مقەرەکەی جاشبوو موستەشاربوو

دیداری: ئەنفالستان

هەرکەلێی نزیك بووینەوە ووتی: ئەوەتا دەمبینی قسەی چیت بۆبکەم ئەوەنیە داکی ئەنفالکراوان بەم تەمەنەوە خەریکین رەنج دەدەینو خۆمان بەم حالەی دەژێنین.

گللەیت لەکێ هەیە پورێ ..؟

وەاللە لەحکومەتەکەمان..

جکومەتەکەتان چییەتی...؟

حکومەتەکەم هیچ شتێك ناکات بۆ ئەوکەسانەی موستەحەقن، ئێستاش ئەوەتا دەمبینی ژیانمان هیچ فەرقی نیە لەگەڵ جاران، تەنها ئەوەیە وەکو جاران تۆپو تەیارەمان لەسەرنەماوە دەنا هەروەکو ئەوکاتە وایە کە لەبن ئەشکەوتان دەژیاینو بەهەزار دەردی سەری فەردەیەك برنجمان چنگ دەکەوتو بەدم پێشەرگانماندا دەکرد، تەنانەت ئەم دێییەی ئێمە جاشێکمان نەبووە، زەمانێك ئەم دێیە شۆرشی کردووە کە عاصی محمدو مەولود قەرەدەری شۆرشیانکردووە، دەبزانم تۆ ناوی ئەو کەسانەدەزانی ناوی ئەوکەسانە لەمێژوودا ماوە، ئێستا هەیە؟ دەی پێمبڵی بزانە ناویان هەیە...؟ دەی ئێمە لەوزەمانەوە دەچەوسێیینەوە، لەوکاتەوە ئێمە یارمەتی پێشمەرگەمان داوە، هەتاوەکو حەمە غەفوربووە، حەمەغەفور، عەلی عەسکەری ئەمانە هەموو لێرەبوونو شۆشیانکدووە، بەخوای باوەرم پێدەکەی یان نا کەیفی خۆتە گیسکم سەربریوە مندالێکم دمی لێنەداوە، لەبەرئەوەی پێشمەرگە بێبەش نەبن.. ئەوەش حالەکەمانە کەدەیبینی..؟ ئینجا پشتیرنەماوە ئێمە پێشمەرگەی



لێ حەشارنەدەینو پەنایان نەدەینو کاغەزیان بۆنەگەیەنینە جێی خۆی.. ئەوشەهید بێستوونە هاتووەتە مالمان لەبن ئەشکەوتان لەماڵی جا چیمان نەکردووە بۆیان..؟ ئێمە لەم دێیەی هەموو خزم بوین، یەك جاشێکمان نەبووە کلێسە هەموو خزم بین یەك خیانەتکارمان نەبووە.. ئێستاش ئەم شۆرشە کەپێگەیی خۆفەقیرنیە، خۆ موحتاج نیە دەبابێت لادێکانمان بۆ ئاوەدان بکاتەوە، چاوی لەفەقیروهەژاران بێ باچاوی لەداكو بابی ئەنفالان بێ، ئەم دێیە سەدوئەوەندە کەسی ئەنفالە. ئەی چۆن دەبێ ئاوابین ئەی ئەوەنیە حالمان دەبینی..؟ ئەوەمن موالیدی ٤٧ چلو حەوتم ئەوەتا گەسکی مەکتەبێ دەدەم..

+ پورە خاتوون تۆ شکاتت لەموستەشارێك کردووە. بۆچی شکاتت لیێ کردووە..؟

- شکاتم لێکدووە چونکە کورەکەی گرتووومو ئەنفالی کردووە.. ئەی چۆن شکاتی لێناکەم ..ئەلێرە هاتن لەئەنفالەکەیدا (ئازاد) کورەکەمی گرتووە لەئەنفالەکەیدا.

- ئەو جاشە کێیە .؟

- ناوی بایزە بایزی ئەحەداغای سێناجیان، هەربۆ بەیانیەکەی رۆژێك دوای گرتنەکەی ئێستا چۆن تۆ لەگەڵ من دانیشتووی ئاوا چوومەلای لەگەلی دانیشتم تەشەبوزم پێکرد گووتم: کورەکەم بەردەو چەندی پارە دەڵێی دەتدەمێ، چاکەم لەدەستدێ، پیاوەتیمان لەدەستدێ، گووتم بابە پێم بفرۆشەوە، خۆ کوردەو هەموو رۆژێ لێمان ناقەومێ خۆ عارەب نین، پیاوبەو ویژدانت هەبێ، لێقەوماوینو سەرلێشێواوین، بۆتەسلیمی دەکەی گووتی بەری نادەم، من خۆم خەراپ ناکەم بۆکوری تۆ، سبەینێ حکومەتلێم دەپرسێتەوە، ناوەللە هەرکەسێك ببینم لەوچیایەی دەیکوژمو ئەوەی بیگرم تەسلیمی حکومەتی دەکەمەوە، ئەوانە موخەریبنو چەکیان لەدژی حکومەت هەڵگرتووەو من خۆم بۆئەوانە پیاوخراپ

ناکەم، من هەقم بەسەرەوە چیە گوتیشی من بۆیە بوومە موستەشار بۆئەچواری وەکو کوری ئێوە بوومە موستەشار ئەی کەوایە ئیشم چیە.. ئینجا پێم گووت بابە بۆتەسلیمی دەکەی دەمناسی دەتناسم هەقت لەسەرمە، دوژمنی بۆتەسلیمی دەکەیت.. ووتی تەسلیمی دەکەم نەیدامەوەو کورەکەم فەوتا .. رۆیشتونەماندیتەوە، بەڵام پێمگووت ؛ دەباشە رۆژێك دێت هەقی خۆمت لێدەستێنم .

- ئەی ئێستا دادگا دەڵێ چی ؟
- چی دەڵێ دووجاریان بانگ کردووین..
- لەکوێ شکاتتان کردووە ؟
- لەدوکانێ شکاتمان کرد ئێستا هەواڵەی دادگای کۆیەیان کردووە، بەڵام ئەویان بانگ نەکردووە.
- بۆ بانگیان نەکردووە
- ئەرێ بۆ بانگیان نەکردووە، ئێستاش چوومە مەحکەمەی ئەوەی کەپێم گووتی: بەحاکمیشم گووتووە ئەوکابرایە ئاوای لەگەڵکردووم‌و وەختی خۆی ئاوام پێگووتووە، ئێستاش داوادەکەم دادگای شۆرش هەقمان بسستێنێ ... جانازانم چمان بۆدەکات .
- ئەی ئەگەر هەقی نەستاندی ؟
- ئەگەر نەیستاند هەواڵە بەخوای بن‌و خوا هەقیان لێبستێنێ .. ئەمن ٢١ سالە هەوالەی خوام کردووە، خۆ بەتەنیا کوری من نەبووە کوری میللەت بووە، ئەگەر میللەت‌و شۆرش لەهەقی خۆیان خۆش بوون، کوری من پێشمەرگە بووە، بابیشی پێشمەرگە بووە، بەچەکەوە گیراوە، ئەگەر شۆرش لەهەقی خۆی خۆش بوو ئەوە منیش خۆشبووم.
- ئەی داوات لەکەس کردووە پشتیوانیت بکەن..؟
- ئەرێ وەاللە داوا دەکەم لەهەموو کەس ئەوەی دڵسۆزمانەو خۆی بەکوری ئەو میللەتە دەزانێ هەقە لەگەڵمان بێت‌و پشتیوانیمان بکات.. ئەی کابرا چوارکەسی فەوتاندووەو ئەنفالی کردوون خۆ کەم نین کاکە.
- هەرئێوە شکاتتان لێ کردووە یان هەر ئێوە
- ناوەاللە هەرچوارمان، هەرچوارمان پێکەوە شکاتمان لێکردووە. ئەوەنەبووە عەسکەری لەناوماندانەبووە، هەتا دەسەڵاتی نەبوبێ کابرا بۆخۆی جاش بووەو بۆخۆی گرتوونی‌و ئەگەر باش بوایە دەیتوانی نەك چوارکەس بەڵکو دەیتوانی سەد کەس رزگار بکات‌و ئیزنیان بدات. ئێکابرا هاتووە بێمنەتانە ئەو پێشمەرگانەی گرتووەو تەسلیمی کردوون. ئەگەر حکومەت کحکومەت بێ‌و قانوون‌و نیزامی تێدابێ چۆن لەشکاتی من ناپرسی ، بەروون‌وئاشکرا گرتوونی شایەتم هەیە ئەوەنەبووە دوای مانگێك زانیبێتم، دوای ١٥ رۆژ بیستبێتم، هەر رۆژێك دوای گرتنیان چوومەلای تەشەبوزم پێکرد، ئێستاش ژنێکم پیربووم ئەوەتا موالیدەکەشم بیرنایە ئەو رۆژانە ووتوو وریا بووم، ئەوکاتە چوومەلای پێمگوت باخوێنی ئەم کورەی من نەفەوتێ رۆژێك دەبێ لەبیلی چاوت دەری دەهێنم .. ئەرێ وەللە چوومە مقەرەکەی جاشبوو موستەشاربوو.
- ئەی گەر داوای لێبوردنی لێکردی لێی دەبووری
- ناوەاللە بۆچی لێی ببورم، من ئەو رۆژەی لێی نەبورام بۆچی ئێستا لێی ببورم. ئەگەر دادگا بۆی کردم بابیکا ئەگەرنا ئەو لەماڵی خۆی‌و من لەماڵی خۆم ناوەاللە عەفوی ناکەم.



# بادەسەڵات وسەرکردەکانمان نەبنە پەنای جاش ومستەشارەکان!

میقداد شاکەلی

ئـەوان، حەقیان نیە چتر لـەسـەروەت و سامانی ئەم خاکە بخۆن، لـەم هـەوای بەناو ئازادیە هەڵژن، چونکە مافی ژیانی هەزاران کوردیان زیندە بەچاڵکرد!! سەری سەدان رۆڵـەی بە ئەمەکی ئەم گەلەیان بەبریندا، چاوی دەیـان پێشمەرگەیان دەرکرد.. سەر دەمانێك بوو هەرکوردێکی ئازادیخوازیان بە دوژمنی سەرسەختی ووڵات دەزانی وسەروەری وشکۆییان تەنها بۆ بەعسی ئەفلەقی پێ رەوا بوو !

بەداخەوە .. دەسەڵاتو سەرکردەکانمان لـەبری هـەوڵـدانو پـەلـکێش کـردنی جاش و مـسـتـەشـارەکان بـۆ بـەردەمـی دادگا، بوونەتە پشتوپەنایانو داڵدەی ئـەوان دەدەن...هـەنـدێك لەوجاشانە دە هێندەی پێشمەرگەیەکی دێرین رێزێیان لێ دەگیـردرێو لەبەرپێیان هەڵئەسن، هەندێکیشیان ئێستا خاوەن دەسەڵاتن وخۆیان بەپاکترین مرۆڤی کورد دەزانن و هـەمـوو خـزمـەتـی جاشایـەتـیـان بە پێشمەرگایەتی بۆ هاتوەتە ئەژمارکردن ..! لەهەمووکەس خێراتر دەتوانن خۆیان بگەیەننە لای هەر سەرکردەیەك ئەگەر لەبالاترین پۆستدا بێت !!.

زۆریشیان هەرجارەو لەووڵاتێکدا خەریکی کەیف وسەفایەو تاکە مێشێك میوانی نیە، چونکە هەم دەسـەڵات پاڵپشتی ئەوانەو هەم زۆر کەمتەرخەمە لە لێپێچینەوەدا.. ئیدی ئەوانیش لەوهەیتو هوتەی میللەت ناترسن وگوێی خۆیان لێکەرکردووە.

ئـەوان وەك چـۆن لەسەردەمی بەعسدا خاوەنی متمانەو دەسـەڵات بوون، دەست رۆشتووبون،لەئەمرۆشدا دەبینین خاوەنی پـارەو ئیمتیازاتن،جوانترین سـەیـارەو خانوو خۆشترین سەفەرو گەران،دڵنیاترین کەشوهەوای ئازادی...ئەوانەش بەدەستی چەپەڵی خوێناوی جاشەکان کەس وکارو ئازیـزانـیـان بـوونـەتـە قوربانی،تـادێت بەدبەخت وبێحاڵ وبرسین.نائومێدیەك دڵ ودەروونـی مـرۆڤـی کـوردی تەنیوە ،لـە زۆر جێگادا گوێت لەوەیە خۆزگە بۆسـەردەمـی بەعس دەخوازن،چونکە ئەوانەی تادوێنێ رۆڵەی کوردیان بەکوشت دەدا لەپێناو پـارەو دەسـەڵاتـدا ئەمرۆ تـادێت ملیان زل دەبێت ولەبەرچاوی گەل دێن ودەچن،هەندێکیشیان پاسەوانی تایبەتیشیان لەگەڵایە..ئـەمانە لەبەر چـاوی میللەت زۆرنـاشـیـریـنـن وگـرێ کـوێـرەیـەکـی دەروونـی لـەنـاو هەست و ویژدانیاندا کەڵەکە بووەو وردە وردە رقێك دروسـت دەکـات خـەریکە دەگاتە ناو هەموو خێزانەکان.لێ تا خانوویەك وموچەیەك بۆکەس وکاری ئەنفالەکان دابین دەکرێ،جاش ومستەشارەکان دەیان جۆر ترۆمبیل دەگۆرن و دەیان سەفەری راقی دەکەن..تا رۆڵەیەکی قوربانیانی ئەنفال بە کوللە مەرگی دەچێتە زانکۆ رۆڵەی ئەوان بۆ زاکۆکانی دەرەوە دەچن و ماستەرو دکتۆرا دەخوێنن!

لاوازی دەسـەڵات و زۆر کوێخایی و زۆر رۆتـیـنـی ئـەم وڵاتـەی داپـۆشـیـوەو هەر سەرکردەیەك بووەتە پەناگەی جاشێك و کەسیش ناتوانێت لە گوڵ کاڵتریان پێ بڵێ!!من دەخـوازم لە کەس و کاری ئەنفالەکان رێگا بەهیچ کەسێك نەدەن لە یادەوەرییاندا فرمێسکی تیمساحی برێژن و دواتـر لاپەرەیەکی نوێ هەڵبدەنەوەو فەرامۆشی رابردوو بکەن،چۆن جەختتان لەوە کردەوە خانووتان بۆ بکەن ،هەرچەند لە ئاستی پێویست نیە و خەڵکانێك هەن بەش خوراو بوون ،بەوشێوەش پێداگری بکەن لە دادگایی کردنی ئەو کەسانەی بوونەتە هۆکاری لە دەست دانی ئازیزانتان ،کە تا مردن ئێش و ئازاریان نابرێتەوە.

لێرە لـەم وڵاتـەدا یاسا لاوازە،کەسانێك هەن لەدەرەوەی بازنەی یاسان ،بۆ ئەوان لاستیکییەو تەنها فەقیرو بێ پشت و بێ واسیتە دەکەونە ناو ئەو تۆرەوە و دەبێت بچوکی بکەن ئەگەر یاسا سەروەر بێت، پێویستە سـەروەری هەمووان بێت،نەك ئەم و ئەو لە دوورەوە تەماشا بکەن و پێمان پێبکەنن،هەرچیشیان حەزلێبێت بیکەن!

گەندەڵی و رۆتین و خزمایەتی و کەسی نەشیاوو زۆر دەنگی و کەم رەنگی و بێ پلان و زۆر سەرکردەیی بوەتە واقعی ئەم ولاتەو خەریکە هەموو جیهان لێمان بـە ئاگا دەبـن، کـەم ئـەزمـوونـی و کەم دڵسۆزی شین و واوەیلێی خستۆتە ناو جەرگەی میللەت ودەسەڵاتیش پرخەی دێت ..لە تەنیشت ئەم بێنەو بەردەیەی کە هـەیـە جاش و ئـەنـفـال چییەکان هەلیان قۆستوەتەوەو جرت لە و عالەمە لێدەدەن کە لوولە لوولیانە داوادەکەن لە سێدارە بدرێن،هەرچەند من دڵنیام تەنها خوێندنەوەی ئەم بابەتە بۆ هەریەکەیان لە سێدارەدانێکە ،بەڵام کاتێك شعوریان نەبوو ،حەقی وایە ئەو تۆزە هەناسەیەش نەدەن!

ئـەی ئـەو کـەسـانـەی لـەسـەر کـورسـی دەسـەڵاتـن بـیـرتـان نـەچـێـت ...دەنـگـی قوربانیانی ئەنفالەکان ئێوەی گەیاندە ئەو جێگەو رێگەیە ، ئەوەش دەزانم زۆرتان شیاوی ئەو جێگەیە نین ،بەڵام هێشتا لەم وڵاتەدا حیزب کاریگەرە نەك توانا،بیرتان نەچێت گوێ لـە داواکـاریـیـەکـانـی ئەو بەش مەینەتییانە بگرن و هەرچییان دەوێت بۆیان جێبەجێبکەن ، هەوڵبدەن متمانەتان نـەدۆرێـنـن،بـرواتـان هـەبێت لەشکستدان..

چەرخی زەمەن زۆر بێباکانە دەسورێت و راستییەکان دەردەخاتو سەریشی دەخات، دەنگی ئـەوان دەیـان کەسی وەکو ئێوە دەبات و دێنێ.

ئێوە هەوڵبدەن کەسوکاری ئەنفالەکان رۆشـنـبـیـر بـکـەن، خـۆش گـوزەرانـیـان بکەن ،بیان نێرن بۆ دەرەوەی وڵات بۆ خوێندن،بۆ چاو کراوەیی ، بۆ بینینی واقع،بۆ گەران و گەشت...پلەو پایەیان پێبدەن ،بەڵکو خۆیان بریار لە ئاقیبەتی خۆیان بدەن.

# هەژدە ساڵە چ ئاوڕێك لەكەسوكارو قوربانیانی ئەنفال دراوەتەوە

م. ئەكرەم ساڵح – سەرقەڵا
kurdistani@yahoo.com

گەر چاوێكی خێرا بەمێژووی گەلی كوردا بگێڕین دەبینین زۆر نەهامەتی بەسەرداهاتووە و زۆریش شكستو هەستانەوەی بەدواداهاتووە، ئەوەش یاسای ژیانە هەموو كەوتن و ناخۆشییەك هەستانەوەو خۆشییەكی بەدواوەیە.

گەلی كوردیش هەرلەسەرەتایی دروست بوونی دەوڵەتی عیراقەوە تەنانەت تا ئەمڕۆش هەندێك لایەن بەشێوەیەكی تەسك بیری لێدەكەنەوە تەنانەت بەرەوای نازانن، بەزمانی دایكیش قسە بكات نەهامەتییەكانیش زۆرن، كەبەسەرمیللەتی كوردا هاتووە لەوانە (شكستهێنانی شۆڕشی شێخ محمودی نەمر، شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران .هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول) مێژوو شاهیدە كەمیللەتی كورد زنجیرەیەك تاوانی گەورەی بەرانبەر ئەنجامدراوە (جینۆسایدكردنی بەرزانییەكان. كۆمەڵكوژیو دەربەدەركردنی فەیلییەكان، كیمیاباران كردنی شاری هەڵەبجە بەچەكی قەدەغەكراوی جیهانی وئەنفال كردنی ١٨٢٠٠٠هەزارپیروگەنج و ژن وپیاوو منداڵ، وێرانكردنی ٥٠٠٠هەزار گوندی كوردستان) یەكێك لەو زنجیرە تاوانانە ئەنفال بوو كەلە بەهاری ساڵی ١٩٨٨و بەهەشت قۆناغ ئەنجام دراوەو پیلانی پێش وەختی بۆ دانرابوو، كەحزبی بەعس بەهەموو توانا سەربازییو هێزە ئەمنیو سەركوتكەرەكانی تری بۆخستبووە گەڕ.

ئەمڕۆ ٢١ساڵ بەسەر ئەو كارەساتەدا تێدەپەڕێت (٢١)ساڵە دایكە رەش پۆشەكەم باسی رووخانی دێهاتەكانی كوردستانو پەلامارەكانی ئەنفال دەكات (٢١)ساڵە هەموومان لەچاوەڕوانی كەسوكارماندا رۆژگار دەخەینە سەر شەوگارو چاوەڕوانیمان بێهودەیە (٢١) ساڵەشمشاڵی شوانەكانی گەرمیانو كوێستانی كوردستان ئەنفالكراونو بێدەنگكراون.

٢١ساڵە ئەم برینە سارێژنەبووەی كەسوكاری ئەنفال دەكولێتەوە و جەستەمان خەڵتانی خوێن دەبێت. قێزەوەنی و درەندەی ئەو رژێمەمان بیردێتەوە كە (قەسابخانەی موسڵ و تەلی درگاوی و نینۆك هەڵكۆڵین، كەللەبچەو ..هتد لە رەفتارەكانی ئەو رژێمەبوون) كە دوورلەهەموو سۆزو ویژدان و ئاینێك كەوتنە وێزەی خەڵكی رەش و رووتی كوردستان بەگشتی و گەرمیانیش بەتایبەتی، بۆیە باوەرناكەم كەسێك هەبێت لە جیهانی ئیسلامدا ووشەی ئەنفالی نەبیستبێت كەماناكەی بە واتای دەسكەوت دێت، ئالێرەدا دەسەڵاتی بەعس لەژێر ناوی دەسكەوت كەوتە وێزەی كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان زۆر بەشێوەی درندانە پرۆسەكەی ئەنجامدا هەروەها پێغەمبەرمان محمد (د.خ) دەفەرمێت (هدمل الكعبە حجرا حجرا اهون من قتل مسلم) واتە رووخانی كعبە بەرد بەبەردی باشترە لەكوشتنی موسڵمانێك. هەڵبەت ئێستا هەموو لایەكمان بەرچاومان روونە.

١٨ساڵە چ ئاوڕێك لەكەسوكاروقوربانیانی ئەنفال نەدراوەتەوە (١٨) ساڵە بووینەتە وێردی سەر زمانی بەرپرسانو بازرگانیمان پێوە دەكرێ (١٨) ساڵە لەسەر حسابی ئێمەی كەسوكاری ئەنفال گرەنتی ژیان بو بنەماڵەو كەسوكاری بەرپرسان بەدەست هاتووە (١٨) ساڵەو لەهەموو (١٤/٤)ە كاندا بەڵێن دەدرێت بۆساڵی ئایندەش دوای تێپەڕبوونی ساڵێك بەڵێنەكان جیبەجێنەكران (١٨) ساڵە كورانوكچانی باوكو دایك ئەنفالكراو هێشتا پێویستیان بەواسیتەو واستەكارییە، بەنامەو تەلەفونی جاش ومستەشارەكانیشەوە بۆ ئەوەی لەزانكۆو پەیمانگاكان وەربگیرێن.



(١٨)ساڵە ژنە ئەنفالەكان لەبەردەم دادگا بەراییەكانی كوردستاندا كزو كوڵەوار دانیشتووە بەهەرحاڵ كەسوكاری ئەنفالكراوان بەیەكجاری لەو حكومەتە بێ ئومێدن كە لەسەر خوێنو ئێسكی ئەوان دامەزراوە، لەوبەرپرسە گەندەڵانە پرە كە شەرم لەلێدانەوەی هەمان قەوان ناكەن بێئەوەی هیچ بەلێنێك جێبەجێبكەن.

با تاوێكیش لابەلای مامۆستایانی ئاینیش بكەینەوە..؟

دیارە ئەوە نكۆڵی لێ ناكرێت كە ئێمە هەموو موسڵمانین، موسڵمانیوخواپەرستیش وەك هەموو شتێكی دیكەپلەی هەیە میللەتی كورد لەسەردەمی صلاح الدینی ئەیوبییەوە كەهەموو شتێكی لەپێناو

ئاینی ئیسلامدا کرد،ئەوەی سەرکردەی کورد سەلاح الدینی ئەیوبی بۆ دین‌وئاینی کرد، ئەگەر بۆ نەتەوەی کوردی بکردایە، ئێستا کورد لەبارێکی تردا دەبوو، هەروەها (شێخ محمودی نەمر) خەباتی ئەم سەرکردەش ئەوە بووە کەرووبەرووی سوپای ئینگلیز بووەتەوە وبایەخی بەلایەنی ئاینی داوە ...لەسەرەوەش ئاماژەم بەو ڕێژە زۆرەی قوربانیاندا کەمیللەتی کورد داویەتی‌و بەدەست ناسیونالستی عەرەبەوە نالاندویەتی، کەچی ئێمەی کوردیش لەراپەرینی١٩٩١ دا و لەپرۆسەی ئازادی عیراقیشدا لەساڵی ٢٠٠٣دا کورد بیری لە تۆڵەسەندنەوە نەکردەوە.

با ئەوەمان لەبیرنەچێت کورد موسڵمانە بەهەرحاڵ با بچمە سەرمەبەستەکەم دوای ئەم دەردەسەریە نەمانبینی نەجامعەی عەرەبی‌و نەکۆنگرەی ئیسلامی‌و تەنانەت ووتاربێژی مزگەوتێکی کوردستانیش ئیدانەی ئەوتاوانە قیزەوەنە بکات، تەنانەت باسی ئەوە بکات کە چۆن لەرووخانی دێهاتەکاندا مینبەری مزگەوتەکان تێکەڵ بەتەوالێتەکانکرا ئەمەش نموونەیەکی یەکجار بەرچاوە سورەتی الفاتحەو الانفال لەکون‌و کەلەبەری مزگەوتە روخێنراوەکاندا دەدۆزرایەوە، ئەی بۆ مەلایانی ئاینی دژی نەوەستانەوە..؟ خۆ ئەگەر دەڵێن بەعس ڕژێمێکی درندەبوو، بەلەسێدارەدانتان دەبوونەشەهیدو دۆزەخی بەعسیان بەجێدەهێشت‌و قیامەتیان مسۆگەر دەکرد ئەی بۆ هەڵوێستیان نەبوو ..؟ هەرچەندە بەشێکی قوربانییەکان پیاوانی ئاینیش بوون. منیش بەلۆژیکی ئەوپەندەی پێشینان کە دەڵێت (هەموو پەنجەکانی دەست وەك یەك نیە) ڕاستە وەك یەك نین، بەڵام هەموویان دەجولێن‌وکار دەکەن .مەلاکانیش بەهەمان شێوە..؟ کێن ئەوانەی دوعا و نزای تەمەن درێژیان بۆ ( صدام )ی خوێنرێژو درندە دەکرد ئەمەپرسیارێکە ١٨ساڵە قوربانی ئەنفال دەیکات.

خوای گەورە دەفەرمێت(العین و بلعین وسن بسن)واتە حەقی چاوچاوێکەو ددانێك ددانێکە. ماوەیەك پێش ئێستا شەری اسرائیل .غەزە بوو، بیستومەو بینیومە مامۆستای ئاینی وهەندێك خەڵکی تر ئیدانەی ئەو شەرو کوشتارەی غەزە و ئیسرائیلیان کرد بۆ نموونە لە شاری کەلار سەنتەری گەرمیانی ئەنفالکراو کە زۆرینەی گەرمیان جەستەی خەڵتان خوێنی دەستی ناسیونالیزمی عەرەبە خۆپیشاندان کرا، دژی ئیسرائیل و ئالای وولاتەکەیان سوتێنرا هەروەها (مەلا سەید احمد) لە مینبەری مزگەوتێکدا لەهەولێر بانگەشەو ووتاری بۆ پاڵپشتی فەلەستینی خوێندبوو، ئەمەش هەوڵێکە بۆ ناشرین کردنی ئەو دەسەڵاتەی کە بەو قوربانیە بەرهەم هاتووە وە لاتان ڕوونە. ئەوەی بەرهەم هاتووە ئەوانە دەیخۆن کەدژین و ئەتوانم بڵێم کە قوربانیان نەداوە، هەمووشمان دەزانین مولازم موحسنی خوێنرێژ کە بەکورد کوژناسرابوو فەلەستینی بوو، یاخود لەسەرەتای ساڵانی ١٩٩١ بینیمان لەگۆڤارێکدا وێنەی یاریکردن دۆمینەی جوندی عربی فەلەستینی لەسەر سنگی کچە کوردی ئەنفالکراومان بینی ئەی بۆچی ئەوانەی ئەمرۆ دژی ئیسرائیلن دەنگیان نەکرد..؟ ئەمرۆ لە ژێر ناوو بەبیانووی ئەوەی کەمنداڵ گوناحەو ئافرەت تاوانی نیە بەرگری لە فەلەستین دەکەن، یاخود دەڵێین فەلەستین گوناحە هیچ نەبێت موسڵمانە با بەرگری لێ بکەین، ئەرێ ئێمەی کورد موسڵمان نەبووین..؟ دەربارەی ئەوەی ئێمە موسڵمانین ئەوە شتێکە نکۆڵی لێ ناکرێت بۆیە من وەك قوربانیەکی ئەنفال لەناوجیهانی عەرەبدا مافی خۆمە تەنها سۆزم بۆ چەند کەسایەتیەکی عەرەب هەبێ وەك کەنعان مەکییە، هادی عەلەوی، کازم حبیب، زهیرکازم عبود کەبەردەوام لەسەر ئەنفال‌وتاوانی هەڵەبجە دەنوسن،دەنا لەناوسەرکردەی عەرەبیشدا جگەلە ( موعەمەر قەزافی)کێ لەسەرکورد قسەیەکی خێری کرد، کە ووتبووی: بەرگری لە کورد بکەین تەنها لەبەرئەوەی کوردن بەڵام وولاتانی عەرەب بە (شێت)ناوی دەبەن هەر لەبەرئەمەش بوو لەسەر بڕیاری بەڕێز مام جەلال لە شاری سلێمانی باخچەیەك بە ناوی (موعەمەر قەزافی)وە دروستکرا.

سێ سەرۆکایەتیەکەی خۆمان

یەکەم سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان:

ئێمە وەك کەسوکاری ئەنفال‌و شەهید ئەوەندە ئازارو ئەشکەنجە دراوین، ئاواتە خوازبووین بەئازادی بۆیە ئیستاش حکومەتەکەمان چەند خراپ بێت ئەستەمە جورئەتی ئەوەبکەین بڵێین.. (با ... بروخێت) بەڵام پەنجە دەخەینە سەر کەم و کورییەکان و دەڵێین (گاوان زیرەك بێت گاگەی کاوێژناکات) دیارە ئێمە خاوەنی ٣ سەرۆکایەتین لەهەرێمی کوردستاندا لەوانە (سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان‌و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران) سەرەتا دێمە سەرپێگەو دەسەڵات‌و ئیشو کارەکانی جەنابی (مەسعود بارزانی) کەسەرۆکی هەرێمی کوردستانە ئەوسەرۆکایەتییەی کەهەر لەگەڵ دەست بەکاربوونیدا رووفاتی (٦٠٠) بارزانی هێنایەوەو بەگرنگی پێدانەوە بەخاکیان سپاردن، بێگومان روفاتی بەرزانیەکان شایانی ئەو مەراسیمە بوون، بەڵام رەخنەکە لەوێدایە وەك بڵێیت تەنها ئەوان کوردبن..؟ ئەو سەرۆکایەتییەی کەتەنها بۆ دەڤەری (بلە وبارزان و بادینان) باوکەو بۆ باقی شوێنەکانی دیکە باوەپیارەیە..!

# خالد محمد حسن:

## نەدەتوانین بچینەوە سەر زیدی خۆمان، نە لێرەش سەرپەنایەکمان بۆپێکەوە دەنرێ

ئا: ئەنفالستان

خالدو خەسرەو دو قوربانی تری ئەنفالن، هەروەها دووکەسی تەنیاکەوتوونو هەموو خانەوادەکەیان لە ئەنفالی سێدا بێسەروشوێن کراون، رۆژی ٢٠٩ /٢/٢٣ پێکەوە هاتنەلامو ماوەیەك پێکەوە دانیشتینو باسمان لەخەمەکانمان کرد.

خالد کورێکی ئەسمەری بالاَمام ناوەندیەو تاکە دەربازبووی خێزانەکەیەتی، لەبەر هەلومەرجی ژیانی گوندنشینی ئاژەڵداری لەخوێندن بێبەری بووە، بۆیە هەئێستا نەخوێندەوارە، خەڵکی گوندی زینانەی سەربەناحیێ نەوجەولی ناوچەی داودەیە، ئێستا لە دوزخورماتوو دادەنیشێ، خالد لە دایکبووی ساڵی ١٩٨٠یەو بەهۆی ئەو بارودۆخەوە بە ناسنامەی باری کەسێتی لەدایکبووی ١٩٨٤، ئەو کاتەی لەگوندەکەی خۆیاندا دەژیان بەکاروباری کشتوکاڵو ئاژەڵدارییەوە، سەرقاڵ بوونو چیانێکی هاکەزایی ژیاون، تا پەلاماری ئەنفالی سێ ژیانی ئەم خانەوادەیەو خالیدی کوریشیانی لەبەریەك هەلوەشاندووەو وەکو زۆربەی گەرمیانیەکان ئەنفال رێشەی خانەوادەکەیانی لەبنەوە هەڵکێشاوەو ئەو تاکە دەربازبووی خانەوادەکەیانەو خۆی ووتەنی: بۆ دەردەسەری رۆژگارماوەتەوە، خانەوادەکەیان لەبنەرەتەوە ٦ کەس بوون.

باوکی (محمد حسەنو دایکی ئامینە کاکەوەیس خەسرەو لەگەڵ خوشکیکی بەناوی سەرگوڵو دوبرای بەناوەکانی وەلیدو رێباز) لەپەلامارەکانی ئەنفالدا دەستگیرکراون، خوشكوبراکانی منداڵ بوونو دایکیان ژنی ماڵو باوکیان گوندنشینێکی ئاژەڵداربووە، لەبەرئەوەی لەگەڵ رانەحەیوانەکەیدا بووە، بەهۆی بەزەیی پیاداهاتنەوەی سەربازێکەوە پەنادراوەو خالد ، دەست هێزەکانی جاشو سوپانەکەوتووە، بەلاَم باوکی جاشەکان بردوویانەو لە دوز داویانەتە دەست سوپاو لە مەڵبەندی لاوانی دوز (مرکز تدریب الشباب) کە ئەنفالکراوەکانی تری تێدا کۆکراونەتەوە ئەویش دەستگیرکراوە، خالد ئەو چرکە ساتەی باش لەبیرە کە لەگەڵ باوکیدا پێکەوە لەگەڵ رانەمەرێکدا بوون، بەلاَم جاشەکان بەپێشچاوی ئەم منداڵەوە دەستگیریان کردووەو لەمیان دابریوە، هەرچەندە دەیزانی کە دایكوخوشکوبراکانیشی لە مرکز شەبابەکە زیندانی کراون، بەلاَم نازانی لەگەڵ باوکی لەزیندان یەکیان گرتووەتەوە یان نا، بەکورتی ئەوەی دەیویست بیزانێ ئەو گرێیەیە کە ئاخۆ پێکەوە براونو پێکەوە کوژراونو ئێستاش پێکەوە لە گۆرێکدان یان ئەوەتا، هەر چاویان بەیەکتری نەکەوتووەتەوەو هەریەکەیان لە گۆرێکدان.

پاش ئەوەی خالد خۆی پەنا دەداو دەست هێزە ئەنفالچیەکان ناکەوێ، ئیتر بەتەبیعەتی حاڵ ژیانی تەنیادەکەوێو دەکەوێتە لای عائیشە عزیز خەسرەوی



نەنکیو پێکەوە سەردەنێن بەیەکەوەو بەهەژاری ژیان دەگوزەرێنن، هەتا منداڵ بوو خالد بە گوڵەبەرۆژە فرۆشتن نانی خۆیو نەنکی دابین دەکرد، دواتریش کە موچەیەکی هاکەزایی بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوەکان برایەوە ئەوان تەنها ٢٠٠ دیناری چاپی سویسریان وەرگرتووەو مەمرەوبژی گوزەراندوویانە، لەدوای روخانی رژێمی بەعسیشەوە موچەکەیان دەگاتە ١٥٠٠٠٠ سەدوپەنجا هەزاردینار، بەلاَم لەبەر بەرزبوونەوەی نرخ ئەوان دیسان ناتوانن پاشکەوتێك بکەن، تا بیرلە گۆانێکی ئەوتۆ لەژیانیان بکەنەوە، ئێتر بەو جۆرە ژیانیان دەروا تارۆژی ٢٠٠٧/٢/٩ لەچاوەروانیو فیراقی ئەنفالکردنی کورو کورەزاکانیدا نەنکیشی کۆچی دوایی کردووە، ئیتر لەوەتای نەنکی کۆچی دوایی کردووە، ژیان لای ئەم کورە تەڵخترتاریکتر خۆی دەنوێنێ، نەدروشمی ئازادی عێراقو نەپروپاگەندەی دیموکراسیو مافی مرۆڤ هیچیان بۆ ئەو هەناسەیەکی پیرەژنەکەی نەنکی ناژین، کە لەدوای

ئەنفال بەبەهاترین پشتوپەنابوو، بەڵام ئێستا خۆی خوادن بۆخۆی دروست دەکاو بەتەنیا دەخەوێو خەمەکانێتی. لەبارەی مردنی عائیشەی نەنکیەوە خالد دەڵێت: ( کە نەنکم کۆچی یەکجاری کرد، ووتم ئیتر منیش ناژیم، کە چی رۆح شیرینەو لەشوێنێکی قایمدایەو نایەتە دەروە، ئەوەتا بۆ پەندی رۆژگارماوەو دەژیم) ئێستا خالدی رەنگ ئەسمەر زیاتر رەش داگەراوەو تەنیاکەوتووەتەوە، هەربەتەنیا دەژیو بۆخۆی لەماڵێکی ساردووسردا بەکرێچی دەژیو بۆخۆی خواردن بۆخۆی دروست دەکاو تەنیایی بووەتە کابوسێكو لێی نابێتەوە.

لەدوای مردنی نەنکییەوە دەردی تەنیایی زۆری بۆهێناوە، بەڵام هەژاری دەرفەتی ئەوەی نەداوە بیر لەوە بکاتەوە هاوسەرگیری بکاو خێزان پێکەوە بنێ، بەمەبەستی هاوکاری کردنی بۆ پرۆسەی هاوسەرگیری دوو جار سەردانی وەزارەتی شەهیدانو ئەنفالکراوانی کردووەو چاوی بە وەزیری ئەو وەزارەتە کەوتووە، بەڵام هاوکاری وەزارەت بۆ کوروکچی شەهیدو ئەنفالکراوان تەنها برێکی دیاریکراوە کە ملیونێك دیناری چاپی نوێیە، هەرچەندە ئەم برە پارەیە ناتوانێ پرۆسەی هاوسەرگیری مسۆگەر بکات، بەڵام هاوکارییەکی خراپیش نیە، لەلایەن وەزارەتی شەهیدانو ئەنفالکراوانەوە، ئەمە جگە لەوەی پارمەتیەکە هەم بەخشینەو لێیان وەرناگیرێتەوە، هەم لەبەر رێژەی زۆری ئەو حاڵەتەی خالدو ژمارەی قوربانیانی ئەنفال رەنگە ئیستسنا کردنی مەسەلەیەکی ئاسان نەبێ، بەڵام هێشتا دەشێت لەناو ئەو حاڵەتانەشدا ئیستسنای زیاتر بکرێو بەپێی هەلومەرجی ژیانی ئەو حاڵەتانەدا گونجاو بێت، بەلای کەمەوە لەو سندوقی کۆمەکەی بۆ قوربانیانی جینۆساید دامەزراوە هاوکاری ز یاتر بکرێن. چونکە خالد ئاساکان ئینسانن و قوربانیان داوەو پێویستیە بگەرێنەوە باوەشی ژیان.

ئێستا خالد خەریکی کاسبی خۆیەتی رۆژانە لە دوزخورماتووەوە ئەو ناسنامەو رەگەزنامە عێراقیانە دەبات بۆ تکریتو دەیانهێنێتەوە، چونکە دوزخورماتو هەتا ئێستا سەربە پارێزگای تکریتەو هەندێك لەمامەڵانە بۆ یەکلایی کردنەوە پێویستە بگەرێنەوە بۆ پەیکەری ئیداری پارێزگا، هەرچەندە هاتوچۆ بۆ تکریت کارێکی پرمەترسیەو ئارام نیە، بەڵام خالد لەرۆژانی پرمەترسی تیرۆریشدا لە پێناوی بژێویدا هەر خەریکی ئەم کارە بوو. !.

خالدی تەنیا کەوتوو هەتا ئێستا پارچە زەوییەکەی وەرنەگرتووە، کە بەرێوەبەرایەتی گشتی شەهیدانو ئەنفالکراوان بە ژمارە ٤٦١/ ٦٨ بۆی دیاری کردووە، بەڵام ئەوە بۆ سێ ساڵ زیاتر دەچی کە لە نێوان شارەوانیو ئەو بەرێوەبەرایەتیەدا دەستی دەستیان پێدەکرێ.

هەرچەندە خالد بەزمانێکی سادەوە دەدوا بەڵام بەهەستێکی قوڵەوە داوای دادپەروەریو سەروەری یاسایی دەکرد، زۆرنیگەرانبوو لەوەی رێز لەهەستی مرۆڤایەتیان ناگیرێ، بەتایبەتی لەوەدا کە موستەشارەکانو ئەوانەی بەشداری ئەنفالیان کردووە بە سەربەستی دەسورێنەوەو لەلایەن دەسەڵاتی کوردستانەوە رێزی زیاتر لە تاوانبارانی ئەنفال دەگیرێ، وەکو لە قوربانیان. ئەو نایەوێت کەس بکوژرێو خوێنی تر برێژرێ، بەڵام ناعەدالەتی ئەزییەتی دەرونی دەداو بە زمانە سادەکەی خۆی دەڵێت : عەدالەت نەبێ ژیان قیمەتی چییە.

## لەبەرانبەر تاوانی جینۆسایدو داڵدەدانی تاوانباران داوا دەکرێت، سەرۆکایەتی هەرێم، پشتگیری دادگای باڵای تاوانەکان بکات بۆ دادگایی کردنی تاوانبارانی جینۆساید

بەپێی زانیاری ئەنفالستان چەندین هەوڵی جۆراو جۆر هەن بۆ ئەوەی فشار لەسەر هەموو ئەولایەنو کەسانە دروستبکرێت کەدالدەی تاوانبارانیان داوەو بەزەبری هێز، داکۆکی لەو تۆمەتبارانە دەکەن نەك بەیاسا، لەپێش هەموویانەوە ناوەندی هەڵەبجە دژبەئەنفالکردنو جینۆسایدکردنی گەلی کورد – چاك لەبەرواری ٢٦ی ئازار وەفدێکیان گەیشتووەتە بارەگای سەرەکی نەتەوەیەکگرتووەکانو یاداشتێکیان ئاراستەی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان کردووەو داوای ئەوەیانکردووە کەوا تاوانی جینۆسایدکردنی گەلی کورد بەفەرمی بناسرێ لەلایەن نەتەوە یەگرتووەکانەوە، بۆ پشتگیری لەداواکەشیان سەدان هەزار ئیمزاو ١٠٠ نامەی فەرمی کەسایەتیو رێکخراوی جۆراوجۆریان ئاراستەی نەوە یەکگرتووەکان کردووە.

هەروەها لەشاری سلێمانیو دەوروبەریشی کۆمەلێك کەسایەتیو رۆشنبیری ئازادی خواز هەلمەتێکی واژۆکۆکردنەوەیان دەستپێکردووەو بەنیازن بەم نزیکانە ئاراستەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی بکەنو تیایدا داودەکەن هاوکاری دادگای باڵای تاوانەکان بکرێو داکۆکی لەوکەسانە نەکرێت کەدادگا بۆلیپرسینەوەی تاوانی ئەنفالو تاوانەکانی ترداوای کردوونو دەیەوێت دادگاییان بکات، بەتایبەت ئەو سەرۆك جاشو مستەشارانەیکە لەئێستادا لەژێر دەسەلاتیحکومەتیهەرێمیکوردستاندان.

لەکۆبونەوەیەکی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی عێراقیدا داوا لەهێزەکانی هاوپەیمانان دەکرێت ئەو کەسانەیدەستیان لەکیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەدا هەیە تەسلیم بەحکومەتی عێراقی بکرێنەوە. لەهێزەکانی هاوپەیمانان کراوە ئەو تاوانبارانەی کەئێستا لەلایانەو دەستیان لەتاوانی هەڵەبجەدا هەیە، تەسلیم بەهێزەکانی عێراق بکرێن و بۆ ئەوەی سزایەکی دادپەروەرانەیان روبەرو بکرێتەوە.

ئەم هەنگاوەی دەولەتی عێراق کارێکی گرنگەو پێویستە هەموو ناوەندو رێکخراوەکانی بواری مافی مرۆڤ پشتگیری لێبکەن، بۆئەوەی تاوانبارانی هەڵەبجە لەبەردەم دادگا دادگایی بکرێن.

هەروەك ئەو وەزیرەی دەولەتی عێراقی فیدراڵ ووتوویەتی : بەنوسراوێکی رەسمی لەلایەن مالیکی سەرۆك وەزیران ئەم کارە ئەنجامدراوەو سەرجەم وەزیرەکانیش پشتگیریان کردوە.

# هاوڕێ پێشڕەو :

## بەخەیاڵماندا نەدەهات لەژێر سایەی دەسەڵاتی خۆماڵیدا، وێڵ و عەودالی گەیاندنی ماف و داخوازیەکانمان بین بەناوەندە باڵاکان

دیداری : بەختیار محمەد

**ئەنفال ئەو تاوانەی کەبرینەکەی کەهەرگیز ساڕێژ نابێت**

+ داوامان کردووە هەردوو بەڕێزان ( مام جەلال ) سەر کۆماری عێراق و ( کاک مسعود بارزانی ) سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەبەخاك سپاردنی شەهیدەکانمان بەشداری ئەو کۆستە گەورەیەمان بکەن

ماوەی دووساڵە لەگەرمیان ڕێکخراوێك خزمەتی زۆری پێشکەش بەکەسوکاری ئەنفالکراوەکان کردووە، ئێستاش لەهەوڵو کۆششدایە، بۆ ئەوەی هەر نەبێت برینی قوڵی ئەنفال ساڕێژ بێت و هەردەم لەگەڕان بەدوای داواکاری و چارەسەر کردنی گونجاو بووە بۆ کەسوکاری قوربانیانی ئەنفالکراوان ، کاری گرنگی ئەم ڕێکخراوە دەنگی کەسوکاری ئەنفالەکانی گەرمیانی گەیاندۆتە حکومەت و بەرپرسان و هاودەنگ بوە لە گەڵ هەموو هەوڵەکان بۆ ئەوەی تاوانی ئەنفال بەجینۆساید بناسێنێت و تاوانبارانی ئەنجامدەری ئەنفالیش بەسزای یاسایی خۆیان بگەن، ئەم ڕێکخراوەش کۆمەڵەی داکۆکی لەقوربانیان و کەسوکاری ئەنفالکراوەکانی گەرمیانە . هەربۆیە پێمان باش بوو بەدوای مێژوی دامەزراندنو کار و چالاکی ڕێکخراوەکەدا بچینو بۆئەم مەبەستەش چەند پرسیارێك ئاراستەی نوێنەری کۆمەڵەکە بەڕێز (هاوڕێ پێشڕەو) بکەین کەخۆی کەسوکاری زۆری لێ ئەنفال کراوە .

**- کۆمەڵەی داکۆکی لەقوربانیان و کەسوکاری ئەنفال کەی دامەزرا..؟ لەسەر دەستی کێ بوو ؟ ئەگەر بکرێت کورتەیەك لەگرنگترین چالاکی کۆمەڵەکەتان کەئەنجامتانداوە ؟**

+ سوپاس بۆ ئەم بەسەر کردنەوەیە،کۆمەڵەی داکۆکی لەقوربانیانو کەسوکاری ئەنفالکراوەکانی گەرمیان دەستەی دامەزرێنەکەی بریتییە لە ( ٢٥ ) ئەندام ، پێکهاتەی کۆمەڵەکەمان لەئەندام پەرلەمان و دادوەر و مافناس و کۆمەڵێك کەسوکاری ئەنفال پێك هاتووە، نوێنەرایەتی ئەم کۆمەڵەیە لەشارەکانی (خورماتوو ، کفری ، ناحیەی رزگاری ، کەلار، باوەنور،دەربەندیخان) هەیە، ئامانجی کۆمەڵەکەشمان داکۆکی کردنە لەماف و داخوازی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان و گەیاندنیانە بەناوەندەکانی دەسەڵات لە حکومەتی هەرێم .

سەرەتای دەستپێکی کار کردنی کۆمەڵەکەمان و هۆی دامەزراندنی دەگەڕێتەوە بۆ هەستکردن بەو بۆشاییەگەورەیەی لەنێوان حکومەت و کەسوکاری ئەنفالکراوەکان و ڕێکخستن و گەیاندنی ماف و داخوازیەکانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بە ناوەندەکانی دەسەڵاتە، ئەوە بوو لەیەکەم دیدارماندا لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کاك (نێچرڤان بارزانی) وەفدێکی فراوان کەپێك هاتبوون لەدەستەی دامەزرێنەی کۆمەڵەکە و بەیاوەری وەزیری ناوخۆ، بەڕێز کاك ( عوسمان حاجی محمود ) و جێگری داواکاری گشتی کەلار و بەڕێوەبەری مافی مرۆڤ لەگەرمیان و بەڕێوەبەری ناحیەی رزگاری و بەڕێوەبەری دەزگای شەهیدان لەگەرمیان و بەرپرسی لقی پارتی و مەڵبەندی یەکێتی لەگەرمیان.

لەو سەردانەدا یاداشتێکی ١٩ خاڵیمان پێشکەش بەسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کرد و لەلایەن کاك ( فەرهاد حاتەم)



جێگری داواکاری گشتی دادگای کەلار لائیحەیەکی لەسەر کێشە یاساییەکانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان پێشکەش کرد، دوای تاوتوێ کردنی داخوازیەکانمان ڕاستەوخۆ بەشێك لەداخوازیەکان کرانە بڕیار لەوانەش (دروست کردنی ٤٠٠ خانوو ، بەشێکی تری داخوازیەکان لیژنەی تایبەتیان بۆ پێك هێنرا، لەوانە ( ئامار کردن ، بەیاسایی کردنی مووچەی شەهیدانی ئەنفالکراو لە١٥٠ بۆ ٣٠٠ هەزار دینار ، لیژنەی یاسایی بۆ چارەسەر کردنی گرفتی کەسوکاری ئەنفال) .

بەشێکی تر لەداخوازیەکانمان کرانە ڕاسپاردە بۆ وەزارەتە پەیوەندی دارەکان و پەرلەمانی کوردستان وەك : (بەجینۆساید ناساندنی تاوانی ئەنفال ، هێنانەوەی ئێسك و پروسکی شەهیدەکانمان ، قەرەبووی زەرەرو زیانی گیانی و ماڵی) هەروەها تاوانی ئەنفال بخرێتە ناو پرۆگرامی خوێندنەوە) .

دەتوانم بڵێم ئەمە هەنگاوێکی گەورەبوو، بووە بەردی بناغەی سەرەتایی ، یەکەم هەنگاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەئاراستەی خزمەت کردن بەکەسوکاری

ئەنفالكراوەكان ، هەرچەندە لەگەرمیاندا بری ١٥٠ هەزار دینار و پارچەیەك زەووی بۆ زۆرینەی وارسی ئەنفالكراوەكان دابین كرابوو ، خۆش بەختانە ئێستا بەشێكی زۆر لەو بریار و راسپاردانە چوونەتە بواری جێ بەجێ كردنەوە لەوانە: (زیاد كردنی مووچەی وارسی ئەنفال، بەجینۆساید ناساندنی تاوانی ئەنفال، ئامار كردنی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان، لەیەكەم وەجبەدا ١١١٢ خانوو بۆ وارسی ئەنفالكراوەكان كراوە ، هێنانەوەی ئێسك و پروسكی شەهیدەكانمان لە گۆرە بەكۆمەڵەكانەوە بۆ باوەشی نیشتمان ) .

**- دەنگۆی ئەوە هەیە كە لەهەولێكی تردا ژمارەیەك خانوو بۆ كەسوكاری قوربانیانی ئەنفال دروست بكرێت، ئەوەیان چۆنەو دەكەوێتە چی كاتێكەوەو ژمارەیان چەند خانوە؟**

*سەبارەت بەدروست كردنی وەجبەی دووەمی خانووەكان بۆ وارسی ئەنفالكراوەكان دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم لەمانگی ١١ / ٢٠٠٨ لە سەرداوای سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەرێگای بەرێز وەزیری ناوخۆدا لیژنەیەك پێك هێنرا بۆ ئامادە كردنی راپۆرتێك لەسەر وەجبەی یەكەمی خانووەكان كەلیژنەكە لە ( ٢٣ ، ٢٤ / ١١ / ٢٠٠٨ ) راپۆرتێكی بە ٣ خاڵ لەسەر خانووەكانی چەمچەماڵ و كفری و رزگاری ئامادە كردو چەند خاڵێكی لەخۆ گرتبوو لەوانە :
پێشنیاری ٥٠٠٠ پێنج هەزار دۆلار كرابوو بۆ تەواو كردنی خانووەكان .
جێ بەجێ كردنی پرۆژە خزمەتگوزاریەكان بۆ ئەو گەرەكانە .
پێشنیار كرا وەجبەی دووەمی خانووەكان بۆ كەسوكاری ئەنفالكراوەكان دەست پێ بكا .
لیژنەكەش لەنوێنەری ئیدارەی گەرمیان و وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالزیارێك و رۆژنامەنوسێك و نوێنەری كۆمەڵەی داكۆكی لەقوربانیان و كەسوكاری ئەنفالكراوەكان پێك هاتبوو ، خۆشبەختانە بەمدوایانە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمەوە بریار لە






سەر هەرسێ خاڵەكە درا، تەنها ئەوە نەبێ كە ئەو بڕەی لەخاڵی یەكەمی راپۆرتەكە ئاماژەی پێكرابوو كەمكرایەوە بۆ بری ٢٥٠٠ دۆلار. بەدڵنیاییەوە بەم زووانە وەجبەی دووەمی خانووەكان جێ بەجێ دەكرێت ، پێویستە ئەوەش بگوترێت كەئەو سیستەمەی وەجبەی یەكەمی پێ دروست كرا دوو لایەنی گرنگی تیا بوو، یەكەمیان لیژنەیەكی جێبەجێكردن، راستەوخۆ لەئەنجومەنی وەزیرانەوە سەرپەرشتی دروست كردنی خانووەكانی دەكرد، كە نوێنەری كۆمەڵەكەشمان لە لیژنەی فەرعیەكەیدابوو، دووەمیان كەسوكاری ئەنفالكراوەكان خۆیان خانووەكانیان دروست دەكرد، كەئەوەش زۆر سەركەوتووانە و بێ كەم و كورتی لەماوەی دیاری كراودا، بەشی زۆری خانووەكانیان تەواو كردو هەندێكیشیان ئێستا تیایدا نیشتەجێ بوون.

**- ئەی رووفاتی ئەنفالكراوەكان كە لەناوچەی حیدەریەی پارێزگای نەجەفەوە گەرێنراونەتەوە نیشتمان، لەكوێ ئەسپاردە**



**دەکرێن ؟ ئەو جێگەیەی بۆ گۆڕستانی ئەنفالەکان تەرخان کراوە تاچەند شایستەو گونجاوە ؟ لە دیاریکردنی ئەو جێگەیە پرس و راوێژ بەکێ کراوە ؟**

+ بێگومان لەسەر دیاری کردنی جێگایەك بۆ گۆڕستانی شەهیدانی ئەنفالکراو بێ مشتومر نەبوو، بەڵکو پرس‌وراو راوێژێکی زۆری لەسەر کراوە، بەتایبەتیش لە نێوان ئیدارەی گەرمیان و وەزارەتی شەهیدان و کۆمەڵەی داکۆکی و کۆمەڵێك کەسایەتی ناوچەکە لەدیوانی ئیدارەی گەرمیان، مەبەست لەو راوێژ کردنەش ئەوەبوو جێگایەکی شایستە لەگەرمیاندا دیاری بکرێت کەکۆمەڵە مەرجێکی تێدا بێ وەك (رووبەرێکی فراوان ، ئاستی گۆڕستانەکە لەئاستی نیشتەجێ بوونەوە بەرزتر بێت ، خاکەکەی بەکەڵکی دار ناشتن و بۆ باخچە شیاو بێت ، لە جادەی گشتیەوە نزیك بێت) ، بۆیە لیژنەیەك بۆ دەست نیشان کردنی جێگاکەی پێکهێنرا لەنوێنەری ئیدارەی گەرمیان و وەزارەتی شەهیدان و کۆمەڵەی داکۆکی لەکەسوکاری ئەنفالکراوەکان و لقی کشتوکاڵی کەلار و ئەندازیارێکی جیۆلۆجی بۆ دیاری کردنی باشترین شوێن، کەئەو مەرجانەی تێدا بێت ، ئەوە بوو لەکۆی ( ٥ ) جێگا گوندی ( دێ بنە ) وەك باشترین شوێن دیاری کرا کە دەکەوێتە بەرانبەر شارۆچکەی رزگارییەوە بە دوری ١٥٠٠ مەتر، ئێستا ئەو جێگایە ئامادە کراوە بۆ هێنانەوەی ئێسك و پروسکی شەهیدەکانمان کەسیاجی بۆ کراوەو ١٥٠ گۆڕی لێ ئامادە کراوەو گۆڕەپانێکی فراوانی بۆ مەراسیمی بەخاك سپاردنی شەهیدەکان لێ ئامادە کراوەو رێگەی هاتوچۆشی بۆ دروست کراوە.

**- پێتوایە ئەو جێگەیە بکرێتە شوێنێك، هەتا وەکو سیمبولی گەرمیان بناسرێت؟ ئایا هیچ مۆنمێنتێك لەو مەزارەدا دروست دەکرێت؟**

+ بەدڵنیاییەوە ئەو مەزارگایە بەڕێوەبەرایەتیەکی تایبەتی بۆ پێك دەهێنرێت بۆ کۆکردنەوەو دیکۆمێنت کردنی تەواوی ئەو بەڵگە و کەرەستانەی تایبەتن بەکەسوکاری ئەنفالکراوەکان ، هەروەها ئەو جل و بەرگ و کەرەستانەی لە گۆڕە بە کۆمەڵەکانەوە دەست کەوتوونەتەوە یان لەداهاتوودا دەست دەکەون، هەموو ئەوانە بە بایەخەوە دەپارێزرێن، بڕیاریشە مۆنۆمێنت و چەند هۆڵێك بۆ بەڵگە و کەرەستە و جل و بەرگی شەهیدەکان دروست بکرێت .

**- ماوەیەك بەر لە ئێستا چەند جارێك ماوەی جیا جیا دیاریکرا بۆ هێنانەوەی ڕوفاتەکان، بەلام لەو بەروارانەدا نەهێنرانەوە هۆکاری دواکەوتنی هێنانەوەی روفاتەکان بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

هۆکاری دواکەوتنی مەراسیمی بەخاك سپاردنی شەهیدەکانمان لەپایەتەختی هەرێمەوە بۆ گەرمیان بەهەمان شێوە لەسەر هێنانەوەی تەرمەکان چەند جارێك لەئیدارەی گەرمیان بە ئامادەبوونی نوێنەری وەزارەتی شەهیدان و کەسوکاری شەهیدانی ئەنفالکراوی گەرمیان و لایەنە سیاسیەکانی ناوچەکە راوێژی زۆر کراوە بەتایبەتی لەبارەی چۆنیەتی رێوە رەسمی هێنانەوەی شەهیدەکانمان هەر ئەو کاتە ئێمە داوامان کرد بخرێتە ١٤ / ٤ مەراسیمی هێنانەوەیان بۆ ئەوەی قورساییەکی زیاتری پێ بدرێت، ئەوە بوو رایەکی زۆر هەبوو لەسەر ئەو پێشنیارە کە دوا بخرێت بۆ ١٤ / ٤ ، بەڵام لەرووی تەندروستیەوە وەزارەتی کاروباری شەهیدان رایەکی وایاندا بۆ ماوەی دوو مانگ دەتوانرێت ئەو تەرمانە بمێنێتەوە ، دوای ئەوە ئێسك و پروسکەکان ڤایرۆسێك دروست دەکەن، هەم دەبێتە هۆی شێواندنی ئێسك و پروسکەکان ، هەم دەبێتە هۆی بڵاو بوونەوەی نەخۆشی، بۆیە چەند جارێك کات دیاری کرا بۆ هێنانەوەیان و کۆمەڵێك لیژنە پێکهێنران بۆ لە ئەستۆ گرتنی رێو رەسمی هێنانەوەیان ، بەڵام جارێکی تر لە کۆبوونەوەیەکی تری ئیدارەی گەرمیاندا، لەگەڵ کۆمەڵەی داکۆکی لەکەسوکاری ئەنفالکراوەکان و بەرێگای تەلەفۆن پەیوەندی بەوەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی گشتی شەهیدانی سلێمانیەوە کراو دوا خرا بۆ ١٤ / ٤ ، چونکە لەکۆتایی مانگی یەکی ٢٠٠٩ مەزارگەکەیان ( شوێنی بەخاك سپاردنەوەیان) ، کۆتایی هات و تەسلیم بە لیژنەی مەراسیم کرا ، هۆکارێکی ترئەویش هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عێراق، حکومەتی عێراقی سەرقاڵ کرد کەبڕیار بوو بانگهێشتی سەرۆکایەتی کۆمارو حکومەتی عێراق بکرێت بۆ مەراسیمەکە، بۆیە بەباش زانرا لە١٤ / ٤ مەراسیمی ناشتنەکەیان

لەگەرمیان ئەنجام بدرێت .

**- دەنگوباسی ئەوە لە ئارادایە کە لەساڵیادی کارەساتی ئەنفالی ئەمساڵدا هەریەك لە بەڕێزان سەرۆك کۆماری عێراق و سەرۆکی هەرێم ئامادە دەبن؟**

★ وەفدێکی کۆمەڵەکەمان لە سەرەتای مانگی ١١ / ٢٠٠٨ بۆ هەمان مەبەست، سەردانی وەزارەتی کاروباری شەهیدانمان کرد و بە بەڕێز خاتوو (چنار سعد)مان راگەیاند قورسایی مەراسیمەکە بخرێتە گەرمیان و ناوچەی گەرمیان بەچەمچەماڵ یشەوە، کە زۆرترین خەڵکی لێ ئەنفال کراوە ، داوامان کرد بەڕێزان (مام جەلال) سەر کۆماری عێراق و ( کاك مسعود بارزانی) سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەبەخاك سپاردنی شەهیدەکانمان بەشداری ئەو کۆستە گەورەیەمان بکەن، بەڕێزیشیان بەڵێنیدا داواکەمان بگەیەنێتە جێگای مەبەست و لەوە باوەڕەدام حکومەت و وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان، گرنگی تەواو بەڕێورەسمی هێنانەوەی شەهیدەکانمان بدەن .

**- ئای هیچ کارتان کردوە لەگەڵ وەزارەتی شەهیدان بۆ دۆزینەوەی پاشماوەی ئەنفالکراونی تر ؟ چونکە ژمارەی ئەنفالکراوان زۆرن و زۆربەی بیروراکان بە ١٨٢٠٠٠ هەزار مەزندەی دەکەن ؟**

★ لەدەستپێکی کارەکانماندا یەکێك لەداواکانمان لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران هێنانەوەی شەهیدەکانمان بوو ، بۆیە پێویستە ئاماژە بەوە بکەم یەکێك لەبریارەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، لەسەردۆسێ ئەنفال گەرانەوەی شەهیدەکانە، لەگۆرە بەکۆمەڵەکانەوە بۆ خاکی کوردستان ، وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان بەدەوری خۆی توانیویەتی لەگەڵ وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراقدا تیمی تایبەت پێك بهێنن بۆ هەڵدانەوەی گۆرە بەکۆمەڵەکان و جیا کردنەوەی ئێسك و پروسکی شەهیدەکان لەیەکتری، ئەم ئەرکەش هەروا ئاسان نییە ، چونکە کەسانی پسپۆر و لێهاتوو بەتوانای دەوێ لەبواری گۆر هەڵدانەوەو جیاکردنەوەیان لەیەکتری ، ئەوەی من بیزانم گۆرە بەکۆمەڵەکان پتر لە(٢٠٠) گۆری بەکۆمەڵە و هەرچەندە هەر گۆرەو کەوتونەتە سنوری پارێزگایەك لە ناوەراستو خوارووی عێراق، تاکو ئێستاکە جگە لەشەهیدەکانی بارزانیەکان (٣٦٢) شەهید لەگۆرێکی بەکۆمەڵدا بەشێوازێکی زانستیانە هەڵگیران و ئامادەیی دادگا کران لەدۆسێی ئەنفالدا، ئەمەش وەك بەڵگە ،ئەوەبوو دوای تەواوبوونی دادگاکە لەشارۆچکەی دوکان لەرێورەسمێکی شایستەدا بەخاك سپێردران ، وە ئەم ١٥٠ شەهیدەی گەرمیان بەشێوەیەکی زانستیانە هەڵگیراونەتەوە و هێنراونەتەوە بۆ هەرێمی کوردستان ، پرۆسەی هەڵدانەوەی گۆرە بەکۆمەڵەکان پرۆسەیەکی درێژخایەنە، وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراق بەردەوامن لەهەڵدانەوەی گۆری بەکۆمەڵ وە بریارە بەوەجبات شەهیدەکان بگوێزرێنەوە بۆ خاکی هەرێمی کوردستان .



شوێنی ئامادەکراو بۆ گۆرستانی رفاتی ئەنفالکراوان لەدەرگاری

**- چ بەڵێنێکی مژدە بەخش هەیە، لەلایەن حکومەتەوە لەرۆژی هێنانەوەی رفاتەکاندا ؟**

+حەز دەکەم ئەو تێگەیشتنە هەڵەیە لای حکومەت و هەندێك لەخەڵکیش راست بکەمەوە ، حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر ماف و داخوازیەکی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان جێ بەجێ بکات ئەرکی سەر شانی خۆیەتی ! نەك مژدە بەخشین بۆ کەسوکاری ئەنفالەکان، چونکە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان و کیمیاباران دوو ناسنامەی مەزلومیەتی ئەم میللەتەن، دەکرێت بەزیندو بوونەوەی (تەیمور و واحێد و عزێر و ئەنوەر، تەیار) و ئەو بەڕێزانەی تر کەلەگۆرە بەکۆمەڵەکانەوە زیندو بوونەوەو چیرۆکی زیندە بەچاڵکردنی کەسوکارەکانیان لەفەوتان رزگار کرد، ئێمە گەرانەوەی تەنها کچێکمان لەوڵاتە عەرەبیەکانەوە بەمژدە دەژمێردرێت ، هەر لەسەر ئەم بەهەڵە تێگەیشتنە دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم کەسوکاری ئەنفالکراوەکان ساڵە هایەبەوخۆش خەیاڵیە ژیانمان گوزەراندووە، پێش ئەنفالکردنمان ماڵەکانمان بۆ پێشمەرگە و شۆرش (ئوتێل بووە ، حەمام بووە ، چێشتخانە بووە) ئێستە ئەو پێشمەرگانەی دوێنێ ، ئەمرۆ لەبەرزترین پلەی دەسەڵاتی حکومەتن، قەت بە خەیاڵماندا نەدەهات لەژێر سایەی ئەم دەسەڵاتە خۆماڵیەدا خۆمان وێڵ و عەودالی گەیاندنی ماف و داخوازیەکانمان بین بەناوەندە باڵاکانی حکومەت، ئەم تێروانینە هەڵەیە کاتی زۆر لەکیسداین، بەپێچەوانەوەشەوە بەهۆی نەبوونی سەرژمێریەکی تەواوی وارسی ئەنفالکراوەکان لەسەرانسەری کوردستاندا حکومەت لەو بروایەدا بوو رێژەی( واریس )بەقەد رێژەی ١٨٢هەزار

ئەنفالكراوە ئەم تێڕوانینەی حكومەتی هەرێمی كوردستانیش بووە مایەی درەنگ كەوتنی لەگەیاندنی خزمەتی پێویست بەكەسوكاری ئەنفالكراوەكان، چونكە پێی وابو لە توانای دارایی هەرێم دانیە داخوازی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان جێ بەجێ بكا، كۆمەڵەی داكۆكی لەقوربانیان و كەسوكاری ئەنفالكراوەكانی گەرمیان توانی لەماوەیەكی كورتدا لەرێگای ئەو دیدارانەی لەگەڵ پەرلەمانی كوردستان و ئـەنجومـەنـی وەزیـــران و وەزارەتــی كـاروبـاری شـەهـیـدانـدا لـەسـاڵی ٢٠٠٧ و سەرەتایی ٢٠٠٨دا بەمەبەستی گەیاندنی مــاف و داخــوازیـەكـانـی كـەسـوكـاری ئەنفالەكان ئەنجامی ئـەدا ، وێنایەكی وا بەحكومەت ببەخشێت كە زۆرترین رێــژەی ئەنفالكراو لەقۆناغی دوو سێ ئەنفالدا بەركەوت كەسنوری گەرمیان و حـەوزی چەمچەماڵی گرتەوە، وارسی ئەنفال لەگەرمیان و لەچەمچەماڵدا (٥) هەزار وارسی لێ نیشتەجێیە، ناوچەكانی تری لەكوردستاندا نزیكەی (٣) هەزار وارسە ، ئەم بەرچاو ڕونیەبۆ حكومەت یارمەتیدەرێكی باش بووهەر لەزیاد كردنی مووچەی شەهیدانە بۆ وارســی ئەنفال وەهەم دروست كردنی خانووبەرەش بۆ وارســی ئەنفالكراوەكان بەقۆناغ وەك پێشتر ئـامـاژەم پـێـكـردووە، بەسەرەتای یەكەم هەنگاوی حكومەتی هـەرێـم بۆ خزمەتكردنی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان ، قۆناغی دووەمی دروستكردنی خانوو بۆ وارسی ئەنفالكراوەكان بڕیارە بەم نزیكانە جێ بەجێ بكرێت، بەردەوام بوونی ئەم پرۆسەیە لـەلایـەن حكومەتەوە ژیانی كەسوكاری ئەنفالەكان گۆرانێكی گەورەی بـەسـەردا دێــت، چونكە تاكو ئێستاكە بەشێكی زۆر لەوارسی ئەنفالكراوەكان لەكرێچێتیدا ژیان بەسەر دەبەن، ئەوەشی لەماوەی ٢١ ساڵی رابــردوودا خانوویەكی بۆ خۆی پێكەوە نــاوە، بەگڵوبەردودار دروســت كــردوە تیایدا دەحــەوێــتــەوە، ژیانێكی مەمرە و مــەژی تێدا بەسەر دەبـا، بۆیە پێویستە حكومەتی هەرێم ساڵی ٢٠٠٩ هەنگاوی گەورەتر بهاوێ لە خزمەتی كەسوكاری ئەنفالكراوەكاندا،بۆ زیـاتـر ڕونـكـردنـەوە لەكۆتایی مانگی ١١ / ٢٠٠٨ لـەسـەر داوای سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیـران بەرێگای وەزارەتـی نـــاوخـــۆدا، لـیـژنـەیـەك بەسەرپەرشتی بەڕێز (تاریق ڕەشید عەلی قائیمقامی ئیدارەی گەرمیان و لەتیف فاتح فەرەج وەك رۆژنامەنوس و خۆشم وەك نوێنەری كۆمەڵەی داكۆكی لەگەرمیان ڕاپۆرتێكی تــێرو تەسەلمان بەسێ خــاڵ ئامادەكرد، لەسەر قۆناغی یەكەمی دروست كردنی خانوەكانی چەمچەماڵ و ڕزگاریو كفری كە بۆ وارسی ئەنفالكراوەكان دروست كران بەئیمزای ئەو ٣ كەسە بۆ وەزارەتی ناوخۆ لە وێشەوە بۆ سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیــران بــەرز كـرایــەوە، خۆشبەختانە ســەرۆكــایــەتــی ئــەنجــومــەنــی وەزیـــران ڕەزامەندی لەسەر هەرسێ خاڵەكەداوە كە پـیـوەنـدی بـە خـزمـەتـگـوزاری ئەو گەرەكانەو دەستپێكردنی قۆناغی دوەمی دروستكردنی خانوو زیـاد كردنی بری (٥٠٠٠) دۆلار كە (٢٥٠٠)دوهەزاروپێنج سـەد دۆلار ڕەزامــەنــدی لـە سـەردراوە بە مەبەستی تەواو كردنی خانوەكانیان بۆ ئـەو وارسـانـەی لەوەجبەی یەكەمدا خانویان بۆ كرا، جارێكی تر ڕێژەی وارسی ئەنفالكراوەكان لە ڕاپۆرتەكەدا ئاماژەی پێكراوە كەلەچەمچەماڵدا بۆ قۆناغی دووەم و داهــاتــوو (٢١٦٩) وارس مــاوە خانوی بۆ بكرێت، وەلەسنوری شارەكانی ( دەربەندیخان و كەلار و



رزگاری و کفری ) بەدێهاتەکانی و بەشێك لەوارسی ئەنفال لەخورماتوو کەلەو شارانە زەوییان وەرگرتووە بۆ قۆناغی دووەمی دروستکردنی خانوو (١٨٨٨) وارس ماوەتەوە خانووی بۆ بکرێت، ئەوانیش هەموویان بە تێکرا لە سنوری گەرمیان و حەوزی چەمچەماڵ دەگاتە (٤٠٥٧) وارس، کەبەبڕوای من لەتوانای حکومەتدا هەیە نەك بەقۆناغ بەڵکو بەبڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیران لەساڵی ٢٠٠٩ کێشەی نیشتەجێ بوونی وارسی ئەنفالکراوەکان کۆتایی پێ بهێنرێت .

**- بەرنامەو کارو چالاکیتان لە ڕۆژانی داهاتودا چی دەبێت ؟**

+ بەڵێن بەکەسوکاری ئەنفالکراوەکانی گەرمیان دەدەین وەك چۆن لە ٢٠٠٧ /٤/٢٤ لەپەرلەمانی کوردستان لەسەر یاسای ماف و ئیمتیازاتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان کەئێمە و بەشێك لەوارسی ئەنفالکراوەکان وەك میوان ئامادەی دانیشتنەکە بووین، کە زۆربەی فراکسیۆنەکان و ئەندامانی پەرلەمان ئامادە بوون بە راپۆرتێك تێبینیەکانی خۆمانمان لەسەر پڕۆژە یاساکە بەهەمویان گەیاندو پاشانیش فشارێکمان دروست کرد، بۆ ئەومەبەستەی وارسی ئەنفالکراوەکان بەدەربن لەدیاری کردنی تەمەنی ٢٤ ساڵ کە لەپڕۆژەکە هاتبوو، لەو تەمەنە بۆ سەرەوە مووچەکانیان دەبڕێت، وەك چۆن لەراگرتنی مووچەی براکاندا بەهاوکاری بەڕێز کاك (عادل حاجی محەمەد) ئەندام پەرلەمان و بەڕێز (چنار خان) وەزیری کاروباری شەهیدان لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەماندا کۆبووینەوەو داوای هەموارکردنی ئەو برگەیەمان کرد، لەیاسای ماف و ئمتیازی شەهیدان و کەسوکاری ئەنفالکراوەکاندا، بوە هۆی راگرتنی مووچەی برای وارس وە لەئەنجامیشدا چاك کرایەوە ، وەك چۆن بۆ پشتگیری کردنی بڕیارەکانی دادگای باڵای تاوانەکان لەسەر دۆسێی ئەنفال بەهەزاران کەس لەکەسوکاری ئەنفالکراوەکان لەشارۆچکەی رزگاری هاتینە سەرجادەو داوای جێ بەجێ کردنی بڕیارەکانی دادگامان کرد، بەجێ جێ کردنی بڕیاری لەسێدارەدانی تاوانبارانی دۆسێی ئەنفال (عەلی کیمیاوی و حسێن رشید تکریتی و سڵتان هاشم)، هەروا کۆمەڵەکەمان بەهیمەتی ئەندامە خۆشەویستەکانی بەردەوام دەبێ لەگەیاندنی ماف و داخوازیەکانتان بەناوەندی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم، هەرچەندە بەبڕوای من کارکردن لەبواری خزمەتکردن بەقوربانیانی ئەنفالکراوەکان پێش ئەوەی خزمەت بێت ، ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانیە، چونکە ئەوەی رژێمی روخاوی بەعس لەساڵی ١٩٨٨ بەرانبەر بەئێمە و کەسوکارەکانمان بەئەنجامی گەیاند لەژێر ناوی ( هەڵمەتەکانی ئەنفالدا) پێش ئەوەی تاوان بێت دەرهەق بەکەسوکاری ئەنفالکراوەکان پێشلکردنی کەرامەتی ئینسانەو هێرش و پەلامارێك بۆ سەرشووناسی نەتەوەیی و نیشتمانیمان، سوکایەتی و بێحورمەتی کردن بوو بەسەرجەم مرۆڤایەتی ، تاوانی زیندە بەچاڵکردنی ١٨٢ هەزار ئیسان لەسەردەستی رژێمی بەعسی گۆڕ بەگۆڕ، لەسەدەی رابوردودا بەزاندنی هەموو پێوەرە ئیسانیەکانە، بۆیە ئەرکی هەموو ئیسانێکی مرۆڤ دۆستە کێشەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بەکێشەی خۆی بزانێ و تاوانەکە لەهەموو کون و کەلەبەرێکی دنیادا رسواو شەرمەزاربکا، بەناوی کۆمەڵەکەمانەوە بەگەرمی دەستی هەموو ئەو بەرێزانە دەگوشین کە لەرابردوودا و لەداهاتوودا هاوخەممان بوونەوەدەبن ، بەتایبەت بەرێز (محەمەد عرێبی و منقزال فرعەون )و ئەو ستافە بەرێزەی دۆسێی ئەنفال کەگەورەترین سەرکەوتنیان لەمێژووی عێراقدا تۆمار کردووە، لەکاروانی داکۆکی کردن لەماف و داخوازی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان شەو و رۆژیان بەسەریەك خستووە بۆ سەرخستنی عەدالەت بەسەر زوڵم و ستەمی خوێنرێژانی بەعسی روخاودا، کەتوانیان تاوانی ئەنفال بەجینۆسایدی کردنی گەلەکەمان تۆماربکەن و کۆمەڵە بڕیارێکی گرنگ و مێژووی لەخۆ گرتووە دۆسێی ئەنفال، ئەگەرچی ئێستا بەهۆی ململانیە سیاسیەکانی ناوخۆی عێراقەوە وا بۆ دوو ساڵ دەچێ کاری لەسەر ناکرێت، تاوانبارانی ئەنفال تاکو ئێستا سزاکەیان بەسەردا جێ بەجێ نەکراوە ، کۆمەڵەکەمان بەمەبەستی فشار دروستکردن لەسەر هەردوو حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق بۆ جێ بەجێ کردنی تەواوی بڕیارەکانی دادگا لەهەوڵی ئەوەداین هەڵمەتێکی بەرفراوانی واژۆ کۆکردنەوە دەست پێ بکەین لەسەرەتایی یەکەم رۆژی دەست پێ کردنی قۆناغی یەکی ئەنفال کە ٢٢ / ٣ /١٩٨٨





تاكو ١٤ / ٤ / ٢٠٠٩ كە(٢١) ساڵی تەواو بەسەر تاوانی ئەنفالدا تێ دەپەڕێت، بەمەبەستی جێبەجێكردنی تەواوی بڕیارەكانی دادگا : ( جێ بەجێ كردنی بڕیاری لەسێدارەدانی هەرسێ تاوانبار ( عەلی كیمیاوی ، سڵتان هاشم ، حسێن رشید تكریتی ) . هەروەها بەدادگا گەیاندنی ئەو موستەشار و سەرۆك جاشانەی كەلەلایەن دادگای باڵای تاوانەكانەوە وەك تۆمەتبار لەدۆسێی ئەنفال داواكراون . ئینجا دەركردنی یاساییەكی تایبەت لەلایەن حكومەتی عێراقەوە سەبارەت بەقەرەبوو كردنەوەی گیانی و ماڵی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان . وەك داواكاری گشتی دادگای باڵای تاوانەكان لە عێراق بەڕێز (منقزال فەرعەون) لەدیمانەیەكیدا لەگەڵ گۆڤاری شەقامدا لەژمارە ١١٧ دا ڕونی كردۆتەوە ئەنفال یەكێكە لەتاوانە نێودەوڵەتیەكان و (دادگای مەدەنی عێراق یاسای قەرەبوو كردنەوەی تاوانە نێودەوڵەتیەكانی نییە، بۆیە پێویستە یاسایەك دابڕێژرێت بۆ ئەم مەبەستە و لیژنەیەكیش پێك بهێنرێت بۆ ئەوەی قەرەبووی ئەو زیان لێكەوتانە بكاتەوە) دەبێت ئەوەش بلێم كە ئەمساڵ لەكاتی هێنانەوەی روفاتی شەهیدەكانمان لە١٤ / ٤ /٢٠٠٩ بۆ گەرمیان بەیاداشتێكەوە ئیمزاكان پێشكەش بەسەرۆكایەتی هەرێم دەكرێت .

**- دەتانەوێت لەمساڵدا كەسوكاری ئەنفالكراوەكان چۆن خۆیان بۆ مەراسیمی ساڵیادی ئەنفال ئامادەبكەن؟ چی پەیامێكت لە كۆتایی ئەم دیدارە هەیە؟**

+لەكۆتایدا بەناوی كۆمەڵەكەمانەوە داوا لەسەرجەم هاوڵاتیان و كەسوكاری ئەنفالكراوەكان دەكەین لەرۆژی 4/14 كە٢١ ساڵ بەسەر تاوانی ئەنفالكردنی گەلەكەمان تێدەپەڕێت وەك نارەزایی دەربرین دژ بەتاوانەكەو بۆ پێشوازی كردن لەكەژاوەی پیرۆزی شەهیدەكانمان كەلەشاری هەولێری پایتەختەوە بەرەو گەرمیان بەڕێ دەخرێن ، هەموو بازار و دوكانەكان دابخرێن و لەسەر شۆستەی شەقامەكان راوەستن و گوڵبارانی تەرمەكانیان بكەن لەهەر شارێكەوە كەرنەڤاڵی تەرمی شەهیدەكان تێپەر دەبن ، وەداوا لەسەرجەم دانیشتوانی گەرمیانیش دەكەین لەو رۆژەدا بەهەمان شێوە بازارەكان دابخرێت و لەپێشوازی شەهیدەكاندا بن تاوەكو ئەو مەزارگایەی لەبەرانبەر شارۆچكەی رزگاری بۆیان ئامادە كراوە ، وە داوا لەكەناڵەكانی راگەیاندن بەكەناڵە ئاسمانیەكانیشەوە دەكەین لەگواستنەوەی رێورەسمی هێنانەوەو بەخاك سپاردنی شەهیدەكانمان دەوری باڵایان هەبێ .



## ئەحمەد حسێن:

# دوازدە تەیارەی ڕەش بوون، پێکەوە ڕۆنیشتن و لەبالیسان و شێخ وەسانانیاندا

ئا: ئەنفالستان

ئـەو ڕۆژەی بەمەبەستی ئامادەسازی خولێکی کۆمپیوتەر چوینە گوندی شـێخ وەسـانـان، لـەنـاو هـۆڵی مـەزاری شەهیدەکانیان ئـەحمـەد لـەسـەر ئەو کۆمباره خەت خەتی ڕەنگ خۆڵەمیشی بەکەساسی دانیشتبوو، دیمەنی ئەم پیاوە زۆر کاریگەر بوو، تەمەنی ئەوەندە هـەڵـنـەکشاوە، بـەڵام خـەمومـەینـەتی بەروخساریەوە دیارە، ئەحمەد حوسین، برینداڕێکی چەکی کیمیاوی دۆڵی بالیسانە لەگوندی شێخ وەسانان لە ئێوارەی ٤/١٦/ سالی ١٩٨٧ بەرکەوتووە، ئەگەرچی ئێستا هیچ برینێك بەجەستەیەوە دیارنیە بـەڵام بەئاسانی کاریگەری ئەوتاوانە لەهـەلسوکەوتـیدا دەبـیـنـی، دیمـەنی ئەحمەد، پێویستی بەوتێرامانە هەیە، کە بەعسو توندرەفتاری ئەو رژێمە، چ کاریگەرییەکی خەراپ لەسەر قوبانیەکانی بەجێهێشتووە، بەتایبەتی بۆکەسانێك ئەم تیرامانە پێویستە کە تەنها ڕێژەو ژمارەی قوربانیەکان ناژمێرێت، بەڵکو هەموو کۆمەڵگا بە قوربانی ئەوتاوانە گەورانە دەزانێ، کەدەمێکە نەتەوەیەکگرتووەکان بەتاوانی نێودەولەتی نـاوی بـردوونو کەچی هەتا ئەمرۆ بێدەنگە لەئاستی ئەوتاوانەی لێرە لەم گوندە ئەنجامدرا، بۆیە واچاکە ئیتر ئەگەر وەفـدی باڵای نەتەوەیەکگرتووەکانو قسەکەری وڵاتە زلهێزەکان بەتایبەتی ئەوانەی دەم لەمافی مـرۆڤو تەبایيوئاشتی دەکوتن لەبری ئەوەی لەهۆتیلەگرانبەهاکان دایانبنین، هەقوایە بیانهێنن بۆ شێخ وەسانان، تا بەچاوی خۆیان دیمەنی ئەحمەدەکانو عائیشەی تەنگەنەفەس ببینین.



ئەحمەد حوسین وەیسی لە دایکبووی سالی ١٩٥٦ . ووتی: ئەوکاتەی کیمیایی لە شێخ وەسانانی دا بەهاربوو ڕۆژی ١٩٨٧/٤/١٦ سەعات دەوری شەشی ئێواری بوو، کاتی نان خواردنێ بوو. من لەگوندی بالیسان بـووم، لـە نـاوچـەی پـارتـی بـووم. ئەو وەختە تەمەنم بیستو حەوت ساڵ بوو، خێزانم هەبوو، سێ منداڵیشم هەبوون. بەپەلەهاتمەوە، بەڵام تەیارەکان زۆربوون، نزیکەی ١٢ تەیارەی بوون هەموو ڕەش بوون ، پێکەوە ڕۆنیشتنو لە بالیسانو شێخ وەسانانیاندا، دابەش بوون پۆلێك لەبالیسانیانداو پۆلێکیش لەشێخ وەسانێ لەهـەمـوو ڕێـگـایـەکـیـان دەدا، لـەگـەلی دا. بـەچـواردەوری دێیەکەدا بۆمبایان هاویشتو دەیانکووتا. ئینجا هەناسەیەکی بـەزحـمـەتـی هـەڵـکـێـشـاو گـووتـی من تەیارەکانم بینین مێك بوون ئا بەتایەری مێك لێی دایـن، تەیارەکان ڕەش بوون، دوایی ، هەلی کۆپتەریش هاتن لەچیای دا، چیایەکەی ڕشاند، ئەو کۆپتەرانە درەنگ هاتن نزیکەی کاتژمێر دەی شەوێ بوو. زەرەرێکی زۆری لێدایـن خەلکێکی زۆریـش دوایـە شەهیدوبریندداربوون، ناوچەکە قەرەبالغ بـوو ئـەو کاتە هەر ئەم دێیە ( شێخ وەسانان) نزیکەی ١٠٠ تا سەدو پێنج ماڵ دەبوون .

کە پرسیارمان لێکرد ئاخۆ تۆ کەسێکت بینوە پێشخۆت برینداربێت..؟ ئەحمەد گووتـی: ئا ئـەی چۆن یەکێك دەستی لەقومـبـەلـەکـاندا ڕاست ئـەوشـوێـنـەی بـریـنـداربـوو هـەرسـوتـانـدی..ئـەوانـەی کەش دلیان تێکهەڵدەهاتو دەرشانەوە، جەرگیان دەهاتە دەرێ یان کوێر دەبوون. یان شێت دەبـوون.. ئێستاش مـاوون کە کوێربوون چاویان لەدەستداوە. یەکەمجار تەئسیری لەچاوان دەکرد، من بۆخۆشم بـریـنـداربـووم.. حـاڵم لـەوان باشتربوو من چووم بە سابونی دەموچاوم شست. بارانەکەش ئیسفادەی هەبوو.

## حاجی محمد عەلی لەگوندی گۆپتەپە:

# ئەوپیرەمێردەی دوای سیانزە ساڵ تەرمی کورەکەی لەحەوزی مزگەوتدا دۆزییەوە

ئا: ئەنفالستان

لە دایکبووی سالی ١٩٣٢ ە، هەرلەمنداڵیەوە لە گوندی گۆپتەپە گەورەبووەو هەرلەویش ژنی هێناوە، هەتا ساڵی ١٩٨٨ لە گۆپتەپە دانیشتوون و بەکشتوکاڵ و کاسبی خۆیانەوە خەریك بوون، ئێوارەی رۆژی ١٩٨٨/٥/٣ لە بۆمباران و پەلاماری فرۆکەکانی بەعسدا بەچەکی کیمیاوی کورێکی بەناوی عومەرکە هەروا مانگێك دەبوو زەماوەندی هاوسەرگیری بۆ کرابوو، گیان لە دەستدەداو دوای سیانزە ساڵ ئێسك و پروسکەکەی لە ناوحەوزی مزگەوتی گەورەی گۆپتەپەدا دەدۆزنەوە، لەگەڵ نۆ تەرمی تر دەدۆزنەوەو پاش دورۆژلەکۆستی گەورەی گوندی گۆپتەپە، بە هۆی بەلامارەکانی ئەنفالەوە حاجی خۆی و خێزانیشی بەردەستی جاش و جەیشی تالانچی دەکەون و لەگەڵ عەوامی خەڵکی دەستگیرکراو بەرەو کەمپەکانی کۆکردنەوەیان بردوون، حاجی محمد دەڵێ هەتا تۆپزاوای لای کەرکوکێ هەموومان پێکەوە بووین، دوایی لێکیان جیاکردینەوەو ئێمەیان بردە نوگرەسەلمان و کورِوکچی جحێڵیشیان بەجیابردن و کەس نەیزانی چییان لێهات ) لەرۆژێکدا چاوم بەحاجی محمد کەوت کە بۆخۆم زۆرشەکەت و ماندووبوم، بەلاّم کەماندووی و مەینەتی ئەو پیرەمێردەم بینی لەناخەوە هەستم بەژانێکی ئینسانی کرد .

حاجی محمد لەگەڵ دایکی و خێزانی لە تۆپزاواوە بەرێگایەکی دورودرێژی نەبرِاوەو تاقەت پرِوکێندا گەیەنراونەتە نوگرەسەلمان و ماوەی شەش مانگێك لەوێ لەناو گەرمای زۆری بیاباندا دەمێننەوە، بەلاّم چۆن مانەوەیەك دەبێ ژیان لە نوگرەسەلمان چۆن پێی بوترێت، ژیانێك بوبێت؟ مەگەر تەنها ئەنفالکراوەکان بتوانن گوزارشتی لێبکەن و وینەی راستەقینەی ئەو دۆزەخە بکێشن، کەگەراشنەوە خۆی ووتەنی مانی چی و حاڵی چی ( سەگ بەحاڵمان نەبی) بەلاّم ئەوەی بەلای حاجیەوە ئەستەمە ئەوەنیە ئەو هەموو غەدرەی لەلایەن بەعسەوە بینیوە هەرچۆنێك بێ ئەوە دوژمنەو برایەوە، بەلاّم دوای ئەوەی لەنوگرەسەلمان گەراونەتەوە بەسەرهەواری خاڵیدا هاتوونەتەوە، رێگەیان نەداون بچنەوە سەر زیدی خۆیان، چونکە نەگوندماوەو نەماڵ و حاڵ، ئەوان بەدەستی بەتاڵ لەماڵ دەرچوون و ئەوەی هەیانبووە، جاش و جەیش تالانیان کردووە، لە دوای هاتنەوەشیان دایکی و خێزانەکەی دەمرن و حاجی تەنیا دەکەوێتەوە، ئێستا لەگەڵ بووکەکە بێوەژن کەوتووەکەی



بەناوی ( شیرین عەلی رەزا) کە هاوسەری حسێنی کورِێتی‌وئەویش بەنەخۆشی کۆچی دوایی کردووە، پێکەوە لە گوندی گۆپتەپە بەهەناسەساردی دەژین .

وەکو لەوێنەکەدا دەیبینی دوای دوای ٢١ ساڵ حاجی محمد لەسەر ئەو حەوزە کۆنە بەماتەمینیەوە وەستاوە، کە عومەری کورِی و ٩ کەسی تری خەڵکی گۆپتەپە بەنیازی خۆ دەربازکردن پەنایانبردبووە بەرئاوە شۆرەکەی تا لەکاریگەری چەکی کیمیاوی رزگاریان بێت، بەلاّم ئاوەشۆرەکەی حەوزی ماڵی خواش بەهانایانەوە نەهات و دوای ١٣ ساڵ تەرمەکانیان بەرێکەوت لەلایەن خەڵکی گۆپتەپەوە دۆزرانەوە.

# هێشتا لەکوردستان ئەنفالکردنی گوندەکان بەردەوامە

راپۆرت: ئارام قادر

گەرمیان ناوچەیەکی تەخت وفراوانەو سنورەکەی لەشاری خورماتووەوە دەستپێدەکات و لەباکورەو زنجیرە چیای قەرەداغ و لەرۆژهەڵاتەوە شاری کەرکوک و لەرۆژئاواشەوە شاری کەلارە. ئەم ناوچەیە لەپەلامارەکانی ئەنفالدا بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی تری کوردستان، زۆرترین زیانی مرۆیی بەرکەوت. ئەوەی گرنگە من لێرەدا بیڵێم ئەوەیە , لەساڵی (٢٠٠٥-٢٠٠٦) مامۆستا بووم لە یەکێك لەگوندەکانی گەرمیان بەناوی (پەلەوشك) .ئەم گوندە ژمارەیەك کەسی بەرشاڵاوی ئەنفال کەوتوون، کە تائەوکات لەگوندەکە بەشێوەیەکی دروست نەیاندەزانی ژمارەکە چەندە، هەریەکەو قسەیەکیان دەکرد. بۆ یە منیش بڕیارمدا ناوی سەرجەم ئەوکەسانەی بەرشاڵاوی ئەنفال کەوتبوون تۆماریان بکەم. ئەویش بە گەڕان‌و پرسیار کردن لەخەڵکی دەربازبووی گوندەکە و هەریەکەیان چەند ناوێکیان دەزانی منیش لەسەر رۆشنایی قسەکانی ئەوان، هەموویم تۆمار کرد،پیاویك بەناوی کاك عزیز بەمنی ووت تا چەند ساڵێك بەر لەئێستا ناوی هەموویانم دەزانی نازانم بۆ ئێستا لەبیرم نەماوەن !!؟

بۆیە من لێرەدا دەپرسم کاك (عزیز) خۆی لەناو ئەنفالدا بووە لەگەڵ ئەو خەڵکدا ژیاوە ئیستا خەریکە ناوەکانی بیر دەچێتەوە ئەی (٥٠) ساڵی تر ئەگەر ئێمە تۆماریان نەکەین کێ لەبیری دەمێنێ!!!؟ لەبەر ئەوەی بڕیارم دا ناوی ئەنفالکراوەکانی گوندی (کونەکۆتر) ی رۆغزایش تۆمار بکەم کەچەند کیلۆ مەترێك لە باکوری گوندی پەلەوشك کەوتووە. بەداخەوە ئێستا هەردوو گوندەکە چۆڵەو کەسیان تیدا ناژی، ئەمەش لەبەر وشکە ساڵی و کەمی پرۆژەی خزمەتگوزارییەوەن تاهاندەربێت بۆئەوەی خەڵك بگەرێنەوە سەر زیدی خۆیان، رژێمی بەعس هەموو سیاسەتێکی گرتەبەر هەرلە بۆمباران‌و تەنگە تاوکردنی گوندنشینەکان تا ئەنفالکردن‌و کوشتنی بەکۆمەڵ، کەچی نەیتوانی چۆك بەگوندنشینەکاندا بدات. بەڵام دوای ٢٠ ساڵ ئیدارەی خۆماڵی پێبزانێ یان نا گوندەکان ئەنفال دەکەنەوە.

## ناوی ئەنفالکراوەکانی گوندی (پەلەوشك ) ی رۆخزایی

| ز | ناوی سیانی | تەمەن | رەگەز | شوێنی ئەنفالکردنیان |
|---|---|---|---|---|
| .١ | جلال محمد عبدالقادر | ١٩٥٢ | نێر | ملە سوورە |
| .٢ | محمد حمە ئەمین حمە صالح | ١٩٦٤ | نێر | ملە سوورە |
| .٣ | سەمیرە محمد حمە ئەمین | ١٩٨٥ | مێ | ملە سوورە |
| .٤ | بەکر حمە ئەمین حمە صالح | ١٩٧٢ | نێر | ملە سوورە |
| .٥ | رەوف حمە ئەمین رۆستم | | نێر | ملە سوورە |
| .٦ | غەریب حمە ئەمین روستم | | نێر | ملە سوورە |
| .٧ | گوڵە کامیل حمە صالح | | مێ | ملە سوورە |
| .٨ | نەبەز غەریب حمە صالح | | نێر | ملە سوورە |
| .٩ | ئەمیر غەریب حمە ئەمین | | نێر | ملە سوورە |
| .١٠ | مەلیعە محمود عبدالکریم | | مێ | ملە سوورە |
| .١١ | رۆستم حمە ئەمین رۆستم | | نێر | ملە سوورە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٢. | عاسی رۆستم حمە ئەمین | | نێر | ملە سوورە |
| ١٣. | مارف ئەحمەد محمد | ١٩٥٤ | نێر | ملە سوورە |
| ١٤. | عمر ئەحمەد محمد | ١٩٥٦ | نێر | ملە سوورە |
| ١٥. | قادر حمە کریم قازی | ١٩٦٢ | نێر | ملە سوورە |
| ١٦. | سامیە حمە ئەمین داود | | مێ | ملە سوورە |
| ١٧. | تەلیعە حمە سعید حمە ئەمین | | مێ | ملە سوورە |
| ١٨. | محمد حمە سعید حمە ئەمین | | نێر | ملە سوورە |
| ١٩. | ئەحمەد ڕوستم محمود | ١٩٦٤ | نێر | ملە سوورە |
| ٢٠. | فەهیمە حمە ئەمین | | مێ | ملە سوورە |
| ٢١. | شاخەوان ئەحمەد روستم | ١٩٨٤ | نێر | ملە سوورە |
| ٢٢. | ئاسۆ ئەحمەد روستم | ١٩٨٥ | نێر | ملە سوورە |
| ٢٣. | ژیلوان ئەحمەد روستم | ١٩٨٦ | نێر | ملە سوورە |
| ٢٤. | رفعت حسن قادر | ١٩٦١ | نێر | ملە سوورە |
| ٢٥. | حسین عبدالله قادر | ١٩٦٢ | نێر | ملە سوورە |
| ٢٦. | کریم عبدالله قادر | ١٩٦٩ | نێر | ملە سوورە |
| ٢٧. | ئەسمەر عبدالله قادر | ١٩٧٤ | مێ | ملە سوورە |
| ٢٨. | فاتمە ئەحمەد حسن | | مێ | ملە سوورە |
| ٢٩. | مستە فا حمە ئەمین سلێمان | ١٩٥٧ | نێر | ملە سوورە |
| ٣٠. | لەیلا قادر محمد | ١٩٥٦ | مێ | ملە سوورە |
| ٣١. | کریم مستەفا حمە ئەمین | ١٩٧٩ | نێر | ملە سوورە |
| ٣٢. | سالار مستەفا حمە ئەمین | ١٩٨٠ | نێر | ملە سوورە |
| ٣٣. | لاولاو مستەفا حمە ئەمین | ١٩٨٢ | مێ | ملە سوورە |
| ٣٤. | ئارام مستەفا حمە ئەمین | ١٩٨٣ | نێر | ملە سوورە |
| ٣٥. | گەرمیان مستەفا حمە ئەمین | ١٩٨٤ | نێر | ملە سوورە |
| ٣٦. | فاتمە مستەفا حمە ئەمین | ١٩٨٦ | مێ | ملە سوورە |
| ٣٧. | ئەمیرە مستەفا حمە ئەمین | ١٩٨٨ | مێ | ملە سوورە |

# ناوی ئەنفالکراوەکانی گوندی کونە کۆتری ڕۆغزایی

| ز | ناوی سیانی | تەمەن | ڕەگەز | شوێنی ئەنفالکردنیان |
|---|---|---|---|---|
| ١. | فەخردین محمد علی عبدالکریم | ١٩٥٤ | نێر | ملە سوورە |
| ٢. | مەعسومە سەمین ئەمین | ١٩٥٣ | مێ | ملە سوورە |
| ٣. | عوبێد فەخردین محمد | ١٩٨٠ | نێر | ملە سوورە |
| ٤. | حیدر فەخردین محمد | ١٩٨٢ | نێر | ملە سوورە |
| ٥. | قاسم فەخردین محمد | ١٩٨٤ | نێر | ملە سوورە |
| ٦. | کاخان فەخردین محمد | ١٩٨٦ | نێر | ملە سوورە |
| ٧. | دارا محمود عبدالکریم | ١٩٥٢ | نێر | ملە سوورە |
| ٨. | لەیلێ نامیق برزۆ | ١٩٥٣ | مێ | ملە سوورە |
| ٩. | فکریە دارا محمود | ١٩٧٨ | مێ | ملە سوورە |
| ١٠. | ئامین دارا محمود | ١٩٨٠ | مێ | ملە سوورە |
| ١١. | بەسیە دارا محمود | ١٩٨٢ | مێ | ملە سوورە |
| ١٢. | فاتمە دارا محمود | ١٩٨٤ | مێ | ملە سوورە |
| ١٣. | حمە سعید محیدین عبدالکریم | ١٩٦٣ | نێر | ملە سوورە |
| ١٤. | عەینە ئەحمەد قادر | ١٩٦٥ | مێ | ملە سوورە |
| ١٥. | کاوە حمە سعید محیدین | ١٩٨٢ | نێر | ملە سوورە |
| ١٦. | سنۆبەر حمە سعید محیدین | ١٩٨٤ | مێ | ملە سوورە |
| ١٧. | کوێستان حمە سعید محیدین | ١٩٨٥ | مێ | ملە سوورە |
| ١٨. | حمە رووف محمد علی | ١٩٦٣ | نێر | ملە سوورە |
| ١٩. | ئاواز محمد صالح | ١٩٦٥ | مێ | ملە سوورە |
| ٢٠. | سوراب حمە رووف محمد | ١٩٨٣ | مێ | ملە سوورە |
| ٢١. | هێرۆ حمە رووف محمد | ١٩٨٥ | مێ | ملە سوورە |
| ٢٢. | سنور حمە رووف محمد | ١٩٨٧ | مێ | ملە سوورە |
| ٢٣. | حمە صالح محمد علی | ١٩٦٩ | نێر | ملە سوورە |
| ٢٤. | عەتا محمد علی | ١٩٧١ | نێر | ملە سوورە |
| ٢٥. | نەجمەدین محمد علی | ١٩٥٥ | نێر | ملە سوورە |
| ٢٦. | یاسەمین حمە ئەمین سلێمان | ١٩٥٧ | مێ | ملە سوورە |
| ٢٧. | گەلاوێژ نەجمەدین محمد | ١٩٧٦ | مێ | ملە سوورە |
| ٢٨. | گەردە نەجمەدین محمد | ١٩٧٨ | مێ | ملە سوورە |
| ٢٩. | ئارەزوو نەجمەدین محمد | ١٩٨٢ | مێ | ملە سوورە |
| ٣٠. | شلێر نەجمەدین محمد | ١٩٨٣ | مێ | ملە سوورە |
| ٣١. | شەونم نەجمەدین محمد | ١٩٨٤ | مێ | ملە سوورە |
| ٣٢. | سیروان نجمەدین محمد | ١٩٨٦ | نێر | ملە سوورە |
| ٣٣. | سلاح نەجمەدین محمد | ١٩٨٨ | نێر | ملە سوورە |

# عەزیز قادر ئەو گوندەی ئەنفال وێرانی کرد

ئا: پشتیوان نەسرەدین



لەسەروەختی پەلامارەکانی ئەنفال لە رووی کارگێڕیەوە سەر بەناحیێ قادر کەرەم بوو،پاش ئەوەی صمود وەکو ئۆردوگایەك دامەزراو هەموو خەڵکە ئەنفالکراوەکەی ناوچەی گەرمیانی تێدا کۆکرایەوە، بەپێی سیاسەتی ئەو کاتەی رژێمی بەعس لە رووی ئیدارەیەوە وەکو هەموو ئۆردوگا زۆرە ملێکانی تر صمودیش کرایە ناحیێ. لەپاش راپەرینی ئازاری ساڵی ١٩٩١ ناوەکەی گۆڕا بۆ رزگاری، گوندی عەزیز قادر پێشتر سەربەناحیێ تیلەکۆ بوو، لەقەزای کەلار ئێستاش سەربەناحیێ رزگاری – صمودی پێشووە، ئەم گوندە سێ جار بەدەستی رژێمی بەعس سوتێنراوەو خەڵکەکەی دەست بەرداری نەبوون و بنیاتیان ناوەتەوە، تا پەلاماری ئەنفال کە سیاسەتی نەهێشتی گوندەکانی کوردستانیشی تێدا پیادەکرا، عەزیز قادریش کەوتە بەرپەلامارەکەو جگەلە روخاندنی گوندەکەو بەتاڵانبردنی سامانی هاولاتیان، تێکرای خەڵکەکەی ئەنفالکران و نزیکەی ٢٢٠ کەسیان هەتا ئێستاش بێسەروشوێنن.

ئەم گوندە پێشتر ٧٠ ماڵی تێدا نیشتەجێ بوون، بەلام ئێستا بەهۆی کەمتەرخەمی حکومەتی هەرێم و هەژاری خەڵکەکەیەوە تەنها ٣٠ی ماڵی تێدایە،کە کشتوکاڵ وئاژەلداریەوە خەریکن و ژیانێکی هەژارانە دەژین.. لەکاتێکدا ئەم گوندە فەراموشکراوە دەستی ئاوەدانی حکومەتی پێنەگەیشتووە، کە قوربانییەکی زۆریان داوە، لەسەنگەری بەرگریدا (٨) شەهیدی سەنگەرو بەپێی ئەو ئامارەی لەم ژمارەیەدا بلاوی دەکەینەوە دوسەدوبیستویەك ٢٢١ کەسیان ئەنفالکراوە، ئەمە بێجگەلەو کەسانەی کەلە زیندانی نوگرەسەلمان گەراونەتەوە.

## ناوی شەهیدەکانی گوندی عزیز قادر

١- هیدایت قادر مستەفا
٢- حسن احمد مجید
٣- ابراهیم احمد کاکەحمە
٤- فتاح محمد مجید
٥- اسماعیل ابراهیم محمد
٦- رۆستم عزیز رۆستم
٧- عدالات محمود علی
٨- شیرزاد اسعد خالد

| ژماره | ناوی ئەنفال | ژماره | ناوی ئەنفال |
|---|---|---|---|
| ١. | محمد فرج مستەفا | ١١٢ | تەها احمد کاکە حمە |
| ٢. | لیلی محمد امین | ١١٣ | نزیرە رحیم جاسم |
| ٣. | عەزیمە محمد فرج | ١١٤ | یاسین اسعد خالد |
| ٤. | شەونم محمد عزیز | ١١٥ | ئەلفە محمد رحیم |
| ٥. | شەهلا محمد فرج | ١١٦ | نیگار یاسین اسعد |
| ٦. | زینب محمد فرج | ١١٧ | نوزاد اسعد خالد |
| ٧. | عبدالله فرج مستەفا | ١١٨ | عیصمت اسعد خالد |
| ٨. | خەرامان عزیز رحیم | ١١٩ | عزیز خالد معروف |
| ٩. | حمید سعید رشید | ١٢٠ | دلبر محمود معروف |
| ١٠. | جوانە سعید رشید | ١٢١ | ستار عزیز خالد |
| ١١. | سۆران سعید رشید | ١٢٢ | احمد عزیز خالد |
| ١٢. | منیرە سعید رشید | ١٢٣ | نرمین عزیز خالد |
| ١٣. | فاتمە سعید رشید | ١٢٤ | ولید خالد معروف |
| ١٤. | لیمۆ سعید رشید | ١٢٥ | حسن اسعد خالد |
| ١٥. | مجید سعید رشید | ١٢٦ | خاوەر محمد معروف |
| ١٦. | بدری عزیز رۆستم | ١٢٧ | سیروان ولید خالد |
| ١٧. | خورشید عزیز رحیم | ١٢٨ | سوعاد ولید خالد |
| ١٨. | نعمان مجید سعید | ١٢٩ | نجیبە مجید فارس |
| ١٩. | شاخوان مجید سعید | ١٣٠ | نعیمە خالد معروف |
| ٢٠. | گوران مجید سعید | ١٣١ | علی خالد معروف |
| ٢١. | هنار مجید سعید | ١٣٢ | چیمەن ابراهیم امین |
| ٢٢. | گوڵە مجید سعید | ١٣٣ | کژال ابراهیم امین |
| ٢٣. | ختوخاڵ مجید سعید | ١٣٤ | سعدیە ابراهیم امین |
| ٢٤. | گەلاوێژ مجید سعید | ١٣٥ | نشمیل صالح ابراهیم |
| ٢٥. | حسین علی رشید | ١٣٦ | گرمیان محمود امین |
| ٢٦. | وەنسە محمد کریم | ١٣٧ | بهیە صابیر صالح |
| ٢٧. | حنین حسین علی | ١٣٨ | حلاو امین علی |
| ٢٨. | عمر علی رشید | ١٣٩ | سمین امین علی |
| ٢٩. | زبید عزیز محمد | ١٤٠ | محمد امین علی |
| ٣٠. | کافیە محمود مجید | ١٤١ | حبیبە محمد صالح |

| | | | |
|---|---|---|---|
| .٣١ | حسين محمود مجيد | ١٤٢ | جمينه احمد مجيد |
| .٣٢ | على محمود مجيد | ١٤٣ | گەلاوێژ احمد مجيد |
| .٣٣ | سرگول محمود مجيد | ١٤٤ | ابراهيم احمد مجيد |
| .٣٤ | سوعاد محمود مجيد | ١٤٥ | شمسه احمد مجيد |
| .٣٥ | احمد مجيد فارس | ١٤٦ | جبار اسماعيل ابراهيم |
| .٣٦ | فريق محمد رحيم | ١٤٧ | هيمن اسماعيل ابراهيم |
| .٣٧ | گەرده محمد حسين | ١٤٨ | منيره اسماعيل ابراهيم |
| .٣٨ | محمد محمود مجيد | ١٤٩ | احمد محمد شريف |
| .٣٩ | صفر رۆستم محمد | ١٥٠ | نجيبه محمد شريف |
| .٤٠ | احمد رۆستم محمد | ١٥١ | هاجره سعيد رشيد |
| .٤١ | شكر رۆستم محمد | ١٥٢ | گرميان امين عزيز |
| .٤٢ | نيگار صفر رۆستم | ١٥٣ | امين على محمد |
| .٤٣ | محمد حسين على | ١٥٤ | فريده محمد اينجه |
| .٤٤ | گەلاوێژ حسين على | ١٥٥ | محمد ابراهيم محمد |
| .٤٥ | ئيكرام حسين على | ١٥٦ | عاصى احمد مستەفا |
| .٤٦ | نعيمه سمين جبار | ١٥٧ | بدرى قادر مستەفا |
| .٤٧ | حمديه رشيد محمد | ١٥٨ | سلام عاصى احمد |
| .٤٨ | سۆران احمد\ رشيد | ١٥٩ | ئيكرام عاصى احمد |
| .٤٩ | نرمين احمد رشيد | ١٦٠ | ئيلهام عاصى احمد |
| .٥٠ | عزيز احمد رشيد | ١٦١ | سيروان عاصى احمد |
| .٥١ | محمد احمد رشيد | ١٦٢ | فرمان عاصى احمد |
| .٥٢ | كاميله محمد محمود | ١٦٣ | گوران عاصى احمد |
| .٥٣ | قادر محمد محمود | ١٦٤ | زارا عاصى احمد |
| .٥٤ | ماهيده محمد محمود | ١٦٥ | ڤيان عاصى احمد |
| .٥٥ | احمد حسن خورشيد | ١٦٦ | ژيان عاصى احمد |
| .٥٦ | سواره حسن ابراهيم | ١٦٧ | احمد عزيز امين |
| .٥٧ | عوسمان مجيد احمد | ١٦٨ | ئيحسان احمد محمد |
| .٥٨ | نەورۆز حسن احمد | ١٦٩ | نورى حميد ابراهيم |
| .٥٩ | امين عوسمان مجيد | ١٧٠ | رحمان حميد ابراهيم |
| .٦٠ | بيان عوسمان مجيد | ١٧١ | عدنان حميد ابراهيم |
| .٦١ | انور عوسمان مجيد | ١٧٢ | دلشاد رحمان حميد |

| | | | |
|---|---|---|---|
| .٦٢ | هاشم عوسمان مجيد | ١٧٣ | مەليحە احمد |
| .٦٣ | جمال عوسمان مجيد | ١٧٤ | پيرۆز حميد ابراهيم |
| .٦٤ | جبار محمد مجيد | ١٧٥ | عمر كاكە حمە |
| .٦٥ | حلاوە محمد صالح | ١٧٦ | افتاو شهاب |
| .٦٦ | ستار جبار محمد | ١٧٧ | زينت احمد كاكە حمە |
| .٦٧ | احمد جبار محمد | ١٧٨ | محمد عمر كاكە حمە |
| .٦٨ | سروە جبار محمد | ١٧٩ | زارا عمر كاكە حمە |
| .٦٩ | خدر محمد مجيد | ١٨٠ | نيگار عمر كاكە حمە |
| .٧٠ | سلمى محمد مجيد | ١٨١ | سابير قادر مستەفا |
| .٧١ | مليحە محمد مجيد | ١٨٢ | بەسيە قادر مستەفا |
| .٧٢ | حسين عزيز رحيم | ١٨٣ | غەزيمە مجيد احمد |
| .٧٣ | نعيمە سعيد رشيد | ١٨٤ | محتاب هيدايت قادر |
| .٧٤ | نريمان حسين عزيز | ١٨٥ | ئارەزوو هيدايت قادر |
| .٧٥ | كامران حسين عزيز | ١٨٦ | شوكريە هيدايت قادر |
| .٧٦ | تحسين حسين عزيز | ١٨٧ | هيرۆ هيدايت قادر |
| .٧٧ | گەوهەر حسين عزيز | ١٨٨ | رشيد مجيد احمد |
| .٧٨ | غەزالە حسين عزيز | ١٨٩ | خيريە قادر مستەفا |
| .٧٩ | اختر حسين عزيز | ١٩٠ | خرامان مجيد احمد |
| .٨٠ | رەمەزان حسين عزيز | ١٩١ | چنار رشيد مجيد |
| .٨١ | محمد عزيز رۆستم | ١٩٢ | رزگار رشيد مجيد |
| .٨٢ | ئاوات عوسمان مجيد | ١٩٣ | هارون رشيد مجيد |
| .٨٣ | حپسە سعيد رشيد | ١٩٤ | تاخر محمد معرۆف |
| .٨٤ | نجات محمد عزيز | ١٩٥ | فهيمە خالد معرۆف |
| .٨٥ | شنۆ محمد عزيز | ١٩٦ | سامان تاهر محمد |
| .٨٦ | سروە محمد عزيز | ١٩٧ | سروە تاهر محمد |
| .٨٧ | حبيبە امين توفيق | ١٩٨ | افتاو رۆستم رشيد |
| .٨٨ | مارف خليل رشيد | ١٩٩ | خورشيد محمد معروف |
| .٨٩ | محمود على محمود | ٢٠٠ | فخريە توفيق على |
| .٩٠ | كرەم محمود على | ٢٠١ | جمال حسن على |
| .٩١ | ئاوات محمود على | ٢٠٢ | ريزان حسن على |
| .٩٢ | گولە محمودعلى | ٢٠٣ | هاشم حسن على |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٩٣. | محسوممه محمود على | ٢٠٤ | جمال حسن على |
| ٩٤. | غاليب محمد روبيتان | ٢٠٥ | سيران حسن على |
| ٩٥. | بورهان محمد روبيتان | ٢٠٦ | عزيز كريم حسن |
| ٩٦. | محمد احمد مسته فا | ٢٠٧ | سعديه امين ابراهيم |
| ٩٧. | محبوبه عبدلله فلاّ مەرز | ٢٠٨ | سالار عزيز كريم |
| ٩٨. | نەسرين محمد احمد | ٢٠٩ | جيران عزيز كريم |
| ٩٩. | نه ريمان محمد احمد | ٢١٠ | سيران عزيز كريم |
| ١٠٠. | قەدرى محمد احمد | ٢١١ | سروەعزيز كريم |
| ١٠١. | فەخريه محمد احمد | ٢١٢ | هيمن عزيز كريم |
| ١٠٢. | كافيه محمد احمد | ٢١٣ | شنۆ عزيز كريم |
| ١٠٣. | بەسيمه محمد احمد | ٢١٤ | ستار وليد معروف |
| ١٠٤. | كامەران محمد احمد | ٢١٥ | على محمد انجه |
| ١٠٥. | نەوزاد محمد احمد | ٢١٦ | فانۆس محمد على |
| ١٠٦. | احمه دكاكه حمه | ٢١٧ | جيران محمد |
| ١٠٧. | ليلى حسين محمد | ١١٨ | برزان امين سفين |
| ١٠٨. | محمد احمد كاكه حمه | ٢١٩ | سروه امين سفين |
| ١٠٩. | تەليعه عمر كاكه حمه | ٢٢٠ | چيمن امين سفين |
| ١١٠. | زينب احمد كاكه حمه | ٢٢١ | قادر امين سفين |
| ١١١. | يوسف احمد كاكه حمه | ٢٢٢ | |



# وەهاب ئەحمەد:

## هیچ كارێكی نایاسایمان نەكردووە، ویستمان دڵنیابین لەوەی ئەمانە گۆڕی بەكۆمەڵن یان نا

دیدار: رزگار ئیبراهیم

**لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق و ئاشكرا بوونی گۆڕە بەكۆمەڵەكان، بۆ یەكەمجار (حەفتا) گۆڕی بەكۆمەڵ لەزنجیرە چیای ل دوای پرۆسەی ئازادی عێراق و ئاشكرا بوونی گۆڕە بەكۆمەڵەكان، بۆ یەكەمجار (حەفتا) گۆڕی بەكۆمەڵ لەزنجیرە چیای حەمرین دۆزرانەوە، ئەویش بەهەوڵێكی زۆری كاك وەهاب ئەحمەد ئەندامی كۆمەڵەی داكۆكیكردن لەقوربانیانی ئەنفال لە گەرمیان و بەهەمەئاهەنگی و هاوكاری یاردەدەرێتی بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی دووز خورماتوو،لیوای١٦ی فرقەی ٤ی سوپای عێراق وە لەدوای چەندین جارسەردان و گەرانێكی زۆربەناوچەكەدا سەر ئەنجام لە ٢٠٠٩/٣/٢٥ ئەو گۆڕانەیان دۆزرییەوە، بۆ زانیاری زیاترلەچۆنێتی دۆزینەوەیان و رێزلێنانێكیش لەهەوڵە گرنگەكەیان بەپێویستمان زانی ئەم دیدارە لەگەڵ وەهاب ئەحمەد ساز بدەین**

- كاك وەهاب چۆن زانیاریتان پێگەیشت كەگۆڕێكی بەكۆمەڵ لەچیای حەمرین هەیە؟ چۆن شوێنی گۆڕەكانتان دۆزییەوە، ئەوانەی چوون بۆدۆزینەوەو هەڵدانەوەی ئەو گۆڕانە كێ بوون .

+ ئێمە لەگەڵ رائد سەیوان دانیشتین و دواتر لەگەڵ حاجی بەرزان رێكەوتین كەبچین بۆچیای حەمرین، بۆئەوەی بزانین بەراستی گۆڕی بەكۆمەڵ لەویا كەهەیە یان نا، كە رۆیشتین رۆژی یەكەم هیچمان دەست نەكەوت دواتر لەگەڵ (نەقیب غازی) لەفرقەی چوار لیوای ١٦ رێكەوتین لەدووزەوە جارێكی تر رویشتین بۆ ئەو شوێنە هەم دیسان هیچمان دەست نەكەوت .

وە هەندێك عەرەبی ناوچەكەشمان هێنا ئەوانیش هیچیان نە دەزانی كەگۆری بە كۆمەڵ هەیە لەو شوێنە. وە ١٨ مانگ خۆم گەرامەوە لەگەڵ ئاسایش كاك سەیوانمان لەگەڵ نەبوو ( بێڵ ) مان لەگەڵ خۆمان برد نزیكەی دوومەترچاڵمان كرد لەیەكێك لەچاڵەكاندا كە جێگای گومانمان بوو نەگەیشتینە هیچ ئەنجامێك دواترهەندێك پێڵاوجل‌و بەرگم دۆزییەوە یەكێك لەپێڵاوەكان كلاشی كوردی بوو دواتر بریارماندا لەدوای جەژنی نەورۆز بچینەوە، وە لەدوای جەژنی نەو رۆز هەندێك تەداخولاتكرا بۆ ئەوەی نەچین بەلاٌم ئێمە لە ٢٠٠٩/٣/٢٥ سەر لەنوێ لەگەڵ كاك سەیوان‌و عقید حەمە رەحیم لێپرسراوی لیوای ١٦ی فرقەی چوار رۆیشتین ئەوانیش كۆمەڵێك برادەر لەسەر ئەوە قسەیان لەگەڵیاندا كردبوو كە فرقەی چوار شۆفەڵان بۆ دابین بكەن، وە لە ٢٥ی مانگ چووین بۆ ئەو شوێنە و شۆفەڵان لەگەڵ خۆماندا برد دوای گەران لەچاڵەكان دیارە ئێمە شێوازی چاڵەكانمان نەدەزانی كەئەوانە گۆڕن بەلاٌم ئێمە یەكێك لە گۆڕەكان تائكیدمان كردە سەری كە ئەم شوێنە لەشێوازی گۆڕ ئەچێت دوای ئیشكردنێكی زۆر هەندێك ئیسك و پرۆسكمان دۆزییەوە .

- باشە جەنابتان ئەوە خەڵكانەی كەچوو بوون بۆشوێنی گۆڕەكان بەصفەتی چی رۆیشت بوون .

+ من خۆم وەكو ئەندامێك لەكۆمەڵەی داكۆكی كردن لەقوربانیانی ئەنفال لەدوای ئەوش خۆم هەموو خێزانەكەم بەر ئەنفال كەوتوون كەسمان نەماوە كاك سەیوانیش وەكو یاردەدەرێتی ئاسایشی دووز خورماتوو دیارە ئەویش پرسی مەرجەعی خۆی كردبوو دوابەدوای ئەوەكۆمەڵێك لێپرسراو لەئاستی ئەندام سەركردایەتی ئاگاداربوون كەشتێكی واهەیەولەسەررێنوێنی ئەوان و دوای ئەوەیش ئێمە لەلایەن حوكمەتی عێراقەوە فرقەی چوار و بەشی هەواڵگری ئاگادار بووكە شتێكی وا هەیەو ئەروین بە دواداچوونی بۆ ئەكەین .

- كە واتە بەرێزتان وەكو كۆمەڵەی داكۆكی كردن لە قوربانیانی ئەنفال رۆیشتوون.

+ بەڵا

- ئایە هیچ شارەزاوپسپۆرێكتان لەگەڵ بوو بۆ هەڵدانەوەی گۆڕەكان بەشێوازێكی زانستی .

- ئێمە كەسمان لەگەڵ نەبوو وەكو پسپۆر لەبەرئەوەی كەس نەیدەزانی گۆڕی بەكۆمەڵ هەیە سەد لەسەرسەد لەوناوچانە بەپێی ئەوسەرچاوە كەئێمە

هەمان بوو لە ١٨ی مانگ کەسێکمان هێنا شارەزایی هەبوو لەناوچەکە کاتی خۆی لەسەر ئەوگۆڕانە بۆماوەی ٢٠ رۆژ زیندانی کرابوو لەبەرئەوەی سەردانی گۆڕەکانی کردبوو، ئەو پیاوە ئەوەی بۆم گێڕایەوە کەکاتی خۆی سەردانی گۆڕەکانی کردە رژێم گردویێتی پێی ووتوە ئەمە پاشماوەی کیمیاوەیە ئەی شارینەوە بۆیە دڵنیا نەبوو لەوەی گۆڕە بەکۆمەڵ هەیە یاخود پاشماوەی کیمیاویە بەڵام لە ١٨ مانگ ووتم هەندێ پێڵاو و شتمان دۆزیەوە گۆمانمان کرد کەگۆڕە بەڵام کەس نەیدەزانی ئایە ئەوگۆڕانە هی کورد یان نەیان بۆچی کاتێک دەگەڕێتەوە بەڵام ئێمە زانیاریمان لەسنوورە کۆکردەوە ئەوگۆڕانە هەیەوئەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٨ بەڵام ئێمە مەبەستمان ئەوە بوو دڵنیابین لەوەی ئایە گۆڕ هەیە راستە کە دەڵێن کە لە چیای حەمرین گۆڕی بەکۆمەڵ هەیە .

+ باشە لە چی خەڵکانێک دەچوون ئیسک و پروسکەکان و پاشماوەکان .

- ئیسک وپروسکەکان ژن بوون بەپێی ئەوەی پرچیان هەبوو درێژ بوو دیارە منداڵیشیان تێدا بوو چونکە هەندێ پەراسوو زۆر لاوازو و بچووک بوون وە جل و بەرگەکان زیاتر هی ژن بوون

+ یەعنی ئەوانە هەمووی لەنەتەوەیەکی دیاری کراو نەبوون

- بەگوێرەی ئەوئاسەوارانەی کەئێمە دوزمانەتەوەپێڵاوجلو بەرگەکان کوردیە

+ مەبەستم لەنەتەوەی تر وەکو عەرب و تورکمانی تێدا نەبوو

- نەخێر لەبەرئەوەی بەپێی ئەوسەرچاوەوەی ئێمەزانیاریمان لێ وەرگرتوە دەگەڕێتەوە بۆ مانگی ٨ بۆ ٩ی ١٩٨٨ کە سەردەمی ئەنفالەکان بو وەجل و بەرگەکانیش کوردی بوون

+ کاک عارف قوربانی لەرۆژنامەی ئاسۆ ژمارە ٩٣٩ دەڵێت ئێوە بەشێوەیەکی نازانستی ئەو گۆڕانەتان هەڵداوەتەوە، وەهەروها لەژمارە (٥)ی گۆڤاری ئەنفالستان کاک جبارمەلاعەلی بەنامەیەکی تایبەتی بۆ گۆڤارەکەی نوسیوەو باسی ئەو گۆڕانە دەکات و نەخشەی شوێنی گۆڕەکانی دیاری کردووە.

- سەرەتا من بە کاک عارف دەڵێم نازانم کاک عارف چ لایەنێکی لێ ئاگەدار کردوەتەوە..؟ لەساڵی ٢٠٠٣ وە کەئەڵێی گۆڕێکی بەکۆمەڵ هەیە لەو ناوچەیە، ئایە لەگەڵ هیچ لایەن و رێکخراوێکی رەسمیدا چووەنەتەشوێنەکە هەتا دەستنیشانی بکەن..؟ من تەحەدای هەموو ئەوانە دەکەم کەزانیاریان هەیە لەسەر گۆڕەکان تاکو ئێستا شوێنەکەی بزانن لەکوێیە؟ یان لایەنێکی رەسمیان بردبێتە سەری و لایەنێکی رەسمیان ئاگادار کردبێتەوە،من خاوەنی زەوییەکەم هێناو ئەو وتی نازانم گۆڕی لێیە، لەراستیدا کاک رزگار ئەو گۆڕانە دۆزینەوەیان هەروا ئاسان نەبوو،بەشێوازێک داپۆشرابوون، بەئەستەم دەزانرێت گۆڕی بەکۆمەڵە، خۆ هیچ نیشانەیەک نەبووە یاخود کێلە بەردێک دانرابێت و نووسرابێت ئەمە گۆڕی بە کۆمەڵە یان گۆڕی ئەنفالکراوەکانە ئەمەشوێنێکە لەسەر زەویەکی تەخت ساڵانە کێلراوەو دەغڵو دانی لەسەرچێنراوەو کاری کشتوکاڵی تێداکراوە، هەتائەو کەسەی کاتی خۆی چاڵەکانی ژماردووە شوێنەکانی ونکردبوو، نەیدەزانی بچێتەوە سەری، هەرئەوکەسەش کەئێمە بردمانە سەری شارەزایی لەشوینی گۆڕیکان هەبوو چونکە ماڵی لەوێ بووە، شوان بووەو لەکاتی کۆمەڵکوژی ئەنفالەکاندا، گۆڕەکانی بینیوە پێش ئەوەی پربکرێتەوە بەبەتاڵی بینیویێتی بەڵام نازانم ئەگەر کاک عارف لە ٢٠٠٣ شوێنی ئەو گۆڕانەی بینیوە بۆچی هەوڵێکی بۆ نەداوە هەڵبدرێتەوە بۆ ئەوەی بزانێت ئیسک و پروسکی ئەنفالن .

+ کاک عارف باسی ئەوە دەکات ئێوە بەبێ ئاگاداری وەزارتی مافی مرۆڤو وەزارەتی شەهیدان ئەنفالکراوەکانو تیمی تایبەت بە هەڵدانەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان ئەوکارەتان کردووە، مەبەستیشی پاراستنی گۆڕەکان و هەڵدانەوەیەتی بە شێوازی زانستی .

- باشە ئەگەر مەبەستی لەوەیە بمێنێتەوەو بپارێزرێت وپاراستنی ئەوگۆڕانە لەزەویدا کەس نەزانێ گۆڕی بەکۆمەڵە لەبەرژەوەندی کێ دایە؟ ئایە لە بەرژەوەندی کەسوکاری ئەنفالدایە یاخود لەبەرژەوەندی بەعسیەکاندایە..؟ دواتر گۆڕێك سێ مەتر لەژێر زەویدابێت بەچ بزانین ئەوانەگۆڕی بەکۆمەڵەوخەڵکی ئەم ناوچەیەو کوردن بەچ ئەزانێ دواتر ئەوشایەتحاڵێ بۆچییە کەباسی دەکاتو بۆچی تا ئێستا بۆ کەیسی ئەنفالی نەبردووە بەدادگای کردنی عەلی حەسەن مەجیدوجەماعەتەکەی وەکو شایەتحاڵ قسە بکات یاخود وەکو



زانیاریەك وەریگرتووە لە كتێبخانەكەی خۆیدا دایناوە .

+ ئەو مەبەستی لەوەیە هەڵدانەوەی بە شێوەیەكی نا زانستی وە هەڵدانەوەیەكی بەشێوەی زانستی، هەروەها هەموو ئەو گۆڕە بەكۆمەڵانە بەڵگەن لەسەر درندەیەكی رژێمی عێراق كەبەعس دەسەڵاتدار بوو لەسەرگەلی كورد .

- باشە كاك عارف، یان هەركەسێكی تر كەشەش ساڵە دەزانێت گۆڕ لەوناوچەیە هەیە، چی كردووە بۆهەڵدانەوەیان دواترهەڵدانەوەی دوای بیست سی ساڵی تر چ سوودێكی هەیە..؟ من ئەڵێم ئەگەر لەساڵی ٢٠٠٣ وە زانیاری هەیە لەسەرئەو گۆڕانە بۆ لیژنەیەكی تایبەت نەچووتە سەردان ئەو شوێنەو دیاری بكات كە ئێمە چووینە ئەوەی ئەو شوێنە بە هیچ شێوەیەك دیاری نەكرابوو كە ئەمە گۆڕی بەكۆمەڵە. پاشان مانەوەی ئەوگۆڕانە لەبەرژەوەندی كێ دایە لە ٢٠٠٣وە تا ئێستاكە شەش ساڵ دەكات، ئایە كاك عارف و جەماعەتەكەی چەن شەش ساڵی تر چاوەروانن تا ئەو گۆرانە هەڵبدرێتەوە كاتێ دادگایی كردنی تاونباران كۆتایی پێ بێت .

+ باشە ئێوە لەگەڵ رێكخراوێكی بیانی یاخود هەر رێكخراوێكی مرۆڤ دۆست پەیوەندیتان كردووە بۆ هەڵدانەوەی گۆڕەكان بەشێوازی زانستیودانانیان لە مۆنۆمێنێكی شایستەدا لە شاری دووز خورماتوو .

- وەكو باسم كرد، ئێمە سەرەتا دڵنیا نەبووین كەگۆڕە تەنیا بە پێی زانیاری سەرچاوەكەمان چووین بەدەمیانەوە كەكاتی خۆی لەشوێنی رووداوەكە بووەو باسی ئەوەی كرد، كەئەوكاتە ئەوهێزەی دەورەی ناچەكەیتنداوەو چاڵیان هەڵكەندووە، ئەوشوانەیان دەست گیر كردووە ماوەی بیست رۆژیش زیندانی بووە، دواتر پێیان وتوە كەپاشماوەی كیمیاویە، بەلام بەحوكمی ئەوەی جلوبەرگو پێڵاومان دۆزیەوە دڵنیا بووین كەگۆڕی بەكۆمەڵە تەنیا مەبەستمان ئەوە بوو كە بزانین گۆڕە یاخود پاشماوەی كیمیاویە، خۆ ئێمە هەموو گۆڕەكانمان هەڵنداوەتەوە بەڵكو لەكۆی (حەفتا) چاڵ، تەنها یەك دانەمان هەڵداوەتەوە، ئێستاش پێی ئەو زانیاریانەی كە لەبەر دەستماندایە، وتوومانە كوردن، چونكە تەنها لەیەك گۆڕێكدا كارمان كردووە، ئەویشی لەمەسافەی مەترێك بۆ دوو مەتردایە، ئەویش بۆ ئەوەی بەڵگەیەكمان دەست كەوێ بزانین ئەمانە گۆڕن یان نا.

+كەواتە ئێوە هیچ كارێكی نایاسایتان نەكردووە.

- نەخێر هیچ كارێكی نایاساییمان نەكردووە تەنیا بۆ دڵنیا بوون كە بزانین ئەمانە گۆڕی بەكۆمەڵن یان نا ئیتر دامان پۆشیوەتەوەو لایەنی بەرپرسیشمان ئاگادر كردوتەوە ئیتر بابزانین ئەوان كەی بەشێوەی زانستی هەڵیان دەدەنەوە..؟!!.

+ هیچ ئاسەواری گوللەبارانتان بەتەرمەكانەوە بینی؟ یاخود بەزیندوویتی كراونەتە ناو چاڵەكان و بەشۆفەڵ خوڵ كراوەتە بانیان .

- هیچ ئاسەوارێكمان بەئیسكوپروسكەكانەوە نەبینی لەبەر ئەوەی ئێمە لەكاتی ئیش كردندا لەچاڵێكدا نزیكەی سێ مەتر ئیشمان كرد تەنیا یەك دوو كەللە سەر دەركەوتن، نەخێر شوێنی گوللەیان پێوە دیارنەبوو.

+ نەتانزانی ئیسكوپرۆسكەكان كێن..؟ یاخود هیچ بەڵگەنامەو ناسنامەیەكتان دۆزییەوە ؟

- كاك رزگار ئێمە تەنیا ئەوگۆڕانەمان هەڵدایەوەو كەللەسەرمان بەدی كردوە، ئەوانەش ئافرەت بوون ئیتر بەهیچ بەڵگەنامەوناسنامەمان نەدۆزییەوە چونكە ئێمە گۆڕەكەمان بە شێوەیەكی فراوان هەڵنەدایەوە .

+ ئێمە هیچ شتێكمان نەماوە ئەگەر تۆ شتێكت مابێت .

- كاك عارف دەڵێت پێویستە ئەوانەی ئەوكارەیان كردووە سزا بدرێن ئێمە هەموومان كەسوكاری ئەنفال بووین و ئەو كارەمان ئەنجامدا ، من خۆم ئەوەندە سزادراوم ئەوەندەم ئازارچەشتووە بەدەست، رژێمی بەعسەوە تاكە دەربازبووی خێزانەكەمو هەموویان ئەنفالكراون، ئەوەندە ئێشو ئازاروبرینی ئەنفالمان بینیوە بەبێ كەسیوتەنیایی هەتا ئێرەم هێناوە ئەگەر ئێستاش سزامان دەدەن ماڵیان ئاوابێت.

راستی ئێمە وەكو خۆم قوربانی ئەنفالەكان لەكفریوكەلارورزگاری دەستخۆشیان لێكردووم، هەرچەندە ئەمە ئازایەتی نییە ئەركی سەرشانمانە بەدوای ئیسك و پرۆسكی دایك و باوك و خۆشك و براكانماندا بگەرێین وە ئێستا شالاوێكی واژوو كۆ كردنەوە دەستی پێ كردووە بۆ هەڵدانەوەی ئەوگۆڕە بەكۆمەڵانە، دیارە ئەوە خواستوئارەزووی كەسوكاری ئەنفالكراوەكانە، بۆهەڵدانەوەوهێنانەوەی تەرمەكانیان، هەق وایەئەو برادەرانەش كەلە ٢٠٠٣ ئەوكارە دەزانن ئاشكرایان بكردایە بۆ ئەوەی رووی رەشی تاوانباران و ئەنجامدەرانی جارێكی تر رەش بكرایە نەك ئەوتاوانە گەورانە بۆ دابپۆشی چونكە ئاوەرنەدانەوە لەو گورانە تەنیا لە خزمەت بەعسیكاندایە، ئەوەشی ئەوكارە دەكات هەروەك ئەوانە.

حەزدەكەم ئاماژە بەوەش بكەم ئەگەر كاك عارف دەیزانی ئەو گورانە هەیە بۆچی وەزارەتی شەهیدانو ئەنفالكراوەكان لە ٢٦ / ٣ / ٢٠٠٩ تیمی رەوانەی زەنجیرە چیای حەمرین كرد، بۆ دڵنیابوون لەگورەكان ئەگەرپیشتر زانیاری تەواویان لە سەری هەبوایە چی پیویست ئەكات دڵنیابن لەوەی كەگوری بەكومەڵ لەوەی هەیە. دەی فەرموون ئەوە دڵنیا بوونو ئەوە دەریش كەوت كەوا قوربانیەكان كوردن، با هیمەتبكەنو بەشێوەیەكی زانستی بیانهێننەوە.

# له بارەی ئەو (حەفتا) گۆڕی بەکۆمەڵەوە

**ئەم بابەتەی عارف قوربانی پێشتر بڵاوکراوەتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کاك وەهاب ئەحمەد لەچاوپێکەوتنەکەیدا قسەی لەسەر کردوە بۆیە ئێمە بەپێویستمان زانی بڵاویکەینەوە**

چەند ڕۆژێك لەمەوبەر لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە هەواڵی دۆزینەوەی (٧٠ گۆڕی بەکۆمەڵ) لەنزیك زنجیرە چیای حەمرین بڵاوکرایەوە، دیمەنێکی نا زانستی و ئازاردەریان خستەڕوو کە بە شۆفڵ خەریکی هەڵدانەوەی گۆڕەکان بوون.

ئەوەی دەمەوێ لەم وتارەدا قسەی لەسەر بکەم ئەوەیە کەهوشیارییەك بڵاو بکەینەوە کەهەرکەسەو بۆخۆی نەچێت گۆڕە بەکۆمەڵەکان هەڵداتەوە بەناوی ئەوەی کەگۆڕی بەکۆمەڵ دۆزراوەتەوە، لەکاتێکدا ئەو گۆڕەبەکۆمەڵانە هەموویان لەساڵی ٢٠٠٣ دۆزراونەتەوەو دەستنیشانکراون بۆ ئەوەی تیمی تایبەت بە هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان بەشێوەی زانستی هەڵی بدەنەوە، نەك بەشۆفڵ وەك ئەوەی برادەرانی دوز خورماتوو کردیان.!

ئەو گۆڕەبەکۆمەڵەی ناوچەی حەمرین وەك کردیانە هەڵا کەتازە دۆزراوەتەوە، تازە نییە و لەساڵی ٢٠٠٣ دەستنیشانکراوەو شایەتو زانیاری وردی لەسەرە کە لەچی مانگێکی ساڵی ١٩٨٨ گوللەباران کراون، دواتر چۆن زانراوە کە ئەو چاڵانەی لەماوەی چەند ڕۆژێکدا لەلایەن تیمی تایبەتەوە هەڵکەندراون و بەچی جۆرێکی سەیارە ژن و منداڵەکان گوێزراونەتەوە بۆ ئەو شوێنە، تەنانەت ئەو شایەتحاڵانەی کە ساڵی ١٩٨٨ بۆ یەکەمینجارچوونەتە سەرشوێنی گوللەبارانکردنەکەو چیان بینیوە، هەمووی تۆمارکراوە لامانو پارێزراوە، هەربۆ زانیاری بەوە زانراوە کە ئەو خەڵکانەی گوللەبارانکراون وخراونەتە چاڵەکانەوە کوردن، یەکێکیان دەستی بەدەرەوەبوو سەعاتێکی ئۆرێنتی سەوز لەدەستی بووەو ئەوشوانو مەردارە عەرەبانەی لە ساڵی ٨٨ چوونەتە سەریان، بەو دەستەدا زانیویانە کە قوربانیەکان کوردن، ئەمانەو زۆروزانیارییتریش تۆمارکراونوپارێزراونو ئامانج لەبڵاونەکردنەوەشیان تەنها پاراستنیان بووە.. زۆرگۆڕی بەکۆمەڵی تریش هەیە، کەدوای پرۆسەی ئازادی لەلایەن تیمەکانی تایبەت بەگەڕان بەدوای گۆڕەبەکۆمەڵەکانەوە دۆزراونەتەوەو شوێن و زانیارییەکانیان پارێزراوە و هەموویان بۆ کەیسی دادگاییکردنی تاوانبارانی ئەنفال سودیان لێبینراوە و کە بڵاویان ناکەینەوە بۆ ئەوەیە بە پارێزراوی بمێنێتەوە تا تیمە تایبەتەکان دەریان بهێنن، وەك چۆن گۆڕە بەکۆمەڵەکەی حەزەر و شەنافییەیان بەو شێوە زانستیە دەرهێنا.

تەنانەت بۆ بەرگرتن لەوەی کە بەشێوازی عەشوایی گۆڕەکان هەڵنەدرێنەوە، دەستەی سەرۆکایەتی کۆمار لە دانیشتنی ڕۆژی ٢٠٠٦/٣/١٢ قانونی ژمارە (٥) تایبەت بە پاراستنی گۆڕەبەکۆمەڵەکان دەرکرد کە (١٩) مادەی لەخۆ گرتووە، هەموویان تایبەتن بە پاراستن و شێوازی هەڵدانەوەی گۆڕەبەکۆمەڵەکان و چەندین جۆری سزای زیندانی و غرامەی بۆ ئەو کەس و لایەنانە داناوە کە گۆڕەبەکۆمەڵەکان بەشێوەی عەشوایی هەڵ ئەدەنەوە. کە هەریەك لە مام جەلال سەرۆك کۆمار و غازی عەجیل یاوەر و عادل عبدالمهدی جێگرانی ئەوکاتەی سەرۆك کۆمار ئیمزایان کردووە.

ناکرێ هەر زانیارییەك لەسەر گۆڕێکی بەکۆمەڵ درایە شوێنێك بێ گەرانەوە بۆ ئەو تیمانەی پێشتر دەستنیشانیان کردووە و بێ ئاگادارکردنەوەی دەزگا پەیوەندیدارەکانی وەك مافی مرۆڤ و وەزارەتی شەهیدان و تیمی تایبەت بە هەڵدانەوەی گۆڕەبەکۆمەڵەکان، دەستکاری هیچ کام لەو گۆڕەبەکۆمەڵانە بکرێت. وە بۆئەوەی ڕێگە لەو حاڵەتە ترسناکانە بگیرێت دەبێ سزای توندی هەر کەس و لایەنێك بدرێت کە پێشێلی یاسای پاراستنی گۆڕەبەکۆمەڵەکان دەکات، دەبێ کەس و کاری ئەنفالەکان پێش هەرکەس قبوڵی نەکەن ئێسك و پروسکی ئازیزانیان بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. گۆڕەبەکۆمەڵەکەی حەزەر نزیکەی ١٢ ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخان کرا بۆ دەرهێنانەوەیانو لاشەبەلاشەی قوربانیەکان جیاکرانەوە. پێویستە هەموو گۆڕە بەکۆمەڵەکان بەو شێوە زانستییە هەڵبدرێنەوەوبەوشێوازە قوربانییەکان دەربهێنرێن، نەك هەرکەس زانیارییەکی لەسەر یەکێ لەو گۆڕە بەکۆمەڵانە هەبوو هەڵبدرێنەوە.

هەقە گللییەك لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندنیش بکرێت، کەهەواڵی ئەوشێوازانەی هەڵدانەوەی گۆڕەکان بڵاودەکەنەوە، لەکاتێکدا ئەرکی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنە هوشیاری بڵاوبکەنەوە کەهیچ کەسێك هەڵیان نەداتەوە، هەق وایە ڕۆژانە یاسای پاراستنی گۆڕە بەکۆمەڵەکان لەتەلەفزیۆنەکانەوە بڵاوبکرێتەوە. تا بەهەموو لایەکمان وەك ئامانەتێك بیان پارێزین بۆ ئەوەی نەشێوێنرێن و بەشێوازی زانستیانە هەڵبدرێنەوە بۆ ئەوەی ئەدیلە و بەڵگەکان بەپارێزراوی بەرینە مێژووەوە.

# مامۆستا ئەدیبە :

# بەسادەیی دەدوێین و گرێ کوێرەکانی وتن دەکەینەوە

دیداری : ئەنفالستان

ئێمەلە سەر زاری خەڵکەکەوە تێکستەکانمان دەنوسینەوە.

١٦/٤ی ساڵی رابردوو،لەشارۆچکەی بالیسان ئەدیبە شێخ عوسمان بالیسانی هەم وەك سەرپەرشتیاری تیپێکی شانۆیی کەپێك هاتووە لەچەند کوڕ وکچێکی چالاکی سنورەکەو هەم وەك سیناریێست توانی نمایشێکی شایستە لە یادەوەری کیمیا بارانی خۆشناوەتی ئەنجام بدات، لەو چالاکیە هونەرییەدا نمایشکاران،ئامادەبوانیان گەڕاندەوە ناو ئازارو یادەوەرییە تراژیدیاکان،ئەمساڵ (ئەنفالستان) بەپێویستی زانی لە خاتوو ئەدیبەی چالاك و داهێنەر بەسەربکاتەوەو سەبارەت بە بیرۆکەی نمایشەکە بدوێنێت.

- چالاکیە هونەرییەکەی پارتان، دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو، جگە لەبابەتەکە ئاستی هونەریشی بەرزبوو، جگەلە تۆکێی تر هاوکارتان بوو، ئەگەر بکرێت باسێکی ئەو کۆسپو رێگریانەش بکەیت کە لەبەردەم نمایشکردنی شانۆگەریەکەتان بوو.. ؟

ئەدیبە: هیچ کەس و لایەنێك لەو چالاکیە هونەرییەدا هاوکارمان نەبوو، تەنها پاڵنەریش هەست وسۆزی ناخی خۆمان بوو، نەخێر کەس یاریدە دەرمان نەبوو، بەڵکو رێگریەکی زۆریشمان لێکرا،لەلایەن بەرپرسانی حزبیو حکومیەوە.

- بۆچی ..؟

بۆ لە باربردنی چالاکیەکەمان، سەرەتا لیژنەی مەراسیم کۆمەڵێك بۆچوونیان بەپێی میزاجی خۆیان لەسەر ناوەڕۆکی بابەتەکە نیشاندا، کە بەراستی جێگای داخی زۆر بوو، لە هەمان کاتدا دڵی ئەوخونچە گوڵانەیان رەنجاند کە نواندنیان لەنمایشەکەدا هەبوو، بەپاساوی ئەوەی گوایە بابەتێکی رەخنە ئامێزو توندەو داوامان لێکرا دەستکاری ئەولایەنەبکەین و هەندێکی لێ لابەرین،لیژنەکە پێیانوتین : بەو مەرجە دەتوانن لەمەراسیمی ٤/١٦ بەشدار بن، ئەمەش بۆ من کارێکی زۆر نا ئاسایی بوو چۆن دوای ئەو هەموو پرۆڤەو ماندوو بوونە بتوانم گۆرانکاری لەتێکستەکەدا بکەم و جارێکیتر ئەکتەرەکان رابهێنمەوە لە سەر ئەو گۆرانکاریانە لەکاتێکدا دەرفەتمان کەم لەبەردەم مابوو، تەنها دوو رۆژی مابوو بۆ مەراسیمەکە هیچ چارەیەکمان نەبوو تەنها گوێڕایەڵی ئەوان نەبێت لەپێناو پێشکەش کردنی ئازارەکانمان،ئەویشمان قبوڵ کرد کەچی لەشەوی یادەکەدا ئاگادار کراینەوە کە لیژنەی مەراسیمی یادەکە جارێکیتر شانۆگەریەکەی رەت کردۆتەوە بەبیانووی نەبوونی کات و هاتنی سەرۆکی هەرێم، زۆر پەست و نیگەران بووم ئەو شەوە خەونەچووە چاوانم،چونکە زۆر یاریان بەعەقل وهەستمان کرد، هەتا کەسو کاری قوربانیان و شەهیدەکانیش، ئیتر بەیانی هەموو هەوڵێکم لەگەڵدان کەچی بەقەد گەردێك دڵی رەقیان نەرم نەبوو، ئیتر ئەو توندیەی ئەوان ئێمەیان سورتر کرد، لە پێناو بەئەنجام گەیاندنی کارەکەمان، بۆیە بریارمدا هەرچی لەدەستم بێت قسوری نەکەم لەدەرەوەی لیژنەی مەراسیم هەوڵ و توانای خۆم بخەمە گەڕ بۆ ئەوەی بیسەلمێنم



هەمیشە تواناو خواستی گەل لەسەروی دەسەلاتی هەر بەرپرسێکی خۆ بەزل زان و مشەخۆرە،لەدەقەی یەکەمی یادەکە کەوتمە هەوڵدان بۆ بینینی گەورەترین بەرپرسو دەسەلاتدار کە بەرێز سەرۆکی هەرێم بوو، بەلام برواو متمانەم پێیان نەمابوو، دوای بەرەنگاربونەوە بەرامبەر سەرجەم بەرپرسە بالاکانی حزب و حکومەت، واتە دوای ململانێیەکی زۆرو شەرێکی دەروونی گەورە توانیم ئەکتەرێکی منداڵکارە لەشانۆکە بگەیەنمە سەرۆك بۆ ئەوەی رێگامان پێبدات ئازارەکانی ئەو کارەساتەیان لەو یادەدا پێشکەش بکەین، ئینجا لەدواچرکەکانی یادەکە هەوڵەکەمان سەری گرت، هەر لەو رێگەیەشەوە توانیمان بە بەرپرسان بڵێین: ئێمە زوڵم و زۆرداریمان لەبەعس قبوڵ نەکرد چۆن لەئێوە قبوڵ دەکەین



بمان چەوسێننەوە، ئەمە ئیرادەی کەسوکاری قوربانیانی ئەو کارەساتەیە کەخوێنی سەدان رۆڵەی ئەم گەلەی تێدا بووەتە قوربانی.

- لەو نمایشی شانۆییەدا ویستان چیبڵێن؟

ئەدیبە : (وتمان پێشمەرگەپیرۆز و خۆشەویست بوو، کوری هەموو ماڵێکی گوندەکانی کوردستان بوون، پێشتر مەنجەڵێکی رەش هەموو کورەکانی ماڵ و نێوسەنگەری لەسەر یەك خوانی نیشتمان کۆ دەکردەوە) بەبێ جیاوازی ئەو رۆژانە بوو پێشمەرگە جەرگی گشت باوك و دایکێکی کوردەواری بوو، بەڵام ئێستا نمەکی ئەو مەنجەڵە رەشە بە تاسەی هەزاران ئاواتەوە لێمان دەخوارد، کەچی ئێستا وەفایەکیان بۆ زێدی ئەو مەنجەڵە و کەسوکاری قوربانیان زۆر لاوازە، ئێمە گلەییمان لەو ئازیزانەی خۆمان کرد، کەرۆژانێك مرۆڤی خاکی و لەگەڵمان هاودەرد بوون، بەڵام ئێستا زۆر بەداخەوە..؟ ئێمە وتمان (با چیتر بەڵێنە گەورەو سەر زارەکیەکانی بەرپرسان لەچاوەروانی گۆدۆی سەردەم نەمان هێڵنەوە). پێموایە لەونمایشەدا نەك ئێمە بەڵکو شەهیدە سەر بەرزەکانیشمان راچڵەکین و رووبەرووی بەرپرسان بوونەوە (ئەوانیش قەتماغەی برینە سارێژ نەبووەکانیان هەڵدایەوەو جارێکیتر پەیامی پیرۆزی پێشمەرگایەتیان بە بیرهاوسەنگەرانیان هێنایەوە) لەونمایشەدا زۆر شتمان ووت، وترا بەڵام بەچی..دەچێ ؟

*ئەنفالستان:کاردانەوەی شانۆگەریەکە چۆن بوو،

ئەدیبە: زیادەرۆیی نیە ئەگەر بڵێین ئەو شەوەی کە شانۆگەریەکە لەکەناڵی خۆشەویستی کوردسات پەخشکرا زیاتر لەسەدان پەیوەندیمان لەدەرەوەو ناوەوەی وڵات پێوە کرا دەستخۆشیان لێ کردین لێرەوە خۆشەویستیمان بۆ هەموو ئەو بەرێزو دڵسۆزانە هەیە، بەپێویستی دەزانم لێرەوە سوپاسی بێ پایانم بگەیەنمە هەردوو کەناڵی تەلەڤزیۆنی ئاسمانی کوردستان و کوردسات لەپەخشکردنی ئەو چالاکیە چونکە ئەوان شانۆگەریەکەی ئێمەیان لەدۆڵی مەرگەوە گواستەوە بۆناو پانتایی بینینو بیستن. چ لەناوخۆو چ لەدەرەوەی هەرێم.. رێمبدە زۆر سوپاسی خۆمان بگەیەنمە (هێرۆخان کە دوای شانۆگەریەکە بەدوایدا ناردینو پێشوازیەکی گەرمی لێ کردینو تەواوی داواکاریەکانیان بۆ جێبەجێکردین، هەر لە دابین کردنی پاسێکی مۆدێل (٢٠٠٢)ی نیسان بۆ کێشەی هاتووچۆی خوێندکارانی سنورەکەو دابین کردنی سەنتەری ئەنتەرنێت و هاوکاری کردن و زیندوو کردنەوەی یانەی رۆشنبیری بالیسان وە پاداشتکردنی هەموو ستافی شانۆییەکەمان) جێگای سوپاس و پێزانینی ئێمەیە.

دیارە ئەمە بەشێکی گرنگی کاردانەوەکەبوو. دەمەوێ ئەوەشتان پێ بڵێم فلمی دیکۆ درامی لاگۆر یەکێك بوو لەو کاردانەوەیەو دەست کەوتێکتر بوو کە لەوەشیان بەراستی کوردسات زۆر هاوکارمان بوو، کاری ئەو کەناڵە ئازیزە بوو( بەفلمی لاگۆر کارەساتێکیتری کیمیابارانمان زیندوو کردەوە کە لە ٧/٣١/ ١٩٨٨ بۆ جاری دووەم رژێمی بەعس کیمیا بارانی کونە سیخور و قاسماوای کردەوە لەسنوری بالیسان کە بەراستی ئەوەش کارەساتێکی زۆر گەورەیەوناتوانین لە یادەوەریەکانمان دەریانبکەین) دەزانی لەوێ منداڵ و ژن دووبارە کەوتنەوە بەردەم گەورەترین پەلاماری رژێمێك کە نەك هەردژی کورد بەڵکو دژی هەموو مرۆڤایەتی بوو، کارەساتەکان هەموویان نمایش و فلمی تراژیدین چونکە بە بەردەوامی لەوڵاتی ئێمە خوێن دەچۆڕێ،جەستەی هەر تاکێکی ئەم خەڵکە پڕە لەزاموخوێن، دەرژێ و تۆش دەبێ زۆر بەباشی بگریت، بەڵام ئێمە نامانەوێ ئەمجارە بگرین ودەستەوەستان بین بەڵکو پێویستە لەنمایشەکانی ئەو

جارەماندا پرسەکانی ئەو کارەساتە بوروژێنین، لەو فلمەدا کە کوردسات خاوەن بەرهەمیەتی و برایانی بەرێزم هاورێ مستەفا و کاک پشتیوان هاوکاری زۆریان کردین لەنوسین و سیناریۆی خۆم بوو سوپاسی هەموو لایەك دەکەم بۆ ئەو هەوڵە جوانەیان. دیارە ئەو فلمەش کاردانەوەی خۆی هەبوو، پێویستەهەمووەمان بەهەموو شێوازە جیاوازەکان هەوڵ بدەین بۆ دروست کردنی گوشار، واتا گوتاری نەتەوەیی دروست بکەین‌و پرۆسەی گوشار پیشانی هەموو دونیا بدەین، پێویستە ئەوەی بە کەمترین جوڵە بەشداری لە کرداری کیمیاباران و ئەنفال کردووە،ریسوا بکرێن وبانگهێشتی هۆڵی دادگایان بکەین، دەبێ شوێنێك یا سەکۆیەك هەبێت لەوانە بپێچێتەوە، چۆن نەتەوەیەك کۆمەڵکوژ بکەیت و وڵاتەکەی وێران بکەیت نەتوانیت خەمەکانی بکەیتە نێو مێژوو، بۆیە لێرەوە بەدەفکردن هەیە واتا فەنتازیایەکی جوان ونەمری بۆ دروست بکەیت، هەڵوەرینی ئینسان لەبەردەم مێژوویەکی خوێناوی و لەقۆناغێکی ترسناکی هەستیاردا ماڵوێرانیەك بوو بەردەوام دەمانخواتەوە دەبێ بەردەوام ئیشی لەسەر بکەین تا ئەوگوشارە هەموو ئەوتاوانبارانە راپێچی دادگاو لێپرسینەوە دەبن، هەڵوەرینی ئەو هەموو خەڵکە کارەساتێکی هێندە بچوك نیە ئاهێکی تا بڵێی زۆر گەورەو کۆستبارەو پر لە تراژیدیە، هەرچەندە هەوڵ وکۆششی باش کراوە بۆ ئەم مەبەستە بەڵام هێشتان کورد نەیتوانیوە وەك ئەوەی پێویستە گوشاری کاریگەر لەم قۆناغە هەستیارەدا بخولقێنێت و ئەوانەی ئێستاش نایانەوێ کورد وەك نەتەوە خاوەنی کیانی خۆی بێت رەنگە زۆر دوور نەبن لەو تاوانبارانە کە لەگەڵمان بەشدارن لەپرۆسەی سیاسی ئێراق، ئێستاش کەسانێك هەن دەیانەوێ زوڵم وستەممان بەسەردا بسەپێننەوە، چۆن لەم وڵاتەدا خەڵك لەخوێنی خۆی خۆش دەبێت لەکاتێکدا بە هەڵوەرینی نەتەوەیەك ئەم ئازادییە وەدی هاتووە، نامەوێ بچمە ناو باسێك کە کەمتر کاری من بێت کە لەراستیدا کاری هەمووەمانە.

- بۆ یادی ئەم ساڵ کاری تازەتان بەدەستەوەیە؟

ئەدیبە:(ئەگەر دەرگاکانمان لێ دانەخەنەوە بەدڵنیاییەوە شتی نوێمان پێیەو ئامادەیی تەواومان هەیە، ئێمە رۆحمان تێکەڵی ئەو یادەوەریە بووە) تاکو ئاستی قەرەبووکردنەوەو هاوکاری کردنی ئەو سنورەو تەواوی کارەساتەکانی هاوشێوە ئێمەزمانی خۆمان هەیە.

- رەگەزەکانی بابەت (تێکستەکانتان) لەکوێوە هەڵدەهێنجن..؟

نمایش کردنی تێکستەکانی ئێمە لێرە لەدایك دەبن، هەرچەندە بەسادەیی دەدوێین بەڵام گرێیەکانی وتن دەکەینەوە، ئێمە لەسەر زاری خەڵکەکەوە تێکستەکانمان وەردەگرین‌و دەیان قۆزینەوە، چونکە کەسوکاری قوربانیان هەموو بە ئازارەوە قسە دەکەن، دەبێ ئێمە زۆر بەجیدی گوێیان لێ بگرین، بۆکەسێك هەستەوەرەکانی کاربکات، دەزانێ ئەوان بە هەموو ئەندامەکانی لەشیان، دەدوێن‌و گلەیی دەکەن، تەواوی تێکستەکانی ئێمە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت. هێشتان هەنسك و گریانی بریندارەکان ئازارمان دەدەن ئەو گەلە ستەملێکراوە هەرپێویستی بە بەتیمارکردنی جەستەیی نیە بەڵکو پێویستی بە تیمارکردنی دەروونیش،هەیە بۆیە دەتوانم بڵێم ئێمە لەوێوە قسە دەکەین.

دەزانین دۆڵی بالیسان‌و خۆشناوەتی پرە لەیادەوەری، بەڵام خۆ ئێرە بەدەرنیە لەنیشتمان تەنها ئێرەش نیە تاوانی گەورەی مۆڤایەتی لێئەنجامدرابی..

ئەی بیرتان لەوەنەکردووەتەوە سنوری ناچەکەتان ببەزێنن ..؟

ئەدیبە: بۆنا بێگومان ئەگەر بەرپرسان زۆر باش گوێمان لێ نەگرن ئەوا گۆرستان زۆر باش گوێمان لێ دەگرێت،رەنگە ئەو قسەیەم دوور نەبێت لە بوونی پرۆژەیەکی هونەری تازەو سەرنج راکێش،لەساڵیادی هەڵەبجەی شەهید بە هەمان کەرەستە سادەکەی ناوجەماوەر شانۆیەکی تراژیدیمان ئامادەکردووە بە نیازین لەوێ نمایشی بکەین و هیوادارین کە بتوانین لە ئاستی خەمەکانی ئەو کارەساتە خوێناویە و خەڵکی خۆشەویستی ئەوێ و تێکەڵ بەو یادەوەریە بین،چونکە هەڵەبجە لەگەڵ خۆشناوەتی دوو دەماری خوێنن لە تابلۆیەکی تراژیدی و مەرگباردا شایانی مەزنترین یاداشت ویاداشتکردنەوەیە،ئێمە لەوێ کێڵگەی برینمان هەیە بەبەردەوامی تراژیدیاو ئازار قسە دەکات زمانێك هەیە زمانی گەیشتنەوەی رووداو لە نێوان دوێنێ و ئەمرۆ لە نێوان هونەرو هەقیقەتدا لە نێوان گومان و راستیدا لەوێ ئەکتەرەکان دەبنە شەهیدو دەچنەوە ناو رۆحی زەمەنە پڕلە بەرائەتەکانی رابردووی پێش کارەسات.

- چیترتان ماوە بڵێن؟

هەموو خەونی ئێمە لەناو ئەو کارەساتانەوەیە،چونکە بەردەوام کارەساتەکان دەمان گێرنەوە ناو مێژوو،دەمەوێ سوپاسی ئەکتەرەکانم بکەم چونکە بەراستی تەمسیل ناکەن زۆر بە جەرائەتەوە دەچنە ناو رۆڵ و هەقیقەت بوونەوەی کارەسات بەڵکو مەنتبارم دەکەن وسورترم دەکەن لەسەر ئەو هەوڵ هونەریانە زۆر سوپاس بۆ ئێوەش دەستان خۆش بۆ دەرکرنی گۆڤاری ئەنفالستان وخزمەتێکی زۆر گەورەیە هەموو کورد قەرزداری ئەو کارەساتانەیە.

# من و یادەوەری بیستەمینساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجە !

## ڕێکخەری WADI لە عێراق

فەلاح مرادخان شاکەرەم

ساڵ پار لەبیستەمین یادی کارەساتی کیمیابارنی هەڵەبجەدا، لەئاستی ناوخۆو دەرەوە گرنگی و تایبەتمەندیەکی زۆر بۆ ئەو ژمارە بیستە دانراو چەندین کۆنفراس لەبارەیەوە ڕێکخرا ! هەر بەرێکەوتیش ڕێکخراوەکەی ئێمە بەشداری ئامادەکاریەکانی سێ کۆنفرانس بوو لەهەردوو وڵاتی سویسراو ئەڵمانیا.

دوای بانگهێشتکردنمان کێشەی گەورە پاسپۆرتی G بوو، کەخەریك بوو هەر لەسەرەتاوە هیچ ئامادەکاریەك نەکەین ، بەڵام بە چەند ڕێگەیەکی لابەلادا کێشەکە چارەسەرکرا !

بۆ ناردنی داواکاری و سەرجەم مامەڵەیاساییەکانی داواکردنی فیزە رومان لە پەلەپۆست کرد ئەوەبوو لەباتی ئەوەی پۆستەکەمان بۆ ئەنقەرە ڕەوانە بکەن، بە هەڵە ناردبوویان بۆ فەرەنسا ئەویش شوێنێکی نادیار!؟ هەرچەندە هاوارمانکرد بێ سوود بوو وتیان ئەوەی ڕۆی ڕۆی !

تۆماس کە گەرەکی بوو ئەرکێکی زۆر بخاتە ئەستۆ بۆ ڕێکخستنی ئەم سەفەرە، ووتی هەرئەوەندەی لەکوردوستان دەرچویت ئیتر کێشەی کارەبا و ئاوی چی ؟! بەڵام شێخ ڕەزا ووتەنی " شیر وانەبوو" لە ئەنقەرە ٤ ڕۆژ ماینەوە تەنها بەشەو کارەباو ئاوی گەرم هەبوو ، لەئوتێلی مارتا



هاوسیش لەسویسرا ڕۆژێك کارەبا نەبوو، بەکۆڵی خۆمان جانتاکانمان لە ئوتێلەکە هێنایە خوارەوە ئەمەش لەوێ دەگمەنە!

یەکەم ڕۆژ لەسویسرا وەك دەربرینی دۆستایەتی و خانەخۆیی گەشتێکیان بۆ ڕێکخستین بەمەبەستی بینینی ئەو وڵاتە، لەرێگە سەیارەکەمان توشی کێشەو شکان بوو برادەرانی سویسری " کاسپەرومیخایل کەوێنەیان لەم دونیایەدا دەگمەنە " نەیان توانی سەیارەی شکاو لێبخورن هەر بۆیە ماوەی ٦٠ کم تا گەیشتینە شاری بیرن پایتەختی ئەو وڵاتە، بەبێ مۆڵەت وشارەزایی یاسای ئەو وڵاتە بوومە شارەزاترین شۆفێر ئەوانیش زۆر سەرسام بوون بەوکارە دەیانگووت ئەی بۆ صدام دەڵی ئەوانە شاخاوی‌و نەزانن!

ڕۆژی کۆنفرانس لەبەردەم پەرلەمان چاوەڕوانی جالیەی کورد بووین، بەڵێنیان دابوو خۆپیشاندانێك بکەن بۆ پاڵپشتی داواکانی ئێمە، بەلام تەنها یەك دوو برادەر هاتبون یەکێکیان بە " شاڵێکی سپی مەیلەو تۆخەوە، کراسێکی سپی کەقۆپچەکانی تا سەر سنگی کرابونەوەو توکی سەر سنگی ماش و برنجی وەك چیمەن سەریان دەرهێنا بوو، قەمسەلەیەکی ئەمریکی کە خۆرسوتاندبووی، بەکەشخەییەوە بەسەرشانی دا بوو، ئالایەکی کوردوستانی لەبەرۆکی چەپی دابوو و جۆتێ کلاشی هەورامی، بۆنەگبەتی ئەو کە ڕیشی تاشی بوو لەچەند شوێنێکەوە خۆی بریندارکردبوو،

خوێن بە دەموچاویەوە وشك ببوەوە" من ئەوەندەی فریاکەوتم بەبرادەرانم وت: بڕواتان هەبێ ئەم کەسە لە سلێمانی پیاسە بکات فیکەو هاوار بەرز ئەبێتەوە بەڵام هەرهیچ نەبێ بەهۆی ئەم برادەرەوە لەوساتەپڕ لەیادەوەریە تاڵەدا زۆر پێکەنین! تۆماس ناوی نا ( ئەبو بیجامە ) بەخاترەوە ئەگینا لەدەعبا ئەچوو ؟

لەهۆڵی پەرلەمانی سویسرا وەرگێڕی ئینگلیزی و سویسرییان بۆدابین کردین بەڵام نوێنەری پەرلەمانی کوردوستان بەفەرەنسی قسەی کرد..! ئەو کاتەی بۆ ئێمەش تەرخانکرابوو قسەی تێدابکەین (بەلۆژیکی بەشەکەی خۆم بۆخۆم ئەوەی تۆش دەخۆم) ماوەی قسەکانی ئێمەشی خوارد. هەربۆیە ئێمەش بایکۆتی دانیشتنەکەمان کرد! لەوڵاتێکی ئاوا ئازاددا برادەرانی ئەحزابی کوردی لەناو هۆڵی پەرلەماندا خەریك بوو فەلاقەمان بکەن !

یەکێکیان وتی: هەرچی هەوڵی ئێمەبوو بۆ دروستکردنی پەیوەندی باش لەگەڵ سویسرا " ........ " تان ، کوردێکی تر وتی پێشنیارێکی گەورەمان ئامادەکردبوو بۆ ناونانی جادەیەك لەسویسرا بەناوی هەڵەبجە بەڵام فەشەلتان پێ هێنا ؟ کەسیان بیریان لە برینەکانی ئێمە نەکردەوە!؟

لەراگەیاندنیش نوێنەری سەتەلایتێکی کوردی لەوێ بوو کامێرامانەکە کراسێکی سوری تۆخی پۆشیبوو وەك ئەوەی لەبیری چوو بێت یادەوەری هەڵەبجە کارەساتە نەك شایی، کەچی نازانم بۆچی ٣ جار لەناو هۆڵی پەرلەماندا کامێراکەی کەتەخوارەوەو خستی بەزەویدا و سەرنجی ئامادەبوانی بۆلای خۆ راکێشا، دواتر لێم پرسی جۆری کامێراکەت چی یە ئاوری بۆم دایەوە وتی: بۆ؟ وتم دیارە زۆر ئەصلە بە ٣ کەوتنەخوارەوە نەشکا ئەگەر کامێرا بکرم لەوەی تۆ دەکرم .

بۆ ئێوارەکەی سیمینارێکی تایبەتیان بۆ رێکخستین، من باسی روداوی سوتانی مۆنیومێنتی هەڵەبجەم کرد! لەوەڵامی پرسیارێکدا وتم: تەمەنا دەکەم ئاوەدانی هەڵەبجە هاوشێوەی سویسرا بێت،چونکە سروشتی کوردوستان وەك سویسرا وایە هەربۆیە هیوادارم لەداهاتو ئێوە بۆ گەشتیاری بێن بۆئەوێ ! برادەرێك کە نوێنەری ( ی.ن.ك ) بوو لەناو هۆڵەکەبووم هەستایەوەو وتی تۆ تیرۆریستی !

لە ئەڵمانیاش بابەتەکەی ئێمەخرایە دواوە، دواتر وەرگێڕەکە ماندوو بوو و نیوەی بۆ وەرنەگێڕا و پەیامەکەمان بەباشی نەگەیشت !

برادەرانی ناوەندی چاکیش کە لێرە زۆرهاوکاریانین لەسویسرا چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵ سازداین کەچی هەتائێستە نەم بینی بڵاو ببێتەوە..! کەسێکی تریش گرنگی بە سەردانەکەمان نەدا .

بەشداریەکەی ئێمە نەوعی بوو، شایەتمان زۆرە لەسەر هەموو ئەوشتانەی وتمان بەشداربوان سەرسام بوون لەو پەیامە نوێیەی کە گەیاندمانە ئامادەبوان کە بەکورتی باسیان بکەم بریتی بوون لە :

هەوڵدان بۆ سرینەوەی کاریگەری مەینەتیەکان تا بەکردەوە وێنەی قوربانی و بەزەیی پێدا هاتنەوەی، بگۆردرێت بە مرۆڤی ئاسایی، بەجینۆساید ناساندنی تاوانەکە، داوای لێبوردن لەگەڵی کورد، قەرەبوکردنەوەمان لەلایەن ئەوروپا کەپاڵپشتی سەدام بوون ! وازهێنان لە گریان و پارانەوەو بیرکردنەوە لەژیانی ئەو کەسانەی ئێستە لەشاری هەڵەبجەدا ئەژین ! گەرانەوەی رێزو شکۆ بۆ مرۆڤی کورد، بەتایبەتی ئەوناوچانەی کۆمەڵکوژییان تێداکراوە واتە بەچاوی رێزەوە تەماشای بکرێت نەك بەزەیی ..

بەڵام .. بەداخەوە دوای هەموو ئەم پەیامانە نوێنەرێکی باڵای کۆمەڵەی قوربانیانی هەڵەبجە نیازی وابوو داوای یاسایی مان لەسەر تۆمار بکات ؟ بە بیانوی ئەوەی ئێمە مافی ئەوەمان نیە بەناوی هەڵەبجە قسە بکەین ؟ بێئەوەی ئەوە لەبەر چاوبگرێت کە ئێمە" نوێنەرەکانی وادی" یش مرۆڤین، کوردین، هەلەبجەین‌و برینداری چەکی کیمیاویش بووین، نازانم بۆ سکاڵاکەی نەکرد ؟! تابزانم بەچ تۆمەتێك دادگامان لێدەگرێت ..؟

کەگەراینەوە لەتورکیا دەستبەسەر کراین و خەریك بوو سنورداشی بەرلینمان بکەنەوە چونکە وتیان کوردی عێراق ئەگەر پاسپۆریتی ئەوروپی نەبێ، لەوڵاتی دیکەوە بۆی نیە بێتە تورکیا تەنها لەعێراقەوە رێگەی پێ دەدرێت بەهەزارحاڵ رێگەیان داین لەترانزێت بمێنینەوەو بگەرێینەوەبۆ سلێمانی .

بۆ مێژوو ئەمە بەسەرهاتی چەند بەرکەوتویەکی چەکی کیمیاویە لەبیستەمین ساڵیادی ئەوکارەساتەدا.

# یوست هێڵتەرمان لەهەڵەبجە

ئا: ئارام

رۆژی ٢٠٠٨/١٠/٢٥ لە ئێوارە کۆڕێکدا کەکۆمپانیای ئاوێنەو رادیوێ دەنگی نوێ بۆیان سازدابوو، لێکۆڵیارو رۆژهەلاتناسی بەناو بانگ " یوێست هێڵتەر" لەبارەی کتێبەکەیەوە (کارێکی ژەهراوی، ئەمریکاو عێراقو گازبارانی هەڵەبجە) قسەی بۆخەڵکی شاری هەڵەبجە کرد، سەرەتا رۆژنامەنوس ئاسۆس ئەحمەد هەردی بەڕێوەبەری کۆڕەکە، تیشکی خستە سەر گرنگی کتێبەکەو ووتی: " گرنگی کارەکەی یوست هێڵتەرمان لەوەدایە تەنها رودواوێکمان بۆ ناگێڕێتەوە، بەڵکو پێماندەڵێت بێجگە لەبەعس زۆرلایەنو دەوڵەتو کۆمپانیای دنیا بەشدارییان لەتاوانی هەڵەبجە کردووە، ئاسۆس هەردی کارەکەی گرنگ نرخاندووتی: هەر گرنگی کارەکەی نوسەر بوو وای لەئێمە " کۆمپانیای ئاوێنە" کرد بە هاوکاری وەرگێڕ مامۆستا محمد حەمە صالح توفیق کتێبەکەی یوست هێڵتەرمان بەچاپ بگەیەنین.

دواتر لەسەر داوای یوست هێڵتەرمان، دەرگای قسەکردن بۆ عومەرمحەمەد بەڕێوەبەری ناوەندی چاك و سەرنوسەری گۆڤاری ئەنفالستان کرایەوە.

ئەویش بەپێی خۆی کتێبەکەی بەرز نرخاندو ووتی: ئەگەر لەم ئێوارە کۆڕەدا قسەیەکم هەبێ تەنها رێزلێنانێکە لەهەوڵەپربەهاکانی نوسەر، نەك هەر لەبارەی ئەم کتێبەیەوە، بەڵکو کتێبەکەی تریشی " جینۆساید لەعێراقوپەلاماری ئەنفال بۆ سەرکورد) کە دوو کاری هێندە گرنگن ئەستەمە، لەدەرفەتێکی وەك ئێستادا بتوانم راڤەی بکەمو هەقی خۆی بدەمێ، لەبەر ئەوەی وردەکاری کتێبی گازابارانی هەڵەبجە لەئاستێکی هێندەبەرزو زانستیدایە، پێویستمان بە تێرامانی جدی هەیە،وتیشی: بەبڕوای من



باشترین رێز لێنان لە قوربانیانی ئەنفالو چەکی کیمیایی خوێندنەوەو تێگەیشتنە لەم کتێبە، هەروەها ووتی هەقە ئێمەش وەکو نوسەر بپرسین رۆژی ٣/١٦ لە کوێ بووین..مرۆڤێکی شکستخواردوی ناو گازبارانەکە بوین، یان کوردێکی دانیشتووی بەرلین، یان موفتییەکی ناو جامیعەی ئەزهەر، گرنگ ئەوەیە بزانین ئێمە مرۆڤینو لەساتەوەختی تاوەنکەو ئێستاو ئایندە چۆن مرۆڤانە تەماشای رووداوەکەوقوربانیەکان دەکەین، ئەو کتێبە پێمان دەڵێت ئەوەی لەهەڵەبجە روویدا تاوان بوو دژ بە مرۆڤایەتی، بۆیە ئەمرۆبێت یان سبەی دەبێت کۆمەڵگای نێودەوڵەتی وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە ئاخۆ کورد بەشێك نیە لە کوێ مرۆڤایەتی ؟!.

دواتریوست هێڵتەرمان مایکی گرتو بەوردی لەبارەی کتێبەکەو هەموو ئەو لایەنە سیاسیە نێودەوڵەتیو ناوخۆییە هەستیارانەوە دواو هۆکارەکانی شیکارکرد، پەنجەی خستە سەر بێدەنگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیو ئەو لایەنانەشی کە بەشداری تاوانی هەڵەبجەیانکردوە، بەڵام نیگەرانیشی لەوە دەربری کە نەئەم کتێبەو نەراپۆرتەکەی میدل ئیست وۆچیش کەخۆی بەڕێوەبەری پرۆژەکە بووە، هیچ مشتومرێکی ئەووتۆیان نەناوەتەوە. ووتیشی: دوای ئەوەی کتێبی جینۆساید لەعێراقو پەلاماری ئەنفال بۆسەر کورد بلاوکرایەوە، ئەو بێدەنگیەی لەبارەیەوە لە ئارادابوو، هێنامیە سەر ئەو بروایەی بە دوای ئەوپرسیارەدا بگەرێم کە ئاخۆ هۆکاری بێدەنگی لەئاست ئەو کتێبەو تاوانی ئەنفالو هەڵەبجە چیە؟ .

دوایی دەرگای پرسیار بۆ ئامادەبوانکرایەوەو هەریەك لەیوست هێلتەرمانو عومەرمحەمەد وەڵامی پرسیاری ئامادە بوانیاندایەوە. ئینجا واژۆی لەسەرکریارانی کتێبەکە کرد.

لەکۆتایشدا هەردوو ناوەندی چاكو رێکخراوی وادی ئەڵمانی بڕیاریاندا چەند ژمارەیەك لە کتێبەکەکە نوسەر (کارێکی ژەهراوی، ئەمریکاو عێراقو گازبارانی هەڵەبجە) بکرنەوەو لەو شوێنانەی خۆیان بەپێویستی دەزانن بەدیاری ببەخشنە خوێنەرانی. تا ئێستاش لەلایەن ئەو دوو رێکخراوەوە چەند دانەیەك بەخشراوەتە خوێنەرانی بەتایبەتی لە دۆڵی بالیسانو هەڵەبجەو سێوسێنانو گەرمیان.

# ئەنفـــــال و
# مریەم و
# ڤالانتاین



چەند پەیڤێك بۆ ئەو پیرە کچە دەزگیران
ئەنفالکراوەی جلە بوکێنییەکەی هەر
لەبەرنەکرد
بەم پریاسکەیەوە پێشوازی چی لە
ڤالانتاین بکەم؟..
بەم بارگەی خەمەوە
کە رۆژانێك بۆخچەی خۆشەویستی بوو،
چۆن ئاهەنگی رۆژی عیشق بگێڕم؟
من.. کە رەشەبای چواردەی چوار
گوڵەکەمی هەڵوەراند،
تازە گوڵی هیچ چواردەی دوویەك دڵشادم
ناکات...
من کە دڵم لەناو بیاباندا بەجێما.. گوڵی
هەموو باغچەکانی دونیا لەلام بێ رەنگ و
بۆیە...
ئێوە١و٢ ساڵە فێری گوڵی سوور بوون..
من ٢١ ساڵە هەموو چواردەی چوارێك
گوڵی رەش دەدەم لەسەرم
ئێوە١،٢ ساڵە باس لە ڤالانتاین و
ئەڤینێکی کۆنی بێگانان دەکەن
من ٢١ ساڵەلەپەنا ئێوەدا
خۆم و پریاسکەیەك چاوەڕوانی،
خۆم و بوخچەیەك وەفا،
خۆم...کە خۆشەویستیم لێدەچۆڕێت.
نا.. نامبینن،
ئاخر ئێوە ژانە گەورەکە نابینن
چ جای چیرۆکێکی ونبوی نێو ئەو ژانە
نا.. نایبینن .. ئەم ئەڤینە، ئەم وەفایە
ئەم ئەڤینەی کە وەکو عەکسی قەمەر
وایە
لەناو حەوزێکی لیخندا

باوکی یارە

# منیش لەگەڵتان دێم ...

گۆنا جاف – بەرلین



منیش لەگەڵتان دێم ...لەشانزەی سێ دا لەگەڵتان دێم، هەموو وێنەکانی هەڵەبجەشم دێنم، وێنەکانی پێش شانزەی سێی هەشتاو هەشت و وێنەکانی دواى شانزەی سێی هەشتاو هەشتیش..تەماشاکەن شاری شاعیرانم باخچەکەی پاشای چەند سەوز و ئاوەدانە، یان کانی عاشقانم وەك جاری جاران جێژوانگەی کچان و کورانی شارە، ئەها سەرنجێکیش لەو شەقامانەبدەن کەبەبەردی مەڕ مەڕ دروست کراون، کەس نازانێت ئەو مەڕمەڕانەلەکامەول اتەوەهێنراون.. کەچوومەوەسەرم سوڕما لەدیمەنی ئەو هەموو باڵەخانە بەرزانە، شار ئەوەندەڕووناك بوو وام دەزانی مەزاری هەموو پەیامبەرەکانی خودایان بۆ ئەو شارەگواستۆتەوە. کەگەیشتمەلای ماڵەکەی عومەری خاوەر وەکو ئەوەوابوو، ئەندازیارێکیان لەبەهەشتەوەبۆ ئەو ماڵەهێنابێتەخوارەوە. لەشانزەی سێ دا منیش لەگەڵتان دێم ونزایەك دەکەم ..خودایەهەر میللەتێك لێی دەقەومێ وەك ئێمەدەستەڵاتێکی میهرەبان و خەم خۆری هەبێت.

منیش لەگەڵتان دێم بۆ ئەوەی پێتان بڵێم دەستتان خۆش بێت بۆ ئەو هەموو شەقام و باخچەڕازاوەیە، بۆ ئەو هەموو نەخۆشخانەو فێرگەو باخچەجوانانەی ساوایان. منیش لەگەڵتان دێم .. شووراى هەڵەبجەوادروست کراوە، کلیلیدەروازەکەی بەخۆ فرۆش و بەعسیەکان نەدراوە.

منیش لەگەڵتان دێم ، وێنەی گەڕەکەکەی خۆشمان دێنم، هێندەجوان و ڕازاوەبوو، نەمدەزانی کامەیان ماڵی خۆمان بوو، چوومەبەر دەرگای ماڵێك وەك پێشانگایەك تابلۆی هەر پێنج هەزار گوڵەوەریوەکەی هەڵەبجەی تیا هەڵواسرا بوو پێیان وتم ئا ئەمەشیان جاران ماڵەکەی عومەری ڕەسام بوو، نازانم چیتان بۆ باسکەم، شارێك هەموو شێوازەمۆدێرنەکانی تەلار سازی تیا کۆکرابووەوە، شارێك بۆنی مۆرد و گوڵەباخ و نێرگس هەموو کووچەو کۆڵانەکانی تەنی بوو، تەنانەت ژێر زەمینەکانیش بۆنی وەنەوشەیان گرتبوو. منیش لەگەڵتان دێم.. تاوەکو بەو دەستەڵاتەبڵێم پێنج هەزار جار دەستتان خۆش ، دەك خودا بتان هێڵێت، دەك ماڵەکانتان وەك ماڵ و شەقامەکانی هەڵەبجەڕووناك بێت، دەك پایەبەرز بن وەك بەرزی تەلارەکانی هەڵەبجە، دەك خودایەماڵەکانتان ئاوەدان بێ وەك ماڵەکانی هەڵەبجە.

## دادوەر محەمەد خەلیفە ئەلعورەیبی



ساڵی١٩٦٩ لە( حی کرادە) ی شاری بەغدای پایتەختی عێراق لەدایکبووە، دایکو باوکیلەبنەرەتدا لە عەشیرەتەکانیهۆرەك انیپارێزگای‌میسانن. لەسەردەمیمەلەکیدا مەجید خەلیفەیباپیرییەکێك بووەلەئەن دامانیئەنجومەنینوێنەران.

ساڵی١٩٨٧لە کۆلیژی یاساو سیاسەتیزانکۆیبەغدا وەرگیراوەو ساڵی١٩٩٢ کۆلیژیتەواوکردووە.

لە١٩٩٢/١٠/٣ دەستیکردووەبەکاریپارێزەری ی. لە ١٩٩٨/٩/١٤ لەپەیمانگایدادوەرییوەرگ یراوەو لە دەرچووانیژمارە٢٣یپەیمانگەکەی دولە ٢٠٠٠/٩/٢٣ دا بەپێیمەرسومێکیکۆما رییکراوەتەدادوەر.

محمد عورەیبیوەکو دادوەر لەدادگایشامیەی پارێزگایدیوانیەکاریك ردووەو دواتر گواستراوەتەوەبۆ دادگای لێکۆڵینەوەیدیوانیە، هە تا ٢٠٠١/٦/١٧ لەوێ بەردەوام بووە.

لە ٢٠٠٤/٨/١دا بەبریارێکیتایبەتیکراوەتەد ادوەریلێکۆڵینەوەلە دادگایباڵاێتاوانەکانی عێراق و دواتر بووەتەئەندامیدەستەیدو وەمیدادگاکە.

لەمیانەی دادگایی کردنی سەرانی رژێمی بەعس سەرۆکی دادگایی کردنی تۆمەتبارانی دۆسێی ئەنفالو ڕاپەرینی شەعبانیەو دۆسێی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بووە.

# یانزەی چوار

## ئەو رۆژەی چەمچەماڵییەکان بەرووی ئەنفالدا راپەرین

هیوا ئەحمەد

" ئەنفال" سورەتی هەشتەمی قورئانی پیرۆزە . لەدوای جەنگی بەدری گەورە هاتە خوارەوە واتە غەنیمەو دەستکەوت کە لەشەری کافرەکان دەکەوتە دەستی موسڵمانان بەماڵ وسامان‌و ئافرەتەوە . صەدام و بەعسیەکان کوردی موسڵمانیان بە کافر لە قەڵەم دا بۆیە لە پرۆسەیەکی بەد ناو بە ناوی ئەنفال خوێن و ماڵی خەڵکی کوردستانیان حەڵاڵ کرد و لە هەشت قۆناغ دا پرۆسەیەکی گینۆسایدی بێ وێنە لەسەردەمی شەری سارد و بەرژەوەندیە گڵاوەکانی نێو دەوڵەتی بە پێش چاوی هەردوو بلۆکی رۆژئاوا و رۆژهەڵات لە لایەن بەعسیەکانەوە ئەنجام درا .

ئامانج لەم پرۆسەیە قڕ کردنی کورد و وێران کردنی خاك و هەڵتەکاندنی بنەماکانی ئابوری کوردستان و خاپور کردنی گوندەکان بوو .

فەرماندەی شاڵاوی ئەنفال عەلی کیمیاوی و بارق عەبدوڵا و نزار خەزرەجی بوون کە لەم تاوانە نامرۆڤایەتی یەدا رۆڵی سەرەکی‌یان هەبوو هەروەها رۆڵی چاو ساغی و تاڵان کردن و گرتن جاش و مستەشارەکان بوون کە لە داگیرکەران زیاتر شاڵاویان دەبردە سەر گوند و منداڵ و ئافرەتی کورد و دەستگیریان دەکردن و دەیانکردنە دیاری بۆ صەدام و بەعسیەکان قۆناغی سێیەمی ئەنفال کە بەربلاوترین قۆناغی شاڵاوەکانی ئەنفال بوو ناوچەی گەرمیانی گرتەوە بە تایبەتی ناوچەی چەمچەماڵ کە پشکی شێری لە زیانی گیانی و ماڵی و وێرانکردنی گوندەکانی بەرکەوت .

فەرماندەی ئەم شاڵاوە بارق عەبدوڵا بوو لەگەڵ جاش و موستەشارە خائینەکان کە زۆربەیان لە سایەی خوێنی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان ئێستا لە ژێر سایەی دەسەڵاتی کوردی دا پۆستی باڵا و خۆشترین ژیان رادەبوێرن.

قۆناغی سێیەمی ئەنفال لەحەوتی نیسانەوە بۆ بیستی نیسانی ١٩٨٨ ی خایاند لەم قۆناغەدا زۆرترین گوند وێران کران ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ناوچەکە بۆ هەتا هەتایە خرانە ژێر خۆڵەوە لە ١٤ نیسانی١٩٨٨ لە هەردوو گوندی ملەسورە و کوڵە جۆی حاجی حەمە جان زۆرترین ژمارەی خەڵکی ئەم دوو گوندە و ناوچەکە شوێن بزر کران بۆیە ئەم رۆژە هەموو ساڵێك کراوەتە رۆژی یادی ئەنفال . تەنها لە ناوچەی سەنگاو ٨٥ گوند بەر ئەو شاڵاوە کەوتن و ١٨ هەزار کەسیان ئەنفال کران هەر لەگەڵ دەستپێکی قۆناغی سێیەمی ئەنفال



لە چەمچەماڵەوە جەیش و جاشێکی زۆر هێرشیان کردە سەر ناوچەکە و رژێم شاڵاوی بە سوغرەکگرتنی پاص و ئۆتۆمبیلی هاوڵاتیانی دەست پێکرد بۆیە خەڵکی چەمچەماڵ بە پەرۆشەوە چاوەرێ و چاودێری رەوشەکەیان ئەکرد چونکە وێرای شاڵاوەکە بۆ جینۆسایدکردنی کورد بوو زۆربەی خەڵکی گوندەکانی ئەم دەڤەرە خزم و کەس و کاریان لە چەمچەماڵ بوون خەڵکی ئەم گوندانەی ئەنفال کران لە سەنگاو و قادر کەرەم کۆکرانەوە هەر لەوێوە دەهێنرانە چەمچەماڵ و پاشان دەگوازرانە بۆ ئۆدوگای تپزاوە لە نزیك کەرکوك کە دۆزەخی بەعسیەکان بوو بۆ کورد پێش ئەمە خەڵکێکی زۆر کە دەستگیرکرابوون لە گوندی قەرەتامۆر زۆر نزیکە لە چەمچەماڵ کۆکرابوونەوە بۆیە خەڵکی چەمچەماڵ هەواڵی ئەم

باره نالەباره و دۆخە دژوارەی کەس و کاریان پێگەیشت کە تێیدان رۆژی ١١/١٩٨٨/٤ لەو کاتەی خەڵکی ئەنفالکراوی ناوچەکە بەرەو چەمچەماڵ دەهێنران بۆ لیواکەی چەمچەماڵ لە هەمان کات خەڵکی بەشەرەفی چەمچەماڵ لەمبەر و ئەوبەری رێگای سەنگاو - چەمچەماڵ وەستابوون بە مەبەستی ئاگاداربوون لە هەواڵی کەس و کاریان هەربۆیە پێش ئەوەی ئەنفالکراوەکا بگەنە چەمچەماڵ یەك پارچە خەڵکی شارەکە خرۆشاو خۆیان ساز و ئامادە کرد بۆ رووبەروبونەوەی نەوەیەکانی ئەبو جەهل و سەدام و جاشە خۆفرۆشەکان و بەهاناچوونی ئەو خەڵکەی ئەنفال کرابوون هەر لەم سەر و بەندەدا مانگی رەمەزان بوو بۆیە هەندێ لە مەلاکانی چەمچەماڵ لە کاتی خوتبەی عەسران حەماسەتی ئەو خەڵکەیان بەرز کردەوە و هانیان دان بۆ رووبەروبونەوەی سوپای داگیرکەران و بە هانا چوونی ئەو خەڵکە سقیلە .

گەنجانی چەمچەماڵ کەوتنە شیعر نووسین و خۆ ئامادە کردن لەو کاتەی کە کاروانی ئۆتۆمبیلەکان لە سەنگاوە بۆ چەمچەماڵ دەهاتن خەڵکی چەمچەماڵ هەموویان رژانە سەر ئۆتۆمبیلەکان و بەریان پێدەگرن و یەك پارچە شار خرۆشا و جۆشی کوردایەتی تاوی سەند و گەنجان رژانە ناو جەماوەری چەمچەماڵ و هانیاندان بۆ فریاکەوتنی ئەنفالکراوەکان.

وە نابێت رۆڵی ( قالە شێت ) لەیاد بکرێت لە ناو خەڵکەکەدا هاواری دەکرد " دەی خەلکینە غیرەتان بێت ئەوانە خوشك و برای ئێوەن ئەیانبەن مەیەڵن و پەلاماری دوژمن بدەن " ئەوەندە بەس بوو بۆیە رەوشەکە تەقیەوە و خەڵکی چەمچەماڵ شالاویان برد بۆ ئیقاو هێزەکانی دوژمن لە هەموو

**ئامانج لەم پرۆسەیە قڕ کردنی کورد و وێران کردنی خاك و هەڵتەکاندنی بنەماکانی ئابوری کوردستان و خاپور کردنی گوندەکان بوو**

لایەکەوە هاوار دەکرا " ئەوانە خوشك و براتانن و ئەوانە شەرەفی کوردن " خەڵکی بە بەرد و دارو تایە سوتان بە مێزی دوکانەکان رێگاکانیان گرت بە درێژایی رێگای چەمچەماڵ بەرە و شۆرش خەڵك لەمبەر و ئەوبەری رێگاکە بوون و پەلاماری کاروانی ئەنفالکراو هێزەکانی دوژمنیان دا .

ئەوەی بە قازانج و خۆپیشاندەران بوو زۆربەی ئۆتۆمبیلەکان مەدەنی بوون و هەندێکیان پاسەوانیان لەگەڵ نەبوو جگە لەو ئۆتۆمبیلانەی کە سەرباز و حیمایە بوون لەگەڵ کاروانەکەدا بوون .

دەوری نیوەرۆی ١٩٨٨/٤/١١ لەناو بازاری چەمچەماڵ دەست کرا بە خۆپیشاندان بەرە و رێگای شۆرش و سەنگاو خەڵکەکە هەڵکشان .

لەم سەرو بەندەدا کۆمەڵێ جاش و چەکداری کورد لەگەڵ ئۆتۆمبێلەکان بوون بۆیە دەست کرا بە تەقە کردن و هێزەکانی دوژمن توشی شلە ژان بوون و بە شپرزەیی کەتنە خۆ رزگار کردن ئەمە بوو بە باشترین دەرفەت بۆ دەربازبوونی ئەنفالکراوەکانو لەناو ئۆتۆمبیلەکان هەڵهاتن بۆ ناو ماڵەکانی چەمچەماڵ لەم کاتەدا هێزی دوژمن بە چوار کۆپتەر کەوتنە بۆردومان کردنی خۆپیشاندەرانو بلاوە پێکردنیان و لە لیواکەی چەمچەماڵەوە بە هێزێکی زۆرەوە پەلاماری خەڵکیان دا خۆپیشاندەران تا دوای عەسری ئەو رۆژە بەردەوام بوون خەڵکێکی زۆری ئەنفالکراو رزگاریان بوو لە لایەن خانەوادە چەمچەماڵیەکانەوە حەشاردران و پارێزران نزیکەی چوار هەزار کەس لە مردن رزگار کران .

لەولاوە بارق عبدولای تاوانبار بە هێزێکی زۆرەوە پەلاماری چەمچەماڵی دا و هاتووچۆی لە شارەکە قەدەغە کردوو کەوتنەوە گرتنی ئەنفال کراوەکان ژمارەیەکی زۆریش لە خەڵکی چەمچەماڵ دەستگیر کران وێرای شەهید بوون و بریندار بوونی چەندانی تر بۆیە پێویستە ئەم هەڵویستە بێوێنەی خەڵکی شاری چەمچەماڵ لە دێرۆکی خەباتی رزگاری خوازی گەلەکەمان بە درەوشاوەیی تۆمار بکرێت

# دادگایی کردنی تۆمەتبارانی دۆسیێی بارزانییەکان

عەدالەت عومەر







پاش ٢٦ ساڵ چاوەروانی کەسوکاری قوربانیانی جینوسایدی بارزانییەکان لە ٢٠٠٩\٣\٢ یەکەم دانیشتنی دادگای بالای تاوانەکانی عێراق لەسەر دۆسێی بارزانییەکان بەتاوانی کۆمەلکوژی مادەی ژمارە ١١ یەکەم بە بەندەکانی( ا،ب،ج،د ) و بە دلالەتی مادەی ژمارە (١٥) ی یاسایی دادگای بالای تاوانەکانی عێراق، ژمارە ( ١٠) لەساڵی ٢٠٠٥، هەروەها جێبەجێ کردنی مادەی( ٤٠٦ ) یاسای سزادان ژمارە(١١١) ساڵی ١٩٦٩ ٧تۆمەتباری سەرەکیو ٩ تۆمەتباری هەڵاتووە وبەئامادەبوونی ٨ سکالاکەر بەرێوەچوو، وادیاریشە لەکۆی ٣٠٠٠ سکالاکەر تەنها ١٥ سکالاکەر لەلایەن دادگاکەوە بانگهیشت دەکرین.

دۆسێی جینوساید کردنی بارزانییەکان بۆیەکەم جار پاش ٢٦ ساڵ لەچوارچێوەی یاسایی خۆی دێتەوە ، ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەستکەوتێکی میژووییە بۆ گەلی کوردستان کەتاوانە کۆمەڵکوژییەکان کە رژیمی بەعس بەرامبەر گەلەکەمان ئەنجامیداون، رەواڵەتێکی یاسایی گەرتوتەبەر.

بەداخەوە هەتا ئێستا کەمترین پابەند بوونی یاسایی و ئەخلاقی لەلایەن حکومەتی عیراقی فیدرال لە پاش دەرچوونی بریاری دادگای بالای تاوانەکان کە دەبێت بگرێتە ئەستۆی بەرامبەر کەسوکاری قوربانیان بەسزا گەیاندنی تاوانبارن و دابینکردنو ژیانی کەسوکاریان و قەربووکردنەوەیانە کەماوەی ٢٦ ساڵە لەمەینەتیدا دەژینو بە دەست کێشەوگیروگرفتەئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونیە کانیانەوە دەناڵێنن نەك پشتگوێ خستنیان هەروەك لەدۆسێی ئەنفالدا بینیمان.

بەپێی بەڵگەنامەو سەرچاوە مێژووییەکان ناوچەی بارزان وبارزانییەکان لە دێر زەمانەوە لەلایەن حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی دەوڵەتی عێراقەوە تووشی راوەدوونان، لەناوبردن و کۆمەڵکوژی بونەتەوە هەرلەسەروەختی شۆرشی شێخ ئەحمەدی بارزانیەوە لەساڵی ١٩٣١ و شۆرشی مەلامستەفای بارزانی لەساڵەکانی ١٩٣٥ تا ١٩٤٧ هەروەها شۆرشی بارزانییەکان لەساڵی ١٩٧٥ دوای رێکەوتننامە شوومەکەی جەزائیر لەنێوان عێراق و ئێراندا، بۆیە ئەگەربمانەوێت بە مێژووی پڕ نەهامەتیو تراژیدیای ئەم گەلەدا بچینەوە پێویستە لاپەرەکانی ئەم بەسەرهاتانە هەڵدەینەوە، بۆئەوەی جۆروقەبارەی تاوانەکان دەستنیشانبکەینو هاوکارویاریدەدەری دادگابین، بۆ بەرەوپێشچونی رەوتی دادگا لەم جۆرە تاوانانەدا، ساڵی رابوردو لەژمارەی (٥)ی ساڵنامەی ئەنفالستاندا ، لەمیانەی باسێکدا بەتیرو تەسەلیو بەپێی ئەودۆکۆمینتو بەڵگەنامانەی لەبەردەستم بوون، باسم لە چۆنێتی جینوسایدکردنی بارزانییەکان کردبوو،

کەخۆشبختانە ئەمرۆ ئەو بەڵگەو دۆکۆمێنتانەش بەشێکن لەو بەڵگانەی لە دادگایی کردنی تۆمەتبارانی تاوانی کۆمەڵکوژی بارزانییەکان ، ئەم جارەش ئاماژەیەکی خێرا بەو زوڵم و ستەمانە دەدەین کە لەپاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلول بەسەر ناوچەکەو دانیشتوانیدا هاتووە.
کۆچی زۆرەملێ و بەکۆمەڵی بارزانییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ڕێکەوتننامەی شوومی جەزائیر لەساڵی ١٩٧٥ کە ئەویش دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول و کۆچکردنی سەدان خێزانی کوردپەروەر بۆ ناوچە سنووریەکانی وڵاتی ئێران، پاش ئەم کارەساتە ڕژێمی بەعس بەبروبیانووی دروست کردنی پشتێنەی ئەمنی لەناوچە سنورییەکانی ئێران وتورکیا لەپرۆسەیەکی سەربازی هەستا بەسوتاندن وێران و خاپورکردنی خانووبەرەو رز و باغ و وشککردنی کانیاوەکان لە گوند شارو شارۆچکەکانی ئەم ناوچانە و ئەو خێزانانەی کە لەدەڤەری بارزان مابوونەوە لە ١٩٧٥/١١/١٩ بەزۆرەملی بەلۆری و ئیڤای سەربازی کەخەڵکی نزیکەی ١٥٠گوندی ناوچەی بارزان بوون، بەسەدان ئافرەتو منداڵو پیرو پەککەوتە بۆ ناوەراستو خوارووی عێراق راگوێزرانو سەرئەنجام لەشاری دیوانییە نیشتەجێ کران، دواتریش بەسەر گوندوناحیەو ئۆردوگاکانی خواروی عێراقدا، دابەش کران وەك ناحیەی شافعیە گوندی جحێش، مەرجوجەو ئۆردوگای خەیریی و چەند ئۆردوگایەکی تر کە بەهۆی باری نالەباری ژیانیان وەنەگونجانیان لەگەڵ سروشتی ئەو ناوچانە رۆژانە ٦ تا ٨ کەسیان لێ دەمرد.
پاش (٣) سێ ساڵ واتە لە ١٩٧٨\١١\٢٤ رژێم کەوتە دانانی نەخشەو پیلانێکی تر، ئەویش رێگە پێدانیانبوو بەگەڕانەوەیان بۆکوردستان، بەڵام بەو بەمەرجەی نەگەڕێنەوە بۆ سەر زێدی باب و باپیرانیان، دواتر لەچەند کۆمەڵگایەکی زۆرەملی لەقوشتەپە وبحرکە و هریرو دیانا کە دەکەویتە دەوروبەری پارێزگای هەولێر سەرلەنوێ بارزانیەکان نیشتەجێکرانەوە، بەڵام چۆن نیشتەجێکردنەوەیەك..؟ بێگومان ئەویش سیاسەتێکی تری بەعس بوو، بۆ مردنی لەسەرخۆ و تێکدانی باری کەسایەتییان بۆ ماوەی سێ ساڵ لەژێر چاودێری دەزگاکانی ئەمن و ئیستیخبارات بوون و لە بارو دۆخێکی نا هەمواردا ژیانیان دەگوزەراند ئەمجارە بەبیانووی (شەری حاجی ئۆمەران-گردەمەند)ی (ئێران و عێراق) تێوەگلانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەم شەرە، بەعس وەك تۆڵەسەندنەوەیەك، لە ( کۆتاییەکانی تەمووزی سەرەتای ئابی، ساڵی ١٩٨٣دا و لەسەر داوای بەرێوەبەری ئەمنی گشتی دکتۆر (فازل البراك) هێزێکی گەورەو بەشێوەیەکی زۆر نهێنی پێکهێنراو کەپێك هاتبوون لەئەفسەر و کارمەندەکانی سەر بەفەرمانگەی ئەمنی هەولێر و بنکەی فەرمانگەی ئەمنی حوکمی زاتر و فەوجەکانی تەواری بە فەرمانبەرایەتی (یواعبدالمحسن خلیل و لیوا خیری داود جل میران) پلانێکیان بۆ دانراوە ئەم هێزانە لەو ناوچانە مانەوە کە نزیك ئۆردوگای بارزانییەکان بن و لەهەمان کاتیشدا بەشێوەیەکی زۆر نهێنی لەلایەن هێزەکانی حەرەس جمهورییەوە ئەو ئۆردوگایانە گەمارۆ دران پاشان هەستان بەکۆکردنەوەی بارزانییەکان.





قرار الإحالة

| ت | أسم المتهم | تاريخ الولادة | الجنسية | المهنة وقت ارتكاب الجريمة | محل الإقامة |
|---|---|---|---|---|---|
| | [illegible] مرحلة التحري مفصل | ١٩٤١ | عراقية | [illegible] | بغداد / [illegible] |
| | [illegible] | ١٩٣٦ | عراقية | [illegible] | بغداد |
| | [illegible] | ١٩٣٦ | عراقية | [illegible] | بغداد / [illegible] |
| | [illegible] | ١٩٤٤ | عراقية | [illegible] | بغداد / [illegible] |
| | [illegible] | ١٩٥٢ | عراقية | [illegible] | بغداد |
| | [illegible] | ١٩٣٨ | عراقية | سكرتير رئيس الجمهورية | بغداد |
| | [illegible] | ١٩٣٤ | عراقية | [illegible] | بغداد |

# تاوانی هەڵەبجە لەدیدێکی یاساییەوە

باوکی ئاکار

لەهەموو مەسەلەیەکی لێکۆڵینەوەدا دادوەران سەرەتا دەست دەکەن بەلێکۆڵینەوەی سەرەتایی و کۆکردنەوەی بەڵگەو دیاریکردنی رۆڵی تاوانباران، مەسەلەی هەڵەبجەش لەنێوان ئەو دۆزە گرنگانەدا کە لەژێر دەسەڵاتی رژێمی سەدام لەعێراقدا روویانداوە، هەوڵدراوە دابپۆشرێ و پەراوێز بخرێت لە رووی راگەیاندنەوە، وە رژێمی بەعس هەوڵیداوە ئەو تاوانە بداتە پاڵ ئێران، ئاشکرایە کە تاوانی هەڵەبجە لە ١٦/مارس/١٩٨٨ز بوو پێش ئاگر بەستی جەنگی نێوان ئێران وعێراق.

ئەوەش لەچوارچێوەی زنجیرەی هەڵمەتەکانی ئەنفال کە هێزە چەکدارەکانی رژێمی عێراقی پێی هەستاون، بەفەرمان لەصەدام و عەلی حەسەن مەجید (ناسراو بە عەلی کیمیایی) بۆ لەناوبردنی (جینۆساید)ی گەلی کورد، بەشێوەیەك (١٨٢) هەزار مرۆڤ کوژراو هەزاران لادێ وێرانکرا و زەوی کشتوکاڵیی تێکدراو باخەکان سوتێنران، لەهەڵەبجەش فڕۆکە جەنگیەکان موشەکیان بەچواردەوروناوەراستی هەڵەبجەوە دەنا کەپڕکرابوون لەگازی خەردەل و دەمار.

لێکۆڵینەوەی سەرەتایی دۆسیەی هەڵەبجە کۆتایی هات، لەسەر ئیشی ئەو دۆزەکە پێشکەش بەدادگای باڵای تاوانەکانی عێراقی کرا دوای ئەوەی دەزگای لێکۆڵینەوە وردەکاری خۆیی تەواوکرد، بۆ ئەو بەڵگانەی کەلەبەردەستان بۆ هەواڵەکردنی بۆ دادگای باڵای تاوانەکان..

لە هۆڵەندە بڕیارێکی دادگای لاهای دەرچوو بۆ تاوانبار (فرانس ئەنرات) بەبەندکردنی (١٥) ساڵ، کە تاوانبار ماددەی کیمیایی بەرژێمی پێشووی عێراق فرۆشتوەو ئاسانکاریی بۆ لێدانی شاری هەڵەبجە بەچەکی کیمیایی کردووە.. سزاکەی (فرانس فان ئەنرات) بازرگانێکی هۆڵەندیە لە (لاهای) (١٥)ساڵ زیندانی کردنە، بەتاوانەکانی جەنگ و پێدانی مادەی کیمیایی بەرژێمی صەدام حسین کە بووە بەهۆی هێرشەکانی رژێمی عێراقی بۆ سەرکورد لەساڵانی هەشتاکاندا، دادگا بینی کەوا کرداری کۆمەڵکوژی دژی دانیشتوانی کورد لەعێراق بەتایبەتی لەهەڵەبجە لە ئازاری /١٩٨٨، بەکردەوە روویداوە..کە کوژرانی (٥٠٠٠) کەسی لێکەوتەوە لەو رۆژدا..

بەپێی بڕیارێك کە لە دادگای باڵای هۆڵەندە دەرکرا (فرانس فان ئەنرات) گیرا، چونکە دادگاکانی هۆڵەندا دەسەڵاتێکی جیهانیان هەیە بۆ دادگایکردنی تۆمەتبارنی تاوانەکانی جەنگ یان تاوانی کۆمەڵکوژی.

ئەگەر دادگای هۆڵەندی بەهۆی بەڵگە بەردەستەکان، تەواو دڵنیا بوو کە تۆمەتباری بەرەگەز هۆڵەندی تاوانبارکرا بەوەی کە بەمادەی قەدەغەکراوی کیمیایی هاوکاری رژێمی صەدامی کردووەو عێراقیش گۆرانی بەسەردا هێناوەو بەکاری هێناوە لە جەنگی عێراق ئێراندا، و بەتایبەتی لەشاری هەڵەبجەدا کە شارێکە لەشارە کوردستانیەکان، هیچ بنکەو بارەگایەکی سەربازیی تێدا نەبووە.

ئەوابریاری ئەو دادگایە رۆڵی دەبێت لەبەردەم دادگای دووەمدا کەدۆسێی هەڵەبجەی بۆ هەواڵە دەکرێت.

نەتەوە یەکگرتووەکان لەساڵی (١٩٨٤) دا پەیماننامەیەکی بۆ قە دەغەکردنی تاوانی جینۆساید مۆرکردو سزای بۆ تاوانبارانیش دیاریکردووە، ئەو رێکەوتننامەیە لەلایەن وڵاتانەوە مۆرکراو لەساڵی (١٩٥١) دا پراکتیك کرا، عێراقیش ساڵی ١٩٥٩ پابەندبوو بەرێکەو تننامەکەوە..رێکەوتننامەکە ئەو تاوانانە دەگرێتەوە کە دەچێتە حانەی جینۆسایدو کۆمەڵکوژیەوە، لەوانە کوشتنی تاکەکان بەکۆمەڵ یان ڕاوەدوونانیانو دەستگرتن بەسەر سەروەتو سامانیاندا، دەستدرێژی کردنە سەریان لەرووی جەستەییەوە بەمەبەستی تێکدانی ئارامو ئاسایشیان، جا گشتی بێت یان بەشێکی جەستەیان بێت، یان خستنە ژێرباری زۆرەملێ بۆ ژیانێکی کولەمەرگی کەببێتە هۆی نارەحەتکردنیان بەشێوەیەکی گشتی یان بەشی..تەگەرە خستنە بەردەم زاویو منداڵ بوون.. لە مادەی (٣٣)ی رێکەوتننامەی جنێفی چوارەمیشدا هاتووە سەبارەت بەپارێزگاری کەسە مەدەنیەکان کەلە ساڵی ١٩٤٩ دا بەسترا ئەویش بە قەدەغەکردنی هێرشە رەمەکیەکان کە مافە مەدەنیەکان پێشێل دەکاتو دووچاری مەترسی جەستەیی

سەروەت و سامانیان دەکات.. هەمان شت لە بڕگەی یەکەمی ماددەی (٥٧)ی بڕۆتۆکۆلی زیادکراوی یەکەمی ڕێکەوتننامەی جنێفدا هاتووە کە لەساڵی ١٩٧٧ بەستراوە، بەوپێیە کارە دوژمنکاری و سەربازیەکان پێشێلکردنێکی مەترسیدارە بۆ ڕێکەوتننامەی جنێفی چوارەم سەبارەت بەپارێزگاریکردنی مەدەنیەکان.. تاوانی کۆمەڵکوژیی وا پێناسەکراوە کە ئەو کردەوانەی بۆ لەناوبردنی هەموو یان بەشێك لەکۆمەڵێك میللەتێك یان ڕەگەزێك یان گروپێکی ئاینی ئەنجام بدرێن، بەومەبەستەی لەمیانی کوشتنی ئەندامانی ئەو کۆمەڵانە، یان زیان پێگەیاندنی جەستەیی، گیانی بەئەندامەکانی جەستەیان، یان خستنەژێرباری ژیانێکی کولەمەرگی زۆرەملێ، کە مەبەست لێی لەناو بردنی هەموویان یان بەشێکیان بێت.. هەروەها ئەم تاوانە حوکمی دەقی ماددەی (١١) ش دەگرێتەوە یەکەم ودووەم لە یاسای دادگای باڵای تاوانی عێراقی. هەروەها ماددەی (١٢) ش هەموو ئەو تاوانانەدەگرێتەوە کە دژ بەمرۆڤایەتین، بەهەموو بەشەکانیەوە لەهەمان یاسادا..

بڕیاری دادگای هۆڵەندا سەبارەت بەسزادانی تاوانبار (فرانس ئەنرات) بۆمان دەردەخات، کەدادگای هۆڵەندی مەترسیی ئەو تاوانەی زانیوە کەچەندە دەبێتە هۆی قەسابخانەیەکی مرۆیی و مەینەتبارکردنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەچەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی..

دوای ئەوەی سەلمێنرا کە تۆمەتبار چەکی کیمیایی فرۆشتووە و هێزە چەکدارەکانی عێراقیش کردویانە بەسەر شاری هەڵەبجەی کوردنشیندا.. سەرئەنجام (٥٠٠٠) مرۆڤ بوونە قوربانیی و هاوکات، ژمارەیەکی زۆری بریندارو کەم ئەندام و جەستەی شێوێنراوی خستەوە، ئاسەوارەکانی ئەو لێدانە کیمیاییە کە هێناویەتی بەسەر شارەکەو سروشتیدا لەئایندەدا.. لەگەڵ بڕیاری دادگای هۆڵەندیشدا، زۆر بەڕاشکاوانەو ڕوونیی تاوانبار (نزار الخزرجی) کە پێشتر پۆستی (سەرۆکی ئەرکانی سوپای عێراقی) هەبوو لە جەنگی عێراق ئێراندا، لەچا وپێکەوتنێکدا لە کەناڵی (MBC) لوبنانی، سەبارەت بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەشاری هەڵەبجەدا، خەزرەجی لەوچاوپێکەوتنە تۆمارکراوەدا ووتی: فەریق (کامل ساجد) یەکێك بووە لەپێشەوای فەیلەقەکان بەتەلەفۆن پەیوەندی پێوە کردووە ( کامل ساجد لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە، لەسێدارە درا) هەواڵی پێداوە کە فڕۆکەکان دووچاری بەرەنگاریی هێزی عێراقی بوونەتەوە لە شاری هەڵەبجەو دەوروبەری و بەرزاییەکاندا، وە شاری هەڵەبجەی عێراقی دووچاری لێدانی چەکی بایۆلۆجی بووەتەوە..

بەپێی قسەکانی خەزرەجی ئاگای لەولێدانە نەبووە.. بۆیە هەستاوە بەپەیوەندیکردن بە وەزیری بەرگری (عەدنان خیرالله تولفاح)ەوە، ئەویش بەپێی لێدوانەکەی خەزرەجی ئاگای لەو لێدانە نەبووە، بۆیە قیادەی عەسکەری لێ ئاگادار دەکات و پاشتر پەیوەندی دەکاتەوە بەمەوە، خەزرەجی ووتی: دوای نیو سەعات وەزیری بەرگری پەیوەندی پێوە کردووە و پێی ووتووە بۆی ئاشکرا بووە لەخودی سەدامەوە کەئەوکاتە سەرۆکی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق بووە، ووتویەتی فڕۆکەکان عێراقی بوون و لێدانەکەش لەلایەن عێراقەوە بووە، بەفەرمانی تایبەت لەصەدامەوە.

خەزرەجی دەربارەی هۆکاری لێدانەکە دەڵێ: تاوانبار (عەلی حسن المجید) ناسراو بە (عەلی کیمیایی) (امین سرمکتب تنضیم شمال) ڕازگری نهێنی ڕێکخستنەکانی باکور بووەو بنکەکەی لەکەرکوك بوو، هەواڵی بەلایەنگرانی داوە کە شاری هەڵەبجە کەوتوەتە دەست هێزەکانی ئێرانەوە، بۆیە پەیوەندی بەصەدامەوە کردووە، ئەویش خودی خۆی فەرمانی دەرکردووە، بەچەکی کیمیایی بۆردومانی شارەکەو دانیشتوانەکەی بکرێت.

ئەو شایەتیەی کەخەزرەجی بەدەنگ و ڕەنگەوە پێشکەشی کردووە، دەتوانرێ و دەشێت بکرێت بەبەڵگە لەسەر درۆکانی تاوانبار (صدام) کە دەڵێ ئاگاداری چەکی کیمیایی نیم سەبارەت بەدانیشتوانی کورد لەشاری هەڵەبجە..نموونەی ئەو شایەتیەش کەسەرۆکی ئەرکانی سوپای پێشوو پێشکەشی کردووە بەڵگەیەکی ترە کە پشتگیری بڕیاری دادگا دەکات سەبارەت بە تاوانباری هۆڵەندی کەسەلمێنراوە مامەڵەی بەچەکی کیمیاییەوە کردووە لەگەڵ ڕژێمی سەدامدا بۆ لێدانی شاری هەڵەبجە.

ئەوەی درێژەی لێدانە کیمیاییەکەی بۆسەرشاری هەڵەبجە بخوێنێتەوەو، چاو بەشایەتیدانی شایەتحاڵەکانی ئەو ڕووداوەدابخشێنێت، کەلەکاتی ئەولێدانەدا دەرچوون و نەمردوون، دەرك بەهۆکاری بڵاوبوونەوەی هێزە چەکدارەکان دەکات کە بەچواردەوری هەڵەبجەدا

بڵاو بوونەتەوە بۆ ڕێگرتن لەخەڵکە مەدەنیەکەی ئەو شارە کە ویستویانە چۆڵی بکەن.. بەشێوەیەك هێزی ئاسایشی سەربازیی دەوری شارەکەی داوەو ڕێگای گرتووە کەس لەو شارەدا دەرباز بێت یان بچێتە شارەکەوە ئەمەپێش لێدانەکە.. هاوکات لەگەڵ شایەتیدانی زۆرێك لەوانەی کەبەچاوی خۆیان لەناو ڕووداوەکەدا بوون و بینیویانە، لەگەڵ ڕاپۆرتەپزیشکیەکاندا کە لەلایەن پزیشکان و نەخۆشخانەکانی ئێران و نەخۆشخانە تایبەتەکانەوە دەرچووە، وە شایەتیدانی پسپۆڕانی ئەو بوارە..لەگەڵ ئەوەدا ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤی ڕۆژهەلات ئاماژە بەوە دەکات کە ڕژێمی صەدام هەستاوە بەبەکارهێنانی چەکی کیمیایی کە پێی ووتراوە (العتاد الخاص) زیاتر لەجارێك و لەچەندین ناوچەدا.. لەراپۆرتەکەدا هاتووە کە بەرێز (ئەندرۆ ویتلی) بەرێوەبەری ڕاپەڕاندن لەرێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤی خۆرهەلاتی ناوەراست.. لەراپۆرتێکیدا ووتویەتی کەرێخراوەکەی (٤٠) هێرشی جیاوازی تۆمار کردووە کە تیایدا چەکی قەدەغەکراو بەکار هاتووە، وە زۆربەی قوربانیەکانیش مەدەنی بوون..

لەساڵی (١٩٩٠)دا وەزارەتی بەرگری ئەمریکی لیژنەیەکی ڕاسپارد لە (کۆلێژیی جەنگیی سەربازیی ئەمریکی) لەکارلیسیل لە بنسلفانیا، بەتوێژینەوەی بابەتی (جەنگ لەعێرق)دا، لیژنەکە پێکهاتبوو لە پرۆفیسۆر (ستیفن بلیزی) و کۆلۆنێل (دوکلاس.ف) و (لین.ئار.بروسنبیرجر) هەموویان لەکادیرانی پەیمانگای توێژینەوە ستراتیژیەکان بوون لە (کۆلیژی جەنگیی سەربازیی ئەمریکی).. بە تێروتەسەلیی توێژینەوەی بابەتەکەیان کردووە و لە ڕاپۆرتێکی (٩٣) لاپەڕەییدا پێشکەشیان کرد.. کەپێکهاتووە لەچەندین زانیاری گرنگ و پۆلێنکراو دەربارەی هێزەکانی عێراق.. ڕۆژنامەی نیۆرك تایمز کورتەیەکی ڕاپۆرتەکەی بڵاو کردووەتەوە لە ١٩٩٠/٣/١٩ کەئیدانەی ڕژێمی سەدام دەکات بەبەکارهێنانی هۆکارە کیمیاییەکان دژی دانیشتوانە کوردەکان. هەروەها لەمیانی بەڵگەنامەی قوربانیان و توشبوانەوە چەندین بەڵگەی پزیشکی بەدەست کەوتووە کە دەیسەلمێنێ تووشی بەرکەوتنی چەکی کیمیایی بوون، وە هەروەها دانیشنەکانی دادگا سەبارەت بە دانپیانانی تاوانباری سەرەکی (عەلی حەسەن مەجید) لەدۆسێکەدا، کە فەرمانی دەرکردووە بە پاکسازیی هەرکەسێ کە خۆی دەبوێرێ لەچۆڵکردنی شاری هەڵەبجەی کوردی لەدانیشتوانەکەی ساڵی ١٩٨٨ز. (عەلی حەسەن مەجید) لەبەردەم دادگا دا دان بەوەدا دەنێت کە بەو پێیەی خۆی وەسفی دەکات شایەتیدانە لەبەردەم خوادا کە ئەو خۆی فەرمانی دەرکردووە کە ناوچەی هەڵەبجە قەدەغەکراوەو فەرمانی دەرکردووە بە لەسێدارەدانی هەرکەسێ کە ئەو شارە چۆڵ نەکات، خۆی بەرپرسیار دەبێت.

گومانی تێدا نیە کە دادگا پشت بە دانپیانانی تاوانباروشایەتیدانی شاهێدەکان ومەحزەری تەحقیقو کەشفە ڕەسمیەکان و ڕاپۆرتی پسپۆڕان و تەکنیکارانی پسپۆڕدا دەبەستێت.. هاوکات لەگەڵ بەڵگەی دانپیانراوی یاسایی تردا.. ڕێکخراوی (هیومان رایتس وچ- چاودێری مافی مرۆڤی ڕۆژهەلات) و ڕێکخراوەکانی تر هەستاون بە لێکۆڵینەوەی مەسەلەکانی مافی مرۆڤ و بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکانیان لەکاتی خۆیدا بۆ ئاماژە بەولایەنەی کەبەئەنقەست چەکی کیمیایی بەکارهێناوە دژی دانیشتوانی مەدەنی بێ دیفاع.. وە هەر وەها فیلمی دیکۆمێنتی و تۆماری دەنگی و ڕەنگی گیراوە سەبارەت بەلێدانی کیمیایی..

### ئیجابیات لەم دادگاییەدا

تەنها ئیدانەکردنی تاوانبارانو دیاریکردنی کردەوەکانیان کەپێی هەستاونو ڕۆڵیان لەکرداری کۆمەڵکوژی و زیان پێگەیاندنی جەستەیی لەمیانی بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراوی نێوەوڵەتی بەس نیە، بەڵکو لەسەر دادگا پێویستە بە ووردی ڕۆڵی تاوانکاریی هەرکەسێ کەئیدانە دەکرێ بدۆزێتەوە، ڕادەی تێوەگلانی لەتاوانەکەدا، هەروەها ڕۆڵی پسپۆڕیی دادوەرانی نێودەوڵەتی لەنموونەی ئەوجۆرە تاوانانەدا، چونکە یاسای دادگا لەبەندی پێنجەمی ماددەی سێیەمدا ڕێگای داوە دادوەرانێك کە عێراقیش نەبنوپسپۆڕ بن لەو بوارەدا دەتوانن لەوجۆرە دادگایانەدا بەشداربن و، ئەوانەی کەناسراون بەبێ لایەنیو پاکیی لەکاردا، دەتوانرێ سوود لەو مادەیە ببینرێت بەوپێیەی کەلایەنی دەرەکیش بەشداربووە لەئەنجامدانی تاوانانەکە، ئەمەش وا پێویست دەکات کۆمەڵگای نێودەوڵەتی گرنگی بە وردەکاریی ئەو دادگاییە بدات..کە زیاتر گرنتی دەدات بەتاوانباران لەمافەکانیان بەشێوەیەکی دادپەروەرانەو ئاشکرا..چونکە ئەوانە بێتاوانن تا تۆمەتباریی نەسەپێت بەسەریاندا.. وە ئاشنابوونیان بەدوو

تۆیی تۆمەتی ئاراستەکراو بۆیان، وە ئامادەبوونی پارێزەران و دانانی پارێزەر بۆ تۆمەتبار ئەگەرپارێزەری نەبوو.. وە مافیان لەپابەندبوون بەبێدەنگ بوونیان بەبێ ئەوەی ئەو بێدەنگیە بەڵگە بێت لە سەر بێ تاوانی یان تۆمەتباریی..

ئەمەش ڕەنگدانەوەی داپەروەریی و ژیاریە لەپێناو دەرکەوتنی ڕاستی و هۆکار چیەو ئیدانەی چ تۆمەتێك دەکرێت دژی مرۆڤایەتی.. ئەوەی دەسەپێت بەسەریاندا لەسزادان بەپێی یاسای دادگاو یاسای سزادان و بە پێی ڕێ و شوێن و ئوصولی دادگایی.. بەپشت بەستنی بەیاساو ڕێوشوێنی دادگای تاوانی عێراقی یان یاسای گرتنەبەری ڕێوشوێنی کۆکردنەوەی بەڵگەی تایبەت بەدادگاییەکەوە.

نادروستیەکان: پێش ئەوەی داگایی سەدام حسین بکرێت لەسەر ئەم تاوانە گەورەیە، کەچی لەسەر تاوانی (دوجەیل) لەسێدارە درا.. ئەمەپێش ئەوەی دادگا گوێ لەووتەکانی بگرێت، بەو پێیە ڕوێوشوێنی یاسایی دەرهەق بەئەو وەستا بەپێی ماددەی (٣٠٤) لەیاسای (أصول المحاكمات الجزائية العراقي).. دادگاش توخمێکی بنەڕەتی و تۆمەتبارێکی سەرەکی لەدەستدا، کە دەتوانرا بەدان پیانانەکانی یان ووتەکانی لەبەردەم دادگادا ناوی تۆمەتباران ڕوون بێتەوە، ئەوانەی هاوکاریان کردووە لەئەنجامدانی ئەو تاوانەدا، یان هەر زانیاری و نهێنیەك کە دەتوانرێ هۆکاربێت بۆ ئاشکرابوونی ڕاستی، چونکە ڕاگەیاندنی خۆرئاوا باس لە ڕۆڵی هەندێ دەوڵەت و ناوی هەندێ لەبەرپرسان دەکات ئەوانەی بەشداربوون و عێراقیان پرچەك کردووە.. وە هەروەها ژمارەیەکی زۆر لەشکاتکەران و شایەتحاڵەکان ناتوانن ئامادەی دادگاییەکە ببن بەهۆی هۆکارانێکەوە کە پەیوەندی بەبارودۆخی ئاسایشەوە هەیە یان پەیوەستدارن بەکاری تایبەتەوە لەهەر ولاتێ بێت کە نیشتەجێن تیایدا بەهەمیشەیی، یان بەهۆی بارودۆخی مادیانەوە یان هەر بارودۆخێکی تر، شایانی باسە دەسەڵاتدارانی لێکۆڵینەوەو دادگاو حکومەتی نوێ دیراسەی هەنگاونانی پێویستی نەکردووە بۆ ئاسانکرای ئەوانەی دەیانەوێ شکات بکەن و شایەتحاڵی ئەو کارەساتە بن لەدادگادا..

تاوانێك لە نمونەی تاوانی ئەنفال و هەڵەبجە ناتوانرێ بەچەند تۆمەتبارێ چاوی لێ ببوێردرێ، چونکە ئەو تاوانە مرۆییانە کۆمەڵێ تۆمەتباری مەزن ڕێکەوتوون لەسەری، بەڵام قۆرخکردنی چەند کەسێك و تۆمەتبارکردنیان.. قەزیەکە زیاتر بچوك دەکاتەوە کە بووە بەهۆی کوژرانی (٥٠٠٠) مرۆڤی مەدەنی بێ تاوان، تۆمەتەکەش دوای دەرچوونی بڕیاری کۆتایی حەصر دەکرێت.

بەوشێوەیە ئەو ناتەواوەیەی لەگەڵ دادگاییەکەدایە، دادگای تاوان ناتوانێ بەسەرو بەندی قەزیەکەدا بگات بەهۆی فراوانی قەزیەکەوە، وە بەهۆی نەتوانینی کۆنترۆڵکردنی ئەو ناتەواویەی لەدادگاییەکەدا هەیە.. وە هەروەها نەتوانراوە ئەو ناوانە ئاشکرا بکرێت کە تۆمەتبارن و ڕایانکردووە، و قەزیەکانیان لابراوە بەهۆی ڕاکردنیانەوە باسیان لێ نەکراوە..

وە هەروەها گرنگی بەڵگەنامە نهێنیەکان و ڕێکەوتننامە ئاشکراکان و نهێنیەکان لەنێوان عێراقی سەردەمی ڕژێمی صەدام و نێوان کۆمپانیاو ئەو ولاتانەی ئاسانکاریان کردووە بۆ گەیشتنی چەکی کیمیایی بە عێراق دەردەکەوێت لەبەردەم تاوانێکدا کەچۆتە بازنەی تاوانی جینۆسایدو تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی.. ئەمەش بەچاوخشاندنی دەستەی دادگاییەکەدا دەبێت بەو دۆسیانەداو پەیوەست کردنی بەفایلی قەزیەکەوە تا قەزیەکە لە خولگەی تەخمین و حەدەستدا نەسورێتەوە..

وە زۆر گرنگە بەقوڵی لێکۆڵینەوە لەگەڵ فرۆکەوانەکان و سەرکردایەتی فرۆکەوانیدا بکێت کە لێدانی کیمیایی ڕاپەڕاندووە بۆچەسپاندنی فەرمانی دەرچوو بەلێدانی ئاسمانی بەچەکی تایبەت.. وە لە پێناو دەستەبەرکردنی دادپەروەریدا پێویستە لا بەلای ئەو تۆمەتانەدا بکرێتەوە کە ڕێکخراوە کوردیەکان و یاساییەکان ئاراستەی دەکەن، کە پێکهاتووە لەزۆرێك لەناوی قوربانی و شکاتکەران، کە دەستی تاوان بۆکەسانێك درێژ دەکرێت کە لەناو دەسەڵات یان دەرەوەی دەسەڵاتی ئەمڕۆدا هەن.. هەموو کەسێکی تاوانبار بێ تاوانە تاوەکو تۆمەتباریەکە دەسەپێت بەسەریدا، چونکە پشتگوێ خستنی ئەو بانگەوازو شکاتانە هەڵوێستێکی نادروست دروست دەکات کە هیچ بنەمایەك و سەنەدێکی نیە لەیاسادا..

جريمة حلبجة من منظور قانوني
زهير كاظم عبود
مجلة (الصوت الآخر)ع:١٣٨/آزار٢٠٠٧/
ص(١٨-١٩)

# چەکە کیمیاییەکان

ئا: حسێن مەحمود هەڵەبجەیی

## پێشەکی

١- یەکەمین جار چەکی کیمیایی ژەهراوی لەلایەن سوپای ئەڵمانیاوە بەکارهێنرا لە ساڵی(١٩١٥)ز دژ بە سوپای فەرەنسەو ئینگلیز ، لەگەڵ کەمیی کاریگەریی ئەو ماددەیە(کلۆر)و سادەیی هۆکارەکانی گواستنەوەی ئەو ماددەیە کاریگەریی خۆی سەلماند وەك چەکێکی کاریگەر...لە کاتەدا چاکسازیکردنی هۆکارە کیمیاییە ژەهراویەکان و شێوازی بەکارهێنانی بەردەوام بوو تا ئەمڕۆ لە هەندێ وڵاتدا..

-٢دوای جەنگی یەکەمی جیهانی چەند وڵاتێك چەند پرۆتۆکۆڵێکیان مۆرکرد سەبارەت بە قەدەغەکردنی هۆکارە کیمیاییە ژەهراویەکان وەکو چەکێك لە جەنگدا،بۆ نمونە پرۆتۆکۆلی واشنتۆن(١٩٢٢)،پرۆتۆکۆلی جنێف(١٩٢٥).

-٣لەگەڵ مۆرکردنی ئەو پرۆتۆکۆلانەشدا لە لایەن ئەو وڵاتانەوە ،کەچی ئەڵمانیای نازی و وڵاتە زلهێزەکان ئامادە نەبوون ئەو چەکە بەکار نەهێنن و هۆکارە کیمیاییە ژەهراویەکانیان لە جەنگی دووەمی جیهانیدا بەکارهێنا و دوای ئەو جەنگەش هێزەکانی ئەو وڵاتانە یەکەی کیمیایی ئامادەیان هەبوو بۆ بەکارهێنانی هۆکارە کیمیاییە ژەهراویەکان..

لە پێناوی خۆپاراستنی زانستیانەدا لە هۆکارە کیمیاییە ژەهراویەکان پێویستە توێژینەوەی تایبەتمەندیەکانی و هۆکارەکانی بەکارهێنانی و ڕێگاکانی خۆپارێزیی لێی و فریاگوزاریە سەرەتاییەکان روون بکرێنەوە بۆ بەرگرتن لە زیان و ئاسەوارەکانی.

## پێناسە گرنگەکان

١- هۆکاریی کیمیایی ژەهراوی: بریتیە لە ماددەیەکی کیمیایی ژەهراوی لە دۆخی رەق یان شل یان گازدا بە تایبەتمەندیە کیمیاییەکانەوە کە دەبێتە هۆی زیانێکی لە رادەبەدەر(کار لە چالاکیە زیندەییەکانی ناو لەش دەکات)

٢- پەیت بوون: بڕێکی دیاریکراوە لە هۆکاری کیمیایی ژەهراوی لە قەبارەیەکی دیاریکراو لە هەوادا،وە بە میلیگرام بۆ هەر لیترێك دەپێورێت (ملگم/لیتر) یان میلیگرامێکش بۆ هەر لیتر سێجایەك (ملگم/م٣)

٣- پلەی پیس بوون: بڕێکی دیاریکراوە لە هۆکاریی کیمیایی ژەهراوی لە سەر ڕووبەرێکی دیاریکراو لە زەوی یان ڕووە جیاوازەکان وە بە میلیگرام بۆ هەر سانتیمەتر چوارگۆشەیەك دەپێورێت(ملگم/سم٢) یان گم بۆ هەر مەتر چوارگۆشەیەك.

٤- خۆپاراستن: بریتیە لە پارێزگاریی تەواو لە کاتی هەر هێرشێکی کتوپڕی دوژمندا بە هۆکارە کیمیاییە ژەهراویەکان و هۆکارە زیندەییەکان و چەکی ناوکی و هۆکارە تیشکدەرەکان، ئەمەش بۆ بەرگرتن و کەمکردنەوەی زیانەکان.

٥-پاککردنەوە: بریتیە لە کرداری لابردنی پیسی یان کەمکردنەوەی بە پێی تواناو باشترین ڕێگا ئەوەیە بە کەمترین هەوڵ و ماددە ئەنجام بدرێت.

٦- پاککەرەوە: بریتیە لەو ماددەیەی بەکاردەهێنرێ بۆ پاککردنەوەی کەسەکان و زەوی و کەلوپەلەکان کە پیس بوون، کە ئەویش یان هاوکێشەیەکی کیمیاییە یان لابەرێکی فیزیاییە.

٧- ژەم: بریتیە لەو برە کیمیاییە ژەهراویەی کە دەبێتە هۆی کاریگەرە فیسیۆلۆجیەکان یان دەبێتە هۆی نەخۆشیەکی سەخت یان مردن، پێویستە ڕێگای چونەژوورەوەی بۆ لەش بەهەند بگیرێت.

٨- ژەمی کوژەری ناوەند لە ڕێگای کۆئەندامی هەناسەوە: بریتیە لەو برەی کە دەبێتە هۆی مردنی (٥٠٪)ی کەسەکان یان گیاندارەکان لەکاتێکی دیاریکراودا لە ڕێگەی کۆئەندامی هەناسەوە، ڕەمزەکەی بریتیە لە (LCT٥٠ )بەم شێوەیە دەردەبردرێت(ملگم/خولەك/لیتر)

٩- ژەمی کوژەری ناوەند لە ڕێگای کۆئەندامی هەرس یان مژین: بریتیە لەو لێدان(الزرق)ەی کە دەبێتە هۆی مردنی(٥٠٪)ی کەسەکان یان گیاندارەکان لە ڕێگای هەڵمژینەوە (پێست) یان لێدان(الزرق) یان کۆئەندامی هەناسەوە، ڕەمزەکەی بریتیە لە ID٥٠ بەم شێوەیە دەردەبردرێت(ملگم/کیلۆگرام لە کێشی لەش).

١٠- ژەمی لەکارخەری ناوەند لە ڕێگای کۆئەندامی هەناسەوە: بریتیە لەو ژەمەی کەوا لە (٥٠٪)ی کەسەکان دەکات نەتوانن بە کارەکانیان هەستن ( لەڕێگای کۆئەندامی هەناسەوە) وەبەم شێوەیە دەپێورێت(ملگم.خولەك/لیتر).

١١- ژەمی لەکارخەری ناوەند لە ڕێگای کۆئەندامی هەرس یان مژین یان لێدان: بریتیە لەو لێدانەی کەوا لە(٥٠٪)ی کەسەکان دەکات نەتوانن بە کارەکانیان هەستن ( لە ڕێگای مژینی کۆئەندامی هەرسەوە ،دەرزی لێدان) وە دەپێورێت بە (ملگم/ کغم لە کێشی لەش .

١٢- جێگیربوون: بریتیە لەو ماددەیەی کەهۆکاری کیمیاییە ژەهراویەکە پارێزگاری سیفەتە ژەهراویەکانی دەکات ، وە پشت بە تایبەتمەندیە فیزیاییەکان دەبەستێت بۆ هۆکارەکە وەکو: بارودۆخی کەش و هەوا،سروشتی زەوی،هۆکاری بەکارهێنان.

١- تایبەتمەندیەکی قەبارەیی هەیە، بەو مانایەی تەنها ڕووبەرێکی فراوانی زەوی پیس ناکات بەڵکو قەبارەیەکی گەورە لە هەواش پیس دەکات ، کە بە ئاراستەی ڕەشەبا دەجولێت بۆ ڕووبەرێکی دوور.

٢- تەنها کار لە خانە زیندوەکان دەکات.

٣- دەتوانێ زیان بەو کەسانە بگەیەنێت کە لە ناو خانوو و ژێرخانەکاندان.

٤- کاریگەریی ژەهرەکە بە بەردەوامی دەمێنێتەوە بۆ ماوەیەکی زۆر کە بە پێی جۆری ماددە بەکارهێنراوەکە و سروشتی زەوی و کەش و هەوای جیاواز گۆڕانکاریی بەسەردا دێت .

٥- پێویستی بە خۆپاراستنێکی تایبەت هەیە.

٦- کاریگەری مەعنەوی خراپی هەیە لەسەر کەسەکان، بە شێوەیەك دەبێتە هۆی دابەزاندنی توانای بەرەنگاربوونەوە.

٧- کاریگەریەکی زۆری هەیە و کەم خەرجیشە بەبەراورد لەگەڵ چەکە ئاساییەکانی تردا.

## پۆلێنکردنی هۆکارە کیمیاییە ژەهراویەکان

١- لە ڕووی بەکارهێنانەوە:

**یەکەم:** هۆکارەکانی کیمیایی ژەهراوی کوژەر: ئەو ماددانەیە کە کاریگەری سەختیان هەیە یان کە بەکار دەهێنرێت دەبێتە هۆی مردن.

دووەم: هۆکارەکانی لەکارخەری تواناکان: ئەو ماددانەن کە دەبنە هۆی کاریگەریی فسیۆلەجی یان هۆشیی یان هەردوکیان، وا لە کەسەکان دەکات نەتوانن هەستن بە کارەکانیان.

**سێیەم:** هۆکارە تێکدەرەکان: ئەو ماددانەن کە کاریگەریی سەیریان هەیە.

٢- لە ڕووی جێگیربوونەوە:

یەکەم: هۆکارە کیمیاییە ژەهراویە جێگیرەکان(نافریوەکان) : ئەو هۆکارانەن کە پارێزگاریی سیفەتە ژەهراویەکان دەکەن بۆ ماوەی چەند خولەکێك یان چەند کاتژمێرێك یان چەند ڕۆژێك...وەکو(خەردەل،نایترۆجین،ز ومان)

دووەم: هۆکارە کیمیاییە ناجێگیرەکان (فریوەکان): ئەو هۆکارانەن کە پارێزگاریی سیفەتە ژەهراویەکان دەکەن بۆ ماوەی چەند

خولەکێک یان چەند کاتژمێرێک.وەکو(سیانیدی هایدرۆجین، کلۆریدی سیانۆجین،فۆسجین)

وە جێگیریی هۆکارەکە پشت بە سیفەتە فیزیاییەکەی دەبەستێ (پلەی کولان،پلەی بەستن،بەهەڵم بوون،پەستانی هەڵم،دۆخەکەی لە باری ئاساییدا)، وەهەروەها پشت بە ئاو و هەوا دەبەستێت(پلەی گەرمی خاو،پلەی گەرمی هەوا،خێرایی با)و پشت بە سروشتی زەوی و هۆکاری بەکارهێنان دەبەستێت. بۆ نمونە لە پلەیەکی نزمی گەرمیدا بوون بە هەڵی هۆکارەکە لاوازە و زیاتر دەمێنێتەوە،وە هەروەها هۆکارە کیمیاییەکان لە زەویە رەقەکاندا (بەردیەکان) خێراتر دەبنە هەڵم بە بەراورد لەگەڵ زەویە نەرمان و فشەڵەکانداو ...هتد.

٣- لە رووی کاریگەری فسیۆلۆجیەوە:

**یەکەم:** هۆکارە کیمیاییە ژەهراویە کوژەرەکان:

١- هۆکارەکانی دەمار(اعصاب):کاریگەریی ژەهراوی ئەم هۆکارە دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی لە سەر هەندێ ماددەی کیمیایی لە یارمەتی روودانی کارلێکە زیندەییەکانی لەش.بۆیە کاردەکاتە سەر ئەنزیمەکانی (کولین ئەسترین) کە هەڵدەستێ بە شیکردنەوی ماددەی (ئەسترات کولین) کە هۆکاری گرژبوونی ماسولکەکانە، لە ئەنجامی ئەوەدا دەبێتە هۆی کەڵەکەبوونی ماددەی (ئەسترات کولین)و (ئەستیل کولین)لە لەشدا،لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی هەناسە تنی بە هۆی گرژ بوونی ماسولکەکانی سنگەوە،وە هەروەها دەبێتە هۆی تەسك بوونەوەی گلێنەی چاو...هتد

٢- هۆکارەکانی خنکاندن: کاریگەریان لەسەر سیەکان هەیە کاتێ لە رێگای هەناسەدانەوە دەچنە لەشەوە ، وەکار لە کۆئەندامی هەناسە دەکەن(لووت، قورگ،بۆری هەوای هەردوو سی)

٣- هۆکارەکانی خوێن: ئەم هۆکارە بە هۆی مژینەوە دەچێتە لەش لە رێگای هەڵمژینەوە لە سەر بەشە زیندووەکانی لەش ، وە بەر لە کرداری ئۆکسجین دەگرێت بۆ شانەکان و خانەکان.

٤- هۆکاری بڵق کردن: ئەو هۆکارانەن کە کاریگەریان هەیە لەسەر لەش ( خوران، سوربوونەوە، بڵق کردن..هتد) وە هەروەها دەبێتە هۆی ژەهراویی بوونی گشتی لەش ، بە شێوەیەك كار دەكاتە سەر ترشە ناوکیەکان و بە تایبەتی ترشی(DNA).

**دووەم:** هۆکارە کیمیاییە ناکوژەرەکان:

١- هۆکارەکانی رشانەوە: ئەو هۆکارانەن کە دەبنە هۆی کۆکەو پژمین و ئازار لە لووت و قورگ و هێڵنج دان و فرمێسك رشتن،وە هەروەها زۆر جار سەرئێشەی لەگەڵدایە.

٢- هۆکارە فرمێسك رێژەکان: ئەم هۆکارانە دەبنە هۆی فرمێسك رژاندنێکی زۆر و ئازاری توند لە چاوەکاندا( هەرچەندە کاتیە)بە برێکی زۆر دەبێتە هۆی سوتانی پێست، وە کەسە تۆش بووەکە وا هەست دەکات توشی گەری بووە.

٣- ئەو هۆکارانەی کاریگەریی دەرونیان هەیە ( هۆکارەکانی توانا شکێن): بریتین لە برێکی زۆری ماددەی کیمیایی کار لە خانە تایبەتیەکانی مێشك دەکەن و وا لەو کەسە دەکەن بۆ ماوەیەکی دیاریکراو هەڵسوکەوتی خۆنەویستانە بێت.

## هۆکارەکانی ئەعصاب

ئەم کۆمەڵە لە هۆکارە کیمیاییە ژەهراوییەکان کار دەکەنە سەر فەسلەجە (کارەکان)ی کۆئەندامی مێشك و بریتین لە (زارین، زومان، تابون، هۆکارەکانی ڤی ئێکس VX).

ئاسەوارەکانی:

١- رادەی ژەهراویەکەی بێ ئەندازەیە.

٢- کاریگەریی خێرای هەیە، واتە نیشانەکانی تووش بوون کتو پڕ دەردەکەون، بە پێچەوانەی هۆکارەکانی بلق کردنەوە (خەردەل، نایترۆجینی خەردەل)

کە شوێنەوارەکانی دوای ماوەی گۆشگری (حضانة) دەردەکەون.

٣- زۆربەیان هۆکاری کیمیایی جێگیرن.

٤- کار لە مرۆڤ دەکات لە رێگای کۆئەندامی هەناسەو مژینەوە، هەروەها لە رێگای کۆئەندامی هەرسەوە.. وە کاریگەریی بۆ سەر چاویش بەهێزە.

٥- پێویستە راستەوخۆ دوای پیس بوونەکە هەستین بە پاککردنە

| ماددەکە | زارین | تابون | زومان | ڤی ئێکس VX |
|---|---|---|---|---|
| دۆخ | شلە | شلە | شلە | شلە یان رەقە |
| رەنگ | بێ رەنگە | بێ رەنگەو دەشکێتەوە بەلای رەنگی قاوەییدا | بێ رەنگە | ئەگەر پاك بێت بێ رەنگە |
| بۆن | ئەگەر پاك بێت بێ بۆنە، ئەگەر پاك نەبێت بۆنی میوە دەدا | ئەگەر پاك بێت بێ بۆنە، ئەگەر پاك نەبێت لە پەیتە کەمەکانیدا بۆنی پێکهاتووەکانی سیانید دەدات، وە لە پەیتە زۆرەکانیدا بۆنی ماسی ئەدا | ئەگەر پاك بێت بۆنی نییە، ئەگەر پاك نەبێت بۆنی کافور ئەدات | بۆنی کەمە، بۆنی ئاوێتەی کبریتی ئەندامی ئەدات. |
| توانەوە | بە باشی لە ئاودا دەتوێتەوە، وە لە توێنەرە ئەندامییەکاندا، وە لە پێکهاتەکانی نەوتدا، وە توانای نەمانی هەیە لەسەر رووە کونیلەدارو بۆیەکانو لاستیکەکان | بە کەمی لە ئاودا دەتوێتەوە، رێژەی توانەوەی (١٢٪)یە لە پلەی گەرمی (٢٠)ی سەدیدا، بەباشی لە توێنەرە ئەندامییەکانو بەرهەمە نەوتییەکاندا دەتوێتەوە، وە توانای نەمانی هەیە لەسەر رووە کونیلەدارو بۆیەکانو لاستیکەکان | باش ناتوێتەوە لە ئاودا، رێژەی توانەی دەگاتە (١٪)، بەباشی لە توێنەرە ئەندامییەکاندا دەتوێتەوە، وە توانای نەمانی هەیە لەسەر رووە کونیلەدارو بۆیەکانو لاستیکەکان | بەکەمی لە ئاودا دەتوێتەوە، رێژەی توانەی (١- ٥٪)یە، بە باشی دەتوێتەوە لە توێنەرە ئەندامییەکانو پێکهاتە نەوتییەکاندا، وە توانای نەمانی هەیە لەسەر رووە کونیلەدارو بۆیەکانو لاستیکەکان |
| پلەی کولان | ١٤٧ پلەی سەدی | ٢٤٦ پلەی سەدی<br>-٢٣٧ ٢٤٠ پلەی سەدی | ١٦٧ پلەی سەدی | زیاتر لە (٣٠٠) پلەی سەدی باشتر شیدەبێتەوە لەژێر پەستانی ئاسایی‌و کەشی ئاساییدا |
| پلەی بەستن | - ٥٦ پلەی سەدی | - ٤٩ بۆ – ٥٠ پلەی سەدی<br>- ٤٨ پلەی سەدی | - ٧٠ بۆ ٨٠ پلەی سەدی | کەمتر لە (- ٣٠) پلەی سەدی |

نیشانەکانی تووشبوون:

أ-پلەی سووک:

١- تەسکی لە گلینەی چاودا: بە شێوەیەک قەبارەی هەردوو گلێنەی چاو بچوک دەبێتەوە وەکو نوکە دەرزییان لێدێت یان کەمتر لەوە، زۆرجاریش ئەگەر بە خەستی بەرکەوتبێت دەبێتە هۆی نابینایی.

٢- ژەهراوی بوون لە شێوازی رەقیتەی لولە خوێنەکاندا، وە گرژبوونی ماسولکەکانی سیو دڵ، کە هەست بە هەناسە سواری دەکرێت لەسەر سنگو ئازار لەسەردا بە تایبەتی پشتی سەر.

٣- هەستکردن بە لاوازییەکی گشتییو لاوازی لە هەستەکاندا.. ئەم نیشانەیە رۆژێك یان دووان دەخایەنێو هەندێك جاریش زیاتر لەوە.

ب- پلەی مامناوەندی:

لەکاتی تووشبوونی مامناوەندیدا نیشانەکانی پلەی سووك بەخێراییو کاریگەرتر روودەدەن، بەشێوەیەك حاڵەتی بچوك بوونەوەی گلێنەی چاو نارەحەترەو تووش بوو هەست بە ئازارێکی سەخت دەکات لە چاوانیدا کاتێ دەیەوێ سەرنج بدات، ئازاری سەری زیاد دەکات، تووش بووەکە تووشی گێژبوونو هاتنە خوارەوەی ئاو دەبێت لە چاوانیو لە لوتی، حاڵەتی رەقیتەی ماسولکەکانی هەردوو سی زیاد دەکات، کە دەبێتە هۆی نارەحەتی هەناسەدانو پەستانی خوێن بەرز دەبێتەوەو لێدانی دڵی زیاد دەکاتو ماسولکەکان لەهەموو بەشەکانی لەشدا گرژ دەبن، تووش بووەکە ئارەق دەکات (ئارەقەکە ساردە)، وە فرمێسك بە زۆریی بە زۆریی دەرژێتو تووش بووەکە لە کاتی بزواندنیدا هاوسەنگی لە دەست دەدات، ژمارەی میزکردنی زیاد دەکاتو هەروەها ریخۆڵە گرژ دەبێتو دەبێتە هۆی سکچوون، ئەم نیشانانە بەردەوام دەبێت بۆ ماوەیەك کە کەمتر نییە لە (٤- ٥) رۆژ.

ج- پلەی توند:

ئەو نیشانانەی کە باسکران لەم پلە توندەیاندا زیاد دەکەن، بە شێوازێك زۆر بەهێزتر لە پلە ناوەندییەکە، هەناسەدان زۆر نارەحەت دەبێت، فرمێسك لە چاوانو ئاو لە لوتەوە بە ئەندازەیەکی زۆر دەرژێت، هەروەها ماسولکەکان تووشی ئیفلیجی دەبێ، تووش بووەکە ئاگای لە خۆی نامێنێت، ئەم نیشانانە بە مردن کۆتایی دێت، بەهۆی وەستانی چالاکی دڵو نارەحەتی هەناسەدان بەهۆی ئیفلیج بوونی ماسولکەکانیەوە، نیشانی تووشبوونی توند لە ماوەی (٣٠) چرکەدا دەردەکەوێت، پاشان توش بووەکە هۆشی لە دەست دەدات لە ماوەی خولەکێکدا، وە لە ماوەی (٥- ١٥) خولەکدا دەمرێت، مردنەکە بە پێی تووشبوونەکە روودەدات، لە بارێکی ئاساییدا تووشبووەکە لە ماوەی یەك خولەکدا یان کەمتر دەمرێت، ئەگەر لە رێگای کۆئەندامی هەناسەوە تووشی بوو بوو، وە لە ماوەی (٥- ٢٠) خولەکدا دەمرێت ئەگەر لە رێگەی کونیلەکانی پێستەوە تووش بووبێت، وە لە شوێنی تووش بووەکەدا هەست بە پێستەکە دەکرێت کە ئارەقی کردووەو ماسولکەکانیش گرژ بوون.

خۆپاراستن:

١- بەکارهێنانی رووبەند (قناع)ی خۆپاراستن.

٢- پۆشاکی خۆپاراستن بۆ پارێزگاری لە لەش بە گشتی، وەکو پاڵتۆ و جزمەو دەسکێشی تایبەت .

٣- ژێرخان و خانوویەك کە هەوای پاکژی بۆ دابین کرابێت .

فراگوزاریە سەرەتاییەکان

١- پۆشینی رووبەندی خۆپاراستن

٢- لێدانی دەرزی ئەترۆپین.

٣- ئەنجامدانی کرداری هەناسەدانی دەستکرد.

٤- لێدانی دەرزی ئەترۆپین پاش(١٠) خولەکلە پاش لێدانی دەرزی یەکەم ئەگەر باری نەخۆشەکە بەرەو خراپتر چوو.

٥- پاککردنەوەی ناوچە پیسەکە لەسەر پێستبە هۆی راگرێکیبچووکەوە لەناوجانتای فریاکەوتندا هەیە، وە فریاگوزاری تاکی لە کاتی تووش بوون بە هۆکارەکانی(تابون، دی ئێن پی،زارین، زومان)، بەڵام لە کاتیتووش بوون بە هۆکارەکانی ڤی ئێکسVX ئەوا راگر( حاویە) گەورەکە بەکار دەهێنرێت.

٦- رەوانەکردنی تووش بووەکە بۆ ناوچەیەکی پاك و گواستنەوەی بۆ نزیکترین خاڵی تەندروستی.

هۆکارەکانی بڵق کردن:

تایبەتمەندییەکانی:

١- رادەی ژەهراوییەکەی زۆرە.

٢- کار لە مرۆڤ دەکات لە رێگای کۆئەندامی هەناسەی پێستەوە، وە لە رێگای کۆئەندامی هەرسەوە، هەروەها کاردەکاتە سەر چاویش.

٣- بۆ خۆپاراستن لێی پێویستە لەش بە تەواوی بپارێزرێت، ئەویش بە بەکارهێنانی رووبەندی خۆپاراستنو پاڵتاو یان عەبای خۆپاراستنو دەستکێشی لاستیكو جزمە.

٤- پێویستە هەستین بەپاککردنەوەی لەکاتی تووشبوون بە هۆکارەکانی بڵق کردن.

٥- ماوەی گۆشگری لە نێوان (٢- ٨) کاتژمێردایە، بێجگە لە هۆکاری لویزایت کە بە خێرایی نیشانەکانی دەردەکەون.

| سیفەتی فیزیایی | خەردەل | نایترۆجینی خەردەل | لویزایت |
|---|---|---|---|
| دۆخ | شلە | شلە | شلە |
| ڕەنگ | خەردەلی پاك بێڕەنگە، خەردەلی پیس ڕەنگی قاوەیی بۆری زەیتییە. | پاکەکەی بێ ڕەنگە، پیسەکەی ڕەنگێکی گەنمی زەردی هەیە. | پاکەکەی بێ ڕەنگە، ڕەنگەکەی وردە وردە دەگۆڕێت بۆ ڕەشێکی وەنەوشەیی یان سەوزێکی وەنەوشەیی. |
| بۆن | خەردەلی پاك بۆنێکی کەمی هەیە، لە بۆنی زەیتی گەرچەك دەکات، خەردەلی پیس بۆنی لە بۆنی سیر دەکات، وە لە بۆنی پێکهاتەی کبریتی ئەندامی دەکات. | بۆنی سوکە ماسی ئەیات | بۆنی لە بۆنی گوڵی جیرانیۆم دەکات. |
| پلەی کوڵان | 217.8 پلەی سەدی خەردەلی پاك (24) پلەی سەدی خەردەلی پیس | 85 پلەی سەدی لە پەستاندا، (10) ملم جیوە. | 169.8 پلەی سەدی. |
| پلەی بەستن | 14.5 پلەی سەدی خەردەلی پاك، 8.85 پلەی سەدی خەردەلی پیس | (34-) پلەی سەدی | (44.7-) پلەی سەدی |
| توانەوە | بە کەمی لە ئاودا دەتوێتەوە، بە باشی لە توێنەرەوەی ئەندامییو بەرهەمە نەوتییەکاندا دەتوێتەوە. | بە باشی لە ئاودا ناتوێتەوە، بە باشی لە توێنەرەوەی ئەندامیو بەرهەمە نەوتییەکاندا دەتوێتەوە. | بە باشی لە ئاودا ناتوێتەوە، بە باشی لە توێنەرەوەی ئەندامیو بەرهەمە نەوتییەکاندا دەتوێتەوە. |

**نیشانەکانی تووش بوون:**

أ-خەردەل:

یەکەم- لە ڕێگای پێستەوە:

لە کاتی بارینی چەند دڵۆپ خەردەلێکی شل بۆ سەر پێست لە ماوەی (٢-٣) خولەکدا نامێنێتو پاشان لە ماوەی (٧) خولەکدا لە چینی خوارەوە (لە پێست)یشدا نامێنێت، بە شێوەیەك بە تەواوی دەمژرێت لە ماوەی (٢٠- ٣٠) خولەك، وە نیشانەکانی لەو ماوەیەدا دەرناکەون.. وە لە ماوەی (٣- ٦) کاتژمێردا (ماوەی گۆشگرییە) وە هەندێ جار درێژ دەبێتەوە بۆ (١٢) کاتژمێر.. (ئەوەش بە پێی ڕادەی پیس بوونەکە لەسەر پێستو باری پێستەکە) شوێنە پیسەکە سوور دەبێتەوە، بەڵام ئەم سور بوونەوەیە لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا نامێنێت، ئەگەر پلەی پیس بوونەکە کەم بێت، بەڵام لە پلەی پیس بوونی بەرزدا شوێنە سوور هەڵگەڕاوەکان لە ماوەی (٦- ٣٠) کاتژمێردا ژمارەیەکی زۆر بڵقی بچووك دەردەکەن، پاشان قەبارەیان زیاد دەکات، وە ناوچەکە کێمی لێ دێتە دەرەوە، وە ئەگەری هەوکردنێکی کیماوی (المتقیح)ی لێ دەکرێت، وە چاك بوونەوەی ئەو کێمە پێویستی بە ماوەی مانگێك یان دوو مانگ هەیە، وە لەوانەیە زیاتریش، وە شوێنەواری ناوچە تووش بووەکە (ناوچەی بڵق کردنەکە) لە شێوەی ڕەنگێکی قاوەییدا دەمێنێتەوە..

کاتێ خەردەل لە شێوەی شلە یان هەڵمدا بەکاردەهێنرێت نیشانەکان لەسەر پێست دەردەکەون، بە پشت بەستن بە پلەی پیس بوون (یان پەیت بوون) وە بە ماوەی تووش بوون، کاتێ کە پلەی پیس بوونەکە (٠١٪)ملگم\سم٢ بێت پێست تووشی سوور بوونەوە دەبێت، بەڵام بڵقەکان بە بچوکی دروست دەبن کاتێ پلەی پیس بوونەکە بگاتە (٠,٥)ملگم\سم٢ وە کاتێ خەردەل لە شێوەی دوکەڵدا بەکاردەهێنرێ حاڵەتی سووربوونەوە دەردەکەوێ کاتێ کە پەیت بوونی خەردەلەکە ((٠,٠٠٢)ملگم\لیتر بێتو ماوەی بەرکەوتنەکە (٣) کاتژمێر بێت..وە بڵقەکان دەردەکەون کاتێ کە پەیت بوونەکە (٠,١٥)ملگم\لیتر بێتو ماوەی بەرکەوتنەکە (٣) کاتژمێر بێت.. بەڵام ژەمی توانا شکێنی مامناوەند بۆ خەردەل لە ڕێگای پێستەوە (کاتێ خەردەلەکە لە شێوەی دوکەڵدا بێت) ئەوە دەگاتە (٢)ملگم\لیتر.

دووەم- لە ڕێگای چاوەوە:

چاو هەستەوەرێکی تایبەتی هەیە بە خەردەل، وە ئەم نیشانانە دەردەکەون لە کاتی بەرکەوتنی دوکەڵی خەردەل:

١- سوور بوونەوەی هەردوو چاو.

-٢- -هەستکردن بە بوونی وردە لم لەناو چاودا.

-٣ -خوران.

-٤ -هەستارییەکی زۆر بە ڕووناکی.

-٥ هەوکردنی پەردە فرمێسکییەکان کە لەگەڵیدا کێم هەیە.

ئەم نیشانانە دەردەکەون بە پشت بەستن بە پەیت بوونی هۆکارەکەو ماوەی تووش بوونەکە، وە لە کاتی بارینی چەند دڵۆپێك خەردەل بۆ سەر چاو بە راستەوخۆیی دەبێتە هۆی کوێریی بە شێوەیەکی هەمیشەیی.. وە ژەمی توانا شکێن لە ڕێگای چاوەوە (٠,٢)ملگم\لیترە.

سێیەم- لە ڕێگای کۆئەندامی هەناسەوە:

لە کاتی هەڵمژینی هەڵمی خەردەلدا، ئەندامەکانی کۆئەندامی هەناسە تووشی سووربوونەوە دەبنو لە ماوەی (٤- ٦) کاتژمێردا ئەم نیشانانە دەردەکەون:

١- -وشك بوونەوەی دەم.

٢- -تەنگی لە سنگدا.

٣- ناڕەحەتی هەناسەدان.

٤- لە دەستدانی دەنگ وردە وردە.

٥- هەوکردنی بۆرییەکانی هەناسەو هەردوو سی.

٦- نیشانەکان کۆتاییان دێت بەمردن کاتێك کە ڕادەی پەیت بوونەکە بەرز بێت.

دەرکەوتنی نیشانەکان پشت بە پەیت بوونی خەردەلەکەو ماوەی بەرکەوتنەکە دەبەستێت.

ژەمی کوژەر لە ڕێگای کۆئەندامی هەناسەوە دەگاتە (٢)ملگم. خولەك\لیتر.

چوارەم- لە ڕێگای کۆئەندامی هەرسەوە:

کاریگەریی خەردەل لە ڕێگای کۆئەندامی هەرسەوە ترسناکیی زیاتری هەیە، بە بەراورد لەگەڵ ڕێگاکانی تردا، وە نیشانەکانی تووشبوون بریتییە لە هەوکردنی پەردەی ناوەوەی کۆئەندامی هەرس (قوڕگ، سورێنچك، گەدە، ڕیخۆڵە)، وە دابەزینی هێزو تواناو ئازار لە سەردا.

ب-نایترۆجینی خەردەل:



یەکەم- لە ڕێگای پێستەوە:

نایترۆجینی خەردەل کاریگەریی لە خەردەل کەمترە لەسەر پێست، لە کاتی بەکارهێنانی نایترۆجینی خەردەلدا لە شێوەی شلیدا، نیشانەکان لەسەر پێست دەردەکەون بە پشت بەستن بە پلەی پیس بوونەکە، پێست سوور هەڵدەگەڕێ کاتێ کە پلەی پیس بوونەکە (٠,٠١٪)ملگم\سم٢ بێت, وە بڵقی گەورە دەردەکەوێ (تیرەی بڵقەکان دەگاتە نزیکەی ١سم) کاتێ پلەی پیس بوونەکە (٣ملگم\سم٢) بێت.. پاشان ئەو بڵقانە دەتەقنو دەبنە هۆی کێم، کە هەندێ جار دوای یەك دوو مانگ چاك دەبنەوەو لە شوێنی خۆیاندا خاڵی ڕەش جێدەهێڵن.. ژەمی مرێنەر لە ڕێگای هەڵمژینەوە (٢٠)ملگم\کغم لە کێشی لەش.

دووەم- لە ڕێگای چاوەوە:

وەك چۆن گازی خەردەل کاریگەریی لەسەر چاو هەیە، دوکەڵی نایترۆجینی خەردەلیش کاریگەریی هەیە، بە شێوەیەك نیشانەکانی لە ماوەی (١٥) خولەکدا دەردەکەون بە پەیت بوونی (٠,٠٠٠٧)ملگم\لیتر، هەروەها هەردوو چاو لە کاتی ڕژانی ئەو شلە بەسەریدا کوێر دەبن.

سێیەم- لە ڕێگای کۆئەندامی هەناسەوە:

ئەم نیشانانە دەردەکەون:

١-هەوکردنی جۆگەکانی هەناسەو هەردوو سی.

٢-لە دەستدانی دەنگ وردە وردە.

٣-کۆکەی توندو بەردەوام.

٤-تاو تەنگە نەفەسی.

٥-هەوکردنی ناڕەحەت لە کۆئەندامی هەناسەدا.

دوای تێپەڕبوونی (٢٤) سەعات، ژەمی کوژەر لە ڕێگای کۆئەندامی هەناسەوە (١,٥) ملگم. خولەك\لیترە.

چوارەم- لە ڕێگای کۆئەندامی هەرسەوە:

هەوکردنی پەردەی ناوەوەی کۆئەندامی هەرس.

ج-لویزایت:

یەکەم- لە ڕێگای پێستەوە:

لە کاتی کەوتنە خوارەوەی دڵۆپەکانی لویزاتدا بۆ سەر پێست نیشانەکانی تووش بوون پشت بە پلەی پیس بوون دەبەستن،

به شێوەیەك له ماوەی خولەكەكانی یەكەمدا حاڵەتی سوور بوونەوەی پێست روو دەدات كاتێ كه پلەی پیس بوون له نێوان (٠,٠٥- ٠,١)ملگم\سم٢ بێت، وه بڵقی بچووك دەردەكەوێ كاتێك كه پلەی پیس بوونەكه (٠,١٥- ٠,٢)ملگم\سم٢ بێت، له ماوەی (٤- ٥) كاتژمێر پاش بەركەوتنەكە.. وه بڵقی گەوره دەردەكەوێت كاتێ كه پلەی پیس بوونەكه له نێوان (٠,٤- ٠,٥)ملگم\ سم٢ بێت، پاشان ئەو بڵقانه دەتەقنو كێم دەكەن، پاشان له ماوەی (٢٠- ٣٠) رۆژ چاك دەبنەوەو شوێنەواری تووش بوونەكه جێدێڵن.

دووەم- له ڕێگای كۆئەندامی هەناسەو كۆئەندامی هەرسو چاوەوه:

چاوو جۆگه بەرزەكانی هەناسه هەستیارییەكی زۆریان هەیه به كاریگەریی لویزایت، به شێوەیەك ژەمی مرێنەر له ڕێگای كۆئەندامی هەناسەوه (٣)ملگم.خولەك\لیتره, وه له ڕێگای كۆئەندامی هەرسەوه (٥- ١٠)ملگم\كغم.

ئەم نیشانانه له ڕێگای كۆئەندامی هەناسەو هەرسەوه دەردەكەون:

١-ئازار له سنگدا.
٢-هێڵنج دان.
٣-رشانەوه.
٤-ئازار له سەردا.
٥-لاوازیو بێهێزیی تەواو.
٦-لەكاركەوتنی كۆئەندامی سەنتەری دەمار.
٧-لەرزینێكی سەختو پاشان مردن.

خۆپاراستن:

١-رووبەندی خۆپاراستن (قناع الوقایه).
٢-دەستكێشی خۆپاراستن.
٣-پێڵاوی خۆپاراستن.
٤-پاڵتاو یان عەبای خۆپاراستن.

فریاگوزارییه سەرەتاییەكان:

أ-پێست:

له كاتی بارینی دڵۆپەكانی خەردەلدا بۆ سەر پێست، دوای پۆشینی روبەندی خۆپاراستن، ئەم هەنگاوانه ئەنجام دەدەیت:

١-لابردنی دڵۆپەكان بەهۆی پارچه قوماشێكەوه.
٢-پاككردنەوەی شوێنه پیس بووەكه به گیراوەی (مونوكلورامین) دوای ئامادەكردنی بەكاردەهێنرێ.
٣-دوای پاككردنەوه باشتر وایه پارچه قوماشێكی شاش كه تەڕ كرابێت بەو گیراوەیه لەسەر شوێنه پیس بووەكه دابنرێت بۆ ماوەیەك كەمتر نەبێت له (٥) خولەك.

ب-چاو:

هەردوو چاو به گیراوەی بیكاربۆناتی سۆدیۆم (٢٪) یان گیراوەی مۆنوكلورامین یان بڕێكی زۆر له ئاو دەشۆردرێت.

ج-كۆئەندامی هەناسه:

١-پۆشینی روبەندی خۆپاراستن.
٢-دووركەوتنەوه له ناوچه پیس بووەكه.
٣-غەرغەره (ئاو رادان له دەم). به گیراوەی بیكاربۆناتی سۆدیۆم (٢٪)، سەردانی نزیكترین خاڵی پزیشكی.

د-كۆئەندامی هەرس:

ئەنجامدانی كرداری رشانەوەی دەستكردو گەیاندنی تووش بووەكه به خێرایی بۆ نزیكترین بنكەی تەندروستی، بەڵام به نیسبەت لویزایتەوه، هەمان ڕێگاكانی پێشوو دەگیرێنه بەر لەگەڵ بەكارهێنانی مەلهەمی (بال)ەوه ئەگەر ببێت یان بەكارهێنانی (ئەلینیپول) لەڕێگای دەرزییەوه.

ئەو هۆكارانەی كاریگەریی گشتییان هەیەو هۆكاره خكێنەرەكان:

ئەم هۆكارانه ناو دەبرێن بەو هۆكارانەی كاریگەریی گشتییان هەیه، چونكه دەبنه هۆی ژەهراوی بوونێكی گشتیی بۆ هەموو شانەكانو خانەكانی لەش.. ئەم هۆكارانه دەگرێتەوه: (سیانیدی هایدرۆجینو كلۆریدی سیانۆجینو فۆسفینو یەكەم ئۆكسیدی كاربۆن).. هەندێكیان لەناو سوپادا نەماون، لەبەرئەوه ئێمه تەنها باسی تایبەتمەندییەكانی سیانیدی هایدرۆجینو كلۆریدی سیانۆجین دەكەین بەهۆی گرنگییانەوه له رۆژگاری ئەمڕۆدا.

تایبەتمەندییەكانی:

أ-كار له مرۆڤ دەكات تەنها له ڕێگای كۆئەندامی هەناسەوه، بێجگه له سیانیدی هایدرۆجین كه له ڕێگای پێستیشەوه كاریگەریی هەیه، ئەگەر بڕەكەی زۆر بێت، كه ناتوانرێ له مەیداندا بەدەست بخرێت، هەروەها كلۆریدی سیانۆجین كاریگەریی هەیه لەسەر چاو.
ب-هۆكارێكی كیمیایی ژەهراویی ناجێگیره.
ج-تەنها بۆ پیس بوونی هەوا بەكاردێت.
د-ماوەی گۆشگریی نییه بێجگه له (ئەرسین).
هـ-تەنها پێویستی به رووبەندی خۆپاراستن هەیه بۆ پارێزگاریی كۆئەندامی هەناسه.
و-پێویست ناكات كرداری پاككردنەوه ئەنجام دەدرێت له شوێنه كراوەكاندا

| سیفەتە فیزیاییەکان: | سیانیدی هایدرۆجین | کلۆریدی سیانۆجین | ئەرسین | فۆسفین | یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن |
|---|---|---|---|---|---|
| دۆخ | شلە | گازە | گازە | گازە | گازە |
| رەنگ | بێ رەنگە | بێ رەنگە | بێ رەنگە | بێ رەنگە | بێ رەنگە |
| بۆن | لە بۆنی مۆزی کاڵ دەکات | بۆنێکی جوزێنەری هەیە | لە بۆنی سیر دەکات | بۆنێکی ناخۆشی هەیە، لە بۆنی سیر دەکات، یان ماسی خراپ بوو | بێ بۆنە |
| پلەی کوڵان | (-26.5 26.6) س5 | (13.1) س5 | (-63) س5 | (-87.4) س5 | (-191.5) س5 |
| پلەی بەستن | (-26.5- 14.5)س5 | (-6.5) س5 | (-114) س5 | (-133) س5 | (-204) س5 |
| توانەوە | لە ئاوداو لە توێنەرە ئەندامییەکاندا دەتوێتەوە | بە کەمی لە ئاودا دەتوێتەوە، رێژەی توانەوەکەی نزیکەی (7%)ە، بە باشی لە توێنەرەوە ئەندامییەکاندا دەتوێتەوە | بە کەمی لە ئاودا دەتوێتەوە (یەك قەبارە بۆ پێنج قەبارە) وە هەروەها بە باشی ناتوێتەوە لە تفتەکانو توێنەرەوەی ئەندامیدا | بە باشی ناتوێتەوە لە ئاودا | بە باشی ناتوێتەوە لە ئاودا (20 مل\ لیتر) لە ماددە کحولیەکاندا مامناوەند دەتوێتەوە (200 مل\لیتر) |

## نیشانەکان:

وەکو لە پێشەوە باسمان کرد، تەنها باسی نیشانەکانی سیانیدی هایدرۆجینو کلۆریدی سیانۆجین دەکەین، چونکە هۆکارەکانی تر لە زۆربەی سوپاکاندا نەماوەو بەکارناهێنرێت.

أ-سیانیدی هایدرۆجین:

یەکەم: هەستکردن بە سوتانەوەو تامێکی کانزایی لە دەمدا.

دووەم: هەستکردن بە بوونی شتی سەیر لە قورگدا.

سێیەم: هێڵنج دان.

چوارەم: رشانەوە.

پێنجەم: ئازار لە سەرداو بێهێزیی تەواو.

شەشەم: هەناسە توندی.

حەوتەم: مردن بە هۆی لەکار کەوتنی چالاکیی دڵ.

ب- کلۆریدی سیانۆجین:

یەکەم: فرمێسك رشتن، سەرگێژ خواردن، هەناسە توندی.

دووەم: هێڵنجو رشانەوەو لەرزینێکی نارەحەت.

سێیەم: لەهۆش خۆچوونو پاشان مردن بەهۆی لەکارکەوتنی چالاکی دڵەوە.

خۆپاراستن:

بۆ خۆپاراستن لە هۆکارەکانی کلۆریدی سیانۆجین، رووبەندی خۆپاراستن بەکاردەهێنرێت.

فریاگوزارییە سەرەتاییەکان:

أ-پۆشینی رووبەندی خۆپاراستن.

ب-تووش بووەکە (ئەمبولاتو نتریت ئەمیل)ی ئەدرێتێ، ئەوەش بە شکاندنیو خستنە ژێر پۆشاکی روخسار لە کاتی پۆشینی رووبەندی خۆپاراستندا.

ج-دوورکەوتنەوە لە ناوچە پیسەکەو ئەنجامدانی کرداری هەناسەدانی دەستکرد، دوای لابردنی رووبەندو جلە تەسکەکان.

د-گەرمکردنەوەی تووش بووەکان لە کاتی پێویستدا.

هـ-پێدانی ئۆکسجین بە تووش بووەکان، بە رێژەی (١٠٠٪) لە بنکە تەندروستییەکاندا.

تێبینی: گیراوەی بیکاربۆناتی سۆدیۆم بە رێژەی (٢٪) بەکاردەهێنرێت بۆ شۆردنی چاو لە کاتی بەرکەوتنی کلۆریدی سیانۆجیندا..

**هۆکارەکانی خنکاندن:**

دەتوانرێت بە هەموو ئەو پێکهاتە کیمیاییانە بوترێت هۆکارە کیمیاییە ژەهراویە خنکێنەرەکان، کە گۆڕانکاری لە شانەی سیدا دروست دەکەن ، بە شێوەیەك سیەکان ناتوانن هەستن بە پێدانی ئۆکسجینی پێویست بە لەش، لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی مردنی تووش بووەکە ، لە راستیدا زۆربەی هۆکارە کیمیاییە ژەهراویەکان دەتوانن نمونەی ئەو گۆڕانکاریانە دروست بکەن، بۆ نمونە خەردەل و لویزای، ئەوە نەبێ کە هۆکاری کیمیایی ژەهراوی خنکێنەر ئەو هۆکارەیە

کە بەشێوەیەکی تایبەتکار لە شانەکانی سی دەکات و دەبێتە هۆی لەناوبردنی،لە کاتێکدا کاریگەری لەسەر ئەندامەکان و کۆئەندامی تر لە لەشدا لابەلاییە،یان کاریگەریی نیە وە هۆکاری خنکاندن (فۆسجین و دای فۆسجین و ترای فۆسجین)لە تایبەتمەندیەکانیاندا لەیەك ئەچن..( زۆربەی زیانەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ئەنجامی بەکارهێنانی فۆسجین دا بوو کە گەیشتە ٨٠٪ی کۆی زیانەکانی هۆکارە کیمیاییە ژەهراویەکان).

تایبەتمەندیەکانی هۆکارەکانی خنکاندن:

١- تەنها لە ڕێگای کۆئەندامی هەناسەوە کاریگەریی لەسەر مرۆڤ هەیە.

٢- دادەنرێ بە هۆکارە کیمیاییە ژەهراویە ناجێگیرەکانفڕیوەکان

٣- تەنها بۆ پیسبوونی هەوا بەکار دەهێنرێت.

٤- ماوەی گۆشگری هەیە، پشت بە ژەمە وەرگیراوەکە و توانای کەسەکە دەبەستێت.

٥- تەنها پێویستی بە رووبەندی خۆپاراستن هەیە.

٦- پێویست بە کرداری پاککردنەوە ناکات لە شوێنە کراوەکاندا.

| سیفەتی فیزیایی | فۆسجین | دای فۆسجین | ترای فۆسجین |
|---|---|---|---|
| دۆخ | گازە | شلە | مادەیەکی رەقی بلوریە |
| رەنگ | بێ رەنگە | بێ رەنگە | بێ رەنگە |
| بۆن | لە بۆنی گژوگیای دووراوەی نوێ ئەکات، یان بۆنی زەڕاتی سەوز یان بۆنی هەنجیری گەنیو | لە بۆنی گژوگیای دووراوەی نوێ ئەکات، یان گەڵای زەڕاتی سەوز یان بۆنی هەنجیری گەنیو | لە بۆنی گژوگیای دووراوەی نوێ ئەکات، یان بۆنی زەڕاتی سەوز |
| پلەی کوڵان | 8.3 ی سەدی لە ژێر پەستانی کەشێکی ئاساییدا | 128 پلەی سەدی | (205-206) پلەی سەدی |
| پلەی بەستن | (118-)پلەی سەدی | (57-) پلەی سەدی | (79)ی سەدی |
| توانەوە | بە باشی لە ئاودا ناتوێتەوە، بە شێوەیەك توانەوەکەی دەگاتە (0.9%) بە باشی لە سێیەم کلۆریدی زەرنیخدا دەتوێتەوە، بە باشی لە توێنەرەوە ئەندامیەکان و بەرهەمەکانی نەوتدا دەتوێتەوە | بە کەمی لە ئاود، بە باشی لە توێنەرەوە ئەندامیەکان و بەرهەمەکانی نەوتدا دەتوێتەوە، | بە باشی لە توێنەرەوە ئەندامیەکاندا دەتوێتەوە |

نیشانەکانی تووش بوون:

لە کاتی هەڵمژینی هەوای تووش بوو بە فۆسجین ، تووش بووەکە هەست بە هەندێ هێڵنج دەکات لە جۆگەکانی هەناسەدا، وە هەست بە تامێکی ناخۆش دەکات لە دەمدا، سەرگێژخواردنێکی کەم و بێهێزیەکی گشتی ، تەنها بە تەواو نەبوونی بەرکەوتنی فۆسجین ئەو نیشانانە وون دەبن و ماوەی گۆشگری دەست پێدەکات لە نێوان (٤-٥) سەعاتداو لەو میانەدا شانەی سنگ تووش دەبێت و

ئەم نیشانانەش دەردەکەون:

١-هەناسەدانی خێرا

٢-کۆکەی توند لەگەڵ شلەی بەڵغەمی و هەندێ جار خوێن دێتەدەر.

٣-ئازار و سوڕانەوە لە سەردا، لەگەڵیدا ئازاری سنگ و قوڕگ.

٤-دڵەکوتێ و لێدانی خێرای دڵ، بێهێزیەکی گشتی و نارەحەتی لە هەناسەداندا

٥-شین هەڵگەڕانی روخسار و هەردوو گوێ و پێستی هەردوو دەست.

٦-مردن لە میانی دوو رۆژی یەکەمدا دوای تووش بوون بە حاڵەتە نارەحەتەکان، ئەوەش بە هۆی یەکلابوونەوەی سیکڵدانۆچکەی هەوایی...لە کاتی تووش بوون بە بڕێکی زۆری فۆسجین ماوەی گۆشگری ون دەبێ، خێرا نیشانەکان دەردەکەون و نەخۆشەکە دەمرێت، ئەگەر بڕی فۆسجینەکە(٤٠)ملگم/لیتر بێت.

خۆپاراستن:

هۆکارەکانی خنکاندن تەنها لە ڕێگای کۆئەندامی هەناسەوە کارلە مرۆڤ دەکات، لەبەر ئەوە روبەندی خۆپاراستن

بە تەواوی دەمانپارێزێت لە فۆسجین و پێویست بە بەکارهێنانی پێویستیەکانی تر ناکات.

فریاگوزاریە سەرەتاییەکان:

١- پۆشینی روبەندی خۆپاراستن.

٢- دورخستنەوەی تووش بووەکە لە ناوچە پیس بووەکە.

٣- دابێنکردنی حەوانەوەی تەواو بۆ توش بوو.

٤- ئاسانکردنی کرداری هەناسەدان، ئەوەش بە کردنەوەی جبەخانەوقایش بە نەخۆشەکەوە.

٥- خواردنەوەی گەرم دەدرێت بە توش بووەکە، برێکیش لە ئۆکسجینی پێ دەدرێت لە رێگای هەناسەدانەوە.

٦- گواستنەوەی توش بووەکە بۆ شوێنی فریاگوزاریە سەرەتاییەکانیان بۆ نزیکترین بنکەی تەندروستی.

تێبینی: بە هیچ شێوەیەك کرداری هەناسەدانی دەستکرد ئەنجام نادرێت.

**هۆکارەکانی فرمێسك رێژ:**

مەبەست لە بەکارهێنانی:

١- بلاوە پێکردنی خۆپیشاندەران و کۆنترۆڵ کردنی کارە نایاساییەکان.

٢- بێتوانا کردنی کەسەکان.

٣- ناچارکردنی دوژمن بە چۆڵکردنی ناوچەکە.

٤- بۆ مەبەستی مەشق کردن بە رووبەندی خۆپاراستن و روونکردنەوەی کاریگەرییەکانی هۆکارەکانی کیمیایی ژەهراویی لەسەر مرۆڤ.

هۆکارەکانی فرمێسك رێژ ئەمانە دەگرێتەوە: (کلۆرو ئەسیتۆفینۆن، برۆم بنزیل سیانید، کلوروبکرین، سی ئێس CS).

تایبەتمەندییەکانی:

أ-کار لەسەر ناوچەی هەستەوەری پێست دەکات ئەگەر رێژەکەی زۆر بێت.

ب-هۆکارێکی کیمیایی ژەهراویی ناجێگیرە (فریوە).

ج-تەنها رووبەندی خۆپاراستن بەکاردەهێنرێت بۆ خۆپارێزیی.

د-پێویست بە کرداری تری پاککردنەوە ناکات.

| سیفەتی فیزیایی | کلۆرۆ ئەسیتۆفینۆن | برۆم بنزیل سیانید | کلۆرۆ بکرین | سی ئێس (CS) |
|---|---|---|---|---|
| دۆخ | ماددەیەکی رەقی بلورییە | ماددەیەکی رەقی بلورییە | شلە | ماددەیەکی رەقی بلورییە |
| رەنگ | بە پاکی بێ رەنگەو بە پیسی رەنگی ئەسمەر باوە | بە پاکی بێ رەنگەو بە پیسی رەنگی ئەسمەر باوە | بە پاکی بێ رەنگە، لە کاتی بەرکەوتنی بە هەوادا رەنگەکەی دەگۆرێت بۆ زەردی سەوز باو | ماددەیەکی سپییە |
| بۆن | وروژێنەرە، لە بۆنی خونچەی سێو (گوڵی سێو) دەکات | لە بۆنی میوە مزرەکان دەکات | بۆنێکی ناخۆشی هەیە لە بۆنی هەنگوینی رووەکی دەکات | |
| پلەی کولان | (244 -245) س5 | (242) س5 | (113) س5 | (310 -315) س5 |
| پلەی بەستن | (58 -59) س5 | (25.4) س5 | (- 69.2) س5 | (95 -96) س5 |
| توانەوە | بە کەمی لەئاودا دەتوێتەوە، رادەی توانەوەکەی دەگاتە (0.1%) بە باشی لە توێنەرە ئەندامییەکاندا دەتوێتەوە | بە کەمی لەئاودا دەتوێتەوە، بە باشی لە توێنەرە ئەندامییەکاندا دەتوێتەوە | بە کەمی لەئاودا دەتوێتەوە، بە باشی لە توێنەرە ئەندامییەکاندا دەتوێتەوە، زۆرجار وەکو توێنەر بەکاردێت بۆ هەندێ لە هۆکارە کیمیاییە ژەهراوییەکان | لە ئاودا ناتوێتەوە، بە کەمی لە کحولی ئەپیلیندا دەتوێتەوە، بە باشی لە ئەسیتۆن، بەنزین، کلورفروم، کلۆریدی مپیلین)دا دەتوێتەوە. |

نیشانەکانی تووش بوون:
-١وروژاندنی سوك لە پەردە چڵمیەکانو پەردە فرمێسکییەکان.
-٢فرمێسك رژاندنێکی کەم، پاشان ئاوهاتنە خوارەوەیەکی زۆر بە چاوو لوتدا پێکەوە.
-٣سوتانەوە لە هەردوو چاودا.
-٤تەسك بوونەوەی گلێنەی چاو.
یەکەم: نیشانەکانی کلۆرۆ ئەسیتۆفینۆن:
دەبێتە هۆی هاتنە خوارەوەی فرمێسك بە خەستیو حەزکردنێکی زۆر لە داخستنی پێڵوەکانی چاو، وردە وردە بینین کز دەبێت، هەروەها جۆگەکانی هەناسەدانی سەرەوە تێك ئەچن، ئەگەر برەکە زۆر بێت دەبێتە هۆی هەوکردنی پێستو سوتانەوەو هەستکردن بە خوران بە تایبەتی لە ئەندامە شێدارو هەستیارەکاندا لە لەشدا، لە ئەنجامی ئەوەدا بڵق دروست دەبێت کە وا لەو بڵقانە دەکات کە بە هۆی سوتانەوەی خۆرەوە دروست دەبنو زیانیان نییە، لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا نامێنن، هەندێ جار هەڵژینی ئەو هۆکارە دەبێتە هۆی کۆکەو خنکان لەگەڵ تەنگیو ئازار لە سنگداو هێڵنج دانو رشانەوە..
پەیت بوونی کەمی کاریگەریی کلۆرۆئەسیتۆفینۆن (٠،٠٠٣) ملگم\ لیترە، بەڵام پەیت بوونی دووەمی کە بەرگەی ناگیرێت بە بێ رووبەندی خۆپاراستن (٠،٠٠٤٥) ملگم\ لیترە، بەڵام پەیت بوونی (٠،٠٥) ملگم\ لیتر کاردەکاتە سەر سیکڵدانۆچکەی سییەکان، هەروەها پەیت بوونی (٠،١) ملگم\ لیتر کاردەکاتە سەر پێست، ئەو برەی دەبێتە هۆی مردن لە رێگای کۆئەندامی هەناسەوە (٠،٨٥) ملگم\ لیترە، کە بۆ ماوەی (١٠) خولەك مرۆڤەکە دەکوژێت.
لە کاتی بارینی کلۆرۆ ئەسیتۆفینۆن بۆ سەر پێست دەبێتە هۆی سووربوونەوەی لەگەڵ خورانو خرۆشان، وە بارینی برێکی زۆری بۆ سەر پێستو بۆ ماوەیەکی درێژ دەبێتە هۆی مردنی شوێنە بەرکەوتووەکە.
دووەم: نیشانەکانی برۆم بنزیلی سیانید:
برۆم بنزیلی سیانید دادەنرێ بە بەهێزترین هۆکارە کیمیاییە فرمێسك رێژەکانو لە کاتی بەرکەوتنیدا ئەم نیشانانە دەردەکەون.
-١هەستکردن بە سوتانەوەی شانە چڵمییەکان.
-٢هەوکردنێکی سەخت ئازارێکی سەخت لە تەوێڵدا.
-٣فرمێشك رشتنێکی زۆر.
پەیت بوونی کەمی کاریگەریی یەکەم (٠،٠٠٠١٥) ملگم\ لیترە، وە ئەو پەیت بوونەی بەرگەی ناگیرێت بە بێ رووبەندی خۆپاراستن، پەیت بوونی دووەم (٠،٠٠٠٨) ملگم\ لیترە، بەڵام پەیت بوونی بە رێژەی (٠،٣٥) ملگم\ لیتر، دەبێتە هۆی مردن، بەهۆی لەباربردنی سیکڵدانۆچکەی سیەکانەوە.
سێیەم: کلۆرۆ بکرین:
کلۆرۆبکرین کاریگەریی فسیۆلۆجی جۆراوجۆری خێرای هەیە، کار لە چاوەکانو جۆگەکانی هەناسەدان دەکاتو ئەم نیشانانەی لێ دەردەکەوێ.
-١سوتانەوەو ئازار لە چاوەکاندا، لەگەڵ فرمێسك رشتنێکی زۆردا.
-٢کۆکەیەکی توند.
-٣هێڵنج دانو رشانەوە.
-لەکارکەوتنی سیکڵدانۆچکەو زیادبوونی رۆشتن خوێن بۆ دڵ.
پەیت بوونی یەکەمی کلۆرۆ بکرین (٠،٠٠٢) ملگم\ لیترە، پەیت بوونی دووەمی کە بەرگەی ناگیرێت بە بێ رووبەندی خۆپاراستن (٠،٠٥) ملگم\ لیترە، بەڵام بری مرێنەری لە رێگای کۆئەندامی هەناسەوە (٢٠) ملگم\ لیترە.
چوارەم: سی ئێس (CS):
هۆکاری سی ئێس (CS) کاریگەریی خێراو کتوپری هەیە، بە پژمینێکی توند دەست پێدەکات، بەڵکو بە برێکی کەمیش، ئەو کەسانەی ئەم هۆکارەیان بەردەکەوێت توانای کارکردنیان نامێنێتو ئەم نیشانانە دوای بەرکەوتنەکە بۆ ماوەی (٢٠- ٦٠) چرکە لە کاتی بەرکەوتنەکەوە دەردەکەون:
-١هەوکردنی هەردوو چاوو سوربوونەوەیانو فرمێسك رشتنێکی زۆرو چاونوقاندن بە بێ ویستی تووش بوو.
-٢خرۆشاندنو هەوکردنی جۆگەکانی هەناسەو هەلامەتی بەردەوام لە لوتەوە.
-٣نارەحەتی هەناسەدانو ئێشو ئازار لە سنگدا.
-٤تەسك بوونەوەی رەشێنەی چاو.
-٥ گێژخواردنو سەر سورانەوە.
-٦ سوتانەوەی شوێنە شێدارەکانی لەش.
لە پەیت بوونێکی بەرزتریدا لەگەڵ ئەو نیشانانەی سەرەوەدا حاڵەتی رشانەوە روودەدات، هەموو نیشانەکانی دوای (٥- ١٠) خولەك نامێنن، لە ئەنجامی خۆدانە بەر هەوایەکی پاكو بەدەر لە پیسی.
ئەو پەیت بوونەی دەبێتە هۆی

دەرکەوتنی نیشانەکان لەسەر چاو (٠,٠٠١- ٠,٠٠٥) ملگم\ لیترە، بەڵام ژەمی لەکارخەری مامناوەند لە ڕێگای هەناسەدانەوە (٠,٠١- ٠,٠٢) ملگم\ لیترە. وە ژەمی مرێنەری مامناوەند لە ڕێگای هەناسەدانەوە (٢٥) ملگم. خولەك\ لیترە.

خۆپاراستن:

ڕووبەندی خۆپاراستن بە شێوەیەکی باش پارێزەرە لە هەموو هۆکارە کیمیاییە ژەهراوییە فرمێسک ڕژێنەکان.

فریا گوزارییە سەرەتاییەکان:

١-دوورکەوتنەوە لە ناوچە پیس بووەکە.

٢-ڕووخسار دانە بەر هەوایەکی پاك، وە هەوڵدانی کردنەوەی چاو تاکو بەر هەوا بکەوێت، لەگەڵ ئەوەدا نابێ پاك بکرێتەوەو بخورێنرێت.

٣-شۆرینی هەردوو چاو بە گیراوەی بیکاربۆناتی سۆدیۆم (٢٪) یان بەکارهێنانی گیراوەی ترشی بوریك.

٤-شۆرینی لەش بە برێکی زۆر لە ئاو ئەگەر بارەکە لەبار بوو، وە لە کاتی پیس بوون بە (CS) ئەو کاتە لەش دەشۆردرێت بە گیراوەی (٥٪) لە بای سلفیتی سۆدیۆم (NaHSO٣) تەنها چاو نەبێت.

**هۆکارەکانی ڕشانەوە**

تایبەتمەندییەکانی:

١-اکار دەکاتە سەر پەڕە چڵمییەکان.

٢-کار دەکاتە سەر پەردە فرمێسکییەکان.

٣-تەنها ڕووبەندی خۆپاراستن بەکاردەهێنرێت بۆ خۆپارێزی.

٤-پێویست بە هەنگاوەکانی پاککردنەوە ناکات.

| سیفەتی فیزیایی | ئاوەم سایت | دای فینیل کلورو ئارسین | دای فینیل سیانو ئارسین |
|---|---|---|---|
| دۆخ | بلوراتی | ماددەیەکی ڕەقە | ماددەیەکی ڕەقە |
| ڕەنگ | ماددەیەکی بلوریی زەردی گەشاوەیە لە باری پاکیدا، وە لەباری پیسیدا ڕەنگێکی سەوزی تەڵخی هەیە | لەباری پاکیدا بێ ڕەنگە، وە لەباری پیسیدا ڕەنگێکی خۆڵەمێشی زەردی هەیە | لە باری پاکیدا بێ ڕەنگە، وە لەباری پیسیدا ڕەنگی خۆڵەمێشی هەیە. |
| بۆن | بۆنێکی ناخۆشی هەیە | بۆنێکی ناسراوی نییە | – |
| پلەی کوڵان | (410) س5 | (333) س5 | (290) س5 |
| پلەی بەستن | (195) س5 | (44) س5 | (30) س5 |
| توانەوە | لە ئاودا ناتوێتەوە، بەڵام لە توێنەرە ئەندامییەکاندا دەتوێتەوە، بەتایبەتی ئەسیتۆن | بە خراپی لە ئاودا دەتوێتەوە، بە شێوەیەك ڕێژەی توانەوەکەی (0.2%)ە، بە باشی لە توێنەرە ئەندامییەکاندا دەتوێتەوە | بە خراپی لە ئاودا دەتوێتەوە، بە شێوەیەك ڕێژەی توانەوەکەی (0.2%)ە، بە باشی لە توێنەرە ئەندامییەکاندا دەتوێتەوە |

نیشانەکانی تووش بوون:

نیشانەکانی تووش بوون لەم هۆکارانەدا لە یەك دەچنو کاردەکەنە سەر هەوکردنی دەمارە هەستیارەکان لە پەڕە چڵمییەکانی جۆگەکانی هەناسەدان، کە دەبێتە هۆی کاردانەوەیەکی بەهێز بۆ لەشو لە ئەنجامدا ئەم نیشانانە دەردەکەون.

أ-کۆکەو پژمینی سەخت لەگەڵ دەردانو ئێق کردنی بەردەوامو ناڕەحەت لە لوتو دەمەوە.

ب-ئازار لە سنگو لە پێش سەرداو فرمێسك ڕشتنو ناڕەحەتی هەناسەدانو هەست کردن بە ترسو ماندوێتی.

ج-ئەم هۆکارانە دەبنە هۆی ژەهراوی بوونی گشتیی لەش لە پێکهاتنیان بە توخمی زەرنیخ.

ئادەم سایت: لە خوارەوە نیشانەکانی تووش بوو بە ئادەم سایت ڕوون دەکەینەوە.

دوای ماوەی گۆشگری کە لەنێوان چەند چرکەیەکدایە بۆ چەند خولەکێك نیشانەکانی تووش بوون دەردەکەون، نیشانەکانی لە نیشانەکانی تووش بوون بەسەرما (ئەنفلۆنزا) دەچن، پژمینی سەختو هەڵامەتی بەردەوام، ئازار لە سنگدا، تێکچوون لە قوڕگدا.. ڕشانەوە.. پەیت بوونی یەکەمی کاریگەریی (٠,٠٠٣٨) ملگم/ لیترە، پەیت بوونی دووەمی کە بێ

بەکارهێنانی رووبەندی خۆپاراستن بەرگەی ناگیرێت (٠،٠٠٥) ملگم/ لیترەو بۆ ماوەی سێ خولەك.. وە ژەمی مرێنەری (٣ ملگم/ لیترە) لە کاتی بەرکەوتنیدا بۆ ماوەی (١٠) خولەك.

خۆپاراستن:

ئەم هۆکارانە تەنها لە رێگای کۆئەندامی هەناسەوە کاریگەرییان لەسەر مرۆڤ هەیە، لەبەرئەوەیە رووبەندی خۆپاراستن بەرگرییەکی تەواو لە کاریگەریی ئەو هۆکارانە دەکرێت.

فریاگوزارییە سەرەتاییەکان:

أ-دەست بەجێ پۆشینی رووبەندی خۆپاراستن.

ب-بەجێ هێشتنی ناوچە پیس بووەکە.

ج-بەکارهێنانی ژوورە پاککراوەکان بە هەوای پاك.

د-شۆرینی ناوچە پیس بووەکە لە پێست بە ئاوو سابون.

هـ-بە برێك ئاوی زۆر هەردوو چاو دەشۆردرێت لەگەڵ نەخوراندنو نەگوشینیدا.

و-لابردنی ئەو بلوراتانەی دەبارنە سەر پێست بە تەکاندنی یان بەکارهێنانی برێکی زۆر لە ئاو.

ز-رووخسار دانە بەر هەوا بە شێوەیەکی بەردەوام.

ئەو هۆکارانەی کاریگەریی دەروونییان هەیە:

هۆکارەکانی توانا شکێن:

سەرەتا:

لەم دواییەدا هۆکاری کیمیایی ژەهراویی نوێ سەریان هەڵدا کە ناو دەبران بەو هۆکارانەی کاریگەریی دەروونییان هەیە، لە خۆ چەك کردنی هەندێ وڵاتدا رۆڵیان بینیوە، وە لە جەنگی ڤێتنامدا لە لایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە بەکارهاتووە.

ئەم هۆکارانە کار دەکەنە سەر سەنتەرەکانی دەماخو مێشك، وە چالاکییە سروشتییەکانیان لەکار دەخەن، هەروەها لەوانەیە ببێتە هۆی کوێریی یان کەڕیی یان شێتی.. بە گشتیی نەریتی مرۆڤە تووش بووەکە دەگۆڕن.. نیشانەکانی تووش بوون لەوانەدا ئەو ماددانەیان بەردەکەوێت لە نیشانەکانی تووش بوون بە نەخۆشی شیزۆفرینیا (إنفصام الشخصیە) دەکات..

بە شێوەیەکی گشتیی ئەو هۆکارانەی کاریگەریی دەروونییان هەیە، دەبنە هۆی دەرکەوتنی ئەم نیشانانە لە ماددەیەکی دیاریکراودا کە پشت بە جۆری هۆکارە بەکارهاتووەکەو رێگای چوونە ناو لەشەوە دەبەستێت.

| سیفەتی فیزیایی | (LSD25) | میسکالین | (BZ) |
|---|---|---|---|
| دۆخ | بلوراتی بێ رەنگ | شلەیەکی زەیتی | ماددەیەکی بلوورییە، بلوراتی رەنگ سپی |
| بۆن | — | — | — |
| پلەی کوڵان | (198-200) س5 | (180) س5 | (322) س5 |
| پلەی بەستن | (83) س5 | (35-36) س5 | (189-190) س5 |
| توانەوە | لە ئاودا ناتوێتەوە، مەگەر لە شێوەی خوێدا بێت، بە باشی لە توێنەرە ئەندامییەکاندا دەتوێتەوە. | ئەو خوێیانەی دروستی دەکات لەگەڵ ترشەکاندا لە ئاودا دەتوێتەوە | لە ئاودا دەتوێتەوە، وە لە ترشە ئەندامییەکانو ترشە نائەندامییەکاندا دەتوێتەوە |

نیشانەکان:

أ-نەتوانایی لە بزواندنو چالاکییە فسیۆلۆجییە جیاوازەکان لە تووش بوودا.

ب-هەست کردن بە بارودۆخێکی دەروونیی ناسروشتییو نادروست وەکو بینینی شتەکان لە قەبارەیەکی جیاوازدا، یان بە هەڵگەڕاوەیی یان تووش بووەکە هەست بە بونی شتی ترسناك دەکات کە دەورەی داوە یان هێرشی بۆ دەکات...هتد.

ج-تووش بوو توانای هاوسەنگیو بزواندن لە دەست دەدات، یان توانای بڕیار دەرکردنی دروست لە دەست دەدات.

جۆرەکانی ئەو هۆکارانەی کاریگەریی دەروونییان هەیە:

سەدان بەڵکو هەزاران پێکهاتەی کیمیایی هەیە کە کاریگەریی فسیۆلۆجییان هەیە، لەوان ئێل ئێس دی ٢٥ (LSD٢٥)، میسکالین، بی زێد (BZ)، بسیلۆجین.

نیشانەکانی تووش بوون:

نیشانەکانی تووش بوون بەو هۆکارانەکە کاریگەریی دەروونییان هەیە لە یەکەوە نزیکن، ئەمەش نیشانەکانی تووش بوونە بە هۆکاری (LSD٢٥) وەك نمونە:

أ-فراوان بوونی ڕەشێنەی هەردوو چاو.

ب-زیادبوونی لێدانی دڵ.

ج-لە دەستدانی کۆنترۆڵو هاوسەنگیو بیرکردنەوەو توانای بیرکردنەوە.

د-دەرکەوتنی حاڵەتی پێکەنین بەبێ هۆ.

هـ-خەیاڵاتی درۆ، وەکو ئەوەی شتانێك دەبینێ لە بارێکی ناسروشتیدا.

و-گۆڕانی شێوازی هەردوو چاو.

ز-گۆڕانی پێستی لەش بەرەو سەوزیی.

ح-دوانیی کەسایەتی (إزدواج الشخصیە).

پاش ئەم نیشانانە تووش بووەکە هەست بە ترسو بێ تاقەتیو گێژیی دەکاتو هەروەها ناتوانێ مەزەندەی کات بکات، وە حاڵەتەکانی نەخۆشیی دەردەکەون وەکو ڕشانەوەو نارێکی ماسولکەکان.

خۆپاراستن:

لە ڕێگای بەکارهێنانی رووبەندی خۆپاراستنەوە دەبێت، وە ئەو ژوورانەی هەواکانیان پاك کراونەتەوە.

فریاگوزارییە سەرەتاییەکان:

أ-پۆشینی رووبەندی خۆپاراستنو چوونەناو ئەو ژوورانەی هەواکانیان پاك کراونەتەوە.

ب-کۆنترۆڵ کردنی خێرای ئەو کەسانەی تووش بوون تاوەکو هەڵنەستن بە کارانێك زیانی لێ بکەوێتەوەو ببێتە هۆی ئاژاوە نانەوە.



# کۆمپانیاو کەسایەتیە سیاسیەکانی هۆڵندا کەچەکیی کیمیاویان بەحکومەتی سەدام حوسێن فرۆشتووە

## (نامەیەك لەهۆڵنداوە)

سلاوو رێزو تەندروستی و سەرکەوتنتان ئاواتەخوازین.

بابەت/ زانیاری و دۆکومێنت لەسەر کۆمپانیا و کەسایەتیەسیاسیەکانی هۆڵندا کەچەکیی کیمیاویان بەحکومەتی سەدام حوسێن فرۆشتووە.

بەرێز رەنگەئاگادار ی ئەوەبیت کەئێمە لە(کۆمیتەی هەڵەبجە) کەلەچەندکەسایەتیەکی هۆڵندی و عێراقی پێکهاتووین، وێرای ئامادەکردنی دۆسێی تاوانبار فرانس ڤان ئانرات و بەرێوەبردن و دابینکردنی بەڵگەو دۆکومێنتی پێویستو شایەتحاڵ، بۆ دادگایی کردنی، هەروەها چاودێری ئەم دۆسیەمان کردووە، پێشتریش کۆنوسی تەواوی دۆسیەکەمان بۆ بەریزتان لەدادگای باڵای تاونەکانی عێراق ناردووە،. ئێمە هەر دوای دۆسێی فرانس ڤان ئانرات وەك (کۆمیتەی هەڵەبجە) دەستمان کرد بەدیراسەکردنی دۆسیەکی تر لەسەر دووکۆمپانیای هۆڵندیو کەسایەتیەکی سیاسی هۆڵندی کەلەوکاتەدا پۆستی گرنگی هەبووەو گومانی تێوەگلانی لێدەکرێت،لەتاوانی جینۆسایدکردنی خەڵکی کوردستاندا.

لێکۆڵینەوەکەی ئێمە لەماوەی رابردوودا کۆتایی هاتووە، کەپێك هاتبوو لە دیراسەکردنی هەموو دۆکومێنتەکانی دۆسێی فرانس ڤان ئانرات، پیداچوونەوەو دیراسەکردنی ئەرشیفی وەزارەتی دارایی و وەزارەتی دەرەوەی هۆڵندا لەساڵانی ١٩٨٠ بەدواوە.

ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە دەریدەخات کەچەند مەوادو کەرەسەیەکدراوە بەعێراق، وەکو ئەوەی کەناڵەکان کێ بوونو کام کۆمپانیا بەوکارە هەستاوە؟

بەداخەوەلێکۆڵینەوەکەمان هێشتا بێ کەمو کورتی نییەو پرسیار هەڵگرە، کەوەڵامدانەوەیان گرنگی چارەنووس سازیان ئەبێت، بۆنموونە تەماشا کردنی لایەنەکانی تری دۆکومێنتەکان و ئەوانەی لەوبارەیەوەلای دەوڵەتی عێراقن لەسەر ئەم کۆمپانیاو کەسانەی کەدەکرێت لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت، بێگومانم کەجەنابیشتان هەندێك لەوانەتان لایەیان بینیوتانەیان دەتوانن ئاسانکاری بکەن کەئێمەش مافی کار لەسەر کردن و تەماشاکردنمان هەبێت، ئەمەش هەنگاوێکی گرنگ دەبێ بۆ ئێمەو بەدڵنیاییەوە هەنگاو دەنێین لەئاستی ساغکردنەوەی تاوانباری و بێتاوانی ئەو کۆمپانیایانەو دواجار مافی لایەنی قوربانی لەو تاوانانەدا.

لەخوارەوەناوو لیستی ئەو ماددەکیمیاویانەت بۆ ئەنووسین کەکۆمپانیای (مێڵ خێمی)(Melchemie) هۆڵندی بەدەوڵەتی عێراقی فرۆشتوون لەسەروەختی رژێمی صدام حوسێندا، بێگومان لێکۆڵینەوەکەی ئێمە دەریدەخات.

| جۆری ماددە | بڕی ماددەکەبەتەنی مەتری | ساڵ و ژمارەی فرۆشتن |
|---|---|---|
| O-Chlorobezaldehyd | ? | 34/3/82 |
| SOCl2 | 100 | 1015/3/82 |
| TDG ("Die Munchi or | 500 | 266/3/83 |
| SOCl2 | 750 | 535/3/83 |
| NaOH+DCM+WP | 190 | 824/3/83 |
| KHF2 | 100 | 291/3/84 |
| IP | 150 | 378/3/84 |
| SOCl2 | 1000 | 425/3/84 |
| CH2Cl2 | 600 | 1080/3/84 |
| KHF2 | 20 | 1205/3/84 |
| HF | 5 | 1242/3/84 |
| Unknown | ? | 1251/3/84 |
| Unknown | ? | 1637/3/84 |
| KI+CH2CH +Chloramin T | 600 | 260/3/86 |
| Tetramethrine | 1 | 2642/3/88 |

کۆمپانیای ناوبراو بەم ناوانەوەدەناسرێتەوەکەبەرێوەبەرو بەرپرسی بەشی فرۆشیاری بوون کەزۆر نزیکەئەم ناوانە لەدۆکومێنتەکانی ئەوکاتەی دەوڵەتی عێراقیشداهەبن

Melchemie:
Hans Melchers, (سەرۆك ، یان بەرێوەبەری کۆمپانیاکە)
mr. L.O. Zandkamp,
Bastiaan Weijman بەرێوەبەری گشتی کۆمپانیاکە

بەرێوەبەری فرۆشتن بووە، ئەمە هەمان ئەوپیاوەشە کە زۆر جار سەردانی بەغدای پایتەختی کردووە

کۆمپانیای ناوبراو بەم ژمارەو ئەدرەسانەی خوارەوەلەو ساڵانەدا کاری کردووە:

Melchemie Holland B.V
Jansbuitensingel 20
6811AD ARNHEM
KvKnr.: 090340470000
Branche: GH in bestrijdingsmidd. en kunstmeststof
(bron: http://www.bedrijvenbode.nl/entry2.php?id=126742)

Melspring International B.V.
Jansbuitensingel 20
6811AD ARNHEM
Telefoon: 026 4451251
Fax: 026 4425093
Website: http://www.melspring.nl

کۆمپانیای دووەم (کەی.بی.ئێس) (K.B.S) ی هۆڵندیە، لەلێکۆڵینەوەکەی ئێمەدا ئەم ماددانە دێن کەبەدەوڵەتی عێراقی فرۆشتووە، بێجگەلەوەی مادەکانی پێفرۆشتووە، ئەم کۆمپانیایەاستشارەی (راوێژکاری) ئەندازیاریشی بۆعێراق کردووەو زانیاری پێداوە.

KBS

| ساڵ و ژمارەی فرۆشتن | بڕی ماددەکەبەتەنی مەتری | جۆری مادده |
|---|---|---|
| 82/3/252 | 50 | TDG |
| 83/3/263 | 500 | TDG |
| 82/3/979 | 100 | *(TDG (suspected |
| 82/3/1090 | 250 | *(TDG (suspected |
| 84/3/416 | 500 | TDG (may be cancelled/ **(suspected |
| 82/3/870 | 50 | SOCl2 |
| 82/3/1091 | 100 | SOCl2 |
| 83/3/257 | 250 | SOCl2 |
| 83/3/1121 | 20 | TMP |
| 84/3/431 | 500 | TMP (suspected may be (cancelled |
| 83/3/1121 | 100 | DMA HCl |
| 86/3/1457 | 100 | DMA HCl |
| 82/3/776 | 10 | (DMA HCl (suspected |
| 84/3/424 | 500 | NaCN |
| 82/3/1058 | 100 | NaCN |
| 83/3/1120 | 100 | IP |
| 84/3/379 | 150 | IP |
| 84/3/292 | 100 | KHF2 |
| 82/3/898 | 7 | Chlorobenzaldehyde ((suspected |
| 84/3/429 | 14,4 | malononitril |
| 84/3/1379 | 2 | Dimendelic acid |

کۆمپانیای ناوبراو بەم ناوانەوەدەناسریتەوەکەبەڕێوەبەرو بەرپرسی بەشی فرۆشیاری بوون، رەنگە ئەم ناوانە لەدۆکومێنتەکانی ئەوکاتی عێراقیشداهەبن
ناوی کۆمپیانیاکە: KBS
(سەرۆك یان بەرێوەبەری کۆمپانیاکە) , Jan Arie Bravenboer
مدیر عام) بەرێوەبەری گشتی کۆمپانیاکە) , Scheers
مودیری فرۆشتن و ئەوپیاوەی کەزۆرجار سەردانی بەغدای کردووە Jaap Overdulve
ئەم کەسەلەبنەرەتدا ئەردەنیەو ئێستا قەومیەتی هۆڵندی هەیەبەرپرسی فرۆشتن بووەو زۆر بەی کات لەئەردەن و M.L Sakhel بەغداد بووەو لەو دوو وڵاتە ماوەتەوە.
ئەدرەسی ئەوکاتەی کۆمپانیایی ناوبراو کەلەسەرەوەهاتووەلەو کاتەدا.
ئەم کۆمپانیایەئێستا ناوەکەی گۆردراوەو ناوێکیتری هەیەیان لەگەڵ کۆمپانیایەکی تر تێکەڵ بوون‌و بەناوی (خرۆنتمایی) کاردەکەن.

Ingenieursbureau Grontmij Bravenboer & Scheers
Buitenruststraat 10 - 4337 EH – Middelburg
Tel. 0118-652500
http://www.grontmij-bs.nl/

ئەو کەسەتایبەتمەندانەی کە ئەوکاتە لەم پرۆژەی چەك و گازەکیمیاویانەدا کاریان کردووەولەگەڵ ئەم کۆمپانیایانەدا سەروکاریان هەبووە.

Dr. Alaa:
د. علا. تایبەتمەندی چەکەکان لەکاتی دۆزی ڤان ئانراتدا لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کراوە)
Wafiq al-Samarraí (2 ,سەرۆکی دەزگای موخابەراتی عێراقی ئەوکاتە[e] man in 1980s)
Gen. Nazeer Attar (Project 922, SEPP, SOTI etc. 1981-1987 – بەرپرسی پرۆژە یەکی کیمیاوی لەسامەرا)
Faiz Shaeen (MSE ’87-91– یەکێك لەتایبەتمەندان و بەرپرسانی عێراقی ))
Dr. Al-Ani (directeur MSE, SEPP, rond 1983 1983 مودیر المؤسسە) بەرێوەبەری دامەزراوەی سامەرای سالآنی

فریتس بۆڵکستاین- Frits Bolkestein
کەسایەتی سیاسی هۆڵندی و وەزیری دەرەوە بۆ کارو باری بازرگانی و هەروەها لەماوەیەکدا وەك سکرتێری گشتی بۆ کارو باروبازرگانی هۆڵندا کەجەندجارسەردانی عێراقی کردووەوسەردانی پیشانگای چەکەکانی عێراقی کردووەو هەموو وەفدەکانی وەزارەتی پیشەسازی عێراق چاویان بەم بەرپرسەکەوتووەلەکاتی سەردانەکانیاندا .
بەرێز سەرۆکی دادگا،پرسیاری ئێمە وەك لەسەرەوەباسمکرد زیاتر قوڵبوونەوەیەلەداتاو زانیاریەکاندا،هەموو ئەوانەی لەسەرەو باسم کردن و سەرهقەڵەمم لەسەر نووسیون بەشێکی کەمن بەڵام ئەگەر بەدوایان دابگەرێن لەئەرشیفی عێراقدا سەرهداوی زۆرگرنگن،هەروەرهقەیەك و دۆکومێنتێك لەمبارهیەوەدۆزهکەی ئێمە بەهێزدەکات.داخوازی ئێمە ئەوەیەکەماڤی بینینی ئەو دۆکومێنتانەم بدەنێ و کۆپیمان بۆرهوانەبکەن تاکاریان لەسەربکەین
ئێمە وەك کۆمیتەی هەڵەبجەکە لەوڵاتی هۆڵندی پێکەاتووە،کاری ئارام و رێچکەی دۆکومێنت و لێکۆڵینەوەو کاری قانوونیمان گرتۆتەبەر بۆئەمەش محامیەکیش کەمحامی دۆزی ڤان ئانراتبوو هاوکارمانە.
چاوەروانی هاوکاری و وەڵامی بەرێزتانین،یان ئەگەر هەرپێشنیاریکی تر یان بۆچوونێکتان هەیەتکایەئەگادارمان بکەرهوە،دەکرێت هەموو لێکۆڵینەوەکەی خۆشمانتان بخەینەبەردەست کەبەزمانی هۆڵندیەبۆکەڵك لێوەرگرتن و کارلەسەرکردنی..

| | | |
|---|---|---|
| ئیمزا | ئیمزا | ئیمزا |
| (مارتن تێرلاغە(لێکۆڵەرەوە | فرانك سلایپەر (لێکۆڵەرەوە) | ئەمیرقادر (هەڵسوراوی دژی کۆمەڵکوژی |

# لە گوندی تەپەسەوزەوە بۆ نوگرە سەلمان

## حیکایەتی ئەوگەنجەی لەنوگرەسەلمان باوکی لێ وون بوو

ئومید فتاح رۆستم لەسەروەختی ئەنفالەکانی ساڵی ٨٨ دا تەمەنی ١٣ ساڵ بوو، کە پەلاماری ئەنفالی سێ گەیشتە سەر گوندەکەیان، جاشەکان بۆدلنەواییان پێیان ووتبوون، مەترسن حکومەت بە رەحمەو هەروا گەشتێکات پێدەکەن‌و بەشاردا گرتان دەدەن‌و دەتان نێرنەوە، ئیتر ئومید خۆی بۆئەو گەشتە ئەفسوناویە ئامادەکردبوو، بەڵام چۆن گەشتێك لەگەڵ دایك باوکیدا لەگوندی تەپەسەوزەوە هەر ئەو سوارکردنە بوو، ئیتر بەرەو کەمپەکانی کۆکردنەوەی قۆرەتوو تۆپزاو دوجاریش بۆ نوگرەسەلمان بەرێیانکردبوون، بەڵام هەر کە گەیشتبوونە قەلاّی سەلمان زانیبویان گەشتەکەیان بۆ دۆزەخی ئەنفالکراوەکانە، ئەوەندەی بەبیری ئومید دێت جیاکردنەوەو پۆلێنکردنی پیاوان‌و ژنانە، ئەویان لەگەڵ دایکی‌و پیرەپیاوو پیرە ژنەکان دانابوو، ئیتر کە لای کردووەتەوە بەلای باوکیدا، باوك نەماو هەر ئەو ونەبوونە بوو کەس نەیزانی زەوی قوتیدا یان لێیان بوبە هەڵم‌ولەوساتەوەختەوە لە بەرچاویان ونبوو، ئیتر ئومێد بووە منداڵێکی تری دلشکاوی ناو قەلاّی سەلمان، نە گەمەو یاری کۆڵانی ناو گوندو نەشوانی بەرغەل‌و نەچاوشارکێی شەوانی ئاوایی، نە ئامێزی باوك نەبوونەوە بەشێك لەژیانی منداڵی ئەو، بەڵکو لەناو ئاهو فرمێسکی پیرە ژن وپیرە پیاوەکانی نوگرەسەلمان‌و دواجاریش گەرانەوەیان بۆ گەرمیان، بوونە بەشێك



لەژیانی تاڵ‌و مەینەتی، ئەوەندەی بە ئومید برِا لەئەنفالدا تەنها ئەوەندە بوو بەخت یاوەری بوو، بە زیندوویی بمێنێتەوەو لەگەڵ عبدالقادر فتاح‌و فاتمە مەجیدی خەڵکی گوندەکەیان " تەپە سەوز" دا بگەرێتەوە، بێگومان ئەویش بۆ ژیان نا بەڵکو بۆپەتپەتێنی رۆژگارو هەلگرتنی خەموحەسەرەتی رۆژگارە دڵرەقەکانی دوای ئەنفال لە ئۆردوگایەکی ئەنفالنشیندا، کاتێك ئومیدو دایکی گەرانەوە بۆ گەرمیان‌و باوکیان لەگەڵدا نەبوو، ئەوکاتە کاریگەری زیاتری ئەنفال بەسەریانەوە دەرکەوت، ئیتر زانی گەشتەکەیان بۆ دۆزەخ بوو، ئومێد ئێستا گەنجێکی قەڵەوی ناتەندروستە، ئەگەرچی موچەی ئەنفالانەی باوکی وەردەگرێت، بەڵام کوا ئەو موچەیە باری خراپی دارایی خێزانێك راست دەکاتەوە..کە لەگەڵ دایکی‌و برایەکیدا پێکەوە لە خانوویەکی هەناسە ساردی شاری کەلاردا دەژین؟

# لە( بی بی سی) ەوە

دادوەرێکی گشتی لەیەکێك لەدادگاکانی شارۆچکەی سیلۆپی، داوای ئاشکراکردنی گۆرەبەکۆمەڵەکانی کوردەکان دەکات لەوشارۆچکەیەدا.

دەیان لەخێزانی بێسەروشوێنکراوەکان، داوایان پێشکەش کردوەبەدادگا بۆ لێکۆڵین ەوەلەکەسوکاریان، لەکاتێکدا کەرێکخراوی مافی مرۆڤ لەتورکیادا دەڵێت زۆرێك لەو ب ێسەروشوێنکراوەکوردانەلەلای دەسگاکانی ئەمنی تورکی بوون پێش دیار نەمانیان.

هەندێك لەو شوێنەگومانلێکراوانەدیا ریکراون، لەوانەدوو بیر کەلەمەوپێش چەند تەرمێکیان تیادۆزراوەتەوەو ئیستا سەری ئەو بیرانەبەچیمەنتۆ داپۆشراوە. هەرواها پارێزەرانی بەرگریکار لەمافی مرۆڤ داوادەکان بەهەڵدانەوەی هەندێك لەگۆرەکانی ئەو شارۆچکەیە، کەگومان دەکرێت گۆری بەکۆمەڵبن.

دوای بەندکردنی هەندێك لەئەفسەرەتورکیەکانی سەر بەتۆری ئەرگەنەکۆن(ئەرجنینکۆن)، کەلە هەوڵی روخاندنی دەسەلاتی تورکی و حیزبی عەدالەو تەنمیەدا بوون، هەندێك لەو ئەفسەرانە دانیان ناوەبەو تاوانانەی کەئەنجامیان داوەد بەکوردەکان، بەتایبەتی یەکێك لەجەنەرالەکانیان بەناوی(عەبدولکەریم کیرجا) بەکاریگەری بڵاوکردنەوەی دانپیانانەکانی لەسەر کوشتنوبرین و ئەشکەنجەدانی کوردەکان لەدەسگاکانی راگەیاندنەوە، خۆی کوشت.

کەسوکاری بێسەروشوێنکراوان، داوا دەکەن لیکۆڵینەوەو بەدواداگەران بکرێت لەو شوێنانەی کەگومان دەکرێت گۆری بەکۆمەلی چالاکوانەکوردەکانی لێبیێت، ئەمەش دوای دانپیانانی کەسێکی سەر بەئەمنی تورکی لەولاتی سوید کەباسی کوشتن و ئەشکەنجەدانی گیراوەکوردەمەدەنیەکانی کردوە.

تێکۆش

## لە زمانی جەلادەوە:

# لاریمان نیە سەری خیانەتكاران بپەڕێنن

لەهەر گۆشەیەكەوە لێی بڕوانین زمانی بەعس، جگە لەزمانی جەلاد شتێكی ترنیە، ئەو زمانەی ٣٥ ساڵ پیاوانی رژێمێك ئاراستەی گەلانی عێراق بەگشتیو گەلی كوردبەتایبەتی دەكرا، زمانی هەڕەشەو تۆقاندن، زمانی ستەمكاریو بەكەم گرتنی مرۆڤو بەها بەرزەكەی، بەپێی بەڵگەنامەی ژمارە (٥٠٨٣ ) بەرواری ١٩٨٧/٧/١٢ ی نوسینگەی سكرتاریەتی رێكخستنی باكوری حزبی بەعس، نیازەكانی بەعس ، بەڕونو ئاشكرایی دەردەكەوێت كاتێك دەبینین بەئیمزای سكرتێری نوسینگەكە تاهیر توفیق العانی وەڵامی نوسراوی فەیلەقی یەك دەداتەوەو دەڵێت: نوسراوتان نهێنیو كەسی (سری والشخصی) ژمارە ( ٣٥٢) لە بەرواری ١٩٨٧/٧/٨ پەیوەستە بەهەڤاڵی تێكۆشەر عەلی حەسەن مەجید - بەرپرسی رێكخستنی نوسینگەی باكور بەم شێوەیە :

( هیچ لاریمان نیەو نارازی نین لەپەڕاندنی سەری خیانەتكاران بەڵام باشتروایە ڕەوانەیان بكەن بۆ ئاسایش (ئەمن) بەمەبەستی لێكۆڵینەوە " لەوانەیە كە زانیاری نوێیان پێبێت" سودیان لێوەربگیرێت پێش ئیعدامكردنیان.

لەم بەڵگەنامەیەدا بەئاشكرا دەردەكەوێت سوپا، دەردەستی حزبەو ئینتمای بەنیشتمانی نیە،بۆیە دەستی لەكۆمەڵكوژیو كوشتنی گیركراوەكان نەپاراستووەو كوشتنی كوردەكان هیچ نارەزایەتیەكیان لەلایەن سەرووی خۆیانەوە دروستنەكردووە.


حزب البعث العربي الاشتراكي
القطر العراقي
قيادة مكتب تنظيم الشمال

أمة عربية واحدة
ذات رسالة خالدة

(( سري وشخصي ))

1206-5

# بەڵگەیەکی سادە بەڵام گرنگ

ئەم بەڵگە نامەیەی لە خوارەوە خراوەتە روو نهێنیو بەپەلە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی هەولێرەوە ئاراستەی هەموو بەڕێوەبەرایەتی بەشەکانی تری ئەمن کراوەو لەبەرواری ١٩٨٨/٧/٧ دەرچووەولە بەرواری ١٩٨٨/٧/٩ عەمیدی ئەمن، بەڕێوەبەری گشتی ئەمنی پارێزگای هەولێر ئیمزای کردووە، باس لە بردنی (ڕۆن برێك) یان(ڕۆن ستۆپ) دەکات، بۆ ناوچە قەدەغەکراوەکان بە مەبەستی ئەوەی لەکاتی بەکارهێنانی چەکی کیمیاویدا بەرکەوتووەکان بۆ پارێزگاری کردنی جەستەیان بەکاری دەهێنن.



ئەوەی مایەی لەسەروەستانە راستیو دروستی بەکارهێنانی رۆن ستۆپ نیە لەلایەن بەرکەوتووەکانەوە، بەڵکو وردەکاریەکانی پیاوانی ئەمنو موخابەراتە، کە چۆن دەیانەوێت رێگە لەهەر جۆرە هۆکارێکی چارەسەرو خۆپاراستن بگرن، ئەوە جگە لەوەی راستی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەناوچە قەدەغەکراوەکانی کوردستان، دەسەلمینێ ، ئەوەش پشت راست دەکاتەوە کە بەکارهێنانی گازی کیمیاوی لەوناوچانەدا کارێکی ئاسایی بەعس بووە.

واتای بەڵگە نامەکە بەکوردی :

بروسکەی نهێنیو بەپەلە

بۆهەموو بەڕێوەبەرایەتی بەشەکان .

لە ئەمنی هەولێرەوە.

دانەر: ش.س. "ناخوێندرێتەوە"/ ١٠٩٤٤ زانیاریمان بەمجۆرە(.) ە زانیاریەکی زۆر بەسود.

بە ئاودیوکردنو بردنی بابەتی رۆن برێك (رۆن ئیستۆپ) بۆ گوندە قەدەغەکراوەکان لە باری ئەمنیەوە، بۆ لایەنە تێکدەرەکان بەمەبەستی بەکارهێنی لەکاتی بۆردومانی کیمیاویدا بە مەبەستی بەهێزکردنی لەشیان لەدوای بەرکەوتنیان بەچەکی کیمیاوی .

لەگەڵ نەمانی ئەومادەیە لە بازاڕداو بەرزبونەوەی نرخەکەی ، کە کارتۆنێك لەو رۆنە لە ٣٠ دینارەوە بەرز بووەتەوە بۆ ١٢٠ دینار (.) بۆ راستودروستی ئەم زانیاریە ئاگادارمان بکەنەوە لە زووترین کاتدا.

عەمید ئەمن

بەڕێوەبەری ئەمنی پارێزگای هەولێر

١٩٨٨/٩/٧

# زەمانی دکتاتۆرو زمانی بەڵگەنامەکان

ئا: عومەر محەمەد

کاتێك دەسەڵاتێکی شمولی جڵەوی ژیانو مردنی هاوڵاتیانی بەدەستەوەیە، هیچ بەلامانەوە نامۆ نابێت، کە ئەم بەڵگەنامەیەی خوارەوە دەبینین، کەوا هاوڵاتیەك تەنها لەبەرئەوەی براکەی لە خزمەتی سەربازی هەڵاتووەو ئامادەنیە ببێتە خۆراکی جەنگێکی کاولکار ئەمیش ببێتە قوربانیو لە سەرەتایی ترین مافەکانی خۆی بێبەش دەکرێت.

وەکو لە بەڵگەنامەکەی بەرێوەبەرایەتی ئەمندا دەیبینین، " ئەحمەد " هاوڵاتیەکی شاری سلێمانیەو داوای لەبەرێوەبەرایەتی هاتوچۆ کردووە، مۆڵەتی شۆفێری ماتۆر سواری وەربگرێ، بۆ ئەم داوایەش بەرێوەبەرایەتی ناوبراو بە نوسراوی ژمارە (٩٨٥٨ی بەرواری ٥ی ئایاری ١٩٨٥ بەرێوەبەرایەتی ئەمن ئاگاداردەکەنەوە، کەچی بە واژۆی بەرێوەبەری ئەمنی سلێمانی، رێگری لێدەکەنو بەنوسراوێکی فەرمی وەڵامی بەرێوەبەرایەتی هاتوچۆی سلێمانی دەدەنەوەو دەنوسێت: رازی نین بەپێدانی مۆڵەتی شۆفێری بەداواکار لەبەرئەوەی برایەکی لەخزمەتی سەربازی هەڵاتووە..!



بسم الله الرحمن الرحيم

مديرية امن محافظة السليمانيه

ش٠م٠ع

العدد / ٥٠٨

التاريخ ٢/٧/١٩٨٥

الى / مديرية مرور محافظة السليمانيه / الاجازات

م/ عدم موافقه

كتابكم ٩٨٥٨ في ٥/ايار/١٩٨٥

لانوافق على منح المدعو احمد حمه علي نادر اجازة سوق دراجه لكون شقيقه هارب من الخدمه العسكريه •

للتفضل بالعلم لطفاً •

مقدم الامن

مدير امن محافظة السليمانيه

٧/٢٨/ ت

# کۆمەڵکوژی دوای ئەنفال

ئەنفالستان

بەداخەوە سەرەرای بوونی بەڵگەنامەیەکی زۆریش هێشتا کەم نین ئەوکەسانەی روکەشانە راڤەی تاوانی جینۆساید دەکەن، دەگمەنن ئەوکەسانەی دەیانەوێت لە واتای مەترسیداری جینۆساید تێبگەن، راڤەی هەندێك لە"ئەنفالناسەکان" بۆتاوانەکە لە سنوری هەشت قۆناغی سەربازیو تاوانی کۆمەڵکوژی تێناپەڕێ، وەلی دەسەلاتی بەعس تەنها لەسەروەختی هەشت قۆناغەکەی پەلاماری ئەنفالدا سیاسەتی کۆمەڵکوژیو پاکتاوی رەگەزی پیادە نەکردووە، بەڵکو بەر لەئەنفالو دوای ئەنفالیش لەسەرسیاسەتی سرینەوەو کەم کردنەوەی رەگەزی کورد بەردەوام بووە، ئەوەی دەسەلاتی بەعسی ناسیبێ باش لەو حەقیقەتە تێدەگات، هەموومان دەزانین لەو سەروەختەدا قسەیەك بەسبوو بۆ ئەوەی بکرێتە بیانووی ئەوەی کوردێکی لەسەربکوژێ، چ جای ئەوەی خەریکی سیاسەت بێت بەنیازی گۆڕینی دەسەلاتی سیاسی لەعێراقدا، ئەمەش ئەو راستیەمان بۆساغ دەکاتەوە، کەبەعس یاساکانی کوشتو بری وابەستە کردبوو بەناسنامەی نەتەوەییەوە، نەك تەنها بۆ ئەو کەسانەی دژایەتیان دەکرد، ئەو بەڵگەنامەیەی لەخوارەوە دەیبینی بەڕونی سیاسەتی کورد کوشتن دەخاتە بەرچاو. بەڵگەنامەکە لەبەرواری ٦/١٤/سالی ١٩٨٩ دا دەرچووە، واتە سالێكو ١٠ رۆژ دوای بەیانی کۆتای ئەنفال، کوشتنی بەکۆمەڵی (٤٤) قوربانیی دەخاتە روو، کە داوای بروانامەی مردنیان لەسەروی خۆی دەکات، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کەوا بەعس بەرلەئەنفالو دوای ئەویش درێژەی بەسیاسەتی کۆمەڵکوژی داوە.

بەڵگەنامە نهێنیەکەی بەرێوەبەرایەتی ئەمنی سلێمانی کەناوی ملازم (عبدولحکیم محمود حماد) نێراوی ئەمنو ژمارەی/ ش،ت/١٥٤٨٦وبەرواری ١٩٨٩/٦/١٤ی هەڵگرتووە باس لەکوشتنی ٤٤ هاوڵاتی سلێمانی دەکات کەلەهەڵمەتی گەرانو پشکنینی سالی ١٩٨٥ی شاری سلێمانیدا دەستگیرکراون، دواتر کوژراون بێئەوەی بەرواری کوشتنیانو تۆمەتو تاوانەکانیان رونبکاتەوە، داوا لەبەرێوەبەرایەتی ئاسایشی گشتی دەکات کەئەوکێشەیە بخەنە بەرچاوی رازگری نهێنی گشتی تابروا نامەی مردنیان بۆ دەربکرێت لەبەرئەوەی تاکو ئیستا"ئەوکاتە" بروانامەی مردنیان بۆنەکراوە.



رئاسة الجمهورية
المكتب [illegible]
مديرية الأمن العامة
مديرية أمن محافظة السليمانية
العدد / [illegible] / ١٥٤٨٦
التاريخ ١٤ / ٦ / ١٩٨٩

الى / مديرية الأمن العامة / ش ٣
م / قوائم

[illegible]

## بروسکەی پێشەوایەتی گشتی هێزە چەکدارەکان:

# ”پیاوەکان، بۆ فەیلەقی چوار، ژنان بۆ فەیلەقی دوو، منداڵانیش بۆ (مركز تدريب دروع فی تكريت)“

رەنگە زمانی بەڵگەنامەکان لەهەموو زمانێکی رۆمانسی بۆدەرخستنی تاوانێك گرنگتربن، ئەو بەڵگانەی لێرە نمایشیان دەکەین، بەرونی دەریدەخەن کەوا حزبی بەعس چۆن تەماشای کوردیان کردووەو چۆن لە هەوڵی پاکتاوکردنی تاکی کوردا بوون، ئەگەرچی هەندێك نکۆڵی لەوە دەکەن هەموو تاکێکی بەشداربووی ئەنفال تاوانباربێت، بەڵام دواجار دادگا دەتوانێ بەیاسا ئەو مەسەلەیە یەکلایی بکاتەوە، لەپەلامارەکانی ئەنفالدا هێزەکانی سوپا، سەرکردایەتی هێزە چەکدارەکان، ئەمن و سوپاوموخابەرات، بەتایبەتی پێشەواکانی سوپا زیاد لەپێویست رۆڵی کاریگەریان بینی لەجێبەجێکردنی نیازو نەخشەو پلانەکانی بەعسدا، هەروەك لەم بەڵگەنامانەی خوارەوەدا دەبینین بەئیمزای سولتان هاشم پێشەوای فەیلەقی یەك و عەدنان ناجی پێشەوای هێزەکانی خالدبن وەلید لەئەنفالی دوودا هەواڵی ئەوە دەدەن بە سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکان کەوا لەدوای کێومالکردنی ناوچەی قەرەداغ کۆمەڵێك تێکدەریان گرتووە کە ژمارەیان ٢٥٠٠ کەسەو هەموویان پیاوو ژنن، کە کۆمەڵێك پارچە چەکیش گیراون لەناویاندا ١٠ ئاربیجی (سفن٧) و ١٠٠ کلاشینکۆف و ١٠٠٠ رومانەو (ئەوی تری ناخوێندرێتەوە)

هەموو ئەوکەسانەوچەکەکان لەمقری لیوا پارێزراون و چاوەروانی رێنمایتان دەکەین لەبارەیانەوە تکایە ئاگادارمان بکەنەوە.


بسم الله الرحمن الرحيم
امة عربية واحدة
ذات رسالة خالدة
الى / القيادة العامة للقوات المسلحة
تاريخ الانشاء
١٩٨٨/ ٤/ ١٠

بەڵگەنامەی ژمارە یەك

هەر بۆئەو هەواڵە لەلایەن عمید روکن (عەدنان ناجی) پێشەوای هێزەكانی خالدبن وەلید (قائد القوات خالدبن ولید) كە لەبری پێشەوای فەیلەقی یەك ئیمزاای كردووە، هەواڵی ناوچەی قەرەداغ بەیان دەكاو دەڵێت : دوای ئەوەی كردەكە (مەبەستی لەئەنفالە (عملیات ئەنفال) ناوچەی قەرەداغ كۆتایی هات لەناوچەكەدا، هەموو گوندەكان روخێنران، بەڵام عەدنان ناجی گرتنی ئەو ٢٥٠٠ كەسە بە مرۆڤ ناونابا بەڵكو بەئاژەڵ ناویان دەباوله بروسكەكەید دەڵێت : جۆرێك لەئاژڵمان گرتووەو ئێستا لەمقری للیوای ٢٩ پارێزراون لەپیرەمەگرون (.) تكایە زانیاریمان بدەنێ لەباریانەوە .

بەردەوام بن لەپێناوی حزبو شۆرشدا

عمید الركن عدنان ناجی

قائد فیلق الاول

٢٣/٤/١٩٨٨



بەڵگەنامەی ژمارە سێ

بەڵگەنامەی ژمارە دوو

## وەڵامی پێشەوای گشتی هێزە چەكدارەكان بەمجۆرەیە:

پێشەوایەتی گشتی هێزە چەكدارەكان

بۆ پێشەوایەتی فل/١

نامەكەتان نهێنیو بەپەلە ژمارە( ١٤٢) لە بەرواری ١٩٨٨/٤/٢٠ ئەوكەسانەی ژمارەی ٢٥٠٠ كەسە بەم شێوەیە دابەشیان بكەن (.) پیاوەكان بنێرن بۆ قیادەی فەیلەقی / ٤ ژنان بنێرن بۆ قیادەی فەیلەقی/ ٢ منداڵانیش بنێرن بۆ ناوەندی راهێنانی زرێپۆش لەتكریت (مركز التدریب الدروع فی تكریت) بەومەئمورانەماندا بیانێرن بە سەیارەی تایبەتی (.) كۆتایی .

ئیمزا

م/خ پێشەوایەتی گشتی هێزە چەكدارەكان

١٩٨٨/ ٢٣/٤

**ئەم بەڵگەنامەیەی کە لەخوارەوە دەبینرێ، پێویستی بەتێرامان هەیە، لەبەر ئەوەی بزانین کە بەعس چۆن هێزە ئەمنیەکانی لەپێناوی سەرخستنی پەلامارەکانی ئەنفال خستووەتە گەڕ.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان .

وەزارەتی بەرگری
سەرۆکایەتی سوپا.
وەزارەتی بەرگری/ هۆبەی ئاسایش
بۆ/ فەرمانگەی ئاسایشی سەربازی .
زانیاری / پێشەوای فل/١

ژمارەی (منشی )
٤٨

(.) داواکارین لیژنەیەکی ئاسایشی فەرمانگەکەتان بنێرن بۆ پێشەواویەتی فەیلەقی یەك ( فل/١ ) بۆ هەستان بەجێبەجێکردنی ئەرکێکی تایبەتیو جێبەجێکردنی لەماوەی ٢٠ کاتژمێردا. ئاگادارمان بکەنەوە.

بەردەوامیتان لە خزمەتی حزبو شۆڕشدا.

عەمید
عبدالقادر الدوری



بسم الله الرحمن الرحيم

# تابلۆكانی هونەرمەند (عوسمان قادر) مۆزەخانەیەكی جیهانی سەرسام دەكەن

ئا: ئەنفالستان

**هونەرمەند عوسمان قادر ساڵی ١٩٦٢ لەگەرەكی چوارباخی شاری سلێمانی لەدایك بووە.**
**ساڵی ١٩٨٠ لەپەیمانگای هونەرەجوانەكانی سلێمانی بەشی هونەری شێوەكاری وەرگیراوەو ساڵی ١٩٨٥ پەیمانگای تەواوكردووەو دبلۆمی لەهونەری شێوەكاری وەرنەگرتوە لەبەرئەوەی نەبوەبەبەعسی و ئیمزای نەكردووەبۆیان .**
**دواتر بووەبەپێشمەرگە وەك خۆی دەڵێ چەكم نەبوە ،جگە لەبۆیەو فلچەهیچی نەبوو پێی بجەنگێ. لەوڵاتی ئێرانوسوریاو لەئاوارەیدا لەبەریتانیا هەمیشە خەریكی كارەهونەرەیەكانی بووەو لەوپەری مەینەتیو نەهامەتیەكانی ژیانیدا هاوڕێبۆیەو فلچەو سەرقاڵی هێڵكاری بوو، هونەرمەند ئێستا لەتاراوگەلەوڵاتی بەریتانیا دەژی، توانیوێتی نامەی ماستەر لەسەر گێرانەوەی تاوانی ئەنفال بەشێوەكاری- (هێڵكاری) بەدەست بهێنیو لەساڵی یەكەمی خوێندنی ماستەرەكەیدا یەكێك لەتابلۆهێڵكاریەكانی كەناوچەیەكی شاخاوی سكۆتلەندایەبەستێتەوەبەبیرەوەریەكانیەوەلەقۆپیەكانی قەرەداخ لەكاتی شاڵاوەكانی ئەنفالدا و لە ناو تابلۆكانی هونەرمەندی مەزنی بەریتانی (وولیەم تێرنەر )دا توانی وەك شاكارێك جێگای خۆی لەمەزنترین گەلەری بەریتانیادا بكاتەوە كە( تەیت بریتن گەلەرییە) بەتایبەتی لەو هەوڵەی تایبەتەبەهێڵكاریەكانی هونە رمەند( وولیەم تێرنەردا) دانراوە بۆ ماوەی ٨ مانگ و ئێستاش ئۆن لاین دەتوانری ببینرێ**

Tate Britain| Past Exhibitions | Drawing from Turner

**هونەرمەند عوسمان قادر هەر رۆژگارەكانی ستەمكاری بەعس غەدریان لێنەكردووە، بەڵكو راگەیاندنی كوردیش غەدری زۆری لێكردووە.**

هونەرمەند هەنوكە خەریكی نامەی دكتۆراكەیەتی كە لەسەر دۆكۆمێنتكردنی تاوانی جینۆساید ( ئەنفال) ەبەهێڵكاری

جاری دووەم لەبەرواری ٣١ی ئایاری ساڵی ٢٠٠٨ دا گەورەترین مۆزەخانەی جیهان لەبەریتانیا پێشوازی لەتابلۆكانی هونەرمەند عوسمان قادر كرد، بێگومان ئەم پێشوازی كردنەهەربەتەنها سەروەری نیە بۆ خودی هونەرمەند، بەڵكو دەستكەوتێكی نەتەوەیشە بۆگەلێك كە مێژوو زولمی زۆری لێكردووەو كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی قەرزدارێتی. لەبەرئەوەی وەك هەرمیللەتێكی ترماڤی ئەوەی هەیە ئاسودەوسەربەخۆ بژی، كەچی بەپێچەوانەوە لەبەرانبەرداوارەواكانیدا تاوانی نێودەوڵەتی لە دژی ئەنجام دەدرێوكۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بەئەركی سیاسیو ئەخلاقی خۆی هەڵنەستاوە بۆ رێگە گرتن لەوتاوانانەكەبەجینۆساید ناودەبرێن.



نمایشكردنی تابلۆكانی ئەم هونەرمەندەلەمۆزەخانەی (ئیمپریال) وناساندنی ئەم هونەرمەندەوەك هونەرمەندیكی بەئەزمونی جەنگ وەشایەتحاڵی جینۆساید. لەمەراسیمێكی تایبەتیدا هەروا ئاسان نەبوو، كەچی بەداخەوەكورد لەم دەستكەوتەشدا كە مەترخی نواند، لەكاتێكدا دەبوایە زۆر بەگرنگیەوە تەماشابكرایە، بەتایبەتی لەلایەن میدیای كوردیوهونەرمەندانو رێكخراوە هونەریەكانو ئەو رێكخراوانەی تایبەتن بەلێكۆڵینەوەی تاوانی ئەنفالو جینۆسایدكردنی گەلی كورد، بۆیە دەپرسین گەر عوسمان قادر هونەرمەندێكی عەرەب بوایەوتابلۆكانی گوزارشتی لەئهەوارەكان یان فەلەستین بكردایە دەمان بینی میدیای عەرەبی چی بۆدەكرد، كەئێستاش هەمو لەهەوڵدان ئەو دەرگایەبكەنەوە، چونكەگەیشتنی هونەرمەندێكی كورد بەو مۆزەخانەیە، مەسەلەیەكی ئاسان نیە، بەڵكو دەستكەوتێكی گرنگە، هەم



لەرووی پێشکەوتنو ئاستی هونەری شێوەکاریو هەم لەسەر ئاستی گەورەیی ئەو تاوانانەی دەرهەق بەگەلی کورد پیادە کراون. مۆزەخانەی جەنگی ئیمپریاڵ تایبەتە بەنمایشکردنی چەکوکەرەستەی بەکارهاتوو لەجەنگی سەدەکانی رابووردو، بەرادەیەك گرنگی بەتاوانەکانی جەنگ دەدات کەنەۆمێکی تایبەتە بەتاوانەکانی هۆڵۆکۆست، کەگوزارشت لە جینۆسایدکردنی جولەکەکان دەکات. کەتیایدا جگە لەتابلۆی تایبەت بەوتاوانەهەندێك کەلوپەلی بەجیماوی ئەوکەسانەشی تێدا پارێزراوە کەبەزیندوویی کۆمەڵکوژکراون.

بۆیە گەیشتنی تابلۆکانی عوسمان قادر لەسەرتاوانەکانی جەنگ دژ بەکورد وەکو گروپێکی جینۆسایدکراو، یەکێکە لەو هەنگاوەزۆر گرنگوگەورانەی لەناساندنی تاوانەکانی ئەنفالوهەلەبجەو کۆی ئەوتاوانانەی دەچنەخانەی جینۆسایدکردنەوە دژبەگەلی کورد، مەسەلەیەکە قابیلی بەهەندگرتنو رێزلێنانە.

بەڵام ئەفسوس پاش ئەوەی عوسمان قادر چەند جارێك دێتەوە بۆ نیشتمان، هێشتا نابێتە مایەی سەرنجی راگەیاندنی کوردیو تەنانەت میدیا ئهەلیەکانیش بەهەمان خەمساردی میدیای حزبیەوە کارەکانی ئەم هونەرمەندەبەهەند ناگرن..! بۆیە لەئێوارەی رۆژی ٨/١٨ / ٢٠٠٨ دووشەممەبەئامادەبوونی ژمارەیەك لەهونەرمەندانو هاورێو دۆستانی هونەرمەند لەهۆڵی کتێبخانەی گشتی سلێمانی ئێوارە کۆرێکی بۆخۆی سازکرد .

لەو ئێوارەیەدا هونەرمەند: عوسمان قادر باسێکی پڕی لەسەر چۆنێتیخوێندنەوەی تابلۆکانی و گرنگی دانی ئەم مۆزەیەبەکارەکانی و پیشاندانی تابلۆکانی لەمۆزەخانەی ئیمپریاڵی بەریتانیا کەلەهۆڵی (سێرجۆنس) نمایشکرابوو، بۆ میوانەکانی پێشکەشکرد .

مۆزە خانەی ئیمپریاڵ کەتایبەتە بەنمایشکردنی جۆرەکانی کەرەسەی جەنگی بەتایبەتی جەنگی مەترسییدارو تا ئێستا چەندەها چەکی جۆراوجۆری دنیای لێدانراوە.. یەکێك لەنەۆمەکانی ئەم مۆزەخانەیە تایبەتە بەجینۆسایدی جولەکەکان بەدەستی نازیەکان، کە لە دنیادا بەهۆڵۆکۆست ناسراوە.

ئەم تایبەتمەندێتیە بۆ هۆڵۆکۆست لەوێوە سەرچاوەدەگرێت کەجینۆسایدی جولەکەکان بەگەورەترین تاوانی نێودەوڵەتی ناودەبرێت، لەمۆزەخانەکەدا جلو بەرگێکی زۆری قوربانیانی هۆڵۆکۆست پارێزراوە بەتایبەتی ئەوانەی هاو شێوەی کوردەئەنفالکراوەکان بەزیندووی زیندە بەچاڵکراون، یان لەگەرماوەکانی ئاوشفیتس بەکۆمەڵ روتکراونەتەوەوبەگازخنکێنراونو دواتر لەگۆری بەکۆمەڵدا شاردراونەتەوە.

لەوئێوارە کۆرەدا هونەرمەند تیشکی خستەسەرچۆنێتی بەشداری کردنی پێشانگە دانسقەکەی کە لەرۆژی ٢٠٠٨/٥/٣١ وەنمایشی تابلۆکانی دەستیان پێکردووەوتا رۆژی ٢٠٠٨/٩/٧ لەومۆزەخانە جیهانیە بەردەوام دەبێت. سەرنجی زۆر سەیربەهەست لە دەفتەری پێشانگاکەدا نوسراو بەزۆر زمانی جیا جیا ئاشنابونی بینەرێکی زۆر دەربڕینی هەستی مۆڤایەتی خەڵك زۆر جیی ڕەزامەندی بەڕێوەبەرانی مۆزەکەبوو بەکاریکی زۆر سەکەوتویان بۆخۆیان لەقەڵەم دا وەبۆ مرۆڤایەتی .

ئەم بەشداری کردنەی هونەرمەند عوسمان قادر، تەنها سەلیقەی هونەرمەندێکو ئاستی هونەری شێوەکاری نەتەوەیەك نمایش ناکات، بەڵکو رۆڵێکی گەورەلەناساندنی جینۆسایدی گەلی کوردیشدا دەبینێ، بۆیە ئەو سەروەریەی بەر ئەم هونەرمەندە کوردەدەکەوێت لەراستیدا سەروەریە بۆ هەموو تاکێکی کورد، وەلی ئەفسوس لەم هەوڵە تاکەکەسیەی هونەرمەندیشدا نەحکومەتو نەحزبەکانو نەرێکخراوەکانی کورد هاوکاریان نەکردو بگرەخەمسارد ترین کەس سیاسەتمەدارو رۆشنبیرانی کوردبوون. لەکاتێکدا نمایشکردنو بەشداری کردن لەو مۆزەخانەیەدا هەروەها کارێکی ئاسان نیە، بەڵکو گەورەترین هونەرمەندانی جیهان تابلۆیان لەوێ نمایش دەکەنو وەکو هونەرمەند خۆی لەو ئێوارە کۆڕەدا وتی: ( من خەونم بەوەوەدەبینی تەنیا تابلۆیەکم لە(مۆزەخانەی ئیمپریال)



نمایش بکرێت، تا لەرێگەیەوە ئازاری ئەنفالو جەنگو جینۆسایدی گەلەکەم بگەیەنمە چاوی جیهان، کەچی ئێستا چەندەبەختەوەرم کەپێشانگایەکی تایبەتیم لەم مۆزە خانەیە " ئیمپریاڵ " نمایش دەکرێت کە تابلۆکانی ساڵانی ١٩٨٠وەتا ٢٠٠٧، لەکوێش..؟ لەژوری (سێر جۆنس ) کەمەشهور ترین هونەرمەندی شێوەکاری جیهانیە، کەچی خۆشبەختانە لەساڵی ١٩١٧وەکەدروست کراوە، عوسمان قادر چوارهەم هونەرمەندە کەکەلەئاستی جیهانیدا تابلۆکانی تیدا،نمایش بکرێت، ئەمەش شانازییەکی گەورەیە بۆ کوردو هونەری کوردی.

لەژێر دروشمی با جینۆسایدکردنی گەلی کورد بەجیهان بناسرێت، دەستو پەنجەو بیری هونەرمەند عوسمان قادر دەبنەجوڵەی بەردەوام بۆ ئەوەی لەناو تابلۆکانیەوە سەروەختێك بگێرێتەوە کەکورد وەك بەشێك لەکۆی مرۆڤایەتی بەبێدەنگی بەڵام بەپێشچاوی دنیاوە کۆمەڵکوژ دەکرێتو هەوڵی سرینەوەی شوناسی نەتەوەیی دەدرێت.. دەبێت چی لەوەگرنگتربێت لەناو تابلۆی هونەرمەندێکی کوردەوەجارێکی تر بەرەنگو هێڵکاریەکانی دنیا بخرێتەوە بەردەمی پرسیارێکی ئەخلاقی کە گروپێك لەکۆیمرۆڤایەتی ئەنفال دەکرێتو بەگازی کیمیایی کۆمەڵکوژ دەکرێ ..بپرسی ئەوەمێژووی میللەتی منەتۆ ئەی مرۆڤ بۆ بێدەنگی ..؟

سەیرە ..! دەسەڵاتدارانی کوردستان زوو زوو تیمی هونەرمەندانو زۆرجاریش، شایەرولۆتیان بەڵام بەناوی هونەرمەندانەوەبەرێ دەکەن بەرەو هەندەرانو وڵاتە عەرەبیەکان .. گوایە ئەمەبۆ ئەوەی هونەری میللەتەکەمان بگەیەننە جیهان .. بۆ ئەمەش پارەو پولێکی زۆری دەوڵەت راستتروایە بیلێن هی هەموو میللەت بەفیڕۆدە دەن.. کەچی لەئاست ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی هونەرمەند عوسمان قادر مێشی میوان نیە.. ؟!! ئێ خۆمۆزەخانەی ئیمپریالیش پێویستی بەتسکیەی حزب نیە هەتا ئەم هونەرمەندەبەبێ پشتگیری ئەوان دزەی کردبێتە ناو ئەو شوێنە هەستیارەوەو سنوری دەسەڵاتی بەزاندبێ ..!

گرنگ ئەوەیە خەونی هونەرمەند هاتەدی بۆ زیاد لەجارێ، ئەویش بەتوانای هونەری بەرزی خۆی، نەك بەتەسکیەی کەس، نەك تەنها تابلۆیەك بەڵکو پێشانگایەك، نەك بۆ چەند کاتژمێرێك،بەڵکو بۆماوەی سێ مانگ زیاترلەهۆڵی (سیرجۆن) لەمۆزەخانەی ئیمپریاڵ تابلۆکانی لەسەرئاستی جیهان روناکییان بینیو بەرێزەوە پێشوازیان لێکراو نمایشکران، ئەو تابلۆیانەی بەخەسڵەتی هونەری بەرزەوەبیرەوەری هونەرمەندێکو میللەتێك لەکارەساتو تراژیدیاو تاوانی دژە مرۆڤایەتی دەگەیەنێتە جیهان، ئەو تابلۆیانەی گوزارشتن لەکۆمەڵکوژیو جینۆسایدی میللەتێك، بێئەوەی سروشت نەفرەتی لێکردبێ توندرەفتاری مرۆڤانێکی تر کەبەعسیەکان نمایندەیان بوو، تاوانی دژی مرۆڤایەتیان دەرهەق دەکرا. ئەو تابلۆیانەی گوزارشت لەشەرو ململانێیەکی بەردەوامی بێدەنگی دەکات بۆ تەمەنی خودی هونەرمەند لەگەورەترین مۆزەخانەی جیهان لەهۆڵی سێرجۆنسی موزەخانەی ئیمپریال، هونەرمەندو تابلۆکان پێکەوە لە مۆزەخانەی ئیمپریاڵ ووتیان ئێمەش هەین..! ئیمەیش خاوەنی مێژوویەکی تراژیدینو دەمانەوێ ئایندەی خۆمان لەسەر ئەم تاوانانەو بەپێچەوانەی کارەکتەرەشوفێنیستو توندرەفتارەکانەوەب نیاتبنێینەوە.

شایانی ئاماژەپێکردنە ئەم هونەرمەندە هەتا ئێستاش لەهەوڵو چالاکیەکانی خۆیدا بەردەوامە بۆ ناساندنی تاوانی ئەنفالو ئاگادارکردنەوەی جیهانی دەرەوەی

کوردستان ئەویش لەرێی بەدواچون و دۆکۆمێنتکردنی تاوانوتراژیدیاکانەوە کە رووبەرووی کورد بوونەوە، لەرێگای هونەرەکەیەوە لەوڵاتی بەریتانیا لەدوو مانگی رابوردودا سێ سیمناری گێڕاوە کە یەکێکیان لە ٢٩ -٠١-٢٠٠٩ لەزانکۆی
(SOAS: University of London)
Since its formation in ١٩١٦, the School of Oriental and African Studies

تایبەت بەدیراساتی باڵا لەسەر رۆژهەڵاتو ئەفەریقا و ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەراست، کەخوێندکارێکی زۆری بەشەکان بەشداریان تێداکردو بەڤیدۆ دۆکۆمێنت کراوە.

هەروەها لە١٦-٠٢-٢٠٠٩دا لە زانکۆی لەندەبۆ هونەر The University Of The Arts ((

لەهەمان ئەو زانکۆیەدا کەهونەرمەند دکتۆراکەی لێدەخوینێ سیمنارێکی یەك سەعاتی پێکەشکرد بەپێشندانی کارەهونەریەکانم کەدۆکۆمێنتی کارەساتی ئەنفال دەکات بۆ سەرجەم خۆیندکارو دکتۆرەکانی خوێندنی باڵا لەم زانکۆیەدا وەدۆکۆمێنت کراوەبەڤیدۆ کەپرسیارو باسێکی زۆر لەسەر ستەمکاریو مەینەتیەکانی ژیانی خەڵکی کورد لەسەروەختی ئەنفالدا بە ئیستاشەوە کرا، ئەمەش مایەی سەرنجو تێڕمانی ئامادەبوان بوو ..
هەروەها بەهۆی سەرکەوتنی کۆمەڵێك سیمنارو باسی جیاجیا و پێشانگاکەیەوە لەمۆزەخانەی جەنگی بەریتانیا رێگای دروست کردنی گروپێکی چالاك دروست بکەن لەبەینی دانیشگاکەیدا کەدانیشگای لەندەن بۆ هونەر و رۆیەل ئاکادمی ئۆف ئارت و مۆزەخانەی ئیمپریالی بەریتانیا، بۆ بەرێوەبردنی چەند چالاکییەك،ئەم هەوڵەش بۆ هونەرمەند عوسمان قادر کەم نیە کەبتوانێ سودی لێ وەربگرێو سەرئەنجام بتوانێ هەموو زانکۆ ئاکادمی و مەڵبەندە باڵاکانی خوێندن لەبەریتانیا بەکارەکانی ئاشنا بکات، هەتا لەم رێگایەوەبتوانێ کارەساتی میللەتەکەی بەدنیا بگەیەنێ، بێگومان ئەمە بۆ ئایندەی کوردو مێژووشی خێردەرەوەو سەودمەندە، بەتایبەتی کاتێك بۆ ئامانجێکی لەم جۆرە هونەرمەند خۆی کۆنفرانسێکی نیورۆژیی رێکدەخات بۆساڵیادی ئەنفال لە١٤-٠٣-٢٠٠٩ بەهاوکاری مۆزەخانەی جەنگی بەریتانیاو ئەو دوو دانیشگایەی کەباسیان دەکات، ئەم سیمنارە لەسەرەتادا خۆ ئامادەکردنەبۆ کۆنفرانسێکی گەورەبۆ بەهاری ٢٠١٠ کەکۆمەڵی کەسایەتی گرنگی ئاکادیمی لەسەر ئاستی جیهانیو لەبواری هونەرو ماڤی مرۆڤ وخوێندنەمرۆییەکان لەخۆ دەگرێت، هەتا لەرێگەی ئەم کاسیەتیانەوە بەپێشاندانی کارەکانیو لێکۆڵەرەوەکان رۆڵی هونەرەکەی لەدۆکۆمێنت کردنی کارەساتەکان کەبەسەر مرۆڤدا دێت و ئەنفال وەك تاوانی (جینۆساید) نمونەیەکی زیندوی ئەم کۆنفرانسەبێت، بۆ دۆکۆمێنت کردنیانو دواتریش بکرێت بەکتێبێکی تایبەت و بەزمانی ئینگلیزی بڵاو ببێتەوە.



ئێستاش هونەرمەند عوسمان قادر لەهەوڵی ئەوەدایە و لەئێستاوە داوا لەوەزارەتی رۆشنبیری و وەزارەتی کاروباری شەهیدان‌و ئەنفالکراوان‌و ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان‌و هەموو هونەرمەندان‌و هونەردۆستان‌و دڵسۆزێکی کورد دەکات، لەم هەوڵەگرنگەیدا هاوکاریی بکەن بۆسەرخستنی ئەو کۆنفرانسەکە دەورێکی گرنگی لەمێژوی مرۆڤایەتی ودۆکۆمێنتکردنی تاوانەکاندا دەبێت‌و دەبێتە، مەرجەعێکی زۆر بەنرخ بۆ دیراسەکردنی خوێنکارانی باڵا لەکتێبخانەکانی دەرەوەدا وەدەبیتەناسنامەیەکی میژووی باوەر پێکراویش لەسەر جینۆ سایدی کوردو ناساندنی بەتەواوی دنیا.

کۆنفرانسەکە بەئامادەبونی نوینەری حکومەتی کوردەتان بەیان خانم وکەسایەتییەکی زۆری کوردی و بیانی وەزۆر لەخوێندکارانی باڵای دانیشگای لەندەن بەریوەچوو، دکتۆر مالکۆلم کەسەرۆکی ریسیرچی زانکۆی لەندەن کەمبەر وویڵەبۆ هونەر باسێکی لەسەر پیشکەشکرد لەسەر دروست بونی پەیوەنی هونەرمەند عوسمان ئەحمەد لەگەڵ ئەم مۆزەیەو چالاکییەکان هەروەها باسێکی بەزمانی ئینگلیزی پێشکەش کرد لەسەر بیرەوەرییەکانی کە لەمانگی ٢ی ١٩٨٨دا دەستی پێکردو سەرەتای ئەنفال بوو پاشان تابلۆکانی پیشاندا کەپەیوەندی بەبیرەوەرییەکانی ئەو کاتەی هونەرمەندەوەبوو، پاشان کاك شۆرش حاجی پرزنتەیشنێکی لەسەر شیوەوکات و زەمانی ئەنفال پشاندا وە فلیمێکی دۆکۆمێنتی تەیمور شایەتی زیندوی ئەنفال لەدروستکردنی بەرێز رۆبرت گوین پیشاندرا و رۆبەرت گویین خۆی باسیکی کورتی لەسەر ئەنفال پێشکەش کرد پاشان،دکتۆر کەمال میراودەلی چەند پارچە شیعریکی لەسەر کارەساتی ئەنفال و گەرانەوەیەك بۆ بۆردومانی قەڵادزی خۆیندەوەو نوێنەری حکومەتی کوردوستانیش "بەیان خان" دەست خۆشی رێکخستنی ئەم کۆنفرانسەی کردوو پێزانینی خۆی پیشاندا، بەتایبەت لەشوێنێکی واگرنگدا، لەکۆرەکەدا دەرگای مناقەشەو گفتوگۆ گەرمکراو مۆزەو دانیشگا رەزامەندیو خۆشحالی خۆیان بەسەرکەوتنی کۆنفرانسەکەدەربری هیوایان خواست ساڵی ئایندەکاری باشی بۆ بکرێت

هەرئەم کۆرەرێگای بۆخۆشکردم کەکەدەعوەت بکریم بۆ گێرانەوەی کارەساتەکەلەبنکەیەکی کەلتوری جولەکەکان لەسەروی شاری لەندەن هەروەهاجارێکی تر لەمۆزەخانەی جەنگی بەریتانی بانگ کرام بۆ گێرانەوەی کارەساتی ئەنفال بەهێڵکاریەکانم لەمۆزەخانەی جەنگی بەریتانی لە٦ی مانگی ٤دا خەریکی خۆ ئامادەکردنم بۆی من بەرنامەی سیمنارەکەت بۆ دەنیرم کەخۆم کارەکانم پیشان دەدەم لەسەر کاریگەری کارەساتەکەلەسەر کارەکانم وەرەنگدانەوەی لەسەر ژیانی میللەتەکەم هەروەها کا شۆرش حاجی باسی مێژوی پرۆسەی ئەنفال دەکات پاشان فلیمێکی دۆکۆمێنتەری لەسەر ژیانی تەیمور لەئامادەکردنی رۆبرت گووین پیشان دەدەم پاشان بەریزدکتۆر کەمال میراودەلی باسیك پێش کەش دەکات لەسەر کارەساتی ئەنفال .

دوای پرسیارو لێکۆڵینەوەدەست پێدەکات

لەیادی ٢١مین ساڵ رۆژی دەست پێکردنی شالاّ وەکانی ئەنفال عوسمان قادر ئەحمەد هەڵدەستی بەرێك خستنی سیمنارێك لەمۆزەخانەی جەنگی ئیمپریالی بەریتانی لەشاری لەندەن لەم سیمنارەدا دوای پێشکەشکردنی سیمنارەکەلەلایەن دکتۆر مالکۆم کوین سەروکی لیکۆڵێنەوەی دانیشگای لەندەن و ومبڵدن بۆ هونەر لەپەیوەندیەکی ئەنفالستاندا دەربارەی چالاکیەکانی داهاتووی لەگەڵ هونەرمەند عوسمان قادر دا، بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە :

لەوچالاکیەدا باس لەبیرەوەریەکانی خۆم دەکەم بێگومان لەرێی هێڵکارییەکانمەوەو پیشاندانیان بەسلاّید شۆ، هەروەها بەریز شۆرش حاجی باس لەدەست پیکردنی پەلامارەکانی ئەنفال دەکات.پاشان فلیمکی دۆکۆمێنتەری لەسەر ئەنفال لەئامدەکردنی (گوین رۆبرت) پیشان دەدرێ پاشان دکتۆر کەمال میراودەلی باسێك لەسەرئەنفال پێش کەشدەکات‌و ئیتر پرسیاروو لێکۆڵینەوەدەست پێدەکات.

ووتیشی من لەهەوڵ وچالاکیەکانی خۆمدا بۆ بەجیهانی کردنی ئەنفال، لەدەرەوەی کوردوستان لەرێی بەدواچون و دۆکۆمێنتکردنی ئەم کارەساتەوە لەرێی هونەرەکەمەوە بەتایبەتی لەوڵاتی بەریتانیا، بەردەوام لەهەوڵدام لەرێی سیمنارو پیشاندانی کارەکانمەوە. ئێستا خوێندنەوەیەکی باش لەمۆزەخانەی جەنگی بەریتانی و دانیشگای لەندەن بۆ هونەر. بەلایەنی کەمەوە رایەلێکم دروستکردووە لەنێوان دوو شوێنیگرنگداکەهاوکارمن لەپیشاندان و سیمنار گیران لەسەرکارەساتی ئەنفال وبیرەوەریەکانم لەرێگای هونەرەوە. ١٤ی مانگەش سیمنارێکم هەیەلەسەر ساڵ یادی ئەنفال کەخۆ ئامادەکردنەبۆ کۆنفراسێکی گەورەو جیهانی بۆ ساڵی ٢٠١٠.

# پشكۆیەک هەمیشە لەخەمی ئەنفالدا





هەرئەوەندەی بۆنەیەكی تایبەت لە جینۆسایدكردنی كورد، دێتە پێشەوە پشكۆ بەكۆڵێك خەمو هەگبەیەكی پڕلە تابلۆوە ئامادەیە، هونەرمەند (پشكۆ محمد رۆستەم) یەكێكە لەوشانۆكارە بەتوانایانەی گەرمیان، لەسالآنی هەشتاكانەوە سەرقاڵی كاری هونەریەو ئەكتەرێكی بەتوانای گەرمیانە، جگە لەكاری شانۆیی بەشداری چەند زنجیرەو فلمێكی سینەماییو تەلەفزیونی كردووەو وەكو ئەكتەر ڕۆڵی بینیوە.

ئەندامێكی چالاكی ناوەندی چاك لەگەرمیانو هەموو سالێك ڕۆڵی شایاستە لەدەرچوونی ژمارەكانی ساڵنامەی ئەنفالستاندا دەگێڕێ، پیاوێكی میواندۆستو كۆمەڵایەتیە.

پار ساڵ لە خانەقی لە یادی كیمیابارانی شاری هەلەبجەدا لەرۆژی ٣/١٦ پێشانگایەكی تایبەتی بۆ ڕێزگرتن لە قوربانیانی شاری هەلەبجە لە پەیمانگای مامۆستایانی كفری كردەوە، ئەم پێشانگایە سنوری هەموو ئەو ریگا تەقلیدیانەی بەزاند كە تەنها بەرپرسان بۆیان هەیە پێشانگاكان بكەنەوە، لەناو بازنەیەكی سوردا تابلۆكانی نمایشكردبوو، كە ئەو بازنە سورە هیلی سوربوو هیچ كەس چ پاشا بوایە یان گەدا بۆیان نەبوو بیبەزێننو هەمووانی وەكو یەك ناچار دەكرد ڕێز لە قوربانیان بگرن، بازنەكە بریتی بوو لەفەرشێكی سورو دەبوایە بینەران پیلآوەكانیان دابنایە ئینجا بچووبانایە بۆ حزوری عومەری خاوەرو تێكرای قوربانیانی تر.

هەروەها لە رۆژی ٤/١٤ ی یادی قوربانیانی ئەنفال پشكۆ بەخۆیو تابلۆكانیەوە لە ئۆردوگای "شۆرش" مەملەكەتی مرۆڤە ئەنفالكراوەكان ئامادەبوو، هەردوو بەرێزان : ( فەرجی تۆپخانەو عوزیری ئوم ڕێحان) كەدەربازبووی گۆرە بەكۆمەڵەكانی بیابانن لە سەماوەو ئێستا لە ئەمریكا دەژین، ئامادەبوون ئەوكاتەی پێشانگاكەی پشكۆ وەختی كرانەوەی هات بەرپرسانی حزبیو حكومی بێ ئاگا لەخەیاڵو نەخشەی پشكۆ مقومقۆی ئەوەیان بوو ئاخۆ كامیان تەشریف بەرنو (ئیفتیتاح)ی ئەو پێشانگا فۆتۆگرافیە بكەنەوە، بەلآم كەپشكۆ هاتە پێشەوەو بە ئەدەبەوە ووتی: داوای لێبوردن دەكەم وەكو چۆن پار لە كەلار پورە(ئەختەر) لە ئۆردوگای رزگای پێشانگاكەمی كردەوە ئەمساڵیش ئەو شەرەفە بۆ كاك فەرجو كاك عوزیرە چونكە هەتا ئەوان وەستابن ئێمە بچوكین لە ئاستیاندا .. ئەگەرچی ئەمە بووە مایەی نیگەرانیو بێتاقەتی هەندێك لە بەرپرسانی حزبیو حكومی ناوچەكە بەلآم دواجار فەرجو عوزیر بەچاوی پڕلە فرمێسكەوە پێشانگاكەی هونەرمەند پشكۆ محمدیان كردەوە.

ئەم ساڵیش لەسادی ئەنفالدا پێشانگایەك دەكاتەوە بەناوی مەملەكەتێك لەملدا

# چالاكیەكانی ناوەندی چاك لەئەوروپا



## سویسرا

كۆمیتەی سویسرای ناوەندی چاك لەو وڵاتەدا پارساڵ لەیادی بیستەمین ساڵەی تاوانی هەڵەبجەو ئەنفالدا هەلمەتێكی ئیمزا كۆكردنەوەیان دەستپێكرد، لەپێشەوە لە شاری زوریخو دواترلەشاری بێرن، كە دووهەمین شاری سویسرایە، ئامادەكاربان بۆكردنەوەی پێشانگایەك سەبارەت بەتاوانی كیمیابارانكردنی هەڵەبجە كرد، لەرۆژی سێشەممە بەرواری ٢٠٠٨/٣/١٩ هەڵمەتەكەیان بۆ واژۆ كۆكرنەوە دەستپێكرد، تا لەداهاتوودا بیگەیەننە رێكخراوی سەرەكی نەتەوە یەكگرتووەكان (UN).

ئامانج لەو هەڵمەتەی ناوەندی چاك دوو داواكاری بوو كە بەیاداشتێك بدرێتە، نەتەوە یەكگرتووەكان، بریتین لە:

یەكەم : تاوانی جینۆساید لەلایەن نەتەوە یەكگرتووەكانەوە بەفەرمی بناسرێ.

دووەم: رۆژی /٣/١٦ بكرێتە رۆژی بەگژداچوونەوەی چەكی كیمیاوی لە جیهاندا.

شایانی باسە ئەم هەڵمەتە تا كۆتایی مانگی ١٢ی ٢٠٠٨بەردەوام بوو، سەرئەنجام بەهۆی كەمپینێكی بەهێزی ناوەندی هەلەبجە دژ بەئەنفالو جینۆسیدكردنی كورد- (چاك )ەوە لەسەرانسەری جیهاندا، لەرۆژی ٢٦//ی ئازاری ئەمساڵ لەبارەگای سەرەكی نەتەوە یەكگرتووەكان لە جنێف ٣٣٩٠٠٠ واژۆو ١٠٠ نامەی كەسایەتیو رێكخراوەكان لەگەڵ نامەیەكی تایبەت بۆبانكی مۆن ئاراستەكران .

## نوێنەری ناوەندی چاك لەكۆنگرەی پەرلەمانی ئەوروپا دەربارەی كۆمەڵكوژی گەلی كورد لەبرۆكسل:

بەرواری ٢٠٠٩/٤/٢بەهەماهەنگی لەنیوان كۆمەلێك پەرلەمانتاری ئەوروپا رێكخراوی گولانو بەئامادەبوونی نوێنەری حكومەتی هەرێمی كوردستانو وەزیری ناوچەكانی دەرەوەی هەرێمو نوێنەری هەندێك لەرێكخراوەكان كۆنفرانسێك دەربارەی تاوانی (ئەنفال) بەسترا، لەو كۆنفرانسەدا كە نوێنەری ناوەندی چاك بەرێز هادی بابە شێخ ئامادەی بوو لەوەڵامی پرسیارێكدا كەنوێنەری ناوەندی چاك ئاراستەی بەرێز مونزر ئەلفەزلی پسپۆری كاروباری یاسای تاوانە نێودەوڵەتیەكانی كردبوو، كە ئایا ئێمە وەكو ناوەندی چاك چۆن دەتوانن دەرفەتی ئەوەمان بۆ برەخسێننو هاوكارمان بن بۆ گرتنەوەی تۆمەتبارانی ئەنفال وەكو (نزار عبدالكریم خەزەرجیو وەفیق سامەرائی و ئەو فرۆكەوانەی بەشداری كردووە لەكیمیابارانكردنی شاری هەڵەبجە..؟

دكتۆر مونزر فەزڵ: لەوەڵامدا زۆر سوپاسی تێبینیو سەرنجەكانی نوێنەری ناوەندی چاكی كردو ئاماژەی بەتوانای ناوەندی چاك بەتایبەتی لەدۆسێی دادگاییكردنی فرانس ڤانئانراتدا،وتیشی: ئەوەی من ئاگاداربم دەبێت لەرێگەی سكاڵا پێشكەشكردنەوەبێت بەهەردوو دادگای نێونەتەوەیی و دادگای باڵای تاوانەكانی عێراقو بەتایبەتی كەئێستا لەنێوان ئەم دوو دادگایە رێكەوتنامەیەك ئیمزاكراوەو دادگای باڵای تاوانەكانی عێراق، بۆی هەیەكەهەموو تاوانبارانی كۆمەڵكوژی گەلی كورد دادگایی بكات، كە لەلایەن دادگای نێودەوڵەتیەوەدانی پیانراوە. دواتر نوێنەری ئاشوریەكان (ئەفرام یاكۆب ) رەخنەی لە كورد گرت كە بۆچی هەرباسی كۆمەڵكوژیو

خۆتان دەکەن، لەکاتێکدا ئێوەی کورد بەشداری جینۆسایدی ئێمەی ئاشوریتان کردووە، بەڵام دواتر نوێنەری ناوەندی چاك وەڵامێکی جیاوازتری دایەوە لەو وەڵامانەی پێش ئەو درابوونەوە، کەبووە مایەی رەزامەندی ئامادەبوانی کۆنگرەو بەچەپلە پێشوازیان لێکرد.

**هۆڵندا:**

لەسەر رۆشنایی نا مەیەکی ناوەندی چاك حزبی چەپی سەوزی هۆلندا (Groenlinks)پێشێلکاریەکانی جمهوری ئیسلامی ئێران مەحکوم دەکات.

لە درێژەی ئەو کەمپینەی ناوەندی چاکدا بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەی ناوەندورێکخراوە نێودەوڵەتیەکان، سەبارەت بە پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستانی رۆژهەلات لەئێران،ناوەندی هەڵەبجە دژبەئەنفالکردنو جینۆسایدکردنی گەلی کورد - چاك کۆمیتەی هۆڵندا نامەیەکی فەرمی ئاراستەی زۆرێك لەناوەندە سیاسی و ئیسانیەکان کردبوو تیایدا داوای لێکردبوون کەفشاربخەنەسەر رژێمی ئێران،بۆ ئەوەی چیتر درێژە بە پێشیلکاری مافەکانی مرۆڤ نەدات، لەوەلامی نامەکەی ناوەندی چاکدا پارتی چەپی سەوزی هۆلندا(Groenlinks) باس لە دیکتاتۆری رژێمی ئێران دەکات وئەو کردەوانەمەحکوم دەکات، بەبرواى پارتی چەپی سەوزداخوازیەناوخۆیەکان و فشاری دەرەکی لەسەر رژێمی جمهوری ئیسلامی زۆر گرنگە. هەروەها پارتی چەپ سوپاسی ناوەندی چاك دەکات بۆ ئەوزانیاریانەو بەڵێنیش دەدات کە ئەوەدەخاتەرۆژەڤی سیاسەتی خۆیەوەو کاری لەسەردەکات، شایەنی باسە هەرلەمبارەیەوەناوەندی چاك،داوا لەپەرلەمانی ئەوروپاو هیزە سیاسی و نێودەوڵەتیەکان دەکاتو ئاگاداریان دەکاتەوە فشار بخەنەسەر رژێمی ئێرانبۆ ئەوەی دەست لە پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ هەڵبگرێ، لەنامەکەی ناوەندی چاکدا ناوو زانیاری لەسەر ئەوکەسانە دراوەکەلەزیندانەکانی ئێراندان.

دەقی نامەکەی چەپی سەوز بەهۆلنددی

## لە پێداچوونەوەی یاسایدا دادگای لاهای ١٧ساڵ زیندانی بۆ فرانس ڤان ئانرات دیاریکردەوە.

پارێزەرانی تاوانبار (ی.پ.سخایك) داوای پێداچوونەوەی یاساییان کرد کەبە (کاسای) ناودەبرێت و بۆ ئەمەش ٥٤ بەڵگەو ئەرگومێنت و سەرنجی یاساییان هەبوو، لەبەرانبەردا پارێزەری قوربانیەکان پرۆفێسۆر (لیسبێس زێخفێلد) ئەرگومێنتەکانی خۆی یاداشت کردوو خوازیاری پێداچوونەوە بوو، بەتایبەت لەسەرمافی قوربانیەکان و قەرەبوویان. دواتر هەیئەی باڵای پێداچوونەوەی یاسایی بەسەرۆکایەتی پرۆکورور جەنەراڵ (ن.ئا.سخیپەر) بریاریدا، کە هەر ٥٤ بەڵگەکانی پارێزەرەکانی فرانس ڤان ئانراتی بەبێ بناغەو ناراست لەقەڵەم داو بەو هۆیەشەوە سزای تاوانبار وەك خۆی مایەوە. دواتر پارێزەری قوربانیەکان پیرۆزبایی لەناوەندی چاك و کۆمیتەی هەڵەبجە کردوو دەقی بریارەکەی خستە بەردەستیان.

ناوەندی چاك بەنیازە لەداهاتوودا وردەکاری بریارەکە بەزمانی کوردی لەمیدیاکان بڵاوبکاتەوە.

بەپێی بۆچوونی پارێزەرەکەی ناوەندی چاك دوابریاری دادگا بۆ داخستنی ئەم دۆزە هەر لەبەرژەوەندی قوربانیان دەبێت.

ناوەندی چاك - هۆڵەندا- قوربانیەکانی لەبریارەکە ئاگادارکردەوەو لەهەمان کاتدا سوپاسی ئەوکەسانەی کرد کە بەدڵسۆزی و بەبێبەرانبەر کاریان لەم دۆزەکرد،بەپێی راگەیاندنەکانیان ناوەندی چاك بەهاوکاری دۆستە هۆڵەندیەکانی کاری گرنگ تری لەبەرنامەدایە.

شایانی باسە ساڵی ٢٠٠٣ کۆمیتەی هەڵەبجەو ناوەندی چاك لەهۆڵەندا سکاڵایان لەسەر تاوانبارفرانس ڤان ئانرات بەرزکردەوەو لەمانگی ١٢ی ساڵی ٢٠٠٤ دا لەماڵەکەی خۆیدا دەستگیرکراو رووبەرووی دادگا کرایەوەو لە ٩-ئایاری ساڵی ٢٠٠٥ دا سزای ١٥ساڵ زیندانی دراو دواتر لەپێداچوونەوەدا سزاکەی بەرزکرایەوە بۆ ١٧ ساڵ. بەتاوانی فرۆشتنی مادەی کیمیاوی بە حکومەتی صدام حسێن.

**هۆڵندا :**

لەسەرداوای ناوەندی چاك کەبەرلەدووساڵ پێشنیارکرابوو بۆ پارتی سۆسیالستی هۆڵندا، بریاردرا لەلایەن پەرلەمانی هۆڵنداوە مۆنۆمێنتێك بۆتاوانی هەڵەبجە دروستبکرێت. پاش ئەوەی هەردوو پارتی لیبراڵو پارتی سۆسیالستی هۆلندا (SP ) هاتنە کوردستان بەمەبەستی بەشداری کردن لەکۆنگرەی نێودەوڵەتی بە جیهان ناساندنی تاوانی جینۆساید، لەشاری هەولێر لەگەرانەوەیاندا بریاریاندا مۆنۆمینتێك بۆتاوانی هەڵەبجە لەولاتەکەیان دروستبکەن. کەچی هەتا ئەمرۆش نوینەرانی پارتیو یەکێتی لەهەولێ ئەوەدان خۆیان بکەنە خاوەنی ئەو پرۆژەیە.

**هۆڵندا**

**سێ پارتی سیاسی هۆڵندی کە لەپەرلەمانی ئەوروپادا ئەندامن،داوای بەجینۆساید ناساندنی کۆمەڵکوژی خەڵکی کوردستان ئەکەن !.**

لە داخوازی نامەیەکدا کەبەئیمزای ٣ ئەندام پەرلەمانی هۆڵەندا کەئەندامی لەپەرلەمانی ئەوروپاشن، لەپارتی سۆسیالیت (ئێریک مایەر)، لەپارتی لیبراڵ (ژولیس مارتن)، لەپارتی کریستانی ئەرسەدۆکس (باس بێلدەر) داخوازینامەکەیان ئاراستەی کۆمسوێن کردووەو لەرۆژی ٢٣-٠٩-٢٠٠٨دا داوایان کرد، کۆمەڵکوژی خەڵکی کوردستان لەساڵانی هەشتاکاندا لەلایەن رژێمی بەعسەوەوەك جینۆساید بناسرێت.

بۆ ئەم مەبەستەش پێیان لەسەر ئەوراستیانەداگرتووە کە لە دادگای هۆڵندا لەشاری لاهای لەناو دۆسێی تاوانبار فرانس ڤان ئانراتدا جینۆسایدکردنی گەلی کورد روونکراوەتەوە.

هەروەها داخوازینامەکە باس لە بارودۆخی خەڵکی هەڵەبجەو ناوچەئەنفالکراوەکان دەکات و داوادەکات کەپەرلەمانی ئەوروپا هەموو توانای خۆی بخاتەگەڕ بۆ لێکۆڵینەوەلە هۆکارەکانی ئەم تاوانەورێگاچارەی دەرچوون وچارەسەرکردنی ئاکامەکانی ئەم تاوانە، ئەوسێ پەرلەمانتارەو بەتایبەتیش پارتی سۆسیالیست حیزبەدەستە خوشکەکانی خۆی لەپەرلەمانی ئەوروپادا لەمەئاگادار کردۆتەوەوداوای پشتیوانی کردنیان لێدەکات.

شایانی باسە لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٨دا دێلیگاسیەك لەهۆڵەنداوەبەشداری وهاوکاری ناوەندی چاك و ئەوسێ پارتەسیاسیەسەردانی کوردستانیان کردو بەشداری کۆنگرەی بەجیهان ناساندنی جینۆسایدبون لەشاری هەولێر.

ئەوەی جێگەی بیرهێنانەوەیە کەئەم ٣ پارتەهۆڵەندیەدەستیان کرد بەجێبەجێکردنو هەوڵدان بۆ ناساندنی تاوانی جینۆسایدکردنی گەلی کورد، داواکردنوبەردەوامی بۆدروستکردنی مۆنومێنتێك لەهۆڵەنداو دواتریش داخوازی نامەیەکیان ئاراستەی پەرلەمانی هۆڵەندا کرد و دواهەوڵیش ئەمەی پەرلەمانی ئەوروپایە.

بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڵێنی خۆی نەهێنایەدی لەگرتنی کۆنگرەیەکی تر لەبرۆکسلو ئەمریکاو درێژەدان بە هەوڵەکان، بۆ دروستکردنی مۆنومێنتەکەش لەهۆڵەندا، بەهۆی هەوڵدانی هەردوو حزبی دەسەڵاتداری کوردستان بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی، فەوزیەکی نایەوە .

ناوەندی چاك وێڕای توناکانی خۆی دەخاتەوە گەڕ بۆ ئاراستەکردنی ئەم کاروچالاکیانەو درێژە بە کەمپینەکانی خۆی دەدات، داوا دەکات کە خەڵکی کوردو دۆستەکانی لەهەموو وڵاتەکاندا هەوڵبدەن یەکگرتووانەداوا لەپارتە سیاسیەئەو روپیەکان بکەن کە پشتیوانی ئەم داخوازی نامەیەی ئەم ٣ پارتەسیاسیەی هۆڵەندا بکەن بۆ بەرەسمی ناساندنی تاوانی جینۆساید و خستنەگەڕی تواناکانی وڵاتانی ئەوروپا بۆ ەاوکاری هەمەلایەنەی قوربانیەکان .

**نەرویژ**

لە رۆژانی ١٢- ١٢/١٣ /٢٠٠٨ کۆمۆنی ئۆسلۆ ۆرکشۆپێکی گەورەی بەرێخستو تیایدا ٩٩ رێکخراوی جیاجیای سەربە کلتورە جیاوازەکان بانگهێشت کرابون، لەناویاندا پێنج رێکخراوی کوردیش بەشداربوون، کە یەکێك لەو رێکخراوانە ناوەندی هەڵەبجەدژبەئەنفالکردنو جینۆسایدی گەلی کورد-چاك بوو، بەرێز جیهاد محمەد نوێنەرایەتی ناوەندەکەی کرد.

رێکخراوەکوردیەکانی تریش بریتی بوون لە (رێکخراوی پارسانیە بەرێزەکانی رۆژهەلات، کۆمەڵەی گەشە، کۆمەڵەی کاروانی رۆشنبیری)

حکومەتی نەرویج ساڵانێکە کۆمەكو باربۆی لە رێکخراوە نا نەرویجیەکان بریبوو، بەپاساوی ئەوەی، کۆمەكو باربۆی حکومەتی نەرویجی لەرێگەی ئەو رێکخراوانەوە نەگات حزبو گروپە تیرۆرستیەکان. بەڵام لەساڵی ٢٠٠٩ دا دەتوانن داوای کۆمەکی تایبەتی بکەن لەسەربنەمای پرۆژەی رێکخراوەیی تەنها بۆ ماوەی ساڵێك کەبریتیە لەبری ١٠٠ هەزار کرۆنی نەرویجی کە دەکاتە( ١٤٠٠٠$ چواردە هەزار دۆلار) ئەمەش ئامانجی ۆرکشۆپەکە بوو. مەرجی ئەو رێکخراوانەی فەندەکان دەیانگرێتەوە تەنها ئەوەیە مۆڵەتی فەرمیان هەبیو دوساڵ بەسەر وەرگرتنیدا تێپەربووبێ. ئەوەش لەسەربنەمای پرۆژەو پێشکەشکردنی پرۆپۆزەڵ بەپێی یاسایەکی دیاریکراو.

ئەمەش پێچەوانەی حکومەتەکانی رۆژهەلاتە کەوا تەنها بودجە بۆ ئەو رێکخراوانە دابین دەکات، کەپاشکۆی خۆیانن.

کەچی بەداخەوە لەهەرێمی کوردستاندا کەزیاتر لەهەموو دامەزراوەکانی تر پێویستی بەبوونی رێکخراوی کاراو چالاك هەیە، دەرگایان بەڕو دا دەخاو لەبری هاوکاری کردنو دەرفەت بۆ رەخساندنیان، لەبەرانبەردا رێکخراوی پاشکۆیان بۆ قوتدەکاتەوەو باربۆیان دەکات، بۆ ئەوەی ببنە مایەی بێمتمانەییو چەواشەکدنی خەڵکی کوردستان.

بەڵگەش بۆ ئەم قسەیە ئەوەیە هەرچی ڕێکخراوە چالاك و بوێرەکانی کوردستانن، لەقەیرانێکی قوڵی مادیدا دەژین و بەو حاڵەشەوە جێگە دەستیان بەکۆمەڵگای کوردستانەوە دەبینین، لەبەرانبەریشدا ڕێکخراوە موچە خۆرەکان، بوونەتە بەشێکی بەفیڕۆدانی سەروەت و سامانی کۆمەڵگەی کوردستان، دەیان ڕێکخراوی (ژنان، منداڵان، مافی مرۆڤ، ڕێکخراوی ئەنفال و کۆمەڵەی ڕۆشنبیری و تەنانەت ڕێکخراوی تایبەت بەعەشیرەتەکانیش لە کوردستان هەن) دەیان بنەکەو بارەگایان داگیرکردووە، کەچی منداڵان هەربێ نازن، ژنان هەرستەمیان لێدەکرێ، کەسوکاری ئەنفالکراوان هەر لەپەراوێزی ژیاندا کەوتوون.. بێ ئەوەی ئەو ڕێکخراوانە مێشیان میوانبێ.

## نوێنەری ناوەندی هەڵەبجە-چاك ئامادەی کردنەوەی سەنتەری کوردی لەئەتڵەنتە. جۆرجیا دەبێت

شەممە، ڕێکەوتی ٢٤،٠١،٢٠٠٩ کوردستانیانی شاری ئەتڵەنتەلەوڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا،پاش هەوڵێکی لێبڕاوانەتوانیان سەنتەرێکی کوردی کەهۆکارێکەبۆ خڕبوونەوەی ڕەوەندی کوردی لەو شارەدا بەسازدانی مەراسیمێکی قەشەنگ و سەرکەوتوانە،مۆمی یەکەمینی سەنتەرەکەیان گردا، شایانی باسە ناوەندی هەڵەبجە- چاك کەبانگهێشتی فەرمی کرابوو، بەنوێنەرایەتی کامەران عبداللە- ناسراوبە (کامەران کوردی) تارێکی پێشکەشکردوو، هیوای سەرکەوتن و بەرەوپێشچونی بۆ سەنتەرەکەیان خواست و بەئامازەیەکی کورت ناوەندی هەڵەبجەی بەئامادەبوان ناساند و داوای لەسەنتەرەکەو کوردانی دانیشتووی ئەتڵەنتەکرد کەهاوکارو پشتیوانی ناوەندی چاك بن و پێکەوەبتوانن هەنگاو بنێن بۆ بەفەرمی ناساندنی جینۆسایدی گەلی کورد بەدنیای دەرەوە.

هەروەها پشتیوانی ناوەندیشی بۆ سەنتەری کلتوری کورد دەربڕی و پێی وابوو کەئەم سەنتەرەدەتوانێت ڕۆڵێکی ئەکتیف وگرنگ ببینێت لەبوارەکانی گەیاندن وبەخشینی زانیاریی دروست لەڕێگەی بینراوو بیستراوەوەو گەیاندنی بەهاوڕێیانمان لەئەمریکادا،بەیادکردنەوەی بۆنەکارەساتبارەکانی گەلەکەمان لەکیمیاباران و ئەنفال و کۆمەڵکوژیەکان.

سەنتەری کلتوری یەکەمین سەنتەری کوردیە کەلەشارێکی گەورەی وەکو ئەتڵەنتە. جیۆرجیا دەکرێتەوەکەئامانجی سەرەکی خزمەتی گەلی کوردەلەڕێی کردنەوەی خولی فێربوونی زمانی کوردیەوەبۆنەوەی داهاتوو، سازدانی سیمینار، کۆکردنەوەو هەوڵدان بۆ ڕۆشنبیرکردنی زیاتری ڕەوەندی کوردی.

جێگەی ئاماژەپێدانەهەڵسوڕاوانی ئەم سەنتەرەهەموویان خۆبەخشانەو بێ پشتیوانیی هیچ لایەن وگروپێکی سیاسی، هاتوونەتەمەیدان و لەژێرکاریگەریی هیچ ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسیی، دینییدا نین و بۆ بەدیهێنانی دواڕۆژێکی گەش و مۆدێرن بۆ گەلی کوردی زمان تێدەکۆشن.

ئەم سەنتەرەدەرگای واڵایەبۆ هەموو ئەو کەسانەی مەبەستیانە زانیاریی لەسەر مێژووی کورد کۆ بکەنەوە. هەر کارێکیش لەم سەنتەرەدا ئەنجام دەدرێت بێبەرامبەرە.

## دانیمارك
## ناوەندی چاك – لەوڵاتی دانیمارك خەڵاتی هارکاری وەرگرت.

ئێوارەی چوارشەممە بەرواری ٢٠٠٨/٩/٣ ، شاندێکی ناوەندی چاك – دانیمارك کە پێك هاتبوون لە ( بەڕێزان دلێر کۆڵنەدەر، کرمانج دەشتی) . لەلایەن ڕێکخراوی گەنجان بۆ مافەکانی مرۆڤ، خەڵاتێکیان پێشکەش بەناوەندی چاك کردو لەلایەن ئامانج دەشتیەوە وەرگیرا.

خەڵاتەکە لەلایەن بەرپرسی ڕێکخراوەکە خاتوو ئانیا سڤاڤە پێشکەشکرا، کە بریتی بوو لە (CD ) یەك کە تایبەتە بەکارو چالاکیەکانی ڕێکخراوەکەیان، کە تیایدا کۆمەڵێك ژەهر ئاشکرا دەکات لەناو ئەو دەرمانانەی دەدرێن بەو کەسانەی نەخۆشی دەروونیان هەیە، ئەم ژەهرە کاری گاری نێگەتیفی لەسەر ژیانی نەخۆشەکان هەیەو دەبێتە هۆکاری نەخۆشی جۆراوجۆرو جیاواز.

پرۆژەی چارەسەری بریندارانی چەکی کیمیاوی

پاش ئەوەی پرۆژەیەك بۆ پاکژکردنەوەی جەستەی مرۆڤ بەگازە کیمیاویەکان لەلایەن ناوەندی چاك – دانیمارکەوە ئامادەکراو ڕەوانەی کوردستانکرایەوە بەرواری ١٦/ ٦ /٢٠٠٨ ی شاندێکی ناوەندەکە لەگەڵ بەڕێز وەزیری تەندروستی، دانیشتنیان دەربارەی جێبەجێکردنی ئەوپرۆژەیەو ئامادەکردنی تیمێکی (٦ ) کەسی کەپێك دێن لە ٢ پزیشك و ٤ یاریدەدەری پزیشکی سازکرد بەمەبەستی ناردنیان بۆ وڵاتی دانیمارك تا لەخولێکی پزیشکی تایبەت بۆ ماوەی ( ٣) مانگو( ١٤ ) ڕۆژ بەشداری بکەن.. شایانی باسە وەزیری تەندروستی ڕەزامەندی دەربڕی و دواتر تیمەکە ئامادەکران، کە هەموویان خەلکی هەلەبجەن، بەڵام تاکو ئێستا ئەم پرۆژەیە لەبەردەمی سەرۆکایەتی هەرێمدایەو ناوەندی چاك و وەزارەتی تەندروستی چاوەڕوانی وەڵامن.

# چالاكیەكانی ناوەندی چاك لەكوردستان

**پاش ئەوەی ناوەندی چاك لە كوردستان لەگەڵ رێكخراوی وادی ئەلمانی پرۆژەی فریا گوزاری خێرایان لە گوندە كیمیابارانكراوەكان خستەبەرنامەوە، پێكەوە چەندین پرۆژەی گرنگیان ئەنجامدا، كە گرنگترینیان بریتی بوون لە: كردنەوەی چەند خولێكی كۆمپیوتەر لە دۆڵی بالیسان و خۆشناوەتی، ناحیێ سێوسێنان، چاككردنەوەی ئاوو ئاوەرۆ مولیدەو ئامێری خەستەخانەو یاریگاو قوتابخانەكان. كردنەوەی كتێبخانەو هاوكاری كردنی ئەو دەستەو رێكخراوانەی لەلایەن گوندەكان خۆیانەوە پێكهێنراون.**



**خولەكانی فێربوونی كۆمپیوتەر :**

رۆژی ٢٠ /٧ / ٢٠٠٨ یەكەمین پۆلی ١٤ كەسی لەخوێندكارانی گوندی شێخ وەسانان بروانامەی دەرچوونیان وەرگرت. بەهەماهەنگی هەرسێ رێكخراو (كۆمەڵەی قوربانیانی چەكی كیمیاویو ئەنفالی خۆشناوەتیو ناوەندی چاك- كوردستانو وادی ئەڵمانی) كە لەبەرواری ٧/١ / ٢٠٠٨ خولێكی سێ مانگی بۆ فێربوونی كۆمپیوتەر بۆ خوێندكارانی گوندی شێخ وەسانان كرابووەوە، لەمەراسیمیكدا ٢٠٠٨/٧/٢٠ یەكەمین پۆل كەبریتی بوون لە ١٤ خوێندكاری كوروكچ بروانامەی دەرچوونیان پێبەخشرا. نوێنەری هەرسێ رێكخراوەكە ئامادەی بوون، فێرخوازانی خولی كۆمپیوتەر لەگوندی شێخ وەسانان دوای ئەوەی بروانامەی دەرچوونیان وەرگرت، بەڵێنیان دا بۆ خولەكانی داهاتووش بەشداری بكەنو قۆناغەكانی تری ئەو خولەش بەسەركەوتوویی ببرن.

(محمەد ئەمین لاسە) مامۆستای وانەكانی فێربوونی كۆمپیوتەر، لەبارەی خولەكەو ئاستی هوشیاری خوێندكارەكانەوە وتەیەكی پێشكەشی ئامادەبوان كرد، دواتر بەرێوەبەری ناحیێ بالیسان سوپاسی هەرسێ رێكخراوەكەو ئامادەگی خوێندكارەكانی كردو خولەكەی بەكارێكی سودمەند وەسفكرد.

فەلاح مرادخان بەرێوەبەری رێكخراوی وادی ئەڵمانی، لەوتەیەكیدا ووتی: ئەم خولی فێربوونە بۆماوەی ٣ مانگ لەگوندی شێخ وەسانان بەردەوام دەبێو ئامانجمانە ئەوەی ئەم ناوچە زەرەر لێكەوتووە نەوەیەكی هوشیارو كارابن بۆ ئایندە. ووتیشی ئەم خولی فێربوونە دەگوازینەوە بۆ زۆر شوێنی تری هاوشێوەی گوندی شێخ وەسانان.

هەروەها بەرێوەبەری نوسینگەی سلێمانی ناوەندی چاك ( عومەرمحمەد) ئامانجی ئەم خولە فێرخوازیەی بۆ ئامادەبوانی مەراسیمەكە رونكردەوەو ووتی: بێگومان ئەم كارەی ئێمە هەنگاوێكی بچوكە، بەڵام ئامانجی گەورەی لەپشتەوەیە.

(بنار عەبس عەلی ) خەڵكی گوندی شێخ وەسانان خوێندكاری دووەمی ناوەندیە، كە لەم خولەدا بەپلەی یەكەم دەرچووە ووتی: زۆر دڵخۆشم بەوەی لەگوندەكەی خۆماندا فێری كۆمپیوتەر دەبم، زۆر سوپاسی ناوەندی چاكو رێكخراوی وادی ئەڵمانیو كۆمەڵەی قوربانیانی چەكی كیمیاویو ئەنفالی خۆشناوەتیو مامۆستا حەمەدەمین دەكەم كە هەستاون بەكردنەوەی ئەم خولە.

**خولی فێربوونی كۆمپیوتەر لەگوندی خەتێ:**

پاش ئەوەی خولی سێ مانگی فێربوونی كۆمپیوتەر لەگوندی شێخ وەسانانی دۆڵی بالیسان ، كۆتایی هات، خولەكە لە گوندی خەتێ ناوچەی خۆشناوەتی دەستی پێكردەوە، كە لەلایەن هەرسێ رێكخراوی

(وادی ئەڵانی‌و ناوەندی چاك كوردستان‌و كۆمەڵەی كیمیابارانی خۆشناوەتی‌و دۆڵی بالیسانەوە) سازدرابوو، خولی فێربوونی كۆمپیوتەر لەگوندی خەتێ لەبەرواری ١٨/ ١١/٢٠٠٨ بۆماوەی ٤٠ رۆژ بەردەوام بووەو تیایدا ٢٠ فێرخواز لێی سودمەندبوون.

لەبەرواری ٢٠٠٩/١/١٧ بە ئامادەبوونی بەڕێوەبەری ناوەندی چاك كوردستان‌و محمد ئەمین لاسە بالیسانی (مامۆستای خولەكە) بروانامەی دەرچوون بەخشرایە ٢٠ فێرخوازی گوندی خەتێ.

مامۆستا محمد ئەمین لەبارەی تواناو ئاستی خویندكارەكان‌و ئامادەییان بۆ ئەو زانستە قسەی كرد، وێرای ئەو گلەیی‌و كەموكوریانەش كەهەندێك كەس بۆیان كردبوو بەكۆسپ، خولەكەیان بەسەركەوتن گەیاندبوو، شایانی باسە وێرای هاوكاری نەكردنی‌و دابین نەكردنی شوێن بۆ دانانی كۆمپیوتەر ەكان، بۆ بەردەوامی خولەكە، كە ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ژمارەیەك ئارەزوومەند لێی بێبەشبن.

مامۆستا محمد ئەمین رۆژانە لەناحیێی بالیسانەوە بەئۆتۆمبیلی تایبەتی خۆی بەنەفەسێكی درێژەوە گەیشتووەتە ئەو گوندەو خۆبەخشانە لەهەو لی فێركردنی خویندكارەكاندابووە.

دواتر عومەرمحەمەد بەڕێوەبەری ناوەندی چاك، ئامانجی پرۆژەكەی بۆ رونكردەوەو ووتی: ئامانج لەم خولانە ئەوەیە كەزانستی كۆمپیوتەر بگەیەنیە ئێوە بەمەبەستی ئەوەی لە گۆرانكاریەكانی سەردەم ئاگاداربن‌و لەدوارۆژدا كە لێرەوە دەچنە شارەكان بۆ درێژەدان بەخوێندن ئەم زانستەتان بەلاوە نامۆنەبێ، جگەلەوەش هاوكاری‌و كاری هەرەوەزی خۆتان بۆ بنیاتنانەوەی خۆتان ئامانجێكی ترمانە.

دروستكردنی یاریگای گوندی عەسكەر رێكخراوی وادی ئەڵانی‌و ناوەندی چاك پێكەوە پرۆژەی بچوك ئەنجامدەدەن

**پرۆژەی یاریگای گوندی عەسكەر :**



رۆژی ١٤ /٢٠٠٨/٧/ بەهاوكاری‌و هەماهەنگی لاوانی گوندی عەسكەر هەردو رێكخراوی وادی ئەڵانی‌و ناوەندی چاك یاریگایەكیان بە روبەری ٦٠ + ٧٠ ئەنجامدا لەدرێژەی كاری هەماهەنگی هەردو رێكخراوی وادی ئەڵانی‌و ناوەندی چاك پرۆژەی یاریگای گوندی عەسكەر گەیشتە قۆناغی كۆتایی‌و چەند پرۆژەیەكی تری هەردو رێكخراو لەجێبەجێكردنذان .

پاش ئەوەی لەبەهاری ساڵی رابوردودا تیمێكی پێنج كەسیان پێك هێنا ناوەندی چاك و رێكخراوی وادی ئەڵانی روپێوێكی مەیدانی گوندە كیمیابارانكراوەكانی هەردوو پارێزگای سلێمانی‌و هەولێریان كرد، لەسەردانەكانیاندا بۆیان دەركەوت ئەو گوندە كیمیابارانكراوانە پێداویستیەكی زۆریان هەیە لەباری تەندروستی، بەتایبەتی چارەسەری بریندارەكانی چەكی كیمیاوی، ئاوەدانكردنەوەو خانوبەرە، ئاوو كارەباو رێگاو بان..هتد) لەهەر گوندێك تیمەكە راوێژیان لەگەڵ خەڵكی ئەو گوندانە كردووەو، بریاریان لە گرنگترین پێداویستی‌و فریا گوزاری سەرەتایی داوە، هەر لەمیانەی ئەو چالاكیانەیاندا پرۆژەی ئاوی هەرسێ خوێندنگا (سەرەتایی، ناوەندی ، ئامادەیی) یەكانی ناحیەی بالیسانیان بەهاوكاری خوێندكاران‌و مۆستایان ئەنجامدابوو، هەتا ئێستاش نیسانی سالی ٢٠٠٩ ئەو پرۆژانە بەردەوامن‌و پاش ئەوەی چەند خولێكی فێربوونی كۆمپیوتەریان كردووەتەوە بەنیازن لە لەهەردوو گوندی گۆپتەو عەسكەریش، ئەم خولانە بكەنەوەو لەچەند گوندێكیش كتێبخانە دابمەزرێنن.

كۆڕێك لە هەڵەبجە

بۆ رێزگرتن لە قوربانیانی كیمیابارانی شاری هەڵەبجەو بەبۆنەی دەستپێكردنی دادگایكردنی تاوانبارانی تاوانی هەڵەبجەوە، سەر لە ئێوارەی رۆژی ٢٠٠٩/١/٢٣ نوسینگەی ناوەندی چاك لەهەڵەبجەی شەهیدان‌و سەنتەری گەشەپێدانی چالاكی لاوان پێكەوە ئێوارە كۆڕێكیان بۆپارێزەر (بكر حمەصدیق) لەهۆڵی سارای شاری هەڵەبجە سازدا.

سەرەتا بەڕێوەبەری كۆر (مامۆستا ئەرسەلان عابد) بەڕێوەبەری ناوەندی چاك- هەڵەبجەی شەهیدان بەخێرهاتنی میوانەكانی كردو كورتەیەكی لەبارەی تاوانەكەوەوە بۆ ئامادەبوان باسكرد، دەرگای باسەكەی بۆ بەرێز بەكر حەمە صدیق كردەوە،پارێزەر ئاماژەی بە رێكەتننامە نێودەوڵەتیەكان كرد، سەبارەت بە بەكارهێنانی چەكی كۆمەڵكوژ و پابەندی دەوڵەتی عێراق لەو

ڕێکەتننامەیەدا، ئینجا بەکورتی تشکی خستەسەر. دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق و تاوانەکانی ڕژێمی پێشوو , خستنە ڕووی دۆسیەی کانی عاشقان , ناساندنی هەریەك لەتاوانباران و ئاماژەبە جۆری پەیوەندیان بە تاوانەکەوە.

### کۆڕێك لە شاری کەلار



بۆ ڕێزگرتن لە قوربانیانی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە بە بۆنەی یەکەمین دانیشتنی دادگایی کردنی تاوانبارانی دۆسیێی هەڵەبجەوە، ناوەندی چاك نوسینگەی گەرمیان کاتژمێر ٢ی پاشنیوەڕۆی بەرواری ٢٠٠٨ /١٢/٢٣ کۆڕێکی بۆ بەڕێز مامۆستا محمد حسین، مامۆستا لە کۆلیژی پەروەردەی زانکۆی سلیمانی – لە هۆڵی کتێبخانەی گشتی شاری کەلار سازدا.

سەرەتا لەلایەن بەریوەبەری ناوەندی چاك کوردستان " عومەرمحمەد"ەوە کە کۆڕەکەشی بەڕێوە دەبرد کورتەیەك لەسەرناوەندی چاكو چالاکیەکانیو ئامانجەکانی باسکرا، دواتر

باسەکەی بەناوی (جینۆسایدی گەلی کورد) بۆ مامۆستا کردەوەو ئەویش بۆماوەی ٤٥ دەقیقە باسێکی شایستەی پێشکەش بە ئامادەبوان کرد.

لە دەستپێکی باسەکەیدا مامۆستا پێناسەی تاوانی جینۆسایدی کردوو، کورتەیەکی بەپێزیشی لەسەر خەسڵەتەکانی جینۆساید و شوێنی ئەنجامدانی تاوانەکە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا پێشکەشکرد، دواتر تاوانی جینۆساید دژ بەخەڵکوردستان، ووتی: ئێمە لەسەردەمی عبدالکریم قاسمەوە جینۆساید دەکرێن، ئینجا ئاقارە زانستیەکەیدا بەوردی باسی لەتاوانەکانو ئاستی مەترسی لەسەر کۆمەڵگەو ژینگەی کوردستان کرد، باسی لەگرنگی دۆسێی دادگایی کردنی کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجەکردو پەنجەشی خستە سەر دۆسێی دادگایی کردنو سزادانی بازرگانە هۆڵندیەکە تاوانبار (فرانس ڤان ئانرات) کرد، کە لەووڵاتی هۆڵندا سزادراو ناوەندی چاك ڕۆڵی گرنگیان تێدا گێرابوو.

### شاندێکی ناوەندی چاك کوردستان سەردانی هەڵەبجەی شەهیدیان کرد

بەرواری ٢٠٠٨/٨/٢٦ شاندێکی ناوەندی چاك کوردستان کەپێکهاتبوون لە عومەرمحمەد، بژارتەها خەلیل ، کامیل لەنوسینگەی سلێمانی ناوەندی چاكو ئەرسەلان عابدو زانائەحمەد لەنوسینگەی هەلەبجەی ناوەندی چاك، بەمەبەستی ڕاپەڕاندنی ئەو پرۆژە تەندروستیەی لەلاتی دانیمارك ئامادەکراوەو لەبەرواری ٢٠٠٦/٦/١٦ ئاراستەی وەزارەتی تەندروستییان کردبوو، هەروەها بەمەبەستی هاوکاری کردنی بریندارێکی شاری هەلەبجە لەوڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا سەردانی هەریەك لەبەڕێوەبەری گشتی، بەریوەبەرایەتی گشتی تەندروستی شارەزورو سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجەو قایمقایمی قەزای هەڵەبجەیانکرد.

لەودیدارانەدا شاندەکەی ناوەندی چاك داوای هاوکاریان لە بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی نەخۆشخانەکانی شارەزوورکرد، کەڕێوشێوینی پێویست بگرنەبەر بۆ چارەسەرکردنی بریندارێکی چەکی کیمیاوی شاری هەلەبجە بەناوی ( محمد حسن عەزیز ) کە ئێستا لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایەو لەژێر چاودێری پزیشکدایەو پێویستی بەهاوکاری کردنی دارایی هەیە بۆ گۆڕینی سیەکانی کە نەشتەرگەریەکەی لەئەمریکا بۆدەکرێتو بری پارەی تێچونی بەکەسوکاریان هەڵناسورێ.

بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی شارەزووریش بەڵێنی هاوکاری بەپەلەی بەشاندەکە دا بەومەرجەی هەموو بەڵگەی تاقیگەوراپۆرتی پزیشکی لەبارەی ئەونەخۆشەوە بگەیەننە دەستیان.

لەماوەیەکی کورتدا ناوەندی چاك بەهاوکاری کەسوکاری بریندارەکە تەوای پێداویستیەکانیان ئامادەکردو ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی نەخۆشخانەکانی شارەزوریانکردو دواتریش گەیەنرایە وەزارەتی تەندروستیو لەماوەیەکی کەمدا بەنوسراوێك دۆسێکەی هەواڵەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کرا، هەرچەندە دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم بەتەلەفۆن هەواڵی ڕەزامەندیان دەربریوە بەلام تا ئێستا یارمەتی ئەوبریندارەی چەکی کیمیاوی نەدراوە لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

لەتەوەرێکی تری دیدارەکەیاندا گفتوگۆیان لەسەر ناردنەدەرەوەی ئەو تیمە پزیشکیەکرد کە بەنیازن بچنە وڵاتی دانیمارك بۆ بینینی خولێکی تایبەت، بۆ ڕاهێنانی دکتۆرو یاریدە دەرەکان بۆ پاکژکردنەوەی جەستەیەکی ژاراوی بوو. بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی دکتۆر ئاکۆ سعید عەبداللە ڕایگەیاند ئەوان تیمەکەیان دیاری کردووەو نوسراویش لەبارەی ئەوتیمەوە ئاراستەی وەزارەتی تەندروستی دەکەین، دواتر بەنوسراو وەڵامی ناوەندەکەتان دەدەینەوە.

هەمان ڕۆژ شاندەکەی ناوەندی چاك سەردانی قایمقایمیەتی هەڵەبجەیان کردو، لەبارەی ئەو هەڵمەتی ئیمزا کۆکردنەوەیەوە قسەوباسیانکرد کەناوەندی چاك لەوڵاتی سویسرا دەستی پێکردووە بۆ بەردەمی نەتەوەیەکگرتووەکان و داوای هاوکاریان لەبەریز قایمقایمی هەڵەبجەکرد بۆهاوکاری کردنیان بۆ ئەوهەڵمەتەو ئەویش ڕەزامەندی دەری بری و بەهەنگاوێکی باشی نرخاند، دواتر لەسەردانیاندا بۆ لای سەرۆکی شارەوانی هەلەبجە باسیان لە داهاتووی پرۆژەکای ناوەندی چاك لە شاری هەلەبجەکردو بیروڕایان لەبارەیەوە گۆڕییەوە.

**ناوەندی چاك لەکۆنفرانسی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیدا :**

لەڕۆژانی ٤ هەتا ٦ی ئابی ٢٠٠٨ ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی کۆنفراسێکی سەرەتایی وەکو بناغە دادنانێك بۆ دوو کۆنفراسی داهاتوو، لە شاری سلێمانی بەرێخست..ئەوسێکتەرانەی لەم کۆنفرانسەدا بەشداربوون بریتی بوون لە ٧ گروپ ( پەروەردە، تەندروستی، ئاووئاوەڕۆ، کارەبا، ژینگە، ئابوری وکارگێری ، باری شارستانی) گروپەکانیش پێکهاتوون لە دکتۆرو خەڵکی تایبەتمەند لەبوارەکانی خۆیاندا هەروەها چەند ڕێکخراوێکی ناوچەکەش بانگهێشت کرابوون. یەکێك لەو ڕێکخراوانەی بەشێوەیەکی کاریگەر لە بەستنی کۆنفرانسەکە هاوکارو بەشداربوو، ناوەندی چاك بوو، کەپێشتر لەرێگەی ئینتەرنێت و تەلەفۆنەوە هەماهەنگی دروستکرابوو.

**دکتۆر جەعفەر حیدر صالح : نوێنەری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی:**

بە ماڵپەری ناوەندی چاکی ڕاگەیاند، ئامانج لەم کۆنفرانسە ئەوەیە هاوڵاتیانی ناوچەی شارەزورو سەید صادق فێری ئەوەبن چۆن پلان دادەنێن بۆپەرەپێدانی ناوچەکانی خۆیان، بەتایبەتی لەباری گەشەپێدانی ئابوری- کۆمەڵایەتی، ئەم کۆنفرانسە سێ ڕۆژ بەردەوام دەبێت تەوەرەی باسەکانمان لەلایەن سێکتەرەکانەوەیەوراوێژ بەیەکتری دەکەین ئاخۆ ئێستاوزەی شارەزوورچۆنەو لەکوێوە دەستپێبکەین و چۆن دەست پێبکەین. لەوەڵامی ئەوپرسیارەشدا ئاخۆ چۆن سەرەتا بیریان لەم پرۆژەیە کردووەتەوە، دکتۆرجەعفەر ڕایگەیاند: کە بەرنامەی هاوکارییەك لەلایەن یەکێتی ئەوروپاوە بۆعێراق هەبوو دیارە بۆئەو ناوچەیەی زۆرترین زەرەری بەرکەوتووە..ناوچەی شارەزووریش یەکێکە لەوناوچانەی کە دەکەوێتە هەرێمی کوردستانەوە.. هەروەها ناوچەی (حلەو ئەهواریش) دەکەونە ناوەراست و خواروی عێراقەوە. بودجەی دابینکراو بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکەی ئێمە لەومینحەیە دەدرێت کە یەکێتی ئەوروپا بۆ ئەم سێ ناوچە زەرەرمەندەی عێراقی داناوە.

سەبارەت بە ڕۆڵی ناوەندی چاك دکتۆر جەعفەر ووتی: من هەر زوو لە ئەمریکاوە یەکەم ڕێکخراو بۆیان باسکردم و بەگرنگیان زانی پەیوەندی پێوەبکەم ناوەندی چاك بوو، دواتر لە ئوردنەوە پەیوەندیم کرد بە کاك عومەرمحەمەدەوەو ئەویش کاك ئەرسەلانی بۆ دەستنیشانکردین.. سوپاسیان دەکەین کاك ئەرسەلان عابد بەڕێوەبەری نوسینگەی هەلەبجەی ناوەندی چاك ڕۆڵێکی باشی بینی لەم کۆنفرانسە سەرەتاییەدا.

بەرێز ئەبوبەکرحسین عەزیزبەڕێوەبەری سەنتەری گەشەپێدان لە هەڵەبجەی تازە..کە یەکێك بوو لە بەشدارانی کۆنفرانسەکە بە ماڵپەری ناوەندی چاکی ڕاگەیاند.. ئەم کۆنفرانسە دەشێت وەکو ئامادەکاری بۆ دو کۆنفرانسی داهاتوو هەڵبسەنگێنرێ، ئەگەرچی ئەمەش گرنگی خۆی هەیە لەبارەی پلاندان بۆ فریا گوزاری خێراو پلاندانان دەربارەی گەشەی ئابوری- کۆمەڵایەتی لە هەردوو قەزای شارەزوورو سەید صادق.

بەرێز مامۆستا ئەرسەلان عابد بەرێوەبەری نوسینگەی هەڵەبجەی ناوەندی چاك

لەبارەی چۆنێتی بەشداری کردنیانەوە لەلێدوانێکیدا بۆماڵپەری ناوەندی چاك: هەر لەسەرتای بیرۆکەی ئەم کۆنفرانسەوە بەرێز (( دکتۆر جەعفەر حیدر نوێنەری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی)) بەرلەوەی بێتەوە بۆ کوردستان لە دەرەوە پەیوەندی بەبەرپرسی نوسینگەی سلێمانی ناوەندی چاکەوە کردبوو، بۆئەوەی ئێمە لێرە هاوکاریوبەشداریان لەگەڵدا بکەین ڕۆڵی خۆمان ببینین بۆ ئامانجەکانی ئەم کۆنفرانسە. لەمانگی حوزەیرانی ئەمساڵدا دکتۆر جەعفەر هاتەوە بۆکوردستان و ڕۆژی ٢٨ی هەمان مانگ گەیشتە شارەزوورو پێکەوە توانیمان کۆبونەوەیەکی جەماوەری لەهەڵەبجەی تازە بکەین و هێڵێکی کارەمان لێدەرکەوت و ئێستاش واسێ ڕۆژە کۆنفرانسەکەمان بەستووەو ئەمرۆ دواهەمین ڕۆژی ئەوکۆنفرانسە، کەدەشێت ئەم کۆنفرانسە وەکو بناغەیەك بۆدوکۆنفرانسی داهاتوو تەماشابکرێت. کە بۆ پەرەپێدانی پلاندانان لەسەرئەوسێکتەرانەی لێرەکۆبوونەتەوە، سەبارەت بەڕۆڵی ناوەندی چاك لەوکۆنفرانسەدا بەرێوەبەری نوسینگەی هەڵەبجەی ناوەندی چاك وتی: ئێمەش پێشنیار هەبووەو لەگەڵ سێکتەری تەندروستی پێشکەش بەکۆنفرانسەکەمان کردووەو پێشنیارەکانیشمان پەسەند کراون و خراونەتە پلانەکەوە.

# گریگۆری ستانتۆن داوای لێبوردن لەناوەندی چاك ئەكا



کامەرانی بەرێز

من لێرەدا بۆت دەنوسم بۆئەوەی بە فەرمی داوای لێبوردنت لێبکەم بۆئەو تۆمەتە هەڵانەی دابوومانە پاڵ ئیشەکانت، کە لەوەڵامی داوای واژۆکردنەکەی ساڵی رابوردوو دەرم بریبوو.. من پەشیمانم لەوەی کە ئەوکەسانەی لەبارەی ئیشەکانی تۆوە زانیاریان پێدابوویت، راستیەکانیان شێواندبوو دەربارەی تۆ زۆربەتایبەتی پەشیمانم لەوەی کە تۆمەتبارم کردبوویت بەبونی پەیوەندیت لەگەڵ پەکەکە، کە تاکتیکە توندو تیژیەکانی لەلایەن رێکخراوی جینۆسایدی نێودەولەتیەوە رەتدەکرێتەوە، هیوادارمو چاوەروانیشم لەداهاتوودا کاریی هاوبەشو باش بکەین بۆ بەدەستهێنانی مافی مرۆڤو ئاسایشی نەتەوەیی کورد.

گریگۆری ستانتۆن
سەرۆکی جینۆسایدی نێودەوڵەتی

Dear Kamaran:

I am writing to apologize publicly to you for the false assumptions about your work that I expressed to you when you requested our support for your petition last year. I regret that those who advised me about your work may have mis-represented the facts about you. I particularly regret having accused you of any connection with the PKK, whose violent tactics Genocide Watch deplores.

I hope we may go forward to work positively together to achieve the human rights and security of the Kurdish people.

Greg Stanton

President

Genocide Watch
genocidewatch@ aol.com

شایانی باسە هێنانی گریگۆری ستانتۆن بۆ کوردستان، لەلایەن چەکەسێکەوە قۆزرابووەوە بۆ مەرامی تایبەتی خۆیانو دژایەتی کردنی ناوەندی چاك، لەناویاندا بەتایبەتی ٧ کەس لەئەندامانی دەستەی بەریوەبەر کەوتبوونە بەرهەڵمەتی راگەیاندنی چەواشەکارانە بەوەی جاسوسیان کە لەناویاندا کامەران عەبداللەو عومەرمحمەد سەرنوسەری ئەم ساڵنامەیە بوون. دوای ئەوەی وەڵامی پێویستدرانەوەو بێدەنگکران .. حەقیقەتەکان رونبوونەوە لەنامەیەکدا بۆ بەرێوەبەری ناوەندی چاك کامەران عەبدوالله لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، گریگۆری ستانتۆنیش داوای لێبوردنی کرد.

# تاوانبارانی ئەنفالی ئێمەو هۆلۆکۆستی ئەوان

**جولەکەکان لەدوای تاوانی هۆلۆکۆستەوە جگەلەوەی قەرەبووکرانەوە هەتا ئێستا لەتۆمەتباران غافڵ نین، ئەگەر بۆموجامەلەش بێت، تەنانەت پاش مردنیشیان لەلایەن پۆلیسەوە لێکۆڵینەوە هەیە لەسەر ئەوانەی تاوانبارن بەتاوانی نێودەولەتی وتاوانی دژی مرۆڤایەتی.**

بەرواری ٢٠٠٩/١/٥ ماڵپەری ناوەندی چاك بڵاوی کردەوە کەوا ئاریبرت هایم، دکتۆرێکی نازیەویەکێکە لەتۆمەتبارە گەورەکانی هۆلۆکۆست، لەساڵی ١٩٦٣ وە خۆی شاردۆتەوە و بەپێی زانیاریەکانی پۆلیسی ئەڵمانی لەساڵەکانی ١٩٦٥ – ١٩٦٧ لەوڵاتی مصر خۆی شاردۆتەوەوو لەژێرناوێکی عەربی و ئیسلامیدا دەژی.. دوای ئەوەی کە لەساڵی ١٩٩٢ زانیاری



گەیشتە پۆلیسی ئەڵمانیا کەتاوانبار بەنەخۆشی شێرپەنجە (سرگان) مردووە، پۆلیس لێکۆڵینەوە لەسەر راستی و دروستی هەواڵی مردنەکەی " ئاریبرت هایم". دەکەن پێنج شەمە، رێکەوتی ٢٠٠٩/١/٥ حکومەتی ئەڵمانیا رایگەیاند کەزانیاری نوێیان دەستکەوتوە لەسەر راستی هەواڵی مردنەکەی دکتۆر ئاریبرت هایم، جگەلەوەش دەیانەوێت لێکۆڵینەوە بکەن لەسەر روفاتی ئەو تاوانبارە بۆ زیاتر دڵنیابوونیان، لەنەمان و مردنی ئاریبێرت هایم.

**ئەوە هەوڵی پۆلیسی ئەلمانیایە بۆتاوانبارانی هۆلۆکۆست، کەچی سەبارەت بە تاوانبارانی ئەنفال نەك هەر دەوڵەتی عێراق بەڵکو بەرپرسانی کوردستان زیاتر لەهەوڵی دۆستایەتی و داڵدەدانی تاوانبارانن و لەدادگاو یاسا رزگاریان دەکەن و سوکایەتی بەقوربانیان و کەسوکاریان دەکەن و بەوپەری خوێن ساردیەوە لە تەراتێنی تاوانباران و هەلآتن وئازاد کردنی فرۆکەوان (تارق رەمەزان عەزاوی) دەروانن و لەیادی ئەنفال وهەڵەبجەشدا ووتارەدەخوێننەوە..!**

**پۆزش:**

داوای لێبوردن لەبەرێزان مامۆستا صەلاح دوزیو عقید شەماڵ بەرێوەبەری ئاسایشی دوز دەکەین کەواساڵی رابوردو، هەریەکەیان بڕی ( ٢٥٠٠٠ ) بیست وپێنج هەزار دیناریان بەخشی بوو، بەلأم بە هەڵە ( ٢٥٠٠ ) بەدووهەزارو پێنج سەد دیناریان بۆ بلاوکرابووەوە .

**رونکردنەوە:**

یەکەم: لە ژمارەی رابوردووی ساڵنامەکەماندا ناوی چەند بەرێزێك، کە کۆمەکی ساڵنامەکەمانیان کردبوو، دوبارە ببونەوە، یەکێك لەوانە ئیدارەی گەرمیان بوو، کە بریاربوو بری ٢٥٠٠٠٠ دوسەدوپەنجا هەزار دینار لەمیانەی بودجەی چالاکیەکانی یادی ئەنفالدا بدەنە ساڵنامەی ئەنفالستان، بەلأم تادەرچوونی ئەم ژمارەیەکۆمەکەکەیان نەگەیشتووەتە دەستمان و پێناچێت بەنیازبن ئەوبرە پارەیە بدەن، بۆیە لێرەوە رای دەگەێنین کە کۆمەکی ساڵی رابوردووی ئیدارەی گەرمیان رەتدەکەینەوە.

**گلەیەکی دۆستانە :** پاش ئەوەی، چەند بەرێزێك لەسەر قسەی خۆیان ناوو بری کۆمەکەکانیان لەساڵنامەکەماندا بلاوکراوەتەوە..بەداخەوە چەند بەرێزێك لەژمارە (٣)ەوە هەتا دەرچوونی ئەم ژمارەیە کۆمەکەکانیان نەگەیشتوەتە دەستمان،بۆ کۆی هەمووی دەکاتە ٦٢٠ شەش سەدو دۆلارو ٣١٥٠٠٠ سێسەدو پانزە هەزار دینارە کەئەمەش بڕێکی زۆرەو دەتوانێ یاریدەدەرمان بێت، لەگەڵ ئەوەی لەژمارە ٤ دا جارێکی تر وەکو بیرهێنانەوە بلاومانکردبووەوە، بۆیە تکا لەوبەرێزانەوهەر بەرێزیکی تردەکەین، بەنابەدڵی کۆمەکی ئەم ساڵنامەیە نەکەن، ئەگەر کردیشیان بیگەیەننە دەستمان، چونکە تاکە سەرچاوەی دارایی کۆمەکی خوێنەرەکانێتی .

## میوانی ژمارە

# "هادی بابەشێخ" یش تیرۆریستە ؟!

دەبێ چی لەوە ناشرینتربێ مرۆڤ خۆی پف بدا.. وەلێ ئەفسوس ئەمرۆ، نامۆترین دیاردەراستگۆیی‌وکاری خۆبەخشانە یە.

هادی بابەشێخ ئەو مرۆڤەی سەرباری خەمەکانی خۆی هێشتا خەمی هەزارانی ئەم وڵاتەو ئایندەی مرۆڤایەتی بارێکی گرانە بەسەر شانیەوە، ئەوکوردە ئێزیدیەی لەتاراوگە " وڵاتی ئەڵمانیا" دەژیو بەشۆفێری بۆ بژێوی خێزانەکەی دابین دەکات، کەچی دەستبەرداری کارەئینسانیەکانی نابێ ، مرۆڤترین مرۆڤ، جوانترین مخلوق بەلای منەوە مرۆڤە خۆبەخشەکانن، ئەوانەی هەردەبەخشن‌و وەرناگرن. هادی ئەو پیاوە باریکەلەی بەقەد ژەمێکی ورگ زللەکان گۆشت بەبەدەنیەوە نیە، ئەو پیاوە رۆح سوکەی دەڵێ خۆشەویستی بەشی تەمەنمان ناکا، نازانم چۆن خەڵك جێگەی حقدو کینە لەدڵو دەرونی خۆیدا دەکاتەوە...؟

من کە بۆیەکەمجار هادیم ناسی نەمدەزانی ئەومرۆڤە جەستە لاوازە هێندە پرە لە جوامێری.. کاتێك گەرایەوە بۆ کوردستان سەرقاڵی لێنەگەرا پێکەوە ژەمە نانێکی هەژارانە بخۆینو باس لەپرۆژە گچکە (بەلام گەورە) کانی بکەینەوە.

پرۆژەکانی هادی بابەشێخ چین..؟!

نەکۆمپانیای گەورەی پیاوە زەبەلاحەکانە، نەهاوکاری ئەوانیشی لەپشتە. کەچی بەو هەموو خەمەی خۆیەوە هێشتا لەخەمی مرۆڤە کۆست کەوتووەکاندایە.. ئەو هەرخۆی شانی نەداوەتە بەر بەڵکو خێزانەکەشی قۆڵی لێهەڵمالیوە.. هەرئەوەندە دەزانی هادی پەلی سێ چوار منداڵی نەخۆش، بەرکەوتووی بۆمبی تیرۆرستان، دەستقرتاو، لاق قرتاو، نابینا دەگرێو دەیاناباتە ئەڵمانیاو دەیانخاتە بەردەستی دکتۆری بێگانە، بۆ ئەوەی چارەسەر بکرێن.. ئیدی ئەوان، " خۆی هاوسەری" لەوێ دەبنە دایكو باوکیان، دەبنە خزمەتکاریان، هادی دەبێتە برین پێچو خێزانەکەشی دەبێتە بەخێوکەر.. بێ گوێدانە ئەوەی منداڵەکان جوون یان موسوڵمان، یەزیدین یان شەبەك، کوردن یان عەرەب، تورکمانن یان ئاشوری.. ئەوناسنامانە لەلای هادی بابە شێخ هیچ بەهایەکیان نیە، وەك خۆی دەڵێت: گرنگ ئەوەیە مرۆڤن..ئیتر تەواو.

من هەتا ئێستا هیچم لەدەمی خۆی نەبیستووە، نەبە زارەکی نەبەنوسین ..دەستکەوتی رۆژانەی هێندە نیە بەتەلەفۆن داتبگرێتەوەو وەرزت بکات، کاتیشی نیە ببێتە گورگی سەرشاشەی ئەنتەرنێتو کوری گورجو گۆلی سەرکیبۆرد.. بەڵکو وێنەی جوانی ئەوپیاوەو خێزانەکەی لەکارەکانیانەوە دەبینمو باسی مرۆڤدۆستی‌و مەردایەتیانم لەدەمی دکتۆر (میرزا حەسەن دلای) دەوە بیست، جوامیری ئەوخانەوادەیەم لەدەمی ئەودکتۆرە بەرێزەوە بیست کاتێك کەهاتبووەوە بۆ وڵاتو لەهەوڵی ئەوەدا بوو سێ منداڵی قوربانیانی تیرۆر بەرێت بۆ ئەڵمانیا، ئەومنداڵانەش هەریەکەیان لەنەتەوەیەك، یەك لە (کورد، یەك لەتورکمان، یەك لە عەرەب) لەسەفەرێکی درەنگ وەختماندا پێکەوە بۆشاری هەڵەبجە بەمەبەستی ئەوەی چاومان بە ٦ منداڵی گیرۆدەی چەکی کیمیاوی بکەویتو لە ئەلمانیا لەگەڵ هادی بابا شێخ دکتۆریان بۆبدۆزنەوە.. بەڵێ ئەو بۆی باسکردم، ووتی: ئەم منداڵانە لە ماڵی هادی دەبن ئەو بەخێویان دەکاو ئەوخەرجی خواردنو خەویان دەکێشێ، تەنانەت دەیانگۆرێو پاکیان دەکاتەوە. برینیان تەداوی دەکاو ئەگەرخۆشیان پیسکرد خاوێنیان دەکاتەوە.. ئەوکاتە هەستم بەشەرمەزای دەکرد کە وەکو ئەوم پێنەکراوەو لەلایەکیش هەستم بە بڵندی دەکرد کە" هادی هاورێم"ەو لەناوەندەکەماندا ئەندامی دەستەی بالایە.. بۆیە هەرخۆم بەخۆمم گوت چاکە.. بەراستی ئەوە ئەندامی چاکە.. کەچی هەیهوو هێشتا خەڵکانێك هەن بەم مرۆڤە بەم ئەندامەی ناوەندی چاك دەڵێن تیرۆرست..!! یاران ئەمە چ گێلێتیە کە خۆت بەگچکە کاری هاونەتەوەو هاوزمانی خۆت بەکەم بگریو هەرچی قڕ زەردو چاوشینەکانیشن لەخەیاڵی خۆتادا بیانکەیتە فریاد رەسو بەموهم لێیان بروانی..!! بۆیە ئەگەر گریگۆری ستانتۆن راست دەکاو شەقی لەدرۆ هەڵنەداوە، با بچێت تەماشایەکی ماڵوحاڵی هادی بکاو بزانێ ئەو پیاوە هادی (هێمن)ە یان تیرۆرستە...؟ ئەوسا کەویژدان حەکەم بوو ئێمەش قروقەپی لێدەکەین.



هەر لەبەر ئەو کارە ئینسانیەی بوو کە رۆژی پێنج شەممەی بەرواری ٢٠٠٨/١١/٢٠ هانزشتاینکروفر لە شاری ئیبنبورنی ئەلمانیا خەڵاتی مرۆڤدۆستی بەخشیە هادی بابابە شێخ لەبەرانبەر ئەوەی چاودێری ئەو منداڵانەی کردبوو کە لەئێراقەوە لەلایەن رێکخراوی پردی پەیوەندی نیوان ئێراقو ئەلمانیاوە لەیەکێك لە نەخۆشخانەکانی ئەلمانیا چارەسەریان بۆکرابوو، بەدرێژیی ئەوماوەیە لەماڵی هادی مابوونەوەو هاتوچۆی خەستەخانەی پێکردبوو.

# ئەنفال لەبیرەوەی پێشمەرگەیەکدا




کتێبێکی قەبارە مام ناوەندی پێشمەرگەی دێرین خەلیل سەرکانیە، کە وەك پێشمەرگەو شایەتحاڵێکی وریاو لەهەمانکاتدا بەرهەلستکارو بەگژداچوونەوەی پەلامارەکانی ئەنفال، لەدوتوێی (٢٤٥) لاپەرەدا چاپوبلاوکراوەتەوە.

خەلیل سەرکانی یەکێکە لەو پێشمەرگە چالاکانەی ئێستا چەکەکەی داناوەو قەڵەمی هەڵگرتوە، نوسینەوەی بیرەوەریەکانی خۆی لەئەنفالدا کردووەتە یەکێك لەخەمە هەرە گرنگەکانی پاش شۆرشی چەکداری.

سەرکانی جگە لەپێشەکێکی شایستە بۆ کتێبەکەی خویندنەوەیەکی هوشیارانەشی بۆ تاوانی ئەنفالو نیازەکانی بەعس کردووە، بەوردەکاریەوە باس لە قوناغەکانی ئەنفالو پێکهاتەی هێزە شەر کەروپەلامار دەرەکەی بەعسو چەكو تەقمەنی، قوڵەکانی پەلامارادانو تەنانەت ژمارەی ناسینەوەی فەوجەکانو هێزەکانی بەعسی دەستنیشانکردووە، هەروەها ناوی ئەوجیگاو گوندانەشی یاداشتکردووە کە شەروپێکدادانی تێدا روداوە یان هیزەکانی سوپاو جاش هێرشیان لێوەکردووە. وێنەیەکی رونی بەرهەڵستی پێشمەرگەو دواتر نەخشەکانی پاشەکشێ دەگێرێتەوە.

لەو کەتێبەدا چەندین دۆکۆمینتی گرنگو هەستیاری خستووەتە روو، باس لەمەیدانی شەرەکانو بەشێکی زۆر لەئەفسەرەکانی پەلامارەکانی ئەنفال دەکاتو ناویان دەهێنێ، هەروەها دۆکۆمینتێکی زۆری لە سەر رۆڵی جاشو موستەشارە کوردەکان لەکتێبەکەیدا بلاوکردووەتەوەو قسەی لەقوتنراوی فرێنەداوەو لەگیرفان دەری نەهێناون، بەڵکو بەدۆکۆمینت قسەی کردووەو پشتی بە بەڵگەنامەکانو بلاوکراوەکانی سەردەمی بەعس بەستووە کەجاشوموستەشارەکان، بەزۆریش لەهەردوو بلاوکراوەکانی ئەوسای سەردەمی بەعس ( هاوکاریو ئەلسەورە) و برێکیش لە گۆڤاری ئەلفا وەرگرتووە.

سەرکانی بیرورای وایە وێرای ئەوەی هەندێك کار لەسەر ئەنفالکراوە، بەلام هێشتا زۆر وردەکاری ئەنفال بەنهێنی ماوەتەوەو پێویستی بەکاری زۆرتر هەیە.

# ئەنفالو جەنگاوەرانی سارانشین




ناوی کتێبێکی تری تازە لەچاپدراوی برای نوسەر حسین سۆرانە.. تاوەرۆکی کتێبەکە رۆچوونە بەناو تێزی فکری فەلسەفی جەنگو چێژی کوشتن، هەروەها ناسینی ئەو چەمكو زاراوانەیە کە لەمێژووی فکردا، رێخۆشکەرێکی سەرەکی بوون، بۆ خستنەوەی ئاگری شەرو هەڵگیرساندنی جەنگە ئەزەلیەکانی مرۆڤ، لەسەرەتای بونیەوە تا سەدەی ٢١. هەروەها لێکۆڵینەوەیەکی سایکۆلۆژیو سیاسیو کلتوریە لەسەر شەرە وجودیو غەریزەییەکانی مرۆڤ تا دەگاتە تاوانە گەورەکانی بەعسو سیستمی رۆژهەلاتی بۆ سیاسەتو دەولەت.

کتێبەکە پەردە لەسەر دیوێکی تری ئەوتاوانو خیانەتە ناراستەوخۆیانەش هەڵدەماڵێ کە بزووتنەوەی سیاسی چەکداری کوردیو حزبە سیاسیەکانو تاکی کوردی کەچۆن خۆی کارەکتەرو بەشداری تاوانە جینۆسایدیەکان بووەلەدژی خۆی ولەپێناوی بەرژەوەندی تاکەکەسیو حزبیو ئایدۆلۆژیەکانی خۆیدا، چۆن دەستی لەقرکردنی گەلەکەی خۆیدا هەبووەو میللەتەکەی خۆی کردووەتە قوربانی مەرامە دزێوەکانی، بەتایبەتی کەکوردیان بەرەو هەردوتاوانی تراژیدیای گەورەی وەك ئەنفالوهەڵەبجەدا بردووە.

سۆران بەشێکی کورتی یادەوەریەکانی رۆژانی پێش ئەنفالو سەروەختی پەلامارەکانی ئەنفالیشمان بۆدەگێرێتەوەو بەسەلیقەی خۆی وردەکاریەکانی تاوانی ئەنفال باس دەکات.

# مێژووی کوردستانیەتی شاری موسڵ




لەچەندین بەڵگەی نامەی جیاجیادا چاپوبلاوکرایەوە.
مێژووی کوردستانیەتی شاری موسڵ، لێکۆلینەوەیەکی نوسەر (دەرسیم دیبەگەیی)یە، ئەم کتێبە بریتیە لەدوبەرگی قەبارە گەورەو نوسەر لەکتێبەکەیدا، جەخت لەسەر کوردستانیەتی شاری موسڵ دەکاتـەوەو بۆسەلماندنی بیروراکانی پشتی بەچەندین بەڵگەنامەی گرنگی کوردیو بیانی بەستووە، لەوهەوڵەیدا دیبەگەیی بەوردبینیو ئەمانەتەوە مامەڵەی کردووەو دەهێنێ خوێنەر کاتی شایستە بۆ خوێندنەوەی تەرخان بکاو سود لەلێکۆلینەوەکەی وەربگرێ. ئەو بەڵگەنامانەی پشتی پێبەستوون) دەربارەی شاری موسڵو کێشەی ویلایەتی موسڵو کۆنگرەو پەیماننامەکان، هەروەها دامەزراندنی حکومەتی باشوری کوردستانو ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بەئێراقەوە.
جگە لەوانەش هەردوو پەیماننامەی سیڤەرو پەیماننامەی لۆزانو بێدەنگیو بێهەلویستی کۆمەڵەی گەلانو ئەوحکومەتە ناياساييەی لەعێراق دروستبوو، بەشێکن لەو بەڵگانەی نوسەرپشتی پێبەستوون.
ئەنفالستان، پیرۆزبایيو لەهەمانکاتدا دەستخۆشی لە بەرێز دەرسیم دیبەگەیی دەکاتو هیوای سەرکەوتنو بەرهەمی باشتری بۆ دەخوازێ.

# "هیچ پەشیمان نیم"




ئەو نانیشانەی سەرەوە ناوی ئەو کتێبەیە کە ئارنۆلد کارسکینس نوسیویێتی، کتێبەکە نزیکەی ٢٠٠لاپەرەی قەبارە مام ناوەندیەو بەزمانی هۆڵەندی نوسراوە، ناوەرۆکی کتێبەکە باس لە جموجوڵەکانی " بازرگانی مەرگ" فرانس ڤان ئانرات دەکات، ساڵی پار لە هۆڵندا لەچاپدراوە.
بەرلەوەی کتێبەکە بچێتە ژێرچاپی هۆڵندییەوە، دەسنوسەکەی دراوەتە ئەمیر قادر بۆ ئەوەی وەری بگێرێتە سەر زمانی کوردی، ئێستا وەرگێرانە کوردیەکەی لە تەواو بووندایەو عومەرمحەمەد پیایدا دەچێتەوەوپاکنوسی کوردیەکەی دەکـات، وابریارە دوای ئەوە لەهەریمی کوردستان لەچاپدرێت.
لەسەردانێکی بۆ کوردستان نوسەری کتێبەکە " ئارنۆڵت کارسکێنس" ووتی: ئەوکارە لەتەواو بوندایە، وەرگیری کوردیەکەی هاوریمەو کوردێکی وڵاتی هۆڵندایەو بەرپرسی (ناوەندی چاك) ە . بەهیوام لە کوردستان بلاوبیبێتەوەو خوێنەران ئاگاداری جموجوڵی فرانس ڤان ئانرات بن، کە چۆن لەبەغدا بووەو مەوادی کیمیاوی بە عێراق فرۆشتووە. ناونیشانی کتێبەکەش قسەیەکی تاوانبار فرانس ڤان ئانراتە کەبە خوێنساردیەوە لەدادگا ووتی: من هیچ پەشیمان نیم لەوەی کردووەمە.

گۆڤاری (عـەرعـەر) گۆڤارێکی سەربەخۆی تايبەتە بەکارەساتی ئەنفالو گرنگی بە بابەتولێکۆڵینەوە ئەکاديمیو زانستيەکان دەدات، کۆمەڵێك کەسی سەربەخۆ دەریدەکەن، ساڵی پار ژمارە سێی گۆڤارەکە بە قەبارەی ٣٥٠ لاپەرە دەرچوو و ئەمساڵیش لەرۆژی چواردەی چواردا ژمارە چواری دەردەچێت، ئەم گۆڤارە خاوەنی ئیمتیازی رێکخراوی (کارا)یەو سەرنوسەری (هـاوریٚ ئەحمەد)و ستافی نوسینی (پشتیوان رەحیمو شاهۆ غەفور)ن.

# ئەمڕۆ تەرمی ئەنفالکراوەکان لەگەرمیان بەخاک دەسپێردرێنەوە

پاش بیست ساڵی تەواو لەبێسەروشوێنکردن و گوللەبارانکردنیان، پاش دۆزینەوەوگەراندنەوەیان لەگۆرستانی حیدریەی پارێزگای نەجەفەوە بەرەو کوردستان، سەر لەبەیانی رۆژی ٤/١٢/ ٢٠٠٩ روفاتی ئەنفالکراوەکان بەبەردەم پەرلەمانی کوردستانەوە بۆ رێزگرتن لەگیانی مرۆڤەئەنفالکراوەکانی کورد رێورەسمی گەرانەوەیان بۆ زێدی خۆیان دەستیپێکرد.

لەرێورەسمەکەدا کە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان و بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەبوون. لەوتەیەکیدا، سەرۆکی پەرلەمان عەدنان موفتی وتی: دوو سبەی یادی ئەنفالە، بۆیە پێویستە هەموو لایەک پەرلەمان و حکومەتی هەرێم، حزبە سیاسیەکان، رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، خەڵکی کوردستان، یادی قوربانیانی تاوانانەکان بە تایبەتی ئەنفال و کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە بکەنەوە و خزمەتی کەسوکاریان بکرێت چونکە ئەو کارەساتانە بوونەتە ناسنامەی کورد. سەبارەت بەتاوانبارانیش سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان گوتی: ( ئێستا تاوانباران لەبەردەم دادگادان و هەندێکیان دووجارو سێ جار حوکمی لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێندراوە. بەهیوام ئەو تاوانبارانە بەسزای تەواوی خۆیان بگەیەندرێن).




دواتر کەژاوەی روفاتی ١٨٧ قوربان، لەهەولێری پایتەختەوە بەرەوشاری شاری کەرکوک بەرێکەوتن و لەوێ لەلایەن جەماوەری شارەکەوە پێشوازیان لێکراو پارێزگاری کەرکوک عەبدولرەحمان مستەفا، تاجەگوڵینەی رێزلێنانی،لەسەر کەژاوەی روفاتی قوربانیەکانی ئەنفال دانا دواتریش، لەئاپۆرایەکی جەماوەری شایستەدا، بەرێخران تاگەیشتنە شاری چەمچەماڵ. لەشارەشدا بەرێزەوە لەلایەن کەسوکاری ئەنفالکراوانەوە پێشوازییان لەروفاتی ئەنفالکراوان کرد، بەوجۆرە شەوی ٤/١٣/١٢ کەژاوەی روفاتی ئەنفالکراوەکان گەیشتە شاری سلێمانی و لە فەرماندەیی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان مانەوە.

رۆژی ٤/١٣ شاری سلێمانی پێشوازیەکی گەرمی لەکەژاوەی روفاتی قوربانیانی ئەنفالکردو دواتر بەرەو گەرمیان پایتەختی ئەنفالکراوەکانی کوردستان بەرێخران، شایانی باسە لەهەموو شاروشارۆچکەکانی سەررێگاکانی گەرمیانەوە عەربەت، وارماواو شاری دەربەندیخان و ناحیێ پێباز پێشوازییان لەروفاتی ئەنفالکراوەکان کرد، تا گەیشتنە شاری کەلار لەوێش جەماوەری شارەکەو خەڵکی گەرمیان و کەسوکاری قوربانیان کە زۆربەیان لە ئۆردوگای رزگاری نیشتەجێن دوای پێشوازییەکی شایستە، لەمەراسیمێکی جەماوەری گەورەدا ئەمرۆ ٤/١٤ تەرمی روفاتەکانی ئەنفالکراوەکانیان لە دێبنەی بەرانبەر کۆمەڵگای رزگاری بەخاک سپێردرانەوە.

# سوپاسنامەی ئەنفالستان بۆ کۆنە " ئەمن " ێک !

هیچ بەلامەوە گرنگ نەبوو کاتێك بیستم " کۆنە ئەمنێك" لە مجلیسێکدا بەدەم جگەرە کێشانەوە لێی خوێندبووم، ووتبووی: سەرنوسەری ئەنفالستان، پارەیەکی زۆری لەکۆنگرەی نیودەوڵەتی بەجیهان ناساندنی جینۆساید لە هەولێر وەرگرتووە، بۆ دەرکردنی (ئەنفالستان) کەچی بڵاوی نەکردووەتەوە..!! ئەوەی بەلای منەوە گرنگ بوو، نەکەس باوەری پێکردبوو، نەقسەکانیشی بەهەند گیرابوو..هەرگیز ئامادەنیم بۆی بسەلمێنم ، چونکە بەلای کەمەوە خۆی دەزانێ درۆ دەکات، ئەندامانی لیژنەی ئامادەکاریش شاهیدن کەهەتا ئەو کاتە خەرجی رێگاوبانیشمان بۆ خەرج نەکرابوو، چ جای ئەوەی پارەم بدەنێ بۆ دەرکردنی ساڵنامەی ئەنفالستان...؟!

هیچ جیگەی نامۆیی نیە کە ئەمرۆ " کۆنە ئەمنێك " بێشەرمانە بەئازادی بحەچێ.. ئەوە (ئینجاز) ی بەرەی کوردستانیە کەلەسایەی لێبوردنە گشتیەکەیدا، کۆنە بەعسیەکان دەمەوەری دەکەن، لەبری دادگایی کردنیان بە رووقایمیەوە، لاف لێدەدەن، بێگومان " کۆنە ئەمنێك" هەر دەبێ ئەنفالستانو حیکایەتەکانی بەلاوە زەقنەبووت بێو ئێمە بەدزو جەردەو موخەریب ناوبەرێ. بۆیە زۆر سوپاس گوزارم لەوەی خراپ قسەی لەسەرکردووین ئەگەر باشی گوتبا چیمان کردبا...؟

# قسە بکە بابت ناسم

## بۆ چەقاوەسوویەکی ناو ماڵپەڕەکان

بیستم چەقاوە سوویەکی ناوسایتو رۆژنامەکان، لەسەر منو ئەم ساڵنامەیە (ئەنفالستان) خراپ حەچی بوو ؟ بەڵام کورد ووتەنی: کە زۆری ووت باشیش دەڵێو خراپیش.

کابرای چەقاوەسوو کە لەهەموو کاسەیەکدا ئەسکوێیە، جارێکیان لای خۆی باش لەسەر ساڵنامەکە دواوە، کەچی قسەکانی خراپ کەوتنەوەو ناچاربووم رونکردنەوەیەکی لەسەر بنوسم، بۆیە لێم قوشقی بوو وتی: پیاوەتی ئەم زەمانە هەرخراپەیە..؟! خراپیەکە ئەوە بوو نوسیبووی سەرنوسەری ئەنفالستان هەموو ساڵێك لەسەر گیرفانی خۆی ساڵنامەکە دەردەکات، منیش رونم کردەوە کەخەڵکێکی زۆر هاوکارییان کردووەو لەلاپەرەکانی دواوە ناویان بڵاوکراوەتەوە..دەڵێن: شەیتان پەلەی کرد چاوی خۆی کوێرکرد، پاش بێدەنگیەکی زۆر رۆژێك تەلەفۆنێکی بۆکردم: ( هەلەو ئەوە لێم تورەی .. دەستەکانت ماچ دەکەم، بەخوا خۆشم دەوێی من هیچم لەدڵدانیە..هیوادارم تۆش وابی ..) هەر ئەوەندەی زانی دڵنەوایی دەکەم ووتی: ئەی کەی دەبمە میوانی ئەنفالستانە جوانەکەت..؟ ( مەبەستی میوانە ژمارە بوو ) بێئەوەی بهێڵی وەڵامی بدەمەوە، ووتی : جا لەمن دڵسۆزتر هەیە بۆ ئەنفال ؟ منیش وەڵامم دایەوە جوانترین دلسۆزیو رێزگرتن لە قوربانیانی ئەنفال رێزگرتنە لەمافی مرۆڤ..

کەزانی قسەکانی لەگەڵ من بێسوودە ئینجا کەوتە دژایەتی کردنم، رۆژێك بوختانی یەکێتی بوون، رۆژێك هی پارتی بوون،ئینجا بوختان بۆ منو هاورێکانم لەناوەندی چاك گوایە تیرۆرستینو سەر بەپەکەکەی تیرۆرستین،لەسایەتەکانیش ئەو شەکرەکەی شکاندووە: (عومەرمحمەد) بەسواڵی کەسوکاری ئەنفالەکان ساڵنامەی ئەنفالستان دەردەکاو بەپارەی خۆیان قسەی خۆیان پێدەفرۆشێتەوە)و بازرگانی بەئەنفالەوە دەکات..!!. منیش دەڵیم : قسەبکە بابت ناسم، ئاخر نەخوێندەوار، هەرنەخوێندەوارە با بروانامەی زانکۆشی لەبرکێ بێ، ئەگەر نەزانێ بخوێنێتەوە چۆن دەبێتە نوسەرو رۆژنامەنوس..؟ چ جای چالاکوانی ئەنفالو سیاسەتمەداری هەر چوار پارچەکەی کوردستان..؟! نازانم کەسی دەمارگیرو فاشست، چ کاری بەرێکخراوی مەدەنیو مافی مرۆڤ هەیە ؟ داماو کاتێك ئەم بوختانە دەکات کە لەسەر بەرگی دواوەوە بە مۆرێکی زەق نوسراوە "ئەنفالستان" بۆ فرۆشتن نیە، ئیتر بازرگانی چی سەلامەتبی ..؟

# سوپاس بۆ بەڕێزان

★ سوپاس بۆ کۆمەڵەی ڕوناکبیری کەرکوك، کە لەژمارە چواری ئەم ساڵنامەیەوە تا ژمارە ٦ بێ ئەوەی هیچ داواکارییەکیان ئاڕاستە بکەین کۆمەکی ساڵنامەی ئەنفالستان دەگرنە ئەستۆ .
★ کاك حسێنی حاجی جەلال کە بۆماوەی دوورۆژ خۆیو سەیارەکەی خستە خزمەتی ئەنفالستانەوە بۆ ناوچەی قەڵاسێوکەو دەشتی کۆیە.
★ خاتوو شاگوڵ عومەر ، کەچاپکردنی ٢٠ لاپەڕەی ساڵنامەکەی گرتە ئەستۆ.
★ زانیار نجمەدین، دێرین تارق، کارزان محمۆدو ژیلوان ئەحمەد سەید حەمەلاو کەلەشەوانی نەخشەسازیدا شەونخونیان لەگەڵدا کێشام.
★ کاك هەورامان ئەنوەر
★ بۆ ( دەستەی گەشەپیدانەوەی گوندی گۆپتەپە، کاك پشتیوان نەسرەدین، کاك رزگار ابراهیم جبار، پشکۆ محمد رۆستم، سمکۆ سابیر، کاك سەید جەلال، حەمەی سابیر، مەلا ئیدریس ) کە هەڵمەتی کۆکردنەوەی کۆمەکی داراییان گرتە ئەستۆ.
★ سوپاس بۆ مامۆستا ئەرسەلان عابد هەمیشە لەخەمی کۆکردنەوەی بابەتدا بووە.

# سوپاسنامەی ئەنفالستان بۆ ڕێکخراوی ژیان

ساڵی رابورد ڕێکخراوی ژیان لە ڕوی دڵسۆزیوپێزانینی خۆیەوە، لەیادی بیست ساڵەی تاوانی ئەنفالدا لەناحیێی قادرکەرەم هەستا بەسازدانی مەراسیمێکی شکۆداروتیایدا، کەسوکاری ئەنفالکراوەکانی گەرمیان لەناوچەی قادرکەرەمو گوندەکانی بەشداربوون.. لەومەراسیمەدا کە بڕوانامەی ڕێز لێنان بەخشرایە ١٠ چالاکوانی بواری ئەنفال .. بە سوپاسەوە یەکێك لەو کەسانە سەرنوسەری ئەم ساڵنامەیە بوو..



## لەئەنفالستانەوە

خوێنەری بەڕێز: وەك ئاگاداریت ساڵنامەی ئەنفالستان لەبەرەو پێشچونێکی بەردەوامدایە، بێگومان ئەوەش بەتەنها کەسێك ئەنجام نادرێت، بەڵکو پێویستی بەهاوکاریو هەماهەنگی هەموولایەکە ، بۆ ئەوەی لەژمارەکانی داهاتوودا بەشێوەیەکی سیستماتیکترو ڕێكو پێکتر دەربچێت، پێویستە ستافی کارای بۆ بێتە مەیدان، بەتایبەتی لەو ناوچانەی تاونی جینۆساید کاریگەری قورسی بەجێهێشتووەو پێویستە لەداهاتووشدا کاری جدیان لەسەر بکەین. تکایە هەرکەسێك دەخوازێت لەدەستەی نوسەرانو دەستەی هاوکاران، وەکو ستافێکی ساڵنامەکە کاربکات، دەتوانێت بە ئەدرەس ئیمایل Anfalistan@yahoo.com یان بەژمارە تەلەفۆنی ( ٠٧٧٠١٥٢٠٢٨٧ یان ٠٧٥٠ ١٢٢٣٤٢١ ) پەیوەندیمان پێوەبکات. بەلەبەرچاوگرتنی ئەو راستیەی کارکردن لەم ساڵنامەیە خۆبەخشو بێبەرانبەرە.

# لەئەنفالستانەوە سڵاوێک بۆتۆ




ماموٚستا نەجیب گەرمیانی ئەندامی فەخری ئەنفالستان

# ناوی کۆمەککارانی ژمارە ٦ ی ئەنفالستان

## کەلار

| | |
|---|---|
| رزگارعەلی | 1000 |
| تالیب ئەسکەندەر | 1000 |
| حەسیب محمد علی | 1000 |
| نوری حەمەلاو | 1000 |
| دارا حەمە علی | 25000 |
| سمکۆ سابیر | 10000 |
| دورەیدسلیم مجید | 5000 |
| جلال محمداحمد | 15000 |
| مەریوان عبدالله | 1000 |
| محمدبرهان حسین | 1000 |
| محمد سابیر | 5000 |
| ڕیاز ڕەزامحمد | 1000 |
| سەباح علی جاف | 5000 |
| بەرزان عبدالکریم | 1000 |
| ئەگبەر سابیر | 2000 |
| ئەحمد سابیر | 2000 |
| کاوە حەمە سالح | 1000 |
| شاهۆمحمد علی | 1000 |
| محمد ابراهیم  سلمان | 1000 |
| جبار محمد نادر | 5000 |
| ئەیوب جەبار | 2000 |
| کەژاڵ حسین | 2000 |
| کارۆ ئەحمد | 1000 |
| مازن حسن | 1000 |
| کارۆغ شەهید فاتیح | 1000 |
| ژیلوان حەمە سابیر | 1000 |
| گۆران سابیر | 1000 |
| ابراهیم حسین دەرویش | 5000 |
| چێنەر پشتیوان | 1000 |

| | |
|---|---|
| هێمن ابراهیم | 1000 |
| محمد برهان | 1000 |
| ئەحمد نعمت مولود | 5000 |
| ڕەشید حاجی کەریم | 5000 |
| کۆڕەنگ جاسم شریف | 1000 |
| جلال عبدالله | 5000 |
| نامیق سدیق | 5000 |
| عەلی زاوتی | 5000 |
| کاروان یاروەیس | 5000 |
| عوسمان عبدالکریم | 5000 |
| عاسی علی فاتح | 25000 |
| شیرین شیخ سدیق | 5000 |
| شێرزاد کەریم | 5000 |
| شێرکۆ فەقێ حسن | 5000 |
| ابراهیم قادر حسین | 5000 |
| خالیدە جمیل سعید | 5000 |
| محمد حەمە سالح | 5000 |
| جمیل محمد ابراهیم | 15000 |
| حیدر حەمە سعید | 2000 |
| سحر یاوەر | 5000 |
| تالب عیسا | 5000 |
| عوسمان محمد علی | 1000 |
| فەر هاد حاتەم | 25000 |
| بنەماڵەی احمدکەلاری | 150000 |
| د.ئاراز فەریق | 25000 |
| فازڵ محمد | 10000 |
| هێرش فیزالله | 5000 |
| سیروان محمود مرالی | 5000 |
| ئەحمد ئەکبر | 25000 |
| ئەحمد حممد قادر | 5000 |

# کەلار

| | |
|---|---|
| حەسیبە ئەحمد محمود | 5000 |
| | 2000 |
| محمد عبداللە احمد | 25000 |
| صلاح حسن | 2000 |
| سیامەند تاهیر | 10000 |
| محمود شێخ وەهاب | 10000 |
| نەبەز احمد ئیسماعیل | 2000 |
| سالار محمود | 25000 |
| پەراوگەی گەرمیان | 10000 |
| عبداللە محمد سلیمان | 10000 |
| سەر کەوت عومر علی | 1000 |
| م.هۆشیار اسماعیل | 2000 |
| سرچڵ عبدالکریم فرج | 5000 |
| سەیوان عمر احمد | 1000 |
| محمد حسین ابراهیم | 1000 |
| سالار عزیز | 2000 |
| نامیق علی باباخان | 3000 |
| ئەحمەدی خۆش نوس | 3000 |
| م.احسان سعید | 4000 |
| کامەران یاروەیس | 1000 |
| بنەماڵەی شەهید أنور | 5000 |
| ئازاد عوسمان | 5000 |
| دیاکۆکامەران یاروەیس | 1000 |
| احمد علی | 1000 |
| ئومید شێخ لەنگەری | 1000 |
| یوسف علی حسین | 1000 |
| ڕزگار محمود منسور | 1000 |
| عمر عبدالکریم قادر | 1000 |
| حسین محمد احمد | 2000 |
| سامان مستەفا  منسور | 1000 |
| سالح میر وەیس | 1000 |

| | |
|---|---|
| تارق صدیق عبدالقادر | 10000 |
| شیخ عوسمان شاکەڵی | 25000 |
| قادر صالح قادر | 5000 |
| میقداد شاکەلی | 10000 |
| هونەرمەند سەربەست ئەحمەد | 20000 |
| هونەرمەند کەریم حسین | 10000 |
| هونەرمەند محمد حسن | 10000 |
| هونەرمەند پشکۆ محمدرۆستم | 20000 |
| هونەرمەند شیرین شەکەت | 10000 |
| هونەرمەند سەرکۆ محەمد روستم | 10000 |
| هونەرمەن گوران نامق رۆستم | 5000 |
| ئومید سەعداللە | 5000 |
| سیامەند غفور | 5000 |
| سالم غولام | 1000 |
| شهاب احمد | 2000 |
| سهویلە فرج فیزاللە | 10000 |
| عومەر رحیم کریم | 10000 |
| جبار عبد اللە احمد | 10000 |
| عبد اللە شهاب | 1000 |
| شیما شهاب | 1000 |
| شهد شهاب | 1000 |
| بکر احمد فقی | 5000 |
| محمد علی سید | 10000 |
| تالیب عبد الکریم | 10000 |
| بدیعە عبد القادر | 1000 |
| فرمان محمد | 1000 |
| محمد احمد کریم | 1000 |
| جبار حسین عبد اللە | 1000 |
| أخلاص محمد | 1000 |
| مهدی شفیق | 1000 |
| نەجمەدین جمعە | 1000 |

# کەلار

| | |
|---|---|
| سامان عبد الكريم | 1000 |
| عیماد حسن | 1000 |
| شیرزاد احمد | 1000 |
| فرمان احمد | 1000 |
| كريم قادر | 1000 |
| دلشاد عبد الله | 1000 |
| فلاح فایەق | 1000 |
| صلاح الدين محمد | 1000 |
| ئومید بهادین | 1000 |
| فرهاد خورشید | 1000 |
| صلاح محمد | 1000 |
| لقمان احمد | 1000 |
| سەید فؤاد خانقی | 10000 |
| ئاكۆ محمد روستم | 5000 |
| احمد حمه صالح | 5000 |
| نوری حمه صالح عبد الله | 5000 |
| زەماوەنگە | 1000 |
| ناونالێم | 1000 |
| ریاز احمد | 1000 |
| زمناكۆ محمد روستم | 5000 |
| جوانە زمناكۆ محمد | 5000 |
| محمد احمد سەمین | 5000 |
| دلان عوسمان | 1000 |
| بەرزان شەوكەت | 1000 |
| مسعود بەرزان | 1000 |
| باڵا پشكۆ | 1000 |
| كۆژین پشكۆ | 1000 |
| كامران عبد المجيد | 1000 |
| ئارام مجيد | 1000 |
| عبد الله احمد | 1000 |

| | |
|---|---|
| سمكۆ محمد | 5000 |
| قادر محمود احمد | 10000 |
| حەمزە قاسم | 5000 |
| امیر سەمیر رحيم | 5000 |
| محمود خداداد | 5000 |
| سیامەند محمد احمد | 5000 |
| نەرمین احمد | 1500 |
| میدیا موستەفا | 1500 |
| شنه محمد عبد الله | 5000 |

# كفری

| | |
|---|---|
| عاص فرود | 50000 |
| سدیق جمال | 1000 |
| سەنگەر محمد | 2000 |
| ساكار أحمد | 2000 |
| شیلان أحمد | 2000 |
| سیروان نجیب | 1000 |
| محمد جمال | 1000 |
| سربەست محمد | 1000 |
| بریار محمد | 1000 |
| سەنگەر كريم | 1000 |
| كمال محمد | 1000 |
| ئاری موفق | 1000 |
| فاروق علی | 1000 |
| مریوان نجیب | 1000 |
| جوان محمد | 1000 |
| كاروخ جبار | 1000 |
| كاروان رووف | 1000 |
| حسن محمود | 1000 |
| سەیوان احمد | 1000 |
| نەجمەدین حەمید سعید | 5000 |
| عوسمان قادر | 3000 |

# ناوی کۆمەککارانی ژمارە ٦ ی ئەنفالستان

## سەرقەڵا

| | |
|---|---|
| جەلال حەمید سلیمان | 1000 |
| نەوزاد خورشید | 2000 |
| رەمەزان علی ئەمین | 1000 |
| دیار عەلی ئەمین | 2000 |
| عومەر محەمەد تۆفیق | 10000 |
| فرهاد عباس فرج | 1000 |
| پشتیوان حەمەامین | 1000 |
| حەمید ئەحمەد علی | 1000 |
| تۆفیق برایم | 1000 |
| کاروان علی باقی | 2000 |
| حسین علی حەسەن | 2000 |
| محمود علی | 1000 |
| شیرکۆ پرویز عزیز | 3000 |
| کامەران محمود علی | 1000 |
| دلشاد احمد حمید | 4000 |
| سەیوان حسن احمد | 1000 |
| کریم علی کریم | 1000 |
| محمد حەمەنوری احمد | 2000 |
| اری نوری اسماعیل | 5000 |
| نەبەرد یونس سعید | 2000 |
| نەشاد محمد سعید | 2000 |

## سەرقەڵا

| | |
|---|---|
| سروەت محمد صالح | 1000 |
| مجید احمد علی | 2000 |
| ئاسکە محمد رشید | 5000 |
| محمود محمد غریب | 1000 |
| حسین سعید احمد | 2000 |
| سلام واحد محمد | 1000 |
| جلال حمید سلیمان | 1000 |
| ئەریوان جمال جلیل | 5000 |
| محمد حمە أمین أمین -تەبەسپی | 25000 |
| عوسمان قادر أحمد | 5000 |
| أکرم صالح رشید | 20000 |
| یاسین محمد سلیم روستم | 5000 |
| هەڵەت أحمد رشید | 5000 |
| عوسمان حسن محمد | 1000 |
| محمد احمد محمد توفیق | 1000 |
| هەردی محمد غریب | 1000 |
| مەلا ڕەحیم سەرقەڵا | 25000 |
| جەلالی لالە حەمەی زەرد | 25000 |
| ابراهیم محیدین | 1000 |
| سامان جلال حەمید | 1000 |

# شوێنە جیاجیاکان

| | |
|---|---|
| ئومید حسێن | 1000 |
| ڕەها حەسەن | 2500 |
| بەها حەسەن | 2500 |
| لاس عومەر | 2500 |
| لەرێ عومەر | 2500 |
| لۆڤان عومەر | 5000 |
| کاك حیدر | 5000 |
| حاجی جەزا ساڵەیی | 10000 |
| کارزان نحمود سابیر | 10000 |
| ژیلوان ئەحمەد سەید حەمەلاو | 10000 |
| جلال حسن سلیمان | 10000 |
| عبدالله کەریم محمود | 10000 |
| ئیبراهیم عبدالله قادر | 15000 |
| م. کامەران حاجی عەلی | 15000 |
| حەپسە دایکی 5 ئەنفالکراو | 15000 |
| بەختیار شێخ عوسمان | 25000 |
| مافناس رەفعەت فاتح | 15000 |
| هونەرمەند دلشاد حسین | 5000 |
| هونەرمەند موفق لهۆنی | 10000 |
| نەسرین فتاح | 5000 |
| حەسەن حسین | 5000 |
| گەشاو حسین | 5000 |
| م.هیوا ئەحمەد | 10000 |
| فەریق عبدالجبار | 15000 |
| پارێزەر بەختیار حەمە سەعید | 25000 |
| سوعاد ئاوڕەحمن | 25000 |
| فلاح مراد خان | 25000 |
| ئامانج وەلی | 10000 |

| | |
|---|---|
| محمد قەرەداغی ناوەندی چاك | 50$ |
| جیهاد محمد ناوەندی چاك | 100$ |
| هاوزین عەلی سابیر ناوەندی چاك | 100$ |
| کامەران عەبدالله- ناوەندی چاك | 300$ |
| عەبدالله گوڵ محمد ناوەندی چاك | 50$ |
| خاتوو عەدالەت عومەر | 100$ |
| جەمال نامیق ئاغا | 100$ |
| ئاکو کەرکوکی ناوەندی چاك | ئیرۆ 40 |

## گۆپتەپە

| | |
|---|---|
| دەستەی ناساندنو بوژاندنەوەی گۆپتەپە | 10000 |
| بیلال امین حسێن | 1000 |
| فەرمان رەزا فرج | 1000 |
| خەبات عوسمان عەلی | 1000 |
| زاهیر احمد رفیق | 1500 |
| بەشدار عبدالرحمن ابراهیم | 2000 |
| م. هێمن عبدالله عبدالرحمن | 5000 |
| مامۆستا بەختیار لەتیف | 2000 |
| ئارام عبدالرحمن سابیر | 2000 |
| مەریوان حسن توفیق | 2000 |
| زانا جعفر عبدالرحمن | 2000 |
| اسماعیل ئەحمەد | 2000 |
| م. ریباز کریم صالح | 2500 |
| هاوراز حاکم رێبوار | 5000 |
| شۆخان عبدالله عبدالرحمن | 1000 |
| پشتیوان عبدالله عبدالرحمن | 1000 |
| نیگار رفیق | 1000 |

# دووزخورماتو

| | |
|---|---|
| شەلال عبدل | 15000 |
| رزگار ابراهیم | 5000 |
| حسێن عاصی کەریم | 5000 |
| ئازاد جەلال محمد | 10000 |
| زوهدی قادر تالاوی | 5000 |
| هیوا عوسمان خورشید | 10000 |
| محمد مەلا قادر | 3000 |
| عادل محمد رحیم | 10000 |
| سوهیلە فاتح حسن | 5000 |
| شێخ کاوە عبدالعزیز | 5000 |
| مامۆستا یوسف یونس | 10000 |
| م. یاسین محمد عەلی | 5000 |
| م.عباس عزیز | 5000 |
| محمد نوری زۆراب | 25000 |
| صبار ستارکریم | 5000 |
| حسن بارم | 10000 |
| نوزاد قادر رشید | 4000 |
| عباس نوری زێدان | 5000 |
| سەروەت محمد والی | 3000 |
| کاوە بەهرۆز | 2000 |
| ئاکۆ عزالدین اسماعیل | 2000 |
| محمد احمد گەرمکی | 3000 |
| شەکەرخانی مەڵبەند | 25000 |
| سامان سەردار حەمەلاو | 5000 |
| ماموستا رحیم دەرویش | 10000 |
| ئەرکان رەمزان جمعە | 5000 |
| دکتور عاصی پەرلمان | 100000 |
| م . محمد محمود | 20000 |
| محمد عبد الله مجید | 5000 |
| أحسان مجید تالاوی | 10000 |
| ملازم وەهاب أحمد | 10000 |
| هشام عبد الکریم | 5000 |

| | |
|---|---|
| سۆران عوسمان کاکل | 5000 |
| علی عبد الله وەلی | 2000 |
| أبو ریباز | 1000 |
| ماموستا جیهاد محمد رشید | 5000 |
| موفق مردان سلیمان | 25000 |
| خالد احمد رحیم تمر | 15000 |
| حسیب محمد امین | 15000 |
| نەجات نامق موسی | 5000 |
| جمعە علی جۆبان | 5000 |
| خالد وەلی علی | 5000 |
| حسین ملا محمد | 5000 |
| فۆاد عزیز کاکل | 5000 |
| رعد کریم کنو | 10000 |
| نجاه محسن علی | 5000 |
| کریم حسین عزیز | 25000 |
| کمال جوهر | 5000 |
| لوقمان نجیب مجید | 5000 |
| ئیدریس زایە ساڵەیی | 15000 |
| کامەران شەهیدان | 5000 |
| محمد بصری دوز | 5000 |
| فەرمان امین عبدالله | 5000 |
| عامر شاکر | 5000 |
| سالح عبدالله | 5000 |
| مەلبەندی ١٦ی حەمرین | 50000 |
| کۆمیتەی ٥ی زینانە | 25000 |
| کۆمیتەی ٤ ی دوز | 15000 |
| ئاسایشی دوز | 30000 |
| تیبی تایبەتی مەڵبەندی حمرین | 10000 |
| ڕێکخراوی هەنجیرە | 15000 |
| کومینەی ٢ ی دوز | 25000 |

| سەنتەرو ڕێکخراوەکان | |
|---|---|
| سەنتەری رۆشنبیری بازیان | 15000 |
| کۆمەڵەی شەبەنگ لەگەرمیان | 25000 |
| کۆمەلەی داکۆکی لەقوربانیانی کەسوکاری ئەنفال- گەرمیان | 50000 |
| کۆمەڵەی روناکبیری کەرکوك | 250000 |
| ناوەندی هەلەبجەدژبە ئەنفالوجینۆسایدکردنی گەلی کورد- چاك | 50000 |
| ستافی گۆڤاری عەرعەر | 75000 |
| مەڵبەندی کلتوری کورد لەشاری دەنهاغ | 500000 |
| ڕێکخراوی هەنجیرە | 15000 |
| یانەی وەرزشی دوزخورماتوو | 5000 |

| گۆپتەپە | |
|---|---|
| دارەوان سەعید | 3000 |
| پشتیوان خالد شەفیق | 2000 |
| کامەران ڕەزا عبداللە | 2000 |
| بەلێن رەزا عبداللە | 2000 |
| هونەر هیوا | 2000 |
| ئاوارە حامید | 2000 |
| سۆزان عبداللە عبدالرحمن | 1000 |
| سۆزان عبداللە عبدالرحمن | 1000 |
| کوڕانی شەهید سالار | 25000 |
| مەسعود گۆپتەپەیی | 5000 |

